

# نینا



نووسینی سابیت ڕەحمان

وەرگێڕانی کەریم دانشیار

# نینا


## نووسینی سابیت ڕەحمان

وەرگێڕانی :

کەریم دانشیار

سوید ـ 2017

چاپی دووەم



وەرگێڕانی کتێبی نینا لە ڕۆژی 4/11/1359، واتە ڕۆژی شەهیدبوونی هاوڕێی تێکۆشەرم سلێمانی بلوری و لە جیاتی گڕووی گیانی ئەو ئازیزە دەستی پێکرا. سلێمان لە سەردەمێکی زۆر هەستیاردا دەستی ڕاستی گروپە ساواکەمان بوو. شەهید بوونی سلێمان خەسارێکی مەزن بوو!

بە یادی هەموو ئازایەتی و میهرەبانییەکانی شەهید سلێمان بلورری.

کەریم دانشیار

پێناسەی کتێبی نینا :
***************************

ناوی کتێب:............................. نینا
نووسەری کتێب:........................ سابیت ڕەحمان
وەرگێڕ :.................................کەریم دانشیار
ساڵ و شوێنی چاپی دووەم : ..........سوید 2017
ژمارەی ئەسپاردن : ....................... ISBN 97891-639-3538-1
چاپخانە: .................................. NINA RTYCK AB

# 1

بەرەبەری ئێوارەی یەکێک لە ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی1901 بوو. سەڵتەڕێبوارێک لە وێستگەی شەمەندەفەری"هەیبەت"ی شاری باکۆ، لە شەمەندەفەر دابەزی. سەڵتەڕێبوارەکە بەهێمنی و بەبێ ئەوەیکە سەرنجی یەساوڵ و چاوەدێرانی دەور و بەری وێستگە ببزوێنێ، لە پەسیو ماڵ و هۆدە کەم قەدەکان دا، لە بەر چاو نەدیو بوو .

هەتاو، لە جەمسەری ئاسۆگەوە نزیک کەوتبۆوە، کە ڕێبوارەکە لە وێستگەی "هەیبەت" گەلێک دوور کەوتبۆوە و لە ڕێی چۆلگەی وشک و قاقڕی "لۆکباتا"وە بەرەو کۆمەڵە شاخێکی کە لە بەرامبەریدا بەرز تێهەڵچوو بوونەوە، بە پەلە دەیکوتا .

سەڵتەڕێبوارەکە لاوێکی نۆزدە ـ بیست ساڵانە دیاری دەدا. جلک و بەرگی بەری بۆز بوو. جووتێک چەکمەی مێشنی گورجستانیی دە پێدا بوو. جلک و پێڵاو، تەنانەت سەر و سەکوت و کاکۆڵە ئاڵۆزکاوەکەیشی نوایەک خۆڵەمڕی ڕێگەی لەسەر نیشتبوو. نمای سەرتابەپێی ئەوتۆی دەنواند کە چەند ڕۆژی بێ وچان دەبێ لە ڕێدا بووبێت و تەنانەت بەر لە سواربوونی شەمەندەفەریش، ماوەیەک، مەودا ڕێیەکی زۆری بە پێیان بڕیبێت، بەڵام سەرەڕای ڕێ پێوان و پێکوتەی بەردەوامی چەند ڕۆژانی، هیچ چەشنە نیشانێکی شەکەتی لە سیما و جەستە و لەش و لاری دا نە دەبیندرا؛ هەروا بە گەرم و گوڕی، بەڵام هێدی و لە سەرەخۆ، چۆلگەی تاوەسووت و هەڵپرووکاوی "لوگباتان"ی دەبڕی و بۆ گەیشتن و جێ هێشتنی کۆمەڵەشاخەکان بە پەلە بوو.

هەتاو ، لە ئاسمانی بان سەریدا بەرەو خۆرئاوا ڕادەکشا و شتێکی وەتۆی نەمابوو لە پشتی لووتکە کێوکان نەدیو ببێت. شەبەقە سوورەی دەمی تاوپەڕان، بەرە بەرە پەڵەی ڕەش و تاریکی تێدەگەڕان و لە سووچی ئاسمان دا دەبوونە سێبەر و سایە.

---

شەمەندەفەر = شەمەنەفەر = شەمەندۆڤێر [ وشەیەکی فەرانسەوییە و پەڕیوەتە ناو زمان و ئەدەبییاتی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی و کوردی] .

لە دیمەنگای بەرامبەریشی دا، بیابانی وشک، تەپۆڵکە ڕەملەکان و ترۆپکە بەردینەکانی بەرامبەری ، بەهێمنی دەخزانە باوەشی تارمایی و، بۆرە تاریکاییەکی پێش قەرەوڵی شەویان بە سەر دەکشا.

لەو دەمەدا، ڕێبوارەکە لە کاروانە ڕێیەکی پان و بەرین، قەدی ڕژدی هەورازێکی دەبڕی کە بەرەو مەڵبەندی "ڤولچیە ڤروتا" دەچوو. کاتێک کە هەورازەکەی بڕی و لە نێوانی دوو تاشەبەردی سەر لووتکە شاخەکە تێپەر بوو، گەیشتە بانویەکی گۆڕ و تەخت. هەر لەوێ بۆی دانیشت و ڕۆژنامەیەکی پێچراوەوەی لە باخەڵ دەرهێنا و چەند کوتە نانی وشک و ڕەقی لێ دەرکێشا و تامەزرۆیانە، بەڵام بە تەڕدەستی خەریکی خواردنی بوو .

چۆلگەی" لوکباتان" و ئەولاتری بیابانەکە، واتە جادەی "سەلیان"، بەوێنەی توولە مارێکی درێژی بەپێچەکە و خوارەکە لە گۆڕایی دەشتەکە دا ڕاکشابوو. ڕێبوارەکە سەرپاکی مەڵبەندەکەی وەک لەپی دەستی دەناسی. لە ساڵانی پێشین دا، لە "یەسەمەل ئالتی" و تەنانەت هەر لەم "ڤولچیەڤروتا"یەش دا، گەلێک جاران کۆبوونەوەی نهێنیی کرێکاران پێک دەهات. هەندە جارێکیش پۆلیس بە شوێنی کۆبوونەوەکەیانی دەزانی و هێرشی دەکردنە سەر. کرێکارەکان بۆ خەڵەسین لە چنگی پۆلیس، بە پانتایی بیابانی ئەم هەرێمە وەردەبوون و دواتر ملی جادەی مارپێچی "سەلیان"یان دەگرت و بە دەشتی کاکی بە کاکی دا دەهاتن. هەر لەو دەمانەش دا، کرێکارەکان بە دەم دوان لە سەر ژینی هەژارانە و ڕەنج بە خەساریی کرێکاران و، لە ستەمی بێ سنووری ستەمکارەکان، بە بیابان دا دەهاتن و دەڕۆیشتن. ڕێبوارەکە هەر خود بۆ خۆیشی لە یەکێک لە کۆبوونەوەکان دا بەشداری کردبوو و لە بارەی ژیانی نالەباری کرێکارانی "تفلیس"ی، قسەی بۆ هاوکارانی کردبوو .

خۆر، لە ئاسۆی دوورەدەستان، لەپشتی ترۆپکە کێوەکاندا ئاوا بوو. سێبەرەکان بەربەرین تر و بوومەلێڵ ڕەشاییی تۆختر کرد. مژێکی فێنکی دەمی تاوپەڕان بە دەم نەرمە شنەی لای دەریاوە بە دەشت و دەر دا بڵاو بۆوە. ڕێبوارەکە دەستی لە نان خواردن کێشایەوە و بەرەو یەکێک لە تەپۆڵکەکان وەڕێ کەوت. هەر لەوێ، لە کەلێن چڕە بەردانەوە، چاوێکی بە دەور و بەر دا خشاند و ئینجا ملی چەکمەکانی هەڵکێشا و بە پەلە و بە هەنگاوی خێرا، بەرەو شار وەڕێ کەوت. پاش هەندێک ڕۆیشتن، گەیشتە کۆنە گۆڕستانێک. لێرەوە، تاریکی بە تەواوی وڵاتی داگرتبوو. کێلی گڵکۆکان لە تاریکایی سەری شەو دا وەک بڵێی نوقمی بیرەخەوێکی قورس و قووڵ بن، کەیل و خەمناک دەهاتنە بەرچاو. لێرەوە دیمەنی شاری باکۆ بە گشت جوانی و گەورەیی خۆیەوە دەبیندرا.

---

بانو= دەشتایی بچووک لە بەزرایی شاخەکان دا.

باکۆ، شاری پیت و بەرەکەت، شاری نەوت و سامان، کە پتر لە سەت و یازدە هەزار کەسی تێدا نیشتەجێیە، کانگا و سەرزەمینی نەوتە و، هەر ساڵ نزیک بە شەش سەت و چل ملیۆن پووت نەوت، لە چاڵە نەوتەکانی هەڵدەهێنجرێت. باکۆی ڕازاوەی دەوڵەمەند، هەر ئێستێ لە تاریکانی سەری شەودا دەڵێی جەستە خەستی گرفتی ڕۆژە و، خەریکی ونەوزدانە. لەشانی ڕاستی باکۆوە،"بابیس" دیارە. هەورازتر لەوێ، چەند بورجی بڵندی سەرچاڵە نەوتەکان بەرز تێهەڵچوونەتەوە. مەودایەک خوارتر، دەریا قەراخە و قەراخ دەگەڵ وشکانی سنوور و کەوشەنی لێک جیا کردۆتەوە. کۆنە بەلەم و پاپۆڕەکان لە قەراخ ئاواندا لەنگەریان خستووە و بە چەشنی بێشکە، لارە و ڕاژەیانە. "زیغ بورنی" لە سووچێکی شاری باکۆوە کەوتۆتە ژێر تارای لێڵە مژێکی توند و، ڕەشە چەتری شەوی بە سەر کشاوە. لە هەمێزی ئاسۆ نادیاری دەریا دا دورگەی "نارگین" لە گوێن خاڵێکی ڕەش دیارە .

باکۆ، شاری چینایەتی، شاری کەڵە دەوڵەمەندان و مەکۆی هەژارانی بەلەنگازە. دیمەنی شاری باکۆ لە سەرانسوێی گۆڕستانەکەوە وێنەنوێنێکی دوو چینی دژبە یەکە و دەنوێنێ کە چیها و چەندهای ناکۆکی و نایەکسانی لەباخەڵ دا خەوتووە. لە لایەکەوە، کۆشکی بەرز و پڕ کەشم و نەشمی زۆردارانی دەستڕۆیشتوو، ڕەنگ و نیگاری شارە مەزنەکانی ئیمپڕاتوریای ڕۆمای نەخش کردووە و لە بەرێکی ترەوە، هۆدە و کۆختەی قوڕینی تێک تەپیوی هەژاران، لەژێر سێبەری نەداری و هەژاری دا مات ماونەتەوە. ئەو مەڵبەندە، یادی گوندە قەڵاچۆکراوەکانی سەردەمی کۆیلایەتی لەبەر چاوی ڕێبوارەکەدا زیندوو کردۆتەوە. نێوبانگی مەڵبەندی هەژارانی شاری باکۆ، بە «چەمبەرکەندی» دەرچووە. لێرە، خێڵی ناشکوای کرێکاری هەژاری دەربەدەر، پۆلی دەرکراوانی ئاوارەی ئەو لادێیانەی کە لە ترسی هەرەسی دەرەبەگ و ژاندارمی حکوومەتی پەنایان هێناوەتە شار، بە نیشتەجێیانی چەمبەرکەندی دەژمێردرێن. قسەی دەم و زمانی هەژارانی باکۆیە لە دەمی پەژارە دا دەڵێن:"دەچمەوە چەمبەرکەندی"، کە بە واتای مردن و جێ هێشتنی خۆشی و کامەرانییە. بەکورتی، چەمبەرکەندی دورگەیەکی هەژارانەیە و لە ناو دەریای پڕ پیت و بەرەکەتی باکۆ دا قەتیس ماوەتەوە .

دڵی ڕێبوارەکە بە بینینی ئەم گشتە ناتەبایی و دژایەتییە دارماڵی خەفەت ببوو. لە جێ هەستا و لە لێژایی گۆڕستانەکەدا هاتەخوار. بەڵام بۆ ئەوەیکە هەوا کەمێک تاریکتر بێت و دۆست و دوژمن لێک نەکرێنەوە، تاوێک لە تەنیشت گڵکۆیەک دانیشت و ئیستێکی گرت. لێرەوە، هەتا ئەو جێیەی بینایی چاو بڕی دەکرد، هەر کانگەی نەوت و کارگای پیشەسازیی شاری باکۆ بوو کە بە چەشنی ڕێچکە بە شوێن یەکتر دا ڕیز کرابوون. خاوەن سامانانی وەک"نۆبێل"، "مانتاشۆڤ" و "تەقی یۆڤ"ەکان بە درێژایی ڕۆژ و مانگ و ساڵ، بێ وچان هەگبە و باخەڵەکانیان لە دراو دەئاخنن. ئەم هەرێمە، گەنجی لە بن نەهاتووی چەند کەڵە دەوڵەمەندانێکە، کە ترۆپکی

کۆشکەکانیان لە "ئاخ شار"، "سابونچی"، "بالآخانی" و "بی بی هەیبەت"، دەگەڵ ئەستێران ملانەیانە.
بەرە بەرە تاریکایی باڵی بەسەر هەموو سوێ و سوقاقێکدا کێشا. لە کۆڵانەکانی شار، لێرە و لەوێ، چرای گازییان لە سەرگەی کۆڵان و چوار ڕێیانی شەقامان دا داگیرساند.
ڕێبوارەکە هێدی هێدی لە گۆڕستانەکەوە بەرەو شار داگەڕا. بە کوچە و کۆڵانەکانی تەنگەبەر و پڕ لە زبڵ و زاڵی چەمبەرکەندی دا هات و لە یەکێک لە گەڕەکەکان، لە بەر دەرگای ماڵێکی دوو قاتی دا ڕاوەستا.
چرایەکی کەم سۆ، لە جەمسەری کۆڵانەوە بۆرە ڕوناکاییەکی بێ هێزی بە دەور و بەری خۆیدا بڵاو کردبۆوە. کۆڵانەکە کپ و چۆڵ و بێدەنگ بوو، هیچ جووڵەوەرێکی تێدا بەدی نەدەکرا. لە کەلێنی دەرگای حەوشەی ماڵێکەوە، باریکە شۆقێکی کز و کەمڕەنگ دەی دەلآندە کۆڵانەکەوە. ڕێبوارەکە بە ئەسپایی لە دەرگاکە نزیک بۆوە. ژنێک لە پشتی دەرگاوە، لەسەر کورسیلەیەک خەریکی سەبیلە کێشان بوو. فەساڵ و سەرو دەم و چاوی ژنەکە کەوتبوویە بەرتاریکایی و لە دەرەوە باش نەدەبیندرا. ڕێبوارەکە تۆزکاڵێکی لێ نزیک کەوتەوە و چونکە نەیدەزانی ژنە لە چ ڕەگەز و هۆزێکە و شارەزای چ زمانێکە، پاش تاوێک ڕاوەستان، بە زمانی ڕوسی لێی پرسی :
ـ دایەگیان!... ئەرێ لەم ماڵەدا کرێگرتەیەکی کرێکاری تێدا دەژی؟!
ژنەکە لەجیاتی وەڵامدانەوە، ملی نایە قەخە قرخ و چەند جارانیش بە توندی کۆکی. ڕێبوارەکە پێی وابوو ژنە شارەزای زمانی روسی نییە، بۆیە پرسیارەکەی بە زمانی گورجی لێ دووپات کردەوە. بەڵام دیسان ژنە مرتەقی لێوە نەهات. هەرکە ڕێبوارەکە بە زمانی ئاسۆڕی دەگەڵی دوا و پرسیاری لێ نوێ کردەوە، ژنەکە بە گورجی لە جێی خۆی ڕابوو. بە وردی تێی ڕاما و سەر تا بەپێی دایە بەر نەزەر و گوتی:
ـ بۆچی کوڕم لێرە دەژی ، بەڵام ئێستێ لە ماڵ نییە و لەسەر ئیشە .
ڕێبوارەکە بە دەنگێکی نزمتر پرسیاری لێ کرد:
ـ دایەگیان، کرێگرتەکەتان میوانێکی هەیە"مالکۆڤ"ی ناو بێت؟
ژنەکە بە وردی و سەرنجەوە گوێچکەی بۆ پرسیاران شل کردبوون. هەر لەو حاڵەدا مژێکی گەروگری لە سەبیلەکەی دا و دوای هەڵمژینی دوکەڵە شینەیەکی خەست، دەستی کرد بە لرخە لرخ. پاش ئیستێک لوشە لوش و کۆخین و سنگ خاوێن کردنەوە، سەری سەبیلەکەی چەندجاران کوتایە سەر لاسکی کورسیلەکەی و تووتنە سووتاوە هەڵپروکاوەکەی ڕشت؛ ئەوسا لەبەر خۆیەوە بە بۆڵە بۆڵ گوتی:
ـ ... بە لەعنەت بی چ توتنێکی!... بەخێر و ناسەلامەتی تازەم کڕیوە، کەچی دەگەڵ سنگم ناچارێ و هەر پێی دەکۆخم ...
ئەمجار سەری هەڵبڕی و ڕووی دەمی کردەوە ڕێبوارەکە و گوتی:

ـ بمبووره کوڕم، تۆ لـه کێت پرسیار کرد؟... بـه خوای ئـه‌م تووتنـه ئاڵۆزی کردم و هۆشم لـه تۆ و لـه پرسیاره‌که‌ت بڕا !

ڕێبواره‌که لێی دووپات کرده‌وه :

ـ دایه‌گیان، من هه‌واڵی"مالکۆف"م لێ پرسی... ئاخۆ کرێگرته‌که‌تان میوانێکی بۆ هاتووه که"مالکۆف"ی ناو بێت ؟

ـ نا... نه‌خێر!...

له‌حاڵێکدا سه‌بیله‌که‌ی ده‌خسته‌وه ناو توره‌که تووتنه‌که و خه‌ریکی به‌ن پێچی کردن و به‌ستنه‌وه‌ی زارکی تووره‌که‌ی تووتن بوو، له‌سه‌ر کورسیله‌که‌ی دانیشت و ورد تێی ڕاما و گوتی:

ـ هیچ میوانێکی بۆ نه‌هاتووه؛ خۆیشی له ماڵ نییه و ده‌رگاکه‌یشی گاڵه دراوه...

ـ ئه‌ی خاوه‌نی ئه‌م ماڵه کێیه؟ ده‌کرێ من بچم و پرسیارێک له‌و بکه‌م... به‌شکه‌م ئه‌و بزانێت و پێمی بڵێ؟

ژنه وه‌ک زۆر شه‌که‌ت بووبێت، به‌ده‌م باوێشکه‌وه گوتی:

ـ خاوه‌نی ماڵ خۆمم ، من له کرێگرته‌ی خۆم باش شاره‌زام و ده‌زانم هه‌تا به ئیمڕۆ قه‌ت هیچ هاموشۆکه‌رێکی به‌سه‌ره‌وه نه‌بووه. ده‌رگاکه‌ی گاڵه‌یه و ده‌توانی بچیت و به‌چاویش بیبینیت.

ـ کلیله‌که‌ی به‌لای تۆوه‌یه؟

ـ نه‌خێر به‌لای منه‌وه نییه .

ڕێبواره‌که بێده‌نگه‌ی لێکرد. هه‌رکه هه‌ستی کرد ده‌نگی خشپه‌ی هه‌نگاوێک له سه‌ر په‌ڕی کۆڵانه‌وه دێت، به په‌له گوتی :

ـ دایه‌گیان ده‌مبووری!... ئه‌مه‌ی گوت و بۆ ئه‌وه‌ی ئاشکرا نه‌بێ، هه‌ر ئه‌و ڕێگه تاریکه‌ی گرته‌وه‌به‌ر، که پێیدا هاتبوو.

هه‌رکه ڕێبواره‌که دوور که‌وته‌وه، ژنه‌ی پشتی ده‌رگاکه زیت و زیره‌ک و چالاک له جێی خۆی هه‌ستا و دوای گاڵه‌دانی ده‌رگای حه‌وشه‌که، به دالانێکی تارێک و ته‌نگه‌به‌ر دا به‌ره‌و ژوور چوو. له به‌ری چه‌پی دالانه‌که‌وه، ده‌رگایه‌کی کرده‌وه. له ژووره‌که‌دا چرایه‌کی گردسۆز له‌سه‌ر کۆنه مێزێک داندرابوو. شۆقی چراکه ئه‌وه‌نده سیس و کز و که‌م سۆ بوو، که شتومه‌کی ژووره‌که زۆر به زه‌حمه‌ت ده‌بێندران. ژنه‌که به ئه‌سپایی ده‌رگای هۆده‌یه‌کی شان به‌شانی ژووره‌که‌ی کرده‌وه. له‌و ژووره‌دا شۆق و ڕوناکایه‌کی ته‌سه‌لتر ولاتی روناک کردبوو. له چه‌قی ژووره‌که‌دا پیاویکی چاو و برۆ ڕه‌ش، که هه‌ودا مووی سپی، لاجانگه‌کانی بۆز کردبوو، ڕاوه‌ستا بوو. هه‌رکه ژنه وه‌ژوور که‌وت، کابرا هاته پێشتر و به پڕتاو لێی پرسی :

ـ دایه‌گیان چ باسه ؟!... دوو جاران به ڕه‌مز ده‌گه‌ڵمان دوای؛ هه‌م چه‌ند جاران به توندی کۆکی و هه‌میش ده‌نگت له کورسیه‌که‌وه هێنا... چ خه‌به‌ر بوو؟

ژنه به ئاسپایی گوتی :

ـ کەسێک هەواڵێ "ماشێنیست"ی پرسی... پرسیاری"مالکۆڤ"یشی لێکردم.
کابرا بەبیستنی وەرامی ئافرەتەکە، بە هێواشی پرسی :
ـ دایە گیان، سەر و دیمەنی میوانەکەت چلۆن هاتە بەر چاو؟
ـ وڵات زۆر تاریک بوو کوڕم... لەبەر لێڵایی هەوا، سەرو ڕوویم باش بۆ نەدیترا. بەڵام ئەوەندەم بۆ ساغ بۆوە کە کابرا نابێ خەڵکی ئەم هەرێمانە بێ... دەبێ لە دوور هەندەرانەوە ڕا هاتبێ. بە ئەزمانی روسی و گورجی و ئاسۆڕی دواندمی ...
ـ ئەی چی لێهات ؟
ـ ڕۆیشت !
ژنە ویستی کابرای هاودەنگی جێ بهێڵێت، بە پەلە کورسیلەکەی دەست دایە و گوتی:
ـ ئەوا من دەگەڕێمەوە بەر دەرگا. تۆیش تۆزێک دەست و بردت بێ. من پێموایە کەسێک بەم درەنگ وەختانە سەرمان لێبدات، دەست هەڵناگرێت و دەگەڕێتەوە.
کابرا باسکی ژنەی گرت و بە پەلە گوتی :
ـ دایەگیان تۆیش ئیستێک بگرە با من دەگەڵ هەڤالان پرس و ڕایەک بکەم، هەر ئێستێ دێمەوە لات !
ـ بڕۆ کوڕم. ئەمەی گوت و لەسەر کورسیلەکەی دانیشت .
کابرا، سوچێکی ڕاخەری ناو هۆدەکەی لادا و بە نووکی کێردێک، تەختەیەک لە تەختەبەندی تەرکی ژوورەکەی دەرهێنا. لە ژێرەوە دەسگرەیەک دەرکەوت. دەسگرەکەی ڕاکێشا، دەرگایەکی بچووک کرایەوە و ڕێگایەکی نهێنی وەدەر کەوت. کابرا بە پەیژەیەکدا ڕەوانەی ژێرزەمینەکە بوو. ژنەش تەختەبەند و ڕاخەری ژوورەکەی وەک پێشوو جێ بە جێ کرد و هەر لەوێ چۆکی دادا و سەرگەرمی ئاخنینەوەی سەبیلەکەی بۆوە. زۆری نەخایاند دەنگێک لە ژێرزەمینەکەوە هات. ژنە، خێرایی ڕاخەرەکەی لادا و دەرگای نهێنییەکەی بۆ کردەوە. کابرا سەری دەرهێنا و بە هێواشی گوتی :
ـ دایەگیان تۆ بڕۆ و لە پشتی دەرگا چاوەڕوانی میوانەکەمان بوێستە. ئەگەر میوانەکەمان بەخێرهاتەوە، ئەوا بە شێوەی ڕەمز خەبەرمان بکەوە و ئەگەریش مەترسی و خەتەرەیەک ڕووی دا، وەکی جاران وریامان بکەرەوە .
ـ بەسەرچاوان کوڕی خۆم ...
ـ باشە دایەگیان ئەوا من دەگەڕێمەوە لای هاوڕێیانم و تۆیش تەختی ژوورەکەمان بۆ ڕێک و پێک بکەوە.

***

لە ژێرخانی نیوە تاریکی ئەو ماڵە دا، پێنج پیاو لە دەوراندەوری مێزێکی داربەڕو دا دانیشتبوون. لە نێوەڕاستی مێزەکە، شەمێک لە نێو شەمدانێکی سەر و گوێ شکاو دا ڕۆندرابوو. شەوق و ڕوناکیی مۆمەکە ئەوندەکەم سۆ بوو، کە هەر دەکرا ڕواڵەت و سەر و ڕوخساری پێنج پیاوەکان لە تاریکیدا بناسرێنەوە و بکرێ یەکتر ببینن. بەڵام جار ناجارێک، دزە شۆقێکی لەرزۆک و پەڕیوە بە کەلێن سەر و سەکوتاندا ڕێی هەتڵە دەکرد و بە لاوازی خۆی بەسەر سنگی دیوارەکاندا دەکێشا و خێرا گوم و گۆڕ دەبۆوە.

یەکێک لە پێنجەکان، کە نیگای گەرمی چاوە گەشەکانی لە دڵی مرۆڤ کاریگەر دەبوو، دەستێکی بە ڕیشی ڕەشی تۆخی داهێنا و هێدیانە و بە ئەسپایی پرسی:

ــ غولام چ باس بوو؟ ئەرێ دایە پیرەت تێگەیاند چی بکات؟

ــ بەڵێ ئەوەی پێویست بوو پێم گوت. هەروەها بۆ ئەویکە دەگەڵ جیهانی دەرەوەی ئەم ژێرزەوینەوە پەیوەندییەکمان هەبێ، دەرگای نێوان دوو ژوورەکانم کراوە هێشتۆتەوە .

یەکێکی تریان، کە سەورزەیەکی جوانکیلەی چاو قاوەیی بوو، سەری بەرز کردەوە و پرسیاری کرد :

ــ مێوانی نوێمان دەبێ کێ بێت؟ تۆ بڵێی لە سیخوڕە گەمارەکانی دامو دەزگای دەسەڵات دار نەبووبێت؟

"  ڤلادیمیر زاخارۆڤیچ کەتسخۆلی"، یەکێکی تر لە پێنج هاوڕێیان، سەیرێکی سەر و سیمای دڵگری هەواڵەکەی کرد و لە وەڵامدا گوتی:

ــ بەڵێ هەڤاڵ "پیوتر"، هیچ بەدوور نییە وابێت! بەو جۆرەی کە نەیاران بۆ خنکاندن و خاشەبڕکردنی بزوتنەوەی چینی کرێکار چەنگوڕکیان لە ئەنگوچک هێناوتەدەر، ناشێ بەلامانەوە سەیر وسەمەرە بێت ئەگەر پەیامی نزیک بوونەوەی گەمارێکی پیسی بەدفەڕمان پێ بگات. بەڵام ئێمەیش بە ئەرکی خۆمان شارەزاین کە وریا بین و داو دۆزەرەوە...

پیوتر بە ئاماژەی سەر، وتەکانی هاوڕێی سەلماند و پاشان پرسیاری کرد:

ـ ئاخۆ دەکرێ لە سەر قسەم بەردەوام ببم و درێژەی پێ بدەم؟

ـ بەڵێ !... بەڵێ هاوڕێ درێژەی پێ بدە !

پیوتر ئارام و هێدی دەستی پێکردەوە و گوتی:

ـ مانگرتنێکی کە چەند ڕۆژە لە کانگاکانی "شیبایۆف"دا بەردەوامە، بەبێ بەرهەم خەریکە لە کوڵ و کۆ دەچێتەوە و دادەمرکێ. لەو مانگرتنەدا ئەگەرچی ویست و

---

ڤلادیمیر زاخارۆڤیچ کەتسخۆلی، یەکێک لە ڕێکخەران و سازمانکارانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کۆمیتەی کافکازیا و هاوخەبات و هاوڕێی لنین و ستالین بووە.

داخوازیی مانگرتووەکان لە ڕادەیەکی زۆر ژێرا و نزم دایە، بەڵام لەلای خاوەن کار و خودای کانگاکانەوە پەسند نەکراوە. هەر ئیمڕۆ بەشێک لە کرێکاران بە ناچاری دەستیان لە مانگرتن شوردووە و گەڕاونەتەوە سەر ئیش...

پیوتر بەدەم گێڕانەوەی ڕووداوەکان، شوێنەواری داخ و مخابنی ئاوێتە بە توڕەیی لە جەستە و ئاکاری دا دیار بوو. جار جار بە پشووسواری بێدەنگ دەمایەوە و هەندە جارێکیش چنگی لە قژی سەر پڕ دەکرد و دەیهێنا و دەیبرد. لەپڕ وەک بە ئاکام و ئەنجامێک گەیشتبێت ، گوتی :

ــ لە ڕوانگەی سەرمایەدارانەوە ئەم چەشنە مانگرتن و هەڵچوونانە، گەمە و کایەی ساویلکە و ساکارانە و، هیچ دەردێکمان بۆ دەوا ناکەن. مانگرتن و دەست لە کارکێشانەوە ئەگەر ویست و داخوازیی پتەوی سیاسی تێدا نەگونجێت، دەگەڵ تۆقلە و بڵقی سەر ئاو هیچ جیاوازیی و تەفاوەتێکی نییە. ئەمەش، هەتا ئەو دەمەی کە کۆمیتەیەکی سازمانکاری ڕێک و پێکی بۆ دەستەبەر نەکرێت و هەموو پەڵپ و داخوازییەکان نەخرێنە ناو دوو کەوانەی دیاریکراوی سیاسی، سەرجەمی هەڵچوون و داچوونەکان، درەنگ یا زوو لە کەف و کوڵ دەچنەوە.

هەرکە پیوتر بێدەنگ مایەوە، کرێکارێکی بە ساڵاچوو، بە هەوا دەنگێکی ناڕێک و توند گرماندی :

ــ منیش هاوبیری ڕەفیق"پیوتر چۆنیاتۆڤ"م و بۆچوونەکانی ئەو دەسەلمێنم ...

" لادۆ" خێرا کەوتە نێو قسە و پێی گوت :

ـ هێدی تر"ئیڤان"!... هێدی تر هاوڕێ!... تۆ پێت وایە ئێمە لە چۆلگەی ڤولچیە ڤروتا خەریکی پەیڤینین کە بەم جۆرە دەگرمێنی؟ !

" ئیڤان نیکۆلایوڤیچ" بە وێنەی منداڵێکی وردیلانە، بە شەرمەوە سەری داخست و بە نەرمی وەرامی دایەوە :

ــ بمبورە هەڤاڵ! ... بمبوورن.. چ بکەم کە قوڕگم بمجۆرەیە و دەنگی بەرزم وەسەر دەنگی"شالیاپین"یش دەکەوێ... هەرچی دەخۆم دەنووسێم و هەوڵ دەدەم سەبر و هێدی بدوێم، ناتوانم .. لەبیرم دەچێ کە دەنگەکەم ناڕێکە و دار و دیواری دەور و بەرم دەلەرێنێتەوە...

وەرامی بێ خەوش و لە دڵ هەڵقوڵاوی"ئیڤان"، زەردەی خستە سەر لێوی گشتیان. پیوتر ڕوی تێکرد و بە پێکەنینەوە پێی گوت:

---

فیۆدۆر ئیڤانۆڤیچ شالیاپین= مەزنترین دەنگبێژی ئۆپێرای ڕووس و ئەکتەری سینەمایی (١٣ی فیڤرییەی ١٨٧٣ ـ ١٢ی ئەپریلی ١٩٣٨)

ــ ئیڤان بە پەرۆش مەبە!... لێبگەڕێ دەنگت گۆڕەپانی خەبات بلەرێنێتەوە. ڕۆژی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ڕاستەقینەمان لەبەرە. ئەو ڕۆژەی کە بە ئاشکرا داوای مافی لە دەستچومان دەکەین، گەلێ نزیکە و دەنگ و نرکەی شێرانەی تۆی گەرەکە.

ـ مانگرتنی کانگاکانی شیبایۆڤ سەرناکەون؛ چونکە ئیتر سەردەمی داخوازی زێدە دەسمایە و پەلپی ئابوری بەسەر چووە. هەڤاڵ لنین گوتەنی: [کرێکار ناشێ خۆی لە چوار دیواری تەنگی ئابوری دا زیندانی بکات. دەبێ داخوازی و ویستی سیاسی و گەیشتن بە دەسەلات بکاتە دروشمی پێشەنگ. ئارمانجی ئێمە خاشەبڕکردنی ماکی سەرمایەداری و داڕوخاندنی کۆشکی دیکتاتۆڕیەتە. دەست و مستی ئێمە دەبێ ئالای سوری سۆسیالیزم بشەکێنێتەوە... ئەوانەن ویست و داخوازی ئێمە].

پیوتر دوای ئیستێک بێدەنگی، پرسیاری کرد :

ــ ئێوە بۆ ڕوخسانی ئەم گرێنگە، چ پێشنیارێکی چارەسازتان هەیە!

لادۆ گوتی:

ـ بە بڕوای من باشترین کردەوەی شۆڕشگێرانە ئەمە دەبێت کە بۆ سازمانکاری و خەت پێدانی مانگرتوانی کانگاکانی شێبایۆڤ، نوێنەرانێک لە کۆمیتەی"باکۆ"وە بچنە ناو مانگرتووان و، ڕێنیشاندەر و دنەدەریان بن. من بۆ ئەم کارە پێشقەدەم دەبم بەمەرجێک هاوڕێیانم ڕێم پێ بدەن.

دوای ڕاوەستەیەکی کورت ، لادۆ ڕوی کردە هاوڕێ"بوگدان"و پرسی :

ـ ڕای تۆ چییە بوگدان؟ ئەرێ بڵێی من بۆ ئەم کارە گرنگە بشێم و لە دەستم بێ؟!

"بوگدان" کە ڕاست ڕوو بە لادۆ دانیشتبوو، خۆشەویستانە سەیرێکی"لادۆ"ی کرد و گوتی:

ــ لەناو کۆڕی ئیمڕۆکەماندا هەڤاڵا"غولام"، "پترۆڤ"و "چۆنیاتۆڤ"، ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمیتەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی"باکۆ"ن. چ دوێنێ و چ ئیمڕۆ ئەرکی هەرە گرانی بەڕێوەبەرایەتی و سازمانکاریی بزوتنەوەکانیان بە ئەستۆوە بووە و گەلێک ئەزمونی بەنرخیان لەو بوارانە دا وەدەست هێناوە. ئەوان خۆیان دەزانن کە لە هەر سەرهەڵدانێک دا چلۆن و بە چ شێوەیەک بە قازانجی شۆڕش ئەزمون دەکار بێنن. هەر ئێستا، کە کۆڕەکەمان تەواو خۆمانەیە، من پێشنیار دەکەم ئەرکی ڕێکخستنی کرێکارانی مانگرتووی کانگەی شیبایۆڤ بخرێتە ئەستۆی من. بێتو هاوڕێیان دەنگم پێ بدەن، هەر بەیانی زوو بەرەو ئەو مەڵبەندە دەچم و...

بوگدان دەمێک بێدەنگ مایەوە و هەرکە بێدەنگیی کۆڕەکەیی بینی، ئەمەی بە بەڵێنێکی ئەرێنی شوبهاند و ڕوی کردە هاوڕێی چاو و برۆ ڕەشی ڕیش کۆرپەیی و لێی پرسی:

ــ "دەدۆشکا"* ڕای تۆ چییە ؟
مەلێک، بە زەردەخەندی سەرلێوانەوە وەڵامی دایەوە :
ــ دەدۆشکا بیر و ڕای نەوەکانی پەسند دەکا... بەڵێ منیش پێم وایە سەردەمی خۆ گنخاندن و وتووێژی بێ کەڵک دوایی هاتووە. ڕۆژ، ڕۆژی کار و خەبات و ڕێکەوتن و سەرکەوتنە. ڕۆژی گەنج و لاوانی ژیر و وریایە و ئەشێ ئەوان بچنە ناو جەرگەی خەباتەوە. پێویستە گەنج و لاوانی تێکۆشەر بناسرێن و بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش ، پەروەردە بکرێن.
لادۆ بە تامەزرۆیانەوە هاتە نێو قسە و گوتی :
ـ ڕاستە! وتەکانی هەواڵ مەلێک تەواو بە دڵمەوە نووسان. بەڵێ منیش پێموایە داهاتووی وڵات هی گەنج و لاوەکانمانە...
ئیڤان نیکۆلایۆڤێچ کەوتە نێو قسەکانی لادۆ و بەدەم زەردەخەندەیەکەوە، هێدیانە گوتی:
ــ هەڤالان کە باسی گەنج ولاوان دەکەن، خۆیان لە ڕێزەی پیر و زورهانانی کەفتەکار دا دادەنێن. کەچی و ئەگەرچی لە ئالی لێزانی و ڕێزانییەوە بەڵێ بە بیر و ئەندێش پیرن، بەڵام بە تەمەن کوڕ و کاڵانێکن و لە سای لێزانیی و ڕێزانیی خۆیانەوە، دەیان پیری وەکی منیان چەشنی دەستەچیلەی کورەی خەبات گڕ تێبەرداوە.
دوای کۆتایی وتەکانی "ئیڤان"، "لادۆ" درێژەی بە ئاخاڤتن دا و گوتی:
ــ ئێمەی ڕاهاتوو لە گۆڕەپانی چالاکیی عەمەلی دا، ئەرکی سەرشانمانە زانایی و ئەزمونەکانمان بکەینە هەوێنی گوراندن و پەروەردەکردنی لاوانی خەباتکار و ڕایان بهێنین. لە کارگە و کانگەکانی سەرمایەداراندا سەدان لاوی چالاک و هەڵسووڕاو خەریکی ئیشن، کە ئەگەر بکەونە بەردەستی مامۆستایانی شۆڕش و پەروەردە بکرێن، بێشک دەتوانن لە ڕیزەکانی شۆڕشی چینی کرێکار دا مەزنترین دەور و نەخشیان هەبێت. ئەگەر بە وردی سەرنجێک بدەینە نێو کۆگا و پۆلی کرێکاران، دەبینین هەر لاوەی شەپۆلێکی خرۆشانی جەمامبویە لە دەریای ڕوو بە شڵەقانی داهاتوو دا. ئێمەین دەبێ قفڵی جەمام کراویان بە کلیلی زانست بشکێنین و یەکجێ و بە تێکڕایی بەرەو گەردەلوولێکیان بەرین کە دەور و دوکانی سەرمایەداران ڕابماڵن. نمونەی تازە لاوانی پەروەردە کراو لە کانگاکانی شیبایۆڤ دا یەکیان "ئەژدەر"ە. لە ڕاستیدا ئەژدەر ئاگرپارەیەکە لە ئاست نەیارانەوە... هەزار جار دەست و پەنجەی "ئیڤان نیکۆلایۆڤیچ" خۆش بێت بۆ ئەوێ خەڵفە نەمامەی کە لە دەراوی شۆڕش دا گوراندویەتی. بە ڕای من، ئەژدەر داهاتوویەکی گەش و پڕشنگداری لەبەرە و کاتی

* دەدۆشکا، نازناوێکی نهێنی بوو کە بە "مەلیک مەلیکیانس"، یەکێک لە ئەندامانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کۆمیتەی باکۆ درابوو. دەدۆشکا لە زمانی روسی دا بە مانای بابە گەورەیە.

ئەوەی هاتووە بکێشرێتە ناو کۆڕ و جغزی هەڵسووڕانی نهێنی و ئەرکی گرنگی پێ بسپێردرێت.
"ئیڤان نیکۆلایۆڤیچ" لەحاڵێکدا بزەی شادمانی کەوتبوویە سەر لێوانی و چەشنە شانازییەکی لە ڕادە بەدەری بە ڕوخسارەوە دەبیندرا، خۆی بۆ ڕانەگیرا و بە سەربڵندی و فەخرەوە وتی :
ــ ئەژدەر لە جێی کوڕی منە... لە ڕاستیدا من گەلێکم ڕەنج لە سەر کێشاوە و وەک چاوەکانم پاراستوومە. هەرکە ئێوە ناوتان هێنا و لێوەشاوەیی ئەوەتان لە قەڵەم دا، من وەک باوکێک گەشامەوە و شەکەتیم لە لەش بڕا...
هەر لەو دەمەشدا ڕەمزی نهێنیی دایە پیرەیان پێ گەیشت. سریوەیان لێ بڕا و سەراپا بوونە وریایی. لادۆ لە جێ هەستا و بە هێواشی وتی :
ــ ڕەنگە لە ڕێکخراوی"تفلیس"ەوە هاتبن. ڕاوەستان و مانەوەیان لە کۆڵان دا باش نییە. هەربۆیە ناچارین کۆبوونەوەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ بێنین و بڵاوەی بکەین. لە کۆبوونەوەی سبەی بەیانیدا، بەرهەمی پەیوەندیی کۆمیتەی تفلیس دەخەینە بەر باس و قسەی لەسەر دەکەین. من و بوگدان و ئیڤان شارەزای هەموو کەلێن و قوژبنی ئەم ژێرخانەین، بەڵام ئێوە یەکەمجارتانە و باش تێی بەڵەد نین...
بڕوانن ! ئەوەتا لەم قوژبنەدا دەرگایەکی نهێنی دەکرێتەوە؛ ئەم دەرگایەش بەسەر کاروانسەرای دراوسێ دا دەکرێتەوە و کاروانسەراکەش ئەمەی باشە، کە لە سەری شەوەوە هەتاکو بەری بەیانی، جێگەی سەرخۆشانی لە دنیا بێخەبەرە و کەس قەباڵەی کەس ناخوێنێتەوە. هاتوچۆ و خولانەوە و دانیشتن و ڕۆیشتن تێیدا ئاساییە و هەستی کەس نابزوێنێت. کاروانسەراکەش دەگەڵ شەقامی ئەودیومان پەیوەندی هەیە و دەتوانن بەبێ ترس و تەقێ پێیدا تێپەڕ بن. بەڵام تاک بە تاک و هەر یەک دوای ماوەیەک لێی دەرکەون باشتر دەبێ. "ئیڤان" لەم چوونەدەرە دا چاوساغ و ڕێنماتان دەبێ.
" لادۆ"، مامۆستا نهێنی کاری دوای ئەسپاردنی ئەرک و وزیفە، ماڵاوایی لێکردن. مۆمەکەیان داکوژاند و لە یەکتر هەڵبڕان.
لادۆ، لە تاریکایی ئەنگوستەچاوی ژێرزەمینەکە دا بەرەو دەر هەڵکشا و دوای ئەوەی دەرگا بچکۆڵەی ژێر تەختەبەندەکەی کردەوە، هەستێکی دەر و ژووری گرت. زۆر بەشێنەیی هاتە هۆدەی یەکەم و چرای ژوورەکەی داکوژاند. لە کەلێنێ دەرگاوە دزەنیگایەکی بە ژووری تەنیشتی داخشاند و چەند نەرمە کۆکەیەکی کرد. چی پێ نەچوو دایەپیر هاتە ژوور و لێی پرسی:
ـ ڕێبوارەکە گەڕایەوە و ئەمجار هەواڵی"دیمیتری یاشیڤل"ی لێ خواستم. منیش هاوردوومەتە ژوورەکەی "ماشینیست" و ئێستا لەوێیە. سا نازانم بە کەلێن چاوت پێی کەوت یان نا؟

ـ دیتم دایەگیان!... دیتم خۆیەتی... هەربژی دایە! ... بە ڕاستی ژیر و وریا و بەکاری دایکە گیان...!

ـ ڕۆڵەگیان ئەوە ئەرکی سەرشانی خۆمە و دەبێ باش بەڕێوەی بەرم . من دوو شەنگە کوڕی لاوم لە چاڵە نەوتەکانی زۆرداراندا خنکان و تەنانەت تەرمی سارد و بێگیانیشیانم نەکەوتنەوە دەست کە بە ڕەسم و یاسای ئایینەکەم بە گڵکۆیان بسپێرم... کوڕم، تۆ برۆ با میوانەکە زۆر چاوەڕوانت نەبێت. من ئەوا هەر ئێستێ چاییتان بۆ ئامادە دەکەم.

ـ هەر بژی دایەگیان !

لادۆ، دەرگای هۆدی ماشینیست ـ ی کردەوە. میوانەکە لە تەنیشت چرای گردسۆزی نێوەڕاستی ژوورەکە چاوەڕوان دانیشتبوو. هەرکە چاویان بە یەکتر کەوت، بە شادمانییەوە ئامبازی یەکتر بوون و وەک گیانی شیرین یەکتریان دەهەمێز گرت.

ـ بەخێر هاتی "ڤانۆڤ" !... زێدە لە سێ مانگە لێم دووری و تاسەی دیدارتم دەکرد. دووریت بۆ من گەلێک گران بوو...

زۆر بە وردی تێک ڕامان . "لادۆ" وتی:

ـ "ڤانۆڤ" ، چییە؟ بۆچ وا لەڕ و لاواز بوویت؟ بێ وەی بیت و لە دەرد و بەڵا بەدوور بی هاوڕێی من...!

ڤانۆڤ وەرامی دایەوە:

ـ بە شەو و ڕۆژ لە چاپخانەدا مانەوە و لە ژێر زەختی سیخور و پۆلیسدا کاری بەردەوام... بڵێی ئەم لاوازییە نەخوازێ ؟

ـ کەواتە گۆڤاری ((برادزۆلا))* دەبێ کەوتبێتە ژێر چاپ ؟

ڤانۆڤ لەبری وەڵامدانەوە، ئارەقچنەکەی لە سەری خۆ هەڵگرت و ڕووکەشەکەی لەبەر دادڕی. لە نێوئاخنی ئارەقچنەکە دا، کاغەزێکی پێچراوەی دەرهێنا و دایە دەستی لادۆ:

ـ ئەمە سەروتاری ژمارەی یەکەمی بردزۆلا ـ یە ، کە بەرنامەی کار و چونیەتی ڕێبازی ئێمەی تێدا دیاری کراوە.

لادۆ بە وردی و سەرنجەوە دەستی بە خوێندنەوەی کرد.

---

*برادزۆلا بە واتای خەبات، یەکەمین گۆڤاری ڕامیاری بوو، کە لقی سوسیال دیموکراتەکانی گورجستان بە نهێنی ئامادە و بڵاویان دەکردەوە. گۆڤاری ناوبراو بە یاریکاری و پشتگیریی ژۆزەف ستالین و ڤلادیمیر کەتسخۆڤلی ئامادە و بڵاو دەکرایەوە.

****

# 2

"ئیڤان نیکۆلایۆڤیچ" بەر لە هەموو هاوڕێیانی لە ژێرزەمینەکە هاتەدەر. بە وێنەی پیاوێکی سەرخۆش، بەدەم ورینگە و نەرمە گۆرانی ژێر لێوانی دەی ناراند و لەژێر چاوانیشەوە دەور و بەری خۆی دەڕوانی. بەمجۆرە بە شەقامی «تەلەفونی» دا هەڵکشا و لە دەور و بەری وێستگەی شەمەندەفەر، هەر بەو ڕێگایەی کە پێی داهاتبوو، گەڕایەوە .

سەرتانسەری دوو بەری شەقامی تەلەفونی، بە دوو ڕێزە خانوبەرەی هاوشێوە و هاوڕەنگی سڕ و بێ هەست گەمارۆ درابوو. ئەو سەردەمە، شاری باکۆ ببووە مەکۆ و جێ داڵدەی خێڵی کۆچەری هەندەران. ئەو گوندییە هەژارانەی کە لە سەر ماڵ و کێڵگەکانیان دەر دەکرابوون، بۆ وەدەست هێنانی بژیوی ژیان، کاڵەی غەریبایەتییان لە شاری باکۆ دا کردبۆوە و، لەم هۆدە بچکۆڵە و تەنگەبەرانە دا گیرسانەوە. ئەو هەژارانە دەبوایە لە هەشتی داهاتیان بەشی هەرە زۆری بدەن بە خاوەن هۆدەکان و مشتێکی کەمیشی خەرجی ڕۆژانەی ماڵ و منداڵیان بکەن .

"ئیڤان" بەبێ بزواندنی سەرنجی ڕێبواران، سەرتانسەری شەقامەکەی تێپەڕ کرد و کاتێک گەیشتە جەمسەری دوو شەقامی «ئازیاتسکی» و «بازاڕی»، زۆر هێدیانە بەری شەقامی «بازاڕی» گرت و بۆ سەر چوو. هێشتا ئەوەندە نەڕۆیشتبوو کە سەر و گوێلاکی پۆلیسێکی شەوگەڕی لێ وەدەر کەوت .

ــ ئۆهۆی!... کێی کوڕە، ڕاوەستە بزانم !

"ئیڤان" بەبێ شەمزان، لەسەر جێی خۆی چەقی و شانی دایە بەر دیوارێکەوە. بەڵام لە ژێرچاوانیشەوە دەور و بەری خۆی هەڵسەنگاند و چاوێکیشی بە دەوران پشتی خۆیدا گێڕا. بەڵام کوچک و بەردێکی وەهای نەهاتە بەر چاو کە هەڵی بگرێتەوە و لەناو پەنجە دا حەشاری بدات؛ ناچار هەر دووک دەستی خستە ناو باخەڵ و بەبێ ئەوەیکە چاو لە پۆلیسەکە بکات، ڕاوەستا .

پۆلیسەکە لەو بەری شەقامەوە بە تووڕەیی گرماندی:

ـ کێی کوڕە؟!... بۆچ دەنگت نایە!

"پترۆڤ" بە ئەنقەست دوو سێ جاران کۆخی و هیچ دەنگێکی لێوە نەهات. زۆر وریا و هێدییانەش چاوێکی بە ڕێگا و بان دا خشاند و خەیاڵی ڕاکردن و دەرچوونی بە مێشک داهات. ڕاکردن و دەربازبوون بۆ ئەوێک کە گشت کوچە و کۆڵانی شاری وەک لەپی دەستی دەناسی، گەلێک بەسانی بوو. بەڵام ژانی ئەوەی لە دڵ وەستابوو، کە نەوەک هەر لە دەمی هاتنە دەر لە کاروانسەراکەوە شوێنیان هەڵگرتبێت. ماوەیەکی کورت گیرۆدەی ئەم خەیاڵاتە بوو، کە پۆلیسەکە سەرلەنوێ هاواری لێ هەستا:

ـ هەتیو کێی؟ بۆچ لاڵ بووی ؟ دە دەنگت بێ... !

پترۆڤ وەک سەرخۆشێکی تووڕە، بە بڵمە بڵم وەرامی دایەوە:

ـ منم ... "ئەلەکسی" م !..

پۆلیس بە سەرسوڕماوی پرسی:

ـ "ئەلەکسی"؟!

هەر بڵێی یەک و دوو، پۆلیسەکە بە تەق و تۆقی ناڵچەی پۆتینانەوە، ئەم بەر ئەو بەری شەقامەکەی بڕی و لە بەرامبەر ئیڤان دا چەقی.

ـ کام "ئەلەکسی" کوڕە ؟

پترۆڤ بە ئەرخەیانی دەستەکانی لە باخەڵ دەرهێنا و گوتی:

ـ من"ئەلەکسی"م، هەروەکی تەواوی "ئەلەکسی"یەکانی سەر ئەم جێهانە... "ئەلەکسی"یەکی ئاساییم و لە مەیکەدە دەگەڕێمەوە... دەبێ بمبوری کە تۆزێک وەپاش کەوتووم و درەنگ هاتوومەتەوە .

پۆلیس بە تووڕەیی قاچی دە عەرز کوتا و نەڕاندی:

ـ من ئەمە نازانم و ئەلەکسی و مەلەکسیش ناناسم... دەبێ وەگەڕێی و هەر بەو ڕێگەیە دا بگەڕێیتەوە کە پێی داهاتووی... ئەم ڕێگەیە بەستراوە و کەس بۆی نییە پێیدا تێپەڕ بێ.

ـ ئاخر چۆن دەبێ شەقام ببەسترێت! ئەمە چ دینێکە... ماڵی من لەوبەری ئەم شەقامەوەیە و دەبێ بچمەوە ماڵ. خۆ ناکرێ هەتا ڕۆژ وەیڵانی کۆڵانان بم... پیاوی باش بە و لێمگەڕێ با بڕۆم!

ـ لە سەری مەڕۆ... گوتم نابێ! ... گوێت لێبوو؟!... زۆری لەسەر بڕۆی دەتگرم و دەتخەمە کادێنەوە، ئەودەم ئیتر هەتا ڕۆژت لێ دا دێت، دەبێ دەگەڵ مشکان هەر باوباوێن بکەیت.

"ئیڤان" لە چەم و خەمی پیاوانی حکومەتی باش دەزانی. لەمێژ ساڵ بوو شێوەی هەوسارکردنیانی دەزانی؛ دەیزانی گشت دەگوژم دەبڕمەکەیان بڵقی سەر ئاوە و بە پارە و دراوێکی سووک، دەپووکێتەوە.

هێدی و لە سەرەخۆ دراوێکی دە مەناتی لەباخەڵ دەرهێنا و بۆی ڕاداشت و گوتی :

ـ بەڕێزم، من بەرگەی تێپەڕبوونی ئازادم پێیە... بڕوانە!... تۆ لێی خورد بەوە بزانە خۆیەتی یان نا!... وێنەی خاوەن شکۆ تزاری مەزنیشی لەسەرە ...!

پۆلیسی شەوگەڕ هەرکە نەرمانی دراوی دە مەناتی هاتە دەستی، بە بزەی سەرلێوانەوە هەندێک دەور و بەری ڕوانی و بۆ ئەرخەیان بوون لە بایی دراوەکە، لە ژێر شۆقی جگەرەی ژێر لێوانییەوە سەر و ژێری دراوەکەی چاو پێداخشاند و بە کەیف و شادمانیەوە گوتی:

ـ دەک بێ بەڵابی!... نەدەکرا زووتر ئەم بەرگەیەم پێ نیشان بدەیت... زۆر بەخێر بێیت سەر دوو چاوانم. بەڵام دەست و بردێک بکە و پێ هەڵێنەوە نەوەک بە پەل و داوێکی دیکە دا بکەویت... ئەمەش بزانە کە لەوسەری شەقامەوە ماڵێک کەوتۆتە بەر گومان و ژاندارمە خەریکی پشکنینی ماڵەکەن. ئەگەر پیاوێکی زیت و وریا نەبی، لەوانەیە تووشی گۆڵمەزێکی تر بی... شەو خۆش!

دەنگی ناڵچەی چەکمەی پۆلیس لە سەر سەنگفەڕشی شەقامەکە هەر وا دەهات لە تاریکیدا دەتوایەوە. "ئیڤان" لە بیر و ئەندێشێکی قوڵ دا مابۆوە و بەلای خۆیەوە دەیگوت: ئاخۆ دەبێ چ ماڵێک کەوتبێتە بەر هێرشی ژاندارم؟! بڵێی کێ بێ و چ کەسێک بێ؟ بەچی دیارە ماڵەکەی خۆی نەبێ!.. چ بکا؟... بەرەو ماڵ بڕوا یان بگەڕێتەوە؟ ...

بەخۆی گوت: گەڕانەوەم بێ سوودە، چلۆن دەکرێ بگەڕێمەوە؟ بگەڕێمەوە، لەوانەیە دیسان تووشی هەر ئەو پۆلیسە ببمەوە و دووشکی بکەم، ئیتر ئەودەم دەستبەردارم نابێ... بەڵێ دەبێ بەرەو ماڵ بڕۆم...

بە پەلە و بە تەقەڵی هەنگاوی درشت بەرەو ماڵ وەڕێ کەوتەوە. بەڵام گەمارۆدان و پشکنینی ماڵێک، بەبێ وچانی و پەسا پەسا بە مێشکی دا دەهاتن و دەچوون.

دوور و نزیکی ماڵ بۆوە. دوو ژاندارامی چەک بەشان لە ژێر شۆقی چرای سەری کۆڵانەکەوە، دەهاتن و دەچوون. ئیڤان ڕاوەستا .

شەو، لە دوایێنی کپی و بێ هەستی دا بەرەو خەو دەڕۆیشت. ماتی و بێ هەستییەکی قووڵ، قورساییەکی سەیری دەخستە سەر دڵی شەو بێدارانی شەو زیندەدار. خشپەی هەنگاونانی "ئیڤان" و چرپە و سرتەی جار بەجاری ژاندارمەکان تەنیا ڕوشێنەری بێدەنگی بوون. "ئیڤان" لە ماڵ نزیک ببۆوەوە، بەڵام بیری ئەمە دەرروونی دەهەژاند، کە نەوەک ئەم ڕاو دابەشینەوەیە بۆ بە تەمال هەڵگرتنی ئەو هاتبێتە کایە. هەر بەم ئازارەوە هەنگاوی شل بوونەوە. دوو دڵ و دڕدۆنگ، مەیلی ڕاکردنی بە دڵدا هات. بەڵام خشپەی هەنگاوەکانی هەر دوو ژاندەرمەکانی سڵ کرد بوو. ئەمجار ئیتر گەڕانەوەشی بۆ نەدەکرا. نەش دەکرا شەقامەکە ببڕێت و خۆیان لێ لا بدات. ئەی چ بکات؟!... چەشنی بروسکە، بڕیاری ساغ بوونەوەی بە مێشکدا هات و نەرمە نەرمە وەڕێ کەوتەوە. بە شێوەی پیاوێکی شەوگەڕی دڵتەڕ، سەرخۆشانە بە

دەم نارە ناری گۆرانی و، دەگەڵ ڕاژە ڕاژی ڕۆینی مەستانەیەوە، بە تەنیشت ژاندەرمەکان دا ڕابورد. لە سەرپێچی کۆڵانەکەیاندا ڕاوەستا و نێوە ئاوڕێکی لێدانەوە. بەڵام چاوی ژاندەرمەکان وەها بە سەر پەنجەرەی ماڵی دراوسێ دا گرێ درابوو، کە هاتن و ڕابواردنی ئەویان بە هیچ نەگرت.

شەو شەق ببوو. زیندەوەر خڕی خەوتبوون. لە ڕاستە کۆڵانێکدا تەنیا سۆمایی چرای ماڵێک لە گوێن چاوی نزاکارێکی نیوەی شەوان، ئەسرینی زوڵاڵی دەڕژاندە سەر کۆشی شەوەی شەو.

"ئیڤان" هێدی و ئارام مەودای جەمسەری کۆڵان و ماڵی خۆیانی تێپەڕ کرد و بە ئەهوەنی دەرگای کردەوە. تاریکی وەک شەوە، حەوش و حەساری هەڵدەگوشی. لە تاریکی دا دار و دیوار لێک نەدەکرانەوە. بۆ ڕاهاتنی چاو، تاوێک ڕاوستا. هێشتا بە تەواوی چاوی بە تاریکی ڕانەهاتبوو، کە دو تارمایی لە دەرگای ژوورەوە خوشینە ناو حەوشە و بە سرتە هاواریان کرد:

ـ بابە!

ـ "ڤانیا ! "

"ئیڤان" بە ئەسپایی وەڵامی دانەوە:

ـ بەڵێ !... بەڵێ منم ...

ـ "ڤانیا" ئەوا نیوە شەوە... لە کوێی؟... لەمێژە چاو لە ڕێتین، بۆچ نایەیتەوە؟

"ئیڤان" لێیان نزیکتر بۆوە و بە سرتە گوتی:

ـ "ماریا"! یەکێک لە هاوڕێیانم ناساز بوو، چوومە سەردانی. بەڵام بۆچ پێمی ناڵێی ڕەوەی ژاندەرمان چییان گەرەکە؟ ... چ خەبەرە؟!

لە جیاتی خێزانی، کچەکەی "ڤەڕا"، بە پڕتاو وەرامی دایەوە:

ـ باوکە گیان! ئامینەی دەستەخوشکم دەیگوت پیرەپیاوێک کە چەند ڕۆژێکە هاتۆتە دراوسێیان، کەوتۆتە بەرشک و ژاندەرم ماڵەکەی پشکنیوە... وەک دەڵێن، گۆیا کتێبی خوێندۆتەوە... کتێبی دژ بە ڕژێم...

"ئیڤان" لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ ماڵ کاول! هەر دەڵێی سەگساری برسین و بە دایم لە ملۆمۆ دان. خێوی شەون و هەر شوێنێک تۆزکاڵە ڕوناکیی هیوایەکی تێدا بێ، بە زووترین هەل دێنە جەستەی و شوێن بزری دەکەن.

" ڤەرا"، بە سرتە بە گوێی باوکی دا چرپاند:

ـ باوکە وەرە ژوورەوە ئیشم پێتە!

"ئیڤان" سەری سووڕ مابوو. بەسەرهاتێکی کوتوپڕ و لە ناکاو ڕووی دابوو. بەدەم ئەم ژانەوە هەر وا لە حەوشەدا چەقی بوو. "ماریا واسیلۆڤینا"ی خێزانی خۆشەویستانە دەستی شووەکەی گرت و گوتی:

ـ ڕاوەستان و پێشخواردنەوەی ناو حەوشە دەردێکمان دەوا ناکات. وەرە با بچینە ژوور و لەوێ بەسەرهاتەکەت بۆ باس بکەین.
لە هۆدەیەکی پچووکی دار و دیوار هەڵبزڕکاو دا، مجریلکەیەکی قاوەیی ڕەنگی کاڵ بۆوەوە دەگەڵ کۆنە کۆمۆدێکی شەق و شڕ، دوو گۆشەیان لەماڵەکە داگیر کرد بوو. لە بەرێکی ترەوە قەرەوێڵەیەکی تەسک، لە ژێر کۆنە لێفەیەکی پواوەدا حەشار درابوو. لە چەقی ژوورەکەدا چرایەکی گردسۆزی بێ تین، لەسەر مێزێکی سەر و گوێ شکاو دا شەبەقێکی زەردی دەگەڵ تارمایی لێک هاڵاند بوو. لە حاستی دەرگاوە، حەولەیەکی دەست ئەسڕینەوە بەسەر بزمارێکەوە شۆڕ ببۆوەوە. بۆ نمی ساردی هۆدەکە، دەگەڵ کەل و پەلی پواوەی ناو ماڵەکە، ڕادەی سامانی خاوەنانی ماڵەکەیان لە قەڵەم دەدا
" ئیڤان" کراسی شەتاڵ بووی ئارەقەی داکەند و دوای گاڵەدانی دەرگاکە، بێ سەبرانە گوتی:
ـ دە وەرن و زوو بن بۆم وەگێڕن بزانم چ باسە!
"ماریا" بە دەم هەڵواسینی کراسی "ئیڤان"، ڕووی کردە ڤەرا و گوتی:
ـ تۆ بەسەرهاتەکە بۆ باوکت بگێڕەوە تا من جێگا و بانی باوکت ڕادەخەم.
"ئیڤان" داوای لە خێزانەکەی کرد کە نوێن و بانەکەی لە ژێر تاقەداری ناو حەوشەکە دا بۆ ڕابخات. دوای ئەوە، ڤەرا بە هەوا دەنگێکی نەرم، بەڵام بە پەلە دەستی پێکرد:
ـ ... بە دەنگی زرم و کوتی قۆنداخە تفەنگان سەرم لە دەرگا بردە دەر، کە دیتم ژاندەرمە وەک شێت و هاران بەرببوونە دەرگا و دیواری ماڵی دراوسێمان، سەرم سەتحی ما. ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، دەرگای ماڵەکەیان شکاند و بە خڕی ڕژانە ژووری ماڵەکەوە. هەر لەو دەمەشدا "ئامینە"ی دەستەخوشکم قاوی کردم و دوو کتێبی خستە ژێر باخەڵمەوە و لە جیاتی دراوسێی ڕووبەڕوومان داوای لێکردم کتێبەکانی لە شوێنێکی باش دا بۆ بشارمەوە و منیش کردم... ڤەرا بەدەم قسانەوە لە ژێر مجریلکەی ژوورەکەیان دا دوو کتێبی تەنک و کەم پەڕی هێنا و لەبەر دەستی باوکی داینان.
"ئیڤان" سەیرێکی سەر و بەرگی کتێبەکانی کرد، یەکیک لە کتێبەکان دوو پەڕی یەکەم و دووەمی بە عینوانەوە لێ هەڵکەندرابوو. ئەویانی بۆ ساخ نەبۆوە، بەڵام پشت بەرگی کتێبەکەی تر، ئەمەی لێ نووسرابوو: (مانیفێست کمۆنیست)
" ئیڤان" بە دڵێکی پڕ لە هیواوە، بە نیوەهاوارێکی لە هەناو خنکاودا گوتی :
ـ هەی ئافەرین شێری پیر بۆ خۆت و بۆ کتێب خوێندنەوەت! سەت ئافەرین!
"ڤەرا" لێی پرسی :
ـ بابە، ئەمانە کتێبی باشن؟ ... من دەتوانم بییان خوێنمەوە؟ ...
"ئیڤان" ، هەر وەک بەرەکەتێکی پیرۆز و بە ودمی لەسەر دەستان بێ، بەرزی کردەوە و گوتی:

ـ کچی خۆم گوێ بگرە با پێتی بڵێم... ئەم کتێبە، لە ڕێبازی خەباتی کرێکار بۆ پچڕاندنی کۆت و بەندی دیلی و ژێرستەمی، وەک ڕێبەر و ڕێنیشاندەرە وایە. ڕێڕەوانی ڕێبازی بزوتنەوەی کرێکاری لە سەریانە نوسراوەکانی ئەم کتێبە وەک زانستی خەبات بۆ سەرکەوتن دەکار بێنن ...

لەپڕ، بەدەم قسانەوە لە جێ هەستا و گوتی: پێویستە ئەم کتێبانە لە شوێنێکی باش دا حەشار بدەم، ئەگینا ...

قسەکەی بە نیوەچڵی هێشتەوە و وەدەر کەوت. لە دەرەوە شەوە زەنگێکی تاریک، ڕەشە دەواری بەسەر شاری مەنگ و مات دا هەڵکێشابوو. جارو بارێک، لە بەری کۆڵانەوە خشپەی هەنگاونان و سرت و خورتی ڕێبوارانێک دەهات و دەسرەوتەوە. ئیڤان بە ئارامی و بە پێکوتە هاتە ژێر تاکەدارەکە و بە خاکەندازێکی بچووک قوڵکەیەکی هەڵکۆڵی. کتێبەکانی لە دەسرۆکەیەکەوە پێچا و ژێرخاکی کردن. هەستێکی ڕاگرت و بە ئەرخەیانی گەڕایەوە ژوو. خێزانی چەند پەرتۆکە نانە ڕەشە و تۆزێک پەنیری بۆ ئامادە کردبوو. "ئیڤان" گوتی:

ـ "ماریا"! من نان ناخۆم و برسی نیم؛ پێش ئەوەی بێمەوە ماڵ، بەرکوڵێکم کردبوو، بەڵام نوێن و بانەکەم بۆ ڕابخە و شەوەکی خەبەرم بکەوە.

"ماریا" گوتی :

ئەی چیت بەسەر کتێبەکان هێنا ؟

ـ ژێرخاکم کردوون... جێگایان باشە.

خەرمانەی زەردی خەمناکی لە ڕوی "ماریا" نیشتبوو. سەیرێکی مێردەکەی کرد و سەرێکی ڕاتڵەکاند و بەدەم گازەندەوە گوتی:

ـ"ڤەرا" گەلێک هەڵەکار و کەم تەرخەمە. لەوانەیە ئاخرسەر تووشی قەرقەشێکمان بکات... ئاخر لە شوێنێک کە پۆلیس و ژاندەرمی یانیگر بە شوێن نووسراوەیەکی بچوکدا سەر هەرد و ژێرهەرد دەپشکنن، کەی ڕەوایە لە پەنا هۆدەیەکی پڕ لە تەقەمەنی دا شاپڵیتەی ئاگر وەئەستۆ بگری؟!... چۆن دەکرێ لەم هەلە تەنگاوەدا پەرتوک و کتێبان ڕاگوێزی؟.. ئەم ئاکار و کردەوانەی ڤەرا هەڵەن و مەترسی و خەتەرەیان لێ دەبارێت...!

" ئیڤان" بەهێوری بۆ دڵدانەوەی خێزانی گوتی:

ـ ڕاستە، ژیری و وریایی لە کاران دا گەلێک پێویستە، بەڵام هەندە جارێکیش مرۆڤ ناچارە چاو لە وریایی و دورەپەرێزی بنوقێنێت و دەگەڵ کارەسات دەست و پەنجە نەرم بکات. ئیمڕۆش، لەو ڕۆژانە بووە کە دراوسێکەمان لێی قەوماوە و هاریکاریی دەر و جیرانانی ویستووە... تۆ خۆت لە جێی دراوسێکەمان دابنێ؛ وای دابنێ کە ئەوە ئەتۆی و کەوتویتە بەر بناری تەنگانە و چاو لە ڕێی مرۆڤێکی کە شانێک بخاتە ژێر باری کەوتووت. چەندە خۆشە گەلەکۆمەکی دراوسێیان لە دەمی تەنگانە دا... ئەرێ هیچ دەزانی هەر هەفتەیەکە دراوسێکەمان کوڵ و کۆچباری لەم گەڕەکەدا کردۆتەوە

و لەمماڵەدا نیشتەجێ بووە؟.. تۆ بڵێی لە کوێوە هاتبێت؟... کێیە؟ ... نازانم، بەڵام دیارە تێکۆشەرێکی شۆڕشگێرە و لە وڵاتی خۆی تەرە کراوە و بە ناچاری کۆچی پێکراوە.

"ئیڤان" لە ژێر تاقەدارەکەی ناو حەوشەکەیاندا ڕاکشا بوو. خەو لە چاوی تارا بوو. ئەستێرەکان بە سریوەی چاوداگرتن دەگەڵ نەخەوتووان چاوە بڕکێیان بوو. دەم دەم سرتە و شات و شووتی ژاندەرمەکان بە کۆڵاندا دەهات و دەخەوتەوە .

ڕەنگی ڕەشی تۆخی دەریای ئاسمان، کاڵ و کاڵتر دەبۆوە. ئەستێرەکان بەرەو کزی دەچوون. دیار بوو دەهات بەیان بنگەوێت. غەڵەبایی و دەنگی هەنگاونانیش کەم و کەمتر دەبۆوە.

دڵی "ئیڤان" بۆ دراوسێی ڕەنجەڕۆیان بە داخ و پەژارە بوو. چ زوو کەوتە بەر جەنجەڕی دەزگا و چ زوو هەڵیان کوتایە سەری و خانەبگیریان کرد. بیری لە کتێبی مانفێست کمونیست دەکردەوە و دەهاتەوە بیری کە ئەوە جاری دووەمە خۆی دەکاتە لەمپەری لەناوچوونی ئەو کتێبە و دەیپارێزێت.

... ساڵی 1896بوو. ئەو سەردەمە لە دەور و بەری کانگاکانی "مانتاشۆڤ"، لە مەڵبەندی "بی بی هەیبەت" گیرسابۆوە و لەو کانگەیە خەریکی ئیش بوو. ئەو دەم و سەردەمە، گەلێک لە کرێکارەکان حەزیان دەکرد بزانن ئاخۆ ئەو پیاوە باڵابەرزە چوارشانە چاوشینە کێیە و لە کوێندەوەوە هاتووە و ناوی چییە. بەڵام کەم کەس دەیناسی.

یازدە ساڵ لەمەوبەر بوو کە پەرەوازەی ئەم هەرێمە ببوو. هەرچەند ماوەیەک لە کارگە و کانگەیەک دا سەرقاڵی ئیش دەبوو. دەمێک لە کارگاکانی "سابونچی"، جارێک لە "سوراخانی" و چەند ماویەکیش لە "بی بی هەیبەت" ئیشی دەکرد. هیچ بەشێک لە بەشەکانی پیشەسازیی نەوت نەبوو کاری تێدا نەکردبێت و ئەزموونی بەنرخی لێ وەرنەگرتبێ. گشت کاری کانگە و کارگەکان، چ قورس و چ سوک، هەموویانی بەتاقی کردبوونەوە. زۆربەی کرێکارانی هاوکاری لە دڵدا هەستیان بە زانایی و ئازایەتیی ئەو دەکرد و چەشنە ڕێز و خۆشەویستییەکی ئەویان لە دڵدا بوو. هەر لە ڕۆژی یەکەمی کارکردن لە کارگەکاندا، کرێکارەکان ئەویان بەناوی "ڤانچکا" ناسی بوو و هەر بەو ناوەشیان بانگ دەکرد. ئەو سەردەمە، "ڤەرا"ی کچییان پێی دەنایە سێیەمین ساڵی ژیانی.

"ڤانچکا"، سەرەڕای لێزانیی باری پیشەسازی، پیاوێکی بە مشور و جێی ڕا و تەکبیری هاوکارانی بوو. ئەزمونگەلێکی کە لە چەم و خەمی ژیان وەدەستی هێنابوو، ئاوێتە دەگەڵ زانستی نوێ، کردبویە دەستمایە بۆ تواندنەوە و چارەسەریی گیر و گرفتی کاری کۆمەڵایەتیی هاوکارانی. بەرزیی ورە و بەجەرگیی ئیڤان، زۆر جاران دەبوو بە مایەی پشت ئەستووری و بەرز بوونەوەی نەترەی یارانی .

ئەو سەردەمە، هێشتا کۆڕ و ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ، کە توانایی ڕێبەری کردنی کرێکارانی هەبێت، نەخوڵقابوو. پیاوی شۆڕشگێری وەک "ئیڤان"یش توانایی ڕێبەری کردنی بزوتنەوەی کرێکارانیان نەبوو. تەنیا کارێکی کە ئەوان لە دەستیان دەهات، دنەدان و پشتگرتن و هەڵخڕاندنی کرێکاران بوو لە ڕێی وەگەڕ خستنی مانگرتنێکی دوو سێ ڕۆژی بۆ ئەستاندنەوەی مافێکی بچوکی ئابوری. بەڵام دیارە مانگرتنی ئەوتۆییش، وەکوو ئاورێنگێک کە لە پشکۆیەک بترازێ، پێش ئەوەیکە گەرم بکات و بسووتێنێ، لە دەرێژەی ڕاکشانی دا بەرەو سارد بوونەوە دەچوون. دەکرێ بگوترێ ئەو مانگرتنانە تەنیا گرووی ئەستاندنەوە مافی بچوک و چروکی ئابوریی بوون کە هیچ کارکردێکی بەرچاویان لە ژیانی چینی کرێکار دا جێ نەدەهێشت. سارێژبوونی زامی بنچینەیی کرێکاران لە شوێنێکی تر ئاوی دەخواردەوە، کە ئەو سەردەمە ئەو زانستە لە ناو هێزی کرێکار دا دەگمەن بوو.

ساڵی 1896بوو. لە کانگاکانی "بی بی هەیبەت" دا چاڵە نەوتێک بەهۆی تەوژمی لە ڕادە بەدەری گازی ژێر زەوی، تەقی و بە بارستایی زارکی چاڵەکە، نەوت و گاز لوژمەیان بەست و بە لوزەو بەرەو ئاسمان دەرفرتان. لەو ڕوداوەدا کرێکارێک لە گاز و نەوت دا خنکا. لە ڕۆژی بیرهێنانەوەی یادی هاوڕێی شەهید، خرۆشێکی ئەوتۆ لە جەماوەری کرێکار کەوت، کە خاوەن کارەکان نەترەیان پێی چوو. سەدان کرێکار دەستیان لە ئیش و کار کێشایەوە و کۆبونەوەیەکی بەربڵاویان پێک هێنا. بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوەیەکی زانستیانە، هەڵپشکووتنەکەیان بە چەشنی لزگە موورویەک کە ڕایەڵەکەی پسا بێت، لەبەر یەک ڕەوینەوە. خاوەن کارگەکانیش ڕانەوەستان و دەیان کرێکاری ناسراویان لە کار دەرکرد. ئەودەم، "ئیڤان"یش یەکێک لە دەرکراوەکان بوو.

مانگی ئەیار بوو. هەوایەکی نەرم و دڵگر، هەناوی بەکوڵی زەویی دامرکاند بوو. ئەم چەشنە هەوایە بۆ مەڵبەندێکی وەکی بائیل، کە دایم بە هەڵم و هاڵاو و دوکەڵ و گازی کانگەکان ڕەش داگەڕابوو، بەرەکەتێکی پڕبایەخ بوو. بەرەبەیانێکی ئەو سەردەمە، ئیڤان بە مەبەستی پیاسە و بەبادانی پەژارەی خانەنشینی، دەگەڵ خانمی خێزانی و منداڵ بەرەو دەشت وەدەر کەوتن. ئەو سەردەمە ئەوان لە مەڵبەندی "بائیل" دەژیان .

شاری باکۆ بە تەپۆڵکە ڕەمڵ و ساکە دەشتی خیزەڵان گەمارۆ درابوو. لمزارەکان بێ شیناوەرد و چۆلگەکان بێ دار و دەوەن بوون. دەشت و بیابان لە ژێر تیشکی بێ لەمپەری خۆرەتاو دا بڵێسەی لێ هەڵدەستا. هیچ شیناوردێک جگە لە کورەتەڵە داری گەزیچار نەبێ، لە دەشتی گەرمەسێر دا شینایی کەم و بەدەگمەن بوو .

لە ژێر سێبەری دار و کورتەڵەداراندا ماڵ و منداڵ بزە و جوڵەیان بوو. "ئیڤان" و خێزانەکەیشی لە ژێر سێبەری دارێک دا دانیشتبوون .

ئێستێکه پێنج ساڵ به سەر ئەو سەردەمە دا تێپەڕیوە. "ڤانیا پترۆڤ" ی ئەو دەمە دەگەڵ "ئیڤان نیکۆلایۆڤێچ" ی ئێستێکە، زەوی هەتا ئاسمانیان نێوانە. پێنج ساڵ هەژاری و دەربەدەری، دوو جار زیندان، سەرکردنەوەی گەلێک شەوانی بەبێ شێو، دەیان جار تەرە و تەوالابوون لە ئیش و کار، خولانەوەی بێ وچان و بێ سەرەنجام بەشوێن کاردا، ڕاوەدونانی پۆلیس و ئازار و ئەشکەنجە، بەتایبەت خەمی بندەستی خۆی و چینە چەوساوەکەی، ئەویان بەرەو پیربوونێکی کوتوپڕی بێ وادە پاڵ پێوە نابوو.

بەرەبەری ئێوارەیەکی دەرنگ وەختی بوو کە بەرەو ماڵ کەوتنەوە ڕێ. لە سەر گردی بەرامبەریانەوە سێ چوار کرێکار دانیشتبوون، هەرکە چاویان بە "ئیڤان" کەوت ، قاویان کرد:

ـ "ڤانیا"!... ئەگەر دەکرێ خاو و خێزانەکەت ڕەوانەی ماڵ بکەرەوە و خۆت وەرە لامان .

ـ باشە ، هەر ئێستێ دێم.

"ماریا" ڕووی کردە شووەکەی و پێی گوت:

ـ "ڤانیا" ! ڕەنگە ڕەفیقەکانت کۆڕی سەرخۆشییان تەرتیب دابێت، لەوانەیە تۆیش ناچار بکەن هاوپیاڵەیان بی. بەلام تۆ لە بەری بەیانەوە هیچت نەخواردووە و بە هەناوی خورێن لەوانەیە کارت لێ بکات و تووشی نەخۆشی بێیت ...

"ڤەرا" بە هەر دووک دەستانی دەباوکی هالا و پێی گوت:

ـ باوکەگیان بە قسەی من و دایکم بکە و مەچۆ!... وەرە دەگەڵمان بچینەوە ماڵ. تۆ بۆ خۆت چەند جارانت گوتوە کە ئارەق تاڵە... ئەی بۆچ دەی خۆیتەوە؟... ئاخر بۆچی؟!

"ئیڤان" دەستی لاواندنەوەی بە سەر دا هێنا و بە دڵدانەوەیەکی باوکانە پێی گوت :

ـ بەڵێنیت پێ دەدەم نەخۆمەوە... ئێوە وەڕێ کەون، منیش زۆرم پێ ناچێ و دەگەڕێمەوە. ئەوسا ڕوی کردە "ماریا" و پێی گوت :

ـ "ماریا"، تۆ خۆت باش دەزانی من هێندە ئۆگری مەستی و سەرخۆشی نیم، بەلام ئەم هاوڕێیانەش وەکی خۆم ڕەپاڵ نراون و بێکار ماونەتەوە، ڕەنگە ئەگەر بێ جوابییان بکەم لە دڵیان گران بێت. لەوانەیە دەرد و مەراقێکیان لەدڵ باربێ و منیان گەرەک بێ گوێ لە خەمیان بگرم...

ئاخرسەر "ماریا" و "ڤەرا" ملیان دا و بە ناچاری بەرەو ماڵ بوونەوە. ئیڤان بەرەو سەرگردە هەڵکشا. لە سەر تەپۆڵکی گردەکە دا چوار کەس بە دەوری شووشە ئارەقێک و نانە ڕەشەیەک و چەند چڵە پیاز دانیشتبوون .

دوو کرێکاری ڕوس و، فەلەیەک و لاوێکی نۆزدە ـ بیست ساڵانە بوون. کوڕە لاوەکە بۆ ئیڤان نەناس بوو. پاش چاک و چۆنییەکی ڕەفیقانە، دەگەڵیان دانیشت و لە حاڵێک دا ئارەق و ئامرازەکەی پەنجەنیشان دەکرد، گوتی:

ـ سەیرە کە زارکی شوشەکەتان سەر بە مۆرە و دەستی لێ نەدراوە! نەکا لە دڵتان نەبووبێتەوە سەری هەڵگرن!... لەوانەشە چاوەڕوانی هاتنی کەسێکی تر دانیشتبن.
یەکێک لە هاوڕێیان وەرامی دایەوە :
ـ "ڤانیا"! مرۆڤ لە پەنا لاوێکی ژیر و زانا دانیشتبێت، ئەرێ پێت واهەیە دڵی هەڵبگرێ خۆی بە سەرخۆشی و بێخەبەری بسپێرێت؟.. دەسا وەرە و ئەتۆیش ئەم گەنجە بناسە. ئەمە کانگای زانست و لێزانییە. قسەکانی لە مێشکی مرۆڤدا دەبنە نەخشی سەر بەرد. ئەوسا ڕوی کردە کوڕە گەنجەکە و پێی گوت:
ـ "پیوتر" تۆیش ئەمە بناسە! ئەمەش یەکێک لە هاومەتەرێزانی ژیر و وریای ئێمەیە و "ڤانیا"ی ناوە.
"پیوتر" بە دەم زەردەخەندەیەکی ئاوێتە بە شەرمەوە گوتی :
ـ چ کرێکارێکتان پێ شک دێت کە ئیڤان پترۆڤ نەناسێ؟ "ڤانچکا" هەڤاڵێکی خۆش نێوی بەناوبانگە و منیش دوراودور دەیناسم.
"ئیڤان" سەیرێکی کرد و بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ وەکی دەڵێن: دەنگی دەهۆڵ لە دورەوە خۆشە.
پاش دەمێک پێکەنین و قسەی خۆش، "ئیڤان" بە مەندی داوای لێکردن کە لە سەر مەبەست و مەسەلەی باسکراو بدوێن و درێژەی پێ بدەن.
یەکێک لە هاوکارەکان گوتی :
ـ "ئیڤان" تۆ مەڕوانە کە پیوتر بە تەمەن گەنجە و، لاوێکی کاڵ و کەم تەمەنە؛ باوەڕم پێ بکە کەنگای لێزانییە... ئەوەندەی کتێب خوێندۆتەوە، هەر کە دەم دەکاتەوە، مرۆڤ حەیرانی بلیمەتی و زانایەتییەکانی دەمێنێت. هەر ئێستێکەش کتێبێکی پێیە کە دەرمانی دەردی ئێمەی تێدایە... "پیوتر" دەکرێ کتێبەکە نیشانی "ڤانیا"ش بدەیت؟
"پیوتر" گوتی:
ـ لە شوێنێکی تەواو بەرچاو دانیشتووین و سیلەی چاوی هەموو سەیرکەر و ڕێبواران دەمان گرێتەوە.
ـ ئەگەر وایە، با جێگەکەمان بگۆڕین و شوێنێکی دوور لە ئاوەدانی هەڵبژێرین .
ئارەق و پێخۆرەکەیان کۆکردەوە و بەرەو دەوەنێکی دوورەدەست ڕۆیشتن. لە ژێر سێبەری دەوەنەدارەکە، لە سەر ڕەملێکی نەرمی ورد، لە دەوری ئارەق و پێخۆرەکە کۆ بوونەوە .
"پیوتر" قلفی دەرزیلەی باخەڵی ژورەوەی کۆنە چاکەتەکەی ترازاند و دەستەوارێکی کۆنە ڕۆژنامە دەرهێنا. لە تویی ڕۆژنامەکاندا کتێبێکی کەم پەڕی بەرگ شینی دەرهێنا کە ئەم ڕستەیە لەسەر نووسرابوو: بڵاوکراوەوەی سۆسیال دیموکراتی روس.

ئیڤان بەر لەو ڕۆژە، جار و بار شەونامە و ئاگاداری نهێنیی سیاسی دیتبوو. بەڵام تا ئەودەم، هەرگیز دەزگای چاپ و ئۆرگانی بڵاوکەروەی سەر بە بزوتنەوەی کرێکاری، لە خەویشدا بە خەون نەدیتبوو. کتێبەکەی لێ وەرگرت و ئەم دێڕانەی لە بەشی سەرباسەکە خوێندەوە:

مانیفێست کمونیست ـ کارل مارکس ـ فریدریک ئەنگلس

وەرگێڕدراو لە دەقی ئەلمانییەو، بە سەرەتای نوسەرانییەوە.

ساڵی 1872، ژەنێڤ ، چاپخانەی روسیای ئازاد.

کتێبەکە دەست بە دەست گەڕا و ئاخرسەر گەیشتەوە دەست پیوتر. نیشانەی ڕەزامەندی و تامەزرۆیی بە ڕوخساری هەموویانەوە دیار بوو. پیوتر گوتی:

ـ ئەم کتێبە لە لایەن کرێکارێکی کۆنەساڵی ڕوس بەمن بڕاوە. خاونی پێشووی، کە بە داخەوە ناوەکەیی نازانم، دەیگوت بۆ ڕزگاربوونی چینی کرێکار، شۆڕشی کرێکاری پێویستە. خەباتی کرێکاریش بناغەی زانستی و تیۆری شۆڕشگێرانەی هەیە. ڕێڕەوانی ڕێبازی شۆڕشی کرێکاری ئەرکی سەر شانیانە کە لەم تیۆرییانە شارەزابن. ئەم کتێبە ڕێنوێن و ڕێنماییێکە و، تیشکی شۆڕشگێرانە دەخاتە مێشکی تێکۆشەرانی ئەم بوارەوە.

"ئیڤان" پێی نابویە جیهانێکی نوێ. ئەوا بۆ یەکەمجار بوو بە گوێی دەگەییشت کە بیری ڕزگاریی چینی کرێکار، پایە و بناغەی تیۆریی زانستی هەیە. بەم پێگەیشتنە دڵی تەواو گەشابویەوە. لە پیوتر نزیکتر بۆوەوە و گوتی:

ــ کوڕم بۆمانی بخوێنەوە، با بزانین چی تێدایە و باسی چی دەکا!

"پیوتر" لە وەڵامدا گوتی:

ــ جێگەکەمان چۆلگەیەکی بێ پەسیوە و هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونیشی نییە، سەرەڕای ئەمەش، دەرنگ وەختانێکە و کاتێکی کەمیش لەبەر دەستمانە بۆ کتێب خوێندنەوە. ئەم کتێبەش کۆگایەکی لێکدانەوە و شیکاری لە باخەڵدایە و بۆ هەر دێڕێکی ئەم کتێبە، پێویستە چەندێکی لە سەر بدوێین. بەڵام بە دەرفەتی دەزانم یەکشەمە ڕۆژێک، لە باڵاخانی یەکتر بگرینەوە و ئەودەم لەوێ بە دەرفەتێکی زیاتر و متمانەیەکی باشتر دەتوانین بیخوێنینەوە و کاری لەسەر بکەین. ئەم هەڤاڵانە من دەناسن و تەنیا بۆ تۆ نەناسراوم. ناوم "پیوتر چۆنیاتۆڤ"ە و لەمەڵبەندی باڵاخانی دەژیم .

" ئیڤان" بێ سەبرانە گوتی :

ـ ئاخر هیچ نەبێ دێڕێک، ڕستەیەک ، پوختەی ئاکام و ئەنجامی کتێبەکەمان بۆ بڵێ!

"پیوتر" ئەم چەند دێڕەی لە ئاخر پەڕی کتێبەکە دا بۆ خوێندنەوە:

ـ ... لەمەو دوا، کمونیستەکان بیر و ڕا و داخوازییەکانیان لە ژێر پەردەی بێدەنگی دا ناشارنەوە، بەڵکە بە دەنگێکی بەرز و بەئاشکرا بەهەموو جیهانی

ڕادەگەیەنن و دەڵێن: بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ئاکامی کار، سوورن لەسەر تێک ڕوخاندن و هەڵوەژاردنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی سەر بە سەرمایەداران. بێگومانین سەرکەوتنی چینی چەوساوە تەنیا بە داڕوخانی دەسەڵاتداریی کۆنە پەرست، کە پارێزەری مافی بەگلەر و سەرمایەدارانە، مومکین و مسۆگەر دەبێت.

لێبگەڕێ چینی ستەمگەری خاوەن دەسەڵات لە ترسی هەڵمەتی تیژی خەباتی سووری کمونیستی وەک گەندەڵە دارێک بلەرێتەوە. پڕۆلیتاریا لەشەڕگەی خوێناویی شۆڕش دا هیچ شتێک لە دەست نادا مەگەر قلْفی زەنجیری دەست و پەلانی نەبێ!... بەڵام لە ڕۆژی سەرکەوتندا، ئەوە هەر ئەوە، کە هەموو جیهان بە قازانجی گشت کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهان بەرەو ئاڵوگۆڕ دەبات.

کرێکارانی جیهان یەک گرن !

ئیتر خوێندنەوە کتێب هەر نەک، بگرە پەڕ لێهەڵدانەوەشی نەدەکرا. چونکە لە داوێنی گردەکەوە ڕەشاییەک وەکی تیری ترازاو لە سەختە کەوانێک بە فڕکە فڕک بەرەو سەر دەهات. ڕەشایی دوور و نزێک بۆوە، یەکێک لە کرێکارەکان ناسی و زانی کێیە. هەربۆیە بە هاوارێکی لە گەروو خنکاودا گوتی:

ـ کوڕینە خۆ خڕکەنەوە، ئەوا "جغجغە"یە دێت!

هەرکە ناوی "جغجغە" هات، هەموویان پێی تێکچوون. بە پەلە خۆیان کۆکردەوە و سەری شوشەی ئارەقیان بادا و پیاڵەکانیان پڕ کرد. "پیوتر" گوتی:

ـ من دەزانم "جغجغە" بە شوێن مندا هاتووە و منی لەبەر چاوە. ماوەیەکە چەشنی سێبەر بە شوێنم دا دەخشێت و دەسبەردارم نابێ. کتێبەکە چی لێ بکەم؟ لەوانەیە خەیاڵی پشکنینم بکات و بمداتە دەستی سیخواڕانی دەزگا.

"ئیڤان" لێی نزیک بۆوە و پێی گوت:

ـ بێنە بیدە بەمن. ڕۆژی یەکشەمەی داهاتوو لە باڵاخانی تەسلیمتی دەکەمەوە. دڵنیابە کاتێک ئەم کتێبەم لێ دەستێنن، کە پێشەکی گیانیان لێ ئەستاندبم.

"پیوتر" بە گورجی کتێبەکەی هاویشتە ناو کۆشی "ئیڤان"ەوە. ئەویش سوکێکی لە نێوان لاسکی چەکمە و گوێزینگی قاچیدا جیگای بۆ کردەوە و دابینی کرد .

لە مەڵبەندی باڵاخانی و بی بی هەیبەت دا، لە کارگە و کانگاکانەوە بیگرە هەتا دەگاتە خەڵکی ئاسایی کۆچە و کۆڵانانیش، کەس نەبوو "جغجغە" نەناسێت. "جغجغە" بۆرە تڵتەپیاوێکی بەکرێگیراو بوو، کە کار و کرگارەکەی خولانەوەی ئێرە و ئەوێ و سەر داگرتن بە کارگە و کانگە و ماڵی کرێکاران بوو. "جغجغە" بە مەبەستی قسە دزین و سیخوڕی، چەشنی ڕێوی ملۆمۆی دەکرد. جارجار بە ڕەخنەگرتن و سکاڵا لە دەزگای دەسەڵات، تەنانەت بەجوێن پێدان بە خاوەن کار و بەگلەران، کرێکاری ناشارەزای هەڵدەخەڵەتاند. هەر بەس بوو یەکێک لە وتەکانی بۆ سەلمابا و

کرێکارێکی ناڕازی دەمی کرابایەوە، کە دەست بەجێ بە گوێی دەزگای پۆلیس و خاوەن کارگە ڕادەگەیشتەوە.

"جغجغە" بە لەش و لاری داچۆڕاوی و بە دەم زڕە زەردەخەندەیەکی پڕ لە گزە و ساختەچییانە، لێیان نزیک بۆوەوە .

لەدەمی پێکەنین و خۆڕانان دا، ڕوخساری ناشیرینی هەر بە چەشنی سێوی چرچی ژاکاوی داتلێشاو، هەزرا چین و گنج و شوێنی تێدەکەوت. لێیان هاتەپێش و بە قیژەیەکی لە گوێیان ناخۆش، زریکاندی:

ـ دەس ڕاگرن!... دەس ڕاگرن!... مەخۆنەوە!

"ئیڤان" پیاڵەیەکی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

ـ دەیخۆینەوە بە شادی و بەختەوەریی خاو و خێزانەکانمان!

"جغجغە" بە هەڕەمە هات و لە تەنیشت "پیوتر"دا چۆکی داکوتا. هەروەک لە قەدیم و نەدیمەوە شەریک و برابەشیان بووبێ، گوتی:

ـ ئەی یەی یەی! ئەدی پیاڵەی من کوا؟!... چۆنە بەبێ من لە ئەوکتان دەچتە خوار؟!

"ئیڤان" پیاڵەی خۆی بۆ ڕاگرت:

ـ هانێ بگرە !... من پێشەکی پێم داکردووە، ئێستا دەوری تۆیە.

"جغجغە" فێڵاوییانە سەیرێکی کردن و بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

ـ ئای "ڤانچکا"!... "ڤانچکا" ئێوە و ئارەق و سەرخۆشی و بێخەبەری؟! سوێند دەخۆم کە هیچ کامێکتان لە بازنەی مەستی و سەرخۆشی دا جێگاتان نابێتەوە... دەزانم... دەزانم کۆڕەکەتان زانکۆی ڕوون بوونەوەیە. کەسێک لێرە بێ، لە فێرگەی شۆڕش دایە. سەیری ئەمە بکەن!.. هەر ئەم "پیوتر"ەی کە لێرە دانیشتووە، کانگای گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی سودمەندە. خاوەنی تەواو نوسراوەی دژ بە شا و ئەرباب و گەندەڵ فەندەڵەکانیەتی... دە وەرن! وەرن با لەم پەردە شانۆیە واز بێنین و بە خوێندنەوە و ڕاوێژ و توێژینەوەی بابەتان، زەین و مێشکی خۆمان پەرداخ بکەین...

"ئیڤان" بە گورجی ئارەقەکەی هەتا ئاخر دلۆپی تەڕایی پێداکرد و ئەوسا ڕووی کردە "جغجغە" و پێی گوت:

ـ گوێچکەت بکەرەوە "جغجغە" با پێتی بڵێم! دەزانم تۆ بە نیازی ڕاوە نێچیر سێرەت تێگرتووین. بەڵام خەیاڵت خاوە و ئێمە بە نێچیری تۆ نابین. لە ناو ئێمەدا کەس حاڵ و حەوسەلەی شات و شوت و قسەی زلی نییە. کۆڕەکەمان بەزمی سەرخۆشییە. ئارەق ئاوێنەیە و هیچ شتێک وەک ئارەق جەلا بە دڵ نادا. تۆیش یان دانیشە و ئارەقەکەت بخۆوە، یان دەخۆت هەڵدە و لێرە بڕۆ!

هەڕەشەی "ئیڤان" کاری کرد. "جغجغە" پاشەکشەی کرد و دوای خواردنەوە چەند قوم ئارەق، بەبێ ئەوەیکە گوڕەی "ئیڤان" وەسەرخۆی بێنێ، ماڵاوایی کرد و ڕۆیی.

هەڤاڵان درەنگ وەختانێک لێک هەڵبڕان و هەرکەسە بەرەو شوێنی خۆی کەوتە ڕێ. لە جادەی باڵاخانی، لەو شوێنە کە ڕێی چونەوەی "پیوتر"ی لێ دەبۆوە، پۆلیس بەرەگەی ڕێگای لێ گرتبوو. پیوتر دەگیر کەوت. جلک و بەرگی بەری، تەنانەت کڵاوی سەر و پێڵاوی پێیشیان پشکنی. بەڵام جگە لەچەند پەڕە ڕۆژنامەی سەر بەحکوومەت، هیچ بەرگەیەکی شیاو بۆ ڕەپێچەک دانی نەکەوتە دەست پۆلیس .

مانفێست کمونیست هەر بەلاّی خۆی مابۆوە و هەر وەک بیبیلەی چاوەکانی دەیی پاراست. جارێک لە "باڵاخانی" و دوو ڕۆژیش لە "بی بی هەیبەت" کۆبوونەوە و دێڕ بە دێڕ خوێندیانەوە و ورد ورد شیکارییان کرد.

" ئیڤان" هەروا لە سەر پشت و ڕوو بە ئەستێران ڕاکشا بوو. ڕابوردوو وەک فیلم بە مێشکی دا داهات و تێدەپەڕی. ئەستێرەکان لە بەرزایی ئاسماندا هەر وەک تیشکی نادیاری خۆریان دیتبێت، بەرەبەرە کز و سیس هەڵدەگەڕان و نەرمە نەرمە لە هەمێزی ڕوناکیدا کاڵ دەبوونەوە. چاوەکانی ئیڤان لە باوەشی سریوەی ئەستێران دا بە شەکەتی کەوتە خەو. ماوەی دوو سەعاتێک بوو چاوی کەوتبوە خەو، کە ماریا خەبەری کردەوە .

لە ژووری ماڵەکەیاندا "ماریا" و "ڤەرا" خەریکی سازکردنی بەرچایی بوون. "ئیڤان" خۆی ئامادە دەکرد .

مانگرتنی دوو ڕۆژ لەمەوبەری کانگەکان هەروا دەهات بەرەو کزی و لێک بڵاوبوون دەچوو. بەشێک لە مانگرتووان وازیان هێنابوو. کۆمیتەی باکۆ لە هەوڵی ڕاگرتنی و بەردەوامبوونی مانگرتنەکە دابوو. دۆزینەوەی تێکۆشەر و خەباتگێڕانی بزوتنەوەی کرێکاری و سازمان پێدانی مانگرتووان ئەرکی سەرشانی "ئیڤان" بوو .

بەر لە زەردەی خۆرەتاو، ڤەرا لەخەو هەستابوو. سرەوتنی لی بڕابوو. دەیەویست هەواڵێک لە دراوسێکەیان وەدەست بێنێت و بۆ باوکی بگێڕێتەوە. ئەو دراوسێ پیرەی کەوا تەنیا هەفتەیەک بوو نیشتەجێی گەڕەکەکەیان ببوو، نە کەس شارەزای بوو و نە کەسیش بۆی ناسرا. پیاوێکی سەڵتەی بەساڵاچوو، بە بەژن و باڵای داچەمیو و قژی درێژ و تاتای داڕژاوی سەر شانی، بە دیمەن دەچۆوە سەر پیاوانی لە دنیا پارێز. بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنج بوو، گالسکەیەکی ئاخندراو لەکتێبی پێ بوو لە دەمی هاتن و ڕاگوێزانی ماڵەکەی دا .

سەرەنجام "ڤەرا"، بەسەرهاتی دراوسێکەیانی لە زمانی "ئامینە"ی دەستە خوشکی وەرگرت، کە: بەری بەیانی زوو، گالسکەیەکی سەر دەپۆشراو لە ژێر چاودێریی توندی ژاندەرمەکان دا، دراوسێ و کتێبەکانیان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕاگواستووە.

"ئیڤان" خەریکی بەرچایی بوو. "ڤەرا" بەلای باوکییەوە دانیشتبوو. خۆش خۆش بۆی دەگێڕایەوە و بۆی دەگوتەوە. لە گوتندا بە هەوا دەنگێکی کیژۆڵانەیەوە خەریک بوو چارەنووسی خەمبارانەی دراسێی بۆ باوکی دەگێڕایەوە .

"ئیڤان" چەشنە شانازییەکی پڕ تایبەتی بەبوونی ڤەرا دەکرد. لە ژێر چاوانەوە سەیری هەڵس و کەوتەکەی دەکرد و دڵی هومێدەواری بە بینینی ئەو کچە ژیر و ئازایە، پەنجەرەی هومێدی ڕون تری تێدا دەکرایەوە.
زایەڵەی نەوای بانگبێژەکەی نوێژگەی"تازە پیر"، هەروا لە هات و چوون دابوو، کە "ئیڤان" کۆنە چاکەتەکەی بە لاشان دادا و دوای ماڵاوایی کردن، بەرەو کارگەی "شیبایۆڤ" لە مەڵبەندی "ئاخ شار" کەوتە ڕێ.

****

# 3

ئەو ڕۆژە، لە تەواوی بەشەکانی کارگەی شیبایۆڤ دا فەرمانی ڕاوەستان و مانگرتنێکی سەرتانسەری و تێکڕایی ڕاگەیەندرا بوو. کۆمبوون و تێکەڵ بوونی لەپڕی هەژمارێکی زۆری کرێکار لەم مانگرتنەدا، بۆ گەنج و لاوێکی تازەکاری وەک ئەژدەر، جێگەی سەرسوڕمان بوو. مانگرتنی ئەوتۆیی لە ڕوانگەی هەرزەکارانی تازەکارەوە چەشنە هەڵقوڵینێکی کوتوپڕی لە ناکاوی دەنواند، بەتایبەت کە داخوازیەکانیش دەگەڵ دەقی خواست و یستی مانگرتنەکانی پێشین، یەکتریان نەدەخوێندەوە و گەلێک جیاواز و دوور لە یەک بوون .

... ئیتر با بەس بێ کۆڵەواری و ژێرستەمی!... هەر ئەو جۆرەی کە لە یاسای سروشتیش دا سەرجەمی بونەوەری گیاندار و بێ گیان، بێ پسانەوە لە ئاڵوگۆڕ دان و هیچ شتێک لەسەر یەک بار و دۆخ دا نامێنێتەوە، هەر بەپێی ئەو قانونەش دەبێ لێڵایی لە سەر تەرمی نیوەگیانی کرێکار بڕەوێ. دەبێ دەوری کۆیلەتی و دیلیش لە سوڕ و گەڕ بکەوێت و کۆتایی پێ بێت. کرێکار دەبێ مان بگرێت. پێویستە ڕابێت و سەرهەڵێنێ و شۆڕش بکات، شۆڕش دژی ناتەبایی، دژی ڕاوەنان و دەرکردن؛ شۆڕش بۆ سەرکەوتن و بۆ ڕزگاری و بۆ ژیانێکی نوێ.

کارخانەی مەکینەیی شیبایۆڤ لە مەڵبەندی "ئاخ شار"ی شاری باکۆ، لە شوێنێکی بەس مەزن و پان و بەرین دا ساز کرابوو. کارخانەی ناوبراو لە چەندین بەشی گەورە و بچوک پێک هاتبوو، کە لە هەر بەشەی دا بەرهەمێکی تایبەت ئامادە دەکرا. لە شانی ڕاستی کارگەکەوە، دەروازەیەکی گەورە بە سەر حەوشەیەکی پان و بەرینی پڕ لە ئاسنەواڵە و ئامرازی کار دا دەکرایەوە. کرێکاری مانگرتوو، پۆل پۆل لەو حەوشەیەدا ڕاوەستابوون. کارخانە بە گشت بەشەکانیەوە لە کار و چالاکی کەوتبوون.

دەنگی فیکە و تەق و تۆقی مەکینەکان خەوتبوونەوە و دەرگای هەموو ژوورەکانی کارگە و کارخانە لە سەر گازەرا ئاواڵە مابوونەوە .

جاران بەر لەمە، لە هەر کۆبوونەوە و مانگرتنێکدا، کرێکاران هەر لەم حەوشەیەدا کۆدەبوونەوە و پێداویستی و داخوازیەکانیان بە نوێنەرێک دا ڕەوانەی بارەگای شیبایۆف دەکرد. شیبایۆف جارجارێک، هەندە ویست و داخوازیەکی چروکی باری ئابوری بۆ چارەسەر دەکردن، بەڵام زۆرجاران وەرامی بە هەڕەشەی بۆ دەناردنەوە و ڕای دەسپارد کە هەر نەک تاکە کۆپێکێکیان بۆ ناباتە سەر، بەڵکە ئەگەر زۆر خێرا و بە زوترین کات نەگەڕێنەوە سەر ئیش و کار، ئەوا کارگەکان دەخەوێنێت و دەرگا و دەروازەکان قەپات دەکات .

لەم هەل و چەلانەدا، بۆرە کرێکار، کە مانی خۆیان لە باخەڵی خاوەن کار دا دەبینی، ملیان دەدا و پنجی ئیش و کارەکەیانە دەگرتەوە و بێدەنگەیان لێدەکرد. بەڵام خاوەن بیرو باوەڕەکان و ئەوانەی کە مانای ڕاوەستان و هەستان و کۆڵنەدان و خۆڕاگرییان دەزانی، لە بەرامبەر خودای کار دا ڕادەوەستان و سەرەنجام بە خڕ و پتونی لە کار دەردەکران. بەڵام ئەوان بەبێ وەستان و نوچدان، سەر لە نوێ لە مەڵبەندێکی دوورتر دا هەڵەسونەیان دەهێنایەوە و لەنێو کرێکاراندا ڕەگازۆیان دەکردەوە.

ئەژدەر، شان بە شانی "ئیڤان نێکۆلایۆڤیچ"ی بڕبڕەی پشتی ڕاوەستا بوو. چاوەڕوانی ئەنجام و ئاکامەکەی دەکرد. ئەو بەلای خۆیەوە لێکی دابۆوە و پێی وابوو بەرهەمی ئەمجارەیش وەکی جاران، بە دەرکردنی هەندێک و بە چوونەوەی سەرکاری چەند کرێکارێک کۆتایی پێ دێت و دەبڕێتەوە. بەڵام هەر لەو دەمەدا، لە بەرەوەی جەماوەری مانگرتوودا خرۆشێکی گران، بە چەشنی قرمژنی تریشقەی ئاسمانی بە هەور و هێڵی سەرەبەهاران بەرز بۆوە و گۆڕاپانی هێنایە لەرزین. ئەژدەر سەرێکی بەرز کردەوە، بەڵام چ شتێکی بۆ دەرنەکەوت. بە نیازی پرسیار و پرسین ڕووی کردە ئیڤان، کەچی ئەویش بەلایەوە نەمابوو. شەپۆلی خرۆشی هەرای کرێکار، قین و توڕەیی لێ دادەباری. دەردەکەوت داوێنی دەریای جەماوەر، ئاوسی بەسەرهاتێکی گەورە و گرانە و کۆرپەیەکی نوێ دێت بەرەو خولقان بچێت. لەپڕ شەتاوی کرێکار بزووت. لەو بەرەوە پۆلیس و یاساوڵەکانی کارگە، چەک لەسەر دەست بۆ پارێزگاری لە بارەگای شیبایۆڤ، مەتەرێز و پەنایان گرتبوو. بەڵام لافاوی هەڵدێرگەی کەژ و تەلانان لە دەمی ڕاخوڕیندا چلۆن و بە چ شێوەیەک بەرهەڵستان لە ڕێدا تل دەدا، هەڵمەتی تیژی کرێکاریش بەرەو گۆڕەپانەکەی بەر کارگە لوزەوی بەست و هەژگەڵی پڕوپوشی بەکرێگیراوی لە سەر ڕێ لادا .

ئەژدەر بە چەشنی تاقە هەنگێک دەگەڵ ڕەوتی پۆرەهەنگێکی مەزن لە هات و چوون دابوو. هەستی دەکرد ڕایەڵێکی نادیار بە کۆڕی یارانی گرێ داوە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو جەرگەی خەبات دەکێشرێت. سەرێکی بەرز کردەوە، لە سەفی پێشووی

حەشیمەتەکەدا "چۆنیاتۆف"ی چاو پێکەوەت. بە بینینی ئەو، چۆکی ئەژدەر وزە و توانابییەکی لە ڕادە بەدەری پێداگەڕا و هەستی بە حەسانەوە و پشت ئەستوری کرد. ئەژدەر دڵنیا بوو کە چۆنیاتۆف جێی باوەڕی تەواوی کرێکارانە و هەر ئەویش دەتوانێ وەک سازمانکارێکی بەتوانا، بەبێ ترسی لێک ڕەوینەوە و بڵاوە کردنی کرێکاران، جەمسەری هەستانەکە بگرێتە دەست. شان بە شانی چۆنیاتۆف، پیاوێکی باڵابەرزی داڵگۆشت دەبیندرا. ئەژدەر هاتەوە بیری کێیە و چ کەسە؛ لە ماڵی ئیڤان دیتبوی و هەر لەوێ بناغەی ئاشنایی و دۆستایەتییان داڕشتبوو؛ ئەو غولام بوو.

غولام کرێکاری کارگەی خاتیسۆڤ بوو. نێوبانگی بە دەماری و لێوەشاویی غولام لە هەموو مەڵبەندی "ئاخ شار" و "قارەشار" دا دەنگی دابۆوە. ئەژدەر بەلای خۆیەوە گوتی: بەڵام مانگرتنی کرێکارانی کارخانەی شیبایۆڤ چی و غوالام چی!! ... چۆنە لێرە سەری هێناوەتە دەر؟!... لەوانەیە بە نوێنەرایەتیی کرێکارانی خاتیسۆڤ ڕەوانەی ئێرە کرابێت. چونکە لە ماڵبەندی "زاواغزالنایا"ش دا کرێکاری ڕاپەڕیو، مانگرتنیانە ...

دەریای جەماوەری نێو گۆڕەپانی بەر کارگە شەپۆلی دەدا و حەشیمەت تێیدا ژاوەی دەهات. لە دوورترین شوێنەوە هەتا بەر نوسینگەی تایبەتی شیبایۆڤ، جێی دەرزی هەڵاویشتن نەمابوو کە کرێکار داگیری نەکردبێ. تەنانەت کۆشکی مەزنی جێی حەسانەوەی شیبایۆڤیش چەشنی تەختە تابووتێکی ڕەش، لە نێو دەریای پڕ خرۆشی کرێکار دا، کپی و مەنگی و ماتییەکی بە وەیشومەی لێ هاڵابوو.

لەوەتەی کارخانەی شیبایۆڤ بیری بڕ دەکا، هەرگیز کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆ بە کۆمەڵی بە خۆیەوە نەبینی بوو، هەروەتریش، لەو دەمەوە کە کرێکار لە کارگەکانی شیبایۆڤ دا دەست بە ئیش بووە، قەت قەت ئەو جەرگ و جورئەتەی نەبووە کە دەفتەری کاری شیبایۆڤ گەمارۆ بدات و پەکی بە هیچ نەکەوێت. جاری جاران، نزیک بوونەوە و ڕاوەستان لەم کۆشک و سەرایە دا، ئەگەری قەستی سەر بوو. چونکە کات و ناکات چاوی دەیان چاودێر و هەس هەس و پاسەوانی بە بەر دەرک و دیوارانی دادەخشا و پەلەوەریش یارای لێ نزیک بوونەوەی نەبوو. بەڵام ئیمڕۆکە هەر ئەو کۆشکە لەبەر نرکەی دلێرانەی کرێکار دا دەلەرزێت.

ئەژدەر بەبینینی ئەم هەڵکەوت و دەسکەوتە سەری سەتحی مابوو. ئۆقرە و هەدادانیشی لێ هەڵگیرابوو. دەمێک بەرەو پێش، جارێک بەرەو دوا دەڕۆیشت و یەکدەم سرەوت و ڕاوەستانی پێ نەمابوو. گرێی ترس و دڵەڕاوکێی جارانی تەقی بوون و قین و تووڕەیی لە هەموو ئەندامی دەباری. لەپڕ بە دەست و ئانیشکان پۆلی کرێکارانی بڕ دا و بەرەو پێش چوو؛ ڕانەوەستا، ڕۆیشت و ڕۆیشت هەتا خۆی نەگەیاندە سەفی هەرە پێشووی جەماوەر، ڕانەوستا. لە سەفی پێشەوە ڕاوەستا و سەیرێکی هەموو لایەکی کرد و لەپڕ چاوی بە ئیڤان و غولام و چۆنیاتۆف کەوت. ئەوان لە نێو پۆلێک کرێکاردا سەرگەرمی قسە و ڕاوێژان بوون. زۆری نەخایاند، چۆنیاتۆف هەندێک

دوور کەوتەوە. دیار بوو بە شوێن جێگایەک دا دەگەڕێت کە بتوانی بەسەر حەشیمەتەکە دا بنوارێ. کەمێک ئەولاتر، کەڵەکە بەردێکی چاو پێکەوەت، بە گورجی لێی وەسەر کەوت. هەر لەوێوە ، چەندێک بەبێ دەنگی بەسەر خەلکەکە دا ڕوانی و سەیری سەر و ژێرانی کرد. جەماوەر بە دیتنی چۆنیاتۆڤ ئارامیان گرت. هەرا و غەڵەبایی نزم و نزمتر بۆوە. سرتە و سریوە لە گۆشە و کەناران داکەوت و سەرەنجام بێدەنگی بە سەر وڵات دا باڵی کردەوە. هەر ئەودەم چۆنیاتۆڤ وەک پەڕکورێکی بەسام، سەری بەرز کردەوە و شەپۆلی دەنگی دلێری بە هەوا دادا و دار و بەردی بارەگای "شیبایۆڤ"ی هێنایە لەرزین.

ئەژدەر لەناخی هەناوی پڕلە تاسەیەوە، تامەزرۆیانە گوێی بۆ دەنگی هیوابەخشی چۆنیاتۆڤ ڕاگرت. هەر وشەیەک کە لە دەمی ئەو دەهاتە دەر ، هەر دەتگوت وشەی زیندانی کراوی کتێبی دڵی ئارەزوومەندی ئەژدەرە و ڕێی نەجاتیان گرتۆتەبەر. قسەکانی چۆنیاتۆڤ کۆنەئاشنای ڕەمز و ڕازی لەمێژینەی مێشکی ئەژدەر و یارانی ئەو بوون. لە ڕاستیدا، وتە و وشەی دەمی چۆنیاتۆڤ، یاریکارێکی ڕووحیی ڕەنجبەرو کرێکار بوون کە زمانی نەپشکوتوویانی دەکردەوە. شنەی دەنگی چۆنیاتۆڤ، گوڵنمی فێنکی ئاونگی بەربەیانان بوون و بزەی ژیانی دەخستە سەرلێوی بەماتەم پشکوتووی کرێکاری ڕەنجەڕۆ.

لە دەمی قسەکردندا، سەر و سیمای بوێرانەی چۆنیاتۆڤ دەهاتە گۆڕین. لە گۆڕی پڕ گڕی چاوەکانی ئەوەوە، تروسکەی تۆڵەسەندن دەترووسکانەوە. توێژاڵەی خاوی و بێ ڕەجڵیی لە جەستەی کرێکار دادەماڵی و خوێنی گەرمی ژینەوەیەکی نوێی لە جۆباری ڕەگۆڵانیاندا وە ڕەوت و ڕۆ دەخست. کرێکار دەهات بە دەنگی ئەو بە ئاگا بێتەوە و بە ڕێبازی ڕەسەنی شۆڕش شارەزابێ.

چۆنیاتۆڤ، دیمەنی جیهانی سەرکەوتنی کرێکارانی بە دەنگ ڕەسم دەکرد کە چەوسانەوەی گەندەڵی دەوری چینایەتی تێدا گۆڕ کرابێ. کرێکاری بەرەو خەباتێکی شێلگیرانە بانگ دەکرد و بۆ خاشەبڕ کردن و داتەپاندنی سەرمایەداری، یەکێتی، لێزانی و ڕێزانی بە خاڵی سەرەکی ناساند. لە کۆتایی وتارەکەیدا گرماندی:

ـ خاوەن سامان و خوداوەندانی نابەهەقی فابریک و کانگە و کارگەکان گوێ بگرن و ببیسن کە ئیتر دەفری سەبری کرێکار دارماڵە و چیتر هەڵناگرێ. ئەگەر تا ئێستا بە یاریکاریی هێزە سەرکوتکەرەکانی تزاری توانیویانە لەسەر داواکاریی مافی ڕەوا، گیانی چەند کرێکار بستێنن، ئیتر ئەو دەور و سەردەمە بەسەر هات و هەر ئیمڕۆکە بە ملیۆنان کرێکار و زەحمەتکێش شان بە شانی یەک ڕاوەستاون و هەر هەموویان بەرەنگاری غەدر و چەوسانەوەن.

هەڤاڵان! ترس و دڵە لەرزەی پێ ناوێ. یەکگرتوویی ئێمە ڕەگ و ڕەگەزی ژیانی ئابووریی سەرمایەداران دەخاتە لەرزین. ئێوە باش بزانن کە کوولەکەی ڕوحی ئەو ناجوابمێرانە لە دەستی یەکگرتووی ئێمە دایە. وەرن لە ژێر ئاڵای سووری خەباتی

کرێکاری دا، پەت و داوی دیلی و ژێرستەمی لە دەست و پەلمان داڕنین و هەموو جیهان بەرەو یەکسانی بەرین. سەرکەوتن بۆ کۆڵنەدەرانە.
دوابەدوای وتەکانی چۆنیاتۆڤ، هەرا و هاواری تۆڕەی کرێکار لەگوێن گرمەی بەسامی گڕکانێکی خرۆشان، تەشکی داوێنی قەڵای شیبایۆڤی هێنایە لەرزین. دوا بە دوای چۆنیاتۆڤ، غولام خۆی گەیاندە سەر کۆگا بەردەکە و بە دەنگێکی گەرم هاواری کرد:
ـ هاوڕێیان! چینی کرێکار سورە لە سەر ئەستاندەوەی مافی ڕەوای خۆی. چونکە ئەوە ئێمەین بەر و بووی بەرهەمی ژیان دەخولقێنین... ئێمەین بناغەی کارگە و کانگاکانمان بەهێزی باسک داڕشتووە... ئێمەین بە ئارەقی تەوێڵ و سۆمایی چاوەکانمان هەوێن بە بەرهەم دەدەین و ژیان بۆ مرۆڤ مەیسەر دەکەین... ئێمەین بە هێز و وزە و توانایی لەش و گیانمان بواری ژیان لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤدا دەرەخسێنین... جەستەی بە ژان و پەنجەی سواوی چینی کرێکارمانە لە ژێر جەنجەڕی کوێرەوەریی ڕۆژگاران دا دەهاڕدرێ، کەچی چەند گورگە هاری وەک نۆبیل، خاتیسۆڤ، شیبایۆڤ، مانتاشۆڤ، موساتەقی یۆڤ و حاجی زین عابیدین و تەقی یۆڤەکان بە خوێناوی دەمارەکانی ئێمە ڕەنگ و ڕوو سوور دەکەنەوە. ئێمە خۆمان و زار و زیچمان گیرۆدەی دەردەداری و لێوبەبارین و دەمێک هەدادانمان نییە. سەرەڕای هەموو کار و کوێرەوەری و هەژاری و خاکەسارییەکانمان، هەرکە سەر هەڵدێنین، هەموو هێزی کۆنەپەرستی یانیگر دێن و بەسەرمان وەردەبن و دەمارمان دەردێنن. هەر کارگەر و زەحمەتکێشێک، کە چاوەڕوانی بەزەیی و چاوەدێریی خاوەن زێڕ و زۆران بێت، بە هەڵە دا چووە. ئەگەر هیوامان بە شا و دام و دەزگاکەی ئەو بێ، ئەوە ساکاری و گەمژەیی و گیلەپیاوییمان دەگەیەنێت. ئێمە و ئەوان لە دوو بەرەی دژبەیەکین و لە یەکتر جیاین و هەرگیز نابینە یەک. مانی ئەوان لە بێ بەزەیی و ستەمگەری بەهرە دەستێنێت و نەمانی ئێمە لە مان و بوونی ئەوان دایە .
هاوڕێیان! ئەو چەنگوڕکەی لە ئەوکی ئێمەی کرێکار گیرکراوە، چنگ و نینۆکی سەرمایەدارە، کە هەموو دەزگای بلەوەزی تزاری فریاڕەس و مەدەدکارێتی. کەواتە، یەکێتی و هاوخەباتی و پێکەوە بوونمان، ئەو تاکە ڕێگایەیە کە بەرەو سەرکەوتنمان دەبات. هاوخەباتیمان، ڕێگای ڕزگاریمان بۆ تەخت دەکات. دەنگی هاودەنگمان دەتوانێ ئاورینگی تۆڵە لە ژێر خۆڵەمێشی کزی دەربخات و ئاگرێکی ئەوتۆ دابگیرسێنێت، کە هەرچی هەژگەڵ و پڕ و پووشەڵە، یەکجێ تەفر و تونایان بکا. ئەگەر هەر ئێستێکە خاوەن کار لە پشت چوارچێوەی دەرگاکانەوە خۆیان حەشار داوە و لۆکەی نەبیستنیان لە گوێچکە ئاخنیوە، هەر لە لێرەوە پێیان ڕادەگەیەنین کە ئەمەی دەی بینن، فەرمانی مێژووە و مەرگی زۆرداران ڕادەگەیەنێ. ئەوان سەد ئەوەندە سەرەڕۆ و بەرزەدەماغ بن، ئێمەی یەکگرتوو لە لانێیان هەڵدەستێنین و لمبۆزیان لە تۆزی ڕێبازمان وەردەدەین...

وشەی دەم و زاری غولام، پۆلوی ئاگر بوون و لە هۆدەی دەروونی کرێکاری گیانفیدا گەلێک نزیک؛ خرۆشی تریشقەئاسای هاورایان ئەم چیرۆکەی دەگێڕایەوە کە یەکگرتنیان سەرکەوتنە. گۆڕەپان، بە هەرا و نرکەی هەزاران کرێکار کەوتە ڕاژان و جیهانی سەرمایەدارانی پێ لەرزی .

هەر دوا بەدوای غولام، هاوڕێ ئیڤان وەسەر کەوت. بە هەموو تواناوە گرماندی:

ـ بڕوخێ دیکتاتۆرییەتی تزاری!... سەقامگیر بێ سۆسیالیزم!

ئیڤان چەندجاران هات لە کۆگابەردەکەوە بکەوێتە خوار، کە ئەژدەر بە گورجی ژێربالّی گرت و لەسەر جێ ڕایگرتەوە. ئیڤان ڕووی کردە ئەژدەر و پێی گوت:

ــ ئەژدەر! دەست و بردێک... چەڵەکەدارێکی ڕاست و بێ گرێ و گۆڵم بۆ بدۆزەوە و بۆم بێنە... زوو!

ئەژدەر لە حاڵێکدا بە شوێن دۆزینەوە ڕاستە دارێک، ئاپۆڕای نێو گۆڕەپانەکەی جێ هێشت، بەلای خۆیەوە بیری لەوە دەکردەوە کە لەم هەل و کاتە هەستیارە دا چەڵەکەدار چ دەردێک دەرمان دەکات و ئیڤان ئەمەی بۆ چییە. بەڵام هەرچۆنێک بوو، دارێکی ڕاست و ساف و بێگرێی دەست کەوت و بە دارەوە گەڕایەوە. هەرکە ئیڤان ئەژدەری بە دارەوە دیت، لە ژێر باخەڵەوە ئالآیەکی سووری دەرکێشا و خێرا سەری دارەکەی تێکێشا و بەرزی کردەوە .

ئالآی سوور، لە سەرووی هەموو سەرانەوە، بەدەم نەرمە شنەوە بە ئارامی شەکایەوە. چۆنیاتۆڤ لە ژێر ئالآی سوورەوە هاواری کرد:

ـ هەوالآن! لێتان دەخوازم بە ڕێکو پێکی و بە دیسپلینێکی شۆڕشگێرانە، بۆ چارەسەرکردنی چارەنووسی دواڕۆژمان، بەرەو مەکۆی خاوەن کارخانە وەڕێ کەون!

لە جەرگەی سەفی هەرە پێشووی جەماوەر دا، ئالآی سوور لە دەست و مەچەکی پۆلاییی ئیڤان دا دەشەکایەوە. پۆلی کرێکاریش بەشوێن ئالآکە دا هەنگاوی ڕێکیان هەڵدەگرت. چەندێک نەڕۆیشتبوون کە خرمژنی گوللە و بەرامەی باڕووت بە وڵات دا گەڕا. کرێکارێکی شان بەشانی ئەژدەر بە گوللە پێکا و بە ڕوو داکەوت. خوێنی گەرم و گەش، وەک تیژەمارێک بە ژێریدا خزی و لە تۆز و خۆڵ دا ون بوو. دەنگی تەقە و ڤیزەی گوللە زیاتر و زۆرتر دەبوو. بەڵام ئالآی سوور هەروا دەشەکایەوە و بەرەو پێش دەچوو. زایەڵەی فڕکەی ئالآکە، هاواری خەباتێکی گەرم و خوێناویی بەرەو هەموو لایەک دەبرد. ئەژدەر چاوی بە ئیڤان کەوت کە وا لابالّێکی شەلاڵی خوێنە، بە پڕتاو خۆی گەیاندێ و بە پشوو سواری گوتی:

ـ ئیڤان ئالآکەم بدەرێ... تۆ پێکراوی ، ڕەنگە هەڵگرتن و ڕاگرتنی ئالآ بە تاک دەستێک بۆت گران بێت...

خوێنی قین و تووڕەیی بەرچاوی ئیڤانی گرتبوو. ئالآکەی بۆ ڕاداشت و پێی گوت:

ـ هانێ بگرە!... لێت دڵنیام... بگرە...!

هەرکە ئاڵای سوور دەگەڵ دەست و شان و باهۆی ئەژدەر تێک بەزین، دڵی گەرمی پتەوتر لە پێشوو، بێ دەربەست بەدەنگی گوللە، هەنگاوی بەرز و بڵندی خێراتر کرد و بەرەو پێش چوو. ئەمە یەکەمین نۆبەرەی هەڵگرتنی ئاڵا و یەکەم پلەی پێشڕەوی جەماوەر بوو کە دەیچەشت. بێ ترس و دڵەکوتە، سنگی کردە قەڵغانی گوللە و ئاڵای بۆ پێش برد. هەرکە دیتی کرێکار لە هەر چوار لاوە زنجیرەیان لە دەوری داوە و ئاڵا و ئاڵاوان پێکەوە دەپارێزن، هەستی سەربەرزی سەد ئەوەندەی خۆڕاگرتر کرد .

خرمەی چوارناڵەی دەستە سوارکارێک هاتە گوێیان. هەوەهەوی تاقمی کازاخی شەمشێر بەدەست، ورەی داتەپیوی پۆلیسی ناو سەنگەرانی بەرز کردەوە. زامی باسکی ئیڤان دەمی کردبۆوە و خوێن فیچقەی بوو. ئیڤان بە چنگ باسکی دەگوشی و هەوڵی دەدا لە گەل جێ نەمێنێت، کەچی گوللەیەکی تر بۆی هات و سنگی قەڵشاند و بەڕوو دا خستی. ئەژدەر خۆی گەیاندێ و هاتە ژوور سەری و پێی گوت :

ـ ئیڤان" هەستە پێ!... هەستە خۆت بخەرە سەر شانم با بکەوێنەوە ڕێ...!

زامی سەر سنگی ئیڤان زاری کردبۆوە و خوێنی ئاڵ بە گوڕ فیچقەی دەکرد. ئاوزینگی ئاخرینی دەدان و بە تەمای گوتنی قسەیەک، لێوی دەبزاوت. ئەژدەر ئەژنۆی دادا و سەری خستە سەر ڕان و لێی نزیک بۆوە، بەڵام دەنگی خرمژنی گوللە و چرپەی ڕکێف کوتانی سوارکاران دەرەتانی بیستنی دوا پەیامی ئیڤانی پێ نەدا .

کازاخی شمشێر بەدەست، ڕکێف کوت ئەسپیان دەئاژواند و بە قامچی و شمشێران ڕاست و چەپیان دەکوتا. کرێکاریش بە بەرد و دار و چنگ و مستان، هێرشیان بەرپەرچ دەدایەوە.

ئەژدەر، زامی سەرسنگی ئیڤانی بە ئاڵاکە بەست و هاواری یارمەتی ڕاگوێزانی بۆ چەند کرێکارێک برد. لە هەلومەرجێکی نابەسامان‌دا، بە هەزار دەردی سەر، "ئیڤان"یان هەڵگرت و بەرەو کۆختەی کرێکارانیان برد. گەرمە شەڕی کرێکار و هێزەکانی حکومەت هەروا دەهات و لەبەر یەک دەکشایەوە و بۆ لای گەڕەکی کرێکارانیش دەهات . ئەژدەر بە ناچاری لەوێش ڕایگواست و لە شوێنێکی ئارام تردا بە هەزار چەرمەسەری گالسکەیەکی ڕاگرت و لەشی شەڵاڵ بە خوێنیان تێدا خەواند.

کاتێک فایتوونەکە لە بەرامبەر ماڵی ئیڤان دا ڕایگرت، ئەو دوامین هەنیسکەکانی ژیانی دەدا.

هەر ئەوێ شەوێ، ئیڤان نیکۆلایۆڤیچ ، بەبێ سەر و زمانی، سەری نایەوە و دڵی پڕهیوای لە کوتە و لێدان کەوت.

****

# 4

دارتەرمێکی کاڵ بۆوەوەی کۆن، لە سووچێکی حەوشەکەدا ڕۆندرابوو. ئیڤان لە ناو دارمەتەکەدا بە خەوێکی هەتاسەری بەبێ هەستان لێی خەوتبوو. ئەژدەر، بۆ دەمێکیش لە پانای تابووتەکە دوور نەدەکەوتەوە. ئیڤان بۆ ئەو بڕبڕەی پشت و قەڵایەکی بەرزی هومێدبەخش بوو .

"ماریا واسیلۆفنا"، بە چاوگەلی پڕ لە ئەسرینەوە، یەکدەم نیگای چاوی لە دارتەمەکە ڕانەدەگواست و، بە هەناسەی سارد و دڵی لە کوڵی، هاوسەر و هەواڵی خۆشەویستی خۆی بەڕێ دەکرد. جاروباریش بە دستە دڵۆدارەکانی باڵاپۆشی سەر تابوتەکەی بەسەر تەرمەکەدا هەڵدەکێشایەوە. ڤەرا، بە سۆزێکی پڕلە کوڵەوە ئەسرینی لە دیدە دەباراند و بێ ئارام هەنیسکی دەدا. لە دەستدانی ئیڤان، سێبەری خەمناکانەی بەسەر ئاسمانی ماتەمینی خێزانەکە داکێشابوو.

خەرمانەی قژی سپی، وەک هەرەسێکی بێ وادەی پیری لە دەروی لاجانگەکانی ماریا نیشتبوون. کوڵمەی مات و نیگای چاوە سەوزەکانی شوێنەواری ڕەزاسووکییان پێوە دیار بوو. بە ئاشکرا دیار بوو تەوژمی دەردی هەژاری و کۆسپی هەزار چنگەی ژیان، چ تاڵانێکی بێ بەزەییانەی لە خاڵ و خەتی ئەو ژنە ڕەزاشیرینە دا کردووە و چ زوو ئاو و ڕەنگی ژنانەی کاڵ کردۆتەوە .

ڤەرا، کچە شووش و نەشمیلانەکەی ئیڤان و ماریا، ئەگەر بە لەش و لار ئەوەندە ناسک و باریک نەبوایە، دەگەڵ "ماریا"ی دایکی، سێویک بوون لە نێوەڕاستەوە قاش کرابوون. "ڤەرا"ش وەکی دایکی خونچیلانەیەکی لەباری ڕوح سووک بوو. بەڵام ڤەرا بە سەر و بسکی خورمایی و دوو چاوی کەژاڵ و دەم و لووتی خۆش کەشمی، تەنانەت لە دەمی گەرمەشینیش دا چەشنی خونچەی نەپشکووتووی دەم بەیانان، جوان و

شیرین و خۆش دیمەن بوو. ڕوخساری جوانی لە خەم نیشتووی ڤەرا، نمای وەنەوشە ملکەچەکانی دەم ڕوبارانی دەنواند کە بە سەر سەوزەڵان دا لار دەبنەوە .

هەر سێیان، ماریا، ڤەرا و ئەژدەر، بۆ دەمێکیش لە پەنا تەرمی ئیڤان دوور نەدەکەوتنەوە. زۆری نەخایاند، غولام و چۆنیاتیف ـ یش هاتن. چۆنیاتۆف بە ڕەسمی ڕێز لێنان، لە بەرامبەر تەرمی ئیڤان دا کڵاوەکەی داگرت و سەری دانەواند. غولام، هاوڕێی لەمێژینەی ئیڤان بەرەو تابووتەکە چوو. خەمی گرانی لە دەستدانی ڕەفیقی چەند ساڵە، ئەسرینی لە دیدەی غولام داباراند .

هەر لەو دەمەدا پیاوێکی باڵابەرزی دەنێوەچوویان لێ وەژوور کەوت. ئەویش بە چەشنی چۆنیاتۆف کڵاوەکەی لەسەر داگرت و لە گۆشەیەک دا پرسەدارانە ڕاوستا و گوتی:

ـ هاوڕێیان منیش دۆست و دراوسێی "ئیڤان"م و خۆم بە هاودەردی بنەماڵەکەیی دەزانم. ماڵەکەم کاولاشی یارانە و هەر ئەوەندەم تکا لێتانە بە لاوەکیم مەزانن و هەر پێداویستییەکتان نیاز بێ، دەست مەگێڕنەوە و گەورەمان بکەن...

ماریا بە هەوا دەنگێکی ئاوێتە بە گریانەوە گوتی:

ـ خۆش بی میرزاحسێن!... ماڵتان ئاوا بێت! هەموو شتێکمان هەیە... ئەوەی لە دەستمان داوە، هەر ئیڤان ـ ە، کە ئەویش لە یارای کەسدا نییە بۆمانی وەگەڕێنێتەوە.

وەرامی پڕ لە پەژارەی ماریا، فرمێسکی بەسەر ڕوومەتی میرزا حسێن دا باراند. میرزا حسێن بە دەسرۆکەیەکی ڕەشی قەراخ چندراو، فرمێسکە وێڵ بووەکانی ئەسڕینەوە. هەر لەو دەمەدا، هاتنی دوو کرێکار، بێدەنگی کۆڕەکەیانی شکاند. دوو کرێکارەکانیش لە هاوالانی ئیڤان بوون. یەکێکیان ڕووی کردە چۆنیاتۆف و گوتی:

ـ پۆلیس هەموو گۆڕەپان و جەمسەری شەقامەکانی گرتووە و ڕێی هاتوچۆی خەڵکی بڕیوە. ئێمەیش هەتا خۆمان گەیاندۆتە ئێرەکە، هەزار لاڕێمان بڕیوە و ...

غولام گوتی :

ـ نگریسانە لە تەرمی بێ گیانی کرێکارانیش دەسڵەمێنەوە.

چۆنیاتۆف لە وەڵامدا گوتی:

ـ وادیارە پۆلیس ناهێڵێ کەس بەرەو ئێرە بێ، ئێمە ناچارین بەرەو خەڵک برۆین.

ئەژدەر و چۆنیاتۆف لە پێشەوە و غولام و میرزاحسێن لە دواوە چوونە ژێر دار تەرمەکە و ئامادەی ڕۆیشتن ڕاوەستان. دووکرێکارەکان هەر یەک لە بەرێک و ماریا و ڤەرا لە پێشەوەی کاروانی بچووک، پرسەداران وەڕێ کەوتن و لە ماڵ هاتنەدەر. هەرکە گەیشتنە یەکەمین شەقام، دیتیان لە سوچێکی شەقامەکەدا پۆلیس و پاراستن لێرە و لەوێ دا کۆبوونەتەوە. هەرکە چاوی پۆلیس بە کاروانی بچوکی پرسەدار کەوت، بە شوێنیاندا وەڕێ کەوتن .

دوو بەری شەقامەکە چۆڵ و بێ ڕێبوار مابۆنەوە. جارجارێک نیوەتاکی پەنجەرەیەک بۆ دزە نیگایەک دەکرایەوە و خێرا دەبەسترایەوە. لێرە و لەوێ،

ڕێبوارانێکی تاک و تەرا ڕادەبردن و، بە دیتنی تەرمی سەرشانی چەند کەسێک، ئیستێکیان دەگرت و زوو ڕێیان دەگرتەوە بەر و دەڕۆیشتن.

ئەژدەر چاوی بەهەموو لایەکدا دەگێڕا. لە سەر و خوار، لە پەسیوگە و حەشارگەی شەقامدا دەی بینی کە دەیان پۆلیس بە جلکی سڤیلەوە لە قوژبناندا بۆسەیان گرتووە. دوورتر، لە ڕاستەی شەقامێکدا چاوی بە چەند پۆلە کرێکارێک کەوت کە چاوەڕوان ڕاوەستابوون. هەرکە تەرمی ئیڤان گەیشتە بەر ڕاستەشەقامەکە، سەرجەم کرێکارەکان خێرا و بە گورجی هاتن و بە چەشنی پۆرەهەنگ دەوریان دا و دەگەڵی ڕۆیشتن.

شەقام و کۆڵانەکانیان یەک بەدوای یەکدا تێپەڕ کرد. دوو شەقامی "بازاڕی" و "چادروی"، دوو مەزنە شەقامی شاری باکۆ و ناوەندی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بوون. لە گۆڕەپانی تێکبەزیوی ئەو دوو شەقامە دا، ئاپۆڕا و حەشیمەتێکی یەکجار زۆر سەرگەرمی سات و سەودا بوون و ژاوەیان دەهات. هەر لەوێ دا، ژمارەیەکی زۆر کرێکار هاتن و تێکەڵ بوون و دەگەڵیان ڕۆیشتن. لێرەوە پەنجەرەیماڵەکانی دووبەری شەقام دەکرانەوە و گەلێکیان بە دیتنی ماریا و ڤەرا، بە دەست و دەم سڵاویان دەنارد و هاودەردی و پەژارەی خۆیان دەردەبڕی.

ئەژدەر جار بەجار سەیرێکی دەور و بەری دەکرد و وڵاتی هەڵدەسەنگاند. ئەو پێی وابوو لە ناو قەرەباڵغی شەقامان دا گەلێک کەسانی سڕ و بێ هەستی بە دوور لە هەر چەشنە دید و بۆچوونێکی مرۆڤایەتی، بە سەر پێیانەوە دێن و دەچن، بەڵام وەک هیچ دەرد و ئەلەمێک هەست پێ نەکەن، بەس سەرقاڵی چەنەلێدانی سات و سەودای خۆیانن و بەس. هەندەجارێ، ئەژدەر بە دڵی دادەهات و لە ناو خۆیەوە دەیگوت: نیشتەجێیانی ئەم دەوەرە هەر دەڵێی ئادەمیزادی بەردینەن! بۆچ دەبێ ئەوەندە سڕ و بێ هەست بن؟ ئەم گشتە حەشیمەتە هەر دەڵێی بە مردوویی لە دایک زاون و هەر ئێستێ خەریکن لە خەو دا خەونی ژیان دەبینن. تۆ بڵێی ئاوی کانیاوی چاوەکانیان زنەی تەڕایی تێدا مابێ کە کەس ئەسرینێک لە دیدە نارژێنێ؟ .. ئەژدەر پێی وابوو هەرچی ڕێبوارە، دەبێ دەست بە ئەژنۆ دانیشێت و هۆن هۆن ئەسرین لە دیدە هەڵوەرێنێت. لەدڵدا دەیگوت:.. لە سەردەمی ئێستاکەدا کە گۆشتی لەشی مرۆڤی ڕەنجبەر خۆراکی بەر لوولەی تۆپ و تفەنگە و، سەوداگەرانی خوێن و فرمێسک بازاڕی بە ڕمێنیان لە دەست دایە، لەم چاخەدا کە برسیایەتی و هەژاری و دەردەداری بەسەر چینی ژێر دەستەدا زاڵە، کە کۆت و بەندی زیندان و پەتی سێدارە بەشی هاوبەشی ئەم خەڵکە بەلەنگازەیە، ئەی بۆچ نایەن و تێکەڵ نابن؟ بۆچ دڵۆپێک لە دیدە هەڵناوەرێنن؟ و...

بە شەقامان دا هاتن و بەرە بەرە خەڵکی ڕاگوزاری ڕێبازان هاتن و تێکەڵ بوون. تەنانەت ئەوانەی کە وا فرمێسکی چاویشیان تەڕایی لێ بڕا بوو !

نەرمە نەرمە گلەو گازندەی دڵی ئەژدەریش لە تەوس و تەشەری نهێنی دەکەوتن و نەرمە ئۆخژنێکی ڕەزامەندی جێیانی دەگرتەوە. ئەمجارە بەدڵی داهات: نەخێر، ئەوانەی بە چەکی ئەسرینەوە ناچنە ناو شەڕگەی شەڕی دژ بە ناتەبایی و غەدر و ستەمەوە، ئەوان بە دەمارتر و پتەوترن. بەڵێ زۆرن ئەو کەسانەی کە فرمێسک نارێژن، بەڵام تووڕەیی بۆ هەلی باش و ڕۆژی خۆی لە دەروون دا حەبس و زیندانی دەکەن. بەڵێ ئەوان بە دەسمایە ترن لە هی وەکی منی ئاسایی.

دەستی خاراوی ڕەنبجەر و مەچەکی پڕ دەماری کرێکار تەختە تەرمی هاوڕێی شەهیدیان بە سەر شانانەوە بەرەو پێش دەبرد.

ئەژدەر هەروا گیرۆدەی بیر و خەیاڵات، تووشی چەشنە ناباوەڕییەک هاتبوو. ئەو پێی وابوو تەنانەت مەرگ و نەمانیش ناتوانێ دڵی گەرمی ئیڤان لە لێدان بخات و دەمی قسەزانی کیپ بئاخنێت. جارجارە بە چاوی بینەری شانۆیەک سەیری تەرمی سەر دەستان و ئاپۆڕای دەوری تەرمەکەی دەکرد؛ هەر لەو حاڵەدا چاوەڕوان بوو هاکا ئیڤان سەر هەڵببرێت و بە نرکەی شێرانەیەوە بگرمێنێت و بڵێ: بژی شۆڕشی سووری کرێکاری. بەڵام دڵی گەرمی و پڕ لە ئاواتی ئیڤان، کە کەژاوەی سووری شۆڕشی تێدا ئازین کرابوو، لە کوتە و لێدان کەوتبوو و نرکەی شێرانەی مۆری بێدەنگی بەسەر کشابوو. تەنانەت دەوری تەرمەکەیشی لە ژێر نیگای دەیان و سەدان پۆلیسی ئاشکرا و شاراوە بەرەو گۆڕستان دەچوو. بەڵێ، بەڵام ئەگەر ئیڤان شەهیدێکە و لەشی سارد و بێ هەستی بە شانانەوە بەرەو شوێنگەی خەوتنی هەتا هەتایە دەچێت، ئەدی ئەم گشتە پۆلیس و سیخوڕە بۆچی لە کار دان؟

ڕوانینێک بەسەر جەماوەر دا و، بینینی دەیان زەند و باسکی پۆلایینی ژێر دارتەمی ئیڤان، وڵامی پرسیاراتێک بوون کە بێ پسانەوە بە مێشکی ئەژدەر دا دەهاتن و ڕادەبردن. هەر ئەو دەم بۆی دەرکەوت کە ئەگەر لە ڕێبازی شۆڕش دا دڵێکی گەرم کپ کەوتووە، سەدانی تر چەشنی گڕکانی ئاگرین، چەک و گوللە و سێدارەی دەسەڵاتدار بە تینی بیر و باوەڕیان دەتاوێننەوە. یەک لە مەیدان ئەگەر بە تیر گلاوە، سەدان پشکۆی لە خوێن ترازاوە .

شاری باکۆ، مەکۆی کرێکارانە، شاری دڵی دارماڵ لە قین و تووڕەیی هەقخوازانەیە و ناسرەوێ.

ئەژدەر بە دەم بیر و خەیاڵاتەوە دەڕۆیی و شریتی بیرەوەریی ڕابوردووی بە دەراوی زەین و ئەندێشی دا دەگەڕانەوە. کەوتە یادی ئەو سەردەمە کە بۆ یەکمجار لە نزیکەوە دەگەڵ ئیڤان تۆقەی کردبوو و یەکەمین بەردی بناغەی دۆستانی و هاودەمی و هەواڵبەندیی دامەزراند بوو. ئەودەم لە کانگەی خاتیسۆڤ کرێکاریکی هەژاری بێکەس و کار بوو. بەهۆی ناخاوێنیی ئاوی مەڵبەندی "زوغولیا"، توشی نەخۆشینێکی نزیک بە مردن هاتبوو. سەرپاکی ئەندامی جەستەی، بە برینی پڕ چڵک

و کێم داگەڕا بوو. ئەوەندە لاواز و کەم هێز ببوو، توانای جوڵە و ڕەوت و ڕۆی لێ بڕابوو .

ئاوی نەپاڵێوراوی مەڵبەندی "زوغولبا"، کانگای دەیان جۆرە نەخۆشی بوو. خاوەن کارگەکان تەنانەت بۆ دەکارهێنانی مەنجەڵە هەڵمینەکانیشیان، پێشەکی ئەو ئاوەیان دەپاڵاوت و ئینجا دەکاریان دەهێنا. بەڵام کرێکار وماڵ و منداڵەکانیان ناچار بوون ڕاستەوخۆ لەو ئاوە لیخناوە پڕ لە خۆرەیە کەڵک وەرگرن.

ئەژدەر، ئەوەدەم کەلەلا و ناساز و نەخۆش، لە کاریش تەرەکرابوو. ماوەی مانگێک بە نەخۆشی و برسیایەتی، بە شوێن کار دا خولابۆوە. سەرەنجام لە کارگەی "تەقی یۆڤ" دا دەستی لە کار گیر کردبۆوە. وەستا کاری کارگەکە، کەسێک بوو بە ناوی حاجی حسێن تەقی یۆڤ، کە بە ڕواڵەت مرۆڤیکی بە سەر و سیما و هێدی دەهاتە بەر چاو. تەسبێحی دەستی و ورتەی دۆعا و نزای دایمیی ژێرلێوانی، بۆ یەکدەمیش لە کار و گەڕان نەدەکەوتن. بە ڕیشی پان و نوێژ و لە خۆ چوونییەوە، شێوەی خاسە ئایینداره پیرۆزەکانی دەدا. کات و ناکات و هەموو دەمێک ڕووی نیازی بەرەو ڕووگەی نیازڕەوای مەزن بوو. سەرەتا و ئەنجامی هەموو هەستان و دانیشتنی بەبێ هاواری زاتی باری نەدەکرا. بەڵام ئەژدەر لە ماوەیەکی نە هێندە زۆر دا بۆی دەرکەوت کە لە ژێر ئەو ڕواڵەتە هێدی و دوورە پەرێزە دا چ جانەوەرێکی چەوت و چەپەڵ خۆی مەڵاس داوە. لە ڕاستیدا حاجی حسێن، شەیتانێکی بەرماڵ بە کۆڵ بوو کە ئاو و گڵەکەی لە قالبی بێ بەزەیی و ناجوانمێری دا هەڵ شێلدرابوو .

ڕۆژێک لە ڕۆژان، بە تەسبێحە سەت و یەک دەنکەکەی، کە گورزی دین و ئایینی بوو، بە چەشنێک کوتایە سەر دوو چاوی کرێکارێکی ڕەنجەڕۆ، کە ماوەیەک بەسەر چاو دا خستی. کرێکاری هەژار دوای لە دەست دانی سۆمایی چاوێک، هەرکە بۆ وەرگرتنی جیرەی مانگانەی سەردانی بەشی دارایی کارگەی کرد، بە فەرمانی حاجی حسێن، بە بارستاییی چەند ڕۆژ لە ماڵدا مانەوەی، ئەوەندە ڕۆژەیان لە دەسڕەنجی مانگانەکەی کەم کردەوە.

ڕۆژێکی تر، مەنجەڵی ماتۆڕخانەی یەکێک لە کارگەکان لە کاری ئاسایی وەستابوو و کاری نەدەکرد. پێویست بوو سلندری ناو لوولەی دەرکردنی هەڵمی سەر مەنجەڵ خاوێن و نەوژەن بکرێتەوە. حاجی حسێن فەرمانی دەرکرد بەبێ خامۆشکردنی ئاگری ژێر مەنجەڵی پڕ لە هەڵم، جەڕی نێوان لوولە و مەنجەڵی پڕ لە هەڵم واز بکرێت و بە خێرایی خاوێن بکرێتەوە. چەند کرێکاری بەشی میکانیکیی کارگە پێیان گوت و لێیان دووپات کردەوە کە بزواندنی لوولە لە کاتی کوڵینی مەنجەڵدا، کارێکی ناشیانەیە و دەبێتە هۆی دەرفرتاندنی هەڵمی گەرمی قەتیس کراوی ناو مەنجەڵ و مەترسی بە دواوە دەبێت. بەڵام حاجی حسێنی ڕوح زل ، هاواری لێ هەستا و بە تووڕەیی گوتی:

ـ بۆ چەند کرێکاری پێخاوس نەهاتووە قسەی دە قسان دا بکەن. بێتوو حاجی زەین عابیدی تەقی یۆڤ ئەمە ببیسێتەوە باسی سەرە...

سەرەنجامی هەرا و شات و شووتی حاجی، کریکارەکانی ناچار کرد مل بدەن و لوولەی داغ لە جێ ببزوێنن. هەرکە جەڕیان تۆزکاڵێک شل کردەوە، هەڵمی قەتیس کراوی ناو مەنجەڵ هێرشی بۆ سەر لوولە هێنا و بە دەنگێکی کەللەتاسێن تەقی و چوار کرێکاری خستە ژێر پاپۆکەی هەڵمی کوڵیو. ئەژدەر لە بینینی چوار تەرمی داپلۆخاو، ئاییپنی پێ نەما. هەر ئەودەم حاجی حسێن ئەمری کرد جەڕی ئاوی کوڵیو ببەسترێتەوە. خۆیشی تەسبێح بە دەستەوە، هاتە سەر تەرمەکان و بە دەنگێکی بەرز نەڕاندی:

ـ وەبەر بارانی ڕەحمەتی باری تەعالا کەون!

کرێکارەکان سەرکز و شڵەژاو ، بە پەرێشانی ڕاوەستا بوون و سەیری هاوکارەکانی خۆیانیان دەکرد، کە دەنگی قیرە و هاواری حاجی حسێن بە ئاگای هێنانەوە. حاجی بەسەریانی دا گرماند :

ـ چییە؟!... چ قەوماوە و بۆچ واقتان وڕ ماوە ؟ مردن کاری خودایە و کەس بەبێ ئەمری ئەو ناژی... بڕۆنە سەر ئیش و کارتانەوە؛ دەی یاڵڵا!

بەڵام حاجی هەرچی کردی کارسازی ئاسمانان وەک بکەری کارەساتەکە بە کرێکار بسەلمێنێ، نەیتوانی و بۆی نەکرا. هەر ئەو ڕۆژە خەبەری شەهید بوونی چوار کرێکار لە هەموو مەڵبەندی کار و کرێکاری دا دەنگی دایەوە. بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو خرۆش و خۆپیشاندانێکی گەورە و گران لە کارگاکەدا ساز بوو. هەر ئەو ڕۆژە و لەو میتینگە دابوو، کە دەگەڵ "ئیڤان" یەکتریان ناسی و بوون بە باوک و کور.

ئیڤان بە ئەرتەقای باوکێکی دڵسۆز هاتە ناو دەقی ژیانی ئەژدەرەوە. لە چارەسەر کردنی نەخۆشی، دۆزینەوەی کار و هەموو گیر و گرفتەکانی ژیانی دا بۆی بوو بە قەڵایەکی مەزنی پڕ لە مەتمانە .

ئەژدەر شان بە شانی تەرمی ئیڤان دەڕۆیشت، بەڵام شریتی بیرەوەریی ڕابوردووی چەشنی فیلمی سینەمایی بە بەر دیدەی خەیاڵی دا دەهات و تێپەڕ دەبوو. بەتایبەت یادی ئەو سەردەمەی کە لە هەڕەتی گێژاوی تەنیایی و بێکەسیدا دەرگای ماڵی بنەماڵەیەکی دڵسۆزی بۆ کرایەوە و هەمێزی دایکانەی "ماریا واسیلۆڤینا" بۆی بوو بە داڵدەیەکی هومێدبەخش و، سایەی دایکانەی خستە سەری. یەکەمین بینین و ناسینی "ڤەرا"ی کچیشیان، کە لە زۆر بار و بابەتانەوە کۆپێی دایک و باوکی بوو، تێکەڵاو بە ڕێز و خۆشەویستی بوو. "ڤەرا"ش هەر وەک خۆی شارەزای زمانی ئازەری و ڕووسی بوو. تەنیا جیاوازیی نێوانیان، پلە و پایەی خوێندەواری بوو. ڤەرا بە هەموو هەژاری و نەداری بنەماڵەکەیەوە، وازی لە خوێندن و فێرگە و خوێندنەوە نەهێنابوو. سەرەڕای خوێندن لە فێرگە، لەماڵێشدا کتێب و ناملکەی بەپێزی لە باوکی وەردەگرت و دەیخوێندەوە، بەڵام ئەژدەر بەهۆی بێکەسی و بێدەرەتانی، هەرگیز ئەم هاتە

بەنرخەی بۆ مەیسەر نەببوو، کە ڕەش لە سپی جیا بکاتەوە. هاموشۆی ئەژدەر بۆ ماڵی ئیڤان، ئەو بوارەشی بۆ ڕاست کردەوە کە لە دەرس و کتێب و یارمەتیی ڤەرا بێبەری نەمێنێتەوە. بە یاریکاریی ڤەرا، بەرەبەرە چاوی بە وشە ڕاهات و توانی ڕەش لە سپی جیا بکاتەوە. ئەژدەر و ڤەرا بە دیتنی بەردەوامیان چەشنە ئۆگری و خۆشەویستییەکی وەها لێک گرێدراویان کەوتە ناو دڵان، کە ئەگەر ڕۆژێک یەکتریان نەبینیبایە، هەستیان بە پەژارە دەکرد.

هەر دەڵێی لەو سەردەمەوە ڕۆژێک تێنەپەڕیوە؛ ئەو ڕۆژەی کە ئیڤان دەستەوارێک ڕۆژنامەی پێچراوەوەی بە ڤەرا ئەسپارد کە لە بازاڕە ڕۆژان دا بە نهێنی ڕایگوازێتە چۆلگەیەکی ئەو بەری جادەی شەماخی. لە تویێی ڕۆژنامەکان دا بەیاننامە و شەونامەی شۆڕشگێرانە جێ درابوون کە لە ڕوسیەوە گەیشتبوونە باکۆ. ماوەیەک بوو شاری باکۆ لە سای بڵاوکردنەوەی بڵاقۆکی شۆڕشگێرانە، سەیر شڵەقابوو. پۆلیس و ژاندارم و سیخورانی سەربە دەزگای پاراستن، لەهەموو شوێنێک دا هەستیار و چاوکراوە ڕادەوەستان و شوێن پێی زۆر کەسانیان هەڵدەگرت. ڕۆژ نەبوو خۆ بە ماڵێکی«بەرشک»دا نەکەن و سەر و ژێری ماڵەکە هەڵنەتەکێنن. ڕەشبگیری و لێکۆڵینەوە لە گشت گاز و ڕێبازان دا بەردەوام لە کایە دابوو. کانگە و کارگەکان کەوتبوونە ژێر چاوەدێریی توندی پۆلیس و گروپە نەناسراوەکانەوە. لە ڕێبازاندا، تەنانەت ڕێبواری ئاسایی کوچە و کۆڵان و شەقامەکانیش ڕادەگیران و دەپشکندران .

ئیڤان بۆ کوێرکردنەوەی چاوی پۆلیس و سیخوڕانی دەزگا، کچە نەوڕەسەکەی خۆی بۆ ڕاگوێزانی شەونامەی شۆڕشگێرانە تەرخانی ئەم ئەرکە گرنگە کرد .

ئەو سەردەمە، دەور و بەری جادەی شەماخی، ساکە دەشتێکی چۆڵی دوور کەوتە لە ئاوەدانی بوو. گۆڕەپانی «قوبە» دەکەوتە شانی ڕاستی جادەی شەماخی و مەکۆی سوارکارانی شڕ و دڕی چەقۆکێش بوو. هەرزەپیاوانی سمێڵ فشی بەکرێگیراو، لە گۆڕەپانی"قوبە" دا خەڵکیان ڕووت دەکرد. لە زاراوەی گشتی دا، ئەو گۆڕەپانە بە خانی خەتەر ناوبانگی دەرکردبوو. گەلێک جاران گالسکەی سەفەرکەران پێشی پێدەگیرا و کاروانچییەکانیان ڕووت دەکردن. لات و لووتەکان بە ئاشکرایی، لە ڕۆژی ڕوون دا خەریکی دەمانچەکێشان و خەڵک ڕووت کردن بوون. سەیر ئەمە بوو کە هەر ئەو شڕ و دڕانە بە ناوی پارێزەرانی ئایینی ئیسلام و بەبیانووی پارێزگاری لە ڕێوڕەسمی خوداناسی، هەر خانمێکی بێ پەچە و بێ چارشێویان بینیبایە، دار و نەداریان بەتاڵان دەبرد و بە پێ پەتی ڕەوانەی ماڵیان دەکردەوە. ئەوان لە دەستیان دەهات سەرتا بەخواری گەڕەکێک داگیر بکەن و خەڵک بڕووتێننەوە، کەچی دەزگای دەسەڵاتدار پەکی بەم هەرایە نەدەکەوت. لە ڕاستیدا یاسا و قانوون لە شەڕگەی شەماخی دا تەشک و داوێنی کورت کرابوویەوە، بەڵام لە نێو ئاوایی و شەقامی شاراندا، بە شوێن لاپەڕەیەک بەیان نامە و ئاگاداری دا، هەگبە و خورجێن و تەنانەت پڕێسکە و گیرفانی ژن و پیاوانیشیان دەپشکنی .

دز و تەریدە و شەڕفرۆشانی شەڕگەی شەماخی لە ڕێزەی هەرزەترین زیزانە و بنکڕی گەندەپیاوانی کۆمەڵگەی باکۆ بە هەژمار دەهاتن کە بەدرێژایی ڕۆژ دەستیان لە ناحەکاری دا دەگەڕا، گیرفانیان لە دەسمایەی ژنە هەژار و خەڵکی ڕێبواری زەحمەتکێش دەئاخنی و شەوانەش لە سەماگە و قومارخانەی سەرمایەداران دا بۆ هەرزەکاری و گەندەکاری، گیرفانەکانیان دەتواندەوە. تڵتەپیاوانی لایەنگری ئایین، بە ڕۆژ چەتەیی و ڕێگرییان دەکرد و شەویش بەبێ گەوزین و جینگڵدانی ناو ئامێزی ژنانی خۆفرۆش، شەویان بە ڕۆژ نەدەگەیاند؛ ڕۆژانە بڕەوەدەری سروشتی پاک بوون و شەوانەش خنکاوی زەلکەی فەساد.

ئیڤان لە چالاکی و وریایی ڤەرا تەواو دڵنیا بوو. لێی یەقین بوو ئەرک و ڕاسپاردە هەرچی بێ، سەرکەوتووانە بە ئەنجامی دەگەیەنێت. هەربۆیە بیری ژەنگ و ژواری ڕێگا و بانی دەوری شەماخی تووشی دڕدۆنگی نەدەکرد بەتایبەت کە ئەژدەر بار و دۆخی ئەو مەڵبەندەی باش دەزانی و لە چەم و خەمی وێندەرێ ئاگادار بوو. بڕیار درا ئەژدەر و ڤەرا هەتا جادەی شەماخی هاوسەفەر بن و لەوێوە ڤەرا بۆ ئەرک و ئەسپارەدەکەی خۆی بچێت .

ئەژدەر، کوڕە ئازەرییەکی کرێکاری هەژاری شڕ پۆش و، ڤەرا کچە ڕووسێکی ئەوڕۆیی بوو، هەربۆیە ڕۆیشتنی شان بە شانیان لە مەڵبەندێک، کە زەینییەتی کۆنەپەرستانەی"پان ئیسلامیست" و "پان تورکیست"ی تێیدا حاکم بوو، دەیتوانی ئەگەری خەتەرێکی گیانی بۆ ئەژدەر بەرهەم بێنێت. خۆ ئەگەرچی ئەژدەر گەنجێکی بە جەرگ و ئازا بوو، بەڵام فێرگەی ژیانی ڕۆژانە ڕای هێنابوو کە لە جێی لەق دا پێ دا نەنێت و خۆی تووشی بەڵای لابەلا نەکات. هەر بۆیە، لەماوەی ڕێگادا، سێبەرئاسایی هەنگاو بە هەنگاوی ڤەرا دەڕۆیی.

ئەو ڕۆژانەی کە بەبێ ڕوودانی هیچ خەتەرەیەک و زووتر دەگەیشتنە شوێنی دیاریکرا، دڵشاد و خوشحاڵ پێکەوە دادەنیشتن، یان سەرگەرمی پیاسە و گەڕان دەبوون. لە چۆلگەی بێ هاموشۆکەر دا گوڵیان دەچنی، گەمە و گفتوگۆیان دەکرد. لە یاری و تلانەوە و گەوزینی ناو لمزار و ناو شینکەی دەشتستانیش دا ڕایان دەبوارد. لە تلانەوە و گەوزینی ناو باوەشی شینکە، تامی ڕەواقی گەزۆی لاوتییان دەچەشت و بە سەریەک دا خزینەکانیان شیرنایی و چێژ و حەزێکی فرەتایبەتیی بە گیانیان دەبەخشی. سەیر و بینینی پەلەوەر و گۆڵی ناو سروشتیش، پەیامی خۆشەویستیی بە گوێی گیانیان دا دەچرپاند... هەرکە ڕوو بە یەکتر دادەنیشتن و چاویان دە چاوی یەکتر دەبڕی، وشەی ئەڤین و خۆشەویستییان بەدەمدا دەهات. دڵی تاسەدار و ئارەزوومەندیان نزیک و نزیکتر دەبۆوە و بە دەربڕینی یەک دوو وشەی کورتی لە دڵ هەڵقوڵاو، هەموو شتێکیان بە یەکتر ڕادەگەیاند. ئەوان بە جووتە ئەوەندە سەرخۆش لە بیبین و ڕوانینی یەکتر دەبوون، کە ئاگایان لە خۆیان و لە دەرەوەی دڵی خۆیان نەدەما.

لەپڕ کەسێک باڵی گرت و لە ئاسمانی بەرزی خەیاڵاتی بیری ڕابوردوو دایبەزاند. ئەژدەر بە ئاگا هاتەوە و چاوێکی لە لاشانی خۆی کرد، میرزا حسێنی چاو پێکەوەت کە شان بە شانی تەرمی ئیڤان دەڕۆیی. میرزا حسێن ڕووی تێکرد و هێدیانە گوتی:
ـ نوقمی بیرێکی قوڵ بووی... نابێ ئەوەندە خۆت ئاڵۆز بکەیت... کار بە بیرکردنەوە و کەسەرداری چارەسەر نابێت...
ـ ڕاستە!... تۆ ڕاستی ، بەڵام ئیڤان مامۆستا و ڕێبەر و باوکی دڵسۆزم بوو. لە دەست دانی ئەو،ماڵوێرانییەکی مەزنە بۆ من !...
ـ نەخێر... ناکرێ دەگەڵ کۆچکردووواندا کۆچ کردن. تۆ ئۆگر و ئەویندارى ڕێبازی "ئیڤان"ی... بنەماڵەی ئیڤان تۆیان وەک جگەرگۆشەی ئازیزیان خۆش دەوێت... مەگەر پورە ماریا و ڤەرا دایک و خوشکی تۆ نین؟... ئەدی لەم کات و هەلە دا کێ دەبێ ببێتە هەتوان پێژی دڵی شکاویان و کێ دەبێ جێگای "ئیڤان"یان بۆ پڕ کاتەوە؟

ئەژدەر بە دەم سەلماندنی قسەکانی میرزاحسێن، لە ماریا و ڤەرا نزیک بۆوە و شان بەشانیان ڕۆیی. ڤەرا سەرێکی بۆ وەرچەرخاندوە و بە ڕوانینێکی خەمناکانە خەمی دڵی ئەژدەری سەد چەندان کرد. ئەژدەر خۆی بە جەستە دەگەڵ ماریا و ڤەرا دەڕۆیی، بەڵام شەشدانگی بیر و هزری هەر بەلای قسەکەی "میرزاحسێن"ەوە بوو. لە مێشکی دا دەنگی دەدایەوە: مەگەر پورە ماریا و ڤەرا، دایک و خوشکی تۆ نین؟... نا... نەخێر من هەرگیز ڕەنگی خوشک و دەنگی خوشکم نە بەچاو بینیوە و نە بە گوێ بیستوومە. ڤەرا بەرزترینیانە... ڤەرا لە تاتا و توێ توێی دڵ و جەرگ و هەناوی مندا دەژی...

دەڵێن گڵکۆ مەیل بڕ و تاسە شکێنە؛ ڕاستە. ئەوەی کە ئەژدەر پێی وابوو دوای ئیڤان هیچ بزە و خۆشی و گەرمی و ئۆخەیەک بەدڵدا ناگەڕێتەوە، هەرکە ئیڤان لە ژێر خاکی گۆڕ دا شاردرایەوە، دەنگی چەمەرەگریان و شین و شەپۆڕەکەش نزم و نزمتر بۆوە و سەرەنجام گڵکۆی مەیل بڕ، تاسەی دووری و لەدەست دانی ئازیزێکی لە ژێر خۆیدا گۆڕ کرد.

ئیڤان نیکۆلایوڤیچ، ئەو کەڵەپیاوەی کە لە ژیانی تێکۆشەرانەی خۆیدا هەرگیز کۆڵی نەدا، بە دەستی یارانی خۆی ژێرخاک کرا.

****

# 5

لە ژێر کوڵ و بڵێسەی بێ ئامانی گەرمادا، ئەژدەر بەبێ ئەوەیکە دەرخەمی کوڵی گەرما بێت، زۆر خێرا بەڕێوەیە. دوای مانگرتنەکەی کارگەی شیبایۆڤ، ئەویش وەک زۆربەی کرێکاران کەوتۆتە بەر هەرەسی ڕەپاڵنان و لە کار تەرە کراوە و ئەوێستا بە لەز بۆ پێچانەوە کەلوپەل و ڕاگواستنی باروبنەکەی دەڕوات.

گەرمایەکی کپی گەزۆبارێن هەرد و بووم هەڵدەقرچێنێ. نە سرویەک کە گەڵایەک ڕاژێنێ و نە هەناسەی شنەیەک کە ئارەقی ماندوویەک بسڕێت؛ لە ئەوسەر تا ئەو پەڕی مەڵبەندە نەوتییەکەی ئاخ شار دا سەوزایی شیناوەردێک نابیندرێ. هەتا چاو بڕدکا، هەر ڕەشایی لم و لیتەی چەورییە و لەبەر تیشکی هەتاو دا بڵێسەی دیارە.

دیمەنی دوورە دەستی کارگاکانی شیبایۆڤ، لە گوێن ڕیزە هۆبەی بچکۆڵانە دێنە بەر چاو. لەو کارگایەدا، هەر بەشێک لە بەشە جۆر بە جۆرەکانی پیشەسازی، لە ناو حەسارێکی پاردە بەردین دا سازکراون کە دەگەڵ بەندیخانە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. هەورازتر لە کارگاکان، دیمەنگای سەرکز و مەلوولی کۆخ و کۆختەی تێک تەپیوی کریکاران دەبیندرێ کە لە چاوی ناشارەزایانەوە دەگەڵ مریشکدان و کۆخەسەگی نێو ئاوەدانیان لێک ناکرێنەوە .

ئەژدەر بەرەبەرە لە ڕێچکە هۆدەکان نزیک دەبێتەوە. لێرەوە بڵێسە و تینی گەرمای تێکەڵاو بە بۆنی چەوری و نەوت، هەڵم و هالاوێکی قورسیان پێک هێناوە کە پشووی ڕێبوار لە سنگدا قورس و گران دەکات.

لە وەرزی سەرما و سەخڵەتی زستاندا، لێرە، بەفر و چلوورەی سەهۆڵی زستان لە سەر مۆرەی قوڕینی دیوارەکان شوێنی خۆی دەبینێتەوە و میوانی ماڵی فەقیران دەبێ. لادیوارەکان یادی چۆڕاوگەی بارانی بەهارانیان پێوە دیارە. کۆنەنیشانەی

شۆرابەی دڵۆپە و زنەی ژێر دیوارەکان بە ئاشکرا پێمان دەڵێن کە بار و دۆخی نیشتەجێیانی ئەم کۆختە تێک تەپیوانە دەبێ چلۆن بووبێت .

لە بینینی جێ حەوانەوەی هێزی کرێکار، خەم و مەراقێکی سەیر ئامبازی ئەژدەر بوو. ئەو دیمەنە و کوڵ و گەرمای هەوا، کەسەرێکی گرانی خستە سەر دڵی ئەژدەر، بەتەیبەت کە دەبوایە دیسان لە گزنگدانی بەربەیانانەوە، هەتا دەگاتە خۆرئاوابوونان، بەردەوام بە شوێن کار دا بگەڕێت... دیسان پەرێشانی، بێکاری و بێ هیوایی.

ئەژدەر کوڕە هەژارێک بوو، کە هەموو ژیانەکەی هەر کۆڵەمەرگی و هەژاری و هەناسەساردی بوو. بە دەیان جار کەوتبوو، بەڵام هەستابۆوە. لەم کەوتن و هەستانەوانەش دا توانایی بەرگەگرتنی وەک کەلەپوور پێ بڕا بوو. گەلێک جاران،دەردی بێ کاری و بێ ئەنوایی بەچەشنێک دەرەتانیان لێ تەنگەبەر دەکردەوە، کە هەموو هەناوی دەبوو بە هاوار و بە دڵ پێی خۆش دەبوو دژ بە ستەمگەران هەستێت و دەستیان لێ بوەشێنێت. بەڵام هەرکە دەکەوتەوە سەر بیری هاوڕێیانی خاوەن ڕێبازی، هاواری دەروونی خۆی لە هەناو دا دەکوشت و چاوی دە ئاسۆی ڕوون دەبڕی.

لە لاپەڕەکانی ژیانیدا، حەسانەوە و خۆشی و کامەرانی زۆر بەدەگمەن بەدی دەکرا. هێشتا کاڵ و منداڵ بوو، کە باوکی لە دەمی کارکردن، لە بەرزایی تەختە بەندێکەوە هەڵدێردرا و هەرچی مەینەت و قورسایی باری ژیان بوو، بۆ ماڵباتە هەژارەکەیی جێی هێشت. لە جەمسەری دوو شەقامی"بۆڵشایاماروسکا" و "سوراخانسکی" دا کارگایەکی بچووکی دارتاشییان لە بابەوە پێ بڕا، کە برا گەورەکەی ئەژدەر کاری تێدا دەکرد. "ئەژدەر"ی حەوت ساڵانی لە جیاتی چوونی فێرگە و کایە و گەمەی دەمی منداڵی، بەدرێژایی ڕۆژ، ناچار بوو خەریکی هێنان و بردنی دار و تەختە و، ڕاستکردندەوەی بزمارە کۆڵە و گسک لیدان بێت.

باوکیان وەستاکارێکی لێزانی بەننایی بوو. چازانی و سەرڕاستییەکەی لە کار دا، جێگایەکی تایبەتییان بۆ کردبۆوە. لەباری دەسکەوت و ڕمێنی کارەوە بە برەوتر لە هەموو هاوکارەکانی بوو. بە کورتی، لە سەردەمی ژیانی ئەودا، ژیانی بنەماڵەکەی کەمتاکورتێک باش بەڕێوە دەچوو. بەڵام نەخۆشیی باوک و کۆچکردنەکەی، هەرەسێکی ناوخت بوو بە سەر ماڵباتەکەیان داهات. دوای باوک، کوڕی بچووکی ماڵ تووشی ئازاری دەردەباریکە هات و پێی چوو. دوای ئەو، دایکیشیان مرد.

ئەو سەردەمە، دەردەباریکە میوانی بانگهێشت نەکراوی بنەماڵەی هەژاران و لێقەوماوان بوو. تەنگ و تاریکیی کۆختەی کرێکاران لە لایەک و کوێرەوەری و نەبوونی بژیوی تەسەل لە بەرێکی ترەوە، ڕیگای هوروژمی دەردەباریکەی هاسانتر کردبوو. ئەم نەخۆشینە، بەچەشنی جەنجەڕ، گەورە و بچووکی پێکەوە دەئەنجین.

ئەو ماڵەی کە ئەژدەر و برا و براژن و شەش منداڵی وردی تێدا دەژیا، نێوماڵێکی تاریک و شێدار بوو، کە هەتاو لێی زویر و نەدیو بوو. ڕۆژانە، دوای کۆتایی کاری کارگە، لە جیاتی حەسانەوە و دەرکردنی برک و ژانی لەشی کاڵی، دەبوایە حاواندنەوەی چەند برازایانیش وەئەستۆ بگرێت و بەم چەشنە بەشێک لە قورسایی منداڵداری لە سەر شانی براژن سووک بکاتەوە. ئەم چەشنە ڕابواردنە هەتا تەمەنی دوانزدەساڵی بەردەوام بوو. لە دوانزدەساڵیدا فامی کردەوە و هەستی بە سەرکزی و داماوی کرد. پیی خۆش بوو خۆی بە دەریای تاقیکردنەوەیەک دابدات و هەژاری و نەداریی کاکی و منداڵەکانی بە چاو نەبینێت. زۆرجاران بەبێ چێژ کردنی خورد و خواردنێک، لە ماڵ دەردەکەوت و بە شەقاماندا دەخولایەوە و سەری دە گەلێک دوکان و ماڵان دەنا و سۆراغی کاری لێ وەردەگرتن. کار، سواری پشتی شێران بوو و ئەو پێی نەدەگەیی. بەردەوام بەو ئاواتەوە بوو کە ڕۆژێک دابێت و مرۆڤی هەژار لەم ژیانە فەقیرانەیە ڕزگاریی بێت و تۆزکاڵێ بحەسێتەوە.

گەڕەکی کرێکارانی"بیلەجەری"، لە ئاخر وێستگەی شەمەنەفەری "تفلیس ـ باکۆ"وە دەستی پێدەکرد و هەتا وێستگەی ناوەندی شاری باکۆ درێژەی هەبوو. دیمەنی گەڕەکی هەژارانی بیلەجەری لە دورەوە، دەتگوت کولانکەی مریشکانە و بە قوڕ سواغ دراوە. ئەژدەر بە کۆڵانە ورد و وێرانەکان دا هەوراز هەڵکشا و لە شوێنی حەوانەوەی جارانی نزیک بۆوە.

دیمەنی دیواری قوڕین، سەربانی بە هەژگەڵ و هەڵاش داپۆشراوی ماڵی هەژارانی بیلەجەری، لە دڵی بینەری دەدا. درز و قەڵشی لغاوە داپچڕاوی سەربان و دیوارەکان دەتگوت مرۆڤگەلی برسین و دەم بەهاوارەوە وشک هەڵاتوون. قەڵش و کەلەبەری دیوارەکانیان، لە ترسی سەرمای زستانان، بە کۆنکە جلک و بە گژ و گیا ئاخنرا بوو. بەڵام سارده بای«خەزەری» بەم بەرگرتنانە بەریان پێ نەدەگیرا. چارەڕەشیی ئەم مەڵبەندە، وەرزی ساڵی نە دەناسی و لە هەر وەرزێک دا قۆرت و نەهامەتییەکی نوێ ڕووی تێدەکردن. لە وەشتی بەهاران دا وەرزە باران دەی خووساندن و دڵۆپەی بەردەوام ماڵی پڕ دەکردن. لە قەوسی پاییزان دا هاژە و لوورەی گژەبا، لە زستانان دا سەرما و بەستەڵەک و لە هاوینانیش دا گەرما و هەڵمەتووکی نەوت ڕێگای هەناسەی دەشێواندن .

ئەژدەر گەیشتەوە بەردەرگای ماڵەکەی جارانی و دەرگای هۆدەکەی کردەوە. هەڵم و هاڵاو لە ئامێزی گەرمایەکی بۆگەن بەرەو ڕووی هاتن. ژوور لە دەر گەرمتر و دەر لە ژوور ناخۆشتر بوو. خێرا پێخەفەکانی کۆ کردەوە. دوای ئەویکە لە ڕەهۆڵەی دیواری ژوورەکەی دا دەستەوارێکی ڕۆژنامە و شەونامە و گۆڤاری پێچراوەوەی دەرهێنا، بە وردی لە توێی سەرینەکەیدا جێگای بۆ دابین کردن و سەرجەمیانی لە پەشتەماڵێک دا کۆکردەوە و بە شانی دادان. کاتێک کە دەهاتە دەر، دوو کرێکاری بینی کە لە پەسیو کۆخێک دا دانیشتبوون و گەرمی قسەکردن بوون. کرێکارەکان هەرکە چاویان

بە ئەژدەر کەوت ، قاویان کرد. ئەژدەر بە کۆڵبارەوە بۆ لایان چوو. یەکێک لەوان پرسی:

ـ مزەی مانگی پێشینت لە خاوەن کارەکەت سەندووە؟

ـ نەخێر حەمەعەلی!... هەر نەک هیچ ماف و مزەیێکم وەرنەگرتووە، ئەوە دەم بینی خەریکی بارکردنم... ماڵەکەیان پێ چۆڵ کردم و ئیشەکەیشیان لێ سەندوومەوە و خەریکی ڕۆیشتنم.

ئەژدەر کۆڵبارەکەی دانا و لە سەری دانیشت.

حەمە عەلی پاش هەست ڕاگرتن و ڕوانینی دەور و بەرێک، بە ئەسپایی گوتی:

ـ ئەژدەر! گوێ بگرە با پێت بڵێم... بەڵێن بێ ئەگەر من تۆڵەی ئیڤان نیکۆلایوویچ وەرنەگرمەوە، ناوی پیاوان لەسەر خۆم وەلا دەبەم. بڕیار بێ من خۆم خوێنڕێژەکەی بدۆزمەوە و چەشنی سەگ بیتۆپێنم...

ئەژدەر بە سەرسوڕمانەوە قسەکەی لە دم دا بڕی و پرسی:

ـ نەکا بکوژی ئیڤان نەناسیت لالۆ!!

حەمە عەلی ورد تێی ڕاما و گوتی:

ـ نەخێر نایناسم... هەر نەک من، بەڵکە ئەمە و ئەتۆش نایناسن کێیە.

ئەژدەر دەستێکی هاویشتە سەر شانی و بە شێنەیی پێی گوت:

ـ شیبایۆڤ گوژتی باوان گیان!

حەمەعەلی بە زەردەخەندەیەکی مانادارەوە بە سەری داهاتەوە و گوتی:

ـ قسەی بێ جێ مەکە ئەژدەر!... شیبایۆڤ ورەی مامر کوشتنیشی نیە، چ بگا بە مرۆڤ کوژتن.. نەخێر تۆ هەڵەی ئەژدەر! ئیڤان بە گوولەی پۆلیس کوژرا، بەڵام نازانم کامیان بوو کە شەو بچمە جەستەی و بیگلێنم!

ئەژدەر دەهات لە حەمەعەلی توورە ببێت. ڕەنگی ڕوخساری سوور هەڵگەڕا بوو. بەڵام بەسەر خۆی دا زاڵ بۆوە و هێدیانە گوتی:

ـ بە بۆسەدانانەوە و ڕەشەکوژیی سەر شەقامان، شۆڕش بەڕێوە ناچیت. نە ئێمە بە کوشتنی تاک پۆلیسێک سەرکەوتوو دەبین و نە دام و دەزگای سەرمایەدارانیشی پێ دەشەمزێت. نەیاری سەرەکیی ئێمە ئەو سەرمایەدارانەن کە بۆ پاراستنی ژیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هێزی سەرکوتکەری حکومەتی تزاری پڕ چەک و چۆڵ دەکەن. چەک و پارە و هێز و دەسەڵاتی ڕژێم لە سەرمایەدارەکانەوە دابین دەکرێت. میر و بەگ و سەرمایەداران زەلکاوێکن و، تزار و هێزی سەرکوتکەریشی پەخشە و پارازیتی سەر ئەو زەلکەیەن. ئێمە دەبێ زەلکاوەکان وشک بکەین؛ زەلکاوەکان وشک ببن، پەخشە و مێش و مەگەسەکان بۆ خۆیان دەمرن... تێگەیشتی حەمەعەلی ؟!

حەمەعەلی تاوێک ڕاما و دوایە گوتی:

ـ دەروەستیان نایەین... باشاریان ناکەین، بەڵام لە هەلی هەڵکەوتووی بەجێدا یەک یەک و دو دوو لێیان کەم دەکەینەوە. دوویان لێ بکوژین، ئەوانی تر، ترسیان لێ دەنیشێت و دەڕەوێنەوە.
ئەژدەر گوتی:
ـ دەگەڵت نیم حەمەعەلی! ئەوا دیسان بە هەڵە داچووی. شۆڕشگێران مۆرەی ترسنۆک نین کە لە پەنا و پەسیوان دا خۆ مەڵاس بکەن هەتا دەنکێک لە هەزارانی ڕژێم بکوژن. مۆرەیەکی ڕژێم بکوژرێت، سەدانی دیکە لە جێگای دەنکەکە پڕ دەکەنەوە ... ئەشی ئێمە یەکگرتوو بین و ئاگری شۆڕش دەماڵی سەرمایەداران بەر بدەین.
ئەمجارە حەمەعەلی توورە بوو. بە مستی گرێ کراوەوە بە دەوری خۆیدا سووڕا و ڕووی کردە هاوڕیی بێدەنگی خۆی و گرماندی :
ـ بە گیانەکەت ئەمانە دەڵین کە ئێمە دەبێ دەست لە سەر دەست، چاوڕانی پۆلیس و ژاندارم بکەین کە بێن و ماکی تۆرەمەمان ببڕنەوە... دەبێ چاوڕانی یەکگرتن ببین.. کەی؟ کەنگێ؟... نەخێر لالۆگیان، کاتێک کە ئێمەی سێ کەسی یەک دەنگ و یەک هەڵوێست نین، کوا کەنگێ ئەو هێزەت بۆ کۆدەکرێتەوە کە ئاگری شۆڕش دە گیان و ماڵی سەرمایەداران بەربدەن؟... نەخێر کاکی خۆم!.. هەل و دەرفەت نەماوە. من هەڤاڵی گیانی گیانی و نمەک خوردەی "ئیڤان"م و ئەشی تۆڵەی بستێنمەوە.
برادەرەکەی حەمەعەلی بێدەنگ و مات مابۆوە و سەیری هاوڕێیانی دەکرد.
حەمەعەلی دیسان ڕووی دەمی دە ئەژدەر کرد و درێژەی پێدا:
ـ لە سای خاوە خاوی ئێوە و سیاسەتە نەرمەکەتانەوەیە، کە کارگەکان یەک بە دوای یەکدا دادەخرێن... خاوەن کارەگان هیچ ترس و دڵە لەرزەیان لە کەس نییە. داخی دڵ بە کرێکار دەڕێژن و کرێکاریش لە ئەو پەڕی شپرزەیی دایە... ئەی کەوایە چاوەڕوانی چی ببین؟.. یەرکگرتوویی؟! کێهە یەکگرتن؟!... نەخێر برای شیرین ئەم ئامۆژگارییانەی ئێوە سەر و دڵی ئێمە ناگرێ.
حەمەعەلی بەبێ ئەوەی کە چاوەڕانی وەڵامی ئەژدەر ڕابوەستێت، لە جێ هەستا و چاوەکانی لە سەر ئەژدەر چڕ داگرت. ماوەیەک بێدەنگی لە نێوانیاندا درێژەی کێشا. هاوڕێی حەمەعەلی پرسی:
ـ ئەدی دەگەڵ ئەم بێ کارییە چ کەردەن؟
ئەژدەر لە حاڵێکدا کۆڵبارەکەی دەخستە سەر شان، وتی:
ـ من ئەگەر لە کۆلانانیش دا بمێنمەوە و زمانی برسیایەتی دەربکێشم، هەرگیز زمانی سەلماندن بۆ شەرعییەت و ڕەوابوونی حوکمی سەرمایەدار نابزوێنم. بەڵام با ئەمەش بڵێم کە خەباتی چینی کرێکار ڕەشەکوژی و پاڵەوانبازی نییە؛ خەباتی ئێمە وەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسییەتە بۆ چینی کرێکار.

ئەژدەر دوو هاوڕیی کرێکاری جێ هێشت و بە دالانی تەنگەبەری نێوان کۆختەکان دا تێپەڕ بوو. گەیشتە جەمسەری دوو شەقامەکانی پشتی کۆختەکان. ئیتر لێرەوە، فێنکایی بە شەقامەکان دا دەهات و دەچوو. شنەبای ئازاد، ئارەقی ئەژدەری سڕیەوە و گیانێکی تازەی پێداوە. زۆری نەخایاند چۆنیاتۆف لە شەقامی بەرامبەر وەدەر کەوت و بەرەو ئەژدەر هات.

دوای چاک و چۆنی، چۆنیاتۆف بە پێکەنینەوە گوتی :

ـ وا دیارە سڕ و سیپاڵیان پێ فرێ داوی!

ـ هیچ قەیدی ناکا! ئێمەیش ڕۆژمان دێتەوە و ئەودەم دەزانین چلۆن لمبۆزیان دە تۆزی ڕێبازمان وەربدەین.

ـ بەڵێ ڕۆژمان دێتەوە.. ئەمانیش ئەمە دەزانن. مانگرتنی کرێکاران، بەردی بناغەی قەڵای زۆردارانی بزواندووە. هەر مانگرتنێک هەنگاوێکمان بەرەو سەرکەوتن دەبات. نەترەی نەیارانمان بەم سەرهەڵدانانە تەقیوە...

ـ هەزار دەرد و مخابن بۆ ئیڤان.. لە کاتێکی هەستیار دا لە کیسمان چوو؛ وەختەکەی بێ وەخت بوو...

ـ چ کەردن ئەژدەر! ئەم ڕێبازە بە خوێنی یارانمان ئاوپژێن دەکرێت.

ماوەیەک بێدەنگ مانەوە . دوایی ئەژدەر باسی حەمەعەلی بۆ چۆنیاتۆف گێڕایەوە. چۆنیاتۆف پرسی:

ـ کامە حەمەعەلی؟... نەکا مەبەستت حەمەعەلیی قەرەباغی بێت!

ـ بەڵی خۆیەتی.

چۆنیاتۆف چەند جاران ناوی حەمەعەلی لە ژێر لێواندا گوتەوەو ئەمجار ڕووی کردە ئەژدەر و گوتی:

ـ هاتەوە بیرم!.. چەند ڕۆژ لەمەوەبەر کۆمەڵیک کرێکار لە دەوری "شەنتۆکۆف" گرد ببوونەوە و خەریکی سرت و خورتان بوون. "حەمەعەلی"ش دەگەڵیان بوو. ئەوانە تاقمێکن بە شوێن پەساوێک دا دەگەڕێن کە توندی و تیژی لێ ساز بکەن و ڕەشە کوژی و پاڵەوان بازی وەڕی بخەن. نیازیان گێرەشێوێنی و شێواندنی بار و دۆخەکەیە بۆ دەستەبەر کردنی بۆچوونی خۆیان. ئەمانەش هەر وەکی ئێمە کرێکارن، بەڵام وریابوونەوەی کرێکار و یەکڕیزبوونیان پێ هەوایە و، سەرهەڵدان و مانگرتنیان بەلاوە گرنگ نییە. جێی داخە کە ڕێبازی ئەمانە ئاکامێکی دژ بە ئێمەی لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە ئەوەندەی بۆمان بکرێ، دەبێ ناوەرۆکی ناڕەسەنیان دەربخەین و وریایان بکەینەوە. ئەرکی کادێرە سیاسییەکانمانە کە لەم هەلومەرجە ناسەقامگیرەدا دا خەڵکی بێ ئاگا وەخەبەر بێنن و دەراوی درۆیینی "شەنتۆکۆف"ییەکان خاو بکەینەوە...

ئەژدەر بێ سەبرانە قسەی لە دەمی چۆنیاتۆف ئەستانەوە و لێی پرسی:

ـ سەبارەت بە ئەندام بوونی من چیت پێیە؟ ئاخۆ هەواڵان وڵامی ئەرێنییان پێداومەتەوە ؟!
پیۆتر بە زەردەخەندەوە گوتی:
ـ من هەر سەبارەت بە ئەو مەسەلەیە تۆم کێشاوەتە ئێرە... بەڵێ سبەی دەچیتە لای غولام.. دیارە مەبەستم ماڵی "غولام"ە ، نەک کارگە... کارگەکانی "خاتیسۆڤ"یش دوای مانگرتنەکە پاڵیوراون و غولام و زۆربەی کرێکارانی تێکۆشەر لە کار دەرکراون.
ئەژدەر بە نیازی پرسیارێک دەمی کردەوە ، بەڵام چۆنیاتۆڤ لە سەر قسە بەردەوام مایەوە و گوتی :
ـ بەڵێ سبەی دەچیتە لای هاوڕێیان و چارەنووسی ڕێبازەکەت دیاری دەکرێت. دەسا با ئەمەش بڵێم کە هاوڕێیان بە گشتی لێت دڵنیان. ورەی بەرز و سروشتی توێژەری وردبینت، داهاتوویەکی ڕوونی سەرکەوتووانەت بۆ دابین دەکات. دڵنیام زۆر ناخایەنێت کە پلەی زانست و وریایی ڕوانگەییت هەر هێندە بەرز هەڵدەکشێت، کە دەبی بە جێگای شانازیی گشتمان. کاتێک چوویتە لای غولام، دەگەڵ کۆڕی هاوکار و هەڤاڵانیش ئاشنا دەبی.
ئەژدەر بە خرۆشێکی پڕ لە خۆشی ، پرسی:
ـ دەگەڵ کامە هەڤاڵان ؟!
ـ پەلە مەکە ! سبەی بەیانی شان بە شانیان دادەنیشیت و دەگەڵ یەکایەکیان دەبیتە ناسیاوێکی هەتا سەر.
چۆنیاتۆڤ خوشەویستانە دەستی ئەژدەری گوشی و گوتی:
ـ من و ئیڤان نیکۆلایوویچ لە کاتی خۆیدا ناساندوومانی و لە هەر باتێکەوە دڵنیامان کردوون کە جێی باوەڕی.
ئەژدەر بە سەرسووڕمانەوە پرسی:
ـ تێنەگەیشتم! نەکا لێم دردۆنگ بووبن و ئێوەیش ناچار بووبن دڵنیایان بکەن!
چۆنیاتۆڤ تێی ڕاما و گوتی:
ـ کەس لێت دڕدۆنگ نییە، بەڵام نهێنی کاری پێی دەوێت و دەبێ ژیر و وریا بین. لەوانەیە پرسیارم لێبکەیت کە ئاخۆ بە چ کەسێکم ناساندووی! من پیت ناڵیم ، بەڵام دواتر وڵامی گەلێک پرسیارانت بۆ ڕوون دەبێتەوە... ئێستاش کە لێک هەڵبڕاین، هاموشۆت بۆ ئەم مەڵبەندە کەم بکەوە. نەکەی لەبیری بکەی کە گشت دەم و کاتێک ئەگەری ئەوەمان لە سەرە تووشی کارەسات ببین... هەمیشە سێبەری شاباڵی فریشتەی ئاسمانان بە سەرمانەوەن و ئەگەر کەمترخەم بین، بەرەو بارەگای خودا ڕەپێچەک دەدرێین.
ئەژدەر لە وڵامی مەتەڵۆکەی چۆنیاتۆڤ دا گوتی:
ـ کەوایە ئاسمانیش لایەنگیری "شیبایۆڤ"ەکانە!

ـ بەڵێ، بەڵام ئاسمانی بۆشی بێ هەست لایەنگری ئەوانە و هەردی بەرینی پڕ ڕەوت و هەراش یارو یاوەری ئێمەیە. دڵنیابە، هەرچی بەرزەفڕتر و سەرەڕۆتر بن، ڕۆژێک دادێت و لمبۆزیان دەکەوێتە ژێر تۆزی ڕێبازمانەوە.
بە دەم پێکەنینەوە ماڵاواییان کرد و لێک هەڵبڕان.

چۆنیاتۆف ئارام لە سەرگەی کۆڵانێکەوە تێپەڕ بوو و ئەژدەریش بە کۆچباری لاشانەوە بەرەو ماڵ وەڕی کەوتەوە. ماڵەکەی ئەژدەر هەر بە ناو ماڵی ناو بوو. لە ڕاستیدا چەشنی کۆنە ئاورگی ساردەوەبووی هەواری کۆچکردوو، یادگاری ڕۆژانی ڕەشی بنەماڵەیەک بوو کە لەمێژ بوو لێی دوور کەوتبۆوە .

پاش ئەوەی سێ برازای کاڵ و منداڵی بە هۆی نەخۆشینی دەردەباریکە گیانیان لەدەست دا، کاکی ئەژدەر لە مەراقی کۆچی ساوایانیدا پەنجەی دەستێکی لە کاتی کارکردن دا کەوتە ژێر پەڕەی تیژی مەکینەی دارتاشی و لە کار کەوت. بێکاری و هەژاری دەرەتانیان لێ ئەستاند و لە ناچارییان دوکان و هەرچی تێیدابوو هەرزان فرۆشی کرد. چاوەخانوویەکی تاریک و تەڕ و شیداری، کە لە گەڕەکی "داغلی" هەیان بوو، بۆ ئەژدەری جێ هێشت و دەگەڵ ژنەکەی ڕێگای دوورە شارێکی ئازەربایجانیان گرتە بەر و ڕۆیشتن .

ئەوا دوای ماوەیەک دووری، ئەژدەر بەناچاری بۆی دەگەڕیتەوە و بەنیازە هۆدی چۆڵ و تۆز لێنیشووی ئاوەدان بکاتەوە.

گەڕەکی "داغلی" هەر بە ناو بە بەشیکی شاری باکۆ دەناسرا؛ لە ڕاستیدا کۆنە پەڕۆیەکی نارێک بوو کە زۆر ناشارەزایانە لە داوێنی شاری باکۆ پینە کرابوو. گەڕەکی داغلی، لە سەر گردێکی تووڕی ڕووتەنی دوور لە ئاوایی، تەریک مابۆوە. ماڵ و خانووەکانی گەڕەکی داغلی وەک پەلەوەری برسی، لێرە و لەوێ هەڵکرووژمابوون. هوەدەکانیان بێ حەوش و حەسار، ماڵەکانیان بێ جام و پەنجەرە و دیوارەکانیان قوڕین و داتەپیو بوو. لافاوی سەرەبەهاران ئاودڕگەیەکی قووڵی لە نێوان دوو داوێنی گردەکە داتاشیبوو. لە بەشی خوارەوەی گردەکەوە،کوێرەڕێگایەکی هاتوچۆی ڕێبوارانی لێ ساز ببوو. دانیشتووانی گەڕەکی داغلی، بۆ ئەو ڕێگاوبانە ناوی "داردانیل"یان دەکار دەهێنا. چونکە هەر وەک گەرووگەی "داردانێل*" تەنگەبەر و بە چەشنی داردانێل، کە سەربازە تورکەکان خەریکی تەق و ڕەو و ڕاوە ڕووتکردن بوون، لە داردانێلی گەڕەکی "داغلی"ش دا خەرتەل و داڵاشی زەنگوڵە لە ملی خاون کارگە و کانگاکان خەریکی ڕێ بڕین و سەربڕین بوون. لە ئاوەکانی داردانێل دا ساڵ نەبوو چەند گەمێ ژێر ئاو نەکرێت و لە داردانێلی گەڕەکی "داغلی"ش دا ساڵ بە بێ کوژرانی چەند کرێکار و ئەتک کردنی چەند کەسێک، نوێ نەدەکرایەوە .

*ـ داردانێل = باریکە ئاوی نێوان دوو زریێی " بۆسفۆر" و "ئێژە"یە . گەرووگەی داردانێل، بەشێک لە خاکی تورکیا لە ئاسیا جیا دەکاتەوە و دەیخاتە بەشی ئەوروپاوە .

هەر ئەو جۆرەی کە بارەگای ئیمپراتوریاکانی "ئێران" و توکیا لە گشت چاخ و زەمانێک دا بۆ سەرکوتانەوەی تێکۆشەرانی ناو کۆمەڵگا، تاقمێکیان گەندەپیاوی شڕ و دڕ ڕادەگرت و وەک قوڵەچۆماغ دەکاریان دەکردن، خاوەن نەوت و ساماندارانی "باکۆ"یيش، بە نیازی قرخەبڕکردنی هەست و هەناسەی شۆڕشگێران، ڕەشەکوژانیان پەروەردە دەکرد.

ئەژدەر لە داردانێل تێپەڕی و سەربەرە ژوور، شەقامێکی پڕ کەند و لەندی گرتە بەر و بە ڕێگای کۆڵانێکی باریک و ناڕێک دا بەرەو ماڵ چوو. لە ئاخر ماڵەکانی کۆڵانەکە دا، لە بەر دەرگایەک ڕاوەستا. ماڵێکی بچووک، کە سەرجەم پانایی و بەرینایی حەوش و نێوماڵەکەی هەشت ـ نۆ مەترێک زیاتر نەبوو، دەرگاکەی کردەوە و لێی وەژوور کەوت. خانوویەکی دوو نهووم، بە دوو دەرگای شەق و شڕ و دیواری بەلاداهاتوو، یادگاری ژیانی بنەماڵەیەک بوو کە ئێستا ئەژدەر خاوەنییەتی. ماڵەکە لەمێژ بوو چۆڵ و بێ هامووشۆکەر بوو. بەهۆی چۆڵ مانەوەی، لە دوورەوە بۆ برشی لێوە دەهات. ئەژدەر کۆڵبارەکەی لە سەر کۆنە قەرەوێڵەیەک دا کردەوە و پەرتووک و شەونامە و ڕۆژنامەکانی لە ژێر تەختەپۆشی ڕفەی بەرزی ماڵەکە دا تاقەت کرد. کۆنە ڕاخەری ژوورەکەی خستە سەر شان و لە حەوشەوە بە پەیژەیەک دا وە سەربان کەوت. دیمەنی بەشێک لە شار لە سەربانی ماڵەکەیەوە دەبیندرا. خۆر بە چەشنی ساجێکی مەزنی سوورهەڵگەڕاو، لە کەلی ئاسۆگەوە نزیک ببۆوەوە و پاشکۆی تیشکی هەتاو، پاشەبەرەیەکی کزی بێ تاقەت بوو کە بەرەو ئاوابوون دەچوو. ئەژدەر کۆنکە ڕاخەرەکەی لە سەر قیرەتاوی بانەکە ڕاخست و دانیشت.

بەرەبەرە لێڵایی ئاسمان ڕەش داگەڕا. تاک و تەرا، ئەستێرەکان لە ئاسمانی شاری باکۆ دەرکەوتن. لە ڕاستە کۆڵانەکان و سەرگەی شەقامەکاندا چرای گازی داگیرسان. بەشێک لە دەریا خەزەر لە ڕوانگەی سەربانەکەوە دەبیندرا؛ دەریای خەزەر لە لاشانی شاری باکۆوە شەپۆڵ داوێژت.

باکۆ شاری نەوت و پیتاک، کە لە لایکەوە کۆختەی خێڵی هەژاران و لە بەریکەوە هۆڵ و هۆدی ڕازاوەی سامانداران لە داوێن نیشتووە، لە تاریکانیی سەری شەو دا دێ لە بەر دیدی ئەژدەر نەدیو ببێت.

ئەژدەر، نیگای چاوی لە سەر تارما ڕوونکەی دوورەدەستانی باکۆ ڕاگواست و لە بان هاتە خوار. دوو ڕۆژ بوو بە نیاز بوو سەرێک لە ماریا و ڤەرا هەڵ بێنێتەوە، بەڵام لە ڕۆژی ڕووناک دا لە بەر چاوی چەقەڵ و ڕووتەڵە ڕێویی سەر بە دەزگای پاراستن بۆی نەدەکرا ئەو کارە بەجێ بگەیەنێت. هەربۆیە سەبری گرت هەتا هەوا کەمێکی تر تاریک بێت.

لە جەمسەری دوو شەقامی "بازارنی" و "سپانسکی"، لە زارکی کۆڵانێک دا ڕاوەستا و دوای تاقیکردنەوەی دەرور و بەر، لە دەرگای ماڵێکی بنەبانی کۆڵانەکە نزیک بۆوە

و لە دەرگای دا. زۆری نەخایاند بە دەنگی جرینگەکەوە ماریا هات و دەرگای لێ کردەوە.
ـ ئەوە ئەتۆی ئەژدەر گیان؟!
ماریا لە بەرەوە و ئەژدەر بە شوێنی دا چوونە ژوور. دانیشتن و چاکوچۆنییان کرد. شەکەتی و شکاوەیی لە جەستە و ڕوخساری ماریا دا دەخوێندرایەوە. کووز و گنجی لاچاوەکانی بەرەو ڕوومەتەکانی داخزیبوون. پشتی چەماوەوەتر لە جاران دەهاتە بەر چاو.
ـ هاتم بزانم وەزع و حاڵتان چۆنە پوورە ماریا!
ماریا خەمناکانە وڵامی دایەوە:
ـ جگە لە ئیڤان، هیچ کەموکووڕییەکمان نییە کوڕی خۆم! ... دوای مەرگی ئیڤان نە شەوم شەوە و نە ڕۆژم ڕۆژ... لە گریان بەدەر هیچ کارێکم لە دەست نایە...
ـ دەبێ سەبرت بێ پوورە گیان!
ـ سەبر؟!.. سەبر هەتا کەی کوڕم ؟
پاش تاوێک دانیشتن، ماریا ڕووی دەمی کردە ژوورەکەی تر و قاوی کرد:
ـ ڤەرا! ... ڤەرا وەرە ئەژدەر هاتۆتە سەردانمان... وەرە کچم!
ڤەرا هاتە ژوور. بە بینینی ئەژدەر، سەرگۆنا ڕەنگ پەڕیوەکانی سوورایییەکی مەیلەو ئاڵیان لێ نیشت و لێوەکانی بە زەردەی پێکەنین کرانەوە. لەش و لارەکەی بە پۆشینی جلکی ڕەشی درێژەوە، کەمێک ئاماڵ باریکتر دەهاتە بەر چاو .
لە چاکوچۆنی دابوون کە کیژۆڵەیەک بە شوێن ڤەرا داهات؛ کچێکی تورکی ئازەریی کۆک و پۆشتە. هەرکە چاوی بە ئەژدەر کەوت، پەچەکەی بە ڕوو دادا و لە ژوور دەرکەوت.
ئەژدەر لاوێکی شەرمێونی کەمڕوو بوو. هەتا دەهاتە ماڵی ئیڤان، زۆر کەم و بەدەگمەن قسەی دەکرد. بەتایبەت کە دوای لە دەستدانی ئیڤان، لە جارانیش بێدەنگ تر ببوو. هەربۆیە هاتنی دەستەخوشکەکەی ڤەڕا و چوونە دەریانی بە بێدەنگی بەڕێ کرد. دوای تاوێک ڤەرا گەڕایەوە و بەرامبەر بە ئەژدەر لە سەر کورسیلەیەک دانیشت. ئەژدەر دوای کەمێک بێدەنگی، سەری هەڵێنا و گوتی:
ـ ڤەراگیان ئەو کچە کێ بوو؟
ڤەڕا بە هەوادەنگێکی کپی پڕ مەراقەوە گوتی:
ـ ئامینە ناوێتی. کچی میرزا حسێن ـ ی دراوسێمانە... دوای مەرگی باوکم، زوو زوو دێتە سەردانم بۆ دەمێکیش جێم ناهێڵێ... خەمخۆر و هاودەمێکی باشە بۆمان.
ماریا لە دەمی چوونە دەر و جێ هێشتنیان، ڕووی کردەوە ئەژدەر و گوتی:
ـ ئەژدەر لەمێژە لێمان ونی. تەواو نیگەران و چاو لەڕێی هاتنت بووین. بە خۆم دەگوت کە نەکا ئەژدەر لەبیری کردبین!

ـ چۆن وادەبێ پوورە ماریا؟ من و ئێوە لەبیر کردن؟ .. قەت ئەمە ڕوو نادات. بەڵام گیر و گرفت ئەوەندە زۆرن، بۆم نەکراوە تەنانەت جارێکیش بێمە شار. کارگەکان دوای مانگەتنەکان داخراون. منیش کە ئەندامی بەڕیوەبەری مانگرتنەکان بووم، لە کار دەرکرام. دوای مانگرتنەکان، شیبایۆڤ دووبەش لە بەشەکانی هەرە گرینگی کارگە و کانگاکانی خەواند و ژمارەیەکی یەکجار زۆری کریکار لە کار دەرکرد. ئەوە چەند ڕۆژێک بوو دەگەڵ خاو و خێزانی هاوکارەکانمان لە یەک شوێن دەژیاین. هەر ئەمرۆکەش کەل و پەلەکەم ڕاگواستە گەڕەکی داغلی و کۆنە یادگارەکەی ماڵباتی خۆمانم ئاوەدان کرەوە.

ماریا دەگەڵ هەڵکێشانی هەناسەیەکی خەمبارانە گوتی:

ـ ئەمەش قۆرتێکی تری سەر قۆرتان.. ئەدی ئێستا بە نیازی چی؟ دەزانم ئەم سەر و بەندەش وەدەست هێنانی کار گەلێک گرانە.

ـ بەڵی وایە! هەرچی دەرگای بژیودەرە بە ڕووی کرێکار گاڵە دراوە... بەداخەوە ئیڤان بە لامانەوە نەماوە، هەر بۆیە من کلۆڵتر لە جارانم.

ماوەیەک بێدەنگ مانەوە. دەنگی ڤەڕا بێدەنگییەکەی شکاند:

ـ ئەدی لەمەولا چی دەکەی؟

ـ هەر لە سبەی بەیانەوە بە شوێن کار دا دەگەڕێم. دەبێ کارێک هەر بدۆزمەوە. بە بێ کاری ناچیتە پێش.

ئەوسا ڕووی کردە ماریا و درێژەی پێدا:

ـ پوورە ماریا ! من بۆ ئیڤان کوڕێک بووم، ئێستێ کە ئەو لە ناوماندا نەماوە، من نەگۆڕاوم و هەر ئەو کوڕەکەی جاران، بەڵکە زیاتریشم. ئەو ئەرکەی لە سەر شانمە ئازیزی ڕادەگرم و قەت ناهێڵم ئێوە تووشی نەهامەتی ببن...

ئیتر نەیتوانی چیدی درێژە بە گوتن بدات. ماریا لێی نزیک بۆوە و خۆشەویستانە دەستەکانی گرتن و گوتی:

ـ بۆمان بمێنی ئەژدەر! منیش هەر حیسابی کوڕێکم لە سەر کردووی، بەتایبەت کە ئیڤان لە ناوماندا نەماوە ئازیزتری. بەڵام کوڕی خۆم دەرخەمی ئێمە مەبە؛ پەژارە و خەم هەرچی هەبێ من وەرمگرتووە و ئیتر پەکم بە هیچ ناکەوێت. ئێمە سەری خۆمان ڕادەگرین و تێدەکۆشین کەمایەسیمان کەمتر ببێتەوە... دڵنیابە ڤەرا کارێک دەدۆزێتەوە و منیش بێکار دانانیشم.. هیچ خەمێکی پێ ناوێ... دانیشە با چاییت بۆ بێنم...

ـ نەء پێویست ناکا پوورە ماریا چایی ناخۆمەوە... من بە پەلەم و دەبێ بڕۆم. خۆت دەزانی گەڕەکی داغلی تۆزێ خەتەرە و زووتر دەبێ بگەمەوە ماڵ.

ـ باشە ئێستێ کە بە پەلەی من قسەم نییە، بەڵام هەتا لە دەستت هات و توانیت، سەرمان بدە؛ دڵمان بە دیتنت دەگەشێتەوە.

ماریا پاش ماڵاوایی لێکردن، ئەژدەر و ڤەرای جێ هێشت و چوە ژوورەکەی تر. ڤەڕا و ئەژدەر کپ و مەنگ تێکڕامان. سەر و سیمای ڤەرا بە ڕەنگی مات و بە خەرمانەی خەمی قورسەوە، کز و لاوازتری دەنواند. بەژن و باڵاکەی لە تویێی کراسی ڕەشی هەتا بەر پێیەوە، بەرزتری نیشان دەدا.

ـ ڤەرای خۆشەویستم! تۆ ناشی هێندە خەمبار بی. دوور لە گیانت ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ لاوازتر دەبی. تۆ ئەگەر بە خاتری پوورە ماریاش بێت، دەبێ ئاگات لە خۆت بێ . خوانەکردە تووشی دەرد و ئازارێک ببی، خەمی سەر دڵەکانمان هەزار جار زیاتر دەکەیت. دەبێ ئاگات لە خۆت بێ.

ڤەڕا لە ناخی دەرونەوە ئاخێکی کێشا و گوتی:

ـ بەبێ ئەمەش دایکم بە قەدرایە کێوێکی خەم لە دڵ بارە.

ـ ئەم کێوە قورس و بەردینانە سەرەنجام دەتوێنەوە. ڕۆژێک دادێت و تۆڵەی هەرچی خەم و دەرد و مەراق و خوێن و فرمێسکە بستێندرێتەوە... خەم دات نەگرێ ئازیزی من.. ڕۆژی حەسانەوە و بەختیاریمان لێ نزیکە. سەرکەوتن بە ئێمە دەبڕێ.

دڵی ڤەرا لە جۆش و خرۆش دابوو. سەر پەنجە شووش و باریکەکانی نا ئارام دەگەڵ ڕیشوەی دوو سەری دەسرۆکەی لاشانی لە کایە دابوون. بێدەنگ و مات دوو چاوەکانی لە چاوەکانی ئەژدەر چەقیبوون. ئەژدەر دەستەکانی گرتنە ناودەست و بە چەشنی وتاربێژێک کە خۆی بۆ گوتن ئامادە بکا، هەوا دەنگی گۆڕین و گوتی:

ـ ڤەڕا... !

بەڵام چاو لە چاو دا مانەوە و سەرچاوەی ئاخافتن و گوتنی لێ وشک بوو. دڵی هەر دووکیان پڕاوپڕی گوتن بوو، بەڵام هەیهات، ڕستەیەک کە بکرێت ڕاز و نیازی دڵ و هەستی دەروونیان بهۆنێتەوە، دەست نەکەوت.

ڤەڕا گوتی:

ـ ئەژدەر بە نیاز بووی چیم پێ بڵێی؟ بۆچی بێدەنگ مای ؟! بۆچ قسەت لە دڵ دا ڕاگرت؟ دە پێمە بڵێ ئەژدەر!

ـ ڕاستە! ڕاستە من قسەم دە دڵدایە، بەڵام بۆم نایە ڤەڕا گیان!

ئەژدەر ڕەنگی گۆڕابوو. ڤەراش لەو خەراپتری بەسەر هاتبوو.

کاتێک کە ماریا گەڕایەوە لایان، ئەژدەر لە جێگا هەستا و دوای ماڵاوایی کردن، لێیان هەڵبڕا و بە هەڕەمە وەدەرکەوت و ڕۆییشت.

****

# 6

غولام لە مەڵبەندی "ئیچەری شاری*" دەژیا. دەور و بەری "ئیچەری شاری" ، کۆنە قەڵا و دیواری ڕووخاوی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاستی هەر پێوە مابوو. ماڵی غوڵام لە کۆڵانێکی تەنگەبەر و پێچەڵپێچی "ئیچەری شاری" دا هەڵکەوتبوو. ئەو کۆڵانەی کە ماڵی غوڵامی لێ بوو، هەر هێندە کەند و لێژ و هەزار پێچەکە بوو، نەدەکرا بڵێی سەر بە کێهە گەڕەکی "ئیچەری شاری" یە.

سەر و سەردەمانێک، "ئیچەریشاری" تەواوی شاری باکۆی لە باوەش دابوو؛ واتە باکۆ ئیچەری شاری و، ئیچەری شاری، شاری باکۆ بوو. بەڵام ساڵانی ئاخری سەدەی نۆزدەهەم و لە دەسپێکی شۆڕشی پیشەسازیدا، شاری باکۆ لە سای دۆزینەوەی پەترۆل و گەشەسەندنی تەکنیک، لە بەر یەک کشایەوە و ئیچەری شاری لە ناو کەونە دیواری کەڤنارانی دا، لە کاروانی شارستانییەت جێما .

بەسەرهاتگەلێکی کە لێرەدا باس دەکرێت، ڕووداوەی ساڵی ۱۹۰۱ی زاینییە. ئەو ساڵ و ئەو سەردەمە، دەگەڵ پەرەگرتنی پیشەسازیی پەترۆڵ و زەو و زووی بەرەی ئادەمیزاد، شاری باکۆ تەشک و داوێن بەرفرەتر دەکاتەوە و لە دەشتاییدا پەل و پۆ داوێژێت. باکۆ دەبێتە مەکۆی دوو کۆمەڵگای دژ بەیەک؛ بەهەشتی ساماندارا ن و جەهەندەمی نەداران و هەژارەکان. پێ بە پێی دۆزینەوەی کانگا نەوتی نوێ، کۆخ و کۆختەی هەژارانیش پەرە دەستێنێت. لەم بەرەی شاری باکۆ دا کۆشک و دیوەخانی خوداوەندانی خاون چاڵە نەوتەکان بەرز تێهەڵدەچێتەوە و لەو پەڕی شاریش خانووی قوڕینی کرێکاری زیاتر و زیاتر دەبێت. لەم بەرەوە، شەقام بە دوای شەقام ڕادەکێشرێت و دوو بەری شەقامەکان بە هەمە چەشنە هۆڵی مەزنی نوێنگە و دوکان و ماڵ دەخەملێت و لەم بەرەشەوە کۆڵانی پێچەڵپێچ زۆرتر دەبێ.

---

* ئیچەری شاری = ناوی کۆنە گەڕەکێکی شاری باکۆیە و هێستایش هەر بەم ناوە ماوەتەوە.

لە مەڵبەندە تازە سازکراوەکاندا بە"قونقا*"کان ماڵ و ماڵباتەکان ڕادەگوێزن. لە دەمی ئێواران و سەری شەو دا چرای گازی دادەگیرسێنن و ڕوناکی دەخەنە سەر شەقامەکان. شەقامەکان لەبەر حەشیمەتی زۆر ژاوەیان دێت.

ماڵی ساماندااران لە گەڕەکە تایبەتەکاندا غەرقی نوورن و نیشتەجێیانیشیان سەرخۆشی شادی و سرورن؛ بە پێچەوانە، تاخی هەژاران بە خانووی نزمی قوڕین و هۆدەی بێ جام و شووشە، لە تاریکانی دا گوم و، دانیشتوانیان گیرۆدەی دەیان دەردن. کرێکاری هەژاری بە سۆغرەگیراو، هان و هەناسەی تێڕامانی کۆشک و سەرسەرای سامانداارانی نییە. بە درێژایی ڕۆژگار، لە کاری لەش تاوێن دایە و دەرفەتی سەر هەڵێنان و سەیرکردنیشی نییە. ئەوەی هەمیشە هەستی پێدەکات، قورسەکی سەر شان و ملی خۆیەتی و بەس.

شار، بە هەموو کەشم و ڕازاوەیی خۆیەوە بە دەستە دڵۆدارەکانی کرێکاری ڕەنجەڕۆ ساز دەکرێت و ڕەنگی ژیانی لێ دەنیشیت، کەچی هەرگیز هیچ بەهرە و بەرهەمێک لەو ڕەنجە بێ سنووره ناچێژێت. بە تێهەڵچوونەوەی سات و سەودای سەرمایەداران و پڕ بوونی هەگبەکانیان، باری شان و ملی کرێکاران قورس و گرانتر دەبێ. کۆشک و سەرسەراکان، شەقام و سەیرانگاکان، هۆڵی سەماگە و قومارخانەکان بەرە بەرە تێهەڵدەچنەوە و بە گشتی گازەرای پشتی زەحمەتکێشان دەهاڕن.

کارگە و کانگاکان چەشنی قارچکی زەمەندان هەڵدەتۆقن. بینای نوێ لە دەم چەم و ڕوبار و ڕۆخی دەریایان سەر بەرز دەکەنەوە و شان بە شانی ئەوان، مەڵبەندی کرێکاری هەژاری بەلەنگازیش لە دەور و بەری چاڵە نەوتەکان ڕێچکە دەبەستن.

ئەژدەر بەرە بەیانی سبەی ئەوێ ڕۆژێ لە ماڵ دەرکەوت و پاش تێپەڕکردنی کۆڵانە پێچەڵپێچەکان، گەیشتە ناوەندی شار. لێرەوە، شەقامەکان مەزنتر و بەربەرینتر و پڕ لە ڕێبوارترن. ئەمبەر ئەوبەری شەقامەکان خانووبەرەی تازە ساز کراویان تێدا ڕاکێشراوە کە بە دراوی ساماندارانی نوێ گیرفانی تازەکیسە ساز کراون. خانووبەرەکان ناوەرۆک پووک و بێ مایەن، بەڵام بە دیمەن خۆش کەشم و ڕازاوەن و کڕیار هەڵخەڵەتێن. ئەم بەشەی کەوا ئەژدەر هەر ئێستێکە لێی تێپەڕ دەبێت، سنووری نێوان باکۆی کۆنی وێرانە و شاری باکۆی خۆش تەرزی تازەیە .

بەر جام و پەنجەرەی پیشانگا مەزنەکان و دار و دیواری ماڵەکانیش بە هەمە چەشنە ئافیش و بانگەوازی شەریکە بازرگانی و کۆمپانیاکان خەملێندراون. بەر دەرگا و بەربێڵای کابارە و سەماگە و مەیکەدە و مەکۆی حەسانەوە و شەونوخونکێشی بێ خەم و خەیاڵی شەوگارانیش بە هەمە چەشنە پۆستەر و ئافیش و وێنەی زەق و

---

*ـ قونقا = چەشنە داشقیەک بووە کە بە ئەسپ یان بە هێزی موتوڕ بەسەر هێڵی ئاسن دا هات و چۆی کردوە.

ڕووتی ئەڤیندارانە ئالاپێچ کراون. لات و لووتانی پەپاغ ڕەش، بە سنگ و باسکی ڕووت و دەمانچەی بەرۆکیان لە بەریێک و، لە لایەکی دیکەوە خێڵی سەوداگەرانی ئەورووپی کە بە بەرامەی نەوتەوە ڕژاونەتە شاری باکۆ، دیمەنێکی سەیریان بە شار بەخشیوە. ملیۆنەرە چاوسوورەکان خۆیان بە خوداوەندانی چارەنووس سازی هەژاران دەزانن و لات و لووتە شەڕفرۆشەکانیش پێیان وایە بەڕێوەبەرانی فەرمانی پیرۆزی ئاسمانین بۆ سەرکوتانەوەی تاوانبارانی سەر زەوی .

کاتێک ئەژدە شەقامەکانی تێپەڕکردن و لە دەروازەی "قوشقالا"وە پێی نایە ئیچەری شاری، پێی وابوو لە دنیای ڕازاوەی سەدەی بیستەمەوە، یەکجێ کەوتۆتەوە ناو جیهانی تەنگ و تاریکی سەدەکانی نێوڕاستەوە. هەستێکی نەگبەتی سەیری لە دڵدا نیشت .

سەردەمی کۆن، دەروازەکانی "ئیچەری شاری" بە قفڵ و کلیلە و گۆڵەی گران گاڵە دەدران. دارۆغە و شەوگەڕ و هەسەهەس و پاسەوان، ئێشکچیی ڕێگاو بانان بوون و، یاساوڵ و گزیرەکان هەستی سەر و ژێرانیان ڕادەگرت. هەمووی ئەوانە بۆ ئەمە دەکار دەکران کە نەوەک خانی خوێنخۆری باکۆ خەوی شیرینی لێ بڕاسێت. بەڵام ئیتر ئەمڕۆ ئەم بەزم و باوە نەماوە و دەروازەکان گاڵە نادرێن. ئەم سەردەمە ڕایەڵەی کوچە و شەقامەکان چەشنی باریکە ئاوی شەتاوان سەر و خواری وڵاتیان تێک لکاندووە.

ئەژدەر، لەمێژ ئاشنای کوچە و کۆڵانەکانی ئەم مەڵبەندەیە. کۆڵانە باریک و تەنگەبەرەکانی تێپەڕکردن و لە بەردەرگای ماڵێکدا ئیستێکی گرت و وریا و بە پارێزەوە پێی نایە حەوشە بچکۆڵانەکەی و، لە داڵانێکدا بەرەو سەر چوو .

ئێرە، ماڵی "غولام" ە. غولام لە دوو هۆدەی بچووکی تەنگ و تاریکدا دەژی. ئەکبەر، تاقانەکوڕی چواردەساڵانەی غولام دەرگای کردەوە. ئەژدەر لە پێشخانەیەکی پوخت و پاراو گوزەرا و دەرگای یەکەم ژووری کردەوە. غولام لە بنەبانی ژوورە تاریکەکەوە بانگی کرد:

ـ کێیە؟

ـ منم!... ئەژدەرم!.. غولام های لە کوێ ؟

ـ ئەژدە کەرەم کە وەرە ژوورەکەی تر، ئەوە منیش خۆم کۆدەکەمەوە و دێمە لات.

ئەژدەر ڕووی کردە ژوورەکەی تر. باش بوو ئەو هۆدەیە پەنجرۆکەیەکی بچووکی لە سەر ڕفەی نزیک بە میچی ژوورەکە دا بۆ سازکرابوو. سیسە ڕووناکاییەک لە دەر دەهاتە ژوور و دەکرا شتومەکی ژوورەکە لێک بکەێتەوە. هەرکە ئەژدەر وەژوور کەوت، دوو ژنی چارشیو بەسەر لە بەر ئەژدەر هەستانە سەر پێ. دوا بەدوای ئەژدەر، خێزانەکەی غولامیش وەژوور کەوت. دوای چاک و چۆنی و بەخێرهێنانی ئەژدەر، دەگەڵ دوو ژنە چارشێو بەسەرەکان لە سووچێکدا دانیشتن و بە دەم سرت و خورتەوە خەریکی بەزمی خۆیان بوو.

ئەژدەر بە دەم دانیشنەوە بیری کۆن بە مێشکی دادەهاتن. بیری ئەو ڕۆژانەی هاتبوونەوە یاد، کە بۆ یەکەمجار ناسینی غولامی بۆ ڕوخسابوو. دەگەڵ ئیڤان پێکەوە بە غولام گەیشتن. ئیڤان دەستی گرت و غولامی پێ ناساند. "غولام"ی ئەو سەدەمە و "غولام"ی ئێستاکە زەوی و ئاسمانیان نێوانە. "غولام"ی ئەو سەردەم باڵابەرزێکی بە شان و شەوکەتی سەروپرچ ماش برنجی بوو. "غولام"ی ئێستاکە شکاوەوەی دەستی هەژاری و نەداری و ئازاری دەردەباریکەیە. چاوەکانی لە چاڵی چاو دا دە قووڵ کەوتوون و شەویلکە و ئێسقانی ڕوومەتەکانی زەق و زۆپ دەرپەڕیون .

ئەژدەر لە باوەشی بیرکردنەوە دا بوو، کە غولام وەژوور کەوت. چارشیو بەسەرەکان بە بینینی غولام لە جێ هەستان و بە ئەسپایی ڕێگای ژوورەکەی تریان گرتە بەر.

غولام بە تووڕەیی سەیری کردن و لە ژێر لێوانەوە گوتی:

ـ ئەمانە گورگن !.. گورگی ژێر پەچە و عەبا!

ئەژدەر لێی پرسی:

ـ مەبەستت ژنەکان بوون ؟

ـ بەڵێ ! .. بەڵی ساتوسەودا خۆی خزاندۆتە ژێر چارشیوی ژنیشەوە. لە ماڵی ئێمەی هەژاریش دا بە تەمای تالانی سامان دێنە ژوور و بێ شەرمانە چاویان لە داهاتی ئێمە بڕیوە...

ئەژدەر لە مەبەستی غولام ئاگادار نەبوو؛ هەربۆیە بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ کەوایە ئەو ژنانە بۆ سامان کۆکردنەوە سەریان لێداوی؟ .. ئێ باشە!.. ئەگەر ماڵ و سامانێک شک دەبەیت، بۆچی بۆخۆمان کۆی نەکەینەوە؟!

غولام بەبێ ئەوەیکە جەفەنگی ئەژدەر بە هێند بگرێت، بە دڵپڕی و خەمناکانە گوتی:

ـ گەنج و سامانی چینی کرێکار هیوای دوا ڕۆژێتی و، ئەو هیوا و هومێدەش لە کڕین و فرۆشتن نایە .

ئەودەم بۆ ئەژدەر دەرکەوت کە ئاورینگی گڕکانی دەروونی ئەو کرێکارە ناسازە لە ئاست پێشێلکەرانی مافی زەحمەتکێشدا چەندە بە ژانە و، گرژی و تووڕەییەکەی بێ هۆ و سەبەب نییە.

ماویەک بێدەنگ مانەوە. لە درێژەی بێدەنگی دا، "ماخورکا*"یان لە کوتە ڕۆژنامە کرد و هەڵیان پێچا. جگەرەیان بە لالێوانەوە گرت و دووکەڵیان بە با کرد. دوای چەندێک، غولام گوتی:

ـ ئەوە دوو ڕۆژە بە برسایەتی شەومان تێپەڕ کردووە. لە بەر بێدەستی ناچار بووین جلکی بوکێنیی خێزانم بفرۆشین و بە بژیوی یەک دوو ڕۆژانمانی بگۆڕینەوە.

---

ماخورکا* = چەشنە توتنێکی هەرزان باییە و باش مژ نادات.

بە شوێن دەستفرۆشان دا چووین و تووشی ئەم دووانە هاتین. هەرکە پێیان نایە حەوشە و چاویان بە ئەکبەر کەوت، لە جیاتی کڕین و سەودای جلکی بووکێنی، بە کڕیاری کوڕەکەم دەرچوون و داوایان لێکردین ئەویان پێ بفرۆشین. وا دیارە چاویان تیژە و ئەکبەری جوانکیلە و چالاکیان زوو کەوتە دڵ و دەگەڵمان کەوتنە قسە. ئەوان بێ مەیل نەبوون کە ئەکبەرمان لێبکڕن بۆ کارداری مالی دەوڵەمەندان... ئەژدەر دڵم دە ژان چوو، بەڵام چبکەم کە دەستم لە ئاستی ژن دا کورت و کولە، ئەگینا پێم دەنواندن ئەم کۆنە قەڵایە هێستایش مەکۆی باز و شەهێنە و جێگای خەرتەل و داڵاشان نییە... بە سەرت ئەوانە پێیان وایە بەشی زارۆکی کرێکار هەر دەبێ کارداری و سەپانی بێ.

ڕووی دەمی کردە خێزانی و گوتی:

ـ هەتا زیندووم و ماوم، ڕێگا بە خاوەن سامان نادەم کوڕی من بکرێتە بەرماوخۆری ماڵی بەگ و دارا و دەوڵەمەندان... ـ سووتەک و ئاگری داوەریوی جغارەکەی پێ ڕێخست ـ

پوورە نیسا گوتی:

ـ جارزیان کردم ـ لە ژێر نیگایشەوە شووەکەی ڕوانی .

ـ باشە چی بوو؟ چییان لێهات؟

ـ چوار مەناتیان پێدام... ئێمە خۆمان دە مەناتمان پێدا بوو... تەنیا جارێک دە بەرم کردبوون.. سەری تۆ و سەری ئەکبەر سلامەت بێ... جلک و کوتاڵ و خارا و دارا با بڕوات بە دەرەک!

ـ ئەکبەر چی لێهات؟ لە کوێیە و چی دەکا؟

ـ ناردوومەتە دووکانەکەی سەر کۆڵان، ئێستێ دەگەڕێتەوە.

غولام بۆ شوردنەوەی پەژارەی دڵی خێزانەکەی، بزەی کەوتە سەر لێوان و بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ نیسا گیان خەم دات نەگرێ! سەردەمی بووکێنیت ناگەڕێتەوە، ئەگەر نەمردین و بووژاینەوە و دەستمان ڕۆیی، لەوان باشترت بۆ دەکڕم.

پوورە نیسا بە دەم هەڵوەژاردنی ماڵی پاش میوانان، لە وڵامی غولام دا گوتی:

ـ پەژارە و دڵپڕییەکەم جلک و کووتاڵ نییە، گشتی بە فیدای سەری تۆ و ئەکبەر بێت.

پوورەنیسا بەدەم قسەکردنەوە، سەیرێکی ئەژدەریشی کرد و بە زەردەی کزی سەر لێوانییەوە درێژەی پێدا:

ـ لەوانەیە ئەژدەر لە دڵدا بحاشینێت کە پوورە نیسا هێستایش هەر لە جەنگە و هەڕەتی دەندووک و پیالان دایە و لە بیری خارا و دارا پۆشینە...

دڵی غولام لە جەفەنگی خۆی و خێزانی کرایەوە و بە پێکەنینەوە وڵامی دایەوە:

ـ بەڵام نیسا گیان ئەگەر دڵی ئەژدەر ئەوتۆش نە حاشینێ، خۆ بۆی هەیە لە دڵدا لێت بە گلە و گازندە بێت کە هاتەماڵتان و لە ڕێگای فینجانە چاییەکیشت نەگرت!
ـ هەر ئێستێ چاییتان بۆ ساز دەکەم.
ـ چایی بە جێی خۆی، بەڵام هەروەکی دەڵێن : هەوڵی نان بدە، گندۆرە ئاوە...
ـ سەبرت بێ! با ئەکبەر بێتەوە ئەویش جێبەجێ دەبێ.
ئەژدەر شەرم دایگرتبوو. ئەگەرچی ئەویش خۆی لە دوێنییەوە چێژەی لە هیچ شتێک نەکردبوو، بەڵام چەشنی پیاوی تێر و تەسەل وڵامی دایەوە:
ـ پوورە نیسا گیان ! باوەڕ بکە من تەنانەت پاروویەکیشم بۆ ناخورێت.. تێر و پڕم!.. ئێوم بۆ خۆش بن.
غولام پێکەنی:
ـ دەست هەڵگرە ئەژدەر! بۆچ مەگەر من نازانم هەناوی کرێکار لەم ڕۆژگارەدا چەشنی باغەڵەکەی بەتاڵە؟!
ـ ئاخر ئەتۆش بێکاری و سەرەڕای بێکاری و دەست تەنگی، خاوەنی ماڵ و منداڵیشی!
ـ ئەمڕۆکە هەیە و هاتۆتە بەر دەستمان و دەیخۆین؛ سبەیش بۆ کەس دیار نییە چیمان بەسەر دێت.
پوورە نیسا بە بیستنی خشپەی هەنگاوێک بەرز بۆوە و وەدەرکەوت .
ئەژدەر بە وردی سەرنجی ڕوانینی خستە سەر ڕوخساری زەردی"غولام"ەوە. ئاسەواری زەردەی پێکەنین بە تەواوی لە دەروی دەم و لێوی کاڵ ببۆوەوە و چەشنە بێ هێزی و تووڕەییەک جێ نشینی ببوو .
ـ ناچارم بە لای خێزان و منداڵمەوە دەم بە بزە خۆم بنوێنم. دەزانم ئەوان توانای بەرگە گرتنی هێندە دەرد و مەراقەیان نییە. دوێنێ چەند دڵۆپە خوێنێکم لە گەروو هات، نازانی ئەو جووتە داماوانەی من چیهایان کرد! من خۆم بە هەموو ناسازی و دەردەداریمەوە، بەزەییم بەوان دا دەهاتەوە.
ئەژدەر لە ناخی دڵەوە بۆ غولام دەسووتا. لە دڵدا دەیگوت: خۆی دەزانێ چ ئازارێک دە گیانی بەربووە و قاڵبوون و توانەوەی جەستە و گیانی خۆی بە چاو دەبینێت. بۆ گۆڕینی جەوی دانیشتنەکە، لێی پرسی:
ـ غولام! بۆچی داو و دەرمانێک لە خۆت ناکەی؟ پێت وانییە چوونی لای دوکتۆر و دەکارهێنانی دەرمان، ئازارەکەتی پێ چارەسەر نەکرێت؟!
غولام بە بزەیەکی ساردی بێ هیوایی وڵامی دایەوە:
ـ ئەم ئازارە سێ چەشنە دەوای گەرەکە؛ سێ دەرمانەکەیشی خۆرەتاو، هەوای خاوێن و پارە و پووڵ !
ـ پووڵ ؟!

ـ بەڵێ پووڵ! ئەگەر ڕاستییەکەت گەرەک بێت، سامان و دارایی دەرمانی هەموو دەردێکە... سێ ڕۆژ پێش ئێستا، نیسا پێی داگرت و بە زۆرەملی بردمی بۆ لای دوکتور... دوکتور"ئۆسی یۆڤ" مرۆیەکی باشی خاوەن شەرەفە و پزشکێکی لێزانیشە. پێی گوتم و چەندجارانیشی لێ دووپات کردمەوە و گوتی کە دەبێ ماڵەکەم بگۆڕم و لە ژوورێکدا جێ خەو ڕابخەم، کە تیشکی هەتاو بە تەواوی لە ژوورەکە دا بگەڕێت و قوژبنی تاریک نەهێڵێت، هەروەها گشت ڕۆژانیش هیچ نەبێ نیو گەروانکە ڕۆن هەڵقوڕێنم... بەڵی ئەمە دەرمانی دەردی منە؛ بەڵام پارە لە گۆڕی دانییە و ئەو دەرمانانەش بەبێ پارە و پووڵ مەیسەر نابن. دوکتور "ئۆسی یۆڤ" پارەی لێم نەویست و گوتی ئەتۆ هەژاری و دەستت ناڕوا، ئەی کە هەژارم و دەستم ناڕوا، ژووری چوار وەرزە پڕ لە تاو و هەوای خاوێن و ڕۆژانە نیو گەروانکە ڕۆنم لە کوێ بوو؟!
دوای ئیستێک بێدەنگی درێژەی پێدا:
ـ بە درێژایی هەموو ڕۆژگاران لە کارگا و کانگاکان دا گیان دەدەین، کەچی بە نانەزگی بەڕێ دەچین. پلە و پایەی ژینی چینی کرێکار ژێراتر و نزمترە لە هەرچی ژینەوەرە.. ئازاری دەردەباریکە لێمان بۆتە داسی ڕمانە و دروێنەمان لێدەکات. لە لایەک دەست و گوێ بڕینی خاوەن کارەکانمان و لە بەرێکی ترەوە زەبر و زەنگی دەزگای دەسەڵات، ژیانی ئێمەی دە شەقەتۆڵە هاویشتووە و لە نێوان دوو نەمان دا دەست و پێ لێدەدەین... تۆ بڕوانە نیسا و ئەکبەر!... بێکار مانەوەم و نەخۆشییەکەم ئەم دووەیشی وشک هەڵێناوە.
ـ زۆری بیر لێ مەکەوە! بە خەم و خەفەت خواردن هیچ گرفتێک ڕەها نابێت.
نیازی ئەژدەر دڵدانەوە و سوکنایی پێدانی غولام بوو، بەڵام غولام نەک بە ناهومێدییەوە، بەڵکە بە ئەوپەڕی هومێدەوە، بە تووڕەیی گوتی:
ـ ڕاستە بە غەم خواردن چ دەردێک چارەسەر نابێ... بەڵێ ڕاستە ! ڕاست وایە و تەنیا یەکگرتوویی و هاوخەباتیی تێکڕای زەحمەتکێشانە کە گشت کەند و کۆسپێک لە بن دێنێت. خاوەن کارگە و ساماندارانی ملهوڕ کەمن و ئێمە زۆرین. ئەگەر ئەوان سامان و دەسەڵاتیان بە دەستە، ئێمەیش دەستی بەهێز و خەباتی بەرهەم خوڵقێنمان لە پشتە. بەڵی هەر ئێمەین سەردەکەوین و سەرکەوتن بە ئێمە دەبڕێت.
چاوەکانی غولام لە کاتی قسە کردندا تروسکەیان پێدادەگەڕا و جووتی ئەبرۆکانی تێک دەچرژان. کۆتایی هاتنی قسەکانی کەمووسکە ئەهوەنییەکیان بە دوا داهات. دیاربوو کوڵ و کۆی دەروونی هەڵڕشتووە. ئەمجار هێدیانە و بە ئەسپایی دەستی پێکرد:
ـ هەڤاڵان ئەرکی قسەکردن دەگەڵ تۆیان خستۆتە سەر شانی من. ئیڤان نیکۆلایویچ لە کۆڕەکەمان دا نەماوە، ئەگینا ئەوە ئۆباڵی ئەستۆی ئەو بوو کە دەستت بگرێت و ڕێنموونیت بکا بۆ دنیایەکی نوێی تێکۆشان.

غولام بۆ حەسانەوە، پشوویەکی خواردەوە و کەمێک بێدەنگ مایەوە. نەزمی لێدانی دڵی ئەژدەریش بە بیستنی دنیای نوێی تێکۆشان، جار جار بەرز دەبۆوە و دەمدەم ئارامی دەکردەوە... غولام دەبێ کێهە دەرگای بە ڕوو دا بکاتەوە؟ ئەم ئەرکە چ کەس و کەسانێک خستوویانەتە سەر شانی غولام؟ ئەدی ئیڤان لە سەردەمی ژیانیدا بۆچی باسی هیچی نەکرد؟.. دەی دەی و دەی؛ پرسیار بە شوێن پرسیار دا هات. مێشکی گەرم داهاتبوو. چاوی لە دەستی غولام بوو کە ئەم دەرگا داخراوەی بەڕوو دا بکاتەوە.

غولام پاش چەند نەرمە کۆخە، درێژەی پێدا:

ـ ئیمڕۆ دەگەڵ پۆلێک هاوڕێی نوێ ئاشنا دەبیت، دەگەڵ هەڤاڵانی خەباتگێڕی خاوەن ئەزموون دێیتە ناسین. ئێمە بەگشتی هاتووینەتە سەر ئەم ڕایە کە شەرەفی ئەندامەتیی لزگەی نهێنیی مارکسیستیت پێ خەڵات بکەین. ئێمە، واتە من و پیوتر چۆنیاتۆڤ و ئیڤانی شەهید، باسی "ئەژدەر"مان کردووە و سەرکردایەتیی بەرزی بزووتنەوەی کرێکاری لە تۆ و ورەی پۆڵایین و هەڵسوڕانی شێلگیرانەت بە ئاگانە... لە ڕاستی دا ئەژدەر، ئەتۆ خۆت بوویتە پێناسەی خۆت. چونکە هەر ڕەوشتێکی باش و هێزای کە بزووتنەوەی زەحمەتکێش و کرێکاری پێویستێتی، لە تۆ دا کۆ بۆتەوە...

ئەژدە بەنیاز بوو قسەیەک بکات، بەڵام غولام بە شێنەیی پێی گوت:

ـ هێدی بە ئەژدەر! هیچ پەلەت نەبێ دەستەبراکەم! لێمگەڕێ با قسەکانم بە باشی بدرکێنم. ئەوانەی من دەگەڵ تۆی باس دەکەم، هیچیان قسەی هەوایی و بێ ناوڕۆک نین. کاتی ئەمەشمان نییە بە گەڕەلاوژەی بە سەریکا هەڵگوتن ، گۆرانی بۆ یەکتر بڵێینەوە. ڕیگاکەت ئاستەمە و ڕێبواری خاراوی وەک پۆڵای ئاودراوی گەرەکە. پێویستە کەموکووڕی و بڕست و تواناییەکانت لە هەمبەر یەکتر دابنێم و بە هاریکاریی یەکتر، کەمایەسی و خەوش و خەتاکانت بەردەشۆر بکەین؛ ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوین، ئەوا شۆڕشەکەمان ڕێبەرێکی بەتوانای پێشکەشی چینی چەوساوە کردووە. ئەژدەر با ئەمەت پێ بڵێم کە تەنیا ئەوە خۆتی دەتوانی بە زۆرانبازیی دەروونی، خۆت پەروەردە بکەیت و هەرچی بژارە خاشەبڕیان بکەیت .

هەموو مشووری ئەژدەر لە یەک خاڵ دا کۆ ببۆوە و مەنگ و ئارام گوێی دابوویە وتەکانی غولام.

ـ هاوڕێ ! نەیاران لە چوار لاوە گەمارۆیان داوین و تەماحی نەبوونمان دەکەن؛ ئەوان زۆردارن، بەڵام زەبوون و ناسکن. لە دارایی و دەوڵەت دا زل و زەبەلاحن، بەڵام لە زۆرایەتی و بەرگە گرتن دا کەم و بێچارەن. خاوەن دەست و دەسەڵاتن، بەڵام بێ داهاتوون. جیرەخۆر و ماستاوساردکەر و چاو و گوێیان گەلێکە، بەڵام داهاتوویەکی تاڵیان لە بەر دەم دایە .

ئێمە بە هەموو تواناوە تێدەکۆشین کە زانایی چینی کرێکار بەرز بکەینەوە، بەڵام ساختەچی و تەشقەڵەبازانی مەکتەب دیدەی تاران و ئەستامبوڵ، مەزنترین کۆسپ و تەگەرەیان خستۆتە سەر ڕێگامان. سیاسەتی ئەو دوو نابەکارانە نیازمەندن کە

ئێمەی زەحمەتکێش بۆ هەتاهەتایە دیل و کۆیلەی خاوەن سامانانی وەک "مانتاشۆف" ، "نۆبێل" و "موسا تەقی یۆف"ەکان بمێنینەوە. سیاسەتی نگریسی ئەو دوو پایتەختە لە ئێمەیان دەوێ کە جەندەکی کۆلکە مەلای مەندیل بەسەری تارانی و پاشا ڕێش پانەکانی تورکیامان هەر وا لە سەر شانان بار بێت. بێتوو ئێمە بەئاگا و وریا نەبین، داهاتوویەکی گەش بە چاو نابینین. ئێمەی کرێکار و ئەوانی چەوسێنەر، لە دوو تای تەرازوویەک داین و بە یەک هەودا مووی کەمتەرخەمیی ئێمە، تەرازوو بە قازانجی ئەوان دادەکشێت و ئێمەی پێ دەشکێین. خەبات دژ بە چەوسێنەران لە ئێمە دەخوازێ کە دەست بنێینە ناو دەستی زەحمەتکێشانی ڕووس و نەتەوەکانی ترەوە و پێکەوە لە بەرامبەریاندا ڕاوەستین. ئەرکی سەرشانی ئێمە گەلێک گرانە، دەبێ توند و بە دەمار بین وەک پۆلا؛ وتەکانم لە بیر مەکە برا!

هەناسەسواری پشووی لە سنگ و ئەوکی غولام دا توند کرد. ئارەقە بە ژێر چاو و چەناگە و ڕوومەتەکانی دا سەرڕێژیان کرد. بە دەسرۆکەی بەردەستی ئارەقی وشک کردەوە. بە ئامازەی دەست، ئەژدەری تێگەیاند کە دەرگاکە دابخات. ئەوسا هێدیانە لە سەر گوتن بەردەوام مایەوە و گوتی:

ـ هاوڕێیان ئەرک و ئیش و کارت پێ دەسپێرن و ڕیگای چالاکیت بەرفرەوانتر دەکەن و بەرپرسیارەتی باڵاترت بۆ دیاری دەکەن. ئەوە ئەتۆی کە کارایی و زانایيت وەگەڕ دەخەیت و هێزی کرێکار سازمان دەدیت. بێتوو بتوانی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە نێوان ئێمە و دژ و دژبەرانی ئێمەدا، ئەرکی خۆت بەجێ گەیاندووە و تەڤگەڕی کرێکاریت بەرەو سەرکەوتن بردووە. من دڵنیام ئەژدەر... دڵنیام کە ئەژدەر دەبێتە تەوژم و شەپۆلێکی وەها بەتوانا، کە هێزی مەزنی چینی کرێکار لە سەرکەوتن نزیک دەکاتەوە... دەڵێم خۆزگە بە خۆت کە بەتوانای و لێزانی و بەرەو سەرکەوتن دەچی! دڵی منیش بە خۆزگە و بریایە، کە هێز و بڕستێکم هەبوایە و شان بە شانی تۆ ئەو ڕێبازەم بڕیبایە... بەڵام چبکەم کە کۆڵەکوتراوی پیری و کەساس و کەوتووی دەرد و ئازارم! ئازاری دەردەباریکە وەک چزیلکی سەر کڵی ئاگردان قاڵی کردووم و ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ بەرەو توانەوەم دەبات. لەش و لارم بە چەشنی گۆرەویی ڕایەڵ پساو لێی دەڕەوێتەوە و بەرەبەرە دادەچۆڕێم. تام و چیژی ژیان و تێکۆشان بە ئاواتی سەرکەوتن دەمبەدەم، دەمم شیرینتر دەکات، بەڵام لەش و لاری ڕووخەکم دەستم ناداتێ و هەر بە چەشنی یار و هەڤاڵێ ڕەنجاو، لێم دوور دەکەوێتەوە... بەڵام ئەتۆ گەنج و لاوێکی ساغ و بێ ئازاری و سەرەڕای ئەمانە، کۆشێکت ئەزموون کۆکردۆتەوە. هەربۆیە تۆ نابێ ببڕای ببڕا بەرەو پاش دابکشێی و کۆڵ بدەیت. لە کاتی پێویست دا گیانی ئازیزت بە قوربانی ڕێبازەکەت بکە... باشە بزانم ڕای خۆت چییە؟ چەندە دەخۆت ڕادەبینی بۆ ئەم گاز و گوزەرە؟ من دەزانم مەردی مەیدانی و شێری مێشەلان؟!

ئەژدەر بە دەروونێکی گەرم و ڕوانگەیەکی بەربەرینەوە وڵامی دایەوە:

ـ دڵنیابە هەڤاڵ!... ئەرخەیان بە کە ئامادە و لەسەر پێم!... هیچ پرسین و شک و گومانی تێدا نییە کە گیان و لەش و هۆش و زەینم کڕیاری ئەم سەودایەن، بەڵام با من لێت بپرسم ئاخۆ شیاوی ئەم ڕێبازەم دەبینی؟ ئاخۆ دەتوانم دەستی بدەمێ؟

غولام لێبڕاوانە وڵامی داوە:

ـ دڵنیام و سوور دەزانم دەتوانی... دەستە ئیسقانی و گەرم و تێدارەکانی خستە سەر شانی ئەژدەر و گوتی:

ـ لەبیرت نەچێ ! زۆر بە قسە و بە پرسیار مەبە. نهێنی کاری و بەرزکردنەوە ڕادەی ئەزموون و زانیاری چەکی جەرگبڕی شۆڕشگێرانە.

ئەژدەر دەستەکانی غولامی خۆشەویستانە لە ناو پەنجە دا گوشی و گوتی:

ـ دڵنیابە غولام ! بەڵێن بێ سەری بەرزت نەوی ناکەم!

دوای ماوەیەک قسە و باس، غولام جگەرەیەکی داگیرساند و پرسی:

ـ بەم زووانە سەرت لە ماریا و ڤەرا هەڵێناوەتەوە؟ ئەوان چۆنن و چلۆنیان لێ ڕادبوورێت؟

ـ بەر لە هاتنم بۆ ئێرە، چوومە سەردانیان. گەلێک کەساد و ناشکوان.

خەمی پەرێشانی و هەژاریی ماڵباتی ئیڤان دڵی پەرێشان کردن. ئەژدەر بۆ لادانی بەرەگەی قسە، لێی پرسی:

ـ ئەرێ دەگەڵ ئەم بێ کارییەمان چی بکەین و چلۆن دەربەرین؟

ـ کار هەر دەبێ. خۆ ئەگەرچی کارگا و کانگاکان یەک بە دوای یەکدا دەخەون و هێزی کار کڕیاری نییە، بەڵام هەر بەمجۆرە نامێنێتەوە. کارخانەدارەکانیش بەم چەشنە بەڕێ ناچن و ناچار دەبن دەرگای کارخانە و فابریکاتەکانیان واڵا بکەنەوە. دەکرێ بە یارمەتیی هاوڕێیانمان کارێک بدۆزینەوە. لە مەڵبەندی بابیل دا خەریکە کارگەیەکی کارەبا دابمەزرێت، لەوانەیە لە وێندەرێ گوێچکەی کارێکمان دەست کەوێت...

دەرگا کرایەوە و پوورە نیسا هاتە ژوور و ئەکبەریش بە دوایدا. دوو فینجان چایی لە سەر دەستی پوورە نیسا وکەوڵی نان لە ژێر باڵی ئەکبەر دا، ڕایانگەیاند کە خانەخوێ دەکرێ شەرمەزاری میوان نەبێ .

ئەکبەر بە چالاکی مێرمنداڵیی خۆی، دەست و برد کەوڵی نان و خوانی کردەوە و دوو لەنگەری پەنیر و چەند سەلکە پیازی هێنا و، سفرەی چنی .

غولام فینجانێکی چایی بۆ ئەژدەر ڕاگرت و گوتی:

ـ ئەژدەر خەریک بە! خواردن خولق کردنی پێناوێ.. کەمی ئێمە بە زیاد بگرە!

ئەژدەر گلێنەی چایی لە دەست غولام وەرگرت و دەستی کرد بە خواردن و خواردنەوە. لە دەمی خواردنیش دا بیری لە هەلومەرجی نالەباری کار و بار دەکردەوە و ژیانی پوورە نیسا و غولامی هەڵدەسەنگاند. بەلای خۆیەوە گوتی، پێشینیان دەڵێن: ڕێکی یەک دێنەوە شەندە و مەندە... پوورە نیسا و غولام هەر دەڵێی لە یەک ئاو و

گڵ هەڵشیلدراون. هەر دوویان لە تۆرەمەی چینی زەحمەتکێش و پەروەردەکراوی بیر و باوەڕ و کۆڵتورێکن.

غولام لە مەڵبەندی هەژارانی ئیچەری شاریی باکۆ لە دایک زابوو. باوکی غولام هەر لە هەرەتی لاوێنی دا، بە گازی نەوت چاوی سووتا و کوێر و گردەنشین مایەوە. پاش تەمەنێک پارسەکی و سواڵکردن، بە نەخۆشی و نەداری لە دنیا دەرچوو. دوای باوک، دەردی هەتیوباری و هەژاری دەگەڵ غولام بوون بە دەستە برا. غولامیش هەر لە سەرەتای نۆجوانییەوە کەوتە ناو گێژاوی بازاڕی ستەمگەرانی خاون سامانانی چەوسێنەرەوە.

ئەژدەریش لەم گەڕ و نۆرەیە دا بەشی خۆی لە هەژاری پێ بڕابوو. ئەویش هێشتا کاڵ و منداڵ بوو کە ڕادرایە ناو شەش ڕێیانی پڕ لە نەهامەتی و گەلێک ڕۆژانی مانگ و ساڵ، بەر لە گزنگدانان، خەو لە دیدە شکاو و خەواڵوو، بە هەڕەمە و هەلینگدان خۆی گەیاندبوویە کارگە و کانگەکان. چەندە بە لارە ملی و پەشۆکاوی چاوەڕانی فەرمانی خاوەن کاری کرد لە ڕێگای دیاریکردنی چارەنووسی کاردا. چیها و چەندەها ڕۆژ لە جەنگەی بێکار مانەوە دا بۆ ژەمێک نانەزگی، بە لاوێچ و کۆنە پەڕۆ، نەوتی ناو قوڵکەی پەنا چاڵە نەوتەکانی کۆ کردەوە و دوای پاڵاوتنی لیتە و لیخناو، فرۆشتی و لەتکە نانێکی پێ کڕی.

غولامیش وەک هەموو زار و زیچی ئینسانی کەمدەستی کرێکار، ڕوەکی ڕستووی ئەو بەیارە ڕەقێنە بوو کە پێخوستی بەر پێی چەوسێنەران بوون. هێشتا ئاوێکی تاسە شکێنی بە جۆبار دا تێپەڕ نەببوو کە خەزەڵوەری هەژاری، گەڵای روخساری زەرد هەڵگێڕا. غولام زۆر زوو کەوتە ناو باوەشی گەردەلوولی کوێرەوەری و پێی هەڵوەری. زۆر جاران کەوت و هەستایەوە. لە گەلێک زەلکاوی پەرێشانی کەوت، بەڵام شانی نزم نەکرد و سەربەرزانە خۆی ڕزگار کرد. سەربردەی غولام پڕ بوو لە ئەزموون و ناسین. زۆر کەسانی بۆ تاقی کرایەوە و ناوەرۆک و ڕەنگ ڕووی یار و نەیارانی بۆ ڕوون بوویەوە. لە درێژایی تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵانێی دا، ئەزموون و زانستی سێ جار پەنجا و پێنجی وەدەست کەوتبوو.

لە ناو کۆمەڵگای کارگە و کانگاکان دا هەرچی بەرەی کرێکار و خاوەن کار بوو، هەر کامیان بەش بە حاڵی خۆیان چەشنە بۆچوونێکی ڕاست و ڕیشەداریان لە سەر غولام هەبوو. ئەگەر بیر و ڕای هاوکارەکانت پرسیبایە، دەسبەجێ دەگوترا کە غولام جوانمێرێکی لێوەشاوەی خاوەن شەرەف و کەڕامەتە و، خەباتکارێکی شێلگیر و نەبەزە. بەڵام لە ڕوانگەی خاوەن کارەکان و دارودەستەکەیانەوە، غولام پیاوێکی بەدفەڕی، لاساری، بەدگۆشتی ئاژاوەگێڕ بوو، کە کار و کرگاری تەنیا و تەنیا هەڵخڕاندنی کرێکار و دانانی ئاژاوە بوو. ئەوان بە تێکڕا حەزیان بە نەمانی دەکرد و پێیان خۆش بوو سەری پێوە نەمێنیت .

بۆچوونی هیچ لایەک لە سەر غولام بێ هۆ و ناڕەوا نەبوو. غولام یار و یاوەر و خەمخۆری تێکۆشەران و، دژ و دوژمنی ساماندارانی چەوسێنەری لەخۆبایی بوو. غولام هەموو ژیانی خۆی لە ڕێگای ئازادیی ئینسانی ڕەنجبەری تێکۆشەر دا بەخت کردبوو. هەربۆیەش، کاتێک کە بەندەواری خۆفرۆش و ژێردەستانی جیرەخۆری سەرمایەدار تێی هەڵدەنگووتن، غولام نەیدەتوانی ناسۆری بوغز و کینەی خۆی حەشار بدات و یەکجێ بە سەریان دا نەڕێژێت.

هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکی کە دەگەڵ بزووتنەوەی کرێکار پەیوەندیدار بوایە، نەدەکرا و هەڵنەدەکەوت کە غولام تێدا بەشدار نەبووبێت. هیچ کۆسپ و ئاستەنگێک و، هیچ بەفر و بەستەڵەک و سەرما و بارانێک هەنگاوی هەڵەمەتی "غولام"ی پێ کز نەدەکرا. ئەگەریش لە کۆمبوونێکدا نەبوایە، هەوالانی بێ شک و گومان بوون کە ئەوا دیسان دەرگای بەندیخانەی بۆ کراوەتەوە؛ کە هەرواش دەبوو.

غولام جارانی جار ڕەوانەی بەندیخانە کرابوو. بە مانگ لە ڕاگیرخانە دا ڕاگیری پۆلیس کرابوو. ئەشکەنجە و ئازار و لێدان و هەڕەشە و گرژی، لە گیانی نەسرەوتی غولام دا کاریگەر نەدەبوون و یەک هەنگاویان لە ڕێگادا شل نەدەکردەوە. جارانی جار، ڕەهەندەی بەفرستانی سیبریا کرابوو و دیسان گەڕاندبوویانەوە سەر زێد و وارگەکەی خۆی. هەوراز و لێژی ژیانی پڕ لە دەرد و رەنجی غولام، ئاسەواری لە سەر فەسال و روخسارەکەیشی نەخش کردبوو. پنجە دڕکی چۆلگەی وشک و قاقڕ چلۆن ڕەق و تیژ و بۆز دەنوێنێ، سەر و ڕوخسارەکەی و ڕیش و ئەبرۆکەی ئەویش هەر ئەو ڕەنگ و نموودەی گرتبوو. ئێسقانی لاشەویلکەکانی لەبەر هێندە کزی و داڵگۆشتی، زەق و ڕەق دەرپەڕیبوون. سوورایی سەر ڕوومەتە تێک قوپاوەکانی ئاماژەی دەردەداریی ئازاری دەردەباریکە بوو، کە دە گیانی بەر ببوو.

پوورە نیسا بە تەمەن دە ساڵ لە شووەکەی ژێراتر بوو. کاتی زەماوەندیان تەنیا یازدە ساڵ لە تەمەنی پڕ کردبوو. دیارە کیژ بە شوودانی سەردەم، شکایەتێک بوو لە هەژاری دەکرا و، پوورە نیسا بەو کەمە تەمەنەیەوە لە بنەماڵەیەکی هەژارەوە ڕاگوێزرایە ماڵباتێکی نەداری هەژارتر. باوکی "پوورە نیسا"ش کرێکارێکی دەست تەنگ بوو، کە هێزی باسکی بۆ تێر کردنی خۆی و خێزانی و شەش کچانی، پێ ڕانەدەگەیشت. ئەودەم کە نیسای یازدە ساڵانەیان لە ماڵی باوک ڕاگواست، دەستێک جلک و سندووقێکی بەتاڵی دەگەڵ خۆی بردە ماڵی زاوا. نیسای یازدە ساڵانە، ماڵی باوکی بە چاوێکی گریانەوە جێهێشت، بەڵام "غولام"ی هەژاری ڕەنجبەر، خەمی جێ هێشتنی دایک و خوشکانی لەبیر بردەوە.

غولام و نیسا بەر لە پێک بڕانیان، تەنانەت یەکجاریش یەکتریان نەبینی بوو. بەڵام هەر لە یەکەمین دیداری پێک بڕانیان دا، خۆشەویستییەکی بندار و بە ڕەگیان لە نێوان دا ساز بوو. خۆشەویستیی خاوێن و بێگەرد، ئەوینێکی قورس و قایمی لەسەر

شین بوو، کە هەموو هەژاری و نەداری و دەردەداریش نەیان توانی تەلەزمێک لە عەشقی تێک لکاویان بسمن.
نیسا هەر لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە بە کولتورێک ڕاهات کە بەندەواری و نۆکەرایەتیی زڕتەبۆرە ساماندارەکانی بە شوورەیی دەزانی. ئەویش وەکی غولام پێی وابوو کە بەندەوارانی بەردەستی سەرمایەداران، پەڕۆی شینی شەرمەزارییین و حەیای مرۆڤایەتی دەخەنە بەر پێ و پەلان. زۆرجاران بژیوی دەمی خۆی و مێرد و منداڵی، دەگەڵ دراوسێی برسی بەش کردبوو. ژنێکی مەند و ژیر و هێدی و میهرەبان بوو ، کە دەگەڵ غولام جووت و یەک دەهاتنەوە.
ئەکبەر تاقانەی ماڵی غولام و نیسا بوو. لە دانیشتن و چۆک دادانی پەنای سفرەی نان و خواردن و خۆواردنەوەی دا، سێوێک بوون دەگەڵ باوکی. دوو چاوی گەش و ئەبرۆی پەیوەستیشی نمایەک بوون لە باوکی .
هەرکە غولام دەستی لە خواردن کێشایەوە، ئەکبەریش لە پەنای سفرەی نان وەلاچوو. نیسا ڕووی تێکرد و پێی گوت:
ـ ئەکبەر گیان بۆچی دەستت کێشایەوە، خۆ ئەتۆ لە ڕۆژی ڕابوردۆوە چیت نەخواردووە!
ـ نەخێر دایە گیان من تێر بووم و بەسمە!
پوورە نیسا بۆ پڕ کردنەوە گلێنەی بەردەمی ئەژدەر بەرز بۆوە، بەڵام ئەژدەر فینجانەکەی لە ناو ژێرپیاڵەکەدا خەواندەوە و گوتی:
ـ بەشی من بەسە پوورە گیان... سپاس!
سفرەکەیان کۆکردەوە.
غولام پاش هەر ژەمێک دڵی دەبوورایەوە و بێخودی بە سەر دا دەهات و لە هۆش دەچوو. ئەم دەبوورەوە چوونە و ئەو پەرێشانییە کارێکی کردبوو، کە چێژ و ئیشتیا و ئارەزووی خواردنی کوێر ببێتەوە. زۆرجاران لە جیاتی بەر ژەم کردنەوە، هەر تەنێ ماخورگای بە با دەکرد. بەڵام هەر جارێک کە لە ڕووی ناچاریان بەرکوڵیکی دەکرد، بێ خودی بەسەر دادەهات و لە کاری دەخست.
ئەکبەر و پوورە نیسا سفرەیان کۆکردەوە و لە ژوور دەرکەوتن. هەناسەسواری دەگەڵ نەرمەکۆخە، ئامبازی جەستەی غولام هاتن و پشوویان لێ ئەستاند. ماوەیەک کۆکی و ئارەقەی ڕشت. ئەژدەر بۆ دەمێکیش چاوی حەسرەتی لە سەر غولام کل نەدەکرد. ژووری نیوەتاریک و بێ هەست، دەنگی نەرمە کۆکەی غولامی پێدا دەهات. لە دەریشەوە، دەنگی بانگبێژی مزگەوتێکی گەڕەکی ئیچەری شاری بە وڵات دادەگەڕا. دەنگی بانگبێژ سرەوتەوە و ئەمجار گۆرانیبێژێکی کۆڵانگەر، بە هەوایەکی نەرم و خەمدارەوە هەڵیکردێ:

ـ خۆزگە بەو ڕۆژەی لە بەزمم دا نیگارێکم هەبوو
بولبول و سەرو و گوڵ و باغ و بەهارێکم هەبوو

هێشتا زایەڵەی دەنگبێژ لە کۆڵاندا نەسرەوتبوویەوە، کە لەو پەڕی کۆڵانەکەی ترەوە، دەنگبێژێکی تر بەسەری داخوێندەوە:

ـ بە بینیت لە دەست چوو سەبر و ئارام
ئەڤینت دای بە بام و، بۆیە تارام
تەریکت کرد دڵەی شێواوی پڕ سۆ
لە دەس چوو سەر بە سەر دارا و نەدارام

دەنگ بڕایەوە و کۆڵان بێدەنگی لێ نیشتەوە. غولام چاوەکانی کردنەوە. ئەژدەر گوتی:
ـ بڕوانە ئەوانە باسی چی دەکەن و لە چ حاڵ و هەوایەک دان ؟
غولام گوتی:
ـ هۆنراوەی هەر دووک هەوابێژەکان هەڵبەستی "سەید عەزیم*" بوون. دەنگبێژی یەکەم سواڵکەرێکی پیری کوێرە و هەر لەم گەڕەکەی ئێمە دا دەژی. ئەو دەنگبێژە، سەردەمێک مامۆستایەکی پەنجەڕەنگینی شێوەکاری بوو کە نەخشی ژێر دەستی دەگەڵ گەوهەر بەرامبەر بوون. ماڵ و سامان، وەکی پەڵەبارانی بەهاران بە سەری دادەڕژا. بەڵام زۆری نەخایاند و نەهاتی گرتی و کەس نەیزانی چۆن و چلۆن بوو کە سۆمایی چاوەکانی لە سۆکەوتن و گردەنشین مایەوە. لەوانەیە شەونخوونی و ڕامان و ڕوانینی وردی سەر ڕەسم و نیگار، ئاوی چاویان بردبێت. سەرەڕای ئەم نەهامەتییە ، زاوای ناسپاس و بێ ویژدانیشی، دەگەڵ کچە ساماندارێک زەماوەندی کرد و بێوژن کچیشی بە سەر باوکی کوێر و نابینا دا دایەوە. کچی داماوتر لە باوک، لە بەر دەردی گران و قسەڵۆکی ئەم و ئەوان، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و خۆی سووتاند. دوو کوڕی مێردمنداڵیشی بە نەخۆشیی لاڕەشە دافەتان و مردن. خێزانی هەر ئەو هونەرمەندە هەژارەش تووشی جەڵتەی مێشک هات و دەست و قاچی لە کار کەوتن و لە ماڵ دا بوو بە دەردی سەرباری هەموو دەردان. کابرا لە سەرگەی کۆڵان دا دەسرۆکەی ڕاخستووە و بە سواڵ و سەدەقەی ڕێبواران و دراوسێکان نانی شەوانی وەدەست دێنێت.

---

*سەید عەزیم شیروانی، وێژەوانی تورکی ئازەری لە شاری شەماخی چاوی کردۆتەوە. لە فێرگەی ئایینی شام و عێراق دا دەرسی خوێندووە و بە پلەی بەرزی دەرس و وێژە و حوجرەداریی گەیشتووە. بەڵام کاتێک گەڕاوەتەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆی، جلک و مێزەر و عەبا و مەندیلی مەلایەتیی فڕێ داوە و بە هەڵبەست و هۆنراوی دژ بە ئایین، بە گژ کۆنەپەرستی دا چۆتەوە. لە ئاکامی ئەو هەڵوێستە دا، مزگەوت و خانەقاکان فتوای کفر و تاوانی گێرەشیوێنیان بۆ دەرکردووە. "صابیر" لە شیعر و وێژە دا شاگردی سەید عەزیم شیروانییە.
سەید عەزیم شیروانی لە یەکەمین ڕۆژنامەی تورکی، کە لەسەر ئەرکی" حسن بەگی زەردابی"، یەکێک لە لایەنگرانی سوسیالیزم دەردەچوو، بە نووسین شیعر و بابەت هاوکاری دەکرد.

بەڵام دەنگبێژی دووەمیان کرێکارێکی چالاکی کارەکەر بوو، کە لە کانگاکانی "موختاریۆڤ" دا زرمەی دەهات. خاوەنکار خۆشی نەدەویست و گەلێک جاران جوێنی پێدەدا و دەی بوغزاند. سەرەنجام مەلۆتکەی دەس پیسی و دزێتیی پێدادا و لە سووچی زیندانی پەستاوت. دووساڵ لە بەندیخانەدا مایەوە. خوشک و دایکەکەی بەهۆی دەست تەنگی و هەژاری ڕەهەندەی وڵاتان بوون. دوای کۆتایی بەند و زیندان، کوڕەش تووشی ناسازیی باری دەروونی هات و سەرەنجام لە ئاخر کۆڵانی ژێرەوەدا سواڵکەری دەکات. دەنگ و گۆرانیی هەردووکیان سکاڵایەکە لە دەست ئەم میزان و تەرازووە لاسەنگەیە.

غولام بە تەواوی هاتبۆوە جێ. ڕاکشان و حەسانەوەکەی هێزی پێدابۆوە. بە چالاکی بەرز بۆوە و گوتی:

ـ با ڕیکەوین و بڕۆین و بزانین چیمان دێتە ڕێ.

ئەژدەر هەستا سەرپێ و بە شینەیی گوتی:

ـ ئەوەجۆرەی کە پێوتر پێی گوتم، دەبوایە ئەمڕۆ هەموو شتێکت لێ حاڵی کردبایەم!

غوالام بە پێکەنینەوە باڵی ئەژدەری گرت و وتی:

ـ وەرە با بڕۆین... بەڵام، هەتا من لە سەرگەی کۆڵان ئاوا نەبم، تۆ لە حەوشە دا دەمێنیتەوە و دوایی بە شوێنم دا دێیت. لە شەقامەکانیش دا هەر بەمجۆرە شوێنم هەڵدەگری و بە دوام دادێیت. من دەکەومە ئەو بەری شەقام و تۆیش لەوبەری ترەوە دەگەڵم دەڕۆی. هەوڵ بدە زۆر ئاسایی بڕۆی و هیچ سەرە تاتکێ و چاوە چاوم دەگەڵ دا مەکە. خۆت دەزانی هەمیشە ئەگەری ئەوەمان لە ڕێدایە کە گەماڵێکی گەڕۆک بە شوێن سەرمان دابێت و دەستمان بخوێنێتەوە...

بەجووت هاتنە حەوشەکە. هەتاو لە چەقی حەوتەوانان‌دا چەقیبوو. تیشکی بەتینی هەتاو بە هەموو هێز و بڕستەوە زەمینی دەباوەش گرتبوو. دەنگی فیکەی پاپۆڕە هەڵمینەکان لە لای دەریاوە ، بەدەم نەرمە گەرمەباوە بە وڵات دا دەگەڕان. لە حەوشەی دراوسێ دا منداڵێک دەکڕووزایەوە. غولام پێشەکی لە حەوشە دەرکەوت و ئیستێک پاشان، ئەژدەریش بە شوێنی دا ڕۆیشتە دەر .

هەوای دەرەوە زۆر گەرم نەبوو. لێرە، گەرمەبا ئاوێتەی هەڵمەتووکی دەریا، بۆرە نمێکی لە جەستەی وشکە گەرما هالاندبوو و پشووکێشانی نەختێک هاسان کردبوو. شنەبا، نەرم و نیان بە سەر سنگی شینی دەریا دا دەخزا و تروسکەی زێوینی تیشک و شەپۆلانی تێک دەگەوزاند و بە نەرمە قەڵبەزەوە هەتا کەنارەی دەریا دەهات و دەگەڕایەوە. ئەوبەری خەزەر، ڕەمڵ و زیخ و چەوی بەرهەتاوی داغ، لە بڵێسە دا خنکا بوو.

لە ژوورۆچکەیەکی بێ جام و پەنجەرە، کە تەنیا کەلەبەرێکی تەنگ و تاریک هەوا خۆری هەیە، مەکینەیەکی بچووکی چاپکردن ڕوندراوە. میچی ژوورەکە، بۆ بەرگری لە داوەرینی قرم و تۆز و کوڵکە و کاڵ، تەختەبەندێکی لێ بزمار ڕێژ کراوە. چۆار دیواری دەور و بەریشی ڕۆژنامەپێچ و کاغەزبەندە. سەرەڕای ماشینی چاپ، دوو مجریلکەی پڕ لە پیتی چاپی و دوو کورسیلە و مێزێکیش لە ژوورەکەدا جێدراون. ئەم چەند شتومەکە، بەشێکی هەرە زۆری ژوورەکەیان داگیرکردووە و جێگای شتی تر نابێتەوە؛ تەنانەت ئەگەر کەسێک لە ژوورەکە دا هاتوچۆ بکات، زۆر زەحمەتە چۆک و دەست و شانی لە شتێک نەکوتێت. دەرگا و تەرکی ژوورەکە نمەدپێچ کراوە. ئەستووری و ناڕێکیی لبادەکە دوو ئەوەندە ژوورەکەی بچووکتر کردۆتەوە. شۆقی چرایەکی لادیواری ، تارما ڕوونکەیەکی بە ژوورەکە بەخشیوە.

لەم هۆدیە دا، سێ کەس خەریکی کارن: لادۆ کەتسخۆڤلی، پیوتر چونیاتۆڤ و ئەوی تریان میوانی تازە، واتە ڤانۆ ستروۆڤا. لادۆ کەتسخۆڤلی بە مانگ ئەم چوار دیوارە تەنگ و تاریکەی جێ ناهێڵێت و لە کاری بەردەوامی دا سەری قاڵە.

پیۆتر چۆنیاتۆڤ بەدەم هاتن و چوونەوە دەڵێ:

ـ ڤلادیمیر ئیلیچ بەهیوایەکی بەرزەوە دەڕوانێتە ئەم مەکینەیە و پێی وایە ئەمە دڵی بزووتنەوەکەمانە. بەپێی ئەسپاردەی لێنین، دەبێ کار و بەرنامەکانمان لە سەر ئەساسی ویست و داخوازیی بزوتنەوەکەمان ڕێک بخەین و ناشی لە کاروان جێ بمێنین. هەڤاڵ لێنین لە نامەیەکدا بۆی نووسیوین کە دەربارەی چۆنیەتیی دەزگاکە و چلۆنایی کارپێکردن و بەرو بەرهەمەکەی، زانیاریی تێر و تەسەلی بۆ بنێرین و ئێمەیش وڵامەکەمان بۆ ناردۆتەوە.

لادۆ گوتی:

ـ ئەم ژوورە گەلێک تەنگەبەرە، بەڵام هەرکە ڕایگوێزینە شوێنی تازەمان، دەست و باڵمان دەکرێتەوە و دەتوانین ئەرک و ئەسپاردەکانمان لە سەر ئەو بنگەهە ڕێک بخەین، کە کاروانی شۆڕش نیازمەندێتی .

ــ ئەرێ سەرجەم پیتە چاپییەکان گەیشتوونەتە دەستمان ؟

ـ بەڵی... گەیشتتوونێ؛ پیتی ڕووسی و پیتی گورجیمان بە تەسەلی هەیە. چەند ڕۆژی تر یەکەمین ژمارەی "برادزۆلا" لە ژێر چاپ دێتە دەرێ.

پیۆتر ڕووی کرد "ڤانۆ" و گوتی:

ـ ڤلادیمیر ئیلیچ ناوەرۆک و پوختەی ڕۆژنامەی برادزۆلای بۆ باس کردووم. برادزۆلا پشکۆیەکە و دەکەوێتە گیانی نەیارانمانەوە.

پیۆتر سەیرێکی کاتژمێرەکری کرد و گوتی:

ـ دەبێ دەست و بردێک بکەین ، هەڤالانمان چاوەڕوانمان دەبن... ئەوە من دەڕۆم و ئێوەیش دوای من وەرنەدەر .

پیۆتر دەستی دایە کۆنە کلاوکەی و ئامادەی ڕۆیشتن ڕاوەستا. لادۆ گوتی:

ـ ئیستێک بگره با ئێمه بڕۆین، ئەودەم...

"ڤانۆ" ڕووی دەمی تێکردن و پرسی:

ـ کڕین و فرۆشتنی ئەم چەشنە مەکینەیە لە بازاڕ دا هەر تەنێ بۆ ئۆرگانی سەر بە حکومەت دەست دەدات و کەسی ئاسایی بۆی نییە خۆی لێ بدات... چۆن و چلۆن ئەم دەسکەوتە زەنگینەتان دەست کەوتووە؟

لادۆ وڵامی دایەوە:

ـ زۆر بە هاسانی.. هەر بە ڕۆژی ڕووناک و بە ئاشکرایی کڕیمان و ڕامانگواستە ئێرە...

ـ ئەدی فرۆشیار پرسیاری نەکرد ئێوە کێن و مەکینەی چاپکردنتان بۆچییە؟!

ـ ئاخر ئێمە بەرگەی فەرمی و قانوونیمان لە مست دابوو.

ـ لە لایەن چ کەسێکەوە؟

ـ لە لایەن فەرمانداری شارەوە.

ـ تێناگەم! لە لایەن فەرمانداری شارەوە؟! فەرماندار پرسیاری نەکرد ئێوە چکارە و چ کەسن و مەکینەی چاپکردنتان بۆ چییە؟!

ـ نەخێر!... تەنانەت ڕوحیشی ئاگاداری ئەم سات و سەودایە نەبوو. دڵمان نەهات فەرمانداری شار لە خەوی خۆش بە ئاگا بێنینەوە. خۆمان لە جیاتی سەرۆک بەرگەی کڕینی ئەم مەکینە حەیاتەمان مۆر کرد و کڕیمان.

ڤانۆ بە تەواوی حەیران مابوو. سەری ڕادەوەشاند و ناباوەڕی لە چاوەکانی دەخوێندرایەوە. ئاخرسەر لادۆ لە سەرسامی ڕزگای کرد و گوتی:

ـ کاغەزی ماڕکداری شاری"گەنجە"مان دەست کەوت. کاغەزەکە مۆری حکومەت و واژۆی سەرۆکی شاری "گەنجە"ی لە ژێر درابوو. ئێمەیش، خۆمان و لە زمانی ڕێزدار سەرۆکی شارەوانیی شاری "گەنجە"وە دەقی قەولنامەکەمان نووسی و من خۆم لە جیاتی سەرۆکی شار مۆر و واژۆم کرد. تەنانەت بۆ توند و تۆڵ کردنی پسوولەی کڕینی دەزگاکە، نامەکەمان لە نووسینگەی دایەرەی ڕاگرتنی بەڵگەی بایەخداری دەوڵەتی دا تاپۆ کرد و فەرمانی کڕێنی قانوونیمان وەرگرت...

ـ کارێکی پڕ بوێڕانەتان کردووە... سەرم بەتەواوی سەتحی ماوە.

لادۆ دەستێکی بە سەر مەکینەکە دا خشاند و گوتی:

ـ رایدەگوێزینە مەنزڵگەی نوێ، جا ئەودەم وەرە سەیری بکە و ببینە چلۆن خەڵکی هەژار و بەلەنگاز ڕێک دەخات!

ئیستێک دوایە، ڤانۆ ئامادەی ڕۆیشتن بوو؛ ڕووی کردە هەڤاڵان و گوتی:

ـ ڕێبوار هەردەبێ لە ڕێدابێ .

لادۆ بەلاشانی مەکینەکەدا هاتەدەر و دەگەڵ هاوڕێیانی خۆشەویستانە دەست لەملان بوو، گوتی:

ـ ده برِۆ رِێبواری رِێگای گران، خۆش هاتی. برِۆ شاری تفلیس چاوەرِوانته. سەرکەوتوو بی هاورِێ!
پاش رِۆیشتنی ڤانۆ، لادۆ دەرگاکەی گەڵە دایەوە و دیسان سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد. شەوقی چرِاکەی کزتر کرد و گوێ بە دەرگاوە رِاوەستا. زۆری نەخایاند، زەردەی هاتە سەر لێوان و گاڵەی دەرگاکەی کێشا و بە ئاسپایی گوتی:
ـ کێی؟
پیاوێکی چاویلکە لە چاوی رِیش کۆرپەیی هێدی و ئارام هاتە ژوور. کتێبی ژێربالی لە سەر مێزەکە دانا و دەستی سلاوی بۆ لادۆ درێژ کرد.
ـ رِۆژ باش ڤلادیمیر زاخارویچ... مەرحەبا!.. رِاست لە کاتی خۆت دا هاتی!
ـ بەڵی من خۆم دەمزانی و ئاگاداری سروشتی ئێوە هەم کە پیاوێکی ورد و گردی و باوەرِمەند بە قەول و قەرارانی، بۆیە لە کاتی دیاریکراودا خۆم گەیاندە ئێرە.
ـ بە مشوور بوون و کات بەفیرِۆنەدان، رِەمزی سەرکەوتنە... بە دەسرۆکەیەک ئارەقی سەر و ملی وشک کردەوە.
لادۆ سەیرێکی کتێبەکانی سەر مێزەکەی کرد و لێی پرسی:
ـ کتێبی ئاینی؟!
ـ بەڵی لە تفلیسەوە لە ژێر باڵم دان... ئەمەش بۆ شوێنەونکەیە!
لادۆ گوتی:
ـ شوێنەونکەیەکی باش و بەجێ... دەگەڵ قسەکردن، دەستەوارێکی کاغەزی سپی و چەند لاپەرِەی نووسراوەی دەرهێنا و نیشان دا و گوتی:
ـ ئەمانە لە چاپ بدە و دوایەش مەکینەکە لە بەر یەک هەڵوەشێنە و دەزگاکان لە مجریلکەی جیا جیا دا بخەوێنە و ئامادەی بۆ رِاگوێزانیان بکە... هەر ئەم شەو لێرە بار دەکەین و دەرِۆین... تۆ خەریک بە و منیش تاوێکی تر دەگەرِێمەوە.
کابرای پیت چێن چاکەتەکەی داکەند و بۆ کاری چاپکردن دەست بەکار بوو.
ـ لە شوێنی تازەماندا هەموو شتێکمان ئامادە کردووە. بە خاوەن ماڵەکەمان گوتووە کە چەند کارتۆنمان شتومەک کرِیوە و ئەمشەو رِایاندەگوێزین... هەمووشتێک باش دەرِواتە پێش.
پیتچێنەکە گوتی ئەوا من ماشێنەکە دەخەمە کار.
ـ نەخێر!... سەبرێک بگرە تاکوو من دەرِۆم؛ کە من رِۆیشتم جا ئەو دەم خۆت دەرگای ژوور و دەروازەی حەوشەکە دابخە و دەست پێ بکە.
ـ دەکرێ چەند کتێبێکم پێ بدەی بیخەمە ژێر باڵم بۆ شوێنەونکە؟.. هەروەها دەمەوێ چاکەت و کلاوەکەشت لێ بخوازمەوە؟
ـ فەرمووا! ... ئەمە چاکەت و کلاو و ئەمەش کتێب... سەرکەتوو بی ولادیمیر زاخارویچ!

لادۆ کڵاو و چاکەتە لابارەکەی پۆشین و کتێبەکانی خستە ژێر هەنگڵەوە. کاتێک بە نیازی ڕۆیشتن بەرەو دەرگا دەچوو، لە پیت صێنەکەی پرسی:

ـ کاتێک بەرەو ئێرە هاتی، کەس چاوی پێت کەوت؟

ـ تەنیا پیرەپیاوێکی دراوسێ کە لە بەر بێڵا راوەستابوو، کەسی تر نەی دیتم.

لادۆ بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ باشە!.. با ئەویش پێی وابێ تۆی سەر لەنوێ دەگەڕێیتەوە.

لادۆ بە پەلە هاتەدەر و گورج لە کۆڵانەکە تێپەڕ بوو.

****

# 7

ئەودەم کە کەوتنە شوێنە پڕ حەشیمەتەکەی شەقامی "بوڵشایاموروسکایا"، ئەژدەر ناچار بوو لە غولام نزیک ببێتەوە، چونکە هەردەم ئەگەری ئەوەی هەبوو کە لە ناو ئاپۆڕاکە دا "غولام"ی لێ بزر بێت. بەتایبەت کە ئەو، خۆی شارەزای شوێنی کۆبوونەوەکە نەبوو، هەربۆیە دەبوایە هەوساری هەستی خۆی بداتە ڕەوتی ڕۆیشتنی غولام و دەگەڵ ڕێگا ڕۆیشتنەکەی ئەو، ڕێگا بگرێتە بەر. چەمی ئەمەیشی لە دەست دابوو کە بۆ شوێن هەڵگرتنی غولام، نابێ ملەقوتە و چاوە چاوی لە ڕادەبەدەر بکات، چونکە ئەمەش دەیتوانی سەرنجی ڕێبواری بەکرێگیراو ببزوێنێت. شیوەی ڕۆیشتنی ئەژدەر زۆرتر لە ڕچەشکێنێکی ناو بەفری قورس دەچوو، کە نەکا لە باڕن و چاڵە بەفر دا بکەوێت و تێیدا نوقوم ببێ. جارو بارەش، وەک ئەوەی کە جێ پێ خۆش بکات، ڕادەوستا و بەردەمی خۆی بەتاقی دەکردەوە و ئینجا دەکەوتەوە ڕێ. ئەژدەر بەم جۆرە دەڕۆییشت و "غولام"یش قیت و قۆز و بەبێ ساوە ساو، ملی ڕێگەی گرتبوویە بەر و دەڕۆیی.

ئەژدەر بۆ ئەویکە ئاسایی بە ڕێدا بڕوا، وەک پیاوێکی گەڕۆکی بێ خەیاڵ ڕێگای دەبڕی، بەڵام یەکدەمیش چاوی لە پشت ملی غولام ڕانەدەگواست .

بەرەژێرتر، لە شەقامی باڵاخانسکی، غولام بە شانی ڕاست دا بای داوە و شەقامی تەلەفۆنی جێ هێشت و گەیشتە وێستگەی شەمەندەفەری تفلیس. لە گۆڕەپانی پڕ لە قوڵکەی بەر وێستگە تێپەڕی و بە نێو هێڵە ئاسنە تێک بەزیوەکاندا کەوتە ڕێ. گاز و ڕێبازەکە چۆڵ و بێ هاموشۆکەر بوو. هێڵە ئاسنەکان چەشنی بیری مرۆڤی ئاڵۆزکاو، لێکدرا بوون. غولام بۆ ئەمبەر ئەوبەر کردن و تێپەڕبوون، ناچار بوو بە سەر یەکایەکی هێڵە ئاسنەکاندا قەڵەمتۆز بهاوێژێت؛ ئەژدەریش هاتبایە و لاسای ئەوی کردبایەوە، دەیتوانی شک بزوێن بێت ، هەربۆیە وای پێ باش بوو کە ڕێگای پڕ کەند و لەندی نێوان کۆگا بەردو تەپۆڵکە زیخەکەی جەمسەری هێڵە ئاسنەکان بگرێتە بەر

و پێیدا بڕوات. ماوەیەک بەم چەشنە لا بە لا ڕۆیشتن، هەتا گەیشتنە حاندی کارگەی نەوژەن کردنەوەی لۆکۆمۆتیڤی ئەو بەری وێستگەکان.

کارگەی نەوژنەن کردنەوەی لۆکۆمۆتیڤەکان، چەند هۆڵی نیوەتاریکی بەلاوە بوون، کە دار و دیواریان بە دووکەڵ ڕەش هەڵگەڕا بوو. کرێکارانی ئەم بەشە، دەبوایە ڕۆژ هەتا ئێوارێ لەم تاریکخانە پڕ دووکەڵانەدا جەستە و گیانیان بتاوێننەوە و نانێکی نەمرنەژی بەرنەوە ماڵ .

کارگەی نەوژەن کردنەوەی لۆکۆمۆتیڤ، هەر بەناو کارگە بوو؛ لە ڕاستی دا کەلاوەیەکی ڕەشی چڵکنی پڕ دەنگی بە تەقوتۆق بوو. لە ناوەوە چەشنی تەندووری دەماو، لە هەر چوار لایانەوە شەمەنەفەر بە کەنارییاندا تێپەڕ دەبوون. فیکەو فیشقەی شەمەنەفەرە قورسە بارکێشەکان لە بەرێک و، لە لایەکی ترەوە تەق و تۆقی چەکوشکاری کرێکاران و دەنگی سیڕە و جێرەی بڕینەوەی ئاسنەواڵە، لە دەنگ نەدەکەوتن.

لێرەوە، ئەژدەر لە غولام نزیکتر و نزیکتر دەبۆوە. لە ئاخر هۆڵی کارگاکان دا غولام بە ئامازەی پەنجە، بە ئەژدەری ڕاگەیاند کە لێی نزیک نەبێتەوە و مەودای نێوانیان دەبێ زیاتر بێت. ئەژدەریش باوی هەنگاوی هێدی تر کرد. هەر لەو دەمە دا زلە لۆکۆمۆتیڤێک بە دەنگی کەلەتاسێنییەوە بە نێوانیان دا تێپەڕ بوو. ئەژدەر لە ترسی بزرکردنی غولام، بە پڕتاو خۆی گەیاندە ئەوبەری هێڵی ئاسن و سەیری غولامی کرد کە وا لە لاشانی کارگەیەکی دوور و درێژ دا ئاوا دەبێت. هەنگاوی بە پڕتاوتر کرد و خۆی گەیاندە کارگەکە.

ئەو کارگەیە، مەزنترین و پان و بەرینترینیان بوو. لە چەقی ژووری کارگەکەدا چوار کرێکار لە سەر جەندەکی لۆکۆمۆتیڤێکی چەپرەکی هەڵوەشاو دا خەریکی کار بوون. لەولاتریشیانەوە پێنج کرێکاری تر خەریکی کوتک وەشاندنی سەر ئاسن پارە بوون. لە ئاخر پێچی ئەو کارکەیەدا، غولام لە پشتی تاکی دەرگایەکەوە لە بەر چاو نەدیو بوو. ئەژدەر بە خێرایی بەرەو کارگەکە چوو. هیچکام لە کرێکارەکان وازی ئەوەیان نەبوو سەرێک هەڵبێنن و سەیرێکی دەور و بەر بکەن؛ هەرکەس سەرقاڵی کاری خۆی بوو.

ئەو دەرگایەی کە غولامی قوت دابوو، گاڵە درابۆوە. ئەژدەر بە ناچاری چەند جارانی لە دەرگاکە کوتا. دەرگاکە بە ڕووی ئەژدەر دا کرایەوە، بەڵام هەرکە دەرگا کرایەوە، شەوقی تیژی چرایەک لە زارکی نیوەتاکی دەرگاکەوە هاتە دەر و، چاوی ئەژدەری ڕەش داگەڕاند. تیشکی چراکە ئەوەندە تیژ بوو، نەدەکرا هەتا دوو بست پێش خۆت ببینێت. تەنانەت ئەو کەسەی دەرگاکەیشی بە ڕووی دا کردبۆوە، هەر وەک ڕەشاییەک دەبیندرا. جەستەی بەرز و پەیکەری درشت هەڵکەوتەی کابرا بە تەواوی کەلێنی نێوان دوو تاکی دەرگاکەی پڕ کردبوو. هێدیانە لێی پرسی:

ـ کێت گەرەک بوو کوڕم ؟

ئەژدەر بە ئەسپایی گوتی:
ـ دەگەڵ غولام هاتووم.
ـ غولامی کێیە؟ ئێمە لێرە کەسمان نییە "غوڵام"ی ناو بێت.
ـ مانای بەچی؟ هەر ئیستێک بەر لەمن هاتە ژوور.

کابرا بێدەنگ مایەوە. تیشکی تیژی چراکە پڕ بە زارکی دەرگای نیوە کراوەوە بەرەو دەر دەهات. دیار بوو کابرا بۆیە پشت بە ڕوناکی و ڕوو بە ئەژدەر وەستاوە، کە چاو نەتوانێ بە وردی سەر و سیماکەی بخوێنێتەوە .

ڕاوەستانی ئەژدەر و وتووێژەکەیان زۆری نەخایانە کە لە پشت سەری کابراوە دەنگی غولام بە گوێ گەیشت:

ـ حەمە یارۆڤ خۆمانەیە و دەگەڵ من هاتووە، ڕێگای بدە با بێتە ژوورەوە.

حەمە یارۆڤ بەر زارکی دەرگاکەی چۆل کرد و ڕیگای ژوورێکی نیشان دا؛ ژوورێکی بچووکی مەیلەو تاریک، کە تاکە پەنجەرۆکەیەکی بە ڕووی حەشەدا دەکرایەوە. لە لاشانی پەنجەرۆکەکەوە، کۆنە پەردەیەکی چەوری چلکن بە لایەکدا شۆر ببۆوە. لە تەنیشت دەرگای هاتووچوونیش دا، سندووقێکی گەروەی پڕ لە ئاسنەواڵە و، لەولاترەوە مێزێکی پان و بەرین ڕوندرابوون. کەرەسەی ژوورەکە وای دەنواند کە دەبێ ئەو ژوورە، دیوی بەڕێوەبەری کارگەکە بێت.

هەرکە ئەژدەر وەژوور کەوت، بەر لە ڕوانینی هەر شتێک، لە حەمەیارۆڤ ڕاما.

حەمە یارۆڤ پیاوێکی درشت هەڵکەوتە بوو. لە هەموو فەساڵ و دەموو چاوی ئەو پیاوە دا، بەشی هەرە کەمی لە ژێر تووکی ڕیش و سمێڵی ڕزگاری هاتبوو. پیاوێکی تووکنی چاو و هەبرۆ ڕەشی یەکجار کەتە و باڵابەرز بوو .

پاش گاڵەدانی دەرگاکە، حەمەیارۆڤ بۆلای ئەژدەر هات و دەستی ئەستوور و پڕ لە دڵۆی بۆ ڕاگرت:

ـ بەخێر بێی برا! لەمەوپاش نەکەی ئەمەش لەبیر بکەی کە دەبێ ناوی شەو بزانی. بەبێ زانینی ناوی شەو بەرەو ئێرە بێیت، دەرگات بەڕوو دا ناکرێتەوە... دەگەڵ غولام هاتووم و هاوڕێی ئەوم و لەو بپرسن، لێرە کڕیاری نییە و بە گوێی کەس دا ناچێت و دەرگا گاڵەیە. هەر کەسێکیش دێتە سەردانی ئەم ماڵە، بە ناوی خۆی ناناسرێت و ناوێکی نهێنی هەیە؛ تۆیش دەبێ ناو و ناوبانگی هەرچی هاوڕێیە لێرە لەبیری بکەی.

پاش چاک و چۆنی، حەمەیارۆڤ ڕووی کردە غولام و لێی پرسی:

ـ کەوایە ئەمە هەر ئەو برادەرەیە کە دەبێ سکالانامەی بۆ بنووسم؟

ـ بەڵی بەڵی! ئەمە هاوڕێیەکی کرێکارمانە و هەتا ئێستا چەند جاران داخوازیی و سکاڵاکەی بەرپەرچ دراوەتەوە. ئێستا خۆی هاتووە و بە گوتن بە گوێچکەتانی دا بخوێنێت.

ـ دەکرێ پێم بڵێن کێ خەبەری پێداوە کە لێرە دا کەسێک ئامادەی گوێگرتنی قسەکانییەتی ؟!

ـ لەلایەن هەورێیانمانەوە پێمان ڕاگەیەندرا. هاوڕێیان لایەنگری "ئەژدەر"ن و پێیان وایە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت.

بە بیستنی وڵامی غولام، زەردە کەوتە سەر لێوی حەمەیارۆڤ و بە وردی سەیری سەر تا بە پای "ئەژدەر"ی کرد و لە دڵدا گوتی: باش بوو هات و چاوم پێی کەوت.

حەمەیارۆڤ چەند جاران بە ژوورەکە دا هات و چوو. لەپڕ لە بەرامبەر ئەژدەر دا ڕاوەستا و گوتی:

ـ ڕێبازی پیرۆزت پڕی سەرکەوتن بێت ئەی هەڤاڵ ! گەلێک لە خەباتکاران دانیان پێداهێناوی و ئەسپاردوویانی. بۆ من جێگای شانازییە کە گەنجێکی شارەزا و ژیر و تێکۆشەر دەگەڵ کاروانی تێکۆشەران دا هاوهەنگاوە... وەرە جارێکی دیکەش دەستی ڕەفیقایەتیت بگوشم . دەستی بۆ ئەژدەر درێژ کرد. ئەژدەریش دەستی ئەوی گرت و خۆشەویستانە دەستی یەکتریان گوشی.

غولام بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ ئەژدەر ئەمڕۆ لە پلەی یەکەمی پەیژەی تێکۆشانیدا پێ دەنێتە پلەی دووەمی.

لە پای مێزێکی بە کۆنە ڕۆژنامە داپۆشراو دا بۆی دانیشتن. بەرامبەر بە مێزەکە، کتێبدانێکی ئاوێنەبەند لە پاڵ دیوار دا جێی گرتبوو. چەند کۆنەکتێب لە خانەیەک دا دەبیندران و چرا گردسۆزێکی تۆزخواردووش لە سەرپشتی کتێبدانەکە ڕۆندرابوو.

غولام لە حەمەیارۆڤی پرسی:

ـ ئەدی هەڤاڵەکان لە کوێن ؟

ـ چی پێ ناچی ئەوانیش دێن.

حەمەیارۆڤ کوتە ڕۆژنامەیەکی دادڕی و بە تووتنی ماخورکا جگەرەیەک بۆ خۆی و یەکی تریشی بۆ غولام هەڵپێچا و دووکەڵیان بەبا کرد. زۆری نەخایاند سێ جار لە دەرگاکە درا. حەمەیارۆڤ گورج هەستا و بەرەو داڵانەکە داکشا. ئێستێک پێجوو حەمەیارۆڤ و دوو هاوڕێ ، بەشوین یەکدا وەژوور کەوتن. یەکەمیان پیاوێکی بەژن و باڵا خۆش کەشمی ڕیک و پێکی ژیکەڵانە و ئەوی تریان باڵابەرزێکی بەخۆوەوەی ڕیش تۆپنەیی بوو. یەکێک لەوان، لە سووچێکی هۆڵەکەدا دەگەڵ حەمەیارۆڤ خەریکی سرت و خورت بوو و ئەوی دیکەیشیان پاش چاک و چۆنی دەگەڵ غولام، لە ئەژدەر هاتە پێش و دەستی سڵاوی بۆ بەرزکردەوە. ئەژدەر لە دەمی تۆقە و دەست لێدانەوە دا بە وردی سەیری سەر تا بەپای هاوڕێی کرد و بە مێشکی داهات دەبێ ناسیاو بێت. بەڵام کەی و لە کوێندەرێ یەکتریان بینی بوو، نەیدەزانی. هاوڕێی تازەیان پێکەنی و گوتی:

ـ من ئێوەم لە کانگاکانی شیبایۆڤ دا بینیوە، بەڵام بەداخەوە ناوەکەت نازانم .

ئەژدەر هاتەوە بیری و زانی ئەو هاوڕێیە، هەر ئەو "بوگدان کونیانتس*"ەیە ، کە

---

Bogdan Kuniants

لە کانگاکانی شیبایۆڤ دا وەک مەزنترین خەباتکار، ناوی لە سەر زار و زمانان دا دەگەڕێت. دەنگی پێکەنینی غولام ڕایەڵەی بیرلێکردنەوەی "ئەژدەر"ی پچڕاند. غولام بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ ئەژدەر بۆچ بێدەنگ ماویتەوە؟ ڕەفیق دەگەڵ تۆیەتی...

ئەدژەر هەستی کرد کە لە یەکەم تۆقە و سەرەتای ناسیندا تووشی شڵەژان هاتووە. بە شەرمەوە سەری داخست و زمانی ئاخاوتنی بەسترا. بۆگدان دەستی هاویشتە سەرشانی ئەژدەر و بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

ـ کەوایە ئێوەیش لە دەرکراوەکانی کانگای "شیبایۆڤ"ن و بێکار ماونەتەوە؟

ـ بەڵی وایە!

بۆگدان بە بزەی سەرلێوانەوە و نیگایەکی مانادارەوە، قۆڵێ "ئەژدەر"ی گرت و هەروەک هاوڕێیەکی قەدیم و لەمێژینەی خۆی، بە خۆیەوەی گوشی و، گوتی:

ـ دەرخەمی کار و دەرکردن مەبە! دەست هەتا سەر لە کار بێبەری نابێت. شۆڕش بەم کەڵەوکێشییەی کە خاوەن کارەکان دەیکەن، هەر نەک هیچ زەربەیەکی وێناکەوێ ، بگرە قایمتر و شێلگیرتر دەبێ... بەتایبەت کە گەنج و لاوی زیت و زانای وەک ئێوەی دەگەڵە ...

هەر لەو دەمەدا حەمەیارۆڤ و هەواڵی تریشیان هاتن. بۆگدان ڕووی دەمی تێکردن و گوتی:

ـ دەدۆشکا هاوڕێی شۆڕشڤانی تازەمان بناسە... ئەژدەر!

دەدۆشکا دەستی ئەژدەری گوشی و گوتی:

ـ هەر بژی هاوڕێی تێکۆشەر! تێکەڵبوونی خۆرتی وەک خۆت، ورەی گەنج و لاوانی ئازەری زمانەکانمان بەرز دەکاتەوە و ڕیزی شۆڕشەکەمان پتەوەتر دەکا. سەرکەوتنی خەباتی ڕزگارییەخش بە هەرەوەز و داکۆکیی چینی زەحمەتکێش مسۆگەر دەبێت. نەیارانی ئێمە دەخوازن چقڵی دژایەتی و چەند بەرەکییەتیمان لە نێو دا بچینن، بەڵام یەکگرتوویی و هاوخەباتی ئێمە، هەودای دەهۆیان خاو دەکاتەوە...

هەر لەو دەمەدا خشپەی هەنگاوێکی پشتی دەرگا، قسەی لە دەمی ددۆشکا دا بڕی. بە تێکڕا هەستیان ڕاگرت، بەڵام زۆری نەخایاند چەشنی جاری پێشوو، کەڵەبابەی دەرگاکە سێ جاران دەنگی هات. حەمەیارۆڤ بۆ گاڵەکێشانی دەرگاکە لە ژوور دەرکەوت.

چاوی دانیشتوانی ناو هۆڵەکە بەرەو دەرگاکە سێرەی گرتبوو. گوێیان تیژتر کردەوە و دەنگی حەمەیارۆڤ و کەسێکی دیکەیان بیست. ئیستێک پێچوو، پیاوێکی چاویلکە لە چاو، بە شوێن حەمەیارۆڤ دا وەژوور کەوت. لە لا تیلاکی کۆنە کڵاوی تازەهاتوو دا، نیشانێکی بریقەداری تایبەت بە کارمەندانی ڕێگای ئاسن دەبیندرا. بە هاتنی ئەو، تاوێک بێدەنگی بە سەر ژوورەکەدا باڵی کردەوە. بۆگدان لە جێی خۆی ڕابوو. غولام چەند هەنگاوێک بەرەو پێش هات. بەڵام هەرکە تازەهاتگ کڵاوەکەی

داگرت و چاویلکە ڕەشەکەی لادا، "پیۆتر چۆنیاتۆڤ"ی دەم بە پێکەنین ، دڵی هەموانی شاد کردەوە. پیوتر بەو سەر و سیما ژیلەکانەیەوە و بە دەمی پڕ لە پێکەنینیەوە، ڕوو بە یاران ڕاوەستا و بە ئاماژەی پەنجە "ئەژدەر"ی نیشان دان و گوتی:

ـ هاوڕێیان! دڵشادم کە ئەژدەر لە ناو کۆڕی ئێوەدا دەبینم. ئەژدەر گەنجێکی ژیر و وریایەو جێگای شانازیی گشتمانە. من لێی دڵنیام و لە هەر بار و بابەتێکەوە پشتی پێ دەبەستم و باوەڕمەندم پێی.

وتەکانی چۆنیاتۆڤ، چەشنی خوناوکەی گوڵنمی بارانی بەهاری، پەرێزی دێمەکاری هەناوی "ئەژدەر"یان تەڕ و بڕ دەکردەوە. لێو بەبزە و چاو پڕ لە سپاس، هێدیانە دەستی "چۆنیاتۆڤ"ی گوشی.

ماوەیەک ڕابوارد ، میوانێکی نوێ هاتە ژوور. ئەویش کڵاوەکەی هەتا حاندی برۆ داکێشابوو. "میربەشیر قاسیمۆڤ" بوو. میربەشیر، کرێکارێکی ئازاو بوێر بوو، کە زۆر لە کارگەرانی هەرێمەکان دەیان ناسی و ڕێزیان هەبوو بۆی. دەگەڵ چاک و چۆنی، هەر کە گەیشتە ئەژدەر، ئاماژەیەکی بۆ لای غولام کرد و گوتی:

ـ لالۆ ناپرسم کێی و چ کەسی، چونکە پێناس و قەباڵەکەت وا لە پەناتەوەیە.

میربەشیر بۆ لای چۆنیاتۆڤ گەڕایەوە و بە نیازی داگیرساندنی بنەی وتووێژ، خۆی ئامادە کرد، بەڵام هاتنی هاوڕێیەکی تر و، من چۆنم و تۆ چۆنی نەیهێشت میربەشیر دەم بکاتەوە.

میوانی نوێ، لادۆ کەتسخۆڤلی بوو. لادۆ بە کۆنە چاکەتێکی داچۆڕاوی و چاویلکەی سەرچاوانی و چەند کتێبی بەرگ مێشنی ژێر باخەڵی، شکڵ و شێوەی مامۆستایەکی زانکۆی گرتبوو .

لادۆ، مرۆڤێکی ژیری وردبین بوو. لە کاتی وتووێژان دا بە وردی و سەرنجەوە هەستی ڕادەگرت و گوێگرێکی بێدەنگ بوو. کەم وادەبوو دڵۆپە بخاتە نێو ئاخافتنی کەسی هاودەنگییەوە و قسەی پێ ببڕێت. لەدەمی قسەکردنیش دا، زۆر بە ئارامی بە قسە دا دەهات و قەت نەیدەهێشت لایەنی بەرامبەری لە گوێگرتن ماندوو ببێت. ئەوەی کە جێی سەرنج بوو، ترووسکەی چاوەکانی بوو لەدەمی گوتن دا، چەشنی پۆ، لە تان و ڕیشاڵی تەونی قسە دەنیشتن و، دانیشتن و مەجلیسیان گەرمتر دەکرد.

لادۆ بە گەرم و گوڕی خەریکی چاک و چۆنی بوو و هەرکە گەیشتە غولام، هەمێزی بۆ کردەوە و بە وردی تێ ڕاما و لە حاڵ و ئەحواڵی خۆی و بار و دۆخی ژیانی خاو و خێزانەکەی پرسیاری کرد .

شان بە شانی غولام، ئەژدەر ڕاوەستابوو. ئەودەم کە ڕووی کردە ئەژدەر، وەک بە سەر کۆگایەک هومێد دا کەوتبێت گوتی:

ـ هەڤاڵ بە بینینت گەلێک دڵشاد و مەسرورم. تێکەڵبوونت بەکۆڕی یاران جێی سپاسە و هیوای دواڕۆژێکی گەش و سەربەرزانەت لە ڕیدا دەبینم. بەتایبەت لەم

تەمەنەی کە تۆی تێدای، ئاشنابوون دەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی سەردەم دا جێگای سەرنجە .

ئەژدەر پێی سەیر بوو؛ چلۆنە لادۆ کەتسخۆڤلی تەنانەت ناوەکەیشی دەزانێ و بە ئەژدەر ناوی دەبات! کورتە ماوەیەک گێژ و کاسی ئەم بیر و پرسیارەی دەروون بوو، کە لادۆ لاباڵی گرت و هێدیانە ڕایتڵەکاند:

ـ هیچ دڵپەرۆشی بێکار مانەوەت مەبە! تێکۆشانی ئێمە ئەم قۆرت و تەنگاسییانەی تێدا دەبێت و پێویستە بیبینین...

ئەژدەر لە جیاتی وەرامدانەوە ، سەرسوورماوانە پرسی:

ـ ئێوە ئەم گشتە زانیارییانەتان چلۆن لە من کۆکردۆتەوە... من کێم کە...

چۆنیاتۆڤ چاوێکی لە لادۆ کەتسخۆڤلی داگرت و لە جیاتی ئەو، وڵامی دایەوە:

ـ ئەژدەر! ئەم هەڤاڵەمان دوای گەلێک لێکۆڵینەوە وەرگرتنی زانیاری لە سەر گشت هەنگاو و هەڵوێستەکانت، بەرهەقبوونی ئەندام بوونی تۆیان لە کۆڕی نهێنیی حیزب دا سەلماندووە. لە مەحەکدانی جەوهەری کار و کارامەییت ڕێگای ئەندامەتیی تۆی کردۆتەوە. بەتایبەت پلەی وریایی و نهێنی پارێزیت دەگەڵ ورەی پۆڵایینت؛ ئەمانە بەلای هەڤاڵ "لادۆ کەتسخۆڤلی"یەوە گەلێک گرنگن. با ئەمەشت پێ بڵێم کە ئێمە باوەشمان لە بەر لێشاوی جەماوەر دا واڵا ناکەینەوە و هەرکەس و گشت کەس بە ئەندامی لیژنەی خۆمان وەرناگرین. ئەگەر ئەم کارە بکەین، گیان و ژیانی پڕبایەخی هەڤالان و، ڕەنجی خۆمان بەفیڕۆ داوە.

ئەژدەر لێبڕاوانە گوتی:

ـ سپاس بۆ ئێوە کە لێم دڵنیان. منیش دەڵێم، بەڵێن بێت کە هەموو کات و ساتێک بۆ پایەداری و سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە پیرۆزە تێبکۆشم و قەت کۆڵ نەدەم.

بۆگدان لەو لاوە وڵامی دایەوە:

ـ تۆ هاوڕێ و هاوخەباتی ئێمەی ئەژدەر!... پیۆتر و غولام و ئیڤان لەمێژە تۆیان بە کۆڕەکەمان ناساندووە و دەتناسین و لێت دڵنیاین.

دوای تاوێک بێدەنگی، بۆگدان درێژەی پێدا:

ـ داخ و حەسرەت بۆ هەڤاڵێک کە ئیتر لە نێومان دا نەماوە.

ئەژدەر بە حەسرەتەوە گوتی:

ـ ئیڤان ئەرکی باوکێتیی دەرهەق بەمن بەجێ گەیاند. ئەوە ئەو بوو، کە منی پێگەیاند.

لادۆ لە حاڵێکدا لە سەر کورسی دادەنیشت گوتی:

ـ بەڵێ ئیڤان باوکت بوو، مامۆستات بوو، ڕێنیشاندەرت بوو... بەڵی ئێمەیش لێتان شارەزاین و دەزانین کە لە ڕۆژی مانگرتن و خۆپێشاندانەکەمان دا تۆ شان بە شانی ئیڤان هاتی و لە کاتی زام هەڵگرتن و کەوتنی ئەو دا، نەتت هێشت ئاڵای کرێکاران لە فڕکە بکەوێت و بوێرانە بەرزت کردەوە.

میر بەشیر لە ئەژدەر نزیک کەوتەوە و گوتی:
ـ کەواتە ئاوا بوو؟! چ لاوێکی بە جەرگ و بوێر؟!
لادۆ درێژەی پێدا:
ـ ئاڵای سوور ڕەمزی شۆڕشی ئێمەیە. تۆ لەو دەمە تەنگاوە دا سنگی خۆتت بۆ کرد بە قەڵغان و بووی بە پێشەنگی چینێک، کە بەرەو ئەستاندنەوەی مافی پێشێلکراوی دەڕۆیشت. لە ڕاستیدا، هاومەتەرێز و هاوخەباتێکی بە جەرگ و دلۆڤان بووی بۆ ئیڤان. ئێمە چاوی هومێدمان لێتانە و بەهیواین بەبێ نووچدان و کەوتن و نیشتنەوە، لەسەر سەودای گەرمتان بمێننەوە هەتا سەرکەوتن.
ئەژدەر گوتی:
ـ هاوڕێ ! دەست و باڵی من هەرگیز نالەرزن و هەمیشە بەتوانا دەمێننەوە.
پیۆتر گوتی:
ـ ئەژدەریش لە تیرە و ڕەگەزی خۆمانە و پەروەردەی فێرگەو مەکتەبی شۆڕشی سوورە... ڕاهاتووی زانکۆی خەباتە... من... من وەک هاوڕێیەک شانازی پێوە دەکەم و دڵنیام شان بە شانی ئێمە دێت هەتا سەرکەوتن.
بۆگدان لێی پرسی:
ـ ئەژدەر! ئیڤان گەلێک جاران باسی کیژۆڵەکەی خۆیشی دەکرد. ئەودەم دەیگوت کە کچەکەی لە زمانی تورکی ئازەری دا چەشنی زمانی دایک شارەزایە؛ داخوا ئێستێ لە کوێیە و چی دەکات؟ ئاخۆ هیچ سەریان لێ هەڵدێنیتەوە؟
ئەژدەر لە مەبەستی بوگدان حاڵی بوو. ماوەیەک بە شەرمەوە سەری داخست، بەڵام زوو هاتەوە خۆ و بە ڕەوانی وڵامی داوە:
ـ ئەمڕۆ چووم و بینیومن... باشن... بەڵی ڤەڕا لە زمانی تورکیدا کەمایەسیی نییە... دایکیشی باشە.
ئەژدەر لە قسەکردندا بوو، کە پۆلێک میوانی نوێ هاتن. شەش هاوڕێی کرێکار بوون کە ئەژدەر هیچکامیانی نەدەناسی. غولام بە ئەسپائی پێی گووت کە ئەوان لە مەڵبەندی" بی بی هەیبەت"ەوە هاتوون.
بە هاتنی شەش هاوڕێ، وا دیار بوو دەبێ دەرگا دابخرێت و لیژنەکە دەست بە کار بکات. پیوتر چۆنیاتۆڤ، دەسپێکی جەلەسەی ڕاگەیاند و لادۆ پەڕە کاغەزێکی زۆر تەنکی لە گیرفان دەرهێنا کە وشەی (ئیسکرا*)ی لە سەر دێڕی سەرووی دا نووسرا بوو. لە ژێرەوەی وشەی "ئیسکرا" دەستەواژەی بەناوبانگی "مانیفیست کمونیست"، واتە :"کرێکارانی جیهان یەک گرن" دەبیندرا. ئیسکرا، دەست بە دەست گەڕا و ئاخر

*ڕۆژنامەی(پشکۆ) ئیسکڕا-ی لێنینی لە ساڵی 1900 بڵاوکرایەوە. یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشگێری بوو کە لە دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەو ڕۆژنامەیە سەکۆیەکی پتەو بوو بۆ دامەزراندنی حیزبی سەربەخۆی پرۆلیتاریای ڕوسییە.

دەست، دەستی لادۆ بوو. لادۆ ڕووی کردە هاوڕێیان و گوتی:
ـ هەڤالان! لە ژمارەی شەشەمی ئیسکرامان دا، ڕەفیق لێنین بابەتێکی لە ژێری سەردێڕی"درکاندنێکی پڕ بایەخ" دا نووسیوە، کە ئەگەر ڕێگام بدەن، پێموایە خوێندنەوە و لێکدانەوەکەی بە پێویست بێت.
لە هەموو لایەوە دەنگ درا:
ـ بەڵی دەیخوێنینەوە!
ـ بەڵی پەتیا خۆت بۆمانی بخووینەوە!
چۆنیاتۆڤ ئارام ئارام بۆی خوێندنەوە و هەرجێیەک، کە شیکردنەوەی پێویست دەبوو، بە وردی بۆی لێک دەدانەوە .
هۆدەکە گەرم بوو. بەڵام گەرمتر لە هەوای ژوورەکە، بێدەنگی بوو کە لە وڵات نیشتبوو. جار جارە، هازە و ترپەی سەرەسوونەی مێش دەگەڵ شووشەی پەنجەرە، تەنیا دەنگێک بوو بە ژوور دا دەگەڕا. هەڵم و هالاو، زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی بەدانیشتووان دەڕشت، بەڵام هەر هەموویان بە تەواو هان و هەست و هەناسەوە گوێچکەیان بۆ خوێندنەوەی ئیسکرا شل کردبوو .
بابەتەکە، یەکێتی کرێکاران و شێوەکار و چۆنایەتیی هەڵسوکەوتی ڕێڕەوانی ڕێبازی شۆڕشی دابوویە بەر نیگای قەڵەم؛ نووسیبووی: هەتا یەکگرتنی کرێکاران و بزووتنەوەکەیان بەرەو پێش دەچێت، شێوەی بەرەنگار بوونەوەی سەرمایەدارانیش دەور و شێوەی سەرکوتانەوەی خۆی دەگۆڕێت.
ئیسکرا سەبارەت بە سەرمایەداریی شلک و تازە ڕسکاوی ڕوسیای نووسیبوو، کە بۆ ڕیشەداکوتان و خۆ قایمکردنی، چلۆن لە ئەزموونی سەرمایەداریی جیهانی کەڵک وەردەگرێت؛ لەو ڕێبازەشدا هێزی ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارم چ دەور و نەخشێکی سەرکوتکەرانە دەگێڕن .
سەرەنجام و کۆتایی بابەتەکە، ڕایگەیاندبوو کە ویست و داخوازیی نزمی کەم بایەخی باری ئابووریی لە لایەن کرێکارەوە ، لە خۆ نزم کردن بەولاوە، هیچ سوودێکی تێدا بەستە نییە و نابیێت. کرێکار دەبێ ویستی سیاسی بکاتە دروشمی سەرەکی و داوای دەسەڵاتداریی سیاسی بکات. نیاز و پێداویستیی کرێکار ئەو مزە و مافەی ڕۆژانەی نییە کە لە بەرامبەر ڕەنجی ڕۆژانەی دا وەری دەگرێت، بەڵکە قەراری کرێکار و خاوەن کار دەبێ لێک دەرکردنێکی ڕیشەیی بێت کە ئەویش ئەستاندنی دەسەڵاتی سیاسیی کرێکارە لە ژیانی داهاتووی دا.
بۆچوون و ڕێنوێنیی ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین، لە کۆبلەی ئاخرینی وتارەکەی دا شتێکی تەواو تازە بوو. دانیشتووان بەو ئاکامە گەیشتن کە پلە و پایەی کرێکار لە ژیانی ئابووری وڵات دا چەندە گرنگ و چیها هەستیارە. دانیشتووانی کۆڕەکە بەم دەور و نەخشە دیرۆکییەی خۆیان خرۆشیبوون و تامەزرۆیانە گوێچکەیان بۆ گوتارەکە

شل کردبوو. هەربۆیە گەلێک جاران، چۆنیاتۆف بەشیک لە بابەتەکەی دووپات دەکردەوە و دەگەڵ بویەر و ڕووداوەکان و هەلومەرجی ڕۆژ دا، سەنگ و کێشی دەکرد و دەی نرخاندن.

لە سەر داخوازیی لادۆ، بەشیک لە وتارەکە سەرلەنوێ خوێندرایەوە کە تێیدا هاتبوو : "... تەنیا کاکڵ و ناوەرۆکی وتاری(نۆڤیە وەرمیا ) بۆ ئێمەمانان ئەمەیە، کە بزانین چ پیلانێکی پیسی بەدکارانە لە ژێر چەتری شاراوەی دەزگای دەسەڵات دا خەوتووە و چلۆن بە وشەی شاعیرانە ئالاپێچ کراوە و بە هەزار سلسڵە و پلپڵە ڕازێندراوەتەوە؛ بۆچی؟ بۆ دەداو خستنی چینی کرێکار! ناوەرۆکی ویستی دەزگای دەسەڵاتدار، کە چاوسووری چینی سەرمایەدارە، ئەمەیە کە بە وادە و بەڵێنی درۆیین، دەرگای خەڵات و بەرات بۆ کرێکار بکاتەوە و بەم چەشنە کەلەپچەی شان و باهۆی کرێکار توند و توندتر بکات. ئەوان گەرەکیانە زەنجیری نوێ بخەنە دەست و پێی ئێمە. یارمەتیی ماڵی و بووژاندنەوەی درۆیینی کرێکار، کە لە ساختەچێتی و بێ شەرمیی ئەوانەوە مایە دەستێنێت، مستی ئەوان بۆ کوتانەوەی خواستی ئێمە لە ئەنگوچک دێنێتە دەرێ و ، ئێمەیش دەبێ مستیان لە ئەنگوچکیان دا بشکێنین ...

خرۆشی بوگدان بەرزتر بۆوە: نیازی ئەوان بەستنی زمانی هەقخوازانەی چینی کرێکار و دامرکاندنی ئاگری شۆڕشی کرێکارییە. هەڤاڵ لێنین ژیرانە و بە کاتی بەجێ پەردەی لە ڕوو هەڵماڵێیون.

وتارەکەی لێنین هاوسەنگی بارودۆخێک بوو، کە لە باکۆ دا بە چاو دەبیندرا. وشەی بە وشەی نووسراوەکە هەنگاوێک بوو کە بە نێو کۆمەڵگای باکۆ دا تێپەڕ دەبوو. ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵانی دەخستە بەرچاو. شتێک نەبوو خەیاڵی بێت و بەدوور لە ڕاستی. هەربۆیە یەکایەکی دانیشتووانی ناو کۆڕەکە زمانی گوتنیان کرایەوە و پێیداهاتن. یەکەم کەس حەمەیارۆڤ بوو کە گوتی:

ـ بەڵێ وەک دەڵێن بە دەستێک تێڵا و بە دەستێ هەڵوا!.. بەڵی دەممان شیرین دەکەن، دانەخۆرەمان دەکەن، دەستەمۆمان دەکەن و ئەمجار دەمانخەنە ژێر باری قورس. وێنە و نموونە زۆن... ئەوەتا کەس نییە حاجی زەینەلعابیدین نەناسێت. ئەو بە ڕواڵە پیاوێکی سەر و ڕوو خۆشی بە سەر و سیمای خوداناسە. هەر ئەوەندە پیرۆز کە گۆیا هەناسەی دەمی هەتوانپێژە و پەنجەی دەغەزپەڕێنە. دەڵێن گشت ڕۆژێ دەرگای ماڵەکەی بە ڕووی هەژاراندا والایە و هەر برسییە لە بەر دەرگای ئەو دا تێر دەخوات. قسە هەزارە و دوویان بەکارە. حاجی لەژێر سایەبانی بەر بێلاکەی دا رادەوستێت و دە پازدە مەناتان بە سەر کۆگایەک ژن و ژاڵی سێوی و هەتیوبار دا هەڵداوێت و بەم چەشنە ناوی خۆی دەخاتە سەر دەم و زاری ئەم و ئەوێکی گەمژەی بەکرێگیراو و، خۆی پێ نێودێر دەکات.

دەرخستنی ئەم بەندو بەست و فێڵ و تەڵەکەیە ئەرکی سەر شانی ئێمەیە. ئێمە دەبێ ساختەچییانی چەشنی "تەقی یۆڤ"ەکان بە خەڵکان بناسێنین. ئێمەین دەبێ

بۆره پیاوانی ساویلکەی دەم کوێخا، کە قەدر و قوتبی "تەقی یۆڤ"ەکان لە ناو کۆمەڵگا دا سەقامگیر دەکەن، بە خەڵک بناسێنین تاکوو خەڵک دەمکوتیان بکەن .
غولام گوتی:
ـ ساڵی پار، لە کانگەی خاتیسۆڤ دا چەند کرێکار لە سەر کار دەرکران کە منیش یەکێک لەوان بووم. ئێمەی دەرکراو، چاوی هومێدمان لە ڕێی هاوکارەکانی خۆمان بوو، کە ئەوان پشتی ئێمە بگرن و خاوەن کار ناچار بکەن دەرگای کارمان بە ڕوو دا بکاتەوە. بەڵام ئێوە سەیر بکەن و ببینن کە خاوەن کار چلۆن زۆڵانە بە لاڕێ دا پێشەبڕەی لە چاوەڕوانیی ئێمە دایەوە و بە چ شیوەیەک هیوای ئێمەی خەواندەوە. ڕۆژی جەژنی نەورۆز، خاوەنکار بەبیانووی چاو و دڵ ڕوونی و جەژنەپیرۆزە لە بنەماڵەی پێنج ـ شەش کرێکاری پیری ناسراوی مەڵبەندەکە، کەموسکێک وردە کەلوپەل و نۆقڵ و شەکرۆکەی بۆ ناردن. دەنگ و بانگی ئەم خەڵات و بەراتە چەوت و چڵکنە، چەشنی بۆمبا لە دۆڵدا تەقییەوە و فێڵ و تەڵەکەی خاوەن کار گرتی. پیلانی خاوەنکار سەرکەوت و پلانی ئێمە ژێرکەوت. من دەڵێم، ئەوەیکە هێژا ڕەفیق لێنین باسی دەکات، هەر ئەوەیە لە کۆمەڵگادا دەقەومێت، بەڵام ئێمە هەستی پێ ناکەین. لێنین ماکی ژانگەکە دەردەخات و چارەسەرکردنەکەی بە ئێمە دەسپێرێت.. بەڵی خەبات و تێکۆشانی ئێمە دەبێ شێلگیرانەتر و بێ ئامانتر ببێت، تا سەرکەوتن مسۆگەر بێ.
بیرو ڕای هەڤاڵان کۆتایی هات. پیوتر ڕووی کردە یاران و گوتی:
ـ یەکەم هەنگاوی خەباتی کرێکار بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەربەرەکانی کردنێکی بە دوور لە ئاشتبوونەوەیە دژ بە دەزگای دەسەڵاتدار. کرێکار ئەمە باش دەزانێ کە لەم تێهەڵچوونە خوێناوییەدا، دامودەزگای تزاری، بە هەموو هێزی پاراستن و پۆلیس و لەشکر و ژاندارمەوە دێتە شەڕی مان و نەمانی ئێمە. لە دەرەوەی ئەم شەڕگەیەش دا، سەرمایەدار بە هێزی ئابووری خۆیەوە پشتیبانی هێزی حکومەتە. لە هەمبەر سەفی دەوڵەت و دەزگای سەرمایەداریشدا، کرێکار تەنیا و بێدەست نییە. زەحمەتکێشی شار و گوندی و ڕەنجبەر و فەلاش لە سەفی شۆڕشگێران دان و پشتیوانی کرێکارن. زەحمەتکێشان و کرێکاران بۆ ڕزگاری و داڕنینی نیری یەخسیری، پێویستە سەفی خۆیان بەتواناتر و کاراتر بکەن. ئامانجی ئاخرینی ڕاپەڕینی هێزی کرێکار، دەبێ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بێت. ئەودەمەی کە وا کرێکار و گوندی و ڕەنجبەر بە ئاکام گەیشتن، لە یەکەمین گزنگدانی بەرەبەیانی ڕزگاری دا چارەنووسی خۆیان بە دەست و مستی خۆیان دەنووسن. ئیتر زۆردار و ستەمگەر و چەوسێنەر لە گۆڕستانێک دا گۆڕ دەکرێن، کە فەرامۆشخانەی مردووی دیرۆکە.
پیۆتر بۆ شیکردنەوەی وتارەکەی لێنین، ڕووی دەمی لە هەڤاڵان کرد و گوتی:
ـ هەیاران! ئێوە سەرنجێک بدەن و بیرێک لەم وتەیە بکەنەوە کە:" سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی سیاسی، تەنیا بە هێرشی شۆڕشگێرانە دەست دەکەوێت. کەواتە

پێویستە بازنەی هەڵسورانەکەمان هەراوتر بکەینەوە. لە هەر کارگە و گانگەیەک، لە هەر بنکەو بنگەهێکی کار، لە هەر پەڵە کێڵگەیەکی وەرزێران و لە سەرجەم شوێنی ڕەجاباهێنی لادێ و شار، کرێکار و ڕەنجبەر دەبێ دەست بەکار بن و لەشکەری ڕۆژی گران پێکەوە بنین. دەبێ مستی ئاسنینی هێزی جەنگاوەری کرێکار، تەختی بەختی زۆرداران بلەرزێنێ. دەبێ ئەمەش بزانین کە پێ بەپێی ئەم تێکۆشانەی ئێمە، زەبر و زەنگی داپڵۆسینی ئەوانیش قورستر و بێ ئامانتر دەبێ. هەنگاو بە هەنگاو ڕاومان دەنێن و شوێنمان هەڵدەگرن. ئەوان بێ بەزیین و هەرچی ئێمە سازی بکەین، ئەوان لێمان دەڕوخێنن. لەم بوارەشدا، ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین ئامۆژگاریمان دەکات و پێمان دەڵی کە هەر چەشنە کەمتەرخەمی و ساوەساوێکی کە لە ئێمە ڕوو بدات، ئاکامەکەی دەبێتە خەسارێکی مەزن و ئێمەی پێ دەتەزین .

لادۆ شووشەی چاویلکەکەی بە دەسرۆکەیەک ڕاماڵی و دوای ئیستێک بێدەنگی، بە شوێن وتەکانی پیوتر دا هات و درێژەی پێدا:

ـ هەر ئەم شارەی کە ئێمە تێیدا دەژین و شوێنی کار و خەبات و هەڵسووڕانمانە، لەباری ئابورییەوە، کوولەکەی ڕوحی ئیمپڕاتوریای ڕووسیایە. لە کانگاکانی شاری باکۆ دا دەوری بیست و یەک هەزار کرێکار خەریکی کارن. ئەم برە کرێکارە لە سێ نەتەوەی جۆراوجۆر پێکهاتوون کە بەتێکڕا و بێ جیاواز ، بە شیوەیەکی وەحشیانە و چەشنی کۆیلە دەچەوسێنرێنەوە. ئێمە خۆمان لە ئاستی بەرێچوون و گوزەرانی کرێکار شارەزاین، چونکە ئێمە و سەرپاکی کرێکارانی ئەم مەڵبەندە، نیشتەجێیانی ئەم ماتەمینگەیەین. جێ ستاری خۆمان و زار و زیچمان کۆختە و خانووی قوڕین و ژێرخانی تەنگ و نووتەکە و شێداری پڕ لە گەرا و مافەتەیە. لە باکۆی هەژاران دا، بگرە تەنانەت ئاوی خوردنەوەش دەست ناکەوێ؛ ئەو ئاوەی کە تونیایەتیمان دەشکینێ، لە کوێرەچەمێکی دوورەدەستەوە لە سەرپشتی کۆنە گەمێیان دەگاتە ئەم گاز و گوزەرە. لە ڕێگا دا چەندە تاوگەز دەبێ و چیها دایک گەرای نەخۆشی و ئازار گەرای تێدا دەکاتەوە، نازانین. بەڵام باش دەزانین کە نەخۆشیی خۆمان و مردنی منداڵەکانمان لە ژێر سەری ئەم پیسە چڵکاوە دایە. سەرنجێک بدەینە سەر ڕەوش و ڕەفتاری خاوەن کارەکانمان و شێوەی هەڵسوکەوتەکانیان، ئەوان ئێمە بەهیچ دانانێن. لە کارکردنی توندوتۆڵ و لە خۆبەختکردنمان دڵیان پێمان دەکرێتەوە، بەڵام لە پێکەوەبوون و تەبایی و یەکێتیمان دڵیان دەڕووخێ. هەربۆیە هەرچی ئەوانن، بە تێکڕایان هەوڵی داتاشین و لێک هەڵاواردنی ئێمە دەدەن. مەزنخوازانی ئیسلامی و تورکخوازان کلکیان لێک بەستووە لە ژێر عەبای ئایین و نەتەوەپەرستیدا پیلان دەگێڕن و پلان دادەڕێژن. ئەوان خەونی پێکهێنانی ئیمپڕاتوریای جیهان ئیسلامی دەبینن و گەرەکیانە ئازەربایجان داگیربکەن و کۆلۆنیاکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات پەرە پێ بدەن. ئەوان حەسانەوەی گشتی و بەختیاریی مرۆڤ لەم پلانەی خۆیاندا دەبینن.

هاوڕێیان!.. خاوکردنەوەی پلان و پووچاندنەوەی پیلانی ئایین سالاران و نەتەوەپەرستانی دەماروشک، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە. لەقاودان و ناساندنی ناوک و ناوەرۆکی ئەم چەتە چەپەڵانە، لە دەستووری کاری شۆڕشگێرانەی ئێمەدایە. بۆ بەربەرەکانی و لە خاک گەوزاندنی ئەم بەرە نارەسەنەش، وەری پۆڵایینی کرێکار و یەکێتیی ئەنتەرناسیونالیی زەحمەتکێشانمان گەرەکە. پێویستە هێزی خۆشبەز و چالاکڤانانی پێشمەرگەی شۆڕشگێری بۆ ئامادە بکەین.

هەرکە قسەکانی لادۆ کۆتایی هات، پیۆتەر چاوێکی لە کاتژمێرەکەی کرد و بە ئیشارەی چاو، حەمەیارۆڤ ئاسنەواڵەی ناو سندووقی بەردەرگای هەڵرشت و تایەک لە دەرگاکەی کردەوە. هەرکە دەرگاکە واڵا بۆوە، ئەهوەنی و بێدەنگییەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر هۆڵەکە داگرت، کە دەتگوت زیندەوەری تێدا دەست ناکەوێت. لە پشتی دیواری ئەستوور و نارێکەوە، دەنگی تەقوتۆق و هارەهاڕی مەکینە و دەسگاکانی کارگە دەهاتنە گوێ.

لادۆ کۆنەکڵاوەکەی و کتێبە ئایینییەکانی پێشکەشی بوگدان کرد و گوتی:

ـ بگرە بوگدان!.. ئەمانە لە کاروانە سەفەرێک دا بۆ من بەکار هاتن و لەوانەیە لەم سەفەرەشدا دەفریای تۆ بێن.. فەرمووو!

دوای ماڵاوایی کردن، لادۆ شەپقەیەکی لە باخەڵی چاکەتەکەی دەرهێنا و لە سەری کرد و چاکەتەکەیشی بە سەر قۆڵی دادا و داردەستێک بەدەستەوە، ڕێگای گرتە بەر و ڕۆیی. دەگەڵ ئاوابوونی لادۆ، دەرگاکەیان داخستەوەو سندووقی پڕ لە ئاسنەواڵەیان کردەوە قایمگیری دوو لینگەدەرگاکە و ئەژدەر و پیوتەریش لە سەر بڕیاری پێشوو، پێکەوە وەدەرکەوتن.

لە پێچ و خەمی ڕێگای پڕ لە ئاسنەواڵەی کارگەدا، پیوتەر لە بەرەوە و ئەژدەر لە دواوە ڕێگایان گرتەبەر. لە نیوەی ڕێگادا پیوتەر ئیستێک ڕاوەستا و گوتی:

ـ ئەودەمەی کە لە دەرگای حەوشەکە دەرکەوتین، تۆ بەری چەپ بگرە و ڕێک بەرەو سەر هەڵکشێ و لە پەنا بورجی چرای ڕێنوێن دانیشە و چاوەڕێی من بە. لە دانیشتنیش دا بە جۆرێک خۆت بنوێنە کە ڕێبوارێکی شەکەتی و بۆ پشوودان و حەسانەوە دانیشتووی و خەریکی بەبا کردنی جگەرەی... جگەرەت لە لایە؟

ـ نەخێر.. جغارەخۆر نیم!

پیوتەر کەموسکە ماخۆرگایەکی بۆ دە ڕۆژنامەوە پێچا و گوتی:

ـ پێویست ناکا جگەرەخۆر بی.. بۆ ڕۆژی مەبادا و بۆ شوێنەونکە پێویستمانە.. ها بگرە!

هەر ئەو جۆرەی کە پیوتەر پێی گوتبوو، هێدی هێدی هەتا ژێر تیرەگی چرای ڕێنوێن ڕۆیشت. لە ژێر سێبەریک و لەشوێنێکی بەرچاو ، بەدەم هەڵبەستنی جگەرە، چاوەڕانی هاتنی پیوتەر دانیشت. بە دەم بەباکردنی دووکەڵیشدا خۆی دەدواند: ئاخر ئەمە کارە؟... لەم شوێنە دوورەدەستەدا من بۆچ دەبێ چاوەڕانی پیوتەر دابنیشم؟..

بۆچی؟ زۆری بیر لێکردەوە، بەڵام بەهیچ وەرامێک نەگەیی. هیچ نەیزانی کە لەو بەری چرای ڕینوێنەوە و لە ژوورۆچکەی یاساوڵی چاوەدێری ڕێگەی ئاسن دا، چەند کەسێک دانیشتوون و سەبارەت بە پلە و پایەی حیزبی و کار و بەرنامەکەی ئەو خەریکی وتووێژن .

****

# 8

لە ژوورۆچکەی چاوەدێرانی ڕێگەی ئاسن دا، سێ کەس شان بە شانی یەکتر دانیشتوون: لادۆ کەتسخوڤلی، پیوتر چونیاتۆڤ و بۆگدان کونیانتس.

لادۆ بە ئەسپایی دەڵێ:

ـ ... ئەرکی هەر پێویستی ئیمڕۆییمان، بڵاڤۆکی بەرهەمی چاپخانەکەمانە. لەمە بەدوا "نینا" دەبێ لە ناو گەلی زەحمەتکێش دا هەنگاوی ژیرانەی بوێرانە هەڵبگرێت و خۆی بنوێنێت. کەرەسەی پێویستی وەک: کاغەز، جەوهەری چاپ و کەلوپەلی تر، بۆ "نینا" لەبەرچاو گیراوە. هەر ماوە دوو تێکۆشەری لەخۆبردووی ژیر و زانای ناسراوی خۆمان، بۆ ترانسپۆرتی کەلوپەلی پێویستی"نینا" هەڵبژێرین و ئەرکی کاری بڵاوکردنەوەیان بخرینە ئەستۆ... من لێرە دا دیسان پێشنیارەکەی خۆم دووپات دەکەمەوە و دەپرسم ئایا "ئەژدەر" وەک کەسی یەکەم بۆ ئەم ئەرکە گرنگە، چۆنە؟... پێتان وایە توانایی و بڕستی ئەم ئەرکە گرنگەی هەبێت؟ !

چۆنیاتۆڤ لە وڵام دا دەڵێ:

ـ لە ئەژدەر هەڵسووڕاوتر و زیرەک و زاناتر دەبێ کێ بێت!... ئەژدەر گەلێک جاران لە تاقیگەی گەورە و گران دا ڕووسوور هاتۆتە دەر... منیش شیاوی ئەم ئەرکەی دەبینم.

لادۆ دوای رامانێکی کورتەدەم ، ڕووی لە هاوڕێیانی دەکات و دەڵێ:

ـ خۆ ئەگەرچی هێنان و ڕاگوازتنی گیازی بووک "نینا"، ئەرکی خۆمان بوو، بەڵام بە هۆی ناسراویمان لە لایەک و، لە بەرێکی تریشەوە، لە ئەستۆ بوونی ئەرکی قورسی

ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ئەندامانی شانەی ڕێکخراوەکان، ڕیگەمان پێ نادەن بە تەواو ماناوە لە خزمەت بووک "نینا" دا بین. هاوڕێ "غولام"یش، کە لە لایەن دەزگاوە ناسراوە و بەهۆی ناسازیش ناکرێ خۆی لە قەرەی ئەم زەحمەتە بدات. ئەوەندەی لە تواناماندا بێ، دەبێ بۆ غولام هەلومەرجێکی ئەوتۆ لەبار بڕەخسێندرێت ، کە ناسازی لە پێی نەخا و بتوانێ لە ناوماندا دیار بێ.

بۆگدان بە نەرمە سرتەی ژێر لێوانەوە دەڵێ:

ـ بە بڕوای من، جووتی "ئەژدەر" بۆ ئەم شاکارە، کیژێکی جحێڵ باشترە لە پیاوێک... من ئەو جووتەش باش دەناسم و دەمەوێ بڵێم کەس لە" ڤەرا "ی کچی ئیڤان نیکۆلاڤیچ باشتر دەست ناکەوێت... ڤەرا دەست پەروەردەی"ئیڤان "ە و ئەویش چەشنی باوکی ئازا و ئازادە و دڵسۆز و تێکۆشەرە. دەم پەل و چەنەسووک نییە و لە ئاست نهێنیکاریش دا توند و تۆڵ و پتەوە. چونکی کاڵ و کەم تەمەنیشە، شک و گومانی پۆلیس و سیخوڕانی پاراستن بە شوێن خۆیدا ڕەکێش ناکات. من بە وردی و هەمە بابەتی هەڵمسەنگاندووە و پێم وایە شیاوی پڕ بەپێست ئەم ئەرکە گرنگەیە... با بزانین بیر و ڕای هاوڕێیانم چییە!

لادۆ لێبڕاوانە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ:

ـ بەڵی ئەو جووتە هەڵکەوتە هاوڕێیانی تێکۆشەری ئێمەن و شیاوی ئەمەیان دەبینم کە ئەم ئەرکە گەورە و گرانەیان پێ بسپێردرێت.. بە بڕوای منیش، ڤەڕا پەترۆڤا و ئەژدەرە و نینا، سێ هەڤاڵی دڵسۆزی یەکترن!

لادۆ ڕووی دەمی گوتن دە پیوتر دەکات و دەڵێ:

ـ سبەینێ دوای چێشتەنگاوان، "ئەژدەر" و "ڤەڕا" لە بەر وێستگەی ناوەندی شەمەنەفەر چاوەڕوانمان بن. بەڵام پێکەوە نا... جیا لە یەکتر و بەمەودایەک دوور لە یەکتر!...

لادۆ، زەردە بە سەر لێوانییەوە تاوێک بێدەنگ دەمێنێتەوە و پیوتر زەردەی سەر لێوی لادۆ دەکاتە بەردی بناغەی قسە و دەڵێ :

ـ بەڵێ... ئەژدەر و ڤەرا بە دڵ حەز دەکەن پێکەوە و شان بە شانی یەکتر لە چالاکی دابن... ویستەکەیان لە ئەو پەرێ پیرۆزی دایە و جێگای ڕێزن...

لادۆ دەڵێ:

ـ بەڵی، بەڵام ئەژدەر تێبگەیەنە کە نەناسراوێک لە بەر وێستگەی ناوەندی دا بۆلای دێت و لێێ دەپرسێ: کاتژمێرەکەت چەندە؟ لە وەرامدا ئەژدەر دەپرسێت: دەمژمێرت بۆچییە؟ نەناسراوەکە دەڵی: بۆ پیرە پیاوەکەمە! ئیتر کابرا دەڕوات و "ئەژدەر"یش بە شوێن ئەو دا و "ڤەرا"ش بە شوێن ئەژدەر دا. کابرای نەناسراو جووتەی هاوڕێیانمان بە من دەگەیەنێت... باش تێگەیشتی پەتیا؟

ـ بەڵی ڕەفیق !

هەر سێک هەڤاڵەکان بۆ ڕۆیشتن هەستان. لادۆ بەر لە ڕۆیشتن دەڵێ:

ـ خۆتان دەزانن کە "ئیکۆنۆمیست*"ەکان پێیان لە بەرە دەرخستووە و بەردەوام پەلامار دێنن و کرێکارەکان بە قسەی دەڵب و ناوزگ بەتاڵ دەخەڵەتێنن. دەبێ و پێویستە لە کۆبوونەوەکانتان دا، کرێکار لە فێڵ و تەڵەکەی ئیکۆنۆمیستەکان ئاگادار بکەنەوە و لێیان لە هەڵلا بدەن. بە باوەڕی من، بۆگدان لە مەڵبەندی "باییل" دا کرێکارەکان کۆ بکاتەوە و ئەو تاقمە دەم هەراشە بێ کردەوەیە بە کرێکار بناسێنن.
پیوتر گوتی:
ـ منیش بەیانی بۆ هەر ئەم کارە، لە "باڵاخانی" دا بەرنامەی کۆ کردنەوەی کرێکارەکانم هەیە و بە نیازم لە سەر ئەم بابەتەوە کاریان دەگەڵدا بکەم.
لادۆ دەگەڵ سپاس و ماڵاوایی دەڵێ :
ـ بەڵی هاوڕێ، چوونی ئێوەو بەرنامەی پەروەردەکردنی هێزی کرێکار ، لەم هەلومەرجە دا گەلێک پێویستە. خۆتان ئاگادارن کە "زۆباتۆڤ"یەکان و "ئیکۆنۆ میست" و "شەنتۆکۆڤ"یەکان خەریکی ژەهر بڵاوکردنەوەن. پڕۆپاگاندەی ئەو تاقمانە لە خزمەت چینی چەوسێنەر دایە و دەزگاکانی پاراستنیش ڕێگە خۆشکەریانن... بە بڕوای من "ئەژدەر"یش لە قۆڵێکەوە کرێکار کۆبکاتەوە و ڕوونیان بکاتەوە... هەلەکەی ناسکە و دەبێ کرێکار لە خەتەری ئەو تاقمە ناڕەسەنانە بپارێزرێت...
لە دوورەوە دەنگی فیکەی لۆکۆمۆتیڤ دەهات. لادۆ کڵاوەکەی دەست دایە و گوتی:
ـ کاتی ڕۆیشتنمانە ... دانیشتنەکەمان درێژەی کێشا.
چۆنیاتۆڤ بەر لە هەموویان لە ژوورۆچکەکە هاتە دەر. هەرکە ئەژدەر چاوی پێی کەوت، بۆی هەستا و ئەوەندە بە گەرموگوڕی خەریکی چاکوچۆنی بوون، کە دەتگوت ساڵێکە لە یەکتریان نەبینیوە. دەست لە ناو دەست و هەر وەک جووتەی سەرخۆشانی کۆڵانگەڕی لە عالەم بێخەبەر، بە نێوان هێڵە ئاسنەکان دا نەرمە نەرمە ڕۆیشتن. کاتێک ئەوان دوور کەوتنەوە، دوو هەواڵەکانی تریش لە ژووری چاودێرانی ڕێگای ئاسن هاتنە دەر و پێکەوە ڕۆیشتن

---

* ئێکۆنۆمیستەکان، حیزبێکی سیاسی بوون، کە لە ساڵەکانی نەوەدی سەدەی نۆزدە دا، دژ بە ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و ئاڵۆگۆڕی ڕژێم لە ڕێگای شۆڕشەوە خەباتیان دەکرد. ئەوان پێیان وابوو کێشەی چینی کرێکار کێشەیەکی ئابوورییە و دەکرێ لە ڕێگای چاکسازییەوە چارسەر بکرێت.

****

# 9

ئەو ڕۆژە بەیانی زۆر زوو، ڤەرا و دایکی پێکەوە لە ماڵ هاتنەدەر، بەڵام بەر لە ڕۆیشتن و جێ هێشتنی ماڵ، چونکە نادیار بوو کامیان زووتر دەگەڕێتەوە، دەرگاکەیان داخست و تەنیا کلیلەکەیشیان لە ژێر بەردێکدا حەشار دا. ماریا بۆ دروومانی جلکی منداڵان، لە ماڵێکی دارا و دەوڵەمەند بانگ کرابوو. "ڤەرا"ش بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی زمانی رووسی بە نیازی چوونی ماڵی ئامینەی دەستەخوشکی بوو. ماریا، لە جەمسەری دوو شەقامان تێپەڕی و بەرەو سەر هەڵکشا. "ڤەڕا"ش لەو بەری کۆڵانەکەی خۆیانەوە کەڵەبابەی دەرگایەکی سووری وەدەنگ هێنا و دوای چەند چرکەیەک دەرگای بە ڕوو دا کرایەوە. هەرکە ئامینە چاوی بە ڤەرا کەوت، مەچەکی گرت و کێشایە ناو حەوشەکە و هەر دوو دەستی خستە لاملی و خۆشەویستانە بەخۆیەوە گوشی. بەژنی بەرزی ڤەرا لە باوەشی دەستەخوشکی کورتەباڵای دا کەمێک چەمایەوە و ئامینە بۆ ڕاموسانی سەرگۆناکانی ڤەرا، خۆی خستە سەر پەنجەی پێ و خۆشەویستانە ماچی کرد .

ــ ڤەرا! ... ئەی "ڤەرا"ی ئازیز! چەند بە کاتێکی خۆش و بەجێ هاتی! گەلێکم تاسەت کردبوو... وەرە سەر !

ڤەرا، قژ و بسکی پەرێشانی خستە لاشان و بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ کچەکە!... لەبەر چاوی خەڵکان بەمجۆرە دەستەملانم دەبی و دڵدارانە ڕام دەمووسی، شوورەییە... هیچ نەبێ دەرگاکە داخە با کەسان نەمان بینن!

ئامینە بە پڕتاو دەرگاکەی داخست و دەستی "ڤەرا"ی گرت و بەرەو سەر ڕایکێشا. لە داڵانی قاتی سەروو دا، گوڵارا خانم، دایکی ئامینە بەرەو پیلی ڤەرا هات و باوەشی بۆ کردەوە. ئامینە دەم بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

ـ دایەگیان ئەوە مامۆستاکەشم هات و ئیتر تەواو!.... لەمە بەدوا، ئەو مامۆستایە و منیش قوتابی و قەت دەست لە یەکتر بەرنادەین.

گوڵاراخانم ژنێکی ژیکەڵانەی دەستە ژن بوو. تەمەنی لە چل ساڵەی دەدا. قژ و پرچێکی پڕی ڕەنگ شیرینی بە هەر دوولاشانەکانی داڕژتبوون. ئەگریجەکانی لە دوو لاوە ، دەروی ڕوخساری سپی و تورت و شەقی ئەو شەنگە ژنەیان داگرتبوو. جووتی ئەبرۆی باریک و پەیوەستی لە سەر جووت چاوی کەژاڵی بە میحراب ویستا بوون. گوڵاراخانم و ئامینەی کچی، سێویێک بوون و لە نێوەڕاست دا قاش کرابوون؛ تەنیا فەرق و جیاوازییی نێوانیان مەودای تەمەن و بەرزایی بەژنیان بوو. ئامینە خاڵ و خەتی هەڕەتی لاوێنێی تازە دەرِشت و تازە پێی نابوویە تەمەنی بیست ساڵی. شاڵاوی هەرزەکاری و ئارەزووی پەپکەخواردووی ناو دڵ، لە سینەی ئامینە دا تازە بنەی داخستبوو. ناز و نیازی چاوە ڕەشە گەشەکانی جەنگەی هەتیو گوشتنیان گەیشتبوویە و بە شوێن تازە لاوێک دا دەگەڕا، کە بە تیری نیگایەک بیهەنگێوێت و کوشتە و سەرگەردان و ماڵوێرانی بکات. دەم و لێوی قەندی، بە دەگمەن زەردەی شیرینی پێکەنینیان لێ بزر دەبوو؛ دەنگی حیلکە و تریقەی قاقای پێکەنینی هەر بە چەشنی قاسپەی کەوی حەکەداری سەرەبەهاران لە دەنگ نەدەکەوت. ئەمانەی لێ دەربچن، سپی و سۆڵیی ئامینە و لەش و و لاری گۆشتنی و چاڵی سەر گۆناکانی لەدەمی پێکەنیندا، وێنەیەک بوون لە گوڵاراخانمی دایکی.

گوڵاراخانم خۆشەویستانە هەمێزی بۆ ڤەرا کردەوە و وەک گیانی شیرین دەباوەشی کێشا و هەر دوو کوڵمەکانی ماچ کردن. دوای دەست و مشتاق و بەخێر هێنانی، بە پەلکەی چارشێوشانەکەی ئەسرینی چاوی وشک کردنەوە و گوتی:

ـ ڤەرا گیان لێمان ببوورن کە دوای شەهیدبوونی باوکی ئازیزت، تەنانەت نەمتوانی بۆ پرسە و سەرەخۆشییەکەیشی سەر بنێمە ماڵتان. خۆت دەزانی ، کە ژن لە ڕەسم و یاسای ئایینی ئیسلام دا لە شەشدەرێکی تەنگی دەمارگرژی دا پاوان کراوە و بۆی نییە لەم چوارچیوە تەنگ و تاریک پێ بنێتەدەر؛ ئەگینا ئیڤان بەلامانەوە گەلێک بەرز و بەڕێز و ئازیز بوو.

ڤەرا بە ماتەمینەوە سەری داخست و وڵامی دایەوە:

ـ من ئەمە دەزانم و ئاگاداریشین کە ئێوە لە گشت دروا‌سێکانمان زیاتر دەرخەمی ئێمە بوون و هەن. میرزا حسێن لە بەڕیکردنی تەرمی باوکم دا خۆی نەبوارد و بە بێ ترس و تەقێ، لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردن دا دەگەڵمان بوو؛ قەت دڵسۆزیی ئێوە لە یاد ناکەین .

ئامینە لە درێژەی بیرئانینی مردن و ناشتن و پرسەی خەمناکانەی باوکی ڤەرا دا بێدەنگ و مات ڕاوەستا بوو. ئەم ڕاوەستانەش بۆ ئامینە دیار بوو چەندە سەخت و گرانە، چونکە سروشتەکەی بە چەشنێک ئاوێتە و تێکەڵاوی حیلکە و تریقە و قاقای پێکەنین بوو، کە نەدەکرا یەکدەم چاوەڕوانی بێدەنگیت لێ کردبایە .

ئامینە بە ئارامی دەستی ڤەرای گرت و گوتی:
ـ ڤەرا وەرە با بڕۆین... دە بەسە دایەگیان! ئەتۆش لە خودا و پێغەمبەرانت گەرەکە کەلێنێکی خەمانت بۆ بکرێتەوە و گریان و فینگە فینگان دەست پێ بکەیت... خەم و پەژارە! ... دەست هەڵگرە بۆچی کار و کرگارت بۆتە بیرئانینی خەم و دەرد و مەراقان... بەسە دایە گیان!
ـ چ کەردەن کچی خۆم؟... بۆچی مەگەر دەکرێ خۆمان لە چنگی خەم و خەفەتان وەشێرین؟ خەمێک تێپەڕ نەبووە، خەمی نوێی بەسەر دا دەبارێت... باشە دەبڕۆن خەریکی کاری خۆتان بن.
ئامینە و ڤەرا بەرەو هۆدەکەی بنەبانی دالانە دوور و درێژەکە ڕۆیشتن. بەڵام گوڵاراخانم هەتا ئاوابوونیان، بە سیلەی چاو بەڕێی کردن و چاوی لێ هەڵنەگرتن. کە ئەوان چوونە ژوور، ئەویش بەرەو هۆدەی کاری شووەکەی ڕۆیشت.
میرزا حسین لە پەنا مێزی کار دانیشتبوو. لایەکی سەرپشتی مێزەکەی پڕ بوو لە دەفتەر و پەڕتووکی منداڵانی فێرگە و لە بەری تریشییەوە کتێبی نووسەرانی مەزنی وەک : ئاخوندۆڤ، پوشکین، گوگول، لۆرمانتۆڤ، تۆلستۆی، بلینسکی، چرنشفسکی و زاکر دەبیندران.
میرزاحسێن لە بنەماڵەیەکی دەستکورتی شاری "شووشا"ی مەڵبەندی قەرەباغ پێی نابوویە گۆڕەپانی تەنگەبەری نەدارییەوە. بە هەزار چەرمەسەرە ڕێگای ژیانی گرتەبەر و زۆر بە هەناسەساردی خوێندی. سەرەتا لە شاری مۆسکۆ و دواییش لە شاری پەترۆگراد، دەگەڵ کۆلتور و وێژەی ڕوس ئاشنا بوو. میرزاحسێن لە ژێر کارتێکەریی بیری ئازادیخوازانەی دا پیشەی مامۆستایەتیی هەڵبژارد و، بوو بە مامۆستای فێرگەکان .
میرزاحسێن یەکەم مامۆستا بوو کە بەبێ هیچ ماف و مزەیەک، لە فێرگەی تێکەڵاوی ڕوس و تارتارەکان دا خۆی تەرخانی کاری ڕاهێنان و پەروەردەکردنی منداڵی هەژاران کرد. گەلێک جاران کەرەسەی خوێندن و نووسینی منداڵەکانی دەکڕی و تەنانەت جارو بار، کڕینی جلک و پێڵاویشی وەئەستۆ دەگرت .
یەکەمین یانەی مامۆستایان لە سەر بیرۆکەی ئەو دا ساز کرا. چیرۆک و شانۆ لە مێشکی زیندووی "میرزاحسێن"ەوە کەوتنە سەر کاغەز. هەروەها شانی یاریکاریشی خستە ژێر باڵی شانۆنووسی مەزن" عبدالرحیم هەق وێردیۆڤ" و بەرەو پشکوتنی برد.
ڕواڵەت و سەر و سیمای ئارام و هێمنی میرزا حسێن، بەو ڤژە سپییە نەرم و سافەیەوە، دیمەنێکی پیرۆزی پڕ لە ڕاستی لە سەر نەخش کرابوو. دەنگی نەرم و نیگای ئارامی لە دەمی گوتن دا، کاری دەکردە سەر هەستی هاوڕێی و چەشنە دڵنیاییەکی دەدا بە هەر هاودەنگێک. تێپەربوونی پەنجا ساڵ لە تەمەن، شوێنەوار و ئاسەوارێکی خەمناکانەی لە تەمەن وەرگرتبوو. ئاسەواری ڕەنج و هەناسەساردی

بە ڕوویەوە دیار بوو، بەڵام مێشک و ڕامان و شێوە هەڵوێستی هەتا بڵێی تازە و ئەورۆیی بوو .

گوڵارا خانم، ئەندامی بنەماڵەیەکی خاوەن زەوی و زاری لێکەوتوو بوو. تەمەنی کەمتر لە میرزاحسێن، بەڵام هاوپەیمانێکی هاوتەرازی یەکتر و، تەواوکەری یەکتر بوون. گوڵارا ژنی ماڵ و، نەخوێندەوار بوو. بەڵام هەرکە بە بووکی پێی نایە ماڵی "میرزاحسێن"ەوە، لە سای تێکۆشانی مێرد و لە ئاکامی تامەزرۆیی بووکی تازە دا، خوێندن و نووسین بە زمانی تورکی و لە دوایەش بە ڕووسی، وەک کاری ڕۆژانەی لێهات و پێی ڕاهات؛ بەچەشنێک کە توانیٛ هەمە چەشنە کتێبی تورکی و ڕووسی بە ڕەوانی بخوێنێتەوە .

گوڵاراخانم بۆ ئەوەیکە مەنگی هۆدەکە نەشەمزێنێت، هێدیانە و بە سەری پەنجە پێی نایە ئەو هۆدەیە، کە بە تابڵۆی گەورەکراوەەی پۆشکین، تۆلستۆی و نووسەر و شاعیرانی تر ڕازێندرابۆوە. لەو هۆدەیەدا، میرزاحسێن دانیشتبوو. بەهاتنی گوڵارا خانم، میرزاحسێن سەری لە سەر کتێب هەڵگرت. سەیرێکی گۆڵاراخانمی کرد. چاویلکەی لە سەر چاو لابردو ورد ورد تەماشای کرد. هێدیانە لێی پرسی:

ـ گوڵارا چییە؟ دەڵێی دیسان گریاوی؟!

بەزەیی و مرۆڤدۆستیی میرزاحسێن لەمێژ بوو بۆ گوڵاراخانم دەرکەوتبوو. ئەو بەم هەستە خاوێنەی شووەکەی ڕاهاتبوو. گوڵارا لە لاشانی مێردەکەی، لەسەر کورسی دانیشت و گوتی:

ـ ڤەرا هاتە لای ئامینە. بەدیتنی ئەو، تەرمی شەتڵان بەخوێنی "ئیڤان"م کەوتەوە بیر... قەتم بیر ناچێت.

میرزاحسێن هەستا سەر پیٛ و چەند هەنگاوێک بە ژوور دا هات و چوو. ڕاوەستا و وەک لە دوورەدەستانەوە خەبەر بێنێت، گوتی:

ـ گوڵارا !... ئێمە لە سەدە و سەردەمێک دا هاتووینەتە سەر ئەم جیهانە، کە بۆن و بەرامەی خوێنی لێوە دێت. چاخ و سەردەمەکەمان ئاوسی بەسەرهاتی گەورەو گرانە و چارەنووس تێیدا نادیارە... لە گوڵاراخانم نزیک کەوتەوە و دەستێکی بلاوێنی بە سەر و زولفی داهێنا و لێی پرسی:

ـ ئەدی ڤەرا لە کوێیە؟

ـ لە لای "ئامینە"یە... خەریکی دەورکردنەوەی زمانی ڕووسین...

ـ زۆر بەجێیە و زۆرم پێخۆشە؛ با خۆیان سەرقاڵی خوێندن بکەن باشترە. ڤەرا کچێکی لێهاتوویە. ئەگەرچی هێشتا دەرس و خوێندنی تەواو نەکردووە، بەڵام لەسای تێکۆشانی خۆی و یاریکاریی دایک و بابی دا، لە پلەی خۆی باڵاتر دەزانیٛ. ئامینەش ئەگەر لە زمانی ڕووسی دا سەرکەوتنێک وەدەست بێنێت، ساڵی داهاتوو لە پلەی ئاخری ناوەندی دا سەرکەوتنی مسۆگەرە. ئامینە پۆلی ئاخری ناوەندی بە سەرکەوتوویی تەواو بکات، بەنیازم بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی ڕوسیای بکەم.

گوڵاراخانم سەرسوورِماوانە پرسی:
ـ نەت گوتبێ حسێن!! مەگەر دەکرێ کچە ئازەرییەک بە تەنیایی هەڵوەدای دووره دەستان بکرێت؟.. ئەدی زمانی خزم و ناسیاوان چلۆن دەبەستی؟ ژن و ژاڵی دەر و دراوسێ لە هیچی نەکراو هەزار قسە و قسەلۆکمان بۆ هەڵدەبەستن.. دەڵێن شووەکەت بێدینە.. دەڵێن لە دین وەرگەڕاوە... بێتوو ئەم کارەش بکەیت، ئیتر بەردەبارانمان دەکەن...
میرزا حسێن بۆ سەلماندنی سۆز و پەیمان، بەتایبەت بۆ دڵدانەوەی گۆڵارا خانم، هات لە لاشانی دانیشت و گوتی:
ـ گوڵارا!... هەرکەس لە چواردیواری ماڵ و لە ناو بنەماڵەی خۆی دا چی دەکا، سەربەست و ئازادە. من و تو لە ماڵی خۆماندا بۆمان هەیە شێوەی ژیانی خۆمان بە خواستی مێشک و ڕامانی خۆمان بەرەرو پێش بەرین. من و تۆ بۆمان هەیە منداڵی خۆمان بە ئارەزووی خۆمان پەروەردە بکەین و دواهاتوویەکی گەش و پڕشنگدار بخەینە بەر پێی. درواسیەکانمان خۆیان لە ناو تەلەسمی تاریکی ئایین دا بەند و زیندانی کردووە و بە کەلەپچە کراوی بەرەو تاریکی باسک داوێژن؛ ئەوان بۆخۆیان سەردار و موختاری خۆیانن و کەس بۆی نییە بە تۆپزی لە بەندیخانە دەریان بکێشێت. ئەو کەسانەی کە لە چۆلگەی ژیاندا چەواشەن و سەرلێشێواو، چاوی ئەقڵ و ئاوەزیان هەر ئەوەندە بڕ دەکات... دەی کەی ڕەوایە من و تۆ لە ترسی یەخسیرانی ناو بەند و داوی کەونە پەرستی دا، ڕێبازی ڕاستی خۆمان بە لاڕێدا بەرین؟! نەخێر گوڵاڕا گیان، ئەگەر من بە شوێن هەنگاوی کۆنەپەرستاندا بڕۆم، ئەی دەگەڵ ئەم کتێب و نووسین و ئەرک و فەرمانە مێژوویەم چی بڵێم و چلۆن سەرهەڵبێنم لە ئاستیان دا؟! ... من و کەسانی وەک منن دەبێ ڕچەشکێن بین و ببین بە مۆمێک و بسووتێین بەڵکوو ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤی لاڕێ ڕووناک بکەینەوە .
گوڵارا ! من جارانی جار باسی ئەو سەردەمانەم بۆ کردووی کە لە خوێندنگەی پەروەردەیی مامۆستایانی شاری "غور" دا، وەک خوێندکار خەریکی خوێندن بووم، یان ئەو کاتانەی کە لە شاری "تفلیس" و " پێتروسبورگ"دا دەژیام، من بە چاوی سەری خۆم تێکۆشان و خەباتی بەربلاوی ساوام لەو شارانە دا بینیون. بەڵام بەداخەوە ئەو سەردەمە من نەمدەزانی هۆی چییە جەماوەری کرێکار ڕادەسێ و هۆکاری ڕابوونیان چییە. بەڵام کاتێک بە کتێب دا چوومە خوار و لە بارەگای مێشکمدا بە لێکدانەوە گەیشتم، ئەودەم زانیم ڕابوون چییە و چ مانایەکی هەیە... گوڵارا تۆ هیچ دەزانی ڕابوون و سەرهەڵدان چییە و تەڤگەڕی هەژاران بە چ مەبەستێک دێتە دی؟!... لە یەک ڕستەدا بۆتی بڵێم : بۆ داڕنینی نیری یەخسیری و پساندنی زەنجیری کۆیلەتی و گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی دێتە دی ...!
گوڵارا بە وردی و سەرنجەوە گوێی بۆ گوتنی شووەکەی شل کردبوو. گوڵارا بە دڵ خوازیاری بیستن و گوێدانی قسە و گوتنی شووەکەی بوو؛ بەتایبەت حەزی بەو دەمە

دەکرد کە لە گوتندا ڕەنگی ڕوخساری میرزا حسێن لە گۆڕین دابوو. هەر دەتگوت گەنجێکی نەوڕەس و تازە پێگەیشتوویە و بە خرۆشەوە باسی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و سەرکەوتن دەکات.

ـ ... هەر سەری ساڵی ئەمساڵ بوو، کە بۆ وەرگرتنی ئیجازەنامەی شانۆنامەکەم چووبوومە "تفلیس"، لەوێ ڕووداوێکی سەیر مەزنم بە دوو چاوی خۆم بینی کە هەتا ئێستا بۆم باس نەکردووی. هەر ئەو ڕۆژەی کە پێم نایە شاری ناوبراو، کرێکارانی ڕێگەی ئاسن ڕژابوونە شەقامان و لە ژێر سایەی ئاڵای سوور دا بەنرکەی شێرانەیان دروشمی مەرگ و نەمانی تزاری ڕووسیان دەگوتەوە. ئەوان دژ بە سیستەمی دیکتاتۆڕی تزار، کە دنەدەر و پاسەوانی سەرمایەدارنە، هەستابوون و مانیان گرتبوو. ئەو ڕۆژە ، کرێکار و زەحمەتکێشانی شار و لادێ ، چەشنی شۆرەی پۆڵا قوڵیان تێک بەزاندبوو و بە شەقامەکاندا دەهاتن. باوەڕم پێ بکە، پۆلیس و ژاندارم جەرگی سەر دەرهێنان و جووڵەیان نەمابوو...

گوڵارا پرسیاری کرد:

ـ سەرمایەداری چییە میرزا حسێن؟

ـ خاوەنانی کارگە و گانگە و فابریکاتەکانن، کە لە سای چەکی مرۆڤکوژی دەزگای داپڵۆسێنەری ڕژێم دا تین و تاقەت و وزە و توانای کرێکار بە هەرزان وەردەگرن و کاڵا و شتومەکی پێ ساز دەکەن؛ کاڵا و شتومەکەکان بە گران دەفرۆشن و پێی دارا و دەوڵەمەندتر دەبن، بەڵام کرێکاری هەژار لە بەردەوامیی ئەم نایەکسانی و ئەم ساتوسەودا نابەرامبەرە دا، دەتوێتەوە و دەبێتە ڕێخۆشکەری مەکینەی سەرمایە. ئەوانەی وەک حاجی زەینەلعابیدین، مانتاشۆڤ، نۆبێل، کە خاوەنانی کارگە و کارخانەن، سەرمایەداریان پێدەگوترێت. ئەو بەریە، خوێنمژانی مێژووی سەردەمی ئێمەن و بە خوێنی کرێکار بەڕێ دەچن. لە کارگە و کارخانەکانیان دا هەر کرێکارێک دە دوازدە سەعات خەریکی کاری لەش تاوێنە، کەچی مزە و ماف و دەسڕەنجی هەر ئەم کرێکارانە تەنیا بەرگەی ئەوەندە دەگرێت کە کرێکار و خاو و خێزانەکەی نەمر نەژی دەربەرن...

گوڵارا هێدیانە هاتە نێو قسە و لێی پرسی:

ـ باشە ئەدی کرێکار بۆچی داوای مەرگ و نەمان بۆ تزار دەکات؟ تزار چ تاوانێکی هەیە کە هیوای مردنی بخوازن؟! ـ گوڵاراخانم لە کاتی ناوبردنی تزار دا، لەرز و موچوڕکێکی ئەوتوی بە لەش داهات، تۆ بڵێی دار و دیوار و دەرک و بانی ماڵەکەیان پڕی پۆلیس و پاراستن بووبێت و هاکا هێرشیان هێنا و خانەبگیریان کردن.

میرزا حسێن لە خێزانەکەی نزیک بۆوە و بە هەوا دەنگێک، کە ترسی لێدەباری، وڵامی داوە:

ـ خاوەنانی کارگە و کانگا و فابریکاتەکان بۆ بەردەوامبی سات و سەودا و ڕووتاندنەوەی کرێکار، پێویستیان بە دەزگایەکی خاوەن چەک و خاوەن دەسەڵات

هەیە، کە پارێزگاری لە کارگە و کانگا و فابریکات و بەرژەوەندییەکانیان بکات؛ ئەو دەزگا سەرکوتکەرە، کەسێک فەرماندەرێتی، کە شا و حاکم و تزاری پێدەگوترێت. لە شەڕی نێوان کرێکار و سەرمایەدار دا، دەزگای دەسەڵاتدار بە هەموو هێزەوە پارێزگاری لە سەرمایەدار دەکات. سەرمایەداریش لە داهات و دەسکەوتی ساڵیانەی، دە و دووی دەدا بە کرێکار و لە دەیان هەشتی بۆ خۆی گل دەدا. لەم هەشتەش دووی دەدا بە هێزی سەرکوتکەر. لەو نێوە دا، کرێکاری زانا و شارەزا، چونکە دەزانێ هەتا ئەو ئاوە بەو جۆگەیە دا بڕوات و هەتا ستەم و نایەکسانی بمێنێ، ئەو خۆی هەر بێ بەشە و هەر بێبەش دەمێنێ، یەک دەگرن و بە یەکدەنگ و یەک دروشم لە بەرامبەر سەرمایەدار و دەزگای داپڵۆسێنەری تزاری دا ڕادەوستن؛ ئەمەش بزانە گوڵارا گیان، کە کرێکار لەو شەڕە دا تەنیا شتێک لە دەست دەدات، ئەویش زەنجیری دەست و پل و پێیەتی. بەڵێ کرێکار لە شەڕگەی شەڕی دژبە تزار و سەرمایەدار دا ، پەت و بەند و زەنجیر دەپسێنێت و ڕزگاری وەدەست دێنێت. بەڵی گوڵارا گیان!.. شا و دەزگای سەرکوتکەری شا، بڕبڕەی پشتی سەرمایەدارن و، سەرمایەدار بەخێوکەری دەزگای تزارە .

گوڵاراخانم لە ناخی دڵەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

ـ پیاوەکەی من!... تۆ بەچەشنێک دێیتە وتن، کە بەند بەندی لەشی گوێگر دەخەیتە لەرزین، بەڵام تۆ خوداکەت، تۆ کارت بە سەر ئەم کارانەوە نەبێ. واز لەم بەزمە بێنە، کە هەزاران مەترسی پێوەیە... ئەم دام و دەزگایە گەلێک سۆرە و تۆرەی پیس و نگریسی لە دەور هاڵاون و گشتیان بە خوێن تینوون؛ کەس پێیان ناوێرێت. بێتوو بە گوێیان بگاتەوە، دێنە جەستەمان و دەستمان لێهەڵناگرن... دەمانخەنە سەر کوێنی ڕەشی خاکەساری و تۆزمان بەر باد دەدەن... ڕەوا مەبینە ئامینەی تاقانەمان بە هەناسەساردی بمێنێتەوە ...

زەردەیەکی کزی سەر لێوانی میرزاحسێن جووڵەیەکی بە لێو دا و گوتی:

ـ داخی گرانم کە پیر و کەلەلام و بۆ ئەم ڕێبازە پیرۆزە بڕشتم نەماوە، ئەگینا... ئەگینا قۆڵم لێ هەڵدەماڵی و... بەڵی .. بەڵی کە ئەم ڕێبازە، سەڵتە پیاوی نەبەز و بە توانای پێویستە... خۆزگە!... خۆزگە کوڕێکم بوایە و...

گوڵاراخانم بە بیستنی خۆزیای شووەکەی سوور هەڵگەڕا. دوای تاوێک بێدەنگی، ڕووی کردەوە میرزا حسێن و گوتی:

ـ حسێن !.. نە تاوانی منە و نە خەتا لە تۆ... بەر لە ئامینە کوڕێکمان بوو، بەڵام گەردوون پێی ڕەوا نەدیتین و لێی سەندینەوە...

ـ گوڵارا !... گوڵارای ئازیز... من تاوانی نەبوونی کوڕ لە ئەستۆی تۆ ناپەستێوم و دەزانم تۆیش دڵ بەخەمی وەک من... من... من دەمەویست...

دەنگی تریقەی پێکەنینی ئامینە هەودای ئاڵۆزی ئاخاڤتنی جووتەی ژن و مێری پساند. گوڵاراخانم بۆ گۆڕینی دەقی خەمناکانەی ژوورەکە گوتی:

ـ گویّ بگرە حسێن!.. گویّ لە قاسپەی ئامینەی تاقانەت بگرە و بزانە چەندە خۆشبەخت و بێخەم و خەیاڵە. بڕۆ بزانە ئامینە بە دیتنی ڤەرای دەستەخوشکی چلۆن کراوەتەوە...

ـ لێبگەڕی با پڕ بە دڵ... پڕ بە ژوور و پڕ بە دنیا پێ بکەنن. هەڕەت و جەنگەی تازە بەهاری لاوی و سەرەتا و دەسپێکی ژیانیانە... دواهاتووی گەشی پڕ لە بەختیاری ماڵ و ملّکی ئەوانەیە... بەڵام گوڵارا تۆ کارێک بکە ڤەرا زۆرتر و زیاتر هاموشۆی ئامینە بکات. دەستەخوشکایەتیی ئەو جووتە، دەبێتە نزیک بوونەوەی دوو ماڵباتی ئازەری و ڕووس و، بە قازانجی ئێمە و ئەوان تەواو دەبێت. نزیکبوونەوەیان ڕێگای یاریکایمان ئاواڵەتر دەکاتەوە. تۆ خۆت خوشکە ماریا باشتر دەناسی و دەزانی چ خانمێکی دڵ و دەرون ئاواڵەیە و چەندە بەرزەفڕ و دڵ دەریایە؛ لێیان نزیک ببینەوە، دەتوانین چاوەدێرییان بکەین و یاریکاریشیان ببین.

لەو دیوی ژووری میرزاحسێن، ئامینە بە دەوری خۆیدا هەڵەسووڕا و بەدەم تریقەی پێکەنینەوە، ڕوو بە ڤەرا دەیگوت:

ـ ئێ، باشە ڤەرا ، بۆچی بە قسەکەم سوور هەڵگەڕای؟... ئەگەر کەین و بەینێک لە گۆڕی دانییە، بۆچی بە بینینی ئەو ڕەنگێک دێنیت و دەیبەی؟... دە پێم بڵێ بزانم ناوکەی چییە و کێیە؟... ئەها!... هاتەوە بیرم... ئەژدەر!!... بەڵی ئەژدەر. ئەو ڕۆژە بۆ خۆت ناوکەییت گوت...

ڤەرا بێ ئارام، بە دزەنیگای جار جاری لە پەنجەوەوە دەیڕوانی. ئەژدەر لە پشتی پەنجەرەکەوە دەبیندرا. ڤەرا لە هاتوو چۆی ئەژدەر لە ناو کۆڵان نیگەران بوو. لە چنگ پرسیاری ئامینەش ڕزگاری نەدەهات. هەتا ڤەرا دەمی بۆ گوتنێک دەکردەوە، ئەو بە پێکەنینەوە پرسیارێکی تری لێدەکرد .

ئەژدەر چەند جاران بە بەر دەرگای ماڵی ڤەرا داهات و چوو. وەک ڕێبوارێکی ئاسایی بە ئەوسەر تا ئەوپەڕی کۆڵانەکە داهات و گەڕایەوە. لە کەلێنی دەرگاکەوە دیار بوو دەرگاکە گاڵە دراوە و کەسیان لە ماڵدا نییە .

بە هاتوچۆی ئەژدەر و مانەوەی ئەو لە کۆڵاندا، ڤەرا کەوتبووە دڵە ڕاوکێ . ئاخر بەعادەتی جاران، ئەژدەر سەر لە بەیانان، یان شەو درەنگانێک بە سەری دەکردنەوە. کەم هەڵدەکەوت دەمی چێشەنگاوان سەردانیان بکات. بڵێی ئەژدەر هەڵگری پەیامێک نەبێ!... بڵێی پۆلیس ڕاوی نەنابێ و پەنای بۆ ئەوان هێنابێ! ڤەرا ، دەرخەمی ئەژدەر و ئامینەش بێ خەم و خەیاڵ و دڵخۆش. ئامینە لە تەلی سازێکی دەدا، کە بەزم و هەوای خۆشی بە دڵ دەبەخشی و، ڤەرا دەرخەمی ئەوە بوو نەکا ئەژدەر لە بەند و داوێکی پۆلیس ڕایکردبێ و هانای هێنابێ. هەربۆیە لە ئامینەوە پرسیار و پێکەنین و لە ڤەراوە تکا و تەمەننا. ڤەرا بە ناچار هەر چۆنێک بوو خۆی لە قفڵی دوو مەچەکی ئامینە ڕاپسکاند و بە سەر شەقامەکە دا نواڕی. ئامینە سەر لەنوێ لە هەمێزی گرت و گوتی:

ـ دە پێم بڵێ بزانم بۆچی وا زوو زوو سەرتان لێ هەڵدێنێتەوە؟ ڤەرا ڕاستم پێ بڵێ بابزانم ... مەگەر من و تۆ دەستەخوشک نین!... بۆچی لێم دەشاریتەوە؟...!

ڤەرا بە تەواوی لە گەمەی ئامینە دا گیرسابوو، هەربۆیە ئیستێک بێدەنگ مایەوە ئەوجار بە تووڕەیی وڵامی داوە و گوتی:

ـ ئەژدەر دۆست و برادەری نزیکمانە. باوکم هەروەک جگەرگۆشەی خۆی خۆشی دەویست و بە دایم ئاگاداری حاڵ و وەزعی بوو... ئامینە باش نییە بەمجۆرەمان بیر دەکەیتەوە.

ئامینە بەبێ ئەوەیکە تووڕەبوونی ڤەرا بە هەند بگرێت، جار جارە سەیرێکی دەرەوەی دەکرد و دواییش بە دەور و بەری ڤەرا دا خولی دەدا و بە دەم قاقای پێکەنینەوە دەیگوت:

ـ نا.. نا .. من بیری خراپ بە مێشکدا ناهێنم .. بەڵام ئاخر وەکی گوتوویانە: ڕەنگی روخسار و ڕازی نهێنیی باسی یەک دەکەن.

ڤەرا خێرا خۆی لە هەمێزی ئامینە دەرکێشا و بە گرژی و بە زمانی سکاڵاوە بە سەری داهاتەوە:

ـ بەسە ئامینە!... پێکەنین و هەڵبەز دابەزت کەم کەرەوە... شەرمە بۆ تۆ ئەم قسانە دەکەیت. دایکت گوێی لێ بێ حەیامان پێ نامێنێت... باوکم دەیان هەڤاڵ و دۆست و برادەری هەبوون کە ئەژدەر یەکێک لەوانە...

ئامینە ببڕای ببڕا بە قسە نەدەچوو. هەروەک بای بێ، گوێبیستی سکاڵا و تووڕە بوونی ڤەرا نەبوو. دیسان بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ لەم گشتە هاوڕێ و هەواڵانەتان هەر تەنێ ئەژدەرە سەردانتان دەکات... دوێشەو هاتبوو... لەوانەیە ئەمڕۆکەش بێت. ئاخر بۆچ لێم دەشاریتەوە؟.. بۆچ لێم دەکەویتە پەنا و پەسیوان و خۆم لێ حەشار دەدەیت... بۆچی قسەی دڵت بە من ناڵێی، مەگەر ئێمە دەستەخوشک نین... ئەمەت دەمکوژێ و ئازارم دەدات... چ دەبوو ئەگەر...

ڤەرا لە پشتی پەنجەرەوە دیتی ئەژدەر بەرەو ڕۆیشتنە، قسەی لە دەم ئامینە دا جێ هێشت و لە ژوور دەرپەڕی و بە پڕتاو بە پلیکاناندا داگەڕا خوار .

ئەژدەر دەهات لە بەر دەرگای ماڵی ئامینە تێپەڕێت، کە ڤەرا دەرگای کردەوە. ڤەرا چاوێکی بە کۆڵاندا گێرا و بە ئاسپا بانگی کرد:

ـ ئەژدەر!

ئەژدەر وەرسوڕایەوە و هەرکە "ڤەرا"ی بینی، بە زەردەی سەر لێوانەوە، هێدیانە گوتی:

ـ دەرگاکەتانم بە گاڵەدراوی بینی، هەربۆیە دەهاتم وەگەڕێم و بڕۆم.

ڤەرا بە پەلەپڕووزە وتی:

ـ چ باسە؟... چی ڕووی داوە ئەژدەر؟... چۆنە لەم کاتە دا هاتوویتە ئێرە؟

ئەژدەر هێدی و لەسەرەخۆ وەڵامی داوە:
ـ هیچ شتێک ڕووی نەداوە... هەموو شتێک لە سەر جێی خۆیەتی و منیش باشم. هاتبووم چاوێکم پێت بکەوێ. بەڵام پێم بڵێ بزانم ئەتۆ بۆچی شەمزای!... دەڵێی کەسێک هەڵیبڕیوی، چ باسە؟
ڤەرا، ئەودەم وەخۆ هاتەوە و زانی چەندە بەپەلە لە پلیکانەکان هاتۆتە خوار، کە تەنانەت پێڵاوەکانیشی دەپێ نەکردوە و پاپەتی هاتۆتە کۆڵان. ڕووی کردە ئەژدەر و هێدیانە گوتی:
ـ ئەژدەر چییە، دەتەوێ قسەیەکم پێ بڵێی؟
ـ قسەم پێیە، بەڵام ئێرە جێگای گوتنی نییە... تۆ بچۆوە ماڵ و منیش ئیستێکی تر دێم. لە ماڵ پێت دەڵێم... بەڵام ڤەرا پێم بڵی ئێرە ماڵی کێیە؟
ـ ماڵی "میرزا حسێن"ە و من وەک یاریکاری زمانی ڕوسی، دەگەڵ کچەکەیان، ئامینەی، خەریکی کارم .
ئەژدەر چەند هەنگاوێکی لێ دوور کەوتەوە و لەوێوە گوتی:
ـ دادیلە!.. بە مامۆستاکەت ڕابگەیەنە کە ئێوارێ سەردانێکی فێرگە بکاتەوە؛ ئەمە پەیامی بەڕێوەبەری قوتابخانەیە من پێتان ڕادەگەیەنم.
ـ باشە من پێی ڕادەگەیەنم .
ڤەرا گەڕایەوە ماڵی میرزاحسێن. ئامینە لە حەوشە دا چاوەڕێی ڕاوەستابوو. ڤەرا گوتی:
ـ ئامینە گیان دەمبووری ناچارم بڕۆمەوە. ئەژدەر خەبەری هێناوە کە شیبایۆڤ ئامادە نەبووە مزەی مانگانەی باوکم بدا. من دەبێ بە شوێن دایکم دابچم و ئەمەی پێ ڕابگەیەنم.
ئامینە بەنیاز بوو لە گاڵتە و گەمەی پێشوو بنیشێتەوە، بەڵام کاتێک لێبڕاویی "ڤەرا"ی بینی، کۆڵی دا و پاشگەز بۆوە.
ـ ڤەرا گیان نەمزانی درەنگ دێیت و زوو دەڕۆیتەوە. پێم وابوو تەواوی ڕۆژ پێکەوە دەبین و دەتوانین تێر قسە بکەین... با شتێکی ترت پێ بڵێم ڤەرا، هەر ئەمشەو ماڵی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ئاشنامان زەماوەندەیانە و ئێمەیشیان بانگێشت کردووە، ئەگەر پێت خۆش بێ دەتوانین پێکەوە بچین.
ـ زۆر سپاس ئامینە گیان. تا ئێستا ماڵی دارا و دەوڵەمەندانم نەبینیوە. سپاس من ناتوانم بێم.
ڤەرا خەریک بوو لە پلیکەکانەکان دەهاتە خوار، کە تووشی گوڵاراخانم هات. گوڵاراخانم گوتی:
ـ ئەوە بۆکوێ ڤەرا گیان؟ من خەریک بووم بۆ نێوەڕۆ چێشت ساز بکەم و دەگەڵ ئامینی پێکەوە بن .
ـ زۆر سپاس گوڵاراخانم . کارێکی پێویست هاتۆتە پێش و دەبێ بڕۆم .

دڵی ئامینە لە کەللەشەقی و لاساریی ڤەرا دەهات سارد بێتەوە، بەڵام هەر کە تۆقەی "ڤەرا" و دایکی بینی، دیسان وەخۆی کەوتەوە. هاتە لایان و بە زمانێکی پاڕانەوە گوتی:

ـ دایە گیان دە تۆ خودا پێی بڵی با ئەمشەو دەگەڵم بێتە زەماوەندەکە... بە قسەی من ناکا ، تۆ پێی بڵی دایە!

ـ ڤەرا گیان دڵی ئامینە مەشکێنە... لەمێژە دڵتەنگ و خەمبارین... وەرە با پێکەوە بچینە زەماوند و تۆزێک لە کۆڵ خەمان ببینەوە. بەدایکت بڵێ بزانە ئەو چی دەڵێ ... ئێمە چاوەڕانت دەبین، باشە؟!

ـ بەڵێن نادەم ، بەڵام دەگەڵ دایکم قسە دەکەم، ئەگەر ئەو ڕێگای پێدام، ئەوە دێم و پێکەوە دەچین.

ڤەرا ماڵاوایی لێکردن و بەرەو ماڵ بۆوە.

****

# 10

چەندێکی مابوو شەمەنەفەرەکان دەرگاکانیان بە ڕووی سەفەرکەران دا بکەنەوە. بەر دەرگا و دەور و بەری وێستگەی ناوەندیی باکۆ ـ تفلیس چۆڵ و بێ هاموشۆکەبوون. کۆڵ هەڵگرەکانی بەر وێستگە، کە لە گەرمەی هاتوچۆی شەمەنەفەرەکاندا ڕاوڕاوێنی هەڵگرتن و بردنی جانتا و شمەکی سەفەربەرانیان دەکرد، ئێستاکە لە ژێر سێبەری درەختی بەر چایخانەی وێستگە، خەریکی پشوودان و وردە وەنەوزانن. لە گۆڕەپانی بچووکی بەر وێستگەدا گالسکەیەک ڕاگیراوە. لە ژێر سێبەری سایەبانی گالسکەکەدا کابرای گالسکەوان لێی خەوتووە. مێش و مەگەس هەدادانیان لە ئەسپی گالسکەکێش ئەستاندووە و شەڕێکی بێ ئامان لە نێوانی کلک و گوێی ئەسپ و، مێش و مەگەسی لاسار بەردەوام لە کایە دایە .

ماوەی چارەکە سەعاتێک ڕابرد، دوو ژنی ڕووس بەرەو دەلاقەی بێتاقەکڕینی شەمەندۆفێر چوون. هەر دوابەدوای دوو خانمی ڕووس، پیرەپیاوێکی چاویلکە لە چاوی گۆچان بەدەستیش کە دیار بوو لە سەر سەفەرە، بەرەو دەلاقەکە چوو .

دەلاقەکە هێستا نەکراوەتەوە و دوو خانمەکان و کابرای چاویلکە لەچاو لە سەر کورسیکەی بەردەلاقەکە، چاوەڕان دانیشتوون. کوڕەجحێڵەیەکی کراس شینی پەپاغ بەسەریش لەولاتری دەلاقەکەوە خەریکی هاتوچۆیە و دیارە ئەویش لە سەر سەفەرە. کوڕەگەنجەکە لە نزیک دوو ژنە ڕووسەکاندا ڕاوەستا و پاکەتە جگەرەیەکی سووری "سولیدن"ی لە گیرفان دەرهێنا. جغارەیەکی داگیرساند و خەریکی بەبا کردنی دووکەڵ بوو. لە جل و بەرگ و جگەرەی لالێوی و هەڵسوکەوتەکەیەوە وێدەچوو کە

کوڕی مەزن خانەدانانە، چونکە کەسی نەدار، توانایی بەباکردنی جگەرەی "سولیدن"ی نییە .

ئەوەی کە بە مێشکی کەس دا نەدەهات، ئەمە بوو کە ئەو گەنجە قنجە، نە کوڕە بەگەو نە بەگزادەیە و نە ساماندار و خاوەن کارگە و کانگایە؛ جگەرەی گرانبایی "سولیدن"یش تەنیا پاکەتەکەی لەو مارک و مۆدێلەیە و، ئەوەی تێیدایە تەنیا بن و بنتکی جگەرەی پرووکاوەیە و بەس. تەنانەت بەباکردنی دووکەڵیش، کردەوەیەکی ڕووکەشە و بۆ شاردنەوەی مەبەستە. کوڕە گەنجەکە، "ئەژدەر"ە و بەباکردنی جگەرەش بۆ ئەو، کە لێو لە جگەرە نادات، قوڕگ گیران و دارژانی ئاوی چاوە و بەس.

ئەژدەر، دووکەڵی لەتکە جگەرەی بە لالێو دا بەڕێ دەکرد و بەسیلەی چاویش دەرو و بەری سەیر دەکرد. بەرە بەرە دەلاقەی بێتاقەکڕین خەڵکی لێ کۆ بۆوە و ترسی پۆلیس و هاتووچۆی سیخوڕیش زیاتر بوو. ئەژدەر لە هاتوو چو دا بوو، کە ڤەرا بە کڵاوی پووشینەی لە تیلاکی سەرەوە لە سەرگەی کۆڵانی بەر وێستگە هاتەدەر. ڤەرا گەیشتە بەر دەرگای وێستگەکە و لە سەرەی خانمانی چاوەڕاندا، بۆ کڕینی بێتاقەی سەفەر ، لە نۆرە دا ڕاوەستا. لە ڕاوستانیشدا بە بەهانەی سەیری بەرنامەی هاتوچۆی قەتار، کە بە سەر دیوارەوە چەسپابوو، ئەژدەری لە ژێر نیگای چاو دا بوو. بە رواڵە هێدی و ئارام دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە دەروونەوە ئاگرێکی گەرمی بڵێسەداری بە ناو جەرگ و هەناو دا دەگەڕا؛ بەدیمەن ئارام و لە ناوەوە پەرێشان بوو.

کەمێک ئەولاتریان، پیاوێکی سپی پۆش، کە تەنانەت پێڵاو و کڵاوەکەیشی سپی بوون، زەمبیلێکی قورس بە دەستەوە، هات و لە شوێنێکی بەرچاو دا ڕاوەستا. زەمبیلەکەی دانا و دەسرۆکەیەکی لە گیرفان دەرهێناو ئارەقی سەرو ملی پێ وشک کردەوە. جگەرەیەکی بە لالێوانەوە نا و بە هەردوو دەستی سەرو خواری گیرفانەکانی دەست پێداهێنا؛ وا دیار بوو بەشوێن ئاگر دادەگەڕێت، بەڵام دەستی نەکەوت. سەری هەڵبڕی و چاوێکی لە دەور و بەر کرد و بۆلای ئەژدەر چوو. ئەژدەر بێخەیاڵ لە دەور و بەر، خەریکی ئاخر مژی جگەرەکەی بوو، کە کابرای سپی پۆش دەستی بۆ ڕاداشت و گوتی:

ـ ئابرا دەکرێ بە ئاگری جگەرەکەت منیش بسووتێنی؟! ... گۆگردی دین سوزیاگم بیر چووە.

ئەژدەر بێ ئەویکە دەم بکاتەوە، جگەرەکەی دایە بە وردی تێی ڕاما، کابرا جگەرەکەی لێ وەرگرت و دوای داگیراندنی جگەرە، لێی پرسی:

ـ ئابرا کاتژمێرەکەی تۆ دەڵێ چی!

ـ کاتژمێرتان بۆچە گەرەکە؟

ـ بۆ پیرەپیاوەکەم گەرەکە.

ئەژدەر چاوێکی تری لێکرد و بەلای خۆیەوە گوتی: خۆیەتی! جگەرەکەی خستە ژێر پێ و بێدەنگ ڕاوەستا. کابرای سپی پۆش زەمبیلەکەی خستە سەرشان و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

ـ گەلێک سپاس ئابرا!... ڕێبوار ئەشی هەر لە ڕێدا بێ.

زەمبیل بە شان بەرەو گۆڕەپانەکەی بەر وێستگە ڕۆیشت و ئەژدەر بێ دەربەست بە هاتن و چوونی کابرا، هەر لەو جێیەی لێی ڕاوەستابوو، جمەی نەکرد. پاش تێپەڕ بوونی زەمبیل بەدەست، ئەژدەریش بەرەو گۆڕەپانەکە وەڕێ کەوت. لە ڕۆیشتن دا، ئەژدەر لە یەک کاتدا سێ لایەنی لە ژێرچاو دابوو؛ دەبوایە کابرای زەمبیل بەشان ون نەکات، خۆی لە پۆلیس و پیاوی بەدکار بپارێزێ و کڵاوەپووشینەی لاتیلاکی سەری ڤەراش بە شوێن خۆیدا بکێشێت. ئەژدەر، زەمبیل و کڵاوە پووشینەی بە خۆیەوە بەستبۆوە و نەدەبوایە هیچ کامیان بزر بکات. چاوی ئەژدەر بەشوێن پێی زەمبیل بەشان دا دەگەڕا و دڵیشی چەشنی پەپوولە بە سەر کڵاوەپووشینەدا هەڵدەسووڕا.

دەگەڵ وەڕێکەوتنی ئەژدەر، "ڤەرا"ش بە نەرمە هەنگاوی وردیلانەیەوە شوێن سەری ئەژدەردا چوو. بەمجۆرە، لە شەقامە پڕحەشیمەتەکەی پشتی وێستگەوە تێپەڕین و بەکۆڵانێکی تەنگەبەر دا چوونە خوار. لێرەوە، کۆڵانەکە چۆڵ و کەم هاموشۆکەر بوو، هەربۆیە هەنگاونانی ئەژدەر ئارامتر و بەدوای ئەویشدا رۆیشتنی ڤەرا هێدی تر کرا. هەتا ئێرە، وڵات چۆل و ڕێبوارەکان ئارام دەڕۆیشتن، بەڵام زۆری نەخایاند سەروگوێلاکی کابرایەکی ئازەری و دوایەش دوو کوڕی تریان لێ وەدەرکەوت. ئەژدەر بەبینینی دوو کوڕەکان تووشی دڵەڕاوکێ هات کە نەکا پلارو لاتاوی ناشیرین بە ڤەرا دابدەن و بیڕەنجێنن ، هەربۆیە باوی هەنگاوی هێورتر کردەوە و بە تەواو ماناوە هەستی ڕاگرت، بەڵام کاتێک کە دوو کوڕە گەنجەکان بەرەو دەرگایەک چوون، دڵی ئەویش حەسایەوە. هێشتا بە تەواوی نەحەسابۆوە کە لە سەری باریکە کۆڵانێکەوە سەرو سەکوتی پۆلیسێکیان لێ پەیدابوو. هەڵقولێنی پۆلیس لەم گاز و گوزەرەدا، ئەگەری ئەم مەترسییەشی ڕادەگەیاند کە هەر لە وێستگەی شەمەنەفەرەوە شوێنیان هەڵگیرابێ. ئەژدەر بە وردی سەیری ئاکاری پۆلیسەکەی کرد و دەگەڵ ئەم بیرە هەڵی سەنگاند. پۆلیسەکە چەندێک هەربەو ڕێگەیە داهات کە ئەوانیش پێیدا دەڕۆیشتن. بەڵام لە سەرپێچی کۆڵانێکی تر، پۆلیسەکە ڕیگای گۆڕی و ڕۆیشت. بە تێپەڕبوونی پۆلیس و ئارام بوونەوەی کۆڵانەکە، ئەژدەریش بە دڵنیایی چاوێکی لە دواوە کرد و هەرکە لە دوورەوە "ڤەرا"ی بە چاو بینی، ئەویش بە ئەرخەیانی بە شوێن هاوڕێی سپی پۆش دا ڕۆیشت .

دەربازبوون لە دوو گەنجی ئازاری و ڕۆیشتنی پۆلیس، هەنگاوی ئەژدەری تاو پێدا ، بەڵام هەرکە ڕوانی کابرای زەمبیل بە شان لە کۆڵان دانەماوە، تۆزکاڵێک شڵەژا. شڵەژان و تاسانەکەی ئەو کاتە بەهێزتر بوو کە ڕێبوارێکی بەرگ سپی بینی بەبێ زەمبیل دەڕۆیشت. بزربوونی زەمبیل بە شان، تینی بە هەنگاوەکانی ئەژدە دا

و بەچەشنێک بەپرتاو بۆی چوو، کە لە چاوترووکانێک دا گەیشتەوە سەر کابرای سپی پۆش. بە سەرسوورماوی سەیری کابرای جلک سپی کرد کە زەمبیلی بەتاڵ و پووکاوەوەی خستۆتە ژێر باڵ و زۆر بە ئاسایی بەرێدا دەڕوات. ئەژدەر بە دیتن و ناسینەوەی کابرای جلک سپی، واقی زیاتر وڕما کە ئەمە چ چیرۆکێکە و چ باسە! تۆ بڵێی کەلوپەلی ناو زەمبیلی قورس و گرانی چەند چرکە لەمەوبەر، شڕو شەپیتەی بەکارنەهاتوو بووبێ و لە پەسیوێکدا هەڵی نەتەکاندبێت؟!

ئەژدەر باوی هەنگاونانی هێورتر کردەوە، بەڵام لە کردەوەی پڕ لە هەڵەی و پەلە کردن و ڕاکردنی خۆی پەرێشان بوو. دەخۆی ڕاخوڕی کە چەندە کەم ئەزموون و نەپوختەیە و چیها بێ چیکڵدانە. ئەوە هات و تاکە ڕێبوارێکی مێشک فرۆشراو ئەم هەڵتۆز هەڵتۆزەی دیتبایە، چی دەقەوما؟ من هەقی پێدەدەم کە نەرمە هەنگاوی پێشین و هەڵاتنی دواییمی کردبایە پرسیار و بەخۆی سەلماندبا، کە هەیاران ئەو کوڕە مردەلۆخەی دوو چرکەی بەرێ و ئەم کوڕە توندەپێ و خۆش ڕەوتەی هەنوکەیی دەبێ شتێکی لەباران دابێ؟...

کابرای بەرگ سپی وەک پێشوو، بەبێ خۆ شلوێ کردن، لەسەر یەک هەوا دەڕۆیشت؛ نە دەربەست بەدوو بەری لاشانی بوو و نە دڵهەراسانی یارانی پاش سەری. هەر دەتگوت گوێگری ڕیتمێکەو باوی هەنگاوی هاوتەریبی ڕیتمەکەیە. بەڵام ریتمی باوی پێی ئەژدەر سەرە و ژێرەی زۆر بوو؛ ئەژدەر بۆ ڕێک کردنەوەی ماوە و مەودای نێوانی خۆی و هاوڕێی، داهاتەوەو بە بەهانەی هەڵکێشانەوەی لاسکی پۆستاڵەکانی ، دەگەڵ ڕوانینی ڤەرا، تۆزێک خۆی گنخاند. هەرکە مەودای نێوانیان گەیشتەوە ڕادەی پێشین، هەستا و بە ئارامی شوێن پێی بەرگ سپی هەڵگرت و ڕۆیشت.

کۆڵانیان خستە پشت سەر و گەیشتنە شەقامی پان و بەرینی "ڤەڕۆنسکی". شەقامی ناوبراو بەردەڵان و سەنگفەرش کراوە. شەقامی ڤەڕۆنسکی جێ قۆمرغانەی گالسکە و گارێ و داشقەیە. لە دوو بەری شەقامەکەدا دەیان دەزگای بارهەڵگر و سەفەربەری تێدا دەبیندرێ. ڕۆیشتین و تێپەڕبوونی سەڵتەی ڕێبوار لە نێو ئاپۆڕای حەشیمەتی ئەم شەقامە، گەلێک پڕ دەردی سەرە. ئەم مەڵبەندە شوێنی هەرە پڕحەشیمەتی شارە و جێگای ساتوسەودای ڕۆژانەی هەژارانە. ورتکە ساماندارى نەوکیسەی تازە پێگەیشتوو، لەمبەر ئەو بەری شەقامەکەدا خانوبەرەی دوو و سێ قاتییان پێکەوە ناوە و ئەندازیارە ئەوروپی و ڕوسەکان تێیدا دەژین. هەر بەم هۆیەش، دار و دیواری ماڵەکان بە هەمە چەشنە ئافیش و تابلۆی پزیشک، چازان، ئەندازیار و پسپۆڕەکان رازێندراوەتەوە.

ئەژدەر بە باسک و سنگ و شان ئاپۆڕای خەڵکی دادڕی و بەرەو پێش چوو. مرخێش مرخێشی ئەژدەر ڕیگای "ڤەرا"یشی ئاواڵە دەهێشتەوە. ئەژدەر بەنیگایەک جلک سپی و بە هەموو هەست و هان و هەناسەیەوە "ڤەرا"ی لەبەر چاو دابوو. چەندێک ڕۆیشتن،

دەروازەی ماڵێکی چیمەنتۆکراو، کابرای بەرگ سپی قوت دا و ئەژدەر و ڤەراش بە شوێن ئەو دا خۆیان بە ماڵەکە دا کرد .

حەوشەیەکی بچکۆڵانە لە چوار بەرانەوە لەباوەش دیوارێکی بەرزی ڕەختە دا گەمارۆ درابوو. بینایەکی زەردی یەک نهومی لە بەری ڕاستی حەوشەکەدا لایەکی داگیر کردبوو. لە بەربێڵای یەکێک لە ژوورەکاندا چەترێکی ژنانە هەڵدرابوو. لک و پۆی دارهەنجیرێکی گەروە، لە شانی ڕاستی حەوشەکەوە بەشێک لە دیواری ماڵی دراوسێی داگرتبوو. ئەژدەر لە حەوشەکە دا ڕاوەستا، بەڵام کابرای بەرگ سپی لە حەوشەکە دا نەمابوو. ئەژدەر چەند هەنگاوێک بەرەو دەرگای نیوەکراوەوە چوو، لە بنەبانی دالانی نیوەتاریکدا چاوی بەهاوڕێی جلک سپی کەوت و بە ئاماژەی دەستی ئەو، لە دالانەکە وژوور کەوت و بە شوێنی دا چوو. دەرگای ژوورێکیان بۆ کرایەوە کە بە ڕەسم و یاسای ئازەرییەکان ڕازێندرا بۆوە. کەلوپەل و ڕاخەر و پێخەفی ژوورەکە دەینواند کە خاوەنەکەی دەبێ دارا و تەسەل بێ. مافوورە و قالیچەی سەر هەرزاڵ و پەردەی ئاوریشمینی بەر پەنجەرەکانی باسی شارەزایی کابانی ماڵیان دەکرد. ئەژدەر بەشوێن هاوڕێی دا بەرەو ژوورێکی تر چوو. لەم ژوورە دا ڕەگەزێکی تر خۆی دەنواند؛ لە بەرێکی ژوورەکەدا دەستەواری ڕێکچندراوی کاغەز، کوپەڵەی جەوهەری چاپ و کەلوپەلی تایبەت بە چاپخانە دەبیندران. لەو بەری ژوورەکەدا چەند مێزی شان بە شان چندرابوون، کە کۆنکە پەڕۆی دەست خاوێن کردنەوەیان لەسەر بوو. چرایەکی گردسۆز بەدیوارەوە، سیسە تەشقێکی کەمی لە تاریکی دەشکاند. لەم ژوورەشەوە بۆ دیوێکی تر چوون. ئەژدەر هەستی کرد ژانی بە قاچ دادەگەڕێ. بەهاتنی ڤەرا، ئاهێکی خۆشی هاتەوە بەر. ڕوخساری ڤەرا سوور هەڵگەڕابوو. دڵۆپی ئارەق بە لاجانگەکانی دا هاتبوونە خوار. ڤەرا بە دەم زەردەیەکی سەرلێوانەوە، ڕوی کردە ئەژدەر و لێی پرسی:

ـ ئاخۆ مەنزڵگەکەمان ئێرەیە، یان دەبێ دیسان هەستین و بڕۆین؟

ـ نەکا ماندوو بووبی؟... وەرە دانیشە با تۆزێ بحەسێیتەوە.

کورسیلەکەی بۆ دانا و لێی پرسی:

ـ چۆن دەباز بوو؟ بڵێی ترس هەڵی نەگرتبی!

ـ ترس لە چی؟!

ڤەرا کلاوەکەی داگرت و دەگەڵ باوەشێن کردنی سەر و گەردەنی ئارەق لێنیشتووی، گوتی:

ـ پێت وانەبێ دەستو پێ سپیلکەم. دەستەوەستان بوویایەم، بە تەوس و پلاری دوو کوریژگەکان دەرهەڵدەبووم و دەم شێواند، بەڵام من خۆم بۆ ڕۆژی ڕەش ڕاهێناوە. ئەگەر بێ جەرگ و ترسنۆک بوایەم، پێم نەدەنایە ئەم ڕێبازە گرنگەوە...

ـ کام گوڕیژگەت مەبەستن؟ نەکا ئەو دوو کوڕانە بڵێی کە لە کۆڵانەکە دا تووشمان هاتن!

ـ ئا.. ئا. ئەو دوو کوڕانەی کە بە پەنای تۆ دا تێپەڕ بوون و بەرەو دەرگاکە چوون. ئەوان بە وردی سەیری تۆیان کرد و هەرکە من بە بەردەمیان دا تێپەڕیم، گەلێک نێوەنرتکە و پلار و تەوسیان پێدادام، بەڵام وەک بای بێ، من بە هێندم نەگرتن. تازە لە چنگ ئەوان ڕزگاریم هاتبوو کە یەکێ ترم لێ وەدەر کەوت. زمان شڕێکی بێ ئابڕوو بوو؛ هەرچی بە زمانی داهات، تاکێکی نەگێڕایەوە. چەندجاران ویستم بۆی بگەڕێمەوە و تامی زای بدەم، بەڵام هەرکە پۆلیسەکە لە سەرگەی کۆڵان دەرکەوت، هەتیو کلکی دە گەڵۆزی گرت و ڕای کرد و ڕۆییشت. بەڵام ئەو دەمە سەرسام بووم و دڵم داڕووخا، کە ئەتۆ ڕات کرد و بە هەڵە داوان بە شوێن هاوڕێ دا ڕۆیشتی؛ من نەمزانی ئەمە چی بوو کردت؟ هەر ئەودەمە بوو کە نەمدەزانی من دەبێ چی بکەم!.. بە شوێن تۆ دا ڕابکەم؟ ڕاوستم و چاوەڕانی ڕاوەستانت بکەم" چی بکەم!.. دوایی بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕاکردنی تۆ و غاردانی من بە شوێن تۆ دا، چی بە خەڵکی کۆڵان دەڵێ و ئەوان چی دەکەن!.. بێ شک ئەوانیش بەشوێن ئێمەدا لینگیان دەدا... بەڵام بۆچی پێم ناڵێی ئەمە چی بوو کردت؟!

ئەژدەر بە نیازی وەڵامدانەوە ڕووی کردە ڤەرا، کەچی هەر لەو دەمە دا دەرگای هۆدەکە کرایەوە و لادۆ هاتە ژوور. ئەژدەر خۆی خڕ کردەوە و ڤەرا لە جێ هەستا .

لادۆ بە دەم خەندەی سەرلێوانەوە، بەرەو ڤەرا و ئەژدەر هات و هەر بەچەشنی دیوناسێکی لەمێژینە، دەستی سڵاوی بۆ درێژ کردن و دوای چاکوچۆنی، ڕووی دەمی کردە ڤەرا و گوتی:

ـ ڤەرا ئیڤانۆڤا، تۆ گەلێک کاڵ و کەم تەمەنتر لەو "ڤەرا"یە دەنوێنی کە لە مێشکی من دا نەخشت دانابوو...

ڤەرا سوورتر هەڵگەڕا. ترسا و تاسا، کە نەوەک لادۆ پێی وابێ ڤەرا ئیڤانۆڤا کچێکی کاڵ و نەپوختە و بێ ئەزموونە و شیاوی ئەم ڕێبازە نییە؛ هەربۆیە بە هەوادەنگێک کە سکاڵای تێدا دەخوێندرایەوە گوتی:

ـ چەند ڕۆژێکی تر بیست ساڵیم پڕ دەکەم و... تاوێک بێدەنگ مایەوەو دوای ڕوانینی ئەژدەر، لێبڕاوانە گوتی:

ـ بمبوورن ناوەکەت نازانم...

لادۆ هێدیانە گوتی:

ـ زانینی ناوی من چ کەلێنێک پڕ ناکاتەوە... هەلومەرجەکە حوکم دەکات کە واز لە ناوی یەکتر بهێنین... هەوڵ بدەین یەکتر بناسین، بەڵام ناوی یەکتر نەزانین؛ ناوی یەکتر بزانین پلەی مەترسی گەلێک بەرزتر دەبێتەوە. یەکێک لە کادێرەکانمان بکەوێتە بەر ئازاری پیاوکوژانی ڕژێم، لەوانەیە بەشێک لە یاران تووشی بەند و زیندان ببن... شاراوە بمێنینەوە بە قازانجترە... دەکرێ ڤەرا بۆخۆی ناوێکم لێ بنێت... مامە... خاڵۆزا... هەرچی دڵی دەخوازێ. ناوی ڕاستەقینەم " ڤلادمیر زاخارڤیچ"ە و هەڤاڵان "لادۆ"م بانگ دەکەن.

نیگای گەرم و ڕوانینی خوشەویستانەی لادۆ، لە دڵی بینەر دا کاری دەکرد. ڤەرا بەم نیگا گەرم و دەنگە دڵ بلاوێنەی لادۆ ، هەست و حاڵێکی فرە تایبەتی تێدا ساز بوو. هەستی کرد بۆتە پەلکە گەڵایەکی سووک و بچووک و، نەرمە بایەک سووڕ و پێچی پێ دەدا. وەک لادۆ لە بارو دۆخی دەروونیی ئەو خەبەردار بووبێ، بە دەم زەردەخەندەیەکی مانادارەوە تێی ڕاما و گوتی:

ـ با لەم قسانە واز بینین و بزانین هۆی چییە ئێمە لێرە یەکترمان گرتۆتەوە! بلێیی ڤەرا ئەم پرسیارەی لە خۆی کردبێت؟

ڤەرا کەمێک ڕاما و ، وڵامی داوە:

ـ بە بڕوای من، ئەو کەسەی کە منی بانگهێشتی ئێرە کردووە، نیاز و نەزەری پڕ کردنەوەی جێگای چۆڵی ئیڤان پەترۆڤا بووە و منی شیاوی پڕ کردنەوی ئەم جێگا چۆڵە زانیوە... بەڵی من ئەو توانایە دەخۆم دا ڕادەبینم و منیش وەک باوکم بۆ مردن ئامادەم...

لادۆ خێرا هاتە نێوە قسەی و گوتی:

ـ مردن بۆ؟!... ئێمەمانان نەک بۆ مردن، بەڵکوو بۆ ژیانێکی بەروبوو درێژی پڕ لە تەسەلی و بەختیاری خەبات دەکەین. باوکت کرێکارێکی خۆڕاگری بوێر بوو کە هێستایش لە هەستان و ڕاپەڕینەکانماندا شوێنی دیارە و نەمردووە. ئیڤان هەڵگری ئاڵای سووری کرێکاری بوو، کە لە کاتی پێکان و لەپێ کەوتنیشی دا هاندەری یاران و هاوڕێیانی بوو.

لادۆ بە دەسرۆکەیەک، شووشەی چاویلکە و ئارەقی تەوێڵی ئەسترِی و بە ئامارەی دەست ڕێگای ژووری تری نیشان دان. ئەو لە پێشەوەو ئەژدەر و "ڤەرا"ش بەشوێن ئەو دا چوونە ژوورێکی تر. لەو ژوورەدا دوو کەس لە پەنا مەکینەی چاپ دا سەرقاڵی کار بوون، کە یەکێک لەو دووانە هەر ئەو هاوڕێ جلک سپییە بوو کە لە وێستگەی شەمەندۆفێری باکۆ ـ تفلیسەوە شوێنیان هەڵگرتبوو. هاوڕێی تر، مرۆڤێکی باڵابەرزی درشت هەڵکەوتی بەخۆوە بوو کە یەکەمجار بوو پێی گەیشتبوون .

هەرکە ئەژدەر و ڤەرا هاتنە ژوور، جووتەی هاوڕێیان بەوردی تێیان ڕامان و دیسان بە بێ دەنگی دەسبەکار بوونەوە.

لادۆ لە مەکینەی چاپ نزیک کەوتەوە و پرسی:

ـ دەرگاکەتان باش گاڵە داوەتەوە؟

کابرای درشت هەڵکەوەتە بەبێ ئەوەی کە سەر لەسەر کار هەڵببڕێت، گوتی:

ـ بەڵی گاڵەم داوەتەوە و بۆ قایمگیرکردنی قفڵی دەرگاکە، کۆمۆدێکی قورسم لە پای تایەکی دەرگاکە داناوە و سندووقێکی پڕی ئاسنەواڵەشم خستۆتە پشتی تای تری... جۆرێکم دابەستووە، هەردەڵێی حەوت ساڵە ئەو دەرگایە بەستەیە و پای چ کەسی نەبینیوە... دوای بڵاوەکردنمان، هاوڕێیان دەبێ بە دەرگایەکی دیکەدا بچنە دەر .

لادۆ ڕووی کردە ئەژدەر و ڤەرا و گوتی:

ـ فەرموون دانیشن!... دەبێ بەم هاوڕێیانەتان بناسێنم و لە ڕووداوێکی گەلێک مەزن، کە هەر ئێستا لەم ژوورە دا خەریکی گوورانە، خەبەردارتان بکەم؛ بەڵێ هەر ئێستا ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی خەبات لە ژێر چاپ دێتە دەر و دەکەوێتە دەستی خەباتکارانەوە .

لادۆ بەرەو مەکینە چوو. لاپەڕەیەک لە ڕۆژنامەی خەبات کە هیشتا نمی جەوهەری لێ وشک نەببۆوە، هێنای و لە بەردەمی ڤەرا و ئەژدەر دا ڕایگرت.

دوو کرێکاری بەر دەزگای چاپ بە چەشنێک هەڵدەسووڕان، وەک بڵێی بە نیاز بن گرەوی چالاکی لە مەکینەکەش ببەنەوە. یەکێک لە کرێکارەکان، قالبی پیتە چێندراوەکانی بە جەوهەر چەور دەکرد و دەیگوت: بیسووڕێنە. هاوڕێی تریش سوکانی تۆپی مەکینەکەی هەڵدەسووڕاند و لاپەڕەکان جەوهەری پیتەکانیان دەخوارد و لە باخەڵ مەکینە دەردەپەڕێن. هاوڕێی بەرگ سپی لاپەڕەی چاپکراوی هەڵدەگرت و لە شوێنێکی تایبەت دا، پان ڕایدەخستن و دەگەڕایەوە سەر کاری خۆی. ئەژدەر حەیران و سەرسام لە چالاکی و دەست و بردی هاوڕێیان، بێدەنگ مابۆوە .

لادۆ بە وردی سەیری ڕۆژنامەکەی کرد و گوتی:

ـ ئەو شەونامەیەی کە سەعاتێک پێشتر پێم دابووی، بۆت چاپ کردم؟

ـ نەخێر هێشتا چاپ نەکراوە، ڕامگرتووە دوای ئەمانە چاپیان بکەم.

لادۆ چاکەتەکەی داکەند و قۆڵی لێ هەڵماڵی و گوتی:

ـ تۆ بڕۆ پیتی ئەو شەونامەیە بچێنە، من کاری تۆ وەئەستۆ دەگرم. ئەوسا ڕووی کردە ڤەرا و ئەژدەر و گوتی:

ـ لەوانەیە هەتا ئێستا شێوەی داچاندنی پیت بۆ چاپکردنتان نەبینی بێت، دەتوانن بچنە ژووری تر و کاری ئەو هاوڕێیەتان ببینن. لەوانەیە حەز بە فێربوونیش بکەن و خۆتان بۆ کاری چاپخانەش ئامادە بکەن. فێربوونی هەر کارێک کە خزمەت بە شۆڕش بکات، مرۆڤی شۆڕشگێر دەوڵەمەندتر دەکات و لە ئاکامدا سەرکەوتن نزیکتر دەکاتەوە.

وتەی دەم و کەلامی شیرینی لادۆ ، دەتگوت گوڵنمی خوناوکەی بارانی سەر مەزرای دێمەکارە و ڕووەکی تینوو ئاوپژێن دەکات. ئەژدەر بە حەز و خۆزیایەکی زۆرەوە ڕووی کردە ژووری تر و "ڤەرا"ش بە شوێن ئەودا .

لەو ژوورەدا، کە ئەوان پێشتریش لەوێ بوون، لادۆ هات و "گارسە*"یەکی خستە سەر مێز و ئەوسا بە تەڕدەستی دانەدانە پیتە پێویستەکانی لە گارسەکە

---

* گارسە = قوتیلەیەکی خانەخانەی تایبەتی چاپخانەکانە. لە هەر خانەیەکی ئەو گارسەیەدا یەک چەشنە پیتی ئەلف و بێی تێدایە. پیتچێن بۆ نووسینی هەر وشەیەک، دەبێ یەک بە یەکی پیتەکان لە خانەکانی گارسە هەڵبگرێت. سیستەمی چاپخانەی کۆن نەماوە و گارسەش تێدا چووە.

هەڵگرت و لە "ڤەرساد*"ێکی کە هەتا نیوە پیتی تێدا چێندرابوو، چاندنی. چەند پیتی ئەلفبایی وشەیەکیان لێ ساز دەبوو؛ وشەکانیش ڕستەیان ساز دەکرا و دوای هەر ڕستەش خاڵی کۆتایی دادەندرا. هەڵگرتن و دانانی پیتەکان، خێراییەکەی وەهایان لە پەنجەی پیتچێن دەبینی، کە چی پێ نەچوو ئاخر ڕستەی ژێر نووسراوەکەی "لادۆ"، لە بەشی ژێرەوەی ڤەرسادەکە دا داچێندرا، کە بەم دەستەواژانەی کۆتاییان دەهات: "مەرگ و نەمان بۆ تزاریسم" .. بڕووخێ سیستەمی سەرمایەداری" .. "هەر بژی شۆڕشی کرێکاری."

دوای پڕکردنی ڤەرسادەکە، لە مابەینی هەر دێڕێکی نووسراوەکەدا شیشێکی باریکی ئاسنی تێ هەڵکێشان و بە فرچەیەک، جەوهەری بە سەر دا ماڵین.

ئەژدەر و ڤەڕا بە وردی و سەرنجەوە چاویان بە شوێن پەنجەی پیتچێن دا دەگەڕا، کە چلۆن دانە دانەی پیتەکان لە گارسە هەڵدەگرت و لە کادرِی دیاریکراوی ڤەرسادەکە دا دەیخستنە باوەشی یەکتر و، وشە و ڕستەی لێ ساز دەکردن. بەڵام ئەوان هەر ئەمەیان بەلاوە سەیر بوو، کە پیتچێنەکە بۆ سازکردنی وشە و ڕستە، لە بەری ڕاستەوە بۆ لای چەپ پیتەکانی لە پاڵ یەکتر دا دەچنی؛ واتە هەر وشەیەکی کە دایدەچاند، پێچەوانە دەچێندرا. بەڵا کاتێک کە بە کۆنگەیەک چوار دەوری ڤەرسادەکەی خاوێن کردەوە و بۆ تاقیکردنەوە کاغەزێکی ڕۆژنامەی بەسەر نووسراوەکە دا تەپاند، ئەژدەر و ڤەرا نووسراوەکەیان لە سەر کاغەز بە جۆرێک خوێندەوە، کە ڕێک دەگەڵ نووسراوەی سەر ڤەرسادەکە پێچەوانە بوو .

هاوڕێی پیتچێن، "ڤەرساد"ەکەی بردەوە ژووری چاپخانە و لە ناو دڵی مەکینەکەدا دابینی کردو سوکانی لێ بادا. دەگەڵ هەر دەورێکی سوکان، چەند لاپەڕە شەونامە، یەک بە شوێن یەکتر دا کەوتنە بەر چاو .

ئەژدەر چاو بەسەر هەڵسوڕانی تۆپی مەکینە و سەیری لاپەڕەکان، دێڕی ئاخرینی لەژێر لێوانەوە خوێندەوە: مەرگ و نەمان.. بڕووخێت سیستەمی. هەر بژی شۆڕشی...

ڤەرا شان بە شانی ئەژدەر بە وردە ورینگەیەکی ئاهەنگینەوە گوتی:

---

* فەرساد، کادرێکی دیاریکراو کە پیتچێن دانە دانەی پیتەکانی تێدا دەچێنێ و وشە و ڕستەکانی لێ ساز دەکات. لە ڕاستی دا "ڤەرساد" دەبێتە هەر ئەو لاپەڕەیە کە دوای جەوهەر خواردن دەکەوێتە نێو ماشێنی چاپ و دەگەڵ سووڕانی تۆپی مەکینەکە، لاپەڕەی کاغەزی دەکەوێتە سەر و فەرسادەکە و نووسراوەی سەر فەرسادەکا ڕادەگوێزێتە سەر لاپەڕەکە. قەوارەی ڤەرسادەکان بە گوێرەی ئەو لاپەڕەیە دەبێت، کە ڕۆژنامە، یان شەونامەکە هەیەتی؛ واتە ڕۆژنامەی پان و بەرگ گەورە، دەبێ ڤەرسادی مەزنی بۆ پیتچێن بکرێت و هی بچووکیش، ڤەرسادی بچووک. سیستەمە چاپخانەی کۆن و گارسە و فەرساد دەوریان نەماوە و تێداچوون.

ـ سەعاتێک بەر لە ئێستا هەڤال لادۆ لە ئارمانجی منی پرسی... دروشمی ژێر ئەم نووسراوەیە تیشکی هەتاوێکن و ئارمانجەکانی من نەمامێکی ئەڤینداری ئەو تیشکە گیان بووژێنەرەن... من دەگەڵ تیشکی ئەم هەتاو کۆڵبارەکەم بەرەو مەنزڵگەیەک باردەکەم، کە سەرکەوتنی مرۆڤی ڕەنجبەری تێدا مسۆگەرە...

"ئەژدەر"یش بەچەشنی ڤەرا کەوتبوویە هەمێزی شەپۆلێکی خرۆشان و بەرەو مەنزڵیک ڕەپێچەک دەدرا، کە بۆ گەیشتن بەو مەنزڵگەیە، نە سەر، نە ماڵ و نە گیان، بایەخێکیان نەبوو.

ڤەڕا پرسی:

ـ ئەژدەر! ... لێرە ئێمە چاوەڕانی چین ؟

ـ ڤەرا گیان! جێگایەک کە مامۆستای مەزنی شۆرشی لێ نیشتەجێیە، تۆ بڵێی پرسیار کردن جێگایەکی هەبێت؟... ئەو خۆی دەزانێ ئەرک و ئەسپاردەی سەر شانی من و تۆ چۆنە و چییە... کەی و کەنگێ کاتی فەرمان دەگاتێ... من نازانم... سەبرت بێ ئازیز گیان!

ئەژدەر و ڤەرا ڕوو بە یەکتر، چاوەڕوان دانیشتن. ئیستێک پێچوو، لادۆ بە باوەشێک بەیاننامەی تازە چاپکراو هاتە لایان و پێی گوتن:

ـ هەڤالانی من گوێ بگرن و بزانن کە ئەرکی هەرە گەورە و گرانی شۆڕش بە ئێوەی گەنجانی شۆڕشڤان خەلات کراوە... سەرکەوتوو بن!

****

# 11

ئەوا ئەژدەر جارێکی تریش بەرەو تاخی کرێکاران بەڕێوەیە. بەدەم ڕێگاوە، کەوتۆتەوە سەر بیر و یادی سەردەمی مێرمندالّی و هەرزەکاری خۆی. هەر بەدەم ڕێگاشەوە، دوو دەقی ژیانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ؛ ژیانی سەردەمی بێخەبەری و ژیانی ئەمڕۆیی خۆی؛ ئەزموون و زانستی ئەمڕۆی و بێ ئاگایی دوێنێی! ڕابوردووی تاریک و نووتەکەی جارانی و ڕاهاتن و تێکۆشانی نووکەی! نا، نەخێر هەر دەڵێی دوو ڕاستە تەختەی دوو کووتالّێکن، کە نە ڕەنگ ، نە ڕەگەز ، نە کر و نە پۆیان دەگەڵ یەک نەدەهاتەوە. "ئەژدەر"ی ئەم سەردەمە، شەرڤانێکی تێکۆشەری ماندوونەناسە و، بیر لە بەرژەوەندی بەرزی سەرکەوتن دەکاتەوە. پەیامی "نینا"، بۆ هاومەتەرێزانی کرێکاری خۆی دەبات و خەریکە بەردی بناغەی جیهانێک دابمەزرێنێ، کە حەسانەوە و بەختیاریی و یەکسانی مرۆڤی ڕەنجبەری پێ دەستەبەر دەبێت. ئەو پەیامەی کە ئەو پێیەتی، لە لایەک چەکی جگەربڕن و لە بەرێکی ترەوە گیان بووژێن و ژیان بەخشن؛ بۆ چەوسێنەران ژەهرێکی کوشندەیە و بۆ چینی چەوساوەش دەرمان و هەتوانە. ئیتر ئەژدەر تێگەیشتووە کە زانیاری و ڕامیاری و زانست، چەکی دوژمن کوژە و، پەروەردە کردن و ڕاهێنانیش ڕێشە و ڕەگەزی خوێنمژان لە بن دێنێت. هەر ئێستاکە ئەگەرچی لە ئیش و کار تەولا کراوە و لادەس و بێ ئەنوا ماوەتەوە، بەلّام چەکی کوشندەی لە باخەڵ دایە؛ هەر ئەو بەستە بەیان و شەونامانەی کە ئێستاکە لە تویّی کەونە چاکەتەکەیدا حەشاری داون، دەرمان و هەتوانی دەردی لەمێژینەی هەژاران و چەوساوەکانە. بەئاگاهاتنەوەی مرۆڤی چەوساوە و ڕەنجبەریش دەبێتە داسی ڕمانە و پەلو پۆی ستەمگەران دەقرتێنێ. بەڵی هەر ئێستاکە ئەژدەر بەرەو

ئاقارێک دەچێت کە دوو دوژمنی خوێن زاد، واتە کرێکار و خاوەن سەرمایە، لە شەڕگەی شەڕی سەر و ماڵ دا دژ بە یەکتر ڕاوەستاون. بەڵی ئەژدەر بەڕێوەیە و زانیاری و ڕامیاری و زانستی شۆڕشی چینی کرێکار دەکاتە گۆارەی گوێچکەی مێژووی سەردەم و تێکۆشەران دەهەژێنێ.

لە مەنزڵ بە مەنزڵی ڕێگادا، لە هەر گاز و ڕێبازێکی کە ئارامی و ئەهەوەنیی پێوە دیار بوو ئاگادارییەکی لە سنگی دیوار دەچەسپاند و دەڕۆیی. ژیری و وریا بوون مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنە. ئەوە یەکەمین تاقیگەیەتی و دەبێ تێیدا سەرکەوتوویەکی ڕووسوور بێت. دەبێ چەشنی تارمایی بە هەموو شوێن و پەنا و پەسیوێکدا بخشێ و دەنگی ڕزگاری بە گوێی سەر و خواری وڵات ڕابگەیەنێت.

لە دەور و بەری باخی نۆبێل دا سێ ڕێیانێک بوو، لە چەقی ئەو سێ ڕێیانە دا دارچرایەکی لێک و لووس لێ چەقێندرابوو. نۆبێل بەنیاز بوو لە چوار دەوری باخەکەی دا چرای گازی دابمەزرێنی. سێ ڕێیانەکە سەرەڕێ و بەرەگەی هاتووچۆی خەڵکی هەندران و، هێنان و بردن و ڕاگوێزانی کەرەسەو ئەسبابی مسافیران بوو. هەربۆیەش پەنا ئەم دارچرایە، لە ڕۆژ دا جێگای قۆمرغانە و شوێنگەی حەسانەوەی خێڵی کرێکار و خەڵکی کۆچەری دەربەدەری دەور و بەرە.

ئەژدەر، هەر لە ژێر ئەو دارچرایەدا بە چەشنێک لێێ تخێڵ ببوو، دەتگوت تازە لە سەفەر گەڕاوەتەوە و ماندوو مردووی حەسانەوەیە. جار جارێکیش جووڵەیەکی دەکرد و هەستێکی ڕادەگرت. چاوەڕوانی هەڵ و درفەتێک بوو کە بۆی بلوێ و کاری خۆی مەیسەر بکات و بڕوا. هەستێکی ڕاگرت، قوتیلەی چەسپی لە باخەڵ دەرهێنا و دوای ئەوەیکە گالسکەیەک بەپڕتاو هات و بە بەردەمیدا تێپەڕی، گورج هەستا پێ و چەسپی لە بەدەنەی دارچراکە هەڵسووت و بە تەڕدەستی پەڕێکی پێوە دا. دەستێکی پێداکێشا و چین و چرووکی لە سەر کاغەزەکە ڕەها کرد و ڕۆیی. لەوێوە بەرەو دەروازەی ئاسنی کارگەیەک چوو. لەو کارگەیەدا زێتر لە بیست کرێکار تێیدا خەریکی کار بوون. بە تەڕدەستی پەڕێکی تری پێوەدا و لەوێوە بۆ کۆڵانێکی تر داکشا. لە سەرگەی کۆڵانی تازەوە، چاوێکی لە پشتی سەر کرد و هەرکە دیتی دوو کرێکار سەرگەرمی خوێندنەوەی بەیانەکەن، وەک مەزنترین خەڵاتی بە بەژن بڕابێت، گەلێک سووکباڵتر بە کۆڵانەکەدا هاتەخوار و یەکسەر بەرەو دوو مەڵبەندی "ئاخ شار" و "قەرەشار" کەوتەڕێ. لەوێوە، هەر جێ و شوێنێکی کە دەیزانی جێگای کۆمبوونی کرێکارە، یەک و دووی پێوەدا و جێی هێشت و ڕۆیشت؛ هێشتا دوو کاتژمێرێک تێنەپەڕیبوو، شەش ئاگاداری لە ناو جەرگی سەرمایە چەسپاند بوو. لە ڕۆیشتن و جێ هێشتنی مەڵبەندەکانیش بە چەشنێک دەهات و دەچوو، وەک بڵێی چەند کەس لە یەک دەم و کات دا ئەم چالاکییەی نواندبێت. چی پێ نەچوو سەری لە کۆخ و کۆختە کرێکارانی مەڵبەندی "شیبایۆف" دەرهێنا.

مەڵبەندی "شیبایۆف"، مەڵبەندی لەمێژ ئاشنای خۆی بوو. یەکەم جێی کە پێی تێنابوو، ئێرە بوو. سەرەتای کاری کارخانە و ئاشنابوون دەگەڵ دنیای کرێکاری. هیچ شوێن و کەلێن و کولێنێک نەبوو چەشنی لەپی دەستی نەیناسێت. لێرە، کاڵەی غەریبی و غەوارەیی کردبۆوە و گەلێک بیرئانینی تاڵ و شیرینی لێ هەبوون. بەلای خۆیەوە گوتی:... ئیتر ئێرە کۆنەچاڵی خۆمە و لە هەر شوێنێکی تر چالاکیی تێدا دەنوێنم، بەڵام نەکرا. سەر و خواری مەڵبەندەکە گەڕاو یەکایەکی کۆختەکانی پشکنی و گەیشتەوە هەر ئەو جێگایە کە دەستی پێکردبوو. هەر دەتگوت قەڵاچۆ کراوە و تاقێکی تێدا نەماوە. پەڕێکی بە لادیوارێکەوە نووساند و بەرەو کارگە وەڕێ کەوت.

کاتێک ئەژدەر گەیشتە بەردەرگای کارگە، ئەودەم زانی چ باسە و هۆکاری چۆڵ مانەوەی گەڕەکی کرێکاران چییە؛ حەوشەی کارگە ژاوەی دەهات. هەرچی کرێکاری کە لە کانگە و کارگەکانی مەڵبەندی شێبایۆف ئیشکار بوون، گشتی ڕژابوونە حەوشە و هەرایان بوو. ئەژدەر هەلی بە دەرفەت زانی و لێیان نزیک کەوتەوە، گوێی لێ ڕاگرتن و لێیان خورد بۆوە. باسی کەسێک دەکرا و جوێنی پێدەدرا. ئەژدەر لە پەنا پۆلێکی سێ کەسی ڕاوەستا و گوێقولاغی قسەکانیان بوو. لێیان نزیک کەوتەوە،بەڵام ئاشنایەکی تێدا نەبوو کە پرسیاریکی لێ بکات. بۆی دەرکەوت کە ئاپۆڕای کرێکار چاوەڕوانی هاتنی کەسێکن. زەنگوڵەی کۆتایی کاری ئیشکارانی کەرتی یەکەم لێدرا و دەبوایە ئیشکارانی کەرتی دووەم بچنەوە سەر کار، بەڵام جووڵەوەر بەرەو کار هەنگاوی نەبزووت. لەولاوە، جارێک بەڕێوەبەری کارخانە و کەڕەتێک وەستاکاری کارگە و دواییش دەمڕاستی بەشی پاراستن هاتن و بە دەم هەڕەشە و گوڕەشەیەکی توند و تیژەوە فەرمانی گەڕانەوەی کرێکارانیان بە گوێ گەیاندن، بەڵام وەک بای بێ، قسە و فەرمان و هەڕەشەکانیان بە هەوا دا چوو .

ئەژدەر مرخی لێ خۆش کرد و بەبێ ئەوەیکە هۆکاری کۆمبوون لە کەس پرسیار بکات، هەر بە گوێڕاگرتن تاوتوێی کێشەکەی دەرهێنا. بۆی ڕوون بۆوە کە ئەمڕۆ ڕۆژی وەرگرتنی مزە و مافی مانگانەی کرێکارە و، کرێکارانی کەرتی پێش نیوەڕۆیان بۆ وەرگرتنی دەسڕەنج سەردانی حیسابڕەسیی کارخانەیان کردووە. بەڵام دوای کۆکاری و لێکدەرکردن، بەشێک لە کرێکارەکان بەهۆی زۆریی جەریمە، هەر نەک بە مافداری "کۆپێک"ێک نەناسرابوون، بگرە دەبوایە پارەیەکیش وەک تاوانی خەتاکاری بگەڕێننەوە سندووقی کارگە. لە هەمبەر ئەم دەستدرێژییەش دا، "حەمەعەلی" دادەگژێتە سەر حیسابڕەس و، خوری شۆر دەیکوتێ. حەمەعەلی لەلایەن پۆلیسی کارگەوە دەسبەسەر دەکرێ و کرێکاران دەڕژێنە حەوەشەوە.

حەوشەکە نەیدەکێشا. کرێکار لە ناو ئاپۆڕاکە دا پۆل پۆل بوون و هەر پۆلەی بە جۆرێک دەدوا. هەر لەم ئاسنایەدا، ئەمربەرێکی بەشی سەرکردایەتیی کارگە هاتە نێو ئاپۆڕاکە و بە هومێدی چارەسەرکردن و بە مەبەستی دڵدانەوە، بە نێو پۆلەکان

دا هات و قسەی بۆ کردن، کەچی کرێکارێکی بەساڵاچوو، زۆر بوێرانە قسەی لە دەمی دا بڕی و بە سەری دا شریخاند:

ـ بەسکە!... بڕۆ بە خان و خاونەکەت بڵی بێتوو زۆری بکێشێ، دەپسێ. بڵی کرێکارە هەڵپەسێردراوەکان بگەڕێنێتەوە سەر ئیش. بڵی با "حەمەعەلی"ش لە بەندیخانە بستێنێتەوە و ماف و دەسڕەنجی مانگانەی کرێکارەکان هەتا "کۆپێک"ی ئاخری لە مستی کرێکار بنێتەوە... بڕۆ ئەمانەی بە گوێی باڵادەستەکەت بگەیەنە و چیتر خۆت ماندوو مەکە... کەس گوێتان ناداتێ.

هەر لەودەمەدا، "جغجغە"ی بەناوبانگ، کە لەسای سیخوڕی و ڕامووسینی بەرپێ ساماندارانی، پلەو پایەی"باش وەستایی"ی پێ بڕابوو، لە نێو ئاپۆڕاکەدا دەهات و دەچوو. چەشنی خولخولۆکە بە دەوری خۆی دا هەڵدەسووڕا، بەڵام هەتا ئەمربەری ناوەندی نەهاتبوو، بە بێدەنگی دەهات و دەچوو. هەرکە چاوی بە ئەمربەری ناوەندی کەوت، یەکسەر خۆی گەیاندێ و چەشنی سەگی سەولەخۆر، بەو سەر و سیمەنە ڕەزاتاڵ و بەدگۆشتەیەوە، دەمی پووچ و چرچ و ژاکاوی کردەوە و چاوێک لە کاتژمێری باخەڵی و بەرزکردنەوەی دەستێک بە ئاماژەی کۆتایی هاتنی وادە و وەختی دیاریکراوی، زریکاندی و فەرمانی ئەمربەری دووپات کرەوە. کرێکارەکان جووڵەیان تێکەوت و جغجغە کلکی دەگەڵۆزی گرت و لە دەمی پاشەکشی دا، دیسان زریکاندی:

ـ لە سەرتان نووسراوە!... سێ چارەکە سەعات... بەڵی سێ چارەکەسەعات کەم کاریتان لە سەر نووسراوە... هەرکەس نەگەڕێتەوە سەر ئیش و کار، ئەوەی بەسەری دێت هەر خۆی دەیزانێ... کاری خۆکردی دەرمانی نییە.. ها!!

کرێکارێکی بەساڵاچوو لێی دەرهەڵبوو. بە سەری دا گرماند:

ـ هەتیوکە بڕۆ بە خاوەنەکەت بڵی با بێتە دەر و ئەو قسە بکات... تۆ بڕۆ دەخۆت هەڵدە و بڵێ "حەمەعەلی" لە زیندان دەربخات!

جغجغە بە دەم پاشەکشەیەوە زریکاندی:

ـ باسی حەمە عەلی هەر مەکەن!... ئەومان بۆ سەیر و سەیاحەت ڕەوانەی ناو سەرما و سەقەمی سیبریا کردووە.. ئێوە دەرخەمی خۆتان بن باشترە!

کرێکارێک لێی هاتە پێش و لە پەناوە سنگی گرت و دەورێکی هەڵسوڕاند و گوتی:

ـ بڕۆ جانەوەر!... بڕۆ شوکرانەبژێر بن کە حەمەعەلی بەکرێگیراوەکەی نەپلێشاندەوە... بەڵام خۆزگە حەمەعەلی بیکردایە...

لەپڕ دەنگی دروشمدانی تێکڕای کرێکا، حەوشەی کارخانەی لەرزاندەوە. جغجغە قەراری نەگرت و ڕایکرد. ئەژدەر هەلی هەڵکەوتووی بە دەرفەت زانی و گورجێک دەستەوارێک لە نووسراوەی بەسەر خەڵکدا هەڵاویشت. پەڕ پەری نووسراوەکە چەشنی خەزەڵی پاییزی، بە ڕاژە ڕاژ بەسەر خەڵکدا وەرین. دەست و مەچەکی کرێکان نەیهێشت نووسراوەکە لە هەوا دا بمێنێتەوە؛ لە چاوترووکانێکدا پەڕ پەڕی بڵاڤۆکەکە قۆزرایەوە .

کرێکاری ڕەنجدەری تامەزرۆ، سەرخۆشی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو، بۆ کورتە دەمێک حەپەسان. هەرکە حەپەسانەکەیان داکەوت، بۆ دۆزینەوەی پەڕێک لە بڵاقۆکەکە، چاویان بە بەر پێیان داگەڕاند، بەڵام سەر سنگی حەوشەکە پەڕی پێوە نەمابوو و، بڵاوکەرەوەی بڵاقۆکەکەش نەزانرا کێیە و چ کەسێکە.
کرێکارێکی بەساڵاچوو، لە حاڵێکدا نووسراوەکەی لە سەر دەستان ڕاگرتبوو، بە هەموو تواناوە هاواری کرد:
ـ هاوڕێیان !... ئێوە سەیری ئەم نووسراوەیە بکەن و ببینن باسی چی دەکات... باسی برک و ژانی ئێمەی زەحمەتکێش... باسی ڕزگاربوونی کرێکار... بمرێ سەرمایەداری ... !
کرێکارەکان لە چوار دەوری هاوڕێی پیریان هاڵان و هەر ئەودەم، ئەژدەر بە شێنەیی لە باخەڵ حەشیمەتەکە هاتە دەر و بەرەو شوێنێکی تر وەڕێ کەوت .
ئەژدەر، هێشتا لە حەوشەی کارگەکە دەرنەچوو بوو، کە ئەندازیاری بەشی تەکنیکی کارگە بە هەڕەمە خۆی دە ژووری سەرکردایەتی هاویشت و خەبەری بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی بە سەرۆکی پاراستنی کارگە ڕاگەیاند.
ئەژدەر، دوای بەجێ هێشتنی ئاپۆڕای کرێکارانی ناو حەوشە، ئیستێکی گرت و چاوێکی لە دەور و بەر کرد، هەرکە وڵاتی بە چۆڵی بینی، لە دەروازەی مەزنی سەرکردایەتی نزیک کەوتەوە و لە چاوترووکانێکدا ئاگادارییەکی پێوەدا و رۆیشت.
نزیک بە جادە، لە جەمسەری دووکۆڵاناندا ئەژدەر سنگ بە سنگ، لە ڕێبوارێک هەڵنگووت. ڕێبوارەکە پەلەی بوو. ئەژدەر و ڕێبوارەکە بە مەبەستی ڕێگا چۆڵکردن ئەملا و ئەولایەکیان کرد و لەم کورتە ماوەیەشدا چاوێکیشیان لەیەکتر کرد. ئەژدەر سەرسوڕماوانە و بە نیوە هاوارێک گوتی:
ـ حەمە عەلی...!
حەمەعەلی پەرێشانحاڵ دەهاتە بەرچاو، پەلەی دەربازبوونی بوو. هەربۆیە لە یەکەمین تۆقە و چاوپێکەوتن دا، "ئەژدەر"ی بۆ نەناسرایەوە. بەڵام لە چەند چرکە ڕاوەستان و ڕامانی دا ئەژدەری ناسییەوە و بە ئەسپایی گوتی:
ـ هاوار مەکە برا، هێدی تر!... ڕەوەدەی جاش و چلکاوخۆرانم بە شوێن دادێن... خەریکم لە چنگیان ڕادەکەم ...
ئەوسا ئەم بەر ئەو بەرێکی ڕوانی و بە وردی سەیری هاودەنگەکەی کرد و هەرکە ئەژدەری ناسییەوە، زەردەیەکی کز و کەم دەوامی هاتە سەر لێوان و گوتی:
ـ ئەوە ئەتۆی ئەژدەر؟!...
ـ بەڵی منم حەمە عەلی! ... بەڵام بۆچ پێم ناڵێی کەی لە بەند ئازاد کرای؟
حەمەعەلی قۆڵی ئەژدەری گرت و گوتی:
ـ ڕاوەستانمان لێرە قەستی سەرە... دەبێ شوێنێکی ئەهوەنی دوور لە ئاوەدانی بدۆزینەوە و بەسەرهەتەکەمت بۆ بگێڕمەوە.

قۆڵ لە قۆڵ دا بەرەو کاولەخانووبەرەیەک چوون و لە سیلەیەکدا ڕاوەستان.
ـ دە پێمی بڵی حەمە عەلی... پێم بڵێ بزانم چلۆن لە بەندیخانە هاتیتە دەر؟ کێ ڕزگاری کردی؟... حەمە عەلی گوێیەک هەڵخە و دەنگی کرێکارەکان ببیسە... ئەوان ئازادیی تۆیان کردۆتە پێش شەرتی چوونەوەی سەر کار...
حەمەعەلی بە گۆشەنیگایەکی سووکەڵە سەیری کارگەی کرد و جحێلانە گوتی:
ـ ڕەحمەت لە قەوری باوکت مانگرتنی چی و خواست و ویستی چی! تۆ پێت وایە ئەم فسەفسکە دەردمانە؟... تۆ پێت وایە هەرا هەرای ناو حەوشەی کارخانە بوو، کە حەمە عەلی لە زیندان ئەستاندۆتەوە؟!... وەڵاهی ئەگەر کرێکار، کارخانە و کانگاکانیان لە بن و بناغەوە هەڵتەکاندبا، چما پۆلیس دەرگای بەندیخانەی بۆ واڵا دەکردم؟!... نەخێر ئەگەر خۆم بەکاتی بەجێ بەرخۆم نەدابایە و پۆلیسی زیندانم نەکێشابایە ژێر چۆکی خۆم و بە لێدان هیلاکم نەکردبایە، جەنابت پێت وایە هەر ئێستی لێرە دەبووم؟!.... بەڵی من خۆم و بە دەست و مستی خۆم پۆلیسم شەتڵانی خوێن کرد و جێم هێشت؛ سا پۆلیس دەژی یان نا، بە دەرەک...!
پشتی دەست و لاڕوومەتەکانی حەمەعەلی ڕووشابوون. ناو قوڵکەی گوێچەکەیەکی خوێنی تێ مردبوو. ئەژدەر دەسرۆکەیەکی پێدا.
ـ هانێ بگرە گوێچکەت لە خوێن پاک کەرەوە!
حەمەعەلی دەسرۆکەکەی لێ وەرگرت، بەڵام لەبری خاوێن کردنەوە گوێچکەی، دەستی دە باخەڵ نا و کاغەزێکی پێچراوەی دەرهێنا و لە مستی ئەژدەری نا و گوتی:
ـ سەیرکە ئەژدەر.. بڕوانە!... بیخوینەوە! من ئەمەم لە سەر دەرگای کارگە داگرتووە... ئەسرێلکی پشتی کاغەزەکە هەر تەڕ بوو، کە من دام ماڵی و لە جۆڕکم نا. ئەمە ئاگادارییەکی شۆڕشگێڕانەیە و بۆ ئێمەی کرێکار نووسراوە. دەستی نووسەری ئەم نامیلکەیە خۆش و، دەستی پێوەدەرەکەیشی خۆشتر بێت  کە هەر ڕاست بە سەر دوندی لووتی "شیبایۆف"ەوەی چەسپاندبووی .
بەدەم قسەکردنەوە چاوێک لە ئەژدەر و چاوێک لە لاپەڕەکە، بە قاقا پێکەنی.
ـ برا گیان دەبینی! ـ باڵی ئەژدەری گرت. ـ دەبینی یان نا!... کەسانێک هەن زۆر بەنهێنی دەجووڵێنەوە. ئاگاداری و بەیاننامە لەچاپ دەدەن و بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام من و تۆ کاس و گێل ماوینەتەوە... هی وەکی من و تۆ، ڕیزەڵە ماسیی تەنک ئاوەکانین و لە ژێر تەرکی گۆماو و بەحراواەکانەوە هیچ هەواڵێکمان نییە کە چیها مەزنە ماسی و نەهەنگیان تێدایە...
ئەژدەر بە وردی گوێی بۆ گوتنی حەمەعەلی شل کردبوو. ناخی گیانیشی ورووژا بوو. هەستی دەکرد ئەو خۆیشی یەکێک لەو مەزنە ماسی و نەهەنگانەیە کە لە قوڵترین قوڵایی زرێ دا خەریکی خەباتە. لەناو خۆیدا بەخۆی دەگوت: بڕوانە... بڕوانە ئەژدەر!... مرۆی تێکۆشەر لە ڕوانگەی گشت کەسێکەوە هێژاو بەرز و بەڕێز دەنوێنن!

هەرکە گوتنی حەمەعەلی کۆتایی هات، ئەژدەر لێبڕاوانە و بە زمانی نەرمەوە، ڕەخنەی لە ئاکاری حەمەعەلی گرت و گوتی:

ـ تۆ خۆت باش دەزانی کە هیچ تاق پەنجەیەک بە تەنێ دەنگی لێ نایە. بۆ ڕەنێوهێنانی هەر بەرهەمێک، هەرەوەز و یاریکاریی گشتی پێویستە. کۆمەڵگای مرۆڤ گێڵگەیەکی پان و بەرینە و بە گەلەکۆمەی گشتی ئاوەدان دەکرێتەوە. لە شۆڕش و سەرهەڵدانەکانیشدا تاکە کەسێک، ئەویش بە مشت و پێلاقە و زامدار کردنی جاش و پۆلیسێک و گوژتنی ژەندەرمەیەک، شۆڕش سەرناخات. سووکایەتی پێکردن و سەر و گوێ شکاندنی حیساب ڕەسی کارگە و شەتڵانی خوێن کردنی پۆلیسی بەندیخانە، ئێمە ناگەیەنێتە مەنزڵگەی سەرکەوتن...

حەمەعەلی بە تووڕەیی قسەی لە دەمی ئەژدەر دا بڕی:

ـ دەستیان نەگرتبایەم ، هەر ئێستێکە حیساب ڕەسی کارگە لە ژێر خاک دا دەبوو... مەناتێک و عەباسییەکی بەلاوە مابوو، بە کەس لە کەسمان قایل نەدەبوو و داوی چوار عەباسیی تری لێدەکردم... ئاخر چلۆن کەللەم نەیەتە تەمێ و چلۆن بۆ وەرگرتنی مافی خۆم دەست نەبزێوم ئەژدەر... هاااا!؟

ئەژدە باسکی گرت.

ـ حەمە عەلی !... گوێ بگرە بزانە من چیت پێدەڵێم. هەر ئێستێکە، ئەمن و خۆتت بە وردەماسی شوبهاند کە لە پاشاوان دا گیرساوینەتەوە، بەڵام ئەوانەی کە بە هێمنی و بە نهێنی خەریکی تێکۆشانن، وەک مەزنە ماسی و نەهەنگی شەتاو و دەریاکان ناوت بردن؛ تۆ بەرەو کوێ دەچی؛ زەلکاوەکان یا زرێ و شەتاوەکان؟! تۆ هیچ دەزانی بە شوێن چی دادەگەڕێی؟ نەکا لە گیانی خۆت وەڕەز بووبی کە یەک تەنە دەگژ پۆلیس و ژاندارم و جاش و جەیش ڕۆهاتووی. تۆ بڵێی بە دەستی بەتاڵ باشاری هێرشی بەپانەوەی دەزگای دەسەڵاتدار بکەیت؟ تۆ بیرێک لەمە بکەوە و پێم بڵێ بزانم، ئاخۆ ئەوانەی کە بە نهێنی تێدەکۆشن، ئەگەر بەچەشنی تۆ بێنە مەیدان و خەریکی لێدان و کوتان ببن، بۆ سبەی بەیانی تاق تێکۆشەرێک سەربەست و ئازاد دەمێنێتەوە کە چرایەک لە ڕێبازێک دا هەڵبکا و کرێکارێک بحەسێنێتەوە؟! تۆ پێت وانییە ئەوەدەم بەندیخانەکانی ڕژێم جێگای دەرزی هەڵاویشتنیان بمێنێ؟.. هیچ دەزانی ڕەوش و ڕەفتارەکەت دەبێتە هۆی کزکردنی شۆڕش...

حەمەعەلی بە تەواوی بیری زیندان و ڕاکردن و لێدانی بیر چوبۆوە. تەنانەت لە فکری ئەوەشدا نەمابوو کە هەر ئێستێ ڕەوەدەیەک جاش و چلکاوخۆر بە شوێن سەری دا دەگەڕێن. لە پڕ، یەک بە مەیدان بەسەر ئەژدەر دا گرماندی:

ـ ئەوە دەگەڵ کێتە ئەژدەر!... وریای قسەی دەمت بە کوڕە! چلۆن تۆ تاوانبارم دەکەیت کە رەوش و ڕەفتارم دژ بە شۆڕشە و خەریکم قاچی شۆڕش دەشکێنم!... نەکەی ئەژدەر!... نەکەی ئەم قسەیەت دووپات بکەیتەوە... دەزانی تۆ نەبای و کەسێکی تر بوایە، گەلێک خراپی دەبینی، بەڵام...

ئەژدەر قسەی لە دەمی حەمەعەلی ئەستاندەوە و بەبێ قەراخ نووشتاندەوە گوتی:

ـ بەڵێ گوتوومە و دەیڵێم و دەیڵێمەوە کە سەرجەم ئاکار و ڕەوش و ڕەفتارت کۆسپ و ئاستەنگن لە سەر ڕێبازی شۆڕش. من بۆیە خەتا و هەڵەکانت بە چاوت دادەمەوە ، کە منیش وەکی خۆت کرێکاڕیکی ڕەنجەڕۆم. منیش بێکار ماومەتەوە و چەند ڕۆژە برسی و کەساسم. من، نە حیسابڕەسەکەی کارگە و کانگەم کە بەرۆکم بگری و لە ژێر مست و پێلاقەدا نەرمم بکەیت و نە ژاندەرم و پۆلیس. نەخێر حەمەعەلی تۆ هەڵەی و ڕێگاکەت لاڕی و هەتڵەیە. سوور بزانە ئەژدەر برای بڕبڕەی پشتی "حەمەعەلی"یە و بە دڵ بۆی دەسووتێ. من دەڵێم بەس بە شان و باهۆ و ماسوولکەی مەچەک و هێزی باسک بایی بە!.. ئەو هێز و بڕستەی کە دە لەش و لاری تۆ دایە، ڕۆژی تایبەتی خۆی گەرەکە. حەمەعەلی و ئەژدەر دەبێ پێکەوە دابنیشن و کورت ترین ڕێگە و باشترین شێوەکار هەڵبژێرن. وەرە با دەمێک دانیشین و بە شوێن ڕێگا چارەیەکی زانستییانە دا هەنگاو بنێین. من و تۆ و سەرجەم خەباتکارانی ڕیبازی کرێکاری، هاودەردین و هاودەرمان. تۆ دەرمانێک بدۆزەوە و منیش...

حەمەعەلی قسەی لە دەمی ئەژدەر دا بڕی و بە نەرمی گوتی:

ـ ئەژدەر!... ئەژدەر بمبوورە... بمبوورە کە دەرهەڵبووم و ناجایزم کرد... خۆت بە چاوی خۆت دەمبینی کە سەروگوێلاک بریندارم... جەستە خەستی سووکایەتی و جوێن و بوختانانم... کۆڵەکوتراوم، برسیم، پەرێشانم... بێ ماڵ و حاڵ و بێ کەس و کارم... لە حەوت ئاسمانان هەسێرەیەک شک نابەم ئەژدەر...!

ـ برای من!... حەمەعەلی!... هیچ دەزانی داڕنینی ئەو ئاگادارییەی سەر دەرگای کارگە، خۆی لەخۆیدا هەڵەیەکی قورس و گرانە!... منیش هەر ئەم ئاگادارییەم بە سەر دەرگاوە بینی، خوێندمەوە و جێم هێشت، بۆ ئەویکە دەیانی وەکی خۆم و خۆت بە چاو بینینن و بزانن کە هێزی کرێکار ئەو پۆلە ڕەنجبەرە گەلاییەی جاری جاران نەماوە. ئێستێ تیۆریی زانستی ڕزگاریی چینی کرێکار کەوتۆتە ناو کتێب و دەفتەر و سەدان لاپەڕەی پڕشنگدار... تۆ دەبوایە بیخوینیتەوە و بۆ هاوڕێیانی خۆتی جێ بهێڵی؛ حەشاردانی ناو گیرفان، هەنگاوێک شل دەکاتەوە...

ـ نەء، وانییە ئەژدەر! ... تکایە ئەوتۆ بیر مەکەوە. من بۆ شل کردنەوەی هەنگاوی تێکۆشەران ئەم کارەم نەکردووە... من... من ئەم لاپەڕە پڕشنگدارەم هەڵگرتووە و دەگەڵ خۆم دەیبەمەوە لادێ. گوندی"قەرەقۆینلو" وێناو نموونەی چارەڕەشی و هەژاری و بەلەنگازییە... لەوێندەرێ، "حەمەجەعفەر"ی برام وەک دەرمانی چاوان بەشوێن شتی وا دا دەگەڕێ. من ئەمە بۆ حەمەجەعفەر دەبەمەوە. ئیتر من ناتوانم لێرە بژیم... دەڕۆم و دەچمەوە دێ و ماوەیەک لە ماڵی حەمەجەعفەر دەمێنمەوە، تا بزانم چیم دێتە ڕێ و چیم بەسەر دێت و کەنگێ دەتوانم بێمەوە لاتان.

حەمەعەلی دەستی خستەناو دەستی ئەژدەر. دوای ماڵاوایی کردن، لە پەسیوی خانوە قوڕینەکاندا نەدیو بوو.

بەرەبەری چێشتەنگاوێکی گەرم بوو. هەتاو لە چەقی ئاسمانی بێ هەور و هێڵ دا بە هەموو تین و بڕستەوە مەڵبەندەکەی ئاگرباران دەکرد. گەرما لە بەرێک، تۆز و خۆڵی ڕیگا و بانی مەڵبەند و بۆن و بەرامەی توندی کۆختە کرێکارییەکانیش لە لایەکی ترەوە، پشووکوژ بوون .

دوای ڕۆیشتن و ئاوابوونی حەمەعەلی، ئەژدەر تاوێک لە ژێر سێبەری دیوارێکدا دانیشت. ڕیگای مەڵبەندی "سابونچی" و دوایەش مەڵبەندی "سابوونچی" لە بەر بوو. ڕێگاکەی دوور و درێژ بوو، دەبوایە بە شەمەنەفەر سەفەر بکات.

****

# 12

ئەو ڕۆژە، "بالاخانی" سەیر شێوابوو. زێدە لە سەد کرێکار لە کار بێکار کران. پەساوی هەرە زلی خاون کار بۆ تەرەکردنی کرێکار، قەیرانێکی کوتوپڕی ئابووری بوو کە گۆیا بەسەر گشت خوداوەندانی کارگە و فابریکەکان دا هاتبوو. بەڕواڵە وێدەچوو پەساوەکەیان ڕاست بێ، چونکە ئاسەواری تەنگژەی ماڵی بە چاو دەبیندرا. نەوت بەئارتەقای جاران لە چاڵە نەوتەکانیان هەڵنەدەهێنجرا. پاپۆڕە نەوتکێشەکان لە کەنارەی دەریا دا نەدەبیندران و نرخ و بایەخی نەوتیش هەتا بخوازی دابەزیبوو.

زلە دەوڵەمەند و کەڵە ساماندارەکان و ئەوانەی کە کانگا نەوتەکانیان چەشنی باخەڵیان پڕ و پتەو بوو، هیچ دەربەست بە هەرزانفرۆشی و بە فێڕۆدانی نەوتەکانیان نەبوون. ئەوان نەوتی خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە دەهێشتەوە، کە بایبەکەی بەرز ببێتەوە و لە فرۆش و بازەرگانیی نەوت دا، پارە بەچەشنی پەڵەبارانی بەهاری، بە سەر مەزرای بەرژەوەندییەکەنیان دا بباریێت.

مەکینەی سیاسەتی ئابووریی دەوڵەمەندەکان بە سەر ئەو شاڕێگەیە دا کەوتە ڕێ، کە پووڵ و پارەی خەوتوویان تەرخانی ساز کردنی تیانی مەزنی نەوت بکەن و نەوتی تێدا پاشەکەوت بکەن. یەکەم هەنگاوی ئەم سیاسەتە، قاچی دابەزینی بایی نەوتی گۆج دەکرد و لە درێژ ماوەش دا ئاسۆی داهاتووی ورشەدارتر دەکردن. بەڵام بار و دۆخی ورتکە سامانداارانی خاوەن کانگە بچووکەکان لە ڕادەبەدەر دژوێن و شپرزە بوو؛ هەرەسێکی قورسیان بەسەر داهاتبوو. نە کڕیارێکی دەمەودەست هەبوو کە نەوتیان لێبکڕێ و نە داهاتوویەکی ڕوونیشیان شک دەبرد کە نەوتی لەبۆ پاشەکەوت بکەن. زلە خاوەندارانی وەک: "ڕۆچێڵدا"، "نۆبێل"، "مانتاشۆف"، "موسا تەقی یۆف"، "شمسی ئەسدولایۆف" و ئەوانی تر، کە کانگای دەوڵەمەند و کارگەی چالاکیان لە ژێر دەست دابوو، ئەگەرچی قەیرانی لەپڕ و ناکاو تاساندبوونی، بەڵام

ئەوان ڕێگایەکی تر و سیاسەتێکی نوێیان ڕەچاو کرد. لە یەکەم هەل دا، سیاسەتی نوێیان لە سەر کرێکار بەتاقی کردەوە. ئەوان، بە پەساوی جۆراوجۆرەوە کرێکاریان لە سەر کار دەردەکرد و جیگای کرێکاری دەرکراویشیان بە کرێکارێکی تر پڕ نەدەکردەوە. ڕۆژ نەبوو لە هەر مەڵبەندێکدا پۆلە کرێکارێک لە کار تەرە نەکرێن. ئەوان بێ ترس و تەقێ کرێکاریان دەردەکرد و جەماوەی کرێکاریش بە شڵەژاوی لەم شوێن بۆ شوێنێکی تر دەچوون و نەیاندەزانی چی بکەن و چ ڕێگەیەک بگرنە بەر. هەژاری و بێ ئەنوایی بەسەرماڵباتی کرێکار دا باری و لە هەموو شوێنێکەوە هەر هاوار و بڕۆ بوو دەهات. بەڵام ئاکامی ئەم هەرەسە ترسناکە دەراوێکی ڕوونی بۆ یەکگرتوویی کردەوە. لە سەرەتادا وەک بڵێی نیازمەندی گەرمای لەش و لاری یەکتر و خۆزیای دەردی دڵ کردن بن، پۆل پۆل لە یەک نزیک دەبوونەوە و ڕەگ و ماکی یەکگرتن بەرەو خولْقان دەچوو. کرێکار لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە و بۆ خەڵەسین لەم بار و دۆخە دزێوە، بە شوێن مەکۆیەک دا دەگەڕان کە چەخماخەی هومێدێکی تێدا بدرەوشێتەوە.

"موختاربەگ"، لە نووسینگەی کاری کارگەکەی خۆیدا دەهات و دەچوو. چەشنی ورچی زامدار دەی گرماند و هەردەم شاڵاوی بۆ لایەک دەبرد. جڵەوی کرداری لە دەست دەرچوو بوو. بەدەم هاتەران پاتەرانی شێتانەیەوە، جارێک ئەرکی تازەی بەو دەسپاردو ئەوەی تری لەسەر کار وەلادەبرد. دەمێک بەرۆکی میرزاقاسم، سەرۆک حیسابرەسی کارگەی دەگرت و دوایەش بەسەر"دانیلۆڤ"ی سەرۆک ئەندازیار دا دەی شریخاند.

"ڤەرسکی"ی بەڕێوەبەری گشتیی کانگە، چەشنی مرۆڤێکی مقەببایی لە گۆشەیەکدا ڕاوەستابوو. "موختاربەگ" هەر ببڕای ببڕا خۆی دە"ڤەرسکی" نەدەگەیاند. لەو نێوەدا، تەنێ کەسێکی کە لە پلارو پەلاماری موختاربەگ بەدوور مابۆوە و جار و بارە لە ڕووی میهرەبانییەوە ڕوویەکی تێدەکرد، "ئەسلان"ی کوڕی بوو .

"سۆرەن پێترۆڤیچ دانیلۆڤ" پیاوێکی درشت هەڵکەوتەی بەژن و باڵا بەرز بوو. لاجانگەکانی تازە سپی کردبوون. ئەگەرچی تەمەنێکی زۆری نەبوو، بەڵام بە بارستایی دوو تەمەنی خۆی ئەزموونی کۆ کردبۆوە. یەکێک لە ڕەوش و شێوەکارەکانی "سۆرەن"، ناسینی خەڵک و دیتنەوەی دەماری نەرم و نزمی کەسان بوو، واتە بە شوێن هەڵە و پەڵەی ڕەشی کەسان دادەچوو و لە ڕۆژی خۆیدا کلکی دەگرتن و کەڵکی لێ وەردەگرتن. ئەو "دانیلۆڤ"ە کۆنە ئاشنا و شارەزای هەموو خسڵەت و ڕەوشت و ڕەفتاری"موختاربەگ" بوو و دەیزانی دەماری دڵی چلۆن هەڵداوێ.

"موختاربەگ" بەدەم هاتووچوونەوە، لە بەرامبەر"دانیلۆڤ"دا چەقی و گرژ و تووڕە لێی پرسی:

ـ "سۆرەن پێترۆڤیچ" بڵێ بزانم... سەرجەم نەوتی هەڵێنجراوی ئەم سێ ڕۆژەی دواییمان چەندە بووە... پێم بڵێ بزانم!...

"دانیلۆڤ" بە گۆشەنیگایەکەوە سەیرێکی "ڤەرسکی" کرد و بە شێوەی مرۆیەکی پاکژی بێ تاوان، وڵامی دایەوە:
ـ بەڕێزم!... لە بازاڕەکانی جیهانیدا بایەخی نەوت هاوتای زێڕە، بەڵام ئەگەر ئەم زێڕ و زەمبەرە لە بیابان هەڵڕێژین، یان نەوتی بەلاش هەناردەی دەرێ بکەین، من چلۆن ڕادەی نەوتی هەڵێنجراوت بۆ حیساب بکەم؟... بەڵام ئەگەر نەوتی ڕەنێو هاتووتان بە گریمانە بۆ حیساب بکەم، دەتوانم بڵێم نزیک بە دوو هەزار"پووت" نەوت لە کێڵگەی ئێمە هەڵێنجراوە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر دەرفرتانی نەوتی چەند بیرێک کە هێستایش هەر بەردەوامە و بیخەینە سەر حیساب، ئیتر ئەوە بۆ کەس لە قەڵەم نادرێت. با ئەمەش بڵێم و نەیشارمەوە کە گوژمەیەکی زۆری دراوی نەغدینەمان بۆ سازکردنی تیانی نەوت بەخۆڕایی دە ئاو کرد، کە بەداخەوە هەتا نیوەیشیان پڕی نەوت نەکراون... بە تێکڕا...
"موختاربەگ" شەکەت و شێواو، لە چەقی ژوورەکەدا چەقی. دانیلۆڤ بە ڕاوەستانی"موختار" بێدەنگ مایەوە. "موختاربەگ" ڕوی کردە میرزاقاسم و لێی پرسی:
ـ بڵێ بزانم خەرج و باجی چاوەدێرانی کارگە چەندە... چەندەت بۆ خەرج کردوون؟
میرزا قاسم دەفتەری ژێر هەنگلی کردەوە و بەدەم و ورتە ورتی ژێر لێوانی، خەریکی پەڕ لێهەڵدان بوو، کە "موختاربەگ" دەفتەرەکەی لە دەست دەرکێشا و بە تووڕەیی حەوای دا .
ـ کورتی کەرەوە... پێویست بە پەڕ هەڵدانەوە نییە... بڵێ بزانم!...
چاوە کزەکانی میرزاقاسم پڕی ساختەکاری بوون. لە ترەسان چاوەکانی لە تررووسکە چوونەوە و بێدەنگ مایەوە. لە بێدەنگیدا بەخۆی گوت: دەفتەری حیسابگەریی کارگەی بۆچ حەوا دا؟!... خەرج و باجی گارگە لەو دەفتەرە دایە... بۆچ وای کرد!.. سەیر بنی ئادەمێکە!... وڵامی داوە:
ـ بەگی بەڕێزم!.. خەرج و باجی چاوەدێران پێنجسەت مەنات بووە... دیارە خەرجی دوو حەوتووی ڕابوردووم حیساب نەکردووە.
چیکڵدانەی"موختاربەگ" چیتری نەدەبرد. خەم و مەراق و تووڕەیی لە دەروونی دا لێکداربوون و هەتا ژێر ئەوکی هاتبوو. "موختار" لە قوماربازێک دەچوو کە هەموو سامانەکەی بە شەوێک دۆڕاندبێت و مافنگی هاتبێتەدەر. دەنگی میرزاقاسم لە بنەگوێی دا دەنگی دەدایەوە و وەک ئازارێک دەیپرۆشاند. لەو حاڵەدا چاوی بە "دانیلۆڤ" کەوت کە زەردەخەندەیەکی بە سەر لێوانەوە بوو. هەر ڕاست سنگ بە سنگی "دانیلۆڤ" ڕاوەستا. دانیلۆڤ گوتی:
ـ گەورەم! پێموایە میرزاقاسم بیری چووە، کە لە ماوەی دوو مانگی پێشین دا زێدە لە پەنجاهەزار مەناتمان بەس لە جۆرکی پۆلیس خستووە.
"موختار" پشتی کردە دانیلۆڤ و بەرەو"ئەسڵان" چوو. ڕووی کردە "ئەسڵان" و گوتی:

ـ من تێناگەم بۆچی تووشی ئەم هەڵەیە هاتم!... بەم بارو دۆخە نالەبارەی کە تێکەوتووم و هەتا ملان تووشی زیان هاتووم، دەمی زەماوەند نەبوو "ئەسڵان"!... ئاخر ئەمە حاڵە؟!.. دەکرا مانگێک، دوو.. سێی تر...

" ئەسڵان" بۆ دڵدانەوەی باوکی گوتی:

ـ تاوانی تۆ نەبووە باوکە گیان!.. تۆ چ بزانی ئەم قەیرانە لە ڕێ دایە... بەڵام ئیتر کار لە کار ترازاوە و میوان بانگهێشت کراون... لەوانەیە هەر ئێستا خەڵکێکی زۆریش...

" موختاربەگ" بە ئەوپەڕی بێ هیوایی گوتی:

ـ بەڵی وایە "ئەسڵان"... دەبێ دەست هەڵگرین و بەرەو ماڵ بچینەوە... بەڵام خوا بکا سبەی بەسەر هەواری خاڵیدا نەگەڕێینەوە... ترسم هەیە دار و نەدارمان بە با بچێت و بکەوینە سەر هەواری خاڵی... بەڵام "ئەسڵان" سەبرت بێ ... "جەببار" لە ماڵەوەیە و ئەو دەتوانێ میوانان بەخێرهاتن بکات...

ڤەرسکی!...

"بەگ" بەرەو "ڤەرسکی" وەرسووڕایەوە و هەر ڕاست ڕووبەڕووی ڕاوەستا و بە غەزریوی گوتی:

ـ "ڤەرسکی" ڕاستم پێ بێژە بزانم... پێم بڵی بە چ کەسێکت فرۆشتووم و کلکت لە کلکی کێ هاڵاندووە؟

" ڤەرسکی" چەند هەنگاوێک بەرەو پاش کشایەوە و کوڕەگوێ ڕاوەستا و گوتی:

ـ "بەگی بەڕێزم"! من لە قسەی تۆ تێنەگەیشتم... مەبەست...

"موختاربەگ" پڕ بە ژوورەکە نەڕاندی:

ـ زۆرباش تێدەگەی گەماڵ باوک!... ڕاستم پێ بێژە ، ئەگینا بە یەک شەو... بەڵی بە یەک شەو، شاری باکۆ لە خۆت و لە تۆرەمەت پاک دەکەمەوە .

"ڤەرسکی" سەیر شڵەژا. بەڵام بۆ ئەویکە بەلای حیساب ڕەس و ئەندازیاری کارگە سەرشۆڕ نەمێنێت، بە هەوادەنگێکی بوێرانەوە وەرامی دایەوە:

ـ "موختاربەگ"!.. من چ قسەیەک شک نابەم کە بۆ گوتن ببێت... بەڵام خۆت باش دەزانی کە ئەم بار و دۆخەی کە ئێستا تێی کەوتووی، خۆت تاوانباری نەک کەسی تر...

"موختاربەگ" هەتا بنی گوێچکە سوور هەڵگەڕا. بەشریخەیەکی هۆڤانەوە، هاواری کرد:

ـ وست بە گەوجی نەفامی ساختەچی!

"ڤەرسکی" هەر بە چەشنی ئەو، هاواری کرد:

ـ بەسکە"بەگ"!... ئەو کاتە دەتوانی بە ساختەچیم بزانی، کە کردەوەیەکی ساختەکارانەت لێ دیتبم ... ئێوە... ئێوە...

زمانی "ڤەرسکی" بە بینینی دەمانچەی دەسک سپیی دەستی "ئەسڵان" کەوتە غەڵدە و ڕەنگی ڕوخساری زەرد هەڵگەڕا.

"موختاربەگ" دوو دەستی لە پشتەوە تێک بەزاندبوو. چەند جاران لە سەر پەنجەی پێ بەرز بۆوە و دابەزی. ڕووی کردەوە لای"ڤەرسکی" و چەشنی فەرمەندەرێکی نیزامی پێی گوت:

ـ دەسا با بزانم لە گەڵ کێ بوویتە هاودەست و منت بەچی سەودا کردووە...

"ڤەرسکی" بەچاوێک "موختاربەگ" و بە نیگایەک دەمانچەی ناو پەنجەی "ئەسلان"ی دەڕوانی. دەمی چەشنی تەڵەی تەقیو پێکدا تەپی بوو. تامێکی تاڵ لە ناو دەمی وشکی دا زمانی لە کار خستبوو. لەوانە بوو مانای دەمانچەی ناو پەنجەی"ئەسڵان" گەلێک چیرۆکی تاڵی خستبێتەوە یادی. "ڤەرسکی" لە یەکەمین سەهەڵدان دا تێک شکا، هەربۆیە بەشوێن دەروویەکی بەخێر دا دەگەڕا کە لەم قەرقەشە دەرباز ببێت. بەڵام دووپات بوونەوەی پرسیاری "موختار"، بەڕووی داخست و یەکسەر کەوتە سەر پێڵاوەکانی "بەگ" و بە کڕووزانەوەیەکی قێزەونانەوە گوتی:

ـ گەورەم! بەخودا و بە ڕەسوڵ، من بێ تاوانم. قەیرانی ئابووری هەر بەسەر ئێمە دا نەهاتووە؛ هەرەس و پەتا و بەڵایەکە و هەموو جیهانی گرتۆتەوە. ئەوانەی کە زووتر دەفریا کەوتن و تیانی پاشەکەوتی نەوتیان ساز کرد، کەمووسکەیەک باشتر لە ئێمەن. ئەوەتا "موسا تەقی یۆڤ"و "شەمسی بەدرەدین" و ئەوانی تریش، تیانی پەشەکەوتیان ساز کردووە... من هەر ئەودەم پێم ڕاگەیاندی... بڕیاری ئەم جۆرە کارانە ئەرکی ئەندازیارە و، تەیار و تەواوکردنیان لە ملی من دایە... "بەگی بەڕێزم" ... من چەندجارم پێگوتی کە...

"موختاربەگ" بەرەو پاش وەرچەرخایەوە و قاچەکانی لە ناو دەست و هەمێز "ڤەرسکی" ئەستاندەوە. "ڤەرسکی" بێدەنگەی لێکرد. دوو لەپی دەستی لە سەر تەرکی ژوورەکە دانا و کەوتە سەرچۆک. زۆر بە ئارامی هەستا سەرپێ و چەشنی وشکەڵەدار لە گۆشەیەک دا چەقی.

"موختاربەگ"، وەک کەسێکی برسی، کە سفرەی پڕ لە خواردنی دیتبێت، تامەزرۆیانە قودووی زێڕینی جگەرەی لە باخەڵ دەرهێنا و جگەرەیەکی خستە ژێرلێوانەوە. تازە جگەرە هاتبوە ژێر لێوانی، کە میرزاقاسم چەشنی فەنەر لەجێ هەڵبەزی و جگەرەی "موختار"ی داگیراند.

" موختاربەگ" بەدەم مژێکی گەرووگری جگەرەوە، گوتی:

ـ "سۆرەن پێترۆڤیچ" هەر لە ئێستێکەوە، بەڕێوەبەرایەتیی کانگەی ئێمە دەخرێتە ئەستۆی ئێوە... چاوەکانت بکەرەوە و هوشیاربە، ئەگینا ساختەچییەکی وەکی ئەمە ـ پەنجەی بۆ ڤەرسکی ڕاداشت ـ هەر بە یەک ڕۆژ، سەرپاکی هەست و نستی ئێمە لە مستی چەتە و ڕێگران دەنێت و سووچ و تاوانەکەش دەخاتە ملی ئەم و ئەوێکی ترەوە.

هاوکات دەگەڵ سووکایەتی کردنی، "بەگ" بە چەشنێک سەیری "ڤەرسکی" کرد، وەک ئەوەی بڕوانێتە سەر پۆخڵەیەیەکی پیسی سەر ڕێبازان. بە تووڕەیی گوتی:
ـ بڕۆ لەبەر چاوم گوم بە!.. بەڵام بەر لەوەیکە کلیل و کەرەسەی بەردەستت ڕادەستی "سۆرەن" بکەیت، بێتوو یەک هەنگاو ئەولاتری"باڵاخانی" بچیت، لەتکی گەورەی لەشت قاچکی گوێچکەت دەبێ.
"ڤەرسکی" لە بەرامبەر "موختاربەگ" و "ئەسڵان" دا بەژنی خۆی چەماندەوە و بە کڕنۆش بردن تێپەڕی، بەڵام هەرکە لە دەرگا وەدەر کەوت، قیت و قۆز، وەک نە بای بەسەر داهاتبێت و نە باران ، ڕێگای دەری گرتەبەر و ڕۆییشت.
"موختاربەگ" قونچکە جگەرەکەی لە پەنجەرەوە حەوادا و تەسبیحە دەنک درشتە کارەبابییەکەی لە گیرفان دەرهێنا. تەسبیح لە ناو پەنجە نەسرەوتەکانی "بەگ"ی تووڕە دا جیرە جێر و تەق و تۆقیان بوو. زۆری نەخایاند، تەسبیحەکەی هاویشتە سەر مێزەکەی و بەدەم هات و هاوارێکی، کە لە دەرەوش دەبیسرا، گوتی:
ـ هەی داخ بەجەرگم کە بە وەدەرنانی "ڤەرسکی"ش دەردی گرانم چارەی نایە!
"ئەسلان" هێدی و لەسەرخۆ گوتی:
ـ پێویستە فاتیحای ئاخری بخوێندرێت، ئەگینا لەوانەیە تووشی ئاستەنگ و تەگەرەیەکی ترمان بکات.
"موختار" بە ڕاوەشاندنی سەر، قسەی "ئەسڵان"ی سەلماند و ویستی دەم ببزێوێت، کە کەسێکیان لێ وەژوور کەوت.
میوانی نوێ بە نیشاندانی ڕێز و حورمەت، کڵاوە ڕەشە ئاوریشمینەکەی لە سەر داگرت و لە بەرامبەر "ئەسڵان"دا بەژنی چەماندەوە. دەگەڵ "ئەسڵان" بە گەرمی دەست و موشتاقی کرد. "ئەسڵان" میوانەکەی بە باوکی ناساند:
ـ باوکە گیان، ئەمە جەنابی"شەنتۆکۆڤ"ە...!
هەرکە "بەگ" ناوی "شەنتۆکۆڤ"ی بیست، دەم بەبزە، بە ڕوویەکی گەشەوە بۆلای چوو. دەگەڵ دەست دانەوە و چاک و چۆنی، گوتی:
ـ لە ئاشنایەتیت گەلێ دڵخۆشم جەناب!... ناوبانگم بیستبووی و دەزانم گەلێک لە ساماندارانی مەزنی ئەم ناوە، لەسای زانستی ئێوەی هێژا دا حەساونەتەوە. ئەوەتا "نۆبێل"، "ڕۆچێلد"، "مانتاشۆڤ" و "حاجی موساخان"ی خۆشمان، لەژێر سایەی بلیمەتی ئێوەی زانا دا بەختیان یارە... ئەوە هەر منم وەک کاسبکارێکی ساکار، لە سەر جێگای خۆم دا ماومەتەوە و ڕێگای پێشوەچوونم لێ بەستراوە. بریا و سەت خۆزگە منیش لەژێر سێبەری پیتۆڵ و پسپۆڕی خۆت ئاسایی دا دەروویەکی بەخێرم بۆ کرابایەوە. منیش لەمێژە ئارەزوومەندی دانیشتنێک بووم ، کە بەختیارانە "ئەسڵان"ی کوڕم ئەم ئاواتەی بۆ هێناومە دی.
" شەنتۆکۆڤ" چاوە زیتەکانی لە "بەگ" نەدەترووکاندن و بە وردی گوێی دابوویە قسانی. دەستێکی بە قژی نەرم و چەوری سەری داهێنا و هێدیانە وەرامی دایەوە:

ـ جەنابی"موختاربەگ"! من و براکانم ـ بە دەست ئاماژەی دەرەوەی نووسینگەکەی کردو نواندی کە براکانیشی چاوەڕوێی ئیزن و فەرمانی هاتنە ژوورن ـ گشت کات و ساتێک لە خزمەت ئێوە داین. هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خاون کار دایە. زانست و ئەزموونی ئێمە بۆ سازکردنی پردێکی پتەوی نێوان خاوەنکار و کرێکاری دەستەمۆ، جارانی جار بەتاقی کراوەتەوە و تاقیکردنەوەیەکی تری پێ ناوێ. ئێمە بە تەواو ماناوە لە خزمەت"موختاربەگ"ی بەڕێز دا دەبین .

دڵی "موختاربەگ" بە وتەکانی "شەنتۆکۆف" ئاوپرژێن کرا و خەفەتی پێشینی تێدا نەما. دەمی کردەوە و بە قاقا پێکەنینەوە، قودووی جگەرەی بۆ ڕاگرت و گوتی:

ـ ئەم پردە ڕەختەیە، بەتاقیکراوەوەی هەموو لایەکە و بۆ ئێمەیش جێگای هومێدە. من ئەوەندە لەو پردە دڵنیام، کە لە کاتی بەسەر ڕۆیشتنی دا، هیچ ترس و دڵەڕاوکەیەکم نامێنێت. بەڵام جەنابی"شەنتۆکۆف"ی ئازیزیش دەبێ ئەمە بزانێ کە ئەم پردە لە دوولاوە سەیر شڵەژاوە. دڵم بواری ئەمە نادا کە بە گێڕانەوەی گرفتەکانی خۆم، سەری مەبارەکتانی بێنمە ژان؛ هەر تەنێ بەکورتی دەڵێم کە لە ناو نەوت دا خنکاوین و بازاڕەکەی کەسادە... نەوت کڕیاری نییە و زەرەر و زیان بە چەشنی تەرزەی ناوەختی باغات بە سەرمان دادەبارێت. لە ڕووی ناچاریمان، بەشێک لە بیرە نەوتەکانمان بە چیمەنتۆ داپۆشیوە. ئەگەری ئەم مەترسییە دەمانتاسێنێ کە بیست و هەشت ساڵ بەرلەمە، بەسەر "میرزایۆف" داباری... دەترسم بە سەر ئێمەیش دا ببارێت و ڕۆژگارمان ڕەش بێتەوە...

"موختاربەگ" بۆ ئەوەی بزانێ پلەی کارتێکەریی قسەکانی لە سەر "شەنتۆکۆف" چۆنە، خەمبارانە تاوێک ڕاما و بێدەنگ مایەوە.

"شەنتۆکۆف" تێی ڕامابوو. ئەندازیارەکەی کەرگە و "ئەسلان"یش سەراپا بەگوێ بوون و بێدەنگ ڕاوەستا بوون. میرزاقاسم وەک بڵێی شارەزای گەلێک کەین و بەینان بێ، زەردەی پێکەنین بە سەرلێوانیەوە، جارو بار ملی بۆ دەلەقاند.

بێدەنگی و سەرنجدانی گوێگران، "موختار"یان کێشایەوە ناو قسە و دیسان دەستی پێکردەوە:

ـ ساڵی 1869، "میرزایۆف" یەکەمین کەس بوو کە لە مەڵبەندی"باڵاخانی"دا یەکەم مەکینەی چاڵاو هەڵکەندنی وەکار خست و بە نەوت گەیشت. "باڵاخانی"ی ئەو سەردم، وەکی ئەمڕۆ نەبوو؛ ئەگەر بە قوڵینگ قوڵکەیەکت هەڵقەندبایە، نەوتی لێ هەڵدەقوڵی. "میرزایۆف"، لە هەموو لایەکەوە کەوتە بەر بارانی زێڕوەشانی نەوت و پێی هەستا.

ساڵی 1873، یەکێک لە بیرە نەوتەکانی میرزایۆف بە چەشنێک بە لووزەو نەوتی دەرفرتاند، کە سی هەزار تۆن نەوت لە شەو و ڕۆژێک دا... بە بەرمیل پێوانی لە هەژمار نایە... هەڵقوڵی و قیامەتی بەرپاکرد. هەرچی تیان و عەمبار و گۆل و گۆم

بوو نەوتی تێکرا... 250 هەزار تۆن نەوت!... نەوت لە چاڵ و تیانەکانی دا نەگونجا و بەرەو شەقام و دەشت و چۆلگەکانیش لێشاوی بەست. مەودا ڕێگای "بالاخانی" و "سابونچی" نەوتی تێدا ڕاوەستا. هیچ ماڵێک نەبوو، ستڵ و مەسینە و قاپ و مەنجەڵان پڕی نەوت نەکا. بایەخی نەوتی "میرزایۆف" بەڕادەیەک دابەزی، کە هەر بەرمیلەی تەنیا سێ چارکە "کۆپێک"ی بۆ گەڕاندەوە. قازانج سەری مایەی خوارد و "میرزایۆف" لە داخ و حەسرەتان کەوتە سەرجێ و پێی مرد.

"موختاربەگ" لە بەر دەرد و مەراقی خۆی و سەربردەی تاڵی "میرزایۆف"، دڵی دارماڵی پەژارە ببوو. قۆڵی "شەنتۆکۆف"ی گرت و بۆ دانیشتن، کورسییەکی بۆ دانا و خۆیشی لە لاشانی ئەو دانیشت.

ـ بەڕێزم!.. ئێمەیش بەرەبەرە لەو ڕۆژە ڕەشە نزیک دەبینەوە... ئێمە لەم بەرەی پردەکە ماوینەتەوە و لەو بەریش دا کەس بە هاوارمانەوە نایە. هەر دەڵێی دڵیان بە هەژاری و دەسبەتاڵیی ئێمەمانان دەکرێتەوە... هەروەک ئێمە قەت خاوەنکار و کارخانەدار نەبووبێن و، کرێکاری ڕووتەڵەش وەک هەرگیز کرێکار نەبووبێ، ئێمە بە توور و گێزەریش دانانێن... ئەمە حاڵ و گوزەرانی ئێمەیە جەنابی"شەنتۆکۆف"!... کارگەکەکانم لەکار بکەون، ئیتر کرێکارم بۆچییە؟! وردە حیسابێکیان بەلامەوە ماوەوە، لە مستیان دەنێم و مالاواییان لێدەکەم و کەسمان لە کەس دەبێ. بەلام ترسی ئەمەش هەیە کە بەمەش ڕازی نەبن و بڵێین "موختاربەگ" دەبێ تۆ خۆت هەلاوەسی و خۆت بکووژی!

"موختاربەگ" بەقاقا پێکەنی. "ئەسلان"و "دانیلۆف"یش بەگوێرەی ئەرکی خۆیان پێکەنین. "شەنتۆکۆف"یش ڕێزدارانە پێکەنی و وەرامی داوە:

ـ جەنابی"موختاربەگ"! دڵی من بواری دارژانی دڵۆپێک خوێنی لووتی ئێوە نادات. ئێمە کرێکارەکان کۆ دەکەینەوە و ئامۆژگاریی پێویستیان بەگوێ دا دەخوێنین. ئێمە بە شوێن ئەهوەنی و ئارامیدا دەگەڕێین و هەرجێیەک کێشەی تێدا بێت، ئێمە هێوری دەکەینەوە. بەلام ئێمەش تکایەکمان لەخزمەت "بەگ"ی بەڕێز دا هەیە .

"موختاربەگ" چاوێکی لە "ئەسلان" کرد و گوتی:

ـ حەوجێ بە تکا ناکا جەنابی"شەنتۆکۆف"! ئێوە هەر ئەمر و فەرمانێکتان هەبێ، بە "ئەسلان"ی ڕابگەیەنن ئەو لە سەر چاوانی دادەنێ... ئەمەشم بیرچوو، کە باسی بکەم ... چەند ڕۆژ پێش ئێستا، لە "پێتروسبۆرگ"بووم کە ملوانکەیەکی نایابم دەست کەوت و وەک دیارییەکی بچکۆلانە ڕەوانەی خزمەت یای"کەتەرینا"م کرد؛ ئەگەرچی شایانی خزمەتی خانمی خێزانت نەبوو، بەلام هەر ویستم بزانم ئاخۆ بە دڵیان بووە یان خێر!

"شەنتۆکۆف" چاوەڕوانی ئەم پەردە هەڵدانەوەی"موختاربەگی"ی نەدەکرد؛ بە ئامازەی سەر ولامی دایەوە و گوتی:

ـ سەبارەت بەمە لە شوێنی خۆیدا سپاسی خۆم و خانمم ڕادەگەیەنم، بەڵام لێرە و لەم دەمەدا، من وەک نوێنەری کرێکاران و جەنابی"بەگ"یش وەک خاوەنکار، خەریکی ڕەرواندنەوەی گرێیەکی ئاڵۆزین و سەبارەت بەم کیشەیەش ئەز دەخوازم لە زمانی کرێکارانەوە تکایەکی بچووکتان لێبکەم.

"بەگ" چەشنی ئەسپی تۆڕی سرک و سڵ، بە وتەی ئەمجارەی "شەنتۆکۆڤ" گوێ قوت ڕاوەستا و گوتی :

ـ بەڵێ فەرموون... فەرموون من باش تێنەگەیشتم.

"شەنتۆکۆڤ"ی فێڵباز، گەلێک هێدیانە وەرامی داوە:

ـ تکامان ئەمەیە کە چەند ڕۆژێک... بەس چەند ڕۆژێک لە دەرکردن و هارووژاندنی کرێکار دەست ڕاگرن. پێموایە ئەمە کارێکی گران نییە و بۆتان دەکرێ. هەر مانگرتنێکی تێکڕایی بە قازانجی خاونکار نییە. تکای ترمان لە "بەگ" ئەمەیە، کە سەبارەت بە جێ خەوی کرێکار و یارمەتی ماڵی و کرینی سابوون و پێشۆری کرێکار و ...

"موختاربەگ" لەپڕ دەرهەڵبوو. قسەی لە دەم "شەنتۆکۆڤ" ئەستاندەوە و بە گازەندەیەکی نیوە تووڕە گوتی:

ـ ئیتر ئەمە برایەتی نییە جەنابی"شەنتۆکۆڤ"... نەخێر ئەمە نەبوو... جا کوا ئەمە ڕەوای هەقە، ئا لەم جەنگە نابەسامانەدا شان بۆ کرێکار دانەوێنم و ئەو بە سەر شانم دا هەڵچێت و لە بانی سەرم دا بێستان ساز بکات؟!... جێ خەوی بۆ دابین بکەم و پارەی حەمام و خاوێن کردنەوەی پێ بدەم... هێلکەم کڕی دوو مەنات.. بۆیەم لێدا دوو مەنات.. دانەم فرۆشت چوار مەنات!

"شەنتۆکۆڤ" زۆر بە هێمنی دەستی دا کڵاوەکەی و هەستا پێ؛ دوای تێڕامانێکی "ئەسلان" ڕووی دەمی دە "بەگ" کرد و وتی:

ـ ئەوەندەی کە بۆ دەستەبەرکردنی مافی کرێکار چەناگەی خۆم شل دەکەم، بەهرە و قازانجێک وەرناگرم؛ ئەمە لە خسڵەت و گەوهەری ئێمە دایە و ناتوانین ئەوها نەبین. خۆمان بۆ ئاواتی بەرزمان دەتوێنینەوە و منەت لە سەر کەس دانانێین. ئێوەی بەڕێزیش باوکی دۆستی ئازیزی خۆمی و قەت ناخوازم دڵت لە من بڕەنجێت. ئەمەش بزانە کە بەڕیوەبەرایەتیی "نۆبێل" و "مانتاشۆڤ" چەشنی"موختاربەگ" تامی دەم و زاریان تاڵ نەکردم.

"موختاربەگ" لە سەر جێگا هەستا و بۆی چوو؛ بەجۆرێ بۆی چوو، کە چی نەمابوو ورگی لە ورگی"شەنتۆکۆڤ" بدات ، لێی پرسی:

ـ ئێستێ کە دەگەڵ "ئەسلان"ی کوڕم ئەوەندە دەستەبرای و لانی ئێمە بەرنادەی، دەکرێ پێمی بڵێی "نۆبێل" و "مانتاشۆڤ" لە ئاستی ویستی کرێکار، چ وڵامیکیان پێ داویتەوە ؟

"شەنتۆکۆڤ" کەمیکی لێ کشایەوە و بە دەم زەردەخەندەیەک وڵامی داوە:

ـ ئەگەر ئەوان نانێکیش نەخەنە سەر سفرەی کرێکار، هیچ نەبێ بەڵێنێکی بێ کردەوەیان هەیە بۆ هێورکردنەوەی کرێکار.
"موختاربەگ" لە وەرامدانەوەی "شەنتۆکۆڤ"، بە قاقا پێکەنی و لە حاڵێکدا دوو لەپی دەستی ڕێکدەخستن، گوتی:
ـ دەک مردووت نەمرێ ... منیش دێمە سەر دینی ئەوان و ئەو بەڵێنە بە کرێکار دەدەم. دەڵێن: کابرایەک بە مەلانەسرەدین دەڵێ : "سێ مەناتم بە قەرز بدەیە و سێ مانگ مۆڵەت بۆ دانەوەی. مەلا دەڵێ: بۆ مۆڵەت چەندەی حەز دەکەی خۆت سەرپشک بە، بەڵام باسی دراو مەکە!... "
ـ تۆیش لە لایەن منەوە سەردار و موختاری و هەرچێ سۆز و بەڵێن و پەیمانە، پێشکەشیان بکە و تەواو!
بەتێکڕا پێکەنین. "شەنتۆکۆڤ" بەبێ ئەوە هیچ شتێک بڵێ، هێدی و ئارام وەدەرکەوت.
هەرکە "شەنتۆکۆڤ" ڕۆیی، "موختار" ڕووی کردە "ئەسلان" و وتی:
ـ مانای بەچی "ئەسلان"!... بۆچ ئەوتۆ بێدەنگ ڕۆیشت و جێی هێشتین؟!... ماڵاواییشی نەکرد ڕۆیی... بۆیە دەڵێن ئەم چەند برایە چەشنی مارن و بە بێدەنگی پێوە دەدەن!
"ئەسلان" وەگ هیچ گرێیەک لەم پەیوەندییەدا شک نەبات، وەڵامی داوە:
ـ لە دڵی دەراوێژە باوکە گیان!... من لەمێژە ددانی ژەهری ئەم مارەم کێشاوە. جۆرک و گیرفانی بە پارەی من قورسە و بۆ هیچ لایەکی تر ناچێ. ئەمەش بڵێم کە ئەو کابرایە یەکجار زۆر ئاگا لەخۆیە و قەت ناهێڵێ پەتەی بکەوێتە سەر ئاو. ئەگەر لەم چواردیوارەدا خەریکی قسەکردنە، ئاگایەکی لە دەور و بەری ئێرەیە  و دەرووەی ئێرەش لەبیر ناکات. ئاخر خۆت دەزانی ئەمە دەمڕاستی کرێکارە و قەت ناخوازێ هیچ کەسێک پەیوەندی و دەستەبرایەتی ئەو و خاوەنکار بزانێ. ئەمەی لێ ئاشکرا ببێت، لە ناو کرێکار دا دەرووخێت.
ئەم زانیاریانەی"ئەسلان"، "موختاربەگ"ی زیندوو کردەوە. قسەی دەمی کوڕیژگە بۆ باوەک، چەشنی بەردی هاسانە بۆ تیژکردنی تیغی کول. دوای چەندجار هاتن و چوونی ناو ژوور، ڕووی کردە "دانیلۆڤ" و گوتی:
ـ "سۆرەن"! ڕۆژێکت مۆڵەتە ، خۆت بگەیەنیتە بارەگای بەڕیوەبەرایەتیی"نۆبێل" یان "ڕۆچێلد"؛ کامیانت بەلاوە باشە؛ قسەیان دەگەڵ بکە و بە هەر نرخ و بایەخێکی کە ئەوان پێشنیاریان کرد، تۆ نوێنەری ئێمەی بۆ فرۆشتنی نەوت. دەمەوێ بەری زیان و تێداچوونم بگرم و نەهێڵم ئەوەندە زەبوون بمێنمەوە... تۆزێک ڕاوەستا و درێژی پێدا:
ـ شەو میوانی ئێمەی. شەوی زەماوەندی کچەکەمە... ئەگەر پێت خۆش بێ و بۆت کرا، دەتوانی بەڕیوەبەری کانگەکانی"نۆبێل" یان "مانتاشۆڤ"یش دەگەڵ خۆت دا

بێنی. لەوێندەرێ دەتوانی قسەیان دەگەڵ بکەی و هەر لەوێ پێک بێن. ـ ڕووی کردە میرزاقاسم ـ تۆیش هەوەها.. تۆیش وەرە.

"دانیلۆڤ" بەژنی چەماندەوە و بە کەرنۆش ڕابرد. "موختابەگ" بە "ئەسڵان"ی گوت :

ـ گالسکەکە ئامادەکە با بڕۆین.

****

# 13

ئەژدەر، بەرەبەری تاوپەڕانان گەیشتەوە "باڵاخانی". هەناسەی دەبەر دا نەمابوو. شەکەتی و بێهێزی لە پێی خستبوو. چۆلگەی وشک و قاقڕی نێوان "سابونچی" و "باڵاخانی"، جگە لە زیخ و چەوی سوورەوەبووی بەر هەتاوی گەرم، چیتری نەبوو کە ڕێبواری ماندوو ئیستێکیان تێدا بگرێت و تاوێکیان تێدابحەسێتەوە. بەناچاری، بۆ حەسانەوەیەکی کاتی، لەسەر قوچکی تەپۆڵکەیەک دانیشت و بەسەر دەشتایی ژێرووی دا ڕوانی. لەوێوە، خۆر بەچەشنی ساجێکی سوورەوە بوو، ئاخر باوباوێنی دەگەڵ زەوی دەکرد. هەتاو، هەندە جارێک دەکەوتە پشتی بورجێکی نەوتی و دەم دەمێکیش لە پشتی ئەوی تریانەوە خۆی نیشان دەدا. بورجە نەوتەکان لە پشتی پەردەی تۆز و تەم دا چەشنی مێشەڵانێکی قەوغا دەهاتنە بەرچاو. ئەولاتری بورجە نەوتەکان، چیای"بۆغ بۆغە"، کە بەردەوام گەرماوکی قوڕینی لە داوێن هەڵدەقوڵی، دەبیندرا. لەبەری باکووری ڕۆژهەڵاتەوە ئاوایی "زابڕێت" و لە بەشی باشووری خۆرهەڵات، گوندی "ڕامانا" چەشنی دوو دوورگەی قەتیسماوی باوەشی لمزار، ئێوارەیان تێپەڕ دەکرد. لەوپەڕی باکووری"باڵاخانی"، قۆپێی"بویوک شور"و لەلایەکی ترەوە سوێرە گۆلاوی "قوشان هور" دیار بوون.

دوای حەسانەوەیەکی کورت، ئەژدەر بە گردەکە دا هەڵکشا و ڕێگای یەکەمین کۆڵانی تەنگەبەری ئاواییەکەی گرتە بەر. هەڵم و هاڵاوێکی کە لە درێژەی ڕۆژ دا دە ماڵان گەڕابوو، ئێستێ بەرز تێهەڵدەچۆوە و بۆرە فێنکاییەکیان تێدا هەست پێدەکرا. لە هەندە حەوشەو حەسارێکیشەوە، بورجی نەوتی سەریان بەرز کردبۆوە.

سەر و سەردەمانێک و، ئەو دەمەی کەوا ڕەگەی نەوت لە چینەکانی نزیک دا

دەدۆزرانەوە، هەر خاوەن ماڵێک بە پێی توانای خۆی بیرێکی لێدەدا و بۆ هەڵێنجانی نەوت، ترومپا و بورجی لەسەر ساز دەکرد.

بورجەکان تەماشای قوڵایی بیرە نەوتەکەیان دەکرد، واتە هەرچی چاڵاوی نەوتەکە قوڵتر بوایە، بۆ هەڵێنجانی نەوت، بورجی بەرزتریان دەخستە سەر. بورج و ترومپای هەڵێنجانی نەوتی حەوشەکان، گەلێک بەرز نەبوون.

ئەو دەمەی کە ئەژدەر تازە لە کارگەی نەوت وەرگیرابوو، کرێکارێک پێی گوتبوو: "چاڵاوی نەوت چەندە قووڵ بێ، کڵاوەی بان سەری و ترومپاکەشی ئەوندە بەرز ساز دەکرێت ."

کۆڵانەکە چۆڵ و بێ هاموشۆکەر بوو. چۆڵ بوونی کۆڵان بەو مانایە نەبوو کە ژمارەی نیشتەجێیانی کەم بێ. ئەم مەڵبەندەش وەکی هەموو مەڵبەندەکانی کرێکاری، حەشیەمەتێکی زۆری تێدا دەژیا. بەڵام هۆی بەدیارەوە نەبوونی حەشیمەی ئەمە بوو کە جێگەی ژیانی کرێکاران هەر تەنێ بەیانان و ئێواران حەشیمەتی پێوە دەبیندرا. کرێکار، بەیانان لە ماڵ دەچێتە دەر و ئێواران بە کاتێکی درەنگ وەرختی دەگەڕێتەوە. لەو مەڵبەندانەی کە کرێکار تێیدا دەژی، بەیانان ژن بەرەو شوێنێک و پیاو بەرەو لایەک لە ماڵ دەردەکەون و دەڕۆن. دوو شەریکی ژیانی ئەم هۆدە تێک تەپیوانە، لە درێژەی ڕۆژ دا جەستە خەستی کار و کوێرەوەرین و ئێوارانەش بە شەکەتی بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە. دوو شەریکی ژیانی ناو ئەم کۆختە بۆگەنانە، هیچ توانایەک لە جەستەدا شک نابەن کە ڕەنجی ڕۆژگار و ستەمی ستەمکاران بۆ یەکتر بگێڕنەوە. هەر سەری ئێوارێ، هێشتا هەتاو دانەکەوتووە، وەنەوز چاوی ماندوویان بەرەو خەوێکی قورس دەبات. کۆڵان ئەگەر بە درێژایی ڕۆژ ، چۆڵ و بێ هامووشۆکەرە، هۆیەکەی ئەمەیە.

لە ساڵ دا بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کرێکار نیشتەجێی مەڵبەندێک بمێنێتەوە؛ لەم کارگەیە دەردەکرێ و ناچار بە بارکردن دەبێ و دەپەڕێتە مەڵبەندێکی تر و دیسان سەر لەنوێ ماڵ ڕادەخاتەوە . کرێکار، بێقەرارترینی نیشتەجێیانی ئەم گاز و گوزەرانەن. ئەژدەر بە دەم ڕێگاوە بیری لەم گەڕۆکی و بێقەرارییە دەکردەوە.

لە ماڵێکەوە دەنگ دەهات. دەنگێک بە سەر دەنگێکی تر دا دەهاتەوە و ئەوی تر بۆی دەپاڕایەوە. دەنگی کوڕی ماڵ بوو کە زمانی سکاڵای کردبۆوە و دەنگی باوک بوو کوڕەکەی دەلاواندەوە.

ئەژدەر ئیستێکی گرت و گوێی ڕاداشت:

ـ ... ئاخر بۆچ پێم ناڵێن من چیم و کێم؟... منیش وەکی کوڕی بەختەوەران دەست و پل و پێ و چاو و گوێ و دەم و زارم هەیە. من لەوان بەکارتر و ماندووترم. ئەوان بۆیان هەیە لە هەموو خۆشی و حەسانەوەیەک بچێژن و منیش هەرچی خۆشییە لێی بێ بەریم. بە سۆغرەم دەگرن و بە دار و بەردم دا دەدەن... نیوەی ماف و مزەی

دەسترەنجم لێ دەخۆن... وەدەرم دەنێن و بە سەگیشم نازانن... ماندووم... شەکەتم ... شێواوە حاڵم... ئەی هاورار من کێم و بۆچی هاتوومەتە سەر ئەم دنیایە!...

ـ ڕۆڵەم ... کوڕم !... سەبرت بێ. چاوت بە دەرگای خوداوە بێ... خودا کەریمە!

ـ باوکە دەست هەڵگرە!.. کوا نان پێژی سەرگەی کۆڵان بە قسەی خۆڕایی نان بە من دەدا؟... خودا بۆ ئەو کەسانە کەریمە ، کە نانی من دەبڕن!...

ئەژدەر گەیشتە نزیک نووسینگەکەی "موختاربەگ". لە دوورەوە حەشیمەتێکی زۆری بینی. هەنگاوی خێرای هەڵێنایەوە و بەرەو یەکەمین پۆلی ئاپۆڕاکە چوو. هەر پۆلە کرێکارەی لە شوێنێک کۆببوونەوە و لە ناو خۆیان دا زمانی سکاڵایان کردبۆوە. باسی ماف، باسی نان، باسی هەرەسی وەدەرنان و بێکاری و، لە هەژاری و پەرێشانی دەدوان.

هێشتا چارگە سەعاتێک لە هاتنی ئەژدەر تێنەپەڕی بوو، کە لە بەرەوەی حەشیمەتەکەوە هاوار هەستا:

ـ سەیر کەن... سەیرکەن"ڤەرسکی" هات.

پۆلی کرێکارەکان بەم دەنگە، بێدەنگ مانەوە. کرێکارێک لەبەرەوەی حەشیمەتەکە گرماندی :

ـ جەنابی ڤەرسکی لە دەست ئێوە دڵمان خوێنە... گەیشتووینە حاندی گیاندانان. ئیتر چیدی بەرگەی ئەم نەهامەتی و پەرێشانییە ناگرین...

ڤەرسکی لە پلیکانەکانی بەر نووسینگەی"موختاربەگ"ەوە هاتە خورا و تێکەڵی کرێکاران بوو. لە بەرەوەی یەکەمین پۆلی کرێکارەکاندا ڕاوەستا. تاوێک بێدەنگ مایەوە و ئەوسا دەستی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرز گرماندی:

ـ بەڵی هاوڕێیان ئێوە بەرهەقن.. ئێوە ڕاست دەبێژن... دەبا پێتان بڵێم و لێتان نەشارمەوە، کە هەر نەک ئێوەی کرێکار، بگرە من خۆیشم بەرگەی ئەم بار و دۆخە نامووبارەکە ناگرم. من لە داخی ئەم گشتە ستەمکارییەی کە ئەمانە دەیکەن، هەر ئێستا... بەڵی هەر ئێستاکە خۆم دەرهاویشتووە و دەستم لە هەموو پەیوەندییەکانی ئەم دەزگایە کێشاوەتەوە... من دەگەڵ نیم و دەگەڵی نابم... لە جێگای من دا جەنابی "دانیلۆڤ" داندراوە... من سەبارەت بەمە گەلێک بەداخەوەم.

کرێکارێک بە زمانی ئازەری گوتی:

ـ لە چاڵ هاتینەدەرێ و کەوتینە چاڵاو!

ڤەرسکی شارەزای زمانی ئازەری نەبوو. پێی وابوو کرێکارەکان بە دەنگی ئەوەوە خرۆشیون و بە گشتی هەواخوای ئەون، هەربۆیە بە شادمانییەوە دەستی بەرز کردەوە و بە ئامارژەی دەست، بارەگای "موختاربەگ"ی نیشانە گرت و نەڕاندی:

ـ مافرەوا و بەرهەق ئێوەن. دەنگی بەرزتان بەرزتر بکەنەوە، با لە پشتی پەنجەرە و دیوارەوە دەنگی هەقخوازانەتان ببیسن. دڵنیابن دەنگی بەرزی ئێوە پشتی ئەوان دەلەرزێنێ.

لە كاتی دەست بەرزكردنەوە و پەنجەنیشان كردنی كۆشكی"موختاربەگ"دا، ئەنگوستیلەی نەقیم ئەلماسی دەستی ڤەرسكی تروسكەی هات .
ڤەرسكی بە نێو ئاپۆرای كرێكار دا هات و بەرزەدەماغانە تێپەڕی. ئەو دەمەی كە ڤەرسكی خەریكی تێپەڕبوون بوو، كرێكارێک بە تەوسەوە پلارێكی ڕێهاڵاند و گوتی:
ـ ئەرێ فلانی تۆ نەتگوت ئاخۆ خۆتت كێشاوەتەوە یان هەڵیان پەساردووی؟
ئەوی تریان گوتی:
ـ من ئەندەرروونی ئەم دەفتەرخانەیە باش دەناسم و دەزانم لە وێندەرێ هەر مرۆڤە و سەری مرۆڤ دەخوا ... دانیلۆڤ ژۆڵەچەرم لە پشتی كرێكار دادەماڵێ. دانیلۆڤ سەری "ڤەرسكی"یشی خوارد ... داخوا كێ سەری دانیلۆڤ دەخوا؟!
ڤەرسكی دەهات لە نێو ئاخر پۆلی كرێكار بچتەدەر، كە كرێكارێكی بوخچە لەژێر باخەڵ، دەنگی لێ هەڵێنا:
ـ هاوڕێیان!... ڤەرسكی لادبرێت و دانیلۆڤ جێی ئەو دەگرێتەوە، دەردی ئێمە بەمە دەرمان ناكرێ... ئێوەی سەیرێكی من بكەن و من ببینن!. من دەركراوی دەستی هەر ئەم "ڤەرسكی"یەم و دڵنیاشم كە "دانیلۆڤ" خەلاتی گوڵم لە سینگ نادا. دەزانم ئەو لەمە بێ ڕەزاترە... لە كۆشكی"موختاربەگ"دا، هەر ئێستێ دەگیانی یەكتر بەربوون و چەشنی گورگی برسی خەریكی كەوڵ كردنی یەكترن. گێڕمەو كێشەی ئەمانە بۆ دۆزینەوەی دەرمانی دەردی ئێمە نییە... كێشەیان لە دووی ئەمە دەگەڕێ، كە كێهەیان و كامەیان بێ بەزەییانەتر و زانایانەتر ژۆڵەچەم لە پشتمان دەكاتەوە.
هەڤالان!... ئەوا دەبێتە حەوت ساڵی تەواو، كە من لە كانگەكانی"بالاخانی"دا خەریكی گیاندانم. سێ ڕۆژ لەمەوبەر، لەماوەی چاوترووكانێكدا فەرمانی دەركردنیان لە مستم نا و دەریان كردم. ئەو برە پارەیەی كە حیسابرەسی كارگە لە مستی نام، بەرگەی دوو ڕۆژەی بژیوی ژیانی نەگرتین. منداڵم ڕووت و برسین. دوو ڕۆژە لە "ساڵدات بازاڕی" دا خەریكم حاجەتی ماڵ بفرۆشم و ئیمرۆ فرۆشتم... دوو ڕۆژی تەمەنم لە "ساڵدات بازاڕی" تێپەڕ كرد و زانیم ئەوەی لەو بازاڕە دایە، فرۆشەرە نەک كڕیار. ئێوە بڕوانن و ئەم بوخچەی ژێر باڵی من ببینن!.. دوای دوو ڕۆژ هاتن و چوون و ڕاوەستان، توانیم حاجەتی ماڵ بفرۆشم و ئەم كەموسكە پێداویستییە بكرم... بەنیازم منداڵمی پێ پۆشتە بكەم .
هەڤالان! ئێمەی كرێكار لە بەرچاوی خاوەنكارەوە، لەم دار تەلەگڕافەی كە لە نێوەڕاستی ئەم حەوشەیە چەقاوە، كەم باییترین. بۆ هەڵقەندن و دەركێشان و فرێدانی ئەم دارە، هیچ نەبێ چەند پاچ و پێمەرە بەدەستێكی بە توانای پێویستە، بەلام بۆ ڕەگەز هەڵقەندنی ئێمەی كرێكار، تەنیا ئامازەیەكی بەسە. هێزای ئامازەیە كە، كلیلی ناندێنی ئەم گشتە كرێكارە، دە دەست و مستی "موختاربەگ"ەكان دایە. هەر دەڵێی ئەوان سەرپەڕی "سۆنە"ن و بەهیچ ئاوێک تەڕ نابن. هەرئەم "موختاربەگ"ئەفەندییەی كە ئێستا خاوەنی كارگە و كانگەیە، سەر و سەردمێک

کوتاڵفرۆشێکی لاپرەسەنی "ئیچەری شاری" بوو. لە "ئیچەری شاری" دا کوتاڵفرۆشێکی گەڕۆک بوو و ئەمرۆکە خوداوەندی ڕەبەقی بان تەوقی سەرمانە. هیچ چۆلگە و دەشت و بیابانێک نەماوە ئەم ڕەگەزە ڕەزاتاڵە دەستیان بەسەر دانەگرتبێ و بۆیان نەبووبێتە کان و کانگای نەوت و زێڕی ڕەشی لێ هەڵنەگرنەوە. "موختاربەگی ئیچەری شاری" و "ئەسلان" کوڕی، بە لێشاو پارە و پوڵ سەرفی مەزنایەتیی خۆیان دەکەن. پۆلیس و ژاندارم و جاش و جەیش، چاوسووریانن و دەست و پلی ئێمەیان پێ کەلەپچە دەکەن. "ئەسلان" ئەفەندی کوڕی"موختاربەگ"ە و ئەمەش کوڕی منە ـ کوڕێکی لاوازی بێ ڕەجلّی پێ پەتی نیشان دا ـ و گوتی : ـ لە دوێنی شەوەوە، ئەم بەستەزمانە تامی هیچ خواردنێکی نەچەشتووە.

جەماوەری کرێکار، لەم بەسەرهاتە تاڵە شەرم گرتبوونی و حەزیان دەکرد نەمێنن و چیتر ناچاری ئەم ژینە پەستە نەبن. ئارەزوومەنی ئەمە بوون بزانن ئەم نایەکسانییە لە کوێوە هاتووە و چلۆن دەکرێ لە چنگی ڕزگار ببن...

کرێکارەکە لە سەر گوتن بەردام مایەوە و گوتی:

ـ ئەمانەی گوتم، ژانی تایبەتی من نین... ژان و برکی ئێمەن... بەڵام گەلۆ ئەم ئازار و دەرد و مەینەتانە ، بڵێی چارە و دەرمانێکیان هەبێ؟ !

هاوارێک لە ناو ئاپۆرای کرێکاران بەرز بۆوە:

ـ بەڵی هەیەتی... ئازاری ئێمە، دەردی بێدەرمان نییە و هەتوانی هەیە !

لەپڕ سەری حەشیمەت بەرەو دەنگ وەرسووڕایەوە و دەیان جووت چاو بە ڕووی "پیۆتر"دا کرانەوە. "ئەژدەر"یش لە ناو ئاپۆڕاکە دابوو. دەنگ لە ناو جەرگەی ئاپۆڕاکە هەستا. دەنگ بوو بە شەپۆڵ، شەپۆڵ خرۆشی گرت و بوو بە تۆفان. یەکدەنگ و یەک سەدا هاواریان کرد:

ـ "پەتیا"!... "پەتیا" دەی! ... پەتیا دەنگ هەڵبڕە ... دەی!

ئەژدەر بە قوڵ و ئانیشک و سنگ و باهۆ، بەرەگەی بە نێو خەڵک دادڕی و بەرەو "پیۆتر" چوو. هەرکە "پیۆتر" چاوی بە ئەژدەر کەوت، بە ئامارژەیەکی واتادارەوە هۆی هاتن و بەشدار بوونی بە ئەژدەر گوت و پێ ڕاگەیاند کە بۆچی هاتووە.

جەماوەری هەژاوی گرگرتووی ناو گۆڕەپانەکە چاویان بە"پیۆتر"ەوە بوو. پیوتر دەستی هەڵبڕی و جەماوەر بێدەنگ بوون. پیوتر دەمی کردەوە:

ـ بەڵی دەرد و ئازاری لەمێژینەی چینی کرێکار هەتوانێکی گەلێک هەرزانی هەیە. ئەو دەرمانە لە ماڵی هەر کرێکارێک و، لە سەر سفرەی ماڵی هەر زەحمەتکێشێک دا دەست دەکەوێت. دەرمانی هەموو ئازارەکانی کرێکار دوو شتە؛ زانین و یەکگرتن.

هاوڕێیان! هەژماری ئێمەی کرێکار بە بارستایی هەموو کابگە نەوتییەکان و سەرجەم کارگە و فابریکاتەکان زۆرتر و زیاتر و پڕبایەخ ترە. توانایی کار و چالاکی بەرهەمهێنانمان بەڕادەی نیازی مرۆڤی سەر زەوییە و لە ڕاستی دا ئەوە ئێمەین کە

بژیوی ژیان بۆ ئەم جیهانە پان و بەرینە ڕەنێو دێنین. بەڵام ئێمەی کرێکار، بە هەموو زۆری و زەبەنی و  توانایی و کارچاکی خۆمانەوە، ئەوەتا لێرە، لەم گۆڕەپانە دا کۆبووینەتەوە و دەنگی هاوارمان بە گوێی هیچکەس دا ناچێت. ساماندارانن ئەگەرچی لە باری ژمارەی خۆیان و ماڵباتەکانیان، زۆر بە زەحمەت  دەگەڵ دانیشتوانی تاخێکی کرێکاری سەر بە سەر دێنەوە، بەڵام هەر یەک لەوان، دەیان و سەدان کرێکاران دەچەوسێنێتەوە. ئەوان بە هەژمار کەمن و بە دارایی و ماڵ و سامان سەریان لە ئاسمانانە و خاوەنی ڕەبەقی گیان و ماڵی ئێمەن... بەڵی دەردی هەژاری ئێمە، لە چەوسانەوە و ڕووتاندنەوەی ئەوانەوەیە. تەنیا جیاوازیی نێوان ئەوان و ئێمە ئەمەیە، کە ئەوان بۆ چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی ئێمە پێکەوەن و دەگەڵ هێزی حکومەت یەک و یەکدەستن، بەڵام ئێمەی کرێکار هەتا ئێستا یەکگرتوو نەبووین. بەڵی دەرد و ئازاری لەمێژینەی ئێمەی چینی کرێکار، ئەم پەرتەوازەیی و نایەکگرتوویيەمانە.

هاوڕێیان، بانگەوازی تەڤگەڕەکەمان یەکگرتوویی و هاوخەباتییە. دەرمانی دەردی ئێمەی کرێکار، لە ناو دەست و مستی خۆمان دایە. ئەودەمەی کە هێزی بەربەرینی کرێکار لە ژێر ئاڵای خەباتی سوور دا، بەرەو وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەکشێ، ئیتر هەر نەک دەورو دوکانی"موختاربەگ"ەکان، بگرە دەتوانێ سەربەسەری گۆی زەوی بەرەو ئاڵوگۆڕ بەرێت

هاوڕێیان!... لە گۆڕەپانی خەباتی یەکگرتووماندا، گوللەی شەست تیری دوژمنیش کاریگەری نامێنێت، چونکە بە تەنیا ڕابوون و مانگرتنی سەرتانسەری و خۆڕاگریی ئێمەیە، کە چەرخی کارگە و کانگەکان لە کار دەوەستێت. تزار و دەزگا سەرکوتکەرەکەیشی، کە بە زێر و زەمبەری خاوەن کارگە و کانگا و فابریکەکان پڕ چەک دەبن و دێنە شەڕ و کوشتنمان ، بە وەستان و کەوتنی کارگە و کانگەکان، ئەویش مایەپووچ دەمێنێتەوە و بەرگەی هەڵمەتی شێرانەمان ناگرێت.

هەڤاڵان!... کێڵگە نەوتەکان، کارگە و کانگاکان ، فابریکاتەکان زەوی زار و باغ و باغات... ئەوانە گشتیان ماڵ و مڵکی کرێکار و ڕنجبەرانن... وەرن با بەهەڵمەتی شێگیرانەی بێ ئامانمان، زەنجیر لە دەست و پەلمان داماڵین...

لە ناو ئاپۆڕای کرێکاران دا، ترسان و تاسان بەرە بەرە ڕەنگی دەپەڕی و پرسیار بە شوێن پرسیار بەرز دەبۆوە. کرێکاری پرێسکە لە باخەڵ هاواری کرد:

ـ "پەتیا" دەبڵێ... بڵی بزانین ئێمە چی بکەین و چلۆن دەربەرین!... ڕیچارەمان چییە؟

هەر لەم ئاسنایەدا، هاتنی دوو کەسی تر، تین و تەوژمێکی تری بە میتینگەکە بەخشی. لە نووسینگەی "موختاربەگ"ەوە، پیاوێکی بە سەر و سیما، کڵاوێکی ڕەشی ئاوریشمین لەسەر، بە دەمی زەردە لە سەر نیشتوو، هاتە دەر و لە نزیک ئەژدەر ڕاوەستا. لە بۆرەکرێکاریکی پرسی:

ـ كێیە قسە دەکا؟
ـ جەنابی"شەنتۆکۆڤ" ئەمە "پیۆتر چۆنیاتۆڤ"ە. حەشیمەتی سەیر تین داوە. دەست لەسەر دەست دابنێی، دەیشێوێنێ... باش بوو هاتی. هاتنەکەت بە کاتێکی بەجێ بوو... ئەوا کرێکار خەریکی پرسیارکردنن. تۆ ، لێیان هەستە سەر پێ و لەبری پیۆتر وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە.
لە بەرێکی تری گۆڕەپانەکە، لەو شوێنەی کە حەشیمەتی پێوە نەبوو، تاکێک لە لاشانی بورج و ترومپایەکی نەوتی ڕاوەستابوو. شەبەقی هەتاوی درەنگ ئێوارەێ سێبەری بورجەکەی بە سەر کابرا داکێشابوو؛ لە سێبەر دا سەر و ڕواڵەتی دیاری نەدەدا و نەدەناسرا. ئەژدەر لە کەلێنی سەر و سەکوتی حەشیمەتەکەوە، سەیری کرد و بە یەکەمی نیگای بەژن و باڵای، کابرای ناسییەوە. ئەژدەر بۆی دەرکەوت کە ئەم کۆمبوونە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، ئەگینا چۆنیاتۆڤ و "مەلیک مەلیکیانتس" بەم کاتە درەنگە و لەم شوێنە دا چی دەکەن؟
چۆنیاتۆڤ بە مەبەستی وڵامدانەوە، ڕوی کردە حەشیمەت و گوتی:
ـ هاوڕێیەک دەپرسێ کە ڕێچارەمان چییە؟.. هاوڕێی ترمان دەپرسێت کە ماڵ و ماڵباتمان چلۆن لە چنگ برسیایەتی و نەخۆشی و هەناسەساردی بستێنینەوە.
هەڤاڵان!... تەنیا ڕێچارە و دەرمانی دەردی هەژاریمان یەکگرن و هاوخەباتی و بەربەرەکانییە... تەنیا دەستێکی کە لە توانای دایە دەرد و ئازارمان دەرمان بکات، ئەوە هەر خۆمانین... یەکگرتنمان و بەربەرەکانیمان، دەرمانی دەردمانە...
"شەنتۆکۆڤ" دەستی هەڵبڕی و بە دەنگ و سەدایەکی کڕ، هاواری کرد:
ـ بەڵی بەربەرەکانیمان کردو تێیدا سەرکەوتوو بووین. من بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە هێژایە، پیرۆزباییتان پێدەڵێم...
ئەوسا بە خۆڕانانێکی شانۆگەرانەوە، چەند هەنگاوێک هاتو چوو؛ ڕاوەستا، سەری بەرز کردەوە و گوتی:
ـ من دەگەڵ هەموو خاوەنکارەکانی مەڵبەندی"باڵاخانی" دانیشتووم و بە سەعات کەللەم لە کەللەیان داوە...
بە سەری پەنجە شووش و باریکەکەی ئاماژەیەکی بە نووسینگەی کاری "موختار" کرد و رایگەیاند کە گۆیا لە زۆرانبازیی ژووری"بەگ"دا، گرەوی ژیانێکی تەڕ و تازەی لە "بەگ" بردۆتەوە. گوتی:
ـ شێوەی بەربەرەکانی ئێمە، شێوەیەکی تازەیە و تێیدا سەرکەوتووین. ڕای ئێوە چییە هاوڕێیان؟
دەنگ لە بەرد هات ، بەڵام سریوە لە کەس نەهات. "شەنتۆکۆڤ" بەبێ ئەوەیکە خۆی بدۆڕێنی، گوتی:
ـ بەربەرەکانیم کرد و توانیم کێشە و گرفتی کرێکار و خاوەنکار چارەسەر بکەم... بەڵێنیم لە خاوەنکار وەرگرتووە و هەر لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، کرێکاری

دەرکراو دەگەڕێنەوە سەر ئیش و کار... سەرەڕای ئەمە، کرێی مانگانەی ماڵ و پارەی سابوون و پێشۆریشم بۆ گشت کرێکارێک دەستەبەر کردووە...
چەندێک بە دەمی داهاتنەوە و گوتیان:

ـ ئەوەی دەیبێژی چ تاقی ڕاست نییە و سەرپاکی درۆن... ئەمە هەر جاری یەکەم نییە بە گوێمان دەگات، جارانی جار بەڵێنی بێ کردەوەیان پێداوین، بەڵام زۆر زوو مایەپووچ دەرچوو... باوەڕتان پێناکەین !

"شەنتۆکۆڤ" بەنیازی وڵامدانەوە بوو، کە زەردەی هەتاو، سێبەری پەنا بورجەکەی لادا و"مەلیک مەلیکیانتس" بۆ خەڵک ناسرایەوە. حەشیمەت بە دیتنی "مەلیک" ورووژان. "پیوتر" و ئەژدەر خێرا بەرەو تەختەبەندی پەنا بورجەکە ڕۆیشتن و شان بە شانی "مەلیک" ڕاوەستان. لە دەمی هەڵکشانی "پیۆتر" دا، دەیان پەیام و سەلامی بۆ هات. هەر یەک لە کرێکارەکان بە چەشنێک تینیان دەدان. ئەم دیگوت و ئەوی تر بۆی دەگێڕایەوە:... "پەتیا دەمی ئەم گەماڵە ببەستە... ڕێی مەدە دەم ببزێوێ... زێی کەوانی لێ بکێشە با لێرە دەرچێت و بڕوا... پەلە مەکەن و گوێ ڕابگرن... جاری پێشووتان بێتەوە بیر کە بورکانی دەنگی "دەدۆشکا" چ ئاگرێکی دە ماڵی ستەمگەران بەردا؟... بەڵی بیرمانە هاوڕێ، بەڵام نازانم کەی و کەنگێ دەستی زۆردار لە ئەوکمان شل دەبێ... ڕۆژ لە نوێیە و بەڵێنی بێ کردەوەیان لێ نوێیە... نەخێر ئەمجارە کاریان تەواوە...

هەرکەس لە بەرێکەوە چەشنە بۆچوون و شێوە هەڵچوونێکی هەبوو. ئاپۆڕای بێدەنگی پێشوو وەدەنگ هاتبوو، بەڵام لە هەر دەنگەی ئاوازێک و لە هەر سەرەی سەودایەک. لەپڕ، "مەلیک" دەنگی دلێری بەرز کردەوە و هەموو دەنگەکانی بەرەو ڕێیەک ڕێبەری کرد.

ـ ئەی هاوڕێیان، نەکەن بە قسەی پووچ و سۆزی بێ مایەی ئەمە هەڵخەڵەتێن! ئەمە لە ڕەدە و ڕێزەی پیاوخاسان نییە و سەر بە نەیارانی ئێمەیە. وتە و وادە و بەڵێنەکانی دەڵب و ناوەرۆک بەتاڵن. ئەوەش وەکی ئەوانی تر جیرەخۆری ساماندارانن و چارەسازی دەردی ئێمە نین؛ دەرمانێکی کاتی و دەمەکی پێیە و زامی ئێمەی پێ سارێژ نابێ؛ وادە و بەڵێنە پووچەکانی بۆ دەخەو کردنمانە... ژانی جەستە و گیانی ڕەنجبەر بە دەرمانی دەستی ئەم چەشنە کاردارە، بۆ کورتە دەمێک ئەهوەن دەبێ، بەڵام لە درێژەی ڕۆژگار دا دەبێتە ئازارێکی مێژوویی و بەرەو پاشمان دەگلێنێتەوە...

"شەنتۆکۆڤ" بە مەبەستی جوابەجەنگی بەشوێن جێگایەکی شیاو دا گەڕا. پاشەو پاش بەرەو پلیکانەکانی بەردەرگای دەفتەری کاری"موختاربەگ" هەڵکشا و لەوێوە بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد:

ـ یارمەتی ماڵی بۆ جێ خەو و پارەی پێشۆر درۆ نییە... هەورێکی بە ڕەحمەتە و پەڵەبارانی بەختیاری بەسەر کرێکار دادڕژێنیت... دڵۆپ دڵۆپ دادەڕژێ و هۆمیدی تری بە دوا دا دێت ...

" مەلیک" بە تووڕەیی قسەی لەدەم ستاندوە و گرماندی:

ـ کامە کرێکار!... تۆ بڵێی کرێکارێک لە سەر ئیش و کار مابێت؟... تۆ باسی جێ خەو دەکەی؟! تۆ بڕۆ و جێ خەوی کرێکار ببینە و ئەودەم باسی جێ خەو بکە! ئەمە یەکەم و ئاخر جار نییە کە ئەم سۆز و پەیمانە بە گوێی ئێمە دادەخوێندرێت. کرێکاری باکۆیی لەمێژە ئێوە و بەڵێنەکانی ئێوەی بە تاقی کردۆتەوە... کارگە و کانگاکان چۆڵ ماونەتەوە. دەکرێ بڵێی ئەم پەڵە بارانی ڕەحمەتە بەسەر کێ دادەبارێ؟

"شەنتۆکۆڤ" تووڕەتر لە پێشوو وڵامی داوە:

ـ کرێکارە دەرکراوەکان دەست بەکار دەبنەوە؛ ئیتر چی ماوە؟ کرێکارەکان یارمەتی ماڵی و پارەی پێشۆر وەردەگرن... ئەدی ئەمە پەڵەبارانی بەختیاری نییە کە بە سەر کارگر دا دەڕژێت؟.. ئەی تۆ چی ترت گەرەکە؟

"مەلیک" وەک قەشمەرێکی لۆتیخانە بدوێنێ، وەرامی داوە:

ـ بەڵی هەڤاڵان دەبێ بزانن کە جەنابی "شەنتۆکۆڤ" ئەم سەروبەندە دەرگای ژووری زۆربەی خوداوەندانی سامان و سەرمایەدارانی تەقاندۆتەوە. زلە دەوڵەمەندەکانی ناچار کردووە بە سەر بەرژەوەندییەکانیان دا درۆزنانە هەنگاو بنێن و بە قازانجی چینی کرێکار لە زۆر شتان چاو بنووقێنن. سەبارەت بەم ئازایەتییەی جەنابی "شەنتۆکۆڤ" ، زمانی چینی کرێکار کورتە ...

"شەنتۆکۆڤ"، چەشنی ورچی بریندار لە جێدا ئۆقرەی نەبوو. لە سەر پەنجەی پێ هەڵدەستا و دەکەوتەوە سەر پانێی پێ. دیسان دەستی بەرزکرەوە و بەنیازی جوابە جەنگی دەمی کردەوە ، کەچی "مەلیک" ڕێی پێنەدا و گرماندی:

ـ ئێوە چینی کرێکارتان بە دەستی کەم گرتووە و پێتان وایە دەگەڵ کۆمەڵێک گەمژە و کاس و نەزان دراوسێن . نەخێر جەناب؛ چینی کرێکار بەئاگا هاتۆتەوە و ڕێ بە کەس نادا لەبری ئەو، دەگەڵ خاوەنکار قسە بکات. تۆ بە وردی لەم جەماوەرە تێبڕوانە و ببینە ، کە ئەمانەی لێرە کۆبوونەتەوە، بەشێکیان کرێکارانی کانگەکانی "مانتاشۆڤ"ن و لە کار تەرە کراون. ئەوان و گەلێک کرێکاری دوور و نزیکی ئەم شارە گەیشتوونەتە ئێرە و داوای مافی ڕەوای گشت کرێکاران دەکەن. تۆ لەکوێیی و لە چی دەدوێی و بۆ کێ تێدەکۆشی جەنابی"شەنتۆکۆڤ"؟ درۆکردن و سات و سەوداکردن، هیچ ڕەنگ و ڕوویەکی نەماوە و دەستی نەیارمان باش خوێندۆتەوە.

شەپۆڵی بزوێنی دەنگی "مەلیک"، جەماوەری ناو گۆڕەپانەکەی دەماند. کرێکارانی دەرکراوی کانگای"موختاربەگ"بەرەو پیلی کرێکارانی کانگاکانی "مانتاشۆڤ" بزووتن و تێک هاڵان. حەشیمەت لە ڕێی ئەقڵ و فامەوە ڕێبەر و ڕێزانی

خۆیان لە ناو خۆ دا بەدی کرد و بۆ لایان چوون. "مەلیک" و چۆنیاتۆڤ کەوتنە ناو خەرمانەی ئاپۆڕایەکی تووڕە و، پشتیان بە کۆمەڵەوە گەرم داهات. پیۆتر چۆنیاتۆڤ دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

ـ نا نەخێر جەنابی "شەنتۆکۆڤ"!... خواست و ویستی چینی کرێکار خوازەڵۆکی و سواڵ و سەدەقە نییە؛ مافێکی سروشتی و مێژووییە. مافرەوای ڕەسەنی کۆمەڵگا، چینی کرێکارە. ڕابوونی کرێکار بۆ بەرزکردنەوەی دەسڕەنجی مانگانە و پارەی پێشۆر و جێ خەو نییە؛ وەدەست هێنان و دەستەبەرکردنی حاکمییەتی سیاسیی کرێکارە.

"شەنتۆکۆڤ" لە ناو دوو تاتی قورس و گران دا گیرسابۆوە. لە هەلێک دەگەڕا پەیامێک بنێرێ. سەیری هەر لایەکی دەکرد، هەر هەمووی پێکەوە بوون و گشتیان دەست لە ناو دەستی یەک دابوون و، ئەو کەسەی تاک و تەنیا مابووبێتەوە، هەر خودی "شەنتۆکۆڤ"ی بێچارە بوو.

چۆنیاتۆڤ بە سەر حەشیمەت دا نواڕی و دەستی پێکردەوە:

ـ هەڤاڵان!... ئێوە مەزن و بە ئاگان و چیتر بە وادە و سۆز و بەڵێنی ئەمانە ناخەڵەتێن... هیچ وادە و بەڵێنێکی پووچ و بێ مایەی ئەمانە، دەروای خاوێنی مشووری ئێوە هەڵناخەڵەتێنێ و بە لاڕێتان دا نابات. کاپیتالیزم، هیچ پیرۆزی و باوەڕمەندییەکی نییە و تەنانەت دەگەڵ خۆشی بە درۆیە؛ زمان لووسە و بە فێڵ و فەرتەنەیە. خۆیان و بەکرێگیراوەکانیان لە ڕۆژ دا گەلێک تەڵە و داو لە سەر ڕیبازمان دا دەچنن. زمانی وادە و بەڵێنیان گەلێک شیرین و دڵگرە، بەڵام دەڵب و بەتاڵ و ماڵوێرانکەرەیە. مەشخەڵی دەستی کرێکاری ڕاپەڕیو ئەو پڵێتە کزۆڵەی جاری جاران نەماوە کە بە فووی دەمی ژەندەرم و پاراستن وپۆلیسێک بکوژێتەوە. خواست و ویستی چینی کرێکاری یەکگرتوو، لە پلاتفۆڕمێک دایە و لە ناو پەنجەی پۆلایینی خۆی دا ڕایگرتووە...

ئەژدەر هەلی بە دەرفەتی زانی و لە ناو حەشیمەت هاتە دەر و بەرەو بورجێکی بەرزی نەوتی چوو. بەپێپیلکە چەورەکانی پۆمپ و ترومپای بورجی نەوتی دا وەسەرکەوت و گەیشتە ناوبەندی بورجەکەو لەوێوە سەیرێکی گۆڕەپان و حەشیمەتەکەی کرد.

ئاخرین قاشەتیشکی هەتاو لە ئاسۆی دوورەوەدەستانەوە بەرەو ئاوا بوون دەچوو. بورجە نەوتەکان چەشنی مێشەڵانێکی قەوغا وڵاتیان تەنی بوو. نرکەی شێرانەی پیۆتر بە وڵات دا دەگەڕا و زایەڵەی دەنگی دلێری بە دەرک و داڵانەکانی هێللانەی "موختاربەگ" دا دەسووڕایەوە:

ـ ... هاوڕێیان! کرێکار و ڕەنجبەران!... خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی پتەوی پۆڵایینە، کە داهاتووی مێژووییمانی لە سەر بونیاد بنێین. سەرجەمی کارگە و کانگە و فابریکاتەکان لە سۆمایی چاو و تین و تەوژمی لەش و لاری باب و باپیرانی ئێمە مایەیان وەرگرتووە. هەرچی بورج و بیری نەوت و کارگە و کانگە و کارخانەیە

، بە هەموو ڕێگە و بان و ئاو و ئاوەدانییەکانیشیانەوە، بەرهەمی کار و دەسڕەنجی ئێمەن. خاوەنانی ڕاستەقینەی هەموو دەوڵەت و داهاتی ئەم وڵاتە، ئێمەین و دەبێ بستێندرێتەوە. بەگی یاغی و سەرمایەداری کارنەکەری تەپڵۆس، بۆیان نییە وەک کایە کلێی بەر دەستی منداڵان، کایەمان پێ بکەن. سەرکەوتن بە کرێکار دەبڕێ و ڕزگاری هی ئێمەیە... بمرێ کاپیتالیزم... بڕوخێ و خاشەبڕ بێ دیکتاتۆڕییەتی تزاری...

ئەژدەر ، لە بان بورجی نەوتەوە، دەستەوارێکی بەیاننامە بەسەر خەڵک دا هەڵاویشت. لاپەڕەی بەیاننامەکان چەشنی کۆترانی سپی، ئارام ئارام دەهاتنە خوار و دەستی کرێکارانی ڕاپەڕیو، لە هەواوە دەیۆزتنەوە. بەیاننامەکە لە ناو سەرجەم مەڵبەندەکاندا دەست بە دەست گەڕان و خوێندرانەوە .

****

# 14

هەر هەمان ڕۆژ، ڤەرا لە بەرێکی تری شاری باکۆوە لە چالاکی دابوو. بەنیاز بوو ئەگەر بکرێ و بۆی بلوێ، بەرەو مەڵبەندی"بائیل" بچێت و بەیاننامەکان لە کەنداو و ڕۆخی دەریا، لە ناو گەمیوانان و کرێکارانی پاپۆڕەکان دا بڵاو بکاتەوە. لەو ماڵبەندە دا، سەرەڕای پاپۆڕی مەزنی سەفەرکەران و گەمێی ڕاوەماسی و بەلەمی سەیران و گشتی دەریا، گەلێک کارگەو کارخانەی نەوژەن کردنەوە گەمێی تێدا ساز کرابوو. مەڵبەندێکی تەواو کرێکاری و پڕ حەشیمەت، بە تاینەت کە لە نێوان شەقامی"نابراژنایا" و بەندیخانە"بائیل" دا هەڵکەوتبوو.

ڤەرا لە مەڵبەندەکە دا شارەزایەتییەکی تەواوی هەبوو؛ تەنیا گرفتێکی کە هەیبوو، بەشی ناوەوەی کارگەکان بوو، کە قەت پێیان دا نەگەڕابوو .

کاتێک کە لە ماڵ دەرکەوت، ڕاستەوخۆ بەرەو دەریا و کەنداوی گەڕەکی "بائیل" نەچوو، بەڵکە لە ڕێگای"ئیچەری شاری"یەوە، بە لاشانی "قیزقەڵاسی"دا شەقامی "نابراژنایا"ی گرتەبەر .

لە ڕۆخی زرێ دا گەمێوانە تورکمەنەکان خەریکی دابەزاندنی گرانباران بوون و بە هۆی کاری گرانیان، هیچ دەرفەتێکیان نەبوو سەیری دەور و بەریان بکەن. گەمێ و بەلەمەکان بە تەوژمی شنە و شەپۆلان، چەشنی بێشکە ڕاژەیان دەهات. سنگی هەراوی دەریا بە ڕاخوشینی نەرمە با، وردە شەپۆڵی سەربەکەفی دەکەوتێ.

ڤەرا بە لێوارەی دەریا دا دەهاتە خوار. جل و بەرگی بەری ڕەش و نیمداشت بوو. کلکەی سەرپێچی ڕەشی، بە نەرمە شنەی قەراغ ئاوان دەشەکایەوە. زەمبیلۆکەیەکی قشپیلانەشی بە دەستەوە بوو. ئەم چەشنە زمبیلۆکانە تایبەتی کۆکردنەوەی توودڕکی

لێڕەوارییین و زۆرتر کیژە لادێیەکانە بە دەستەوەی دەگرن. بەڵام زەمبیلۆکەی دەستی قەرا پڕی نان و سەوزییە و لە ژێرەوەی نان و سەوزییەکانیشی دا، بەرهەمی گرانبایی"نینا"ی تێدا حەشار داوە.

ئیتر قەرا بە چەم و خەمی کاری سیاسی و دەور و نەخشی خۆی ڕاهاتبوو. نان و سەوزیی ناو  زەمبیلۆکەی دەستی قەرا، ڕووکەشیک بوو بە سەر دەستەواری بەیاننامەی شۆڕشگێرانە دا کێشرا بوو. بەیاننامەکانی بە شێوەیەک لە ژێر نان و سەوزی دا جێ دابۆو، کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی دا بتوانێ گورج و چالاک بڵاویان بکاتەوە. بەیاننامەکانی ژێر تەرکی نان و سەوزیی قەرا، ئامۆژیاریی و زانستی سەرەتایی بوون بۆ ڕێکخستنی یەکێتیی چینی کرێکار. ئەمە دووەمین هەنگاوی چالاکیی قەرا بوو کە ڕێبازی حیزبایەتی دا هەڵی دەگرت.

کاتێک لە ماڵ هاتە دەر، وای دانابوو، یەکڕاست بەرەو بەندیخانەی "بائیل" بچێت. بەندیخانەی"بائیل"ی بۆیە هەڵبژارد، کە ئەگەر بە هەڵکەوت تووشی پرسیاری پۆلیس هات کە بۆ کوێ دەچێ، تێ نەمێنێ و گورج بتوانێ بڵێ کەسێکمان لە بەندیخانەی بائیل دا زیندانییە و من بۆ دیدار و بردنی  نان و خوانی ئەو دەچم. بەڵام هەر کە گەیشتە ڕوخی زرێ و کەمێکی بیر لێ کردەوە، هەستی کرد پلانەکەی کەموکوڕی تێدایە. بەخۆی گوت" ئەوە هات و پۆلیس گرتمی و گوتی خزمی زیندانیت کێیەو خزمەیەتیتان چییە، جوابم چی بێت؟! بەتایبەت کە بەندیخانەکاندا هەفتەی یەک ڕۆژ تەرخانی دیداری زیندانی و کەس و کاریان کراوە. سەرەڕای ئەم هەڵەیە، تۆ بڵێی لە بەندیخانەی "بائیل"دا بەشی زیندانی سیاسی هەبێ؟ ئەمانە و گەلێک پرسیاری تری لەم جۆرە، هەنگاویان شل کردەوە.

دۆزینەوەی هەڵە لە بڕیار و بەرنامە دا، هەنگاوی شل کردەوە و ڕێگایەکی تری گرتە پێش. هاتە سەر ئەم بڕیارە، کە مەودا ڕێیەکی جادەی "بائیل" بەتاقی بکاتەوە و ئەگەر لە باری کردارییەوە بی مەترسی بوو، باشە؛ ئەگینا هەر بەو شوێنەی کە پێیداهاتبوو، بگەڕێتەوە. خۆی بۆ ئەم ئەگەرەش ئامادە کرد، کە ئەگەر تووشی پۆلیس هات و لێیان پرسی کێیە و بۆ کوێ دەچێت، بڵێ  هاتوومەتە سەیران و پیاسە و گەشتی کەنار ئاوەکان. بە پێی نەخشەی تازە، هەتا باخی فەرمانداری هات و لەوێوە بەلای چەپ دا هەڵکشا. بە لاشانی لەنگەرگەیەکی پڕی بەلەم و گەمێی تێکشکاوی ژەنگاوی دا تێپەڕی.

کۆشک و سەرسەرای فەرمانداری شاری باکۆ، لە گۆڕەپانێکی گەورەی ڕوو بە دەریا ساز کرا بوو. دەورو بەری کۆشکی فەرمانداری، دەیان هەسهەس و پاسەوان و خەفێ و چاەدێری  پێدا دەهاتن و دەچوون. کۆشکی فەرماندار لە زاراوەی باکۆ دا بە کۆشکی "خودا" نێودێر کرابوو .

قەرا بە تەنیشت ماڵی "خودا" دا تێپەڕی و بەبێ دەست وەشاندنی"فرشتە"کانی بارەگای خوداوەندی، ساخ و بێ وەی تێپەڕی. لەوێوە ئیتر خەم و ترس کەمتر بوو. بە

دڵنیایی ڕێگای "بائیل"ی گرتە بەر. "بائیل"، لە داوێنی شاخ و تەلان دا ساز کرا بوو. لێرە، لە نێوانی دەریا و تەلان دا، ڕەوتی شنە خێراتر بوو. دەنگی هاژەی با، لە درز و قەڵشی کۆنە پاپۆڕەکانی دەم دەریاوە دەنگی دەداوە. لە دوورە دەستانیشەوە فیکەی پاپۆڕەهەڵمینەیەک، با دەی هێنا.

قەرا مەودایەک بە قەراخ دەریا دا هات، لەپڕ تووشی چوار گەمێوان هات کە بەرەو ڕووی دەهاتن. ویستی ڕێگایان لێ بگوڕێت و خۆیان لێ کل بکات، بۆی نەکرا. هەر چواریان هاتن و دەورەیان گرت و، وەکی نێچیرڤانان ڕاویان لێ دابەشێوە و بەرەگەیان لێگرت. دڵ لە سنگی قەرا دا وەکی پەلەوەری بریندار باڵەتەپەی بوو. ویستی لە دەستیان ڕابکا، جێگای نەبوو. ویستی هاواری یاریکارێک بکا، کەس دیار نەبوو. چ بکا؟ لەپڕ هاتەوە خۆ و بەخۆی گوت: ئەمە یەکەم تاقیگەتە...نەکەی خۆت بدۆڕێنی! دەبێ ڕی دەرکەی و فێری دەربازبوون ببیت! بەدەم خۆ داواندن و دڵدانەوەی خۆی، لە یەکەمیان ڕاما و لە بەرامبەری دا بوێرانە ڕاوەستا. گەمێوان سەیرێکی زەمبیلی دەستی قەرای کرد و بە دەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

ـ کوڕینە خودا گەیاندی، بەڵام چ گەیاندنێک؟!... کیژۆڵێکی نەشمیلانەی زەمبیل بە دەستی پڕی نان و خوان؛ دەی گەمێوانی چاونەزێر، چیترت گەرەکە؟!...بخۆ، بخۆرەوە و کەیف بکە!

گەمێوانەکە بێ شەرمانە لە قەرا نزیک بۆوە، قەرا چەند هەنگاوێک بەرەو پاش داکشا، بەڵام لەوی تریان هەڵەنگووت و بە پڕتاو وەرسووڕایەوە و شریخاندی بە سەریاندا:

ـ لێمگەڕێن بێ شەرمی بێ شەرەفینە!

دوو گەمێوانەکان تۆزێک حەپەسان. هیچ چاوەڕوانی هەڵبەزینەوە و تووڕەبوون و جوێندانیان لێ نەدەکرد. پێیان وابوو ژنێکی دەستەمۆی فێرە باوەشە و دەکرێ تاوێک دەگەڵی ڕابوێرن .

گەمێوانی بەرامبەری، کە تاوێک پێشتر بە قاقا پێدەکەنی، بەم هەڵوێستەی قەرا خوێنی بە چاو داگەڕا و لێوی کرۆشت و بە غەزریوی بە سەری دا شریخاند:

ـ گوتت بێ شەرم و بێ شەرەف؟!

قەرا بە ئەوپەڕی تووڕەیی گوتی:

ـ پیاوی خاوەن شەرەف و کەرامەت کوا ڕێ بە کچێک دەگرێ کە نان بۆ بەندییەکی برسی و لێدراو دەبات؟

قەرا ئەمەی گوت، بەڵام لێی ڕوون نەبوو قسەکەی چەندە کاریگەر دەبێ. ترسی ئەمەی لە دڵ دابوو کە نەکا بە بێکەسی بزانن و دەستی بۆ درێژ بکەن. بەڵام کە دیتی گەمێوانەکان لە هێرش کەوتوون و تەنیا بە چاو سەیری دەکەن، کەمووسکەیەک هاتەوە جێ. گەمێوانێکی بەسەڵاچووتر، کە لەولاترەوە ڕاوستابوو، بە دەنگێکی کپ گوتی:

ـ دەست هەڵگرن!... لێی لادەن!
دوو گەمێوانی تر گوێ بە فەرمانی ئەو لێی کشانەوە. گەمێوانە بەسەڵاچووەکە گوتی:
ـ کچی خۆم، نەکا بە دڵی بگری و لێمان دڵمەند بی! لەوەتەی چاومان پشکووتووە هەر لە کار و کوێرەوەری دابووین و لە خەڵک دوور... ڕەنگی گەش و ڕووی خۆشمان کەمتر بە چاو بینیوە. لە ژن و هەمێزی ژن بەدوورین و لە ژیان زویرین. شڕ و دڕی و بێ شەرمیمان هەر لەوە دا خۆ دەبینێتەوە... بمان بوورە کچی خۆم! ئەوسا وەک بە چاو لۆمەی هاوڕییانی خۆی بکات، سەیرێکی کردن. ئەوسا ڕووی دەمی لە ڤەرا کرد و لێی پرسی:
ـ کێتانە لە بەندیخانە دا زیندانییە کچم؟
ـ خاڵۆم زیندانییە بەڕێزم!.. کرێکاری کانگاکانی"شیبایۆڤ" بوو کە بە تاوانی مانگرتن کەوتۆتە زیندانەوە... باوکیشم لە خۆپێشاندانی پار پاییز دا بە دەستی کازاخەکانی سەر بە حکومەت شەهید کرا...
گەمێوانەکە ڕووی کردە هاوڕێیانی و بە پەژارەوە گوتی:
ـ لەولاوە کەسانێک بۆ ڕزگاری زەحمەتکێشان سنگ دەدەنە بەر گوللە، ئێمەیش لە دەمی پشوودانمان بەردەبینە کۆڵان و شەقامان و بۆ سوکنایی ئارەزووی دڵمان، خۆمان نزم و نەوی دەکەین... دەچینە مەیکەدە و هەتا مەشکەی زگمان دەیبات، دەخۆینەوە.
ڕووی کردەوە ڤەرا و گوتی:
ـ کچی خۆم برۆ با ڕۆژەکەت لێ درەنگ نەبێ... بەڵام کەمێک وریای خۆت بە، چونکە گەلە گورگ لە دەور و بەرمان گەلێکن.
ڤەرا لە بەرامبەری گەمێوانەکە دا بەژنی چەماندەوە و ماڵاوایی لێکرد، بەڵام وەرچەرخایەوە و کەمێک نان و سەوزی لە سەر لاپەڕەیەک بەیاننامە دانا و گوتی:
ـ فەرموون ئەم کەمە لە من وەرگرن نەکا برسیتان بێ .
گەمێوان دەستی ڤەرای گێڕایەوە و گوتی:
ـ نەء کچم ئێمە بەرەو شار بەڕێوەین. لە شار هەمووشتێک دەست دەکەوێت. ئەمە بەشی خاڵۆتانە و بۆ ئەو پێویست ترە... هیچ نەبێ ئێمە ئازادین؛ ئازادی سەرووی گشت شتە... ئەمە پشکی خاڵۆتە کچم!
ڤەرا بە ڕجاوە لەبەری پاڕایەوە و داوای لێکرد کە نانەکەی لێوەرگرێت. نان و سەوزییەکەی لە سەر لاپەڕەکە دانا و دوو دەستی پێشکەشی کرد. گەمێوان دەستی درێژ کرد و نان و سەوزییەکەی لێوەرگرت. دوای ماڵاوایی و لێک هەڵبڕانیان، ڤەرا بیری لێکردەوە و بەخۆی گوت کە ئەمە چ کارێک بوو کردم! تۆقەیەکی بەهەڵکەوت دەگەڵ سێ نەناسراو، ئەرێ بۆ ئەمە دەبوو ئەم کارەیان دەگەڵدا بکەم؟ ترسا. باوی هەنگاوی خۆشتر کرد و تیژ تێپەڕی. گەیشتە کەڵە بەردێک و لە پشتی بەردەکە تاوێک ڕاوەستا و بە کەلێن چاوی لێکردن. ئەوان هەر لەو شوێنەی کە لێی بوون، چەقیبوون

و خەریکی خوێندنەوەی بەیاننامەکە بوون. ئەوان، وەها خەریکی خوێندنەوە بوون، کە ڕۆیشتن و دەربازبوونی ئەویان بیرکردبوو. بۆ ئاخر جار کە بە دزە نیگایک سەیری کردن، گەمێوانەکان نەمابوون و ڕۆیشتبوون. ڤەرا گەش بۆوە. نان و سەوزییەکەی ڕێک کردەوە و لە سای یەکەمین سەرکەوتندا، شایی دە دڵ دا دەگەڕا.

بە بەر پەڕژینی حەوشەی ماڵێکدا تێپەڕی. لەو دیوی حەوشەی ماڵەکەوە پاپۆڕیکی گەورە، لەنگەری ڕاوەستانی گرتبوو. دەوری سەد کرێکارێک خەریکی دابەزاندنی داری"تڕاوەرس" بوون. بەشێک لەوان دارەکانیان دادەبەزاند و بەشێکیشیان لە حەوشەکە دا هەڵیان دەچنی. کرێکارەکان بە خەستی سەرگەرمی کار بوون و سەرکارگەرێکیش کڵاوە کەوڵینەیەکی "بوخارایی" هەتا سەر لووتی داکێشابوو و بە هات و هاوارەوە کرێکارەکانی تین دەدا. هیچکامیان، نە کرێکار و نە سەرکارگەر، وازی ڕوانین و سەیرکردنی دەور و بەریان نەبوو. "ڤەرا"، بە دەست و بردێکی شارەزایانە، ئاگادارییەکی بە دەرگاکەوە چەسپاند و بۆی دەرچوو. زۆر دوور نەڕۆیشتبوو، کە لە دوو پۆلیس ڕوو بە ڕووی دەهاتن. لە سەرەتا دا کەمێک خەجڵا، بەڵام زۆر زوو خۆی گرتەوە و هەر وەک هیچ کەسی نەبینی بێت، بە بەردەمیان دا تێپەڕی. مەودایەک ڕۆیشت، گەیشتە کوێرە ڕێیەک. کوێرە ڕێگاکە ڕێک بەرەو کۆخی کرێکارانی کەنار دەریا دەچوو. لێرەوە، دەبوایە ڕێگا بگۆڕێت و بەرەو "بائیل" بچێت، بەڵام کوێرە ڕێیەکی چۆڵ بە پێچەکە و خوارەکە بوو. بۆنی ترس و هەستی مەترسی لێ دەکرا، هەربۆیە ڕێگای داوێنی شاخێکی ڕووتەنی گرتە بەر و لەوێوە بەرەو شەقامی "نیکۆلایۆڤسکی" داکشا. ڕێگاکە لێژ و ڕووتەن و تەقتەق بوو، بۆیە هەرکە گەیشتە پەنا باخی ساوای فەرمانداری، تەواوێک شەکەت ببوو. تاوێک لە ژێر سێبەری درەختەکاندا دانیشت و تۆزێک حەسایەوە. دوای شەکەتی دەرکردن، بە شەقامی "نیکۆلایۆڤسکی"دا هەڵکشا. ئەو شەقامە، گەلێک کۆڵان و وردەشەقامی دەهاتەوە سەر. ڤەرا بە هەندە کۆڵانێک دا هات، بەڵام شوێنێک کە سەرە ڕێی هاتووچۆی خەڵک بێ و هومێدی خوێندنەوەیەکی لێ بکرێت، نەهاتە بەرچاوی. ناچار، بەرەو ماڵ گەڕایەوە. هێشتا دایکی نەهاتبۆوە. زەمبیلۆکەکەی لە سووچی حەوشەدا تاقەت کرد و لە ژێر سیبەری تاکە دارەکەی ماڵدا دانیشت. ڕۆژ بەرەو ئێوارە دەچوو. گژەبا، بەرەبەرە تەوژمی توندتر و توندتر دەکرد. بای"گیلەوەر*" دەگەڵ بای"خەزەری" خەریکی جێگۆڕکێ بوون. بای"خەزەری" بیرەوەرییەکی تاڵی بە زەینی ڤەرا دا هێنا. ڕۆژی لەدەستدانی باوک و، گەڕانەوەیان لە گۆڕخانە بۆ ماڵ... ئەودەم بای خەزەری سەیر دەگەڵ هەناسەی ساردی ئەو دا جووت و هاوشێوە بوو! ئاخ و ناڵینی خۆی و دایکی و سڕەبای خەزەری، شینی دوو خەزەڵوەریان بە دەمەوە بوو؛ مەرگی ئازیزێکی هێژا و

* گیلەوەر" و "خەزەری"، دوو بای هەرێمین، کە لە باکۆ دا بەم ناوە بەناوبانگن؛ گیلەوەر نەرمە بایەکی گەرمە و خەزەری سڕەبایەکی ساردە . چەشنی شەماڵ و زریانی ناوچەی موکوریان.

داوەرینی خەزەڵوەرێکی خەمناکانەی پاییزی. بای خەزەری کۆنە برینی ڤەرای دەکردەوە و ڕۆژی ماتەمینی دەخستەوە یادی .

ڤەرا خۆی سەرکۆنە دەکرد کە بۆچی نەیتوانیوە ئەرک و ئەسپاردەیەکی کە هەڤاڵ "لادۆ" بۆی دیاری کردبوو، بە تەواوی بە ئەنجامی بگەیەنێت. بەلای خۆیەوە دەیگوت، هیچ خەم نییە و سبەی بەیانی بەرەو شوێنی مەبەست دەچم و ئەرکەکەم بەجێ دەگەیەنم. تاوێک دانیشت و لە پڕ گوتی، باشە بۆ هەر ئێستێکە نەبزووم و ئەم کارە نەکەم؟! بەڵێ لای تاوپەڕانە و هەوا بەرەو تاریکی دەچیت و لە تاریکی دا کار باشتر دەڕوا. ئەم لاپەڕە بەنرخانە دەبێ لە شوێنی کاریگەر دا بڵاو بکرێنەوە. هەرجێیەک و گشت جێگایەک شایانی بڵاوکردنەوەیانی نییە. خۆی ساغ کردەوە و یەکجێ هەستا و بۆی بزوێت.

هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچوو، بەڵام بۆ ئەوەیکە هەوا تاریکتر ببێت، کەمێک وڵاتی هەڵوەژارد و خۆی بە وردەکارانەوە خافڵاند. نانی خوراد و بە خۆیدا هات و بۆ ڕۆیشتن خۆی تێکنا. تاریکانی ئێواریێ وای لێهات گورگ و مەڕ لێک نەکرێنەوە. گژەبا، گێژەوەی دەکرد و با دەیلووراند. دەمێک شالاوێ بۆ چڵ و پۆپی دار و درەخت دەبرد و جار جاریش گێژو خولی دەدا و گەردەلوولی ساز دەکرد. گەردەلوول، خاک و خۆڵ و خەزەڵی بە بەر بێڵا و دەرک و دیوارانی دەماشت و خەڵکی ناچار بە پەناگرتن دەکرد.

ڤەرا ئاگادارییەکانی لە توێی جلکی ژنانە دا تاقەت کرد و لە زەمبیلۆکەکەی دا جێگای بۆ دابین کردن. لە ماڵ هاتەدەر. لە کۆڵانەکەیاندا جگە لە خۆی، کەس بەدەرەوە دیار نەبوو. لە کۆڵانەوە بۆ شەقام و، لە شەقامی"ئازیزتسکی"ەوە پێی نایە شەقامی"بازارنی". لە جەمسەری تێک لکانی دوو شەقامی ناوبراو دا بەیاننامەیەکی بە لاشانی پێشانگەیەکی کوتاڵفرۆشییەوە چەسپاند؛ تەوژمی با ناچاری کرد بۆ باش چەسپاندنی پەڕی بەیاننامەکە، چرێشی زیاتری بۆ دەکار بێنێ. بەڵام هێستا دوو هەنگاو دوور نەکەوتبۆوە، کە لە پێوەدانەکەی پاشگەز بۆوە. شۆێنەکەی بەدڵ نەبوو، چونکە دەیزانی کوتاڵفرۆشەکە بەری بەیانی زوو دێت و بەرلەوەی دوکان بکاتەوە، لە ترسی سەر و ماڵ، پەڕەکە دادەدڕێت و ناهێڵی کەسی ببینێ. بۆی گەڕایەوە و لێی کردەوە. بەشەقامدا هەڵکشاو گەیشتە گۆڕەپانی "قوبا". گۆڕەپانەکە و کۆڵانەکانی دەور و بەریشی چۆڵ بوون. دوکان و پێشانگەکان زووتر لە ڕۆژان تەختەکرابوون. گەردەلوول دەگەڵ دار و دیوار سەرەسوونەی بوو. هەر تەنێ ڤەرا بوو کە بە دەوری گۆڕەپانەکە دا دەگەڕا. لە دوو شوێنی بەرچاو دا دوو بەیاننامەی پێوەدا. لەوێ گوزەرا و گەیشتە سێ ڕێیانێک. لە دارتەلی تەلەگرافی خوار سێ ڕێیانەکەش دانەیەکی پێوەدا و بەرەوسەر، بۆ شەقامی "بالاخانسکی" چوو. لە جەمسەری دوو شەقامەکەدا، دوو پۆلیسی شەوگەڕ ڕاوەستابوون. ڤەرا توندی کرد و خێرا بەرەو ئەوبەری شەقامەکە ڕۆیشت. ویستی پێ هەڵێنێتەوە و خۆ لە پۆلیسەکان گوم بکات، کەچی پۆلیسەکان چاویان پێیکەوت و بۆیان لە فیکەدا. ڤەرا بە فیکەی پۆلیس ڕانەوەستا و توندە پێتر

ڕۆیشت. گەیشتە شەقامی "ڤەرۆنیسکی" و بە هەموو هێزی پێ و پلانی دەخۆی نووسا و ڕایکرد. پۆلیسەکان شوێنیان هەڵگرت و بەدوای دا چوون. دەنگی تەق و تۆقی ناڵچەی جزمەی پۆلیسەکان، چەشنی چواناڵەی ئەسپ بە گوێی ڤەرا دەگەیشت. ڤەڕا توندتری کرد و گەیشتە چوارڕێیانی دوو شەقامی"بازاڕنی"و "سپانسکی". بەردەگا و پەنجەرەی تاریکیماڵەکەیان دەیگەیاند کە دایکی هێشتا نەگەڕاوەتەوە. ڤەرا، تووشی ڕاڕایی هات و ترس دایگرت کە چی بکات. بچێتەوە ماڵ یان کۆڵان بگوڕێت؟ دڵی دەیکوتا و چەشنی باڕەکەوی ڕەتاوی چنگی پەڕکوورێک، بەشوێن حەشارگەیەک دا دەگەڕا. دەنگی تەق وتۆقی پێی پۆلیسەکان نزیک ببۆوەوە. دەبوایە خۆی ساغ بکاتەوە. دەرەتان تەنگ و دەرەتان حەستەم بوو. چاو ترووکانێک کەمتەرخەمی تووشی خەسارێکی مەزنی دەکرد. بچێتەوە ماڵ، پۆلیس بەدوای دا دێت و ماڵەکەیان دەپشکنێت. ئیتر ئەودەم هەموو شتێکی لێ وەدەردەکەوێت و زۆر کەسیش دە داو دەخات. لەم بار و دۆخە تەنگ و ئەستەمەدا بوو کە لەپڕا چاوی کەوتە سەر پەنجەرەی ماڵی ڕووبەڕوویان. چرای ژوورەکانیان دەئاییسان و دیار بوو لە ماڵەوەن. ماڵی ئامینە!... ماڵی هۆمێد و هیواکەی. ئیتر نەیکردە سێ و دوو، خۆی بە حەوشە دا کرد و دوو پێی کردە یەک و بە پلیکانەکان دا وەسەر کەوت. بە ئاسپایی لە دەرگاکەیانی دا و هەستی ڕاگرت. دەنگی هەنگاونانی بەپەلەی پۆلیسەکان لە کۆڵانەوە دەگەیشتە گوێی. دڵی لە ناو سنگی دا وەهای دەکوتا، دەتگوت ها ئێستا ها تاوێکی تر باڵی گرت و فڕێ. دیسان چەند جارێک لە دەرگاکەی دا. دەنگی ئامینە بوو:

ــ کێیە... کێی؟

ــ ئامینە منم... "ڤەرا"م ئامینە لێم بکەرەوە!

هەرکە دەنگی ڤەرا بە گوێی ئامینە گەیشت، دەنگی پێکەنینەکەی بە وڵات داگەڕا. هێستا دەرگاکای نەکردبۆوە بانگی کرد:

ــ دایە ئەوە ڤەرا هات با ئێمەیش ساز بین و بڕۆین.

دەرگا و باوەشی ئامینە پێکەوە کرانەوە. ڤەرای لە هەمێز گرت و لە دالانە نیوە تاریکەکە دا چەند خولی هەڵسوڕاند. هەر لەو دەمەش دا گوڵاراخانم بە گازەندەوە گوتی:

ــ ڤەرا گیان ئەوە لە کوێی؟.. ئێمە دەمێکە چاوەڕێی تۆ دانیشتووین.

ڤەرا بۆ حەشاردانی دڵە کوتە و ترس و خەجڵانی پێشینی، زۆر بە زەحمەت بزەیەکی خستە سەرلێوان و بێدەنگ مایەوە. ئامینە بێ ئاگا لە دۆخی دژواری ڤەرا، بە هەڕەمە دەستی گرت و دەگەڵ گوڵاراخانم بردیانە سەر سندووقی جلک و لیباسان و هەر یەک لەوان شتێکی بە بەژن و باڵای دەگرت و تێی ڕادەمان. جلکی ئازەربایجانیی گوڵاراخانم بە ئاواڵکراسی ئاوریشمین و کراس و سایەی سەوزی پڕچین، وەها لە قامەتی ڤەرا دەهاتنەوە، هەردەتگوت سوورە بووکێکی ڕازاوە و نەخشین و ڕەزاسووکە.

پشتیندەیەکی گۆیەداریان لە کەمەری هاڵاند و ملوانکەیەکی مرواریشیان لە ملی کرد. دوای ساز و تەیار کردنی، ئەمینە لە لایەک و گوڵاراخانم لە بەرێک، دەستیان گرت و پیلکێش پیلکێش بردیانە ژوورەکەی میرزاحسێن. ئامینە گوتی:

ـ باوکەگیان ئەم بووکە نەخشینە کێیە هاتووە و هەواڵی تۆ دەپرسێت؟

میرزاحسێن لە سەرەتادا پێی وانەبوو ئەمە شانۆیە و ئامینە دەیگێڕیت، بەڵام هەرکە چاویلکەکەی کردە چاو و بە وردی تێی ڕاما، هەستا سەر پێ و بە وردی سەر تا بەپێی دایە بەر چاو و گوتی:

ـ ئەی لە چاوی پیس بەدوور بی کچی خۆم!... بە ڕاستی چەپکە گوڵێکی بێ هاوتای ... باوەڕم پێ بکە نەتم ناسییەوە...

ڤەرا بە شەرمەوە سەری داخست و هێدیانە گوتی:

ـ باوەڕم پێ بکە هەر ببڕای ببڕا بیری شایی و زەماوەندم لەبیر دا نەمابوو... کە هاتمەوە، دایکم لە ماڵەوە نەبوو؛ گوتم با سەردانێکی ئامینە بکەم... ئاخر من ناسیاوی بووک و بنەماڵەکەیان نیم... ناکرێ!

میرزاحسێن بۆ دڵدانەوەی ڤەرا، دەستێکی بەسەری داهێنا. زەردەی سەر لێوی میرزا حسێن بە چاوی ڤەرا، چەشنی ئاخرین تیشکی خۆری پاییز بوو کە بەسەر خەزەڵی زەرد دا وەریبێت. مامۆستای پیر لەبەر دیدەی ڤەرا ڕواڵەتێکی ئەفسانەیی دەنواند، ڕواڵەتێک کە پڕ بوو لە ڕێز و دلۆڤانی. دەستی میرزاحسین باوکانە بە سەر ڤەرا دا کێشرا و گوتی:

ـ کچی خۆم ! چوونی زەماوەند هەلێکی بەجێیە بۆ دەرچوون و دەرباز بوون لە کەساسی و دڵتەنگی. زۆر لەمێژە... ئەودەم کە ئەو کیژەی کە ئەمشەو بە بووک دەناسرێت، کچۆڵەیەکی حەوت ـ هەشت ساڵانە بوو. ئەودەم دەچوومە ماڵیان و لە ماڵدا دەرسم پێدەگوت. کیژۆڵەیەکی لاساری ساکاری گێلۆکە بوو. زۆری حەز لە خوێندن نەبوو. زۆر بە زەحمەت توانیم ئەلف و بای سەرەتایی فێر بکەم. من لەو دەمەوە دەگەڵ بنەماڵەکەیان دووره ناسیاوێک بووم. نە ئامینە و نە گوڵارا، هیچیان بووک و بنەماڵەکەی ناناسن. ئێوە بچن و ئەودەم دەبینن کە نەزانی و گێلی و حەپەڕوتی چلۆن لە ژێر خەرمانی زێڕ و زەمبەران دا حەشار دراوە و دەدرێت. ئەمانە و گەلێک کەمایەسیی تریش، دەوڵەت و سامان دەیان شارێتەوە... ئەمە کردە و دەسکردی گەندەڵی ئەم سیستەمە چەپەڵەن.

لەپڕ ڤەرا روی کردە ئامینە و پێی گوت:

ـ ئاخر دایکم چاوەڕانم دەبێت.

میرزاحسێن لەبری ئامینە گوتی:

ـ من بە "ماریا واسیلۆڤینا" ڕادەگەیەنم... تۆ دڵنیابە کچم!

ڤەرا و میرزاحسێن سەرگەرمی قسان بوون، کە گۆڵاراخانم ساز و تەیار هاتە ژوور و بۆ ڕۆیشتن دەستی "ڤەرا"ی گرت. هەر لەم هەلە دا بوو کە ڤەرا بەیاننامەکانی

کەوتەوە بیر. بۆ حەشاردانیان، لە ژووری میرزاحسین هاتە دەر و زەمبیلۆکەکەی بردە چێشتخانە و لە پشتی پەردەی شۆرتکەخانە دا تاقەتی کرد. ئامینە و دایکی و ڤەرا چارشێو بە سەر، لە ماڵ هاتنە دەر. کۆڵان نیوەتاریک و تەواو چۆڵ بوو. لە ڕۆیشتن دا بیری ڤەرا بە دوای پۆلیسەکان دا دەگەڕا. پێی وابوو پۆلیسەکان بە ناهومێدی ڕۆیشتوون و ئاسەواریان نەماوە، کەچی هەرکە لە لێژایی کۆڵانەکەوە هاتنەخوار، دوو ڕەشایی، یەکیان لەم بەرە و ئەوی تریان لەو بەری دیواری ماڵێکدا ڕاوستابوون. بەبینینی ڕەشاییەکان، دڵە کوتە گرتی و بەبێ ئەوەیکە خۆی بزانێ، بە هەر دوو دەستان لاباڵی ئامینەی گرت و بۆ لای خۆی کێشای. گوڵاراخانم و ئامینە بەبێ ترس و دڵەکوتە، بەڵام ڤەرا بە ئەوپەڕی ترس و نیگەرانی گەیشتنە بەر دەمی پۆلیسەکان.
یەکێک لە پۆلیسەکان لێیان هاتە پێش، بەڵام بۆلای هاوکارەکەی بایداوە و گوتی:

ـ کوڕە ماڵ وێران خۆ ئەمانە مسوڵمانن !... ئەوەی لە دەستمان دەرچوو، تازە بە فەلەکیش نادۆزرێتەوە... با بڕۆین!

پۆلیسەکان ڕۆیشتن و ئامینە بە پێکەنیەوە ڕووی کردە دایکی و پێی گوت:

ـ دایە من نەمزانی ڤەرا ئەوەندە لە پۆلیس دەترسێت... باوەر بکە چەشنی منداڵ بەجۆرێک چنگی بە باسکم داکرد، کە مەڵێ...

گوڵاراخانم بێدەنگ و ڤەرا لەو بێدەنگ تر بوو. ئەوان هەر یەک نوقمی بیر و خەیاڵێک بوون. گوڵاراخانم بیری لە چارەنووسی ڤەرا دەکردەوە و بەلای خۆیەوە دەیگوت:"بەستەزمان چی بکا و چلۆن نەترسێ؟... باوکی خۆی بەو چەشنە بینیوە و دەزانێ پۆلیس بکەری مەرگی باوکی بوون. مارانگازان لە پەتی ڕەش و سپی دەترسن

ڤەرا لە کردەوەی خۆی پەژیوان و، پەرێشانی ئەمە بوو کە بۆچی نەیتوانی ددان بە جەرگ دابگرێت و خۆی نەدۆڕێنێت. ڕەوش و ڕەفتارەکەی خۆی پێ دزێو بوو. ترس لە چی؟... ئەگەر بەم چەشنە بڕوات و بەو جۆرە بێ دڵ و جەرگ بی، کوا بۆ کاری ئاستەم و بۆ ڕۆژی ڕەش بەرگە دەگریت. نەخێر ترس و خۆ دۆڕاندن و دەست و پێ لەرزین بۆ ئەم ڕێبازە دژوارە نابێ. ترس و دڵەلەرزە، نەخۆشینێکی پیس و بەدفەڕە و شیاوی تێکۆشەر و خەباتکاران نییە. یان دەبێ دەگەڵ ڕێبازی پیرۆزی باوکی ماڵاوایی یەکجارەکی بکات، یان دڵی دەریا بێت و بە سووکەڵە بایەک نەهەژێت. قسەی باوکی هاتەوە یاد کە هەمیشە و بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە:

"مرۆڤ تەنیا جارێک پێ دەنێتە سەر ئەم دنیایە و ماوەی ژیانیشی کورت و کەم دەوامە؛ کەوایە بۆچ ئەم تەمەنە کورت و تیژتێپەڕە، بە ترس و دڵەکوتە بەرینە سەر!... بوێرانە بژی و بوێرانە بمرە!

****

# 15

جاران بوایە، موختاربەگ زووتر لەم دەمە لە ماڵەوە بوو. بەڵام ئیمڕۆکەی وەکی ڕۆژانی تر نەبوو. لە نووسینگەی خۆیدا شاڵاوی بۆ هەموو لایەک برد."ڤەرسکی" ڕادا و"شەنتۆکۆڤ" لە جێ ئەو دا دانا.

ئەگەر ئەم هەرەسەی بەسەر دانەهاتبایە و بە ئارەزووی خۆی بوایە، دەبوایە زووتر لە ڕۆژانی تر بەرەو ماڵ چووبایەوە. هەرچی بێ، شایی و زەماوەندی کچی خۆیەتی و میوانی بۆ بانگهێشت کردووە و بۆ بەخێرهێنانیان دەبوایە دەست بە سینەی گەورە گەورەکان ڕاوستابایە. بەڵام هەڵچوونی کرێکار و یەکگرتنی تێکڕاییان، هەنگاوی چوونەوەی ماڵی پێ سارد کردەوە و زەنجیرەی هەموو کارێکی لێ پساند. تووڕەیی و تێکچوونەکەی ئەو کاتە گەیشتە حاندی تەقینەوەی، کە لە حەوشەوە، دەنگی"شەنتۆکۆڤ"ی بە گوێ گەیشت کە ڕوو بە کرێکارانی ڕاپەڕیو، دەیگوت: "... سەرەڕای گەڕاندنەوەی کرێکاری دەرکراو، پارەی پێشۆر و یارمەتی ماڵیشیان بۆ دەستەبەر دەکرێت"

زەردەیەکی تاڵ کەوتە سەر دەم و لێوی. سەر و سیماکەی لە دەمی پێکەنین دا ئاڵوگۆڕێکی ناشیرینی دەگرت. چین و چروکی دوو لا لغاوەی دەمی و دەور و بەری چاوی و تەوێڵی، وەک زەوی شۆرەکات، شەقار شەقار دەبوون. موختاربەگ، چەندە لە گفت و بەڵێنی"شەنتۆکۆڤ" بۆ ئەهوەن کردنەوەی کرێکار بێزرا، هەزار ئەوەندە لە دەنگی دروشمدانی کرێکار، دین و ئایینی خزی و هیچی پێ نەما. موختاربەگ ڕوی دەمی لە "ئەسڵان" کرد و گوتی:

ـ کاری ئەو ژنەی شەنتکۆڤ، سەربەسەری هەڵەن و بە زیانی ئێمە تەواو دەبن... ئەسڵان زوو زوو تخونی مەبە... لێبگەڕێ با ئەو سوێی بۆت بچێ...

ئەسڵان سوور هەڵگەڕا و بە شەرمەوە سەری شۆر کردەوە و بێدەنگ ما.

دەنگێکی بەهێز لە دەرەوە بەرز بۆوە. دەنگەکە هەر هێندە بەهێز بوو، کە موختاربەگ و ئەسڵان ـ ی لە سەر جێگا وشک کرد. دەنگ یەک بە گۆڕەپانەکە دەیگوڕاند و دەیگوت:" هەڤاڵانی کرێکار نەکەن بە قسەی ئەمە هەڵخەڵەتێن."
سەروسیمای موختاربەگ بە بیستنی ئەم دەنگە تێکچڕژا و قەراری لێ هەڵگیرا. ئەسڵان هەستی کرد کە چوونەدەری باوکی لەم دەمە دا، کارێکی ژیرانە نییە، هەربۆیە فەرمانی باوکی لەمەڕ ئامادەکردنی گالسکە بۆ ڕۆیشتنەوەی ماڵ، بە جایز نەزانی و بێدەنگەی لێکرد.
موختاربەگ خەفەتبارانە پرسی:
ـ کێیە قسە دەکا ئەسڵان؟.. من ئەوە یەکەمجارە ئەم دەنگە دەبیسم.
"ئەسڵان" بە پڕتاو دەستی بۆ باخەڵ برد و لە پەنجەرەوە بە سەر حەشیمەتەکە دا ڕوانی. دەست بۆ باخەڵ بردن بۆ ئەسڵان، وەک تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی لێهاتبوو. لە هەر گرفت و تێگیرسانێکدا، دەست بردن بۆ باخەڵ و دەمانچە دەرکێشانی لێ ببوە عادەت. موختاربەگ، لە حاڵێکدا گوێی بەرەو دەر ڕاگرتبوو، لە میرزاقاسم و دانیلۆڤ ڕامابوو. لێوی دەلەرزی و چاوەکانی لە ژێر پیلووی چاو دا، زەق زەق دەرپەڕیبوون. دەتگوت کەسێکی سەرمابردوویە و لە بەر سایقەی چلووی زستان دا ڕاگیراوە؛ هەڵدەلەرزی و هەڵدەچۆقا.
نرکە و خرۆشی دەنگی چۆنیاتۆڤ و مەلیکیانتس چەشنی گڕکانی چالاک، ئاورینگی لێ دەبۆوە. لەش و گیانی موختاربەگ بە بڵێسەی ئەو گڕکانە وەک چزیلکی سەر کڵی ئاگر، بەرەو توانەوە دەچوو.
بەگ سەرلەنوێ ڕووی دەمی لە ئەسڵان کرد و گوتی:
ـ گوتم قسەکەری ئەم پۆلە سەربزێوە کێیە؟... وەرە لە پشتی شووشەی پەنجەرەوە بڕوانە... وەرە!
ئەسڵان لە سووچێکی پەنجەرەوە سەیرێکی حەشیمەتەکەی کرد و گوتی:
ـ دوو کەس لە ناوەوەی حەشیمەت ڕاوەستاون و دەوریان گیراوە، یەکیان گەنجە و ئەوی تریان پیاوێکی ڕیشدارە. من هیچیان ناناسم... ئەها باوکە ئەوا حەشیمەت ورووژان... ئەوەتا... ئەوە کەسێک لە بان بورجی سەر تروومپای نەوتەوە بەیاننامەی بە سەر خەڵکدا حەوا دا... ئیتر ئەمە سامناکترین دیمەنە دەی بینم... باوکە لێمگەڕێ با بە تاقە فیشەکێک بڵاوەیان پێ بکەم...
ئەسڵان دیسان دەستی بۆ باخەڵ برد و دەمانچەی دەرهێنا، بەڵام موختاربەگ بە تووڕەیی جومگەی گرت و گرماندی بە سەریدا:
ـ چدەکەی ئەسڵان؟!... ئەم گشتەم لێ مەهاروژێنە... یەک یەک و دانە بە دانە بە خزمەتیان دەگەم و پێیان دەڕێژم. میرزاقاسم وەستای لێزانی ئەم جۆرە کارانەیە و ئەو دەبێ شوێن پێی ئەم دوو کەسەم بۆ هەڵبگرێ... وەرە میرزاقاسم لێرەوە بڕوانە... بەڵام با پێت بڵێم، سێبەرەکەیان لێیان جیا ببێتەوە، تۆ نابێ لێیان جیا ببیتەوە. بۆ

کوێ دەچن، دەگەڵ کێ دەبن.. شوێن پێیان هەڵدەگری و شەو دێیتەوە ماڵی ئێمە و ڕاپۆڕەتەکە بە جەنابی"پاروشین" ڕادەگەیەنییت. جەنابی "پاروشین" شەو لە بەزم و شەوئاهەنگە دەگەڵمانە... گوێت لێ بوو؟!

میرزاقاسم بە فەرمانی بەگ لە دەفتەری کارەکەیان وەدەر کەوت. ئەسڵان هەر وا چاو بەدەر، نەرمە هاوارێکی لێ هەستاو گوتی:

ـ ئەوا بڵاوەیان کرد... دەڕۆن!

هەرکە موختاربەگ لە ڕۆیشتن و بڵاوەکردنیان دڵنیابوو، بە سەری پەنجەی پێ لە پەنجەرەی ژووری کاری خۆی نزیک بۆوە و بە دزەنیگایەک، بڵاوەکردنیانی بینی. زەردەیەکی هاتە سەر لێوان. بە ڕۆیشتن و بڵاوەکردنیان بزەی بزووت و گوتی:

ـ وادیارە بەرەو کانگاکانی "مانتاشۆڤ" دەچن؛ لێبگەڕی با بچن. "مانتاشۆڤ" نەهەنگە و لە چاوترووکانێک دا قرخەبڕیان دەکات و قووتیان دەدا. بەڵام تۆ لەمە بڕوانە!... لەم "شەنتۆکۆڤ"ە قزەیە بڕوانە... سنگ شێری پشت ماکەر!... ڕۆژێک سمێڵانی چەور نەکەین، گوێچکەکانی دادەچۆڕێن و هیچی لە دەست هەڵناوەرێت...

بەگ لە حاڵێکدا دەستەکانی لە پشت کەمەری تێک بەزاندبوون، چەند جاران لە درێژایی ژوورەکە دا هات و چوو، سەرەنجام گوتی:

ـ ئیتر با بڕۆین، شەومان لێداهات. میرزاقاسم پێکراوە و دەتوانێ موو لە ماست دەربکێشێت و هەرچی هەیە بۆمان بێنێتەوە

دوای ئەوەی کە موختاربەگ وشەی:"بابڕۆین"ی بەدەم داهات، ئیتر لە درێژەی ڕێگای "باڵاخانی" هەتا " سابوونچی" تەنانەت بۆ یەک وشەش، دەمی هەڵنەپچڕی.

کۆشک و تەلاری تازەسازکراوی "موختاربەگ" لە سەر لێوارەی دەریا چاکرابوو. ئەو دەمەی کە ئەو کوشک و سەرسەرایە ساز کرا، هەر خاوەن سامانێک ئەوەندەی لە توانای دا بووی، خانووی هەرزانی پێ ساز دەکرد و بە گران دەیفرۆشتەوە. تەنیا ساماندارێکی کە پارەی دە قوڕ نەکرد و بۆ لای خانووسازکردن دانەکشا، هەر ئەم "موختاربەگ"ە بوو. موختاربەگ لە ڕێزە ساماندارانی سەردەمی خۆی دا، کەسێکی نەو کیسەی تازەپێداکەوتوو بوو. چەند ساڵ پێشتری سازکردنی ئەم کۆشک و سەرسەرایە، موختار، لە شەقامی"بازاڕنی"، دوکانۆچکەیەکی کووتاڵ فرۆشتنی هەبوو. داهاتەکەی بەشی بەڕێوەچوونێکی هاکەزایی دەکرد و پەسماندە و پارەی پاشەکەوتی کەم هەبوو. بەڵام لە درێژی تەمەنی کوتاڵفرۆشی دا، قەت بە هەویای ئەوە نەبوو لەو دوکانۆکەیە دا پیر ببێت. لە سەر دوکان و لە دەمی کوتاڵفرۆشتنیش دا، چۆلەکەی بیر و خەیاڵی بەردەوام لە دەور چاڵە نەوت و بازەرگانیی نەوت دا باڵە فڕەی بوو. زۆر شەوان خەونی بە چاڵەنەوتانەوە دەبینی و لە ڕۆژ دا زەین و بیری داڵدەی نەوت فرۆشی دەدا. سەرەنجام ڕۆژێک لە ڕۆژان بازی بەختەوەری هات و لە سەربانی ماڵیان هەڵنیشت. پێی ڕاگەیشت کە بەشێک لە بەیارەکانی مەڵبەندی "باڵاخانی" هاتۆتە سەر فرۆشتن. هەر بڵێی یەک و دوو، موختاربەگ، دوکان و کوتاڵ

و ماڵی فرۆشت و دەگەڵ برە پارەیەکی کە لە "جەبباربەگ"ی ژن برای بە قەرز وەرگرتبوو، خۆی بە بەیارەکانی مەڵبەندی "بالاخانی" داکرد و نەوتی لێ وەدەرخست.

"موختاربەگ" بە ئاواتی لەمێژینەی گەیشت و لە ماوەی چوارسالان دا، لە سەر سەکۆی پێنجەمین سامانداری شاری باکۆ دانیشت. نەوت پلە و پایەی کۆمەلایەتیی "موختار"ی کۆتاڵفرۆشی گەیاندە "موختاربەگ" و حەساندییەوە. پارەی زۆر و پلەی بەرز، بە چەشنێک بای تێکرد، کە خۆی لێ گۆڕا و پێی وابوو بە"بەگ"ی لە دایک زاوە و بەگزادەیە.

موختاربەگ لەودەمەوە کە دەستی بە نەوت ڕاگەیشتبوو، بە چەند سات و سەودایەکی دیکەشەوە خەریک بوو. دەیزانی کامە زەوی نەرمانە و بۆ ئەوە دەبێ دەسمایەی بۆ وەگەڕ بخات. چاڵە نەوتییەکانی زۆرتر کرد. کانگەی نەوتەکانی لە نەوت دەڵەمەند و بیرە نەوتەکانی پڕ کارتر و پڕ کڕیارتر کرد.

ئەگەر ئەم قەیران و نەهامەتییە جیهانییە ڕێگر نەبوانایە، موختاربەگ دەگەیشتە ڕێزەی بەرزترین سامانداران‌ی باکۆیی، بەلام ماوەیەکە تەگەرە بە دوای ئاستەنگ لە سەر ڕێگای سەوز دەبێت .لە لایەک دابەزینی بایی نەوت و لە بەرێکی ترەوە سەربزێوی و ئاژاوەی کرێکاران، حجمانیان لێ زەوت کردووە و خەویان لە چاوی تاراندووە. کرێکار، ئیتر ئەو کرێکارە بێدەنگ و بێدەسەلاتەی جاری جاران نەماوە. دەستێکی نادیار دنەیان دەدات و دژ بە خاوەنکار هەڵیان دەخڕێنێت. ئەو کرێکارەی کە بە بینینی موختاربەگ چۆکی دەلەرزین، ئێستاکە موختاربەگ لەبەریان دەلەرزێت.

تاریکایی لە ولات نیشتبوو کە گەیشتنەوە بەر دەرگای ماڵ. لە درێژەی ڕێگادا بەردەوام بە سەر گالسکەوان دا نەقاندبووی کە توندتر بڕوا، بەلام بە هەموو چوارەی ئەسپ و هەیهای گالسکەوان، فریای ئەوە نەکەوتن کە بە کاتی بەجێ بگاتەوە ماڵ و میوانەکان بەخێرهاتن بکەت.

بە چی دیارە "تەقی یۆف" و "ژەنەرال فەرماندار" هاتبن و لە نەبوونی ئەودا غەوریشیان لە دڵ نەنیشتبێت. فایتوونەکە هێشتا بە تەواوی لە بەر دەرگا نەوێستا بوو، کە موختاربەگ بە پڕتاو دابەزی و "ئەسلان"ی کوڕیشی بە دوای ئەودا. موختاربەگ ڕووی کردە ئەسلان و گوتی:

ـ دەست و بردت بێ جلکەکانت بگۆڕە و وەرە لە سەر پلیکانەکان بوێستە. دەستەکانت بە نیشانەی ڕێزلێنان بە سنگتەوە بگرە و بە کڕنۆش گەورەمیوانان بەخێر بێنە...

هەرکە دەرگایان کردەوە، لە پیرەپیاوی دەرکەوانی پرسی:

ـ کەربەلایی پێم بڵێ بزانم کێ هاتووە!

کەربەلایی بەژنی خۆی چەماندەوە و گوتی:

ـ "بەگ"م لە گەورە گەورەکان کەس نەهاتوون، ئەوانەی هاتوون گشتیان وردیلە و سەروپێچکەکانن.

ـ سەروپێچکە و گچکەم گەرەک نینە!

ئەوسا هێدی و ئارام لە پلیکانەکان وەسەر کەوت و بە بەردەمی میوانەکاندا تێپەڕ بوو؛ نە سەیرێکی کردن، نە وەرامی سڵاوی کەسی دایەوە و نە کڕنۆشی کەسیشی بە هەند گرت. یەکسەر بۆ ژووری تایبەتی خۆی چوو.

کۆشکی موختاربەگ بە شێوەی میعماریی ڕۆژهەڵاتی سازکرابوو. هۆدەکانی بە دەیان سڵسڵە و پڵپڵەی ڕەنگاوڕەنگ ڕازێنرابوونەوە. کەنارە و سەرتاقی پەنجەرە و گۆشەی دیواری هۆدەکان، کەچکاری و گوڵکاری کرابوون. تەنانەت چوارچێوەی پەنجەرەکانیش گوڵیان لێ هەلکەندرابوو. سەر سنگی دیواری دیوەخانەکەی، چیرۆکی نیچێرگەیەکی لە سەر گەچکاری کرابوو. لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا سۆپەیەکی شانزی لێ دانرابوو، کە چوار قەبرغەی سۆپەکە، بە ئایاتی قورئان نەخشێندرابوون. بەگ لەم ژوور بۆ ژووری تر چوو. بەڵام هەرکە پێی نایە ژووری نێومالێ، پیاوێکی ڕیش چەرموو لەبەر پێی هەستا، موختار بەگ سەرسووڕماوانە ڕووی تێکرد و گوتی:

ـ جەببار!... جەببار تۆ بۆچی لە ژوور دانیشتووی؟ مەگەر قەرار نەبوو میوانان بەخێر بێنیت؟!

"جەبباربەگ" زۆر بە بێ وازی وەرامی دایەوە:

ـ موختار!... تۆ لە چ حاڵ بە فاڵی!... خەریکی بە میوانەکانت دڵگەرمم بکەیت؟ میوان و میوانداری خەم لە دڵی من دەرناکات. بار و دۆخی گوندەکانم باش نین و بریندار و کۆڵەواری دێهاتم... من بۆیە هاتوومەتە شار و هانام بۆ تۆ هێناوە، کە تۆ دەردم دەرمان بکەیت.. بێ پارە و دراو ماومەتەوە و کیسەم بەتاڵە... ئاخر براگیان کوا دڵی من بە میوان و زەماوەند دەکرێتەوە.. خۆم لێرم و دڵم لە دێهاتە...

"موختاربەگ" بە دڵی پڕەوە وەرامی داوە:

ـ کەس ئاگای لە دەردی کەس نییە و هەر کەسەی لە دەردی خۆی دەناڵێنێ. ئەوە منم دەبێ بە تۆ بڵێم، کە من لە چ حاڵم و تۆ لە چ فاڵی!

موختار سووچێکی پەردەی پەنجەرەی لادا و سەیرێکی جەماعەتی میوانانی کرد. کەسی وای تێدا نەبینی کە بۆ بەخێرهێنان بشێ؛ پەردەکەی داداوە. ئەوسا دەرگای ژوورەکەی کردەوە و قاوی کرد:

ـ ئۆهۆی منداڵ! بە سەکینەخان بێژن هەتا ئێرە بێ!

موختار ڕوی دە "جەبباربەگ" کرد و گوتی:

ـ خۆ تۆ لەمن باشتر دەزانی کە دەست و باڵی منیش بەستراوە و دەستم بە هیچ جێیەک ڕاناگا. لە لایەکەوە بایی نەوت بە ڕادەیەک دابەزیوە، کە هیچمان ناکەوێتە دەست.. و قەرز و قۆڵەم بە چەشنێک بەرز بوونەتەوە، وەک شەوەی شەیتان

ڕێکیان گوشیوم، نووزەم لێ نایە. من لە تۆ کۆڵەکوتراوترم جەببار! بەڵام لێبگەڕی با زەماوەندی کچەکەم کۆتایی بێ، ئەودەم بزانم چلۆن دەبێ.
" جەبباربەگ" قسەکانی "موختار"ی نەسەلماند. دەستێکی بەو سمێڵانەی داهێنا کە بە دووکەڵی جغارە زەرد هەڵگەڕابوون و گوتی:
ـ موختار تۆزێک بیر بکەوە و ئەو سەردەمەت بێتەوە بیر کە لە شەقامی"بازاڕنی"دا دوکانۆچکەیەکی کوتاڵفرۆشیت هەبوو. کێ دەستی گرتی و شانی خستە ژێربارت. کێ پارەی بە لێشاوی خستە بەر دەستت و لە دوکانۆکە و گەز و کوتاڵ پێوانی هێنایە دەر و پاشناوی "بەگ"ی بەدوا داخستی؟... جا ئەوە ئێستا من کەوتووم و چاوی هیوام دە تۆ بڕیوە و تۆ دەبێ هەڵم هەستێنیتەوە... قەرز و قۆڵەم کەوتۆتە سەرشان و نیمە بیدەمەوە. کات و مۆڵەتی قەرزەکانم بە سەر بچێت، دێهاتەکەم لێ دەستێنن. دوو ساڵی وشکەساڵی بەدوای یەکدا، خەلە و خەرمانی پێ نەهێشتم. ئیتر خوداش لێم ببوورێت، سەلەم خۆری شارەیی لێم نابوورن؛ بێتوو بارم ڕاستە نەکەیتەوە موختار، تەنیا پاشناوی"بەگ"م بۆ دەمێنێتەوە و دەسبەتاڵ و مافنگی دەمێنمەوە.
ـ "جەببار" تۆ بۆچی لە ڕەعییەتەکانت بەرهەم ناستێنێ؟... لەوان بستێنە و قەرز و قۆڵەی پێ سووک بکە!
ـ بۆ خۆت بەخێر بێیتەوە "موختار"! .. ئەوە لە کوێ دەڕۆی بەرخم!... پشتی گوندی ژۆڵە چەرمی پێوە نەماوە من لەبەرم دانەماڵیبێت. هەرچی ڕەنێویان هێناوە و هەرچەندەی دروویانەتەوە، من قەپم پێداگرتووە و لە چنگم دەرهێناون. ئەوانە بەش و باشارم ناکەن موختار! خەتای خۆم بوو کە لەم هەلە ناموبارەکەدا گوژمە پارەیەکی زۆرم لە سەلەمخۆری شار وەرگرت و چەند پەڵە زەویم پێ کڕین؛ هێشتا زەویم دانەچاند بوو، کە مۆڵەتی قەرزەکان تەواو بوون و هەر ئەم هەفتەیە دەبێ سمێڵی سەلەمخۆران چەور بکەم... موختار من ناتوانم هەتا کۆتایی زەماوەندەکەتان دەست ڕابگرم، پیاوی چاک بە، هەر ئێستاکە هێندێکم بدەرێ با سبەی دەردێکم دەرمان بکەم ئەگینا...
"جەبباربەگ"قسەی لە دەم دابوو، کە دەرگای هۆدەکە کرایەوە و ژنەکەی"موختار" بە مرخێش وەژوور کەوت. "سەکینەخانم"ی ژنی موختاربەگ، دەتگوت فوو دراوە. بە بەرد و بە تەرازوو، پێنج ـ شەش پوت بەز و چەوری بە بەر و خوار بەژنییەوە هەڵوەسرا بوو. لە ڕۆیشتن دا دەتگوت تانکەشکاوە و هەر لارە لاری بوو. خینەخین و هازە و هووزەی سنگی لە دەمی ڕۆیشتن و قسەکردندا، دەتگوت تار و سەنتوورە .
"موختاربەگ" کە لە گلە و گازەندەی"جەببار" ڕزگاری هاتبوو، دوای پشوو تازە کردنەوەیەک، لە خێزانی پرسی:
ـ سەکینە کارەکانتان چلۆن دەچتە پێش؟ کێ هاتووە، کێ نەهاتووە؟
سەکینەخانم چاوی لە سەر براکەی"جەببار" هەڵنەدەگرت. گوتی:

ـ "سۆنا" خانمی "میرزاتەقی یۆڤ" هەنگوستیلەیەکی ناردووە...
موختار قسەی لە دەمی سەکینە ئەستاندەوە ، پرسی:
ـ خۆی تەشریفی نەهاوردووە؟!
ـ نەخێر نەهاتووە... بە کەسێکدا دیاری بۆ ناردووین... هەنگوستیلەیەکی نەقیم بەرلەیانە... خۆی نەهاتووە...
موختاربەگ بە ناقایلی گوتی :
ـ سەکینە بەسە!... ڕووی دە ژن براکەی کرد و گوتی:
ـ جەببار! لەوانەیە لە بەختی بەدی من و تۆ، "حاجی" نەیە. هەموو هیوای من بەم زەماوەندە ئەوە بوو کە ئەو لێرە ببینم. "حاجی زەینەلعابدین تەقی یۆڤ" دۆستی ڕۆژی تەنگانەیە. ئەو هاتبایە، لێرە سەری کیسەم پێ شل دەکرد؛ هەم بە هانای منەوە دەهات و هەمیش بە تۆ ڕادەگەیشت... نەهاتنی ئەو جێی داخە!
سەکینە خانم بە ئارامی گوتی:
ـ جەنابی فەرماندار چەپکە گوڵێ ناردووە...
موختاربەگ بەم قسەیە دڵی کرایەوە و گوتی:
ـ سپاس بۆ جەنابی فەرماندار... سەکینە چەپکە گوڵی جەنابی فەرماندار دەبەیتە قاتی سەرێ و لە پاڵ گوڵەکانی تر دا دەینەخشێنی.
سەکینەخانم بە نیازی ڕاگەیاندنی ڕاپۆڕتی نوێ بوو، کە "ئەسڵان" زۆر بە پەلە لە کەلێنی دەرگاوە گوتی:
ـ باوکە خێراکە ، وەرە جەنابی سەرهەنگ "پارووشین" هات !
موختاربەگ بە بیستنی هاتنی"پاروشین" ، دەست و پەلی لێ تێک هاڵا و شاگەشکە لە هەواڵی خۆش، بە پەلەپڕووزە ، ژن و ژن برای جێهێشت ڕۆیشت.
گوڵاراخانم و ئامینە، بوکیان ئەودەمە بینی بوو، کە منداڵ بوو. ئەودەم، میرزا حسێن بۆ دەرس پێدان و ڕاهێنانی ئەو کیژە دەوڵەمەندە، چوارساڵێک هاتوچۆی ماڵی "موختاربەگ"ی کرد و دەرسی دادا. دوای کۆتایی ڕاهێنانێکی سەرەتایی، ئیتر میرزاحسێن لە ماڵی "بەگ" دوور کەوتبۆوە و بە خەیاڵیشی دا نەدەهات ڕۆژێک بانگهێشتی زەماوەند بکرێن. بانگهێشتنی ماڵی میرزاحسێن بۆ زەماوەند، نەک بەلانی خزمایەتی و دیوناسیی دوو بنەماڵە، بەڵکە بۆ خۆ ڕانان و نواندنی کۆشک و دیوەخان و خشڵ و زێر و زەمبەرەکانیان بوو.
سەکینەخانم ژنێکی بەرزەدەماخ بوو. بە ناو ژن و ژاڵان دا دەگەڕا و بە خۆڕانان و نیشاندانی هۆدە ڕازاوەکانیان، سەرنجی میوانانی ڕادەکێشا و پەیتا پەیتاش دەیگوت : ڕەبی لە چاوی پیس و زمانی ناحەزان بەدوورە بین یاخوا.
ئەو ڕۆژە، بەرنامەی دانیشتنی میوانەکان بە چەشنێک ڕیکخرابوو، کە ژنە دارا و دەوڵەمەندەکان لە ژوورێک و ئەوانی تر لە هۆدەیەکی تر دا جێیان بۆ تەرخان کرا بوو. ئەوانەی کە سەر و گەردەن و گوێچکەکانیان بە تۆق و دەرزیلە و کرمەک و

گوارەی زێڕ و زیو ڕازابۆوە و ملوانکە و بازنە و ئەنگوستیلەکانیان لە بەر شۆقی چرا دا ترووسکەی دەهات، لە سەرووی تالاری مەزن دا دانیشتبوون. ورتە ورت و زەنازەنای ژنانەیان هەر باسی دارا و خارا پۆشین و زێڕ و زەمبەران بوو. ژنانی هاوتیپی "گوڵاراخانم"یش لە بەشی خوارتری دیوەخانەکە و دەگەڵ میوانانی پلەی خواروو دا جێگایان لێژ بوو. نە کەس بەخێرهاتنی کردن و نە کەسیش پێیان ڕاگەیشت.

سەکینەخانم دەگەڵ تاقمە ژنێکی، کە حەوت قەڵەم تاس و لووس کرابوون، خەریکی جەفەنگ و گەپ و گاڵتە بوو. قەرا، لە درێژەی هەموو تەمەنی دا ئەم دیمەنە ناشیرینەی بە چاو نەبینی بوو. بە دەم بیر و خەیاڵ، بە ماڵی هەژاران دا دەگەڕا و ئەم دوو ژیانەی لە بەر یەک دا ڕادەگرت؛ چەندە لە یەک دوور بوون دوو لاپەڕەی ئەم کتێبە !

چاو لە دیتنی ئەم گشتە زێڕپۆشانە بەرایی دیتنی لێ دەبڕا. لە لای سەرووی هۆڵەکەوە هەر خشڵ و کوتاڵی بە زریوە چندرا بوو دەگەڵ شۆقی چلچرای ناو هۆڵەکە شەڕە ترووسکانەوەیان بوو. ژنە تەڕپۆشە باسک بە بازنەکان، سپی و سۆڵ و گۆشتن بوون و دەم هەراش. بەڵام ژنە خۆماڵییەکان بێ ورشە و مات و ڕەنگ خۆڵەمێشی بوون. هۆدەکە دوو چینی دژ بە یەکی تێدا کۆکرابۆوە .

ماوەیەک پێچوو، چاوەشەکان هاتن. چەند ژنی مسوڵمان ویستیان سەر و ڕوو دا بپۆشن، کە ژنێک بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

ـ ژنەکان! چاوەشەکان مسوڵمان نین... سەر و ڕووتان دامەپۆشن!

هونەرمەندەکان تارژەن و کەمانچە بە دەست و دەفە لەشانێک بوون، هاتن و لە نێو ژنەکان دا دانیشتن. ژنە مسوڵمانەکان بەبێ سەر و ڕوو داپۆشینێک لە پیاوی هەرمەنی، گوتن و گاڵتە و پێکەنینەکەیان دەست پێکردەوە. هونەرمەندەکان سازەکانیان گرتە سەردەست و دەستیان پێکرد. دەگەڵ بەزمی ساز، کیژۆڵەکانیش یەک یەک و دوو دوو هەستان و سەمایان کرد. لە دەمی سەماکردنیان دا، بە هەوای مۆسیقا، ملوانکە و گوارە و گۆبەرۆک بە جۆرێک دەلەرینەوە و پاوانە و بەرموور و ملوانکە بە چەشنێک دەنگیان دەهات. دەنگێک بە هۆڵەکە دادەگەڕا، دەتکوت بوومە لەرزە دە بازاڕی زێڕینگەران کەوتووە. دەنگی موسیقاو خرینکەی بەرموور و ئاڵتونی سەر سنگ و بەرۆکی کیژۆڵان، هەستێکی غەریبیان بە قەرا بەخشی بوو. قەرا، لە عالەمی خەیاڵەوە بەزمی ئەو زەماوەندی دەبردەوە پەنای ماڵی ساردی هەژاران و پێکەوەی هەڵدەسەنگاند؛ چیها لە یەک دوور و نامۆ بوون ئەم دوو دنیایە. دەست و پەنجەی دڵۆداری ژنی کرێکار و پەنجۆڵەی ناسک و باریکی سەماکەرانی لە بەر یەک ڕادەگرتن؛ ئەوان سواوی ئیشی لەش تاوێن و ئەمانە سەرما نەدیتووی تاو نەگەزیووی پەرداخکراوی دەیان پۆدر و دەرمان بوون. کیژۆڵە سەماکەرەکان لە هەموو لایەکەوە زێروەشان کران و پارەیان بە سەر دا باراندن. قەرا لە عالەمی خەیاڵی خۆیدا نوقومی بیرکردنەوە بوو، کە کیژۆڵەیەکی سەماکەر بە دەم بادانی کەمەر و

لەراندەوەی سینگ و مەمک، بۆ ڤەرا داهاتەوە و بە ئاماژەی چاو بۆ سەماکردنی بانگ کرد. ڤەرا لێی تێنەگەیشت، بەڵام کچۆڵەکەش دەسبەرداری نەدەبوو. سەماکەر بەردەوام خولی دەخوارد و دیسان هەڵدەگەڕایەوە. ڤەرا سوور هەڵگەڕابوو. درێژەکێشانی "بێرە ـ و نایەم"ی سەماکەر و ڤەرا، ژنانی دەور و بەری تێگەیاند و یەکێک لە ژنەکان ڕووی دەمی کردە ڤەرا و بانگی کرد:

ـ کچێ بەرزەوە بە... نازی پێ ناوێ... کچەکان بە نۆرە دەبێ سەما بکەن!

گوڵاراخانم بە ناچاری هاتە جواب و گوتی:

ـ بببوورن ئەم کچە ئازەری نییە و سەمای ئێمە نازانێ.

هەرکە ژنەکان ئەم قسەیان گوێ لێ بوو، نیگای چاوی گشتیان بەرەو ڤەڕا وەرچەرخایەوە و سەمایان بیر چۆوە. سەکینەخانم لە جێ هەستا و لە ڤەرا نزیک بۆوە و زەردەیەکی سەرلێوانی پێ خەڵات کرد. ڤەرا لە تەنگژەیەکی سەیر دا گیرسابۆوە. بۆ لادانی سەرنجی ژنگەل، ڕووی کردە گوڵاراخانم و ئامینە و بە ئاسپا گوتی:

ـ تکایە ناونیشانم مەڵێن با نەزانن کێم و چ کەسم. زمانی تورکی نازانم و ناوم "ڤالەنتینا"یە. چەند ڕۆژێکە هاتوومە باکۆ و مامۆستای زمانی ڕوسیم و یاریکاری ئامینەم لە زمانی روسی دا .

بەڵام ئیتر تۆپ لە دۆڵ دا تەقی بۆوە و ناوی"ڤالەنتینا"ی مامۆستای زمانی ڕوسی بە نێو ژن و ژاڵی ئەم دیو ئەو دیوان دا بڵاو بۆوە.

هۆڵی مەزن، واتە شوێنی دانیشتنی مەزن پیاوان، ڕازاوتر و پڕ کەشم تر بوو. لە سەرەوەی مەجلیس دا، سەرهەنگ"پاروشین" بە جلکی شەخسی، لووت بەرزانە دانیشتبوو. لەدەمی هاتنی تا نووکە، چەشنی کۆتەڕەی دار، لە جێگا چەقی بوو و جمەی نەدەهات. چاوە سەوزە ڕیزەڵەکانی بە نێو خەڵکدا دەگێڕا. تیژایی چاوی ، چەشنی سەرە دەرزی لە جەستەی خەڵک دەچەقی.

لە بەرێکی هۆڵی مەزن دا کورسی داندرابوو. لە بەری خوارەوەش، دۆشەگی نەرم و پشتی دەبیندرا. چاوەشەکان هەوایان گۆڕی و بە ئەهەنگی "سێگا" دا هاتنە خوار. دەنگبێژێک بە نەرمە ورینگە لە پەرەدەی "ژێر" دا هەوایەکی دەگوتەوە. دانیشتوانی هۆڵەکە، سەرگەرمی وتووێژ بوون و هەر پۆلەی لە هەوایەک دەی خوێند .

"دانیلۆڤ" شان بە شانی بەڕێوەبەری کانگەی"مانتاشۆڤ" دانیشتبوو. لە حاڵێکدا بە کەوچکی زێوین چایی لێک دەدا، بە نەمە سرتەی بە گوێی دا سریواند:

ـ بایی هەر بەرمیلە نەوتێک بیست کۆپێک!... وەڵاهی بە لاشە... بە ڕاستی بەلاشە... من پێموایە ئاغاکەت پێی ڕازی دەبێ... دەی تۆ دەڵێی چی؟

ـ کوڕە براگیان، تۆ ئاگات لە حاڵ و وەزعی ئەربابەکەی من نییە و نازانی لە چ حاڵ و هەوایەک دایە و چلۆن خمی لێ شێواوە. لە کەرێک دەگەڕی ناڵە شکاوێکی پێوە بێ... تۆ چەندەت نەوت دەوێ، وەرە هەر بەو نرخە دەت داتێ...

ـ باشە با هەژدە کۆپێک بێ... ئێوە حەوز و تیانی بەتاڵتان زۆرە؛ وەرن هەتا لە دەست نەچووە، لێمان بکڕن. بازاڕ هەروا کەساد نابێ. بایی نەوت تێهەڵدەچێتەوە. ئێمە تیانی پاشەکەوت کردنمان نییە و بۆیە ناچارین هەرزان فرۆشی بکەین.

بەڕیوبەری کانگەی "مانتاشۆڤ" بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ نەخێر ناسەرفێ "سۆرەن!"

هەوای "سێگا" کۆتایی هات و چاوەشەکان هەوای سەمایان دەست پێکردەوە، بەڵام کەس بۆ سەماکردن لە جێ نەجووڵایەوە. دانیشتووانی هۆڵی گەورە چاویان لە سەرهەنگ "پاروشین" بوو.

موختاربەگ و جەببار و ئەسلان، لە بەر دەرگا ڕاوەستابوون. بەڵام هەموو سەرنجی چاوی موختار بەگ، هەر بە سەر"پاروشین"دا دەگەڕا. هەندە جارێک سرتەیەکی بە گوێ کاردار و چێشتکەرەکان دا دەچرپاند و ئاگاداری دەکردنەوە کە بەس خزمەتگوزاری "پاروشین" بن و هەر بە ئەو ڕابگەن.

هونەرمەندەکان پەنجەیان گەرم کردبوو. هەوای سەمایەکی یەکجار بزوێنیان دەست پێکردبوو. لە لای سەرەوەی هۆڵی گەورەوە دەنگ درا:

ـ دەی ئەوە بۆچ کەسێک بۆ سەما هەڵناستێت ؟!... برای بووک هەستە بزانین!

"ئەسلان" کەمێک بە ناز ڕاوەستا و نەیکرد، بەڵام موختاربەگ بە گوێیی دا سرەواند:

ـ بڕۆ... ئەوەندەی دەتوانی لە بەردەمی سەرهەنگ دا دەور بگێڕە!

ـ بە سەرچاو!

ئەسلان کڵاوە تیسکنەکەی هەتا سەر بڕۆ داکێشا و لە خوارەوە بە سەما بۆ سەر چوو. لە بەردەمی "پاروشین"دا بە خۆبادان و لەرینەوە خولی خوارد و بە خەمزە و نازەوە دەوری گێڕا. "پاروشین" ورد ورد چاوی بە سەمای "ئەسلان" و لەرینەوەی ئەندامی ئەو دا دەگێڕا. دەستی خستە گیرفانی و پارەیەکی دەمەناتی بۆ ڕاداشت. "ئەسلان" پارەی دە مەناتیی "سەرهەنگ پاروشین"ی بە سەری پەنجە و بە بەرچاوی خەڵک دا دەگێڕا. خەڵکانیش دەستیان بۆ باخەڵ برد و هەر کەس پارەیەکی لە مستی سەماکەر نا. "ئەسلان" پارەی کۆکردەوە و لە بەردەمی چاوەشەکاندا هەڵی ڕشت.

چەپڵەی خەڵک بۆ سەمای "ئەسلان"، موختابەگی ژیاندەوە. میرزاقاسم تازە لە پەنا باڵی موختاربەگ دا هەڵقوڵی بوو، کە موختار لێی پرسی:

ـ شێری یان ڕێوی؟... من بەسەرهاتی ئیمڕۆکەم بۆ جەنابی "پاروشین" گێڕایەوە و باسی تۆشم بۆ کرد. سەرهەنگ زۆر تامەزرۆی ئەو زانیارییانەیە کە تۆ وەدەستت هێناوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە لە سەیر هەتا پیاز بۆ جەنابی "پاروشین"ی بگێڕیتەوە و ئەویش دەماریان دەربێنێت.

میرزاقاسم بە بێدەنگی ئاماژەیەکی بە دەوران پشت کرد و زەردەیەکی کەوتە سەر لێوان. موختاربەگ تێگەییشت و گوتی:

ـ بچۆرە ژوورەکەی من ، منیش بە دوات دادێم.

میرزاقاسم ڕۆیشت و موختاربەگ ملەقوتەیەکی کرد و دەور و بەری "پاروشین"ی بە تاقی کردەوە. هەرکە کورسییەکی بەتاڵی لە پانا باڵی سەرهەنگ دا بینی، گورجێک بۆی چوو. دەمی بردە ژێر گوێچکەی سەرهەنگ و بە ئاسپا پەیامەکەی دایە. ئیستێکیان گرت و ئەوسا هەستان و پێکەوە لە ساڵۆن چوونە دەر.

"ئەسڵان" بە سەماکردن بەرەو ژووری تر چوو. لەو ژوورە دا لە بەر دەمی کەسێک دا سەمای کرد، کە ئەو کەسە خەڵکی گەڕەکی"ئیچەری شاری*" بوو. ئەسڵان بە خۆبادان و کەمەر چەرخاندن، کابرای بۆ سەماکردن بەرز کردەوە. "ئیچەری شاری"یەکان، سەماکەری خۆیان زێڕوەشان کرد و پارەیان پێدا. دوای ئەو، لاوێکی تاخی "باییری شاری*" بۆ سەما هەستا و "باییری شاری"یەکان شاباشیان بۆ هاوگەڕەکی خۆ هەڵاویشت، بەڵام "ئیچەری شاری"یەکان تەنانەت سەیریشیان نەکرد.

"دانیلۆف"و بەڕێوەبەری کانگەی"مانتاشۆف" بەبێ ئەوەی کە ئاوڕێک لە ناتەبایی و دووبەرەکییەتیی"ئیچەری شاری" و "باییری شاری" بدەنەوە، سەرگەرمی کەین و بەینی خۆیان بوون. لە ئاکامدا دیار بوو هەر دووکیان کەوتوونەتە بەستێنێکی دڵگوشا و پێک هاتوون. بەڕێوەبەری کانگەی"مانتاشۆف" گوتی:

ـ برادەر! من بە شەرتێک دەگەڵت دێمە ڕەدایە، کە نەوتم لێ کڕیبی لە قەراری هەر بەرمیلەو دە کۆپێک، بەڵام دەبێ لە بەڵێن نامەی سات و سەوداکەمان دا بنووسین هەر بەرمیل نەوتەی پانزدە کۆپێکی پێدراوە .

" دانیلۆف " پێکەنی:

ـ ئەدی پێنج کۆپێکەکەی تر چی لێ بەسەر دێت و بۆ کوێ دەڕوات؟

ـ ئەو پێنج کۆپێکە، بە کەچەڵ کوچەکەکانی من دەبڕێت!

"دانیلۆف"یش بە گوێچکەی دا سریواند:

ـ ئەگەر وایە با منیش دوو شەرتی خۆمت دەگەڵ ببڕمەوە. برادەر گیان! یەکەم کە هیچ بەڵێننامە و دەسنووسێک نانووسین؛ ڕاگرتنی بەڵگەنامە بۆ ئەم جۆرە کارانە بەباش نازانم.. دووهەم ، منیش بۆ هەر بەرمیلێک نەوت، دە کۆپێکت لێ وەردەگرم ، بەڵام پێنج کۆپێک بە موختاربەگ دەگات. هەر ئەوجۆرەی کە تۆ کەچەڵ و کوچەڵت هەنە، منیش هەتیوم زۆرن.

هەردووکیان پێکەنین. نوێنەری "مانتاشۆف" پرسی:

ـ نەوتەکەتان چەندێک دەبێ؟... پێم بڵی بزانم چەند هەزار بەرمیل نەوتمان پێ دەفرۆشن؟

ـ ڕاپۆرتەکانی "ڤەرسکی" ڕوون نین و نازانین چەندە. بەڵام سبەی بەیانی بۆت ڕوون دەکەمەوە. چەلێ لێبگەڕی با من خەبەری خۆشی ئەم ساتوسەودایە بە موختار بەگ ڕابگەیەنم، جا ئەودەم بۆت دەردەکەوێت کە فرۆشی هەر بەرمیلەی بە پێنج

---

* ئیچەری شاری = ناوەندی شار    * باییری شاری = دەرەوەی شار

کۆپێک، چلۆن شاگەشکەی دەکات. ئەمەش بڵێم کە لە سەردەمی "ڤەرسکی"دا، ئەم پێنج کۆپێکەشی نەدەهاتە دەست.

"دانیلۆڤ" بۆ بینینی موختاربەگ و خەبەرپێدانی، ڕووی کردە سالۆنی مەزن. لێرە، بەزمی ژنان گەرم و گوڕتر بوو. کیژگەڵ دوو دوو و، سێ سێ سەمایان دەکرد و موسیقا و چەپڵەلێدان ژوورەکەی پڕ کردبوو. "ڤەرا"ش چاو و ڕووی کرابۆوە بە نێو ژن و ژاڵان دا هاتوچۆی بوو؛ چاوی کوڕ و کاڵانیشی بە دوا دا دەخشان، بەتایبەت "ئەسڵان" و باوکی چاویان لێ نەدەترووکاند. بەڵام ڤەرا، ساکار و بێ فڕ و فێڵ بوو. بە شوێن بووک دا دەگەڕا، بەڵام بۆی نەدیترایەوە. ڤەرا سۆراغی بووکی لە چەند کچیک پرسی و بۆی دەرکەوت کە بووک لەم هەلانەدا خەڵک جێ دەهێڵێت و لە ژوورێکی دەرگاداخراو دا، دەگەڵ چەند دەستەخوشکانی خۆی خەریکی ڕاز و نیازان دەبن. ڤەرا بۆ دیتنی بووک، دەست و دامێنی ئامینە بوو و داوای لێکرد هەرچۆنێک بێ ئەم دیدارەی بۆ مەیسەر بکات. ئامینە و ڤەرا گەرمی پشکنینی ژوورەکان بوون، کە تووشی سەکینەخانم هاتن. ڤەرا ڕووی کردە سەکینەخانم و بە زمانی رووسی گوتی:

ـ گەرەکمانە کیژەکەتان ببینین... دەکرێ پێمان بڵێی لە کوێیە؟!

سەکینەخانم بانگی ئامینەی کرد و گوتی:

ـ دا وەرە کچی بزانە ئەمە دەڵێ چی!

ئامینە قسەی "ڤەرا"ی بە تورکی وەرگێڕایەوە. سەکینە داڵانێکی دوور و درێژی نیشان دان و گوتی:

ـ لە هۆدەیەکی ئەم داڵانە دا دەتوان وەیبینن. من نازانم لە کامیان دان.

ڤەرا و ئامینە بە یەک یەکی هۆدەکاندا گەڕان. ژوورەکان یەک لە ئەوی تریان گەورەتر و ڕازاوەتر و پڕ فەرش و مافوورەتر بوون. زۆربەی هەر زۆریان پەردەیان دادرابوونەوە. بۆن و بەرامەکەیان باسی ئەوەیان دەکرد کە بە مانگ پێی کەسیان تێ نەچووە؛ ئەم گشتە ژوور و دیوەخانە بۆ کێ؟!

لە پشتی دەرگای یەکێک لە هۆدەکان، دەنگی وتووێژی چەند پیاوێک بە گوێ دەگەیشت. ئامینە و ڤەرا هەستێکیان ڕاگرت و ڕاوەستان. کەسێک بە هەوا دەنگێکی تووڕە بە سەر کەسێکی تر دا دەیگوڕاند:

ـ دە بێژە میرزاقاسم! سەرکردە و دەمڕاستی کۆبوونەوەی ئیمڕۆی کرێکاران کێ و چ کەسانێک بوون!... جەنابی "پاروشین" زانیاری پتری گەرەکە... بەیاننامەکان کێ و چ کەسێک بڵاوی کردنەوە... بە زمانی ڕووسی قسە بکە، تۆ زمانی ڕووسی باش دەزانی.. دەی بڵێ بزانم... دەی!

ڤەرا بە تامەزرۆیی گوێچکەی بۆ وتووێژەکە شل کردبوو. دەستی ئامێنەی گرتبوو و لە ڕێگای چاوانەوە داوای ڕاوەستان و بێدەنگبوونی لێدەکرد.

میرزا قاسم لە گوتن دا دەنگی دەلەرزی. گوتی:

ـ لە سەرهەنگ دەترسێم موختار... زۆری لێ دەترسێم و توانای قسەکردنم نییە.
دەگەڵ تووڕە بوونی موختاربەگ، میرزاقاسم وەرەیەکی بزووت و دەستی بە قسە کرد:
ـ بە دەستووری موختاربەگ، لە دەفتەری کار وەدەرکەوتم و تێکەڵ بە ئاپۆڕای کرێکارەکان بەرەو کانگاکانی "شیبایۆڤ" چووم. لە سەفی پێشەوە، کوڕێکی ئاسۆڕی و کوڕێکی ڕووس و پیاوێکی ڕدێن کۆرپەیی بگێڕی بەرنامەکە بوون...
"پاروشین" بە تووڕەیی لێی پرسی:
ـ تۆ چلۆنت زانی ئەو ڕووسە و ئەمی تریان ئاسۆڕییە؟
ـ قوربان لە زاراوەی دەمیانەوە زانیم. ئەو دووە پێشەنگ و پێشڕەوی کرێکاران بوون. کرێکارەکانی سەفی پێشەوە، دەستیان تێک بەزاندبوو و بازنەیەکیان بە دەوری ئەو دوو کەسە دا لێدابوو. هەموو پشێوی و ئاژاوەکە، دە بن سەری ئەو دووە دابوو. بەتایبەت ئەوەی بە "پەتیا" بانگیان دەهێشت، ئەو سەری مارەکەیە.
سەرهەنگ نەڕاندی بە سەریدا:
ـ ناو و نازناویان ...
ـ نازانم قوربان... بەڵام دەزانم "پەتیا" لە "باڵاخانی" ئیش دەکا. دەیانگوت هەر ئەوە، بڵاڤۆک و بەیاننامە بڵاو دەکاتەوە.
دەنگی موختاربەگ بوو، بەڵام بە ئاسپا قسەی دەکرد. لە وڵامی ئەو دا پاروشین بە دەنگێکی بەرز وڵامی داوە:
ـ هەر کاتیک بخوازین دەتوانین ڕەپێچەکی بدەین، بەڵام بە دەسبەسەرکردنی تاکێک، بزاڤەکە نافەوتێ. دەبێ سەران و بگێڕانیان بدۆزرێنەوە و یەکجێ و پێکەوە دەسبەسەریان بکەین، ئەودەم ڕیشە و ڕەگەزیان وشک دەکرێت.
لە نێوانی موختار و سەرهەنگ دا ماوەیەک سرت و خورت کرا. لەپڕا سەرهەنگ فەرمانی دا:
ـ درێژەی پێ بدە بزانم چ کەسێکی دیکەت لێ ناسین!
ـ قوربان لە نزیک کانگاکانی "شینایۆڤ" دا تاقمێکی دیکەیان تێکەڵ بوو. هەر لەوێش "پەتیا" قسەی بۆ کردن .
ـ چی دەگوت؟!
ـ گەورەم بمبوورە ، بۆ من ناجایزە قسەی ئەو دووپات بکەمەوە... قسەی ئەو بۆنی خوێنی لێ دەهات... زمانی من بۆ ئەو قسانە لاڵە ...
ـ گوتم چی دەگوت!
ـ گەورەم ئەوناپاکە پڕ بە گۆڕەپانەکە دەیگوڕاند و دەیگوت... گەورەم لە زمانم نایەتە دەر... جەنابی سەرهەنگ قسەی ناجایزی دەکرد... جوێنی بە تزار و دەزگای حکومەتی دەدا...
ـ دوایە چی!... چی کرا؟ بۆ کوێ چوون؟

ـ پاشان کەسێک خەبەری پێدان پۆلیس دێت. لە چاوتروکانێک دا "پەتیا"یان شاردەوە. هەرچی چاوم گێڕا، وەک زەوی قوتی دابێت، لە بەرچاوان ون بوو. لە بڵاوەکردنیشان دا "پەتیا" و کوڕە ئازەرییەکەم دیتن بەرەو "سابونچی" هەڵدەکشان... فەرموون ئەمەش ئەو بەیاننامەیە ، کە ئەو کوڕە ئازەرییە لە بەرزایی بورجی نەوەتەوە بەسەر خەڵک دا باراندنی .

لەپڕ ژوورەکە وەک کەسی تێدا نەمابێ، کپ و بێدەنگ مایەوە. وا دەردەکەوت سەرهەنگ خەریکی خوێندنەوەی بەیاننامەکە بێت. ئامینە سەبری لێ بڕابوو. بە نەقورچیک و ئامازەیەکی چاو، بێ تاقەتیی خۆی بە ڤەرا ڕاگەیاند. بەڵام ڤەرا بە سەر کۆگایەک زانیاری داکەوتبوو. دڵی دەیکوتا و مێشکی گەرم داهاتبوو. قەت پێی وانەبوو لەم شایی و زەماوەندە دا بە سەر ئەم زانیارییە بەنرخانە دا بکەوێت، هەربۆیە، بە شینەیی بە ئامینەی گوت:

ـ تۆزێک سەبرت بێ خوشکێ... زۆر جێی سەنجە... کەمێک حەجمینت بێ ئامینە!

هەردووکیان تۆزکاڵێک خۆیان کێشایە تاریکانی و مەڵاسی دیوار بوون. هەر لەم دەمەدا، لەو ژوورەوە دەنگێکی هەراسان گوتی:

ـ بابە وەرە دەر هەواڵێکی گەلێک سامناکمان پێ گەیشت...

ـ وست بە ئەسڵان!... دەم بینی خەریکی وتووێژم... دەبینی جەنابی "پاروشین..."

ـ بابە هەواڵەکە گەلێک گرینگ و ترسێنەرە... کانگاکانمان ئاگریان تێبەردراوە! هەر ئێستاکە خەبەر هات بابە!... چاوەدێرەکانی کانگە، بگێڕانی سوتمانەکەیان گرتووە... دەردەکەوێت "ڤەرسکی" دارێژەرەی پیلانەکە بووبێت...

موختاربەگ خەبەری ڕووداوەکەی بۆ "پاروشین" گێرایەوە. پاروشین سەرسووڕماوانە پرسی:

ـ ڤەرسکی!... ڤەرسکی کێیە؟

ـ ڤەرسکی بەڕیوەبەری پێشووی کانگەکانی خۆم بوو. هەر ئەمڕۆ لە سەر کارم لابرد.

ـ منیش هەر ئەمڕۆ فەرمانی دەسبەسەرکردنی "ڤەرسکی" دەردەکەم. بەڵام ئەمە هەر لەناو خۆماندا بمێنێت و کەس پێی نەزانێ... ئێوە دەتوانن تاوانی ئاگر تێبەردانەکە باوێژنە ئەستۆی چەند کرێکارێکی سەربزێو... بڵێن دوای کۆتایی هاتنی میتینگی ئەمڕۆ، ئەم پیلانەیان بەڕێوە بردووە... تێگەیشتن!

ـ بەڵی گەورەی بەڕێزم... بەڵی تێگەیشتم... ئەسڵان هەر ئێستاکە چەند پیاوێک دەگەڵ خۆت هەڵدەگری و دەچیتە "بالاخانی"، منیش بە شوێن توا دا دێم. هەتا زووە و ئاگر تەشەنای نەکردۆتە سەر چاڵاوە چالاکەکانمان، دەبێ ئاگرە دابمرکێتەوە.

ڤەرا و ئامینە هەر بڵێی یەک و دوو لەو شوێنە دەرچوون. سالۆن و تالارەکان شێوابوون. بەشێک لە میوانەکان شێو نەخواردوو زەماوەندیان جێ هێشتبوو.

گوڵاراخانم و ئامینه و ڤەرا چارشیوەکانیان بەسەر دادا و بە بێ ئەوەی کەس بە ڕۆیشتنیان بزانێت، لە ماڵی بووک وەدەر کەوتن .

لە درێژەی ڕێگادا، ڤەرا دڵگەش لەو گشتە زانیارییە بەکەڵکەی وەدەستی هێنابوو، بەند بە بەندی وتووێژەکانی لە مێشکی خۆیدا دووپات دەکردەوە و ناوەکانی چەند جار دەگوتەوە. میرزاقاسم دەبێ کێ بێ؟ دەبێ دەستیار و مەقاشی دەستی موختار بەگ بێ و شوێنی تێکوشەرانیان پێ هەڵدەگرێ. بەڵی"میرزاقاسم" لە نزیکەوە "چۆنیاتۆڤ"، "مەلیک"و "ئەژدەر"ی بینیوەو دەیان ناسێتەوە. بەڵی فەلەی ڕدێن کۆرپەیی"مەلیک مەلکییانتس"ە، "پەتیا" چۆنیاتۆڤە و کوڕە ئازەرییەکەش "ئەژدەر"ەکەی خۆیەتی.

لە درێژەی ڕێگادا، ئامینە لە زەماوەندو سەما و کۆشک و تەلار دەدوا و "ڤەرا"ش پاروشین و ئەسڵان و میرزاقاسم و موختاربگ و پیلانەکانی بە مێشک دادەگەڕا.

گەیشتنەوە ماڵ. ڤەرا جلکەکانی گۆڕی و زەمبیلەکەی دەست دایە و سپاس و ماڵاوایی لێ کردن. "ماریا واسیلۆڤینا" هەروا دیدە نەخەوتوو، چاو لە ڕیی هاتنەوەی ڤەرا دانیشتبوو. ڤەرا چی دیبووی و چی بیستبووی، بۆ دایکی گێرایەوە. دوای گێڕانەوەی قسە و باس، شەکەت و خەواڵوو، بیری لەوە دەکردەوە کە باوکی هەر زیندووە و سەرجەم چالاکییەکانی ، بەشی باوکیشی تێدایە؛ چەشنی هەموو تێکۆشەرە زیندووەکان، لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کرێکاری دا بەشدارە و هەر زیندووە.

****

.

# 16

چاپخانەکە، بە درێژایی ڕۆژ و بە بێ وەستان، بە ڕێکوپێکی لە کار دابوو. ئێوەرانی درەنگ وەختیش دەیان خەواند و بەری بەیان لە خەو خەبەریان دەکردەوە. ژووری چاپخانەکە، لە نێوان دوو شەقامان دا هەڵکەوتبوو. باخی "پاراپێت" و گۆڕەپانی"قوبا"، دوو شەقامەکەیان لە هەمێز گرتبوو. دوو شەقامەکان، هەر دووکیان سەنگفەڕش کرابوون و بە درێژایی ڕۆژ، دەنگی سمی ئەسپ و هاش و هووشی چەرخی گارێ و گالسکە بە سەریانەوە بوو. دەنگ لە دەنگ نەدەکەوت و کەس دەنگی گەڕانی تۆپی مەکینەی چاپخانەی نەدەبیست. بەڵام لە ئێوارەی درەنگ وەختی دا ئەگەری ئەم خەتەرە هەبوو کە لە پشتی دیوارەوە دەنگێک بە گوێیەک بگات و ئاستەنگێک ساز بکات. ئێوارانی لای تاوپەڕان، چاپخانەکە دەگەڵ خەوتنی دەنگی سەر شەقام دەخەوت و بەری بەیانان دەگەڵ دەنگی شەقام دەنگی دەهات.

باوکی "نینا"، واتە "لادۆکەتسخۆڤلی"، گشت کات و وەختان لەم هۆدە تەنگ و تاریک و نمداردە، لە بەر شۆقی سیسی چرایەکی حەوت نمرەیی دا خەریکی کار بوو. زۆربەی هەوڵی لادۆ، سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ڕۆژنامەی "ئیسکرا"بوو. ڕۆژنامەی "ئیسکرا"ی لێنینی لە دەرەوەی ڕوسییە چاپ و بڵاو دەکرایەوە. هەناردەکردنی ڕۆژنامەی ئیسکرا لە ئەوروپا بۆ ڕوسییە، کارێکی پڕ مەترسی بوو. هەربۆیە و بە پێی ڕینموونی ژیرانەی ئیلیچ لێنین، "ماتریس"ی ئامادەکراو لە دەورە بۆ "نینا" دەناردرا و لادۆ، لەو ماتریسانە کەڵکی وەردەگرت و ئیسکرای دوو بارە لە چاپ دەداوە. ناردنی ماتریسەکانیش لە "ڤیەنا"ی پێتەختی ئوتریش(نەمسا)وە دەهاتنە تەبرێز و لەوێوە بۆ شاری باکۆ ڕەوانە دەکران. ناردنی ماتریس بۆ ناوەوەی ڕووسیە کارێکی پڕ مەترسی بوو. هەربۆیە ماتریسەکان لە سندوق و کارتۆنی شتومەکی بازەرگانی دا جێ سازی دەکران و لە مەترسی دەپارێزران.

ناردنی ڕۆژنامەی ئیسکرای بەرهەمی "نینا"ش بۆ شارەکانی باکووری ڕووسیە و

بڵاوکردنەوەیان لە مەڵبەندەکانی کرێکارنشین دا ئاستەنگیان لە ڕێگا دا بوو. ئەژدەر و ڤەرا، کە مۆرەی بەکاری ئەم بەشە بوون، لەلایەن "چۆنیاتۆڤ" و "لادۆ"وە ئامۆژگاریی فرە تایبەتیان پێ گەیشتبوو.

لە چاپدانەوە و بڵاوبوونەوەی ئیسکرا لە مەڵبەندە کرێکارییەکاندا جێگای خۆی کردبۆوە. ڕۆژنامەکان بە ئادرەسی کەسانێکەوە ڕەوانەی شار و دیارە دوورەدەستەکان دەکران، کە هەر "نینا" دەیناسین و لێیان ئاگادار بوو. بەرەبەرە، شاری باکۆ وەک ناوەندێکی بزاڤی کرێکاری و بڵاوکردنەوەی ئیسکرای لێنینی لێهات و ئەرکی هەرە گران و هەستیاری ئەم ناوەندەش لە ئەستۆی "نینا" بوو.

لە ناو هەڤاڵانی سەرکردایەتیدا، ئەگەر کەسێک هەواڵێکی"نینا"ی پرسیبایە و گوتبایەی: ئەرێ نینا لە چی دایە و چۆنە؟ وەرامی دەدرایەوە کە "نینا" زۆر چاق و سەری حاڵە و سەرقاڵی چالاکییە. بەبیری کەس دا نەدەهات، کە "نینا" چاپخانەیەکی نهێنی بێت و بزووتنەوەی کرێکاری ڕێبەری بکات. هەڤاڵ لێنین لە دەرەوەی وڵات بەردەوام خەبەری"نینا"ی دەپرسی و ڕێنوێنی و پێشنیاری بایەخداری بۆ ڕەوانە دەکردەوە .

چۆنیاتۆڤ و لادۆ، دوای بیستنی ڕاپۆرتەکانی ڤەرا سەبارەت بە وتووێژی موختار و پاروشین، گورج دەست بەکار بوون و بۆ دەست پێشخەری، بەیاننامەیەکیان لە چاپ دا و پەردەیان لە سەر پیلانی سەرهەنگ و موختار هەڵگرت. لەو بەیاننامەیەدا، پیلانی سووتمانی کانگەی موختاربەگ، هەروەها بەسەرهاتی ڤەرسکی و بێ تاوانیی کرێکارانی خەباتکاریش بۆ جەماوەران ڕوون کرایەوە. بڵاوبوونەوەی بەیان نامەی تازە، لەلایەک کرێکارانی بە ئاگا هێنایەوە و لەبەرێکی تریشەوە خاوەنکارەکان و هێزی پشتیوانی ئەوانی لەرزاندەوە.

ئیتر ڤەرا پێی نابوویە گۆڕەپانێکی هەراوی ئەوسەر نادیار و تێیدا مەلەوانی دەکرد. لە چەم و خەمی کار و پەچەکرداری دژ بە دوژمن، کەمتاکورتێک ڕاهاتبوو. وەک جاران دەست و پێ سپیلکە و بێ ئەزموون نەبوو. ئەو زانیارییانەی کە ئەو لە بەزمی زەماوەند دا وەدەستی هێنابوون، بەیاننامەیەکی شۆڕشگێرانەی لە سەر نووسرا؛ کرێکاری پێ ڕوون بۆوە و زۆردارانی تۆقاند.

ڤەرا کیژێکی ژیر و ریا بوو. لە سایەی لێهاتوویی خۆی و پەروەردەکردن و ڕاهێنانی مامۆستاکانیشدا، دە ئەوەندە لێهاتوویی وەرگرتبوو. تاسان و شڵەژانی جارانی نەمابوو. لە شانۆگەری و دەور گێڕانیش دا شارەزا ببوو. هەندەجارێک لە نەخش و دەوری ژنە جلک شۆرێک دا، بە چەشنێک خۆی دەگۆڕی و دەبوو بە جلک شۆر، کە هیچ نەدیو نەناسێک بۆی لێک نەدەکرایەوە، کە ئەمە "ڤەرا"ی جوان چاک و شۆخ و شەنگە و لەژێر کراسی چین چین و ژاکەتی حەوت ڕەنگیلەیەوە، دەستەوارێکی بەیاننامەی حەشار داوە. گەلێک ڕۆژان بەرگی ژنە کەدکار و زەحمەتکێشانی دەبەر دەکرد و بە بەهانەی دۆزینەوەی کار، سەری لە کارگە و

کانگەکان هەڵدەهێنایەوە و بەرنامەی خۆی بەڕێوە دەبرد و دەڕۆییشت. هەندەجارێک دەبوو بە کچە گوڵفرۆش و بە باوەشی پڕ لە گوڵەوە، سەردانی بنکە خێرەومەندەکانی دەکرد؛ دەگەڵ دەردەدار و نەخۆش و پیر و پەککەوتەکان قسەی دەکرد و دەیلاواندنەوە و لە هەلی بەجێش دا ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیاند. بۆ هەر بەرنامەیەک دەچوو، هەر ئەوەندە زانایانە دەور و نەخشی دەگێڕا، کە زۆر زەحمەت بوو شکی دڕدۆنگێک بەرەو خۆی ڕابکێشێت. لە بیلانی تێکۆشانی مانگانەی دا، هەڵەکاری کەم و کەمتر ببۆوەوە و پلەی ترس و دڵەڕاوکێیشی زۆر داکشابوو. سەیر ئەمە بوو کە "ئەژدەر"یش وێنا و نموونەیەک بوو لە چالاکانی زیت و زانای بواری تێکۆشان و دەگەڵ ڤەرا دوو باڵی ئەوپەلەوە تێکۆشەرە بوون، کە بووک "نینا"یان پێدەگوت. ئەژدەر و ڤەرا یاری هەرە بەکاری نینا بوون و بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی نینا، لە سەر دەستی ئەوانەوە بڵاو دەکرایەوە. سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نینا، وەرگرتنی "ماتریس"ەکانیش لە دایەرەی پۆستخانەی باکۆ، هەر لە ئەستۆی ئەواندا بوو. گەلێک جاران ماتریسەکان دەگەڵ وردە پوشاڵ و تەڵاشەدار، بۆ پاراستنی ئاڵبۆمی ڕەنگیی ڕووەک و ژینەوەر، دەکرانە نێوئاخن و لە نێوانی ئاڵبۆم و مجری و کارتۆنەکان دا جێ سازی دەکران. شایانی گوتنە، هەناردەکان هەر کەڕەتێک بە ناونیشانی کەسێک ڕەوانەی ڕوسیە دەکران، بەڵام بە نۆرە، جارێک ئەژدەر و جارجاریش ڤەرا وەک وەرگری ئاڵبۆمەکان پسوولەی پوستییان لە مست دا دابوو.

****

کاربەدەستی ژاندارم چەشنی کێچ هەڵبەزییەوە و گوتی:

ـ ئەمە چییە؟!.... کێ لە چاپی داوە؟ ... لە کوێت دەست کەوتووە؟!

ژاندارمی ژێردەست بە سەرسووڕمانەوە چاوێک لە کاربەدەست و نیگایەک بە سەر ڕۆژنامەکەوە، وڵامی داوە:

ـ من سەرچاوەی لەچاپدانی نازانم گەورەم... بەڵام لەناو کۆمەڵگادا قاوە و دەڵێن کچێک بەناوی "نینا" ئەم بەزمە بەڕێوە دەبات.

کاربەدەست توورەتر لە پێشوو، پڕ بە ژوور نەڕاندی:

ـ دیسان "نینا"... نینا... لە دوێنێوە تا ئیمڕۆ، ئەمە جاری دووەمە ناوی ئەم "نینا"یە دەبیسم... پێم بڵێ بزانم نینا کێیە و بۆچی دەسبەسەرت نەکرد؟

ـ گەورەم لە کوێ بیگرم و دەسبەسەری بکەم؟ ... من دەڵێم ئەم لاپەڕەیەم لە دەستی خەڵکی سەر شەقامانەوە ئەستاندۆتەوە... خەڵک وەری دەگرن و دەست بە دەست دەگەڕێت... دەخوێندرێتەوە و دواییش دەبێتە دڵۆپە ئاوێک بە زەوی دا ڕۆدەچێت و تەواو!...

ـ هەستە خیرا بڕۆ ناوی باوک و نازناوی بنەماڵەیی ئەو نینایەم بۆ بێنە!

کاربەدەستی ژاندارم، "ئیسکرا"کەی لە پاکەت خست و دوای لاک و مۆرکردنی، بۆ ژووری سەرکردەی حەواڵە کرد. هەرکە سەرکردی ژاندەرم، "ئیسکرا"ی بینی، سەرجەم دایرە و بەشەکانی ژاندەرم شڵەژان.

****

دواهەمین ڕۆژی مانگی دەسامبەری ساڵی 1901 تێپەڕ دەبوو. کرێوە و بەفر و باکوتەیەکی سەیر هوروژمی هێنابوو. تەوژمی شیتانەی زریان، دار و دیواری کۆڵان و شەقامەکانی بە بەفر و زوقم و سیخوار لووس کردبوو. بەستەڵەک شوێنێکی ڕەشی بە سەر هەردەوە نەهێشتبوو .

لە جەمسەری دوو شەقامی "مالایاموسکایا" و "سوراخانسکی"، ڕێبوارێک خۆی لە ناو کۆنەپاڵتۆیەکی درێژ خزاندبوو و هێدی هێدی بەرەو دوکانی دارتاشێک دەچوو. ڕێبوار سەیرێکی دەور و بەری کرد و دەرگای دوکانەکەی کردەوە. دوای ئەوەیکە بە کۆنە کڵاوەکەی بەفری سەر شان و شەپیلکی تەکاند، لە وەستای دارتاش نزیک بۆوە.

وەستای دارتاش پیاوێکی دەنێوەچوو بوو. سەر و ڕیشی تەواوێک بۆز ببوو. وەستا سەری لە سەر کار هەڵگرت و سەیرێکی میوانەکەی کرد. چیوەسان و ڕەندەکەی لە لایەک دانا. جغارەی لە داردەمنەی خست و بە ئاگری مەنقەڵەکەی دایگیرساند. ئەوسا ڕوو بە موشتەری، چاوەڕانی پرسیاری ئەو ڕاوەستا.

ئەژدەر کڵاوە تەڕ و تلیساوەکەی لە سەر کردەوە و پرسی:

ـ وەستا گیان! بڵێی تەڵاشە دارت لە لا دەست بکەوێت... لێت دەکڕم!... بەڵام دەبێ مایەمان بۆ دابنێی و لە خەڵکان هەرزانترمان بۆ حیساب بکەیت... منداڵەکانمان وردن و لە سەرما کەسیرە بوون.

ـ بەڵی تەڵاشەدارم زۆرە و چەندی بتەوێ دەتدەمێ... بەڵام بە چی دەی بەیتەوە ماڵ؟... گاریت پێیە؟!

ـ نەخێر!... گارێ دراوی گەرەکە و من نیمە... ئەگەر بۆم دە تەلیس بکەیت، خۆم بە کۆڵ هەڵیدەگرم و دەیبەمەوە... بەڵام نەتگوت چەندەم لێ دەستێنی!

ـ براکەم خۆ تەڵاشەدار زێر و زەمبەر نییە... خەم مەخۆ پێک دێین... بە ڕواڵەت گەنجێکی لە سەر دڵان دەنوێنیت و لەوانەیە پارەت هەر لێ نەستێنم و بەلاش پێشکەشتی بکەم.

زۆربەی کار و بەرنامەی ڕۆژانەی ئەژدەر و هاوخەباتانی بە زمانی ڕەمزی کەس نەزان بەڕێوەدەچوون. دوای قسەو باسی دار و تەڵاش و نرخ و بایی، دەگەڵ وەستاکار، ڕوو بە یەکتر دانیشتتن و ملیان نایە چاک و چۆنی و گێڕانەوەی باسی ڕۆژ. ئەژدەر گوتی:

ـ گۆیا خورجێنێکی نەخشین و جوانتان بەلاوەیە و من بۆ وەرگرتنی هاتوومە لاتان... ئەمەش بزانە، بۆیە لێت وەردەگرینەوە، پێویستیمانە!

ـ بەڵی خورجێنەکە گەلێک جوانە، بەڵام هەڵگرتن و ڕاگوێزانی بە تاکێک ناکرێت... زۆر قورسە و لەوانەیە تاقەتت پێی نەشکێت.
ـ بەڵی تاقەتم پێی دەشکێ و دەتوانم هەتا جەمسەری دوو شەقامان بە لاشانان هەڵی دەگرم و لەوێوە بە گالسکە ڕایدەگوێزم.
ـ تەواو!... بە گالسکە دەتوانی چوارانیش ڕاگوێزیت.
ـ چەلێ یەک خورجێنمان هەیە، نەک چوار!
وەستا بەدەم پێکەنین و قسەگێڕانەوە، مژێکی لە جغارەکەی دا و تاک دەرگایەکی نیوەکاری لە پەنا دیوار لابرد و لە ژێر کۆگایەک تەڵاشەدار، خورجێنەکەی دەرکێشا و بە دوو قۆڵی هەتا نزیک بە مەنقەڵەکەیان هێنا.
ئەژدەر سەیرێکی پەنجەری دوکانەکەی کرد و تاوێک ڕاوەستا. دارتاشەکە لە مەبەستی ئەژدەر تێگەیشت و گوتی:
ـ شووشەی پەنجەرەکە بەفر و سەهۆڵ دایگرتووە و کەس لێمان خەبەردار نییە. ڕۆژێکی ڕەشە و کەم کەس بە دەرەوەیە.
ئەژدەر سەنگ و کێشی خورجێنەکەی بەتاقی کردەوە و بەدەم پێکەنینەوە، گوتی:
ـ لە گۆترە دەڵێم، کێشی ئەم خورجێنە بۆرە، چل ـ پەنجا کیلۆیەک دەبێ.
ـ بەڵی دەبێ، بەڵام بۆ گەنجێکی خۆت ئاسایی پەلەپووشێکە و بێتوو تێی ڕۆ بێی، هەتا ئەوسەری شار دەیڕفێنیت .
بە یارمەتیی وەستای دارتاش، خورجێنەکەی خستە سەر شان و هەر وەک پێشوو یەخەی پاڵتۆکەی هەڵکێشا و دوای ماڵاوایی، لە دووکان هاتە دەر. سۆزی سەرما، پشوو کێشانی گران کردبوو. کەڕەسیسەی سەرمابردوو دەگەڵ زریان دەهاتە خوار و تێهەڵدەچوونەوە. لێک نەدەکرایەوە ئاخۆ ئەو وردەبەفر لە ئاسمانەوە دادەبارێت، یان لە زەوی بەرەو سەر تێهەلدەچێتەوە. ئەژدەر، لە لایەک دژ بە گژەبا شەڕی بوو و لە بەرێکی ترەوە، بە قورسایی خورجێنەکە داهاتبوو. بەڵام هەرچۆنێک بوو پێچی شەقامەکەی تێپەڕ کرد و بە پڕتاو خۆی گەیاندە گالسکەیەکی سەر داپۆشراو. لە پێشدا خورجێنەکە و دواییش خۆی سوار بوو. ئەسپەکان لە بەر سۆزی سەرما کڕ ببون. هەرکە گالسکەچی قامچی لە بانی سەریان هەڵسووڕاندن، لە باوەش سەرما دەرپەڕین و بە شەقامی"تەلەفونی"دا چوونە خوار. چەندێک ڕۆیشتن، بە ئاماژەی ئەژدەر، فایتوونەکە لە بەرامبەر دوکانی پێڵاودرووپەک دا ڕاوەستا و لە چاوترووکانێکدا کەسێک لە دوکانەکە هاتە دەر و سوار بوو. مسافری تازە، "ڤانۆ ستڕۆڤا" بوو. ڤانۆ بە دەم چاک و چۆنییەوە، سەیرێکی خورجێنەکەی کرد و گوتی:
ـ وا دیارە بارمان گرانە ئەژدەر!
ئەژدەر بە زەردەی سەرلێوانەوە وڵامی داوە:
ـ نەکەی لە قورسایی خورجێنەکە بترسێی!... ئەگەر بزانم تاقەتت پێی ناشکێ، هەتا تفلیس دەگەڵتا دێم.

ـ نا.. نا.. باوان گیان من لە ژێری دەردێم و خۆم دەبیەم... بوونی ئەژدەر لە شاری باکۆ سەد جار پێویست ترە... تۆ لێرە بمێنی بۆ ئێمە هەموو شتێکی.

گالسکەکە بە پڕتاو بەرەو وێستگە باڵی گرتبوو. هەرکە ئەسپەکان لە نزیک وێستکە ڕاوستان، ئەژدەر چاوێکی وردی لە دەور و بەر کرد و ئامادەی دابەزین بوو. هەر ئەودەم ڤانۆ دەستی ئەژدەری گوشی و گوتی:

ـ باوان گیان! ئەگەرچی دوو ڕۆژە بینیومی و تازە بووینە ناسیاو، بەڵام هەر دەڵێی ساڵیانی ساڵە هاودەم و هاوڕازی یەکتر بووینە ... خۆشحاڵم دەگەڵ خەباتکار و تێکۆشەرێکی وەک تۆ ئاشنا بووم... هەر وریای خوت بە، دەڵێن پۆلیسی باکۆیی گەلێک حەز بە گۆشتی نێچیری وەک خۆت دەکە...

ـ دڵنیابە هەڤالی هێژا، ئێمە لەو نێچیرانە نین بە هاسانی بکەوینە داوی سەگساران.

ئەژدەر بە گورجی دابەزی و ڤانۆ ڕووی کردە گالسکەچی و گوتی:

بەر وێستگە!

فایتونەوان ملێکی بادا و ڕووی قسەی دە ئەژدەر کرد و گوتی:

ـ بۆ کوێ کاکە؟!... ئەدی کرێی ئێمە کێ دەیدات؟

ئەژدەر گوتی:

ـ ئەو ئەربابەی لە گالسکەکەت دا پاڵ کەوتووە، لەو بستێنە. من کارداری ئەوم و خۆت دەزانی جۆرک و باخەڵی کاردار بەتاڵە... کرێی خۆت لەو دەستێنی...

ـ گوێ بگرە برا!... ئێوە کرێی سێ کورستان لە پێدایە.. سێ جارانتان فەرمانی ڕاگرتنتان پێداوم. لە حیسێبی ئێمەی گالسکەچی دا هەر ڕاگرتنێک دەبێتە کورسێک... ئەمە دەزانی؟

ـ من دەڵێم کرێی بار و کرێی کورسی تۆ لە باڵای ئەرباب دایە... لە وێستگەی باکۆ ـ تفلیس بیگرە و لێی بستێنە!

گالسکەچی بە سەر و سەکوتی زوقم لێنیشتوویەوە سەرێکی بادا و دە ئەسپەکانی ڕاخوڕی و بەرەو وێستگە کەوتە ڕێ. ئەژدەریش لە لاشانی تیرەگی چرای شەقامەکە دا چاوەڕانی هاتنی "قونقا" ڕاوەستا.

ئەژدەر دەوران پشتێکی خۆی ڕوانی و جگە لە خۆی کەسی تری لە وێستگەی قونقا دا نەبینی. سەهۆڵبەندان هێڵی ئاسنی قونقاکانی داپۆشیبوو و قونقاکان لە کار کەوتبوون. ڕیبوارەکان دەهاتن و بە پەنای دا تێپەڕ دەبوون و بە چاوێکی سەیرەوە سەیریان دەکرد. دوو کوڕە جحێڵە بە پانای دا تێپەڕین و یەکێک لەوان بە تەوسەوە گوتی:

---

قونقا = چەشنە شەمەنەفەرێکی بچووک سووک بووە، بە سەر هێڵی ئاسن دا ڕۆیشتووە و بە هێزی ئەسپ ڕاکێشراوە.

ـ سوێند خۆرە و، سوێندی خواردووە هەتا بەهار نەیە و گوڵ لە ژێر پێی نەڕوێت، ژێر ئەم تیرەگە بەر نەدا.

ئەوی تریان بۆ لای ئەژدەر هات و بە گوێی دا چرپاند:

ـ باوان گیان بۆچ لێرە خۆت قەتیس کردووە؛ بۆچ مەگەر نازانی ئەسپەکان مانیان گرتووە و سکاڵایان بۆ "دۆما" بەرز کردۆتەوە و گوتوویانە هەتا بە تەسەلی پێیان ڕانەگەن و جۆ خۆریان نەکەن، خۆیان نادەنەوە ژێر کەڵەوەی هیچ قونقایەک... بابی من لێرە مەویستە سەرما دەتبا.

ئەژدەر قسە و لاتاوی لاوەکانی بە هەند نەگرت و هەر ڕاوەستا. کڵاوەکەی هەتا سەر پشتی لووتی داکێشا و کۆنە پاڵتۆکەی دە خۆیەوە پێچا و وەک ئەوەی کە چاوەڕوانی قونقا ڕاوەستابێ، بە وردی سەیری پێچی شەقامەکەی دەکرد. سەرەنجام لەو بەری شەقامەکەوە سەڵتەیەک پەیدا بوو. ئەژدەر خۆی کۆکردەوە و شەقامی بڕی و بە پیادەڕۆی شەقامەکە دا هەڵکشا. ئەو ئاقارەی کە ئەژدە بۆی دەچوو، پشت بە با بوو. تەوژمی با، بە ڕادەیەک بوو، دەهات لە جێ هەڵیبگریت. ئەژدەر لە ڕۆیشتن دا زۆر بە وریایی دەڕۆیشت و شاقەلی پاڵتۆکەی بە دەست ڕاگرتبوو. لەم شەقام بۆ ئەوی تر چوو، سەرەنجام لە نزیک قەراغ دەریا، کۆڵانێکی گرت و لە سەرگەی کۆڵانەکە دا ڕاوەستا. زۆری نەخایاند سەڵتەکە بەرەو کۆڵان هات. سەڵتەکە خانمێکی باڵابەرزی خۆش پۆش بوو. پاڵتۆیەکی ماهووتی ڕەشی دەبەر دابوو. خانمی خۆش پۆشی باڵابەرز، ڤەرا بوو. ڤەرا بە دەمی زەردە لە سەر نیشتووی گوتی:

ـ ئەوە بۆ باڵت گرتبوو ئەژدەر؟

ـ تووند ڕۆیشتنەکەم هی خۆم نەبوو ڤەرا گیان... ڕەشە با دەیڕفاندم.

ـ بەڵێ ڕاستە... تۆفانی ماخولیا کەوتۆتە شەقام و کۆڵانان و هەرچی لە بەردەمی دایە ڕایدەماڵێت.

سۆزی سەرما، سەرگۆنای ڤەرای بە چەشنێک خەمڵاندبوو، هەر دەتگوت بەرگی گوڵی نەوبەهارە و ئاونگی لەسەر کەوتووە. توێژاڵێک جەغەتەی سەهۆڵ بسک و ئەگریجەکەی داگرتبوو، جووت ئەبرۆی کەوانیشی لەم بەشە بێبەش نەببوون و نمایەکی خەیاڵاویان پێدرا بوو.

ئەژدەر بە چاوێکی پڕ لە ڕێز و بە دڵێکی دارماڵ لە ئەڤینەوە سەیری قەد و باڵا و سەر و سیمای لە جوانی خەوتووی "ڤەرا"ی دەکرد. دەمێکی کورت حەیرانی سەیرانی ڤەرا بوو؛ لە پڕ بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ بۆچی پێدەکەنێت، پێکەنی. وەک بڵێی لە بەهارێکی بە تاو و ساوی پڕ لە گوڵ دا خەریکی سەیری جوانترین گوڵی گوڵزارە، سەرما و سەقەمی بیر کردبوو. دەروازەی دڵی بە رووی بەهارێک دا کرابۆوە، کە قەت حەزی بە داخستنی ئەو دەرگایە نەدەکرد. دوو دەستیان لە ناو دەستی یەک دا بوو. چاو دە چاو دا، بە قەدرایە هەموو تەمەنی زەمان، ڕازو نیازی دڵیان لە چرکەیەک دا پێک گەیاند. ئەرک و ئەسپارەدەکانیان گەلێک گەورە و گران بوون. ڕێ و ڕێبازی

داهاتوویان پڕی هیوا و هومێد بوو. لە بەرامبەری دا کیژۆڵەیەک ڕاوەستابوو، کە پاک و بێگەردتر لە ئاونگی بەربەیان، مەزنتر لە هەتاوی ئاسمان، پنجی ئەڤینی لە دڵی ئەو دا گرێ دابوو. ئەو پێکەنینە، جوابگۆی ئەو بەهارە بێ خەزانە بوو، کە هەر ئێستێ لە بەر دەمی دا ڕاوەستاوە و گەرمای هەناسەکەی هەست پێدەکات. چ بەهارێک لەمە جوانتر و چ باخێک لەم پارچە بەهەشتە ڕازاوەتر؟ ئاخر چ ژیانێک لەمە گەش و گەرمتر دەبێ کە دەگەڵ دلبەرێکی ژیر و ئاگا و دڵگر، هاوخەبات و هاوپەیمان بی؟ پێی پیاسەی ئەم ڕێبازە پیرۆزە ئەگەر بە گوڵزارێکی بێ چقڵ و دڕک دا تێپەر ببێ، چەند خۆش و چەند ئازیزە. بەڵام حەیف کە ئەم بەهارە قەتیسی دەستی زستانیکی دزێو و بەدفەڕە و، هەزاران بەست و بەستەڵەک گوڕەی لێدەکات و دەیترسێنێ. لە هەر بەڕیک دا دەیان مەترسی، لە هەر ڕێیەکدا سەدان کۆسپ و ئاستەنگی شاراوە هەیە و سەدان سوورە گوڵی تازە پشکووتوو هەڵدەپروێنێت. بیری جوانەمرگ بوون و کەوتن و هەڵنەستانەوەی بە بیری ئەژدەر دا تێپەڕی و تەزاندی. بیری جودایی و لێک هەڵبڕان ئازاری دا و دەستەکانی ڤەرای بۆ لێو برد و پڕ بە هەناوی، تامەزرۆیانە ڕایمووسی و گوتی:

ـ ڤەرا گیان وریای گیانت بە ئازیزەکەی من !... دەترسم...

ـ ئەژدەر بەس کە!... وشەی ترس شیاوی دەم و زاری تۆ نییە... تۆ ئەم وشەیەت لە کوێ هێناوە؟

ـ ڤەرا !... تۆ هەموو دنیاکەی منی و من ئەم دنیایە لە ناو خەرمانەیەکی تاریک دا دەبینم... ڤەرا لێم مەگرە...

گژەبا گێژەوەی بەفری هێنا و بە سەر و دەم و چاوی دا پرژاندن. ئەژدەر قسەی لە دەمدا بڕا. ڤەرا بە شاڵ گەردنەکەی سەر و دەم و چاوی لە بەفر پاک کردەوە و خۆی کێشایە پەسیوێک و پرسی:

ـ ڤانۆ ڕۆیشت؟

ـ بەڵی ڕۆیشت و ساغ و خۆشحاڵ بەڕێم کرد... بەڵام ڤەرا نابێ کاتەکەمان زایە بکەین... پێم بڵی بزانم لە کوێ چاوەڕێت ببم؟ ... تەنیا دەچیتە دایەرەی گومرگات؟

ـ بەڵی ڤەلادیمیر زاخارڤیچ منی بە تەنیا بۆ ئەو ڕاسپاردەیە هەڵبژاردووە. جاری پێشوو ئەتۆی هەڵبژارد و ئەمجارەش نۆرەی منە.

ـ بەڵگەی مۆرکراوی خانم دوکتوری ددانسازیشت وەرگرتووە؟

ـ بەڵی وەرمگرتووە و لە لایەن کاربەدەستی دەوڵەتیشەوە واژۆ کراوە... بەڵام ئەژدەر ئەتۆش نابێ زۆر دوور کەویتەوە، چونکە ئەمانەتی ئەمجارەکەمان قورسە و لەوانەیە هەڵگرتنی بۆ من سووک نەبێ... وەکی زاخارڤیچ گوتی، ئەمانەتی ئەمجارەمان سەرەڕای کەلوپەلی کایەکلێی مندالان، نۆزدە "ماتریس" و چەند فۆڕمی چاپیشی تێدایە. لە دەرەوە ئەم زانیارییانەیان پێداوین... شتەکان زۆرن و تاقەتم پێیان ناشکێت...

ـ من هەر لەم دەور و بەرە چاوڕێت دەبم و هەرکە لە دەرگا هاتیتەدەر، من دەتگەمێ.
ڤەرا خێرا و بە پەلە ڕۆیشت و ئەژدەریش لە پەسیوگەیەک دا ڕاوەستا .

****

# 17

"نۆگرۆڤکارلوڤیچ یەگۆرۆڤ" ، کارمەندە پیرە دزێوەکەی دایەرەی گومرگات، بە قژی چەور و سمێڵی تەنک و کەم موویەوە، لە پشتی مێزی کار دانیشتبوو. سەری بە سەر دەفتەری ئەستوور و پڕ پەڕی سەر مێزەکەدا، چڕ داگرتبوو. بەبێ ئەوەیکە سەر لە سەر دەفتەر و چاو لە سەر حیسابات هەڵبگرێت، بە دەنگێکی کپ گوتی:

ـ وەرە ژوور!

ڤەرا، بەهێمنی پێی نایە ژوورەکە. هۆدەکە گەرم و پڕ هەڵم و هالاو بوو؛ دەتگوت حەمامە. بەهاتنە ژووری ڤەرا،"یەگرۆڤ" یش لە جێ بزووت، بەڵام بەبێ ئەوەیکە سەیری ئەو بکات و بزانێ کێیە، دوو لقە داری خستە ناو سۆپەکە و نێڵی دا، جا ئەو جار سەری بەرزکردەوە و چاوێکی لە سەر تا بە پای ڤەرا کرد و گوتی:

ـ فەرموو خاتوون!

دەم و لێوی ڤەرا بە سۆزی سەرما سڕ ببوو. شاڵی سەر و گەردەنی کردەوە و بۆ گەرم بوونەوە دەست و پەلی ڕێک کوشین و بە زەردەیەکی زۆرەملیی سەر لێوانەوە گوتی:

ـ بەڕێزم! لە دەرەوەی وڵات هەنارەدەیەک بە ناونیشانی پوورەم هاتووە و من بۆ وەرگرتنەوەی هاتوومە لاتان.

"یەگۆرۆڤ" بۆ تاوێکیش چاوی لە سەر و ڕوخساری ڤەرا هەڵنەدەگرت و بە وردی و تامەزرۆیانە دەیڕوانی. ئەوسا بە دەم زەردەیەکی ناشیرین، کە سەد جار ناشیرین تری کرد، گوتی:

ـ ده وەرە پێشتر کیژۆڵە نەشمیلانەکە... وەرە با بزانم هەناردەکە لە کوێوە هاتووە و بەناوی کێیە و چی لە باران دایە... وەرە پێشتر با بزانم چ باسە...

ڤەرا لێی نزیکتر بۆوە و بەرگەی مۆرکراوی لە سەر مێزەکەی دانا. "یەگۆرۆڤ" بە نیشانەی ڕێزلێنان لەجێ بەرز بۆوە و بە وردی بەرگەکەی خوێندەوە. سەری بەرز کردەوە و بە دوو چاوی زیتی، وردتر تێی ڕاما و ڕوو بە هۆدەکەی تر دەمی کردەوە و بانگی کرد:

ـ بلینۆڤ!

دەرگای هۆدەکە کرایەوە و کارمەندێک بە جلک و کڵاوی تایبەتی چاوەدێرانی سەرسنووران هاتە ژوور و گوتی:

ـ بەڵی گەورەم فەرمانێکتان هەبوو؟

یەگۆرۆڤ بەر لەوەی وڵامی ئەو بداتەوە، ڕووی دەمی کردە ژوورەکەی تر و هاواری کرد:

ـ کوڕینە دەست لە کارتەکان نەدەن و کەشەی قومارەکەم لێ نەشیوێنن... هەر ئێستاکە دێم!

لەو ژوورەوە دەنگی "گورج بە... زوو کە و..." دەهات. دیار بوو چەندێک لە پشتی مێزی قومار دانیشتوون و خەریکی قوماری پەڕەخاڵانن.

یەگۆرۆڤ بەرگەی مۆر کراوی لە مستی بلینۆڤ نا و گوتی:

ـ هەناردەی ژمارە 147 بدۆزەوە و گورج بیهێنە!

بلینۆڤ ڕۆیشت و یەگۆرۆڤ کورسی دانیشتنی بۆ ڤەرا دانا و لێی پرسی:

ـ پوورەتان پزیشکی ددانسازە؟

ـ بەڵێ بەڕێزم.

ـ دوکتۆری پیشەیەکی گەلێک باشە خاتوونی من!... وا دیارە پوورەتان منداڵی بچووکی زۆرن...

ـ نەخێر گەورەم... پوورم منداڵی هەر نینە!

یەگۆرۆڤ بە نیشانەی سەرسووڕمان، جووتی ئەبرۆکانی تیژ کردن و پرسی:

ـ ئەدی ئامێری کایەکلێی منداڵانی بۆ چییە کە لە دەرەوەی وڵات دەیکڕێت؟!

ڤەرا بە شێنەیی جوابی داوە:

ـ گەورەم! زۆربەی هەرە زۆری موشتەرییەکانی پوورەم، بەچکەی دەوڵەمەندانن و ئێوە خۆشتان دەزانن کە منداڵی لاسار، دەبێ بە شتێک دەستەمۆ بکرێن. بەچکەکان دەمیان ناکەنەوە هەتا پوورەم ژێریان نەکات... ئەم وردە کەلوپەلەی بۆ ئەو کارە پێویستە... کەلوپەلەکەش نەک بڵێی هەرزان و کەم بەها بن، بەڵام چ کەردەن پیشەی پوورەشم بەمجۆرەیە و ناچارە ...

یەگۆرۆڤ قسەی لە دەمی ڤەرا ئەستاندەوە و گوتی:

ـ بەڵی تێگەیشتم و زانیم کە پوورەی ئێوە خاتوونێکی بەختەوەرە.

ڤەڕا بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ بەختەوەرە، چونکەئامرازی کایەی منداڵان لە دەرەوەی وڵات دەکرێت؟
ـ نەء... نەخێر، چونکە پوورەت خوارزایەکی نەشمیلانەی وەکی تۆی هەیە... کیژە جوانەکە! من سەرگەردی دیدەمەستانی لەبارم... ئەوەتا ناونیشانی پوورە بەختەوەرەکەرتان دەنووسم با هەر بەلامەوە بمێنێت. سەرم سووک ببێت، سەرێکی لێ هەڵدێنمەوە و سڵاوی تۆش دەگەیەنم...
هەر لەم دەمەدا ڕووداوێک، قسەی لە دەم یەگۆرۆڤ دا بڕی و یەک جێ لە سەر جێی هەڵبەزاندەوە. بلینۆڤ لە حاڵێکدا سندوقێکی گەروە و قورسی بە باوەشەوە بوو، چاوێکیشی بە سەر مێزی قوماری ژووری ترەوە بوو کە نەوەک هاوڕێیان پەڕەخاڵەکانی ئەو دەست تێوەردەن. بلینۆڤ لە هاتنە ژوور دا سەیری بەرپێی خوی نەکرد کە ژێردەرانەی دەرگاکە، باریکە ئاسنێکی بۆ کراوەتە قایمگیر. نووکی پێڵاوی بلینۆڤ لە باریکە ئاسنەکە گیری کرد و بەڕو دا خستی. بلینۆڤ بۆ خۆگرتنەوە، سندووقی قورس و گرانی لە باوەش دەرپەڕی و کەوتە دیوی "یەگۆرۆڤ"ەوە. سندووق لەبەر یەک بڵاو بوو و ئامرازی کایەکلێی منداڵان بە پانتایی ژوورەکە دا بڵاو بوونەوە. بە دەنگی کەوتن و لێک بڵاوبوونی سندووقەکە، کارمەندەکان لە ژوورەکانی دەور و بەریش دەرپەڕین و هەرای لێ ساز بوو. یەگۆرۆڤ، خەریکی بەرزکردنەوەی بلینۆڤ و کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان بوو، کە یەکجێ بە بینینی ماتریسەکان چاوەکانی خڕ بوونەوە و یەک بە ژوورەکە هاواری کرد و گوتی: بیگرن! ، بەڵام هەرکە شوێنی دانیشتنی ڤەڕایان بە چۆڵی بینی، بە پەشۆکاوی فەرمانی دەرکرد و گوتی:
ـ نەهێڵن دەربچێت... بیگرن!...
بە فەرمانی یەگۆرۆڤ، فەرمانبەرێکی گورج و گۆڵی بەشی پاراستن، چەشنی تیری ترازاو لە کەوان بە شوێن ڤەرا دا فڕی.
یەگۆرۆڤ گوتی:
ـ هەتا هاتنی نوێنەری ژاندارم، هیچ کەس بۆی نییە دەست لەم کەلوپەلە بدات. ڤەرا بە هەموو تین و توانای خۆیەوە لینگی دەدا و ڕایدەکرد. هەرکە ئەژدەر چاوی بە "ڤەرا"ی پەرێشان کەوت، خێرا بۆی بزووت بە دەم ڕاکردنەوە، پرسی:
ـ ڤەرا چ باسە؟.. چ قەوماوە؟
ڤەرا پاڵی دایە دیوار و ئیستێک ڕاوەستا. دڵ لە سنگی دا بەچەشنێک دەیکوتا، دەتگوت نیازی هەڵفڕینی هەیە. زۆر بە زەحمەت زمانی گەڕا و گوتی:
ـ ئەژدەر چی نەمابوو تێدا بچین... سندووقەکە شکا و ماتریسەکان لە ژوور دا بڵاو بوونەوە...
ـ ئەوە دەڵێی چی ڤەرا؟... ڕاکە ڤەرا... خێرا ببزوو، جێی ڕاوەستان نییە!...
ڤەرا پشوویەکی هێنا بەر خۆی و شاڵەکەی لە سەر و گوێلاک هاڵاند و خێراتر لە پێشوو ڕایکرد و ئەژدەریش بە شوێنی دا. بە دەم ڕاکردن، ئەژدەر گوتی:

ـ ڤەرا ڕاکردنمان پێکەوە باش نییە. تۆ ڕێگایەک بگرە و من ڕێگایەکی تر. من خەبەری کارەساتەکە بە لادۆ دەگەیەنم... بەڵام "ڤەرا"گیان بە سەری من تۆ وریای خۆت بە...

لە سەرپێچی کۆڵانەکەوە، ڤەرا شانی ڕاستی گرت و "ئەژدەر"یش بە لای ڕاست دا بەرەو سەر ڕۆیشت. فەرمانبەری پاراستن، بۆ کورتە دەمێک تێما؛ شوێنی ڤەرا بگرێت یان بە دوای ئەژدەر دا بڕوا!

ڤەرا بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو، بەبێ ترس لە خزین و خلیسکان، بە هەڵداوان تینی پێدا بوو. فەرمانبەریش بە شوێنی دا ڕەوتی لێ خۆش کردبوو، بەڵام کڕیوە و باکوتەی بەفر و بەستەڵەک ئاستەنگ بوون و، شوێن بە دژواری هەڵدەگیرا. هەر جار کە قاچیکی خلیسکەیەکی دەکرد، بۆ خۆ گرتنەوە، چەند چرکەیەکی لە کیس دەچوو.

ئەژدەر گەیشتەوە چاپخانە و هەرکە "لادۆ"ی سەرگەرمی کار بینی، بۆی چوو. سەر تا بە پێی ئەندامی لادۆ ئارەقی لێ دەتکایەوە. دەستەواری کاغەزی چاپ کراو، وای نیشان دەدا، کە "لادۆ" چی کردووە و چەندەی کار کردووە!

لادۆ بەبینینی ئەژدەر، لە سەر کورسی دانیشت و سەیرێکی سەر و ڕوخساری ئەژدەری کرد و گوتی :

ـ ئەژدەر چییە؟... چ بووە و چی قەوماوە؟... دەبینم چرژاوی و دە خۆت دا نەماوی!
ئەژدەر، کورتەیەکی بەسەرهاتەکەی بۆ گێراوە و بێدەنگ ما. لادو گوتی:

ـ ئەژدەر تۆ دڵنیای کەسێکت بە شوێن خۆت دا نەکێشاوەتە ئێرە؟!

ـ نەخێر!... من هەتا خۆم گەیاندۆتە ئێرە، دەیان شوێنم گۆڕیوە و ڕێگای پشت سەریشم بە تاقی کردۆتەوە... لەمە دڵنیام لادۆ !.. "ڤەرا"ش هەر بەم جۆرە خۆی دەرباز کردووە و کەس نەیتوانیوە شوێن پێمان هەڵبگرێتەوە...

لادۆ پشوویەکی خواردەوە و گوتی:

ـ بەڵێ باشە... ئەم ڕووداوە کۆسپێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵام نابێ ببێتە ئاستەنگی ڕێی تێکۆشانمان... ئێمە بە ڕێیەکی تر دا دەڕۆین و ڕێچکەیەکی تر هەڵدەبژێرین... بەدەم قسەکردنەوە، چاکەتەکەی کردە بەر و دوای ئیستێک بێدەنگی، درێژەی پێدا:

ـ هەرچی نووسراوەی لەچاپ دراوی ناو ئەم هۆدەیە، تەنیا نوسخەی ئافیشی تیاترۆ و ڕاگەیاندنی تجارەتی بمێننەوە و ئەوانی تر ڕادەگوێزین. ئەگەر هاتوو سەریان لێداین، با زەحمەتەکانمان نەبێتە دەسکەوتی ئەوان. باش بوو ئەم گشتە ئافیشە بازرگانییەم لێرەدا کۆ کردۆتەوە... لێبگەڕی با وابزانن ئێرە ئافیشخانەی تەماشاخانە و هونەرکەدە و بازەرگانییە.

پاش تاوێک بێدەنگی پرسی:

ـ "ڤانۆ"ت بەڕی کرد؟

ـ بەڵێ بەڕێم کرد ... من هەتا وێستگەی شەمەنەفەر دەگەڵی بووم، لەوێوە لە ئەستۆی قەرا دا بوو...
ـ باشە ، هەتا من ئەم گشتە چاپکراوانە لە کارتۆن داخنم، تۆ دەست و بردێک بکە و گارییەکەم بۆ بدۆزەوە... بەڵام بوێستە ئەژدەر!... پێم بڵێ بزانم، هەتا ناردنیان بۆ هەندەران، لە کوێیان وەشیرین... جێگایەکی ئەهوەنت پێشک دێ ئەژدەر!
ـ ژوورەکەی من چۆنە؟
ـ نەء... نا نەخیر ئەژدەر، ماڵەکەی تۆ جێگایەکی ئەهوەن نییە... ماڵی غوڵامت پێ چۆن جێگایەکە؟... بەڵێ ماڵی غوڵام نزیکە و مەترسیشی بەسەرەوە نییە... ئەتۆ بە شوێن گاڕێ دا بڕۆ ... گارێ... بەڵام کەمێک دوورتر لە چاپخانە ڕایگرە... هەوڵ بدە بەرە بەری تاریکبوونی هەوا بیهێنی... باشە ئەتۆ بڕۆ ئەژدەر!
ئەژدە وەدەر کەوت. کڕیوە و ڕەشەبا، شێت و هارتر لە پێشوو پێچ و خولیان بوو. چاو چاوی نەدەدیت و هەناسە بە دژواری دەکێشرا. ئەژدەر ڕێی ماڵی غولامی گرتە بەر و دوای دانیشتن و حەسانەوە، بەسەرهاتەکەی بۆ غولام گێڕایەوە. ئەژدەر سەبری کرد و بە قسەکردن کاتەکەی بردە سەر. هەوا تاریک ببوو ، لە جێ هەستا و دوای ماڵاوایی لە غوڵام، هەر لە گەڕەکی "ئیچەری شاری"گارێیەکی دۆزییەوە و بە سواری داشقە گەڕایەوە نزیک چاپخانە و خۆی بە شوێن لادۆ دا چوو. بە دوو قۆڵی، کارتۆنەکانیان هێنایەدەر و پێشەکی کارتۆنی زل و قەببە و دواییش وردە کارتۆنەکانیان دابەست. سەرما، هەرد و بوومی هەڵدەگوشی. تەزووی سەرما بارگینی داشقەکەی مات کردبوو. گاریوانەکە ڕووی کردە ئەژدەر و گوتی:
ـ دەسەر سەرت گەڕێم کوڕم ئەگەر دەست و بەردێک نەکەی، لەوانەیە ئەم ئەسپە دارینەیەم سەرما بی ئەنگێوێت و لێم بتۆپێت... ئەمە نان بدەی کۆشێک خێزانە کوڕی خۆم!
ـ هەر ئێستێ تەواو دەبین باوکەگیان... شتێکی ئەوتۆمان نەماوە...
ـ ئەم کارتۆنانە بوچ ئەوەندە قورسن کوڕم؟... ئەوە بەچی ئاخندراون هەر دەڵێی ئاسنەواڵەیان تێدایە؟
ـ گشتی کتێبن باوکە گیان!
ـ بۆچ مەگەر ئەم مامە ڕیشەیە، نووسەرە؟!
ـ نەخێر کتێبفرۆشە. کتێبفرۆشییەکەی بەرامبەر بە "پاراپێت"ە. دەگەڵ خاوەن ماڵەکەی لێیان بۆتە قڕە و، خاوەن ماڵ جوابی کردووە. ئەویش ئەوا خەریکی ڕاگواستنی کتێبەکانیەتی بۆ شوێنێکی دی.
گاریەوانەکە پاڵتۆ کەوڵینەکەی داکەند و بە سەر پشتی ئەسپەکەی هەڵکێشا و خۆیشی بە دەست و باسک هەڵماڵین، دەستی کرد بە هاتن و چوون.
باریان لێنا و وەڕێ کەوتن. لە بەر دەرگای ماڵی غوڵام خستیان و دوای ماڵاوایی دەگەڵ داشقەچی، کارتۆنەکانیان بۆ پەستووی ژووری تاریک و نمداری غوڵام ڕاگواست

و دوای کۆتایی کار، هاتنە دیوەخانەکەی غولام. ئەکبەر بە گورجی هەستا سەرپێ و دۆشەگەڵەیەکی تەسک و باریکی لە سەر هەرزاڵ هەڵگرت و بۆ"لادۆ"ی دانا. ئەژدەر لە لاشانێک و "غولام"یش لە لاشانی تری لادۆ دا دانیشتن.

لە نێوەڕاستی ژوورەکە دا چرایەکی نەوتی ڕۆندرابوو. سیسە شۆقی چراکە، هەر ئەوەندە بوو کە ژێر پێی و دەور و بەری خۆی ڕووناک بکات. لە ناو سۆپەکە دا وشکەڵە دار بە قرچە قرچ دەسووتا و تەشقی سەرمای هۆدەکەی دەشکاند. ئەکبەر لە پەنای باوکی، لە سەر چۆک دانیشتبوو و چاوی لە جەستەی درشت هەڵکەوتەی لادۆ ڕانەدەگواست. پوورەنیسا لەو دیوی ترەوە جار جار ئەکبەری بانگ دەکرد و چایی بۆ میوانان دەنارد.

غوڵام لە جاران لاوازتر و شکاوەوەتر دەهاتە بەر چاو. نەرمە کۆکە، پەسا پەسا دەهات و دەستبەرداری نەدەبوو. بەڵام بە هەموو ناسازی و هەناسەسواریشییەوە هەر لە هەوڵی ئەمە دابوو کە ئارام و هێدی بنوێنێت. کۆڕەکەیان، ئەگەرچی لە ڕوانگەی بێخەیاڵانەوە شێوەی شەونشینیی شەوبێدارانی دەدا، بەڵام لە ڕاستیدا دانیشتنێکی کپ و کەمدەنگ بوو. دانیشتنیک بوو، باسی چارەسەرکردن و توانەوەی کێشە و گرفتی تێدا دەکرا.

لادۆ، بە جەستە لە ناو کۆڕەکەیان دابوو، بەڵام نیوەی هەست و بیر و ڕامانەکەی لە دەور و بەری شاری "تفلیس" و خەباتگێرانی هاوڕەزمی "باکۆ" دا دەگەڕا. بیری لە کۆمەڵە مارکسیەکان دەکردەوە کە "سوسو*" بەڕیوەی دەبردن. تەڤگەڕی نهێنیی شاری تفلیس، پشتیوان و چاوسووری شۆڕشگەرانی شاری باکۆ بوو.

خەڵەسینی ئەدەبییاتی نهێنی و پاراستنیان لە ڕووداوی پڕ مەترسیی ئەمڕۆ دا، "ئەژدەر"ی گەشاندبۆوە. بەڵام شەشدانگی بیر و فکری هەر بەلای "ڤەڕا"وە بوو. بەردەوام بە مێشکی دادەهات کە هەیاران بڵێی ڤەڕا خۆی لە قەیران دەباز کردبێ؟ دەبێ هەر ئێستاکە لە کوێ بێ و چی بکات؟ لە دەمی ڕاکردن و جیا کردنەوەی ڕێی دەربازبوونیان دا، ڕوانینەکەی "ڤەڕا"ی هەر لە بەر چاوە. چاوەکانی "ڤەڕا" لەو دەمە دا پڕی نیگەرانی بوون. و دەتگوت چاوی کارمامزی سرک و سڵی دەشتستانە و بە بینینی ڕاوکەری بەدفەڕ، تروسکەی ترس و تاسانی پێدا گەڕاوە. بیر و هەست و ئارەزووکانی ئەژدەر، بە شوێن "ڤەڕا" دا خولی دەخواردەوە و نەدەپسایەوە...

"غولام"یش، بیری لە داهاتووی نادیاری ئەکبەر دەکردەوە کە ئاخۆ بڵێی مەرگ مەودا بدات هەتا گەورەبوون و لە خەم خەڵەسینی تاقانەکەی، زیندوو بمێنێت؟ ئەرێ بڵێی ڕۆژێک دابێت و کرێکاری ڕەنجەڕۆ بە ژیانێک شاد ببێت کە تێیدا لەش بەباری و بێ ئەنوایی بۆ هەتا هەتایە گۆڕ کرابێت؟ ئاخر خۆ ئازار و لادەسی و پەژارەی چینی کرێکار، کراسێک نییە کە بە بەژنی ئەو چینە چەوساوەیە بڕابێت... کەی؟... هەتا

---

* سوسو= ناوی نهێنیی ژۆزەف ستالین بوو لە ڕێکخراوەی حیزبیدا.

کەنگێ؟... لادۆ بە وردی سەیری غولامی دەکرد و هەر وەک قووڵایی بیر و خەمی ئەوی خوێندبێتەوە، دەستێکی خستە سار شانی و گوتێ:

ـ هیچ بیری لێ مەکەرەوە هاوڕێ!.. خۆر هەتا سەر لە ژێر هەور دا نامێنێت و سەرەنجام تیشکی دەردەکەوێت و ئێمەش دەبووژێنێتەوە... بەڵی ڕێگای دوورمان بڕیوە و لە بووکی ئاوات نزیک کەوتووینەتەوە... بە خەم و مەراقان بڵێ بەولاوە!... ڕۆژی خاشەبڕکردنی چینی ستەمگەر نزیکە و ڕۆژی گەشمان لە پێش دایە... ـ دەستێکی بە سەر سەری ئەکبەر داهێنا و درێژەی پێدا: ـ ئەکبەر و هەموو زار و زیچی کرێکار، ڕێچکەی ئەم تەڤگەڕە دەگرنە بەر و بە ئاکام دەگەن. ئەوان دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمن غولام!

ـ خۆزگەی منیش هەر بەرەو ئەو ئاقارەم دەکێشێت و بیر لەوە دەکەمەوە کە ڕێگەیەک بدۆزینەوە، زووتر بە سەرکەوتن شاد ببین هاوڕێ لادۆ؟

لە بری وڵامدانەوە، لادۆ ژمارەی دووەم و سێیەمی "بردزولا"ی لە باخەل دەرهێنا و گوتی:

ـ وەرامی پرسیاری غولام لە ئامۆژگارییەکانی مارکس و ئینگەڵس دا دەست دەکەون. پێشەوایانی مەزنی ئێمە دەڵێن، کە سەربەستی و کامیاریی چینی کرێکار هەر بە دەست و مستی خۆی دەستێندرێت...

ئەژدەر بە خرۆشەوە گوتی: وتەی ژیرانە بە ئەمە دەڵێن... ئەمەیە ڕێبازی ئێمە... لادۆ درێژەی پێدا:

ـ ... ڕزگاربوون لە زەنجیری دیلی و ژێردەستەیی و سەرکەوتن بەسەر مەزنیخوازان و لایەنگرانی نیشتمانی یەکدەست، تەنیا بە یەکگرتوویی هێزی کرێکار دەستەبەر دەکرێت. تەنیا خەباتی یەکدەنگ و یەکڕەنگی کرێکارە پشتی هەژاری و بێ بەشیمان تێک دەشکێنێت...

شەبەقی گڕە سوورەی ناو سۆپەکە، جارجار تروسکەیەکی دەخستە سەر سیمای لادۆ. سەر و سیمای لادۆ بە دەم خوێندنەوە وانەی پەروەردەکردنی کرێکار، دەگەڵ شەبەقی گڕە سوورە تێکەڵ دەبوو.

هەتا درەنگ وەختانێک دانیشتن و خوێندیانەوە و باسیان لەسەر کرد. لە دەرەوە، نووزەی با سرەوتبۆوە و هیچ دەنگێک نەدەبیسترا. بە هەستانی لادۆ، ئەوانیش هەستان و لە ژوور دەرکەوتن. با و باهۆز خەوتبووە و مانگەشەو بە تریفەی زێڕینیەوە، لە باخەڵ هەورەوە، دەمێک خۆی دەنواند و جارێکیش نەدیو دەبۆوە.

غولام گوتی:

ـ جلکی بەری هەواڵ لادۆ زۆر تەنکە و لەوانەیە سەرما کاری تێبکات؛ وا باشە بەلای ئێمە بمێنێتەوە. بەیانی زوو خەبەری دەکەمەوە.

لادۆ گوتی:

ـ سپاس هاورێ، من دەبێ لە کیس چوونی "ماتریس"ەکان بە هەڤاڵ لنین و سوسو ڕابگەیەنم. دەبێ چەند نامەیەک بۆ هاوڕێیان بنووسم و ڕێچارەیان لێ بخوازم. خۆتان دەزانن کە لەمەوە دوا، پۆلیس هار و یانیگرتر لە جاران دێتە جەستەمان. لەوانەیە پشکنینی ماڵەکانمان دەست پێ بکەنەوە و ڕاوەدونانی کرێکاریش لە نوێ بێتەوە. بەڵام ئەتۆ ئەژدەر! تۆ بە هەر چۆنێکی بۆت دەگونجێت، خەبەر بۆ ڤەڕا بنێرە کە هەتا ماوەیەک بۆلای چاپخانە نەیەت... ئەم پاوانکردنە خۆیشت دەگرێتەوە ئەژدەر!... تۆیش چاوەڕانی پەیامی ئێمە دەبی بۆ گەڕانەوەت... بەدەم قسەکردن، لەبەر شۆقی مانگەشەو دا سەیرێکی کاتژمێرکەی کرد و گوتی:

ـ هەڤالان! کاتژمێرەکەم بێ کەم و زیاد 12ی شەو دەنوێنێت؛ ئیتر هەر ئێستاکێ ساڵی کۆنمان جێ هێشت و پێمان نایە ساڵی 1902ی زایینی. ساڵی نوێتان ساڵێکی پڕ دەسکەوت بێ و لە ئەرک و کردەوەکانتان دا سەرکەوتوو بن. هەر بژین بە شادی و سەرفرازی... شەوتان شاد!

کووچە و کۆڵانەکانی"ئیچەری شاری" چۆڵ و کپ و بێ هاتوچۆکەر بوو. نیشتەجێیانی مەڵبەندی هەژارانی شاری باکۆ، واتە ئیچەری شاری، ساڵی ڕابوردوو چلۆن بوون، ئەم ساڵ و ساڵانی تریش هەر بەمجۆرە دەژین. ساڵی پێشین، باری ژیانی هەژارنشینانی شاری باکۆ چلۆن بوو، ئەمساڵیش هەر وەلۆیە؛ ئەی کەوایە تێپەڕ بوونی ساڵی کۆن و داهاتنی ساڵی تازە، چ جیاوازییەکی هەیە بۆیان؟!

دار و دیوار، سەربان و حەوش و حەساری گەڕەکی "ئیچەری شاری" بۆنی کەساسی و هەژاری لێوە دێت. دانێشتوانی گەڕەک خڕی خەوتبوون و کەس لە دەر دیار نەبوو کە بە شادیمانیی ساڵی تازە، مۆمێک داگیرسێنێ و تۆقتۆقەیەک بتەقێنێت. کەس بە دەرەوە نەبوو و سەرپاکیان لە ژێر پێخەفەکانیانەوە ساڵی کۆنیان بەرێ دەکرد.

نۆ پارچە "ماتریس"ی ڕۆژنامەی "ئیسکرا"ی ژێر چنگی پۆلیس ، ئەو ڕۆژنامانەی دەخستە ژێر دەزگای چاپ، کە دەبوایە لە سێ مانگی ئۆکتۆبەر، نۆڤەمبەر و دەسامبەر دا بڵاو بکرێنەوە. ئەم خەسارە مەزنە، تەمی خەفەتی بە سەر ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ دا باراند. ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین لە دەرەوەی وڵاتەوە، هومێدێکی مەزنی بە تێکۆشانی ئەندامانی باکۆ و چاپخانەی"نینا" و بڵاڤۆکی ئیسکرا هەبوو. ئەوەندەی بۆی کرابایە، بە نامە و پەیام، ئامۆژیاری بۆ دەناردن و بەرهەمی زەحمەتەکانیانی پەسن دەکرد. لە نامەیەکی سەرتای مانگی ئووت دا نووسیبووی: " ئاخۆ چاپەوان و پیتچێن و  پسپۆڕێکی شارەزاتان بۆ دۆزراوەتەوە کە هەم "ماتریس"ەکان بە پوخت و پاراوی ڕەنێو بێنێت و هەمیش ئەرکی سەرشانی ئێوە سووکتر بکاتەوە؟ ئەگەر بکرێ کەشم و مارک و مۆدێلی دەزگای چاپخانەکەتانم بۆ بنێرن، لەوانەیە من لێرەوە بتوانم بەشێک لە زەحمەتەکانتان سووک بکەمەوە. من ڕۆژنامەکانی ئێوەم نەبینیوە و نازانم

دەگەڵ بڵاڤۆکی ئێرە جیاوازیان هەیە یان چەشنی یەکن. زۆر باش دەبێ ئەگەر تەک ژمارەیکی ئیسکرای خۆتانم بۆ بنێرن، تا بزانم کامیان پەسندترن.

ئەندامانی تێکۆشەری کۆمیتەی باکۆ، دەستیان نەخستە سەر دەست و بە خەم دا نەچوونە خوار؛ زۆری نەخایاند پیتچێن و چاپەوانی شارەزایان بۆ دۆزرایەوە و چاپی ئیسکرایان دەست پێکردەوە. هەر دەگەڵ چاپی ئیسکرا، گەلێک ئاگاداری و بەیان و بڵاڤۆکی تریشیان لە چاپ دا و لە نێو کۆمەڵگای کرێکاری دا بڵاویان کردەوە. سەرەڕای ئەمانە،"نینا"، زۆربەی پەڕتووک و نامیلکەکانی مارکس، ئەنگەڵس و لێنینی لە چاپ دایەوە و بڵاوی کردنەوە.

هەتاکەی؟... ئاخر هەتا کەنگێ ئەم ئاوە هەر بەو جۆیە دا ڕاببرێت و هەر زۆردار لە سەر بێ و چەوساوە نوقمی چارەڕەشی بێت؟ نەخێر!... ئیتر کاتی ئەمەش هاتووە کە شەونخوون کێشانی تێکۆشەر، کە لەش و گیان بۆ بەئاگاهێنانەوەی ڕەنجبەران دەتاوێننەوە، ئەوانەی کەوا پشتیان دە هەموو خێر و خۆشی و حەسانەوەیەک کردووە و خۆیان دەبەر چینی چەوساوە مراندووە، دەسکەوتێکیان هەبێ و بەر و بەرهەمێک لە ڕەنجی خۆیان بە چاو ببینن. "نینا" و بەرهەمەکانی نینا، هەر ئەو بەر و بارە گرانبارەیە کە تێکۆشەرانی شەونوخونکێش، دەستیان کەوتووە و هەر بە چەشنی بیلبیلەی چاو دەیپارێزن.

شەو لە نیوە تێپەڕیبوو. ژوورەکە سارد و سڕ و بێدەنگ بوو، بەڵام چۆنیاتۆڤ و لادۆ و کەنۆنیانتس بی دەربەس بە ساردی و سەقەمی و تەزووی سەرما، دانیشتبوون و خەریکی لێکدانەوە و شیکاریی ئەو هەلومەرجە بوون، کە بە تازەگی لە کۆمەڵگای شاری باکۆی سەری هەڵدابوو. ئەوان لە ناو ئەو جەلە داوانەی کە سیستەمی پۆلیسی لە شاری باکۆ دا چنیبووی، خەریکی داودۆزینەوە و پلان داڕشتن بوون. دەبوایە بە یەک تیر چەند ئامانجان بپێکن و دەزگای پاراستنی ڕژێم لە ناو جەلە داوەکانی خۆیاندا دە داو بخەن. شێوەکاری نوێ و پڕۆژەی تازەیان بۆ مەڵبەندەکانی "بالاخانی" ، "بی بی هەیبەت"، "قاراشار" ، "ئاخ شار" و گەلێک تاخ و گەڕەکەکانی کرێکاری داڕشت. کاتێک کە یەکەم کازیوەی بەربەیان ئەنگووت و لە درزی پەنجەرەوە پەیامی کۆتایی شەوی ڕاگەیاند، ئەوانیش هۆدە تاریک و ساردەکەیان جێ هێشت و ڕۆیشتن.

****

بەڕاستی ژیانی مرۆڤ بەستە بە تاڵەمووییەکەوە بەندە. هەر هەنووکە لە سەر پێیانی و سەربەست و ئازاد خەریکی گوتن و بیستن و کەنین و گریانی، بەڵام تاوێکی تر، ساتێکی تر و مانگێکی تر نازانی چیت بەسەر دێت. هەر دوو ڕۆژ بەر لەمە، "یەگۆرۆڤ"ی کاربەدەستی دایەرەی گومرگات، خۆی بە سەرتۆپی هەموو بەختیارانی سەر ئەم جیهانە نەدەگۆرییەوە، بەڵام لەپڕ لێی قەوما و قلْپ بۆوە.

"یەگۆرۆڤ"، کاربەدەستێکی پایەبەرزی بەختیار بوو، کە ئەوەندەی ئارەزووی دەکرد، داهاتی نەغدینە و ڕێگای گوێبڕی و گەندەڵکاریی لە بەر دەست دابوو. سەندووقی ماڵی و پارەی حکومەت لە ژێر چۆکی خۆی دابوو. پیاوانی پلەی بەرز و دەسەڵاتدارانی باڵادستی خۆیشی بە بەرتل و سمێڵ چەورکردن دەستەمۆ کردبوو. ئیتر هیچ لەمپەر و ئاستەنگ و چقڵ و چەپەرێکی لە بەر پێ دا نەبوو، کە سڵەی لێبکات و لێی بترسێ. بەڵام داخ بە جەرگی، کە ژیانەکەی بە تاڵە موویەک بەند بوو. لەپڕ بای بیبەختی هەڵی کردێ و لێیدا و، "یەگۆرۆڤ" خزی و خۆی نەگرتەوە. هاتبا و ئەو کچەیان لە ژوورەکەدا بگرتبایە، ئەوەندەی بەختەوەر بوو، دەیان دەرگای بەختیاری تری بە ڕوو دا دەکرایەوە. بەڵام ئەو کیژە چاوجوانە، چەشنی بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو؛ چەشنی دڵۆپێ ئاو نوقمی زەوی بوو... لەگوێن پارووی دەستی پیاوێکی برسی، بە ئەوک دا ڕۆچوو.

کاربەدەستێکی لەڕ و لاوازی تووڕە، لە پشتی مێزەکەی خەریکی نووسین بوو. "یەگۆڕۆڤ" چەشنی وشکەڵە داری سەر بستوو، لە بەر دەرگا ڕاوەستابوو. چەند جاران دەخۆی نووسا و ویستی لێی نزیک ببێتەوە و خۆی پێ بناسێنێت، بەڵام نموودی کاربەدەستی پشتی مێز هەر هێندە تووڕە و تۆسن دەهاتە بەر چاو، کە "یەگۆرۆڤ" یارای جووڵەی نەبوو. بەلای خۆیەوە گوتی، لێبگەڕی با بۆخۆی بێتە دەنگ، نەوەک بەگژم دابێتەوە. لەپڕ دەنگی زیڕنی زەنگی سەرمێزەکە بێدەنگیی ژوورەکەی هەڵوەژارد و کاربەدەستی دزێو، هەستا سەر پێ. ڕاوەستان و جووڵەی ئەندامیشی توندی و تیژی لێدەباری. لە پشتی مێز هاتە دەر و بە ئامازەی سەر بە شوین خۆیدا بردی.

"خودایە!... خوداوەندا خۆت بگەی بە هاوارم!... ئەی هاوار ئەم میرغەزەبە بۆ کوێم دەبا؟" بە لنگەلەرزە و دڵە تەپە، بە شوێنی دا چوو. ژوورێکی گەورە، کە وێنەیەکی گەورەکراوەوەی تەواو بەژنی تزاری بە دیوارەوە هەڵواسراوبوو، سەد ئەوەندە بەسامتر لە کاربەدەستە گرژ و مۆنەکە بوو. هەرکە "یەگۆرۆڤ" چاوی بە تابلۆی سەر دیوار کەوت، کڵاوکەی داگرت و تەواو بەژن، بە کڕنۆش داهاتەوە. لەپڕ یەکێک گرماندی:

ـ وەرە پێش بزانم!

"یەگۆرۆڤ" نێوک و جەرگ و هەناوی پێکەوە بەربۆونەوە. کڕنۆشی لەبیر کرد و قیت ڕاوەستا و سەیری دەعبای بەرامبەری کرد.

سەرهەنگ "پاروشین" لە پشتی مێزێکی گەورە، لە سەر کورسییەکی عەنتیکە پاڵی دابۆوە. دیتنی سەرهەنگ پاروشین بەو هەموو قۆپچە زەردانەی یەخە و بەرۆکی و بەو گشتە ڕایەڵ دایەڵەی سەرشان و لاباڵی چاکەتەکەی، هەر بە جارێک "یەگۆرۆڤ"ی تێک شکاند. "یەگۆرۆڤ" دەیزانی کە ئەو سەرهەنگە چەندە بێڕەزا و سەیانییە. هەر چۆنێک بوو چەند هەنگاو نزیک کەوتەوە و ڕاوەستا. سەرهەنگ

"پاروشین"، لە پشتی مێز هاتە دەر و دەست لە ناو گیرفان ، چەند جاران لە ژوور دا هات و چوو. ئەوسا هات و لە بەرامبەر "یەگۆرۆڤ" دا ڕاوەستا و بە هێمنی گوتی:

ـ ئەو کەنیشکەی کە بۆ وەرگرتنەوەی "ماتریس"ەکان هاتە دایەرەکەی تۆ، کوا؟!

"یەگۆرۆڤ" گیانی لە جەستە دا وشک هەڵات. ئەوەی کە هێز و وزە بێ ، لە سێبەندە و چۆکی دا نەما. دەمی وشکی تامی تاڵی پێدا گەڕا. کەمێک دەمێ پێکدا تەپاند و نووزەیەکی لێهات و گوتی:

ـ ڕایکرد گەورەم!... دەمبووری گەورەی هێژام... بە شوێنی دا چووین، بەڵام گەورەم...

ـ بێدەنگ بە گەوجەی خوێڕی!... لاڵ بە!

بە دەنگی شریخەی سەرهەنگ، "یەگۆرۆڤ" دەهات بەلا دا بکەوێت. دەمی کردەوە قسە بکات، بەڵام لەبڕی قسە، پڵتە پڵتێکی کرد و دەمی تێک تەپی. سەرە خولە دایگرت و هەموو دار و دیواری ژوورەکەی بە دەوران دەوەی دا سووڕا.

سەرهەنگ، ورد سەیرێکی سەر و سیمای "یەگۆرۆڤ"ی کرد و لێی کشایەوە لە پشتی مێزەکەی دانیشتەوە.

"یەگۆرۆڤ" چەشنی پەیکەرە بەردینەیەک لەسەر جێ چەقیبوو. ئەوەی کە نیشانەی زیندوو بوون بێت، بە ڕوویەوە نەمابوو. سەرهەنگ بە سەری پەنجە، زەنگی زێوینی بەردەمی داگرت. بلێی یەک و دوو، پاسەوانێک هاتە ژوور. سەرهەنگ بە ئامازەی پەنجە، "یەگۆرۆڤ"ی نیشان دا و گوتی:

ـ ئەمە بخەنە کادێنەوە و هەتا کەنیشکەکە نەدۆزرێتەوە، دەرگای بۆ مەکەنەوە. بامجۆرە، هەسێرەی بەختی کاربەدەستی پایەبەرزی دایەرەی گومرگات، واتە "یەگۆرۆڤ"ی داماو، بەرەو نەهامەتێکی تاریکی ئەنگوستەچاو داکشاو هەرگیز تریفەی دروەشانەوەیەکی تری بە خۆیەوە نەدیت.

دوای ڕەکێش کردنی"یەگۆرۆڤ" بۆ زیندان، سەرهەنگ پاروشین لە درێژەی ژوورەکەدا هات و چوو. لە هەژمەتان دەستەکانی ڕێک دەگوشین و لە ژێر لێوانەوە خۆی دەدواند: چی بکەم و ڕوو دە کوێ کەم؟ ئەم سەربزێوییەی کە لە شاری باکۆ دا سەری هەڵداوە، بێشک لەم شارە دا موهەندیسی ناکرێت... بەڵی مێشکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەم تەڤگەڕە دەبێ لە شوێنێکی ترەوە کار بکات، بەڵام سازمانکارانی بەرنامەی گێرەشێوێنی و ئاژاوەنانەوەیان، لێرە لە باکۆ نیشتەجێن... من دەزانم ئەو چاپخانەیە لە شاری باکۆ دایە، بەڵام لە شاری "تفلیس"ەوە فەرمان وەردەگرێ. هەر ئەو ڕاپۆرتانەی کەوا لە بەر دەستی ئێمە دان، ئەمە پشت ڕاست دەکەنەوە. بەڵی تفلیس ئاگری ژێر کایە و لە گۆڕی ئەوەوە ئاگر دە ئێمە بەر دەدرێت... چاپخانە!... چاپخانە... ئەم چاپخانەیە دەبێ لە کام گەڕەکی شاری باکۆ دا خۆی حەشار دابێت؟... ئەو خانم دوکتۆرەی کەوا سندووقی ماتریسەکان بە ناو نیشانی ئەو دا هاتبوون، هەر ئێستا لە بەندیخانە دایە، بەڵام هەر لە یەکەم

سەرخوێندنەوەی دا دەرکەوت کە ئەو، لەم هێل و خەتە دا نییە و لێی بێخەبەرە... یارەب دەبێ ئەو کیژە کێ بێ و چکارە بێ؟... ورد ورد بیری لێکردەوە و ماڵ بە ماڵی شاری باکۆی هێنایە بەرچاو و پشکنینی، بەڵام چی دەست نەکەوە و گەڕایەوە ناو ژووری کارەکەی خۆی. هەر لەوەدەمە دا ئەمربەرێک هاتە ژوور و گوتی کە ژەنەڕال فەرماندار پەیامی ڕاگەیاندووە کە لە سالۆنی کۆڕی کۆمەڵایەتی دا چاوەڕوانتانە و دەبێ بچینە دیداریان. سەرهەنگ پاروشین بە بیستنی ئەم پەیامە، لە چەقی ژوورەکەی دا وشک هەڵات. "یەگۆرۆڤ" لە ژێردەستی خۆی دا چلۆن وشک هەڵات، ئەو خۆی بەم پەیامە سەد جار پتر لەو تاسا. ئەوەندە ترسا، کە ئەمربەرەکە دەمێک بوو ڕۆیشتبوو، بەڵام ئەو هەر لەو شوێنەی لێی چەقیبوو، جمەی نەهات. تۆزکاڵێک وەخۆ هاتەوە و بە دڵە لەرزە بەخۆی گوت:.. بەگوێی گەیشتۆتەوە.. بەڵی داستانی ماتریس و، کچ و ڕاکردن و دەستەوەستانی ئەویشی بە گوێ گەیشتۆتەوە... چەندە زووی پێ گەیشتەوە!... جەماعەت چەشنی گورگن، هەر ئەو بۆ ئەم تێدەچێنێت و هەر ئەم سەری ئەو دەخوات. بێ و نەبێ کار، کاری "لی لی یۆڤ"ی جێگری فەرماندارە. هەر ئەوە چەشنی گەماڵی برسی بەدایم خەریکی مڵومۆیە و بۆ ئەم و ئەو لێدەدات... ئەدی سەرۆکی پۆلیسی شارەکەمان بۆ ناڵێی؟ ئاخر ئەویش بەردەوام دەستی لەم کەڵەک و کوڵەکانە دا دەگەڕێت!... باشە ئەدی منی گەمژەی چڵمن چکارە بووم... بۆچی من خۆم ئەم خەبەرەم بۆ جەنابی ژەنەڕاڵ فەرماندار نەبرد؟... ئەمە گەوجێتی خۆم دەگەیەنێت... بەڵی نەفامی و گەمژەڵێی خۆم بوو...

سەرهەنگ پاروشین لە ژوورەکەی دا هەرچی جوێن و تووک و نەفرین بوو، بە خۆی گەیاند و دوای گاڵەدانی چەگمەجەی مێزی کارەکەی، بە هەڕەمە وەدەر کەوت. لە دالان و ڕێڕەوەکانی تالارەکەیدا، بەبێ دەربەست بە کڕنۆش و قوربان قوربان گوتنی کەسانی چاوەڕوانی نۆرەی زیارەت، بە گورجی بەرەو گالسکە تایبەتییەکەی خۆی لینگی دا و هاودەم دەگەڵ لوور بوونی ژوورۆچکەکە، بە تووڕەیی گوتی:

ـ لێخوڕە بەرەو هۆڵی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی.

"یەگۆرۆڤ"ی ماڵ کاول چلۆن بە لەرزە لەرزی سەر و دەست و قاچ، پێی دە هۆڵی سەرهەنگ پارووشین نا، ئەو خۆیشی هەر بەم چەشنە بوو. سەرهەنگ پاروشین بە ئەسپایی وەژوور کەوت. ژەنەڕال فەرماندار" ئۆدینتسۆڤ" لە تالاری ئاوێنەبەند، لە بەر پەنجەرەوە سەیری دیمەنی دەرەوەی دەکرد. سەرهەنگ لە بەردەرگا و ژەنەراڵ " ئۆدینتسۆڤ" لە بەر پەنجەرە، ماوەیەک مانەوە. ژەنەڕال هەر لەبەر پەنجەرە و پشت بە سەرهەنگ، شانێکی هەڵتەکاند و تیژ و تووڕە، بەڵام لە ژێر لێوانەوە گوتی:

ـ زۆر دەمێکە هەرای شار و هەنگامەی کۆمەڵگام لێ دەشاریتەوە سەرهەنگ!!

سەرهەنگ پاروشین ئاوی ئەژنۆی چوو. چلۆن "یەگۆرۆڤ"ی داماو لە بەر دەمی ئەو دا دەهات دەبوورەوە بچێت، ئەویش دەهات پێ ڕابێت و بە ڕوو دا بکەوێت. بەڵام دەخۆی نووسا و بە ئەسپایی گوتی:

ـ من دەمێکە خەریکی تۆکمەکردنی ڕاپۆڕتێکی شیاوی پێشکەش کردنتانم ، بەڵام سەرقاڵی و گیروگرفت ڕێی پێ نەداوم لە کاتی بەجێ دا پێشکەشی بەڕیزتانی بکەم و...

ژەنەرال بۆلای هات و سنگ بە سنگ، ڕووبەڕووی ڕاوەستا و بە هەوادەنگێکی ئاماڵ سەرسووڕماوانە لێی پرسی: ڕاپۆرت؟!... کەوایە لەمێژە دەستی نامە و ڕاپۆرت نووسینیشتان چالاک کردۆتەوە!

پاروشین دەیەویست خۆی بداتە لانی بێخەبەری و بەرگری لەخۆی بکات، بەڵام ژەنەرال بە چەشنێک وشەی "نامە"ی لە ناو دەمدا جووت، کە "پاروشین"ی خستە گومانەوە:.. هەیاران! کەواتە ژەنەرال لە ناردنی نامەی نهێنی بۆ "پترزبۆرگ"یش خەبەردار بووە. ویستی دەم بکاتەوە و قسەیەک بکات، بەڵام ژەنەراڵ چاوی دە چاوی بڕی و درێژەی پێدا:

ـ ئەوان شەونامە بڵاودەکەنەوە... ڕۆژنامە لە چاپ دەدەن... هەر لە ژێر چەتری دەسەڵاتی تۆ دا "ئیسکرا" لە چاپ دەدەن... دروشمی دژی تزار و ڕووخانی حکومەتیان خستۆتە سەر دەم و زاری خەڵک ــ بە دەم قسەکردن، سەری بەرەو تابلۆی تەواو بەژنی تزار وەرچەرخاندەوە و بە چەشنی سەنەم پەرەستێک، بۆی داهاتەوە و سەرهەنگیش بە لاسایی لە فەرماندار وەرچەرخایەوە و کڕنۆشی برد. ژەنەڕاڵ تووڕەتر لە پێشوو، گرماندی بە سەریدا و گوتی:

ـ تۆی سەرهەنگ، ئەوەندت مشوور نییە کە گومرگات و پۆستخانەی شارەکەت لە ژێر چاو دا ڕابگری. کچۆڵەیەک پڕی سندووقێک"ماتریس" لە دەرەوەی وڵاتەوە بە ژێڕ سمێڵانت دا ڕەکێشی وڵات دەکات و جەنابت لێێ بێخەبەری!... سەرهەنگ دەزانی ئەم شانۆیە، کرمی دڕدۆنگی و گومانی خستۆتە ناو مێشکمەوە؟!... گومانم لە تۆیە... گومانم لە دار و دیوارە سەرهەنگ!... ـ کەمێکی تریشی لێ نزیک بۆوە و چاوە پڕخوێنەکانی دە چاوی سەرهەنگ بڕی و لە ئەو پەڕی غەزریوی دا گوتی:

ـ من بۆنت لێدەکەم سەرهەنگ!... بۆنی ئەوەت لێدەکام دەستی تۆیش لە ناو ئەم قەیران و ئاڵۆزییە دا بگەڕێت...

سەرهەنگ بە بیستنی ئەم هەڕەشەیە، خوێن لە دەمارانی دا هێرشی بۆ مێشکی برد. بۆ بەرگری لە خۆی، سەری بەرز کردەوە، بەڵام هەرکە دوو پیاڵەی پڕ لە خوێنی دوو چاوی ژەنەڕاڵی بینی، بە یەکجاری ئاوی ئەژنۆی چوو. فەرماندار دیسان دووپاتی کردەوە و گوتی:

ـ گومانم لێتە و، پێم وایە تۆیش یەکێک لەوانی... من بڕوا ناکەم ئەوندە گێژ و گەمژە و ماڵوێران بی، کە شارێکی وەک "باکۆ"ت پێ بەڕێوە نەچێت؛ بۆیە پێم وایە یان یەکێک لەوانی، یان ئەم پلە و پایە بەرزەی کە ئەتۆ هەتە، بۆ کەسێکی چلمن نابێ و دەبێ ڕێچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە... تێگەیشتی جەنابی سەرهەنگ؟!

ژەنەڕاڵ دوای ئەم سووکایەتییە، پشتی تێکرد و لە درێژایی هۆڵەکەدا هات و چوو. ژەنەڕاڵ بەپێی عادەت، لە هەر شوێنێک ئاوێنەیەکی دیبایە، لەبەرامبەری دا ڕادەوستا و بە وردی، بە بەژن و باڵا و قەڵافەتی بە شان و شەوکەتی خۆی دا دەهات و تێی ڕادەما و هەڵی دەسەنگاند. لە هۆڵی مەزن دا، ئەگەرچی چەندین ئاوێنەی باڵانوێنی تێدا جێدرابوو، بەڵام لە هەژمەتان و لە چنگ پاروشین، وازی سەیرکردنی ئاوێنە و تێروانینی قەد و گیپاڵی خۆیشی نەبوو. بەدەم هاتن و چوونەوە، جگەرەیەکی لە قوتیلەی زێڕئاژنی سەر مێزەکە هەڵگرت، بەڵام بەبێ داگیران، لە ناو سووتەکدانەکەدا وردی کرد. لەپڕ ڕێگای کل کرد و دیسان لەبەرامبەر سەرهەنگ دا چەقی. بەهێمنی لێی پرسی:

ـ داخوا "لاورۆڤ" گەیشتۆتە جێ؟

پاروشین، وەک خەوتوویەکی باوەشی خەستەخەوێکی قورس، بەم دەنگە ڕاچڵەکی. خۆیەکی ڕەپ و ڕاست کرد و گوتی:

ـ نەخێر هێشتا نەهاتووە گەورەی بەڕێز... دەبێ هەر ئەم سەروبەندە وەدیار کەوێ.

ـ هاتنی "لاورۆڤ"یش دەستەوەستانی ئێوە دەگەیەنێت... خۆ ئەگەر ئێوە کارباش و داودۆز بوانایە و بڕشتی کارتان هەبوایە، ئەرێ بڵێی هاتنی کارزان و پسپۆڕی وەک "لاورۆڤ"مان پێویست بوایە ؟!... نەخێر ئەمە کەمدەستی ئێوە دەگەیەنێت، بۆیە دەبێ پسپۆڕی چەشنی "شەرلۆک هۆلمز"تان بەدیاری بۆ بێنن.

پاروشین زۆر بە سەخڵەتەوە دەمی کردەوە و گوتی:

ـ گەورەم!... ئێمە لە شاری باکۆ دا ڕاوکەری زۆر شارەزامان هەیە... هەر ئەم "لاورۆڤ"ەی کە لە شاری تفلیس دا نێوبانگی دەرچووە، بە نیو دانگی ...

ژەنەڕال فەرماندار هەرکە ناوی "تفلیس"ی بە گوێ گەیشت، چەشنی تۆپی سەحرایی تەقی و چەند هەنگاوێک لە سەرهەنگ دوور کەوتەوە. دوو دەستی لە پشت سێبەندەیەوە قایم کرد و بە هەموو توانایەوە گرماندی:

ـ تۆ چلۆن بەلای منەوە باسی تفلیس دەکەیت... تفلیس بۆتە کۆگایەکی یەکجار مەزنی تەقەمەنی و هاکا تەقێنرایەوە... تۆ بڵێی ئاگات لە مانگرتنەکەی کارگەی پێڵاودروونی "عادلخانۆڤ" نەبووبێت.. هەڵچوونی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن چێ جەنابی سەرهەنگ!... مانگی پێشتریش پتر لە شەش هەزار کەس لە شاری "باتۆم" ڕژانە شەقامەکان و هەرای لە سەر ساز بوو... بەندیخانە نەماوە کرێکاری تێ نەخزێنن، هیچ بنکەی ژاندارم و قەرەوڵخانەی پۆلیس نەماوە کرێکاری لێ دارکاری

---

* شەرلۆک هۆلمز = کتێبی داستانی خەیاڵیی پۆلیسییە، کە تێیاندا پۆلیس شارەزا و هەستیارە و قەت قەتی تاوانباری لە دەست دەرناچێت. تێیاندا پۆلیس هەمیشە سەرکەوتووە و هەرگیز هەڵە ناکات.

نەکەن، بەڵام کۆت و بەند و زیندان و ئازار و ئەزییەت بەرگە ناگرێت و هەر لە زێدەمەیی دایە... تۆپ و تفەنگ و شێر و تیریش باشاری ئەمانە ناکات سەرهەنگ!...
ژەنەڕاڵ پشوویەکی خواردەوە و بە گاڵتەجاڕی پێی گوت:
ـ بە خوای هاتنی هەزاران "لاورۆڤ" بۆ شاری باکۆ توانای ڕاگرتنی ئەم تۆفانەی نییە جەنابی سەرهەنگ!
پاروشین مرتەقی لێوە نەهات. ئەو دەیزانی لەم هەل و کاتانەدا بێدەنگ مانەوە گەلێک باشترە، چونکە ورده شتان دادەپۆشێت. هەمیسان ئەو دەیزانی جوابەجەنگی و دەم بە دمە دەگەڵ ئەودا دەبێتە تۆماری تاوان و بەبێ هیچ ئای و ئۆیەک، دەکەوێتە ئەستۆی. هەر بۆیە لە ماوەی هەڵچوونی فەرماندار دا، ئەو کشی کرد و بێدەنگ مایەوە.
فەرماندار دیسان دەستی بە هاتن و چوون کردەوە و دوای چەند خولەکێک، هات و لە بەر دەمی سەرهەنگ دا ڕاوەستا.
ـ جەنابی پاروشین! چاکەتەکەت داکەنە و سەیرێکی پشت و ناوشانی خۆت بکە، نەبا لەدەمی هاتنت دا "شۆڕشگێرەکان" شەونامەیەکیان بۆ پێوە دابی و نەتت زانیبێ!
پاروشین هەر وەک بای بێ، گوێی نەدایە و چاوەڕانی دوایین قسەی فەرماندار ڕاوەستا.
ـ دەبێژە بزانم جەنابی پاروشین، ئەو خانم دوکتۆرەی کەوا سندووقی ماتریسەکان بە ناو نیشان ئەوەوە هاتبوون، چی لێ بەسەرهات؟
ـ دەستبەسەرە جەنابی ژەنەڕاڵ، بەڵام وەئەستۆی ناگرێ و دەڵێ من لێی بێخەبەرم!
ـ ئەدی ئەو کیژۆڵەیەی کە گۆیا خوارزای خانم دوکتۆرە و بۆ وەرگرتنەوەی هاوردەکە هاتبوو، ئەو چی لێهات؟
ـ گەورەم! لە بەشی پاراستنی دایەرەی پۆستخانەوە بە شوێنی دا چوو بوون، بەڵام لە ناو گێژەوەی بەفر و بۆران دا گومیان کردبوو.
ـ ئای سەرهەنگ!... وەی لە تۆ!... ماوەی ساڵێکە... بەڵی ماوی ساڵێکە ئەو کیژە لە شارەکەی تۆ دا دەژی. دەگەڵ "جۆگا شڤیلی" پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە. لە شاری باکۆ دا سۆسیال دیموکڕاتەکان ڕێکخراوەیان هەیە و لە کۆبوونەوەی بەردەوام دان و لە هەر کۆبوونەوەیەکیش دا پلانی بەجێتر بۆ چالاکی و تێکۆشانی سبەی خۆیان دادەڕێژن. "دەدۆشکا" کێیە؟ "کنونیانتس" لە کوێنە ئیش دەکات؟... "لادۆکەتسخۆڤلی" و "مونتاین" بە چ لابارەناوێک خەریکی تێکۆشانن؟... مێشکی خۆت بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە مەشەمزێنە سەرهەنگ، کە دڵنیام لە وەڵامدانەوەیان دا تووشی وڕێنە

* جۆگا شڤیلی= ژۆزەف جۆگاشڤیلی ستالین

دەبی!...

بەڵام هەر ئەم کەسانەی ناوم بردن و ئەوانی تر و سەرجەمی چالاکیی شێلگیرانەیان، سەرەنجام داری سێدارەمان بۆ دەچەقێنن و پەتەکەی دەبێ خۆمان دە ئەستۆی خۆمانی بکەین جەناب!... تێدەگەی سەرهەنگ؟!

قسەی ژەنەراڵ فەرماندار بۆ پاروشین وەک "با" وابوو، دەهات و بە ژێر گوێچکەت دا فتی دەکرد و دەڕۆیی. هەروا بێدەنگ و بێ جووڵە لە سەر جێ چەقیبوو. بەڵام ئەو گریمانەیشی لە مێشک دابوو، کە نەوەک هەواڵی سووتمانەکەی "باڵاخانی" بە گوێ گەیشتبێتەوە و سەرهەڵدانی کرێکاران و وتاردانی "لادۆ" یشیان پێ گوتبێت؛ ئەگەر ئەوانەی بیستبیتەوە، ئیتر کار تەواوە. بەڵام بەخت هات و، بە هاتنی ئەمربەرێک، لە چنگانی ڕزگای هات. ئەمربەرێکی گەنجی لاوچاک دەرگای کردەوە و لەبەرامبەر ژەنەراڵ دا بەژنی چەماندەوە و هێدیانە گوتی:

ـ گەورەی بەڕێز، سەما دەستی پێکردووە و یەکەمین بەرنامە، سەمای "واڵس"ە. ئێوە بەڵێنیتان بە خاتوونی هێژاتان دابوو کە لە گەڕی یەکەم دا، پێکەوە شەرەف و شانازی بە کۆڕی سەماکارانی ناو هۆڵی مەزن ببەخشن.

"ئۆدینتسۆڤ" تەنیا بە بیستنی ئەم پەیامە تۆزکاڵێک کرایەوە و لە بەرامبەر ئاوێنە باڵانوێن دا دەستێکی بە قژی سەری داهێنا و بەر لە چوونە دەر، هات و ڕوی دەمی دە پاروشین کرد و گوتی:

ـ خاتوونی ئێوەش "نینا"خانم، لە گێژەوە بەفر و باران دا ونە... بڕۆ بیدۆزەوە و لە سەماگەی خۆتان دا گەڕێکی هەڵسووڕێنە.

پاروشین دوو لاقەبرغەی جزمەکانی تێک کوتان و بە سڵاوێکی نیزامی و بەژن چەماندەوەیک ، پاشەوپاش کشایەوە و لە ژوور دەرکەوت.

****

# 18

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، لە شاری باکۆ دا ڕاونان و بگر بگر دەستی پێکرد. هەر کەسێکی دەکەوتە دەستیان، دەیان پێچایەوە و دەیانخستە بەندیخانە. هەر بەندیخانەیەکیش کە پڕ دەبوو، سەرهەنگ پاروشین پلەیەک بە پەیژەی سەرکەوتن دا سەردەکەوت .

ئەدی دایەرەی ژاندەرم ئەگەر هەڵمەت نەبا و نەگرێ و نەگوژێت، بە کەڵکی چی دێت؟

ئەو ڕۆژە، پاروشین خۆی ساخ کردەوە کە تۆڵەی هەموو سوکایەتییەکانی کە لە لایەن ژەنەڕاڵ فەرماندارەوە پێی کرابوو، لە خەڵکی بستێنێتەوە. هەربۆیە و بەپێی فەرمانێکی کە لە ئۆرگانی باڵای ژاندەرمەوە بە پەل و مەفرەزەی ژاندارمەکان گەیشتبوو، بەبێ هیچ بەڵگەیەک، ئەوەی بۆنی سەربزێوی لێهاتبایە، تێکەوە دەپێچرا و ڕادەستی بەندیخانەکانیان دەکرا. بەندیخانەکان جمەیان دەهات و جێ نەمابوو کەسی تری تێ بکەن. کەسایەتیی سەرهەنگ پاروشین هەر هێندە ورد و خاش کرابوو، کە تەنانەت خودی خۆی بەندکراوەکانی دەخستە ژێر پرسیارەوە. هەر خودی سەرهەنگ ، بە بێ بوونی دادوەر، سووچ و تاوانەکانی سەنگ و کێش دەکردن و بە پێی تەرازووی کین و بوغزی دەروونی خۆی، پسوولەی زیندانی بۆ دەنووسین. هەر بە فەرمانی ئەویش، بەندکراو دەکەوتنە ژێر ئازاری زیندانەوانانی دڵڕەشی بێ بەزەیی و زمانی گوتنی زۆرەملییان پێ دەکردنەوە. هەرا و هاواری ئەشکەنجەکراوەکان دیواری بەندیخانەی دەلەرزاندەوە. نێو زیندان و داڵانی زیندان بۆنی خوێنی لێوە دەهات. سەر و گوێ شکاو، سنگ ڕووشاو و پشت داماڵدراو، لە گۆشە و کەناران کەوتبوون و لە چنگ ئەم حاڵ و گوزەرانە دەیان ناڵاند.

لە سەرەتا دا، پاروشین پێی وابوو بەم ستەمکاری و لێدان و ئەزییەت و ئازارە، برینەکانی ڕوحی نائارامی خۆی سارێژ دەکاتەوە و سوکنایی پێ دێت، کەچی دوای

تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێک، هەرکە بینی ڕادە و ڕێژەی شەونامە و بڵاڤۆکی کرێکاری لە زێدە بوون دایە و ڕۆژ نییە ئەمربەرانی ژێر فەرمانی ئەو، دەیان لاپەڕە لە دیواران دانەدڕن و پێشکەشی خزمەتی نەکەن، ئیتر گرتن و لێدان و ڕاگرتنی بێسوود بینی. هەستی پێ دەکرد، کە ژێرخانی ئەم دەزگایە هەڵۆڵ و ڕووخەکە و هاکا تێک تەپی. ئۆقرە و ئارامی لێ هەڵگیرابوو. خەو و خۆراکی لێ تێکچووبوو. نەخشەی تەواو مەڵبەندەکانی شاری باکۆی لە سەر مێزی کاری هۆدەکەی پان ڕاخستبوو. ئەو پەڕ و شەونامە و بڵاڤۆکانەی کە بۆیان هێنابوو، لە کوێ دۆزرابوونەوە و لە لادیواری کێهە کۆڵان و کامە مەڵبەند دەست کەوتبوون، لە سەر نەخشەی شاری باکۆ دەستنیشانی دەکردن. بەپێی خاڵە دەسنیشانکراوەکانی سەر نەخشەی شار، زۆرایەتیی هەرە زۆری بڵاڤۆک، لەو کۆڵان و شوێنانە دۆزرابوونەوە، کە جێی حەوانەوە کرێکار، یان شوێنی کارەکەیانە. پاروشین، بۆ گەمارۆدان و قرخەبڕکردنی سەرچاوی بڵاڤۆکی کرێکاری، کاراترین هێزی خۆشبەزی نهێنی لەو مەڵبەندانە دا جێگیر کردن. کێ و چ کەسێک لاپەڕە ڕۆژنامەیەکی لێ گیرابایە، دەخرایە ژووری تایبەتی زیندان و بە وردی سەریان دەخوێندەوە، بەڵام شەونامە و بڵاڤۆکی کرێکاری بە دوو قات و سێ قات زیاتر بڵاو دەکرایەوە. سەرهەنگ پاروشین لێی یەقین بوو کە "نینا" ، هەر ئەو کیژەیە لە کارەساتی دایەرەی گومرگات، لە چنگ سەربازی بەشی پاراستن دەرچوو بوو. لە دانیشتن و ڕۆیشتن و ڕازانیش دا بیری لێدەکردەوە و بەلای خۆیەوە دەیگوت: ئەم "نینا"یە دەبێ کچی چ باوکێک بێت و باوکی دەبێ کێ بێ؟ بەڵام بەچی دیارە ئەم ناوە، لابارەناو نەبێت و بۆ شوێنەونکە نەخرابێتە سەر دەم و زاران!... کێیە و چ کەسێکە، بێشک دەبێ بەرپرس و بگێر و موتوڕی هەڵسوورانەکە بێت... بەڵام شاری "تفلیس"!... بەپێی ڕاپۆڕتگەلێک کە لە لایەن دایەرەی پۆلیس و ژاندارمەی شاری"تفلیس"ەوە بە دەستی دەگەیشتن، نیشانیان دەدا کە ڕۆژنامەی "بردزۆڵا" لە شاری باکۆ لە چاپ دەدرێت و لە شاری تفلیس بڵاو دەکرێتەوە .

شەشدانگی هەوڵ و هەڵسووڕانی دەزگای پۆلیس و ژاندارمی شاری تفلیس، بەشوێن ناسینی و دۆزینەوەی" کەتسخوقلی " دا دەگەڕان. لە بەشی نهێنیی ئەواندا هاتبوو، کە "کەتسخوقلی" بە لابارە ناوی"لادۆ" لە ناو کرێکاران دا دەناسرێت. بەگوێرەی زانیاریی پۆلیسی شاری تفلیس، ئەو کەسە، وەک دەستی ڕاستی"ستالین"ە و لە شاری باکۆ دا خەریکی سازمانکاری و تیژکردنەوەی کرێکارە. تەنانەت لە مانگرتنی کرێکارانی "باڵاخانی"ش دا، ئەوە هەر ئەو کەسەیە سازمانکاری ئۆرگانی کرێکارانە. ئەم ڕاپۆرتە لە تفلیسەوە بۆ ئەو هاتبوو، بەڵام ئەگەر ژەنەڕاڵ فەرماندار لەم ڕاپۆڕتە بە ئاگا بوایە، بێشک کای دە پێستی سەری دەئاخنی.

سەرهەنگ، دوای وردبوونەوە و گرد کردنەوەی شوێن پێی بڵاڤۆکەکان، پێی وابوو مەکۆی چاپخانەکەی دۆزیوەتەوە و دەبێ بە وردی بۆی بچێت. بەهەموو تواناوە تێ

دەکۆشا و هەرچی زانستی کۆی دەکردنەوە، لە پلانی هەڵمەت بردن دا، لەبەر چاوی دەگرتن.

نەخشەی سەر مێزەکەی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ چڕتر و پڕتر دەبوو. هەر لاپەڕییەک لە هەر شوێنێک دەدۆزرایەوە، لە سەر نەخشەی شار دا خاڵێکی شینی بۆ دادەنا. خاڵەکان چەشنی پەتای جەستەی تێداری ئەو بوون کە بەردەوام لە زێدەمەیی دابوون و تەشەنایان دەکردە مەڵبەندەکانی تری شاری باکۆ. لەم ماوەیەدا، هەر شوێنێکی خاڵی شینی زیاتری بەرکەوتبایە، سەرهەنگ بۆخۆی و چەند کەسی پسپۆڕ بەو شوێنانە دا دەهاتن و هەستیان ڕادەگرت. لە "باڵاخانی" ، " سورەخانی"، "بی بی هەیبەیت"، "ئاخ شار" و "قاراشار" دا دەیان و سەدان لاپەڕە شەونامە و ڕۆژنامەیان لێ گیرابوو، بەڵام لە ناوەندی شاری باکۆ دا، زۆرکەم و بە دەگمەن شتی وای تێدا دۆزرابۆوە. سەرهەنگ پاروشین بە لێکدانەوەیەکی تێکڕایی، بۆی دەرکەوت کە "نینا" بەرهەمی خۆی لە بەر دەرگای خۆی دا بڵاو ناکاتەوە؛ کەواتە چاپخانەی نینا دەبێ لە ناوەندی شار دابێت .

سەرهەنگ پاروشین لە پلانی تازەی دا، مەڵبەندێکی خستە ژێر چاوەدێری، کە لە مەڵبەندی هەژاران و تاخی کرێکاران بەدوور بوو. لە وێستگەی شەمەندۆفێرەوە بیگرە هەتا گەڕەکی"داغلی" و کەنارەی ئاوی دەریای خەزەر و سەرتانسەری جادەی "شەماخی" ، لە پلانەکەی پاروشین دا گونجابوون. هەر لەو هەرێمە پان و بەرینەدا، دەیان و سەدان ئەمربەر و یەساوڵ و بەکرێگیراوی جێگیر کرد. گەلێ کەس، لە سەرگەی کۆڵان و جەمسەری شەقام و ڕاگوزەرگەکانی ئەو هەرێمەدا دەهاتن و ڕادەوستان و دەڕۆیشتن و دەگەڕانەوە. زۆر کەسی ئاسایی بە توو ترووکاندن، شەڕەچەقە دەگەڵ ئەم و ئەو، ساتوسەوداکردن، وردەواڵە فرۆشتن، گشتیان بەکرێگیراوانی پاروشین بوون و هەستیان ڕادەگرت. چاوێکیان دەکردە چوار چاو و بە وردی خەڵکیان لەبەر چاو دا ڕادەگرت. کەسانی گەڕۆک و لاپرسەن، خۆیان بە کار و کرگاری چرووک و بوودەڵە دەخافڵاند، بەڵام هەستیار و چاو زیندوو بوون. ڕەوەی جێگیرکراوی پاروشین هەر هێندە زۆر بوون، کە زۆرجاران دەکەوتنە بەر شکی پۆلیس و بە کۆگا ڕەپێچەک دەدران، بەڵام دوای سەرخوێندنەوەیەکی ساکار، ڕەوانەی گۆڕەپانی چالاکیی خۆیان دەکرانەوە .

ڕاستی، کە ژیانی مرۆڤ جار جارە بە تاڵەموویەکەوە بەندە؛ ئیمرۆکە لە سووچی گرتووخانەیەک دا پێ لەبەندی و بۆ تاوێکی تر نازانی چیت بەسەر دێت؛ ئاخۆ دەچیتە ژێر پەتی سێدارە، یان دەرگای ڕزگاربوونت بە ڕوو دا دەکرێتەوە!... کەس نازانێ.

سەرهەنگ پاروشین لە پشتی مێزی ژووری کار دانیشتووە. خۆی لە پشتی مێزی کار بوو، بەڵام بیر و فیکری، چەشنی بەلەمێکی سەر دەریایەکی تۆفانی، گیرۆدەی شەپۆلی ورد و درشتی تۆڤان بوو. بیری لەم قەرقەشە و بیری لە داهاتووی تاریکی

خۆی دەکردەوە... نینا!... نینا! ... لەپڕ و ناکاوێک لە سەر جێ هەڵبەزی و دوو دەستی خستە سەر مێزەکەی و تاوێ ڕاما... بەڵی نینا!... کێ ئەم "نینا"یەی بە چاو بینوە، یەگۆرۆڤ... بەڵی هەر ئەو "یەگۆرۆڤ"ەی کە سەردەمێک کاربەدەستی پایەبەرزی ئیدارەی گۆمرکات بوو... بەڵی تەنیا کەسێکی کە تۆقەی دەگەڵ "نینا" کردووە، هەر ئەوە لەم هەلە دا بە کاری دۆزینەوەی دێ. بەڵام یەگۆرۆڤ لە کوێیە و چلۆنی بدۆزێتەوە؟ کەمێکی بیر لێکردەوە و گورج هاتەوە بیری کە یەگۆڕۆڤ هەر لەو ژوورەی خۆی دا، چەشنی شلەهەویر دەهات بە سەر یەکدا بتەپێت و گیانی دەربچێت... بەندیخانە!... بەڵی یەگۆرۆڤ لە گرتووخانە دایە، بەڵام بۆچی و لەسەرچی بەند کراوە؟... هەرچی بیری لێکردەوە، بە چ وەڵامیک نەگەیشت. گوتی، شتی وا ڕوو دەدات! خۆ ئەم گشتە حەشیمەتەی دەکەوێتە بەندیخانە، سەرپاکی تاوانبار نین!...

پاروشین بە گورجی ئەمربەرێکی بە شوێن یەگۆرۆڤ دا ڕەوانەی زیندان کرد و بەبێ ئەویکە لاپەڕەیەک لە نامەی کرداری بخوێندرێتەوە، لە بەند ئازاد کرا و پێی سپێردرا هیچ دەرخەمی سووان و پوانی پێڵاوانی نەبێت. سەر و خواری شەقام و کوچە و کۆڵانی شاری باکۆ بگەڕێت و نینا بدۆزێتەوە.

بەمجۆرە، "یەگۆرۆڤ"، ئەو کاربەدەستە پایەبەرزەی دایەرەی گومرگات، لە بەند ئازاد کرا و وەک سیخوڕێکی گەڕۆک، ڕەوانەی دنیای ئازاد کرا.

****

# 19

بەگوێرەی ڕاسپاردەی کۆمیتەی شاری باکۆ و ئاگاکردنەوەی "لادۆ"، ئیتر "لادۆ"ش وریاکاری و نهێنیکاریی زیاتری ڕەچاو کرد. زۆربەی کاتی شەو و ڕۆژانی لە چاپخانە دا تێپەڕ دەکرد و سەرگەرمی کار بوو. "لادۆ"، دەیزانی خەتەری قەستەسەری "نینا" لە گۆڕێ دایە و ئەگەری نەمان لە بەردەمدایە. هەربۆیە لە دەمی کار و چالاکیش دا لە سیلەی چەترێکی ژنانەی کەوا لە بەر بێلای بەر پەنجەرەی ژووری کار داندرابوو، ڕێبوارانێکی دەبینی کە هەستیارانە، لێرە و لەوێ دەخەفتێن و ورد ورد خەڵک دەخەنە بەر چاو. لە هاوڕێیانی کۆمیتەی شاری باکۆ، تەنیا دوو پیتچێن بۆیان هەبوو هاموشۆی چاپخانە بکەن. ئەژدەر و ڤەڕا هەر ببڕای ببڕا بۆیان نەبوو بەو گاز و گوزەرە دا تێپەڕ ببن. دوو پیتچێنەکانیش جار ناجار بە ماوەی دوو هەفتە بە شوێن کاری تایبەت دا ڕەوانەی دەرەوەی شار دەکران و تەنێ "لادۆ" دەمایەوە و کاری چاپخانە. پێداویستییەکانی ڕۆژانەی "لادۆ"، لە لایەن"پیوتر چونیاتۆڤ"ەوە دابین دەکرا.

بیرەوەریی یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی فیڤریەی ساڵی1903 ، بۆ ئەژدەر هەرمانە و هەمیشە خەمبارانەیە.

[ ئەو ڕۆژە، ئەژدەر کۆنە باڵتۆیەکی پینەکراوەکەی لەبەر کرد و لە ماڵ هاتە دەر. لە سەربەرەژووی شەقامەکە وەسەرکەوت و گەیشتە گەڕەکی داردانیل. لێرەوە، سارده بایەکی ژینەوەرتەزێن لە مێشک و دەمار کاری دەکرد. بە هەر چەرمەسەری و دەست و پێ هەڵگوشینێک بوو، ئەژدەر لە لێژایی تەپۆڵکەکە بەرەو شەقامێکی ناوەندی شار داکشا و هانای بردە کۆڵانێک و لە پەنایەکی باپەسیو دا ڕاوەستا. ئەوەندەی سەرما و سەقەم ئازاری دەدا، برسیایەتی دە ئەوەندەی لەپێ خستبوو. ئەوە سێ ڕۆژ بوو، جگە لە ئاو، چێژی لە هیچ خواردنێک نەکردبوو. نەیدەزانی بۆ کوێ بچیت و ڕوو لە کوێ بکات. "غولام" لە شوێنێکی دوورەدەست کارێکی دەست کەوتبوو. ماڵی غولام دوور نەبوو، بەڵام پوورە"نیسا"ی خێزانی غولام خانمێکی ژیری

دڵ و دەروون کراوەوە بوو. لە یەکەم دیدار دا دەیزانی میوانەکەیان برسییە و دەبێ شتێک هەبێ لە بەر دەمی دابنێ. "ڤەرا"ش بۆ ئەنجامی کارێک ڕەوانەی شوێنێک کرابوو ؛ ئەدی چی بکات و چلۆن دەربەرێ؟ بە هەناوی خورێن ناکرێ بەرگەی ئەم سەرمایەش بگرێ. "مەلیک مەلیکیانتس"یش لە کارگەی کارەبای"بائیل"دا ئیشێکی کاتی و بە مزەی ڕۆژانە وەرگیرا بوو، بەڵام ئەژدەر نەیدەزانی ئاخۆ دەستی بەکار کردووە یان نا؛ ئەگەر دەستی بەکار کردبێ، هیچ نەبێ ئێوارە بە کاتی تەواوبوونی ئیش، چەند "کۆپێک"ێک مزە وەدەگرێت و دەکرێ هۆمێدی پارۆ نانێکی لێ بکرێ. بەدەم بیرکردنەوە و خۆدواندن، لە شەقامی"نیکۆلایۆڤیسکی" بەرەو "سادۆ" چوو. لێرەوە، دەبوایە لێوارە و لێواری دەریا بڕوات. لە ڕۆخی زرێ دا، سۆزی سەرما دەماری ژینەوەری دەتەزاند و چەشنی شەوە گیانداری هەڵدەگوشی. ئەژدەر بە هەر چەرمەسەرەیەک بوو، خۆی گەیاندە کارگەی کارەبا و بە هەڕەمە خۆی پێداکرد. هەرکە وەژوور کەوت، تینی سۆپەی نێوەڕاستی ژوورەکە گیانێکی تازەی پێدایەو و بە گورجی بۆ سۆپەکە چوو. کرێکارێکی دیوناس، لە پەنا سۆپەکە، لە سەر کورسیلەیەک خەریکی چایی خواردنەوە بوو. هەرکە چاوی بە ئەژدەر کەوت، بانگی کرد:

ـ وەرە دانیشە هاوڕێ، وا دیارە سەرما کەسیرەی کردووی... ورە دانیشە بزانم!

ئەژدەر توانای وڵامدانەوە نەبوو. دەم و لێوی جووڵەیان لێ بڕابوو. لوولە سۆپەکەی پڕ بە باوەش دە هەمێز گرت و سنگ و بەرۆکی بۆ گەرما کردەوە. هەوای گەرمی بە لووت دا هەڵمژی و بە دەم دا دەری دایەوە. وردە وردە گەرم بۆوە و گیانێکی هاتەوە بەر. ڕووی دەمی دە هاوڕێی کرد و گوتی:

ـ خوێن لە ڕەگۆڵانم دا جەمام ببوو... چی نەمابوو پێ ڕابێم.

کرێکارەکە چاییەکی لە بەردەمی دا نا و گوتی:

ـ بگرە ئەم چاییە پێداکە با هەناویشت گەرم ببێتەوە.

چایی داغ و تینی سۆپەکە لەشی ماندوویان حەساندەوە. گڵێنەکەی داوە و گوتی:

ـ ڕاوەستاو بی هاوڕێ، بەڕاستی تام و بۆنی چایی و گەرمای سۆپەکەت تەواوێک بووژاندیانمەوە.

ـ ڕاوەستە با گڵێنەیەکی تریشت بۆ تێکەم !

ـ خۆش بی برا گیان، بەسمە... دەمت شیرین بێ!

ئەژدەر بەلای خۆیەوە گوتی: "پیاوی برسی کوا بە ئاو تێر دەبێ!". ڕوی کردە هاوڕێی و لێی پرسی:

ـ چلۆن دەکرێ "دەدۆشکا" ببینم ؟

هەرکە کرێکارەکە ناوی"دەدۆشکا"ی لە دەمی ئەژدەر بیست، شێوەی گوتنی گۆڕدرا و سەرسووڕماوانە پرسی:

ـ ئەو کێیە؟... لێرە من کەسێک بەناوی"دەدۆشکا" ناناسم...

ـ بەڵێ لێرەیە!

ـ وا دیاره سەرما و سۆڵە کاریان لێکردووی!... بڵێی کەسێک لێرە ئیش بکات و من نەیناسم؟... من نەزانم کێ لێرە ئیش دەکات و تۆ بیزانی!! ئەمە سەیر نییە؟!
ـ بۆچ پێت سەیرە کاکە؟ بڵێی من نەزانم باوە گەورەی من لە کوێ ئیش دەکات؟
ـ چی؟!.. کە واتە تۆ کوڕەزای ئەوێ؟!... بەڵی ئەمجار قسەکەت دە جێدایە... بەڵی لێرەیە کاکە ـ بە دەم زەردەی سەرلێوان و ئاماژەی پەنجە، بە ئەسپایی پێی گوت:
ـ هەرکە لەم ژوورە چوویتە حەوشەی کارگە، لای ڕاست بگرە و دەرگای بەرامبەرت بکەیتەوە، باوەگەروەی خۆت لەوێ دا دەبینی.
ئەژدەر بە سپاسەوە هەستا و دوای ماڵاوایی کردن، هەر ئەو ڕێگایەی گرتە بەر کە ئەو گوتبووی. سەرما و سۆڵە تۆزکاڵێک ئەهوەن ببۆوە و دیار بوو هەوای بەفر بارینی هەیە. کڵاوکەی داکێشا و کۆنە باڵتۆکەی بە خۆیەوە گوشی و ڕێک بەرەو دەرگای بەرامبەری چوو. کورتەدیواری هۆدەکە، نیوە بەرد و نیوە دار و پەردوو بوو. دەرگای هۆدەکە هەر هێندەی سەهۆڵ گرتبوو، دەسگرە و بەری لاولاوەی دیار نەبوو. بە سەری پەنجە چەند جارانی کوتایە دەرگاکە و، ڕاوەستا. پاش ئیستێک ڕاوەستان، دەرگای بەڕوو دا کرایەوە و باڵابەرزێکی ڕیش پان لە بەر دەرگاکەوە گوتی:
ـ کێتان گەرەکە باوکەکەم؟
ژوورەکە تاریک و پشتی دەرگاکەش ئەوەندە ڕووناک نەبوو کە بکرێ ڕوخساری کابرا ببینێت، بەڵام دەنگی کابرای ڕێش پان بە گوێی ئەژدەر ئاشنا بوو. ئەژدەر یەخەی باڵتۆکەی داکێشا و کڵاوەکەیشی کەمێک لادا و لە دەرگاکە نزیک بۆوە. کابرای پشتی دەرگا، دەستی کێشا و شانی ئەژدەری گرت و بەرەو خۆی کێشای و گوتی:
ـ ئەژدەر ئەوە تۆی؟... وەرە بزانم... ورە ژوور!
ـ هەڤاڵ کنونیانتس بمبوورە بەم سەر و ڕیشەتەوە نەمناسییەوە.
دەرگاکەیان گاڵە دایەوە و چوونە ژوور. ژوورەکە نیوەتاریک و سارد بوو. لە پەنا مێزێکی بچووکی نێوەڕاسی ژوورەکە دا دوو کەس دانیشتبوون، یەکیان "مەلیکیانتس" و ئەوی تریان "لادۆ کەتسخۆڤلی" بوو. هەرکە ئەژدەر نزیکتر بۆوە، "لادۆ" لە سەر جێگا ڕابوو و وەک برایەکی ئازیز، "ئەژدەر"ی دەباوەش گرت و بە وردی تێی ڕاما.
ـ ئەژدەر!... دەستەبرای باشی من، زۆر لەمێژە لێک دوورین. تەواو تاسەتم کردبوو. ئەدی پێم ناڵێی بۆچ ئەوەندە کز و لەڕ و لاواز بوویت؟
ـ بەڕیز هەڤاڵ لادۆ، منیش بە ئارەزووی دیدارت بووم، بەڵام ئەدی بۆچ پێم ناڵێی هۆی لاوازی تۆ چییە؟ هەر نەک من و تۆ، ئەوەتا هەڤاڵ "بوگدان"یش وەک جاران نەماوە.
بە زەردەی پێکەنینەوە،"لادۆ" دەستی ئەژدەری گرت و لە پەنا خۆیدا کورسی بۆ دانا و دانیشتن.
ـ باس کردن لە کزی و لەڕ و لاوازی بێسوودە و دیارە هۆی چییە، بەڵام ئەوەی کە ڕوون و گەش و هیوابەخشە، ڕۆژی سەرکەوتن و بە ئاوات گەیشتنمانە، کە بەرە

بەرە لێیێ نزیک دەبینەوە. بەڵام گوێ بگرە ئەژدەر بزانە لەم ماوەیەدا ئێمە چیمان کردووە و بەرهەمی چالاکیمان چییە ـ چاوێکی لە هاوڕییان کرد و دوای پشکنینی گیرفانەکانی، لەباخەڵی بەرەوەی چاکەتەکەیەوە ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا. ڕۆژنامەکە ، ژمارەی نوێی ئیسکڕا بوو. دوای چاوپێداخشاندنێکی تێکڕایی، "لادۆ" بە شادمانییەوە گوتی:

ـ ئەوا "نینا" بەرە بەرە بە تەمەن پێ هەڵدەچێت و لە خاوی و کاڵ و کرچێتی دێتە دەر. بەرهەم و بڵاڤۆکی "نینا"کەمان یەک و دوو نین؛ "ئیسکڕا" لە چاپ دەدا و بردزۆلا، پەرتووک، نامیلکە، ئاگاداری و شەونامەش دەردەکات... ئێوە لە "ئیسکڕا" بروانن و سەیری کەن و بزانن چەندە بەڕێوجێ چاپ کراوە!... چاپخانەکەمان گەلێک ڕند و بەرهەمبەخشە. بەڵام تەنیا گرفتێکی کە هەیبێت، کەرەسەی خاومان درەنگ دەگاتە دەست. "ماتریس"ەکانیش بە کاتی بەجێ ناگەنە دەستمان. گەلێک جاران بەهۆی درەنگ مانەوەی ماتریس و دەست نەکەوتنی کەلوپەلێ پێویست، "نینا" ناچار دەبێ کتێبی وانەی خوێندنگەکان لە چاپ بداتەوە.

"زاخارڤیچ" دەستێکی خستە سەر شانی ئەژدەر و خۆشەویستانی لێی پرسی:

ـ لەوانەیە بۆ "نینا" زۆر کەیل و خەمناک بی هاوڕێ؟

ـ کەیل و خەمناک و دڵ بەپەرۆشم بۆی، بەڵام ئەم پاوانکردنەش دوایی دێت و دەزانم زۆر ناخایەنێت و پێی شاد دەبمەوە... بەڵی جار جارەش دڵم بۆی دەکورکێنێت و حەز دەکەم ببینم، بەڵام دەزانم ئەم پاوانکردنەش پاراستنی "نینا" دەستەبەر دەکات و نابێ پەیمان بشکێنم.

لادۆ لێبڕاوانە گوتی:

ـ ڕاستە ئەژدەر!... منیش ڕادەی ئۆگری و ئەڤیداریت دەزانم و تێدەگەم حەز و خۆزیای تۆ بۆ "نینا" چۆنە و چەندە. بەڵام ڕێک و تەباجووڵانەوە، یاسای ئێمەیە و دەبێ ڕەچاوی بکەین. ئێمە خۆمان دەزانین کە "نینا" چەشنی نەقیمی هەنگوستیلە، دە گەمارۆی نەیاران کەوتووە. پاروشین سەدان چنگ بەخوێنی بۆ وەگەڕ خستووین. دەیان دز و چەتە و ساختەچی و پۆخڵەپیاوی بەکرێگیراو بەنیازن گورزی گورچک برمان لێ بوەشێنن و سەرچاوی بەیان و بڵاڤۆکەکانمان لێ بستێنن. بەڵێ" نینا" گەلێک مەترسی بەسەرەوەیە و ئێمەیش دەبێ بیپارێزین.

نووزەی با، لە کەلێن دەگاکەوە بە گوێ دەگەیشت. ژوورەکە ئەوەندە سارد بوو، کە دەست قەڵەمی نەدەگرت. "لادۆ" لەبەر زەختی سەرما هەڵکروژمابوو. دەست و باڵی هەڵدەگلۆفی و شان و ملی با دەدا. "لادۆ" ڕووی کردە ئەژدەر و لێی پرسی:

ـ "ڤەرا" چۆنە و لە چ حالدایە ئەژدەر؟ ئاگاتان لێی بێ. زستانەکە ساردە و ڤەرا زۆر بێ گۆشت و گیانە؛ ڕاسپێربن بۆ شوێنی دوور نەچێت و ئاگای لە خۆی بێت.

ئەژدەر بێدەنگ و مات، چاوی لە دەمی "لادۆ" بڕیبوو. بە کزدامانی ئەژدەر، زەردە کەوتە سەر لێوی "لادۆ" و درێژەی بە قسە دا:

ـ ئەژدەر با مزگێنی ئەمەشت بدەمێ کە بەم زووانە ئەتۆ و ڤەرا دەگەڕێنەوە چاپخانە و دەس بە کار دەبنەوە. شەقامەکانی دەور و بەری چاپخانەکەمان بەرە بەرە چۆڵ دەبن و، وا دیارە پاروشین هێزەکەی بۆ شوێنێکی تر حەواڵە داوە. بۆ گەڕانەوەتان، هاوڕێ "چۆنیاتۆف" ئاگادارتان دەکاتەوە.

دوای ئەم گوتوبێژە، ئەژدەر بەنیازی ڕۆیشتن بەرز بۆوە، بەڵام "لادۆ" ژێر باڵی گرت و لە سەر جێی خۆی دانیاوە و وتی:

ـ دانیشە هاوڕێ دانیشە! تۆ هیچ هێز و توانایەکت نییە بۆ ڕۆیشتن... بۆ کوێ دەچی؟ من لە ڕوخسارتەوە تێدەگەم برسی و بێ ڕەجڵی.

ئەژدەر بە شەرمەوە گوتی:

ـ نەء!... نەخێر برسی نیم و ناخۆم!

"لادۆ" بەبێ ئەوەی گوێ بۆ قسەی ئەژدەر شل بکات، چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە و چەند تیکە نان و کەموسکە پەنیرێکی دەرهێنا و لە بەر دەمی ئەژدەری دانا و گوتی:

ـ فەرموو هاوڕێ... فەرموو! پیاوی برسی لە چاوی ئاڵۆز و کەم سۆیەوە دەناسرێتەوە. لەوەتی چاوم بەم ژیانەدا کردۆتەوە، لە هەموو قۆناخەکانی ژیانم دا هەر هاونشین و یار و هاوڕێی مرۆڤی برسی بووم و، من خۆیشم یەکێک لەوان بووم و هەم. ڕێگامان دیارە و دەبێ کۆتایی بەم دەقە بێ ڕەونەقەی داهاتووی خۆمان بێنین. دەبێ داهاتوویەکی تێر و تەسەل و ساخ و بێ وەی بۆ چینی ژێرستەم دەستەبەر بکەین هاوڕێ... بخۆ و شەرم مەکە... بەشی خۆتە و هی هیچ کەس نییە.

دەست گێرانەوە بێسوود بوو. ئەژدەر بەشی خۆی پێچایەوە و لە گیرفانی باخەڵی پاڵتۆکەی خست و گوتی:

ـ بۆم خۆش بی "ڤلادیمیر"! ئەمەش بەشی ئەمشەوم دەکات... ئەگەر ڕەزاتان لە سەر بێ، دەمەوێ بڕۆم.

مەلیک لە سەر جێگا بەرز بۆوە و بە ئەسپایی بە گویچکەی دا سریواندی:

ـ سبەی بەیانی وەرە سەردانم . هەوڵ دەدەم ئیشێکی کاتیت بە مزەی ڕۆژانە بۆ وەربگرم... هەر باشە هەتا بزانین سبەی چۆن دەبێ... سبەی وەرە!

ئەژدەر ڕۆژگارانێکی زۆری بە برسیایەتی بە شەو گەیاند بوو، بەڵام قەت بەم چەشنە ناشکوایی و بێ ئەنوایی نەبینی بوو. هەر بۆیە ئەم چەل و هەلە نالەبارە لە دەفتەری ژیانی دا جێگایەکی زۆر خەمبارانە پڕ کردبۆوە کە هەرگیز لە یادی دەرنەدەچوو].

****

# 20

بەم چەشنە، مانگی ژانڤییە و فیڤرییەی ساڵ 1902 تێپەڕین و ڕەشتری ڕۆژگاریان تێپەڕ کرد. ڕاونان، بگربگر، ڕەشەکوژی، سەرما و سەختڵەت، ئاتاجی و برسیایەتی و سەدان ژان و برک و قۆرتی لابەلای تری چەشنی شەوە، کرێکار و ڕەنجبەران هەڵگوشی. لەوناوە دا، حاڵ و گوزەرانی ڤەرا گەلێک کۆڵەوارتر بوو. ڕۆژانە، هەتا ئێوارێ و بە ناچاری لە ماڵ دەمایەوە و گەلێک شەوانیش، هەر شەو بە پەساوێک لە ماڵی میرزاحسێن و بەلای ئامینە دەمایەوە و شەوی بە ڕۆژ دەگەیاند. بۆ شوێنە ونکە، زۆرجاران جلک و بەرگی جۆراوجۆری دەبەر دەکرد و هەر دەم قژ و بسکەکەی بە جۆرێک دادێنا. بە کورتی، کەمتر هەتا ئێوارە لە سەر یەک ڕەنگ و دیمەن دەمایەوە.

مانگی مارس داهات و لەپڕ و ناکاو شەپۆلە گەرمایەکی سەیر بە وڵات دا گەڕا، کە جلکی گەرم و پاڵتۆی زستانی وەلا نرا.

هاموشۆی ڕۆژانەی ئەژدەر بۆ چاپخانە ڕۆژبوێری تێنەدەکەوت و بەردەوام سەرقاڵ و سەرگەرمی کار بوو. ڕەوتی بزووتنەوەی کرێکاری لە هەڵکشان دابوو. ئەژدەر ئەمەی لە هەڵس و کەوتی "لادۆ" دا دەخوێندەوە. ڕۆژێک بە ئەوپەڕی خۆشی و شادمانییەوە بە "ئەژدەر"ی گوت:

ـ ئەژدەر! هەڤاڵان لە شاری "باتووم"ەوە گەلێک خەبەری خۆشیان پێداوین. لە وێندەرێ بۆیان نووسیووین کە خۆپیشاندانێکی مەزنیان وەڕێ خستووە و دروشمگەلێ گونجاویان بەرز کردۆتەوە. هەر لەو دەمۆستراسیۆنەدا، بگربگر ساز بووە و زلە خاوەن سامانەکان خمیان لێ شێواوە. ئێمەیش سەبارەت بەم چالاکییە مەزنەی شاری باتووم، ئاگادارییەکی تایبەتمان لە چاپ داوە... ئەوەتا، بڕوانە! ئەم لاپەڕەیە دەبێ ئیمڕۆکە بکەوێتە بەردەستی کرێکارانی باکۆیی. کۆمیتەی شاری باکۆ سوورە لە سەر

---

باتووم = یەکێک لە شارەکانی ئازەربایەجانی باکوورە.

بڵاوکردنەوەی و، پێداگرە دەبێ بەشی هەرە زۆری کرێکاری باکۆیی لەم چالاکییە ئاگادار بکرێنەوە.

ئەژدەر ئاگادارییە تازەچاپکراوەکەی لە دەست "لادۆ" وەرگرت، بەڵام دەرفەتی خوێندنەوەی نەکرد و لادۆ لاپەڕەیەکی تری بۆ ڕاداشت و گوتی:

ـ ئەمەشیان تازەیە و بۆ ڕۆژی یەکەمی مانگی ئەیار بە چەند زمانان نووسراوە. بڕیارە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، خۆپیشاندانێکی مەزن ڕێکبخەین و ئەم نامەیە بە هەموو کرێکارێک بگات ـ لادۆ بە دەم قسانەوە لە سووچێکی هۆدەکەدا خورجێنێکی خۆش ڕەنگ و خنجیلانەی دەست دایە و بە لاشانی ئەژدەری داکرد و کڵاوە کەوڵینەیەکی لادێیانەی لە سەری کرد و بە ئاماژەی پەنجە، ڕێگای دەرەوەی نیشان دا و گوتی:

ـ ڕێکەوە بەرەو کانگا و کارگەکان و هێزی کرێکار ببزوێنە هەڤاڵ!... بەڵام یەکجار زۆر وریا و زیت و داودۆزانە بڕۆ!

هەر ئەو ڕۆژە، ئەژدەر و ڤەرا پێکەوە لە وێستگەی "کۆکۆشکا" دا قەراری یەکتر بینینان هەبوو. ئەژدەر زۆر چاوەڕان نەمایەوە و دەگەڵ"ڤەرا" یەکتریان بینی و ئەرک و ڕاسپاردەکانیان پێکەوە بەجێ گەیاند.

لە ماوەی نیوەی مانگی مارس دا، هەر ئەوەندەیان ئەرک و فەرمان پێ ئەسپێردرا، کە تەنانەت دەرفەتی دانیشتن و پشوودانێکی کورتیشیان دەست نەدەکەوت. سازدان و سازمانکاریی خۆپیشاندان، مانگرتن، وتاردان، ئامۆژگاری و هەڵخڕاندنی بەشمەینەتان بۆ وەرگرتنەوەی مافی پێشێلکراو، هەموو ڕۆژەکانی نیوەی مانگی مارسی پڕ کردنەوە. هەر پۆلە هاوڕێیەکی کۆمیتەی شاری باکۆ، بە شوێن ئەرک و ڕاسپادەیەک بەرەو هەندەرێک ڕەوانە کران و ئەرکی پێویستان پێ سپێردرا.

ئەو ڕۆژە، ئەژدەر و لادۆ لە چاپخانە بوون، کە لەپڕ لە دەرگایان دا. "ڤلادیمیر زاخارڤیچ" بە هێمنی بەرەو دەرگا چوو. تاوێک ڕاوەستا و هێدیانە گوتی:

ـ کێی؟

دەنگی ڤەڕا بوو:

ـ براگیان بیکەرەوە منم... خوشکت هاتووە بتبینێ!

لادۆ دەرگای کردەوە و ڤەرا گورجێک خۆی بە ژوور داکرد. "ڤەڕا" دەست و پەلی دەلەرزین و گەلێک پەشۆکاو دەهاتە بەرچاو. هەرکە لادۆ ئەم بار و دۆخەی بینی، دەستی "ڤەرا"ی گرت و بە میهرەبانی لە سەر کورسی دانا و گوتی:

ـ ئەهوەن بە کچی خۆم... هێدی بە!... دەی پێم بڵی بزانم چییە و چ باسە؟

ڤەڕا هەرچۆنێک بوو، بەخۆی داهاتەوە و پەشۆکاوی و خەجڵانەکەی کەمتر کردەوە و گوتی:

ـ لە دوێنێ شەوەوە بگربگر دەستی پێکردووە و کرێکارە ناسراوەکان ڕەپێچەک دەدەن... هەتا ئێستا، نزیک بە بیست و پێنج کەسیان دەسبەسەر کردووە و هێستایش هەر بەردەوامە. پۆلیس مەڵبەندە کرێکارنشینەکانی گەمارۆ داوە... ماڵان دەپشکنن...

لە تەرکی ژووری دانیشتنەوە هەتا قەڵشی دیوار و ژێر میچ و ڕفە و تاقەی ماڵانیان هەڵتەکاندووە... هەرکەس دەگرن، یەکەم پرسیار سۆراغی تۆ دەگرن و شوێنی تۆیان لێ دەوێن...

لادۆ تووڕە بوو. دەستەکانی ڕادەماڵین و بەردەوام دەهات و دەچوو. تاوێک ڕاوەستا و گوتی:

ـ کەوایە هێرشیان دەست پێکردووە... بەڵام هیچ قەیدی نییە و ئێمەیش خۆمان بۆ هوروژم تەیار دەکەین... بەڵام قەرا بڵی بزانم لە"بوگدان" و "پیوتر" چ خەبەر؟ سەبارەت بەوان هیچ هەواڵێکت وەرگرتووە؟

ـ نەخێر ئەوان لەم پەلامارە بەدوورن، بەڵام هەر دەسبەسەرکراوێکی کە لێپرسینەوەی دەگەڵدا کراوە، هەواڵی تۆ و "بوگدان" و "چونیاتۆڤ" دەپرسن. تەنانەت دەگەڵ سەرخوێندنەوەیان، ئەم پێش شەرتەشیان بۆ دادەنێن کە ئەگەر ئەم سێ کەسە بناسن و شوێنەکانیان بڵێن، دەرگای ئازادبوونیان بۆ دەکرێتەوە...

لادۆ بە پەلە گوتی:

ـ ئاکامەکەی چی بووە؟... وەکی بزانی کەسیان بۆ هەڵخەڵەتاوە؟

ـ نەخێر! کەس دەمی بۆ ئەم شەرمەزارییە نەکراوەتەوە. بڕوا ناکەم کەس خۆی بدۆڕێنێ و بۆ دەرگاکردنەوەیەکی کاتی خۆی ڕووڕەش بکات...

ـ ساکار و خۆش باوەڕ مەبن! لە ڕێزەی کرێکاراندا هەن کە بە وادە و بەڵێنە بریقەدارەکانی "ئێکۆنۆمیستەکان" هەڵخەڵەتاون. ئەوان گەلێک لە خۆیان مەمنوونن کە وەک مارکسیستی ئازاد و ئاشکرا، لە حکومەتی تزاری دا خزمەتگوزاری دیکتاتوڕ و سەرمایەداران بکەن. نۆکەرانی ئەڵقە لەگوێی"داشناگەکان"، "پان تورکیستەکان" و "پان ئیسلامیستەکان"یش کەم نین و سەرپاکیان دژان و دوژمنانی تێکۆشەرانی ڕاستینی چینی کرێکارن ـ لادۆ بەدەم قسەکردنەوە، ڕووی کردە ژووری مەکینەی چاپ و وەک هیچ تەنگژەیەک ڕووی نەدابێ، چەند جاران تۆپی لاشانی دەزگای چاپخانەکەی هەڵسووڕاند و چەند لاپاڕەی تازەی چاپ کراوی لە سەر مێزەکە دانان و گوتی:

ـ خۆشباوەڕی و ساکاربوون، لێژاییەکی لووسە و بەرەو هەڵدێرمان دەخلیسکێنێت. دەبێ وریا و چاوکراوە بین و گورک و مەڕ لێک بکەینەوە. قەڕا ئەتۆش هەتا ماوەیەکی دیاریکراو بەم دەور و بەرە دا ڕامەبرە و خۆت لە چاپخانە دوور ڕابگرە.

نیوەی دووەمی مانگی مارس و سەرەتای ئەپریل بەم چەشنە تێپەڕی. هەرکەس دەکەوتە بەردەستی پۆلیس، ڕەوانەی بەندیخانە دەکرا. ڕاوەدوونان و گرتن و بردن هەر نەک لە مەڵبەندە کرێکارییەکان، بگرە لە ناوەندی شار و لە دەرەوەی شاریش بەبرەو بوو. هەرچی توندی و تیژی بوو، پۆلیس نواندی و دەستی لێ سووک نەکرد.

---

داشناگ = ڕێکخراوی سیاسیی ئەرمەنەکان.

دەگەڵ زەبر و زەنگی پۆلیسیش، گردبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی شاری باکۆ و دەرکردنی بڕیاراتی پڕ بە قالبی ڕۆژ، لە بەردەوامی دابوو. لە بەرامبەر هەر فێڵ و تەڵەکەیەکی پۆلیس دا، بەیاننامە و شەونامەی شیاو بڵاو دەکرایەوە. ئەم کێبەرکێ و جوابەجەنگییەی کە کۆمیتەی شاری باکۆ دەیکرد، دەزگای پۆلیسی دەستەوەستان کرد بوو.

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ئەپریل دا، پەیام بە ئەژدەر گەیشت کە سەردانی چاپخانە بکات. هەرکە ئەژدەر پێی نایە ژووری چاپخانە، هاوڕێیانی مات و بێدەنگ بینی، بەتایبەت لادۆ ، کە بە پێچەوانەی هەمووکاتانی تر لە ئەوپەڕی تووڕەیی دابوو. ئەژدەر نزیک کەوتەوە و بێدەنگ ڕاوەستا. لادۆ سەیرێکی ئەژدەری کرد و گوتی:

ـ ئەژدەر ئەمڕۆ لەلایەن "نادژانا کرۆپۆسکایا*"وە نامەیەکمان پێ گەیشتووە کە تێیدا هاتووە هەڤاڵ لێنین ڕای ئەسپاردووە مەکینە و دەزگای چاپخانەکەمان بەرەو شارێکی ناوەندی ڕوسیا ڕاگوازین... ئەوا دەبینی بە یاریکاریی هەوالأنمان کەلوپەلمان کۆکردۆتەوە و بڕیارمان داوە "ڤلادیمیر زاخارڤیچ" دەگەڵ ئەم بارگە و بنەیە ڕەوانەی وێندەرێ بکەین.

ئەژدەر سەیرێکی دەوراندەوری ژوورەکەی کرد. وڵات بە تەواوی هەڵوەژێردرا بوو. قوتیلەی بەتاڵی پیتی چاپ دەیگوت، کە چاپخانەکەیان دەبێ بۆ ماوەیەکی نادیار لە چالاکی بکەوێت.

لادۆ سەری سندووقێکی گەورەی کردەوە و گوتی:

ـ ئێوە دەستێکم بدەنی با زووتر مەکینەکە هەڵوەشێنین و تێکیانەوە پێچین؛ دەبێ دەست و بردمان هەبێت.

بەتێکڕا دەستیان کرد بە هەڵوەشاندن و جیاکردنەوەی وردەئەجزای مەکینەکە. هەر بەشێکیان کە لە مەکینەکە جیا دەکردەوە، لە جێیەکی نەرمی ناو سندووقەکەیان دا دەخەواند و پووشاڵ و ورتکە کاغەزیان لە پاڵ دەخزاندن. لادۆ گوتی:

ـ پیتەچاپییەکانمان بەستەبەندی کردوون، کە نۆ بەستەیان داگیر کردووە. بە نیازین چواربەستەیان بۆماڵی"باکرزادە"ی جێگری مەکینەوانی شەمەندۆفێریان بنێرین و پێنج بەستەی تریان بە ناونیشانی کەسێکی تر دا ڕەوانە بکەین. وا بڕیارە دراوە کە هەموو بەستەکان لە یەک ڕۆژ دا بەرەو "هەشتەرخان" بچن.

لادۆ بەدەم شرێت پێچ کردنی سندووقەکانەوە گوتی:

ـ باکۆ کەوتۆتە ژێر چاوەدێریی توند و تیژی دەزگای سەرکوتکەر و چاپخانەکەمان لە ژێر ئەگەرێکی پڕ خەتەر دایە. ڕۆژنییە دەیان سیخوڕی بەدفەڕ بەم گاز و گوزەرە دا ڕانەبرن و ملەقوتە و مڵومۆ نەکەن. ئیتر چاپخانەکەمان دەبێ دەگەڵ شاری باکۆ

---

* نادژانا کۆنستانیتنونا کروپۆسکایا = هاوسەر و هاوخەباتی لێنین.

ماڵاوایی بکات.

هەر ئەو ڕۆژە، ئەژدەر بارگە و بنەی چاپخانەکەی بەرەو شارەدەریای "کافکازیا ـ مێرکۆری" برد و بەناوی کەلوپەلی ماڵی کۆچەرێک، تەسلیمی ژووری یەساوڵی شەریکەی گەمێوانیی کرد.

سبەی بەیانی ڕۆژی داهاتوو، ئەژدەر و ڤەرا لە یەکێک لە وێستگەکانی پەنای شاری باکۆ، "لادۆ"یان بەڕێ کرد. لادۆ سەر و ڕووی خۆی بە چەشنێک گوڕیبوو، کە تەنانەت ئەژدە و "ڤەرا"ش، ئەگەر پێشەکی قەراری یەکتر دیتنیان نەبوایە، لەوانە بوو نەیناسنەوە. بەم تەرتیبە، لادۆ دەزگای مەکینەی چاپی بەرەو شارێکی ناوەندی ڕوسیا برد.

****

# 21

لە ڕۆژی جەژنی یەکەمی ئەیاری ساڵی 1902 دا، بەرەبەیانێکی زوو، کرێکارانی کانگە و کارگەکان لە باخی "پاراپێت"، کە جەمسەری هەشت ڕاستە شەقامانی دەگرتەوە، گرد بوونەوە. باخی پاراپێت بە هۆی هەڵکەوتەی نێوان زۆربەی کارگە و کانگاکان، بۆ پێک گەیشتن و تێک لکانیان هاسانتر بوو.

هەر ئەو ڕۆژەش، هێزەکانی پۆلیس و ژاندارمی مەڵبەندەکانی "بالاخانی"، سوراخانی"، "بائیل" و تەنانەت ژاندارمی دێهاتی دەور و بەری کوێستانی "ڕازین"یش لە دەور و بەری باغی پاراپێت دا مۆڵگەیان دانابوو. ئەوەی ڕاستی بێ، دەزگای ئەولەکاری و سیستەمی سەرکوتکەری ڕژێم، قەت پێیان وانەبوو لە ڕۆژی جەژنی کرێکار دا ئەو گشتە کرێکارە لە ناوەندی شار دا کۆ ببنەوە.

ئاپۆڕای کرێکاران لە باغی پاراپێت دا دەزگای ئەمنییەتی ڕژێمیان سەرسام کرد، هەر بۆیە، جگە لە هێزی ژاندارم و پۆلیس، دەیان ڕەوە مرۆڤی شڕ و دڕی چۆماخ بەدەستیشیان کێشابوویە گۆڕەپانی باخی پاراپێت.

هێشتا ئەژدەر نەگەیشتبوویە شوێنی کۆبوونەوەکە، کە لە ڕێگوزەرگەکانی پشتی باخی پاراپێت دا دەیان سیخوڕ و بەکرێگیراوی چاو پێکەوت. بەڵام هەرکە گەیشتە ناو باخ، سەیری کرد و ڕوانی، سەری سووڕ ما. باخی پاراپێت لە حەشیمەت ژاوەی دەهات. دەرزیت هەڵاویشتبایە نەدەکەوتە سەر زەوی. کرێکاری هەر مەڵبەندێک لە شوێنێکدا جێگای گرتبوو. کرێکارەکان بەجلگی خاوێن و نەزم و زاکوونێکی فرەتایبەت، چاوەڕوانی پیرۆزکردنی جەژن ڕاوەستابوون.

ئەژدەر، بە بەر پۆلی کرێکاران دا دەهات و بە وردی سەیری هەموو لایەکی دەکرد. لە ناو پۆلێک دا، چاوی بە "حەمەیارف" کەوت. حەمەیارۆڤ بە بالای بەرز و شان و باهۆی ڕەختە و سمێڵی بادراو و کڵاوی لاتیلاکی سەری، سەر و گەردنێک بەرزتر

لە هەموو هاوڕێیانی بوو. حەمەیارۆڤ و هاوڕێیەکی خەریکی گوتوبێژ بوون، بەڵام لەبەر جەستەی درشت هەڵکەوتەی حەمەیارۆڤ، هاوڕێ و هاودەمەکەی بۆ ئەژدەر دیار نەبوو کێیە و چ کەسێکە. ئەژدەر بەرە حەمەیارۆڤ چوو. هەرکە لێیان نزیک کەوتەوە، "ڤانیا فیۆلتۆڤ"، "شەلگۆنۆڤ"، "میربەشیر قاسمۆڤ"و چەند هاوڕێی تری بینی، کە بە دەوری "حەمەیارف"ەوە ڕاوەستابوون. لە درێژەی ڕێگا دا، هەتا گەیشتە لای "حەمەیارۆڤ"و هاوڕێیانی هەر کەس چاوی بە ئەژدەر دەکەوت، دە ئامێزی دەگرت و بەگەرمی چاکوچۆنیان دەگەڵ دەکردو ئەملا و ئەولایان ماچ کرد. لەم کورتە ڕێگایە دا، چەندها جار ڕایانگرت و بە پۆل بۆی هاتن. ئەژدەر بەم قەدر و قوتبەی کە بەلای هاوڕێیانەوە هەیبوو، لە ڕادە بەدەر هەستی بە سەربەرزی دەکرد و لە دەروون دا پێی دەگەشایەوە. ئەم ڕێز و حورمەتەی هاوڕێیانی، لە سای خزمەت و تێکۆشانێک بوو کە ئەژدەر لە هەموو بوارێکەوە بە هاوکارانی دەکرد. بەڵام ئەو کەسەی کە ئەژدەر لێی دەگەڕا و بە دڵنیگەرانی چاوە چاوی بوو بۆی، هاوڕێ غولام بوو. بیری نەساخی و ئەگەری گیران و دەسبەسەرکردنی غولام، دوو شت بوون کە دڵی ئەژدەریان وە کەلکەلە خستبوو. پۆلی حەمەیارۆڤ و هاوڕێیانی باوەشیان بۆ ئەژدەر کردبۆوە و چاوەڕانی هاتنی ڕاوەستابوون. ئەژدەر دوای ڕۆژباش و دەس لەملان کردنێک، بۆ ئەوەی نەبێتە ئاستەنگی قسە و گوفتوگۆیان، کەمێک ئەوەلاتر ڕاوەستا، بەڵام حەمەیارۆڤ قۆڵی گرت و دەستەوملانی بوو و ڕوو بە"فیۆلتۆڤ" گوتی:

ـ وەرە "ڤانیا" دەگەڵ ئەژدەر ئاشنا بە... ئەژدەر هاوڕێی بوێر و گیانبەختکەری ڕێبازی پیرۆزمانە... وەرە خۆتی پێ بناسێنە!

"فیۆلتۆڤ" ئەژدەری گرتە هامێز و گوتی:

ـ من و گەلێک لە لاوانی تازەکاری ئەم ڕێبازە چاوەڕانی ناسینی ئەژدەر بووین.

حەمەیارۆڤ دەستی خستە سەرشانی ئەژدەر و بەدەم پێکەنیەوە گوتی:

ـ جاری جاران دوو برالە بوون، کە یەکیان لە ئاو دەترسا و ئەوی تریان لە ئاگر... بەڵام هەنووکە هیچکامیان نە لە ئاو دەترسێن و نە لە ئاگر...

"فیولتۆڤ" دەستێکی لە پشتی حەمەیارۆڤ گوتا و وتی:

ـ دەی حەمەیارۆڤ باسی یەکەمی ئەیاری دوو ساڵ لەمەوبەرت بۆ دەکرین!... دەی درێژەی پێ بدە حەمە!

حەمەیارۆڤ چاوێکی لە ئەژدەر کرد و بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ ئەژدەر! بەر لە هاتنی تۆ، خەریک بووم باسی کۆبوونەوەی یەکی ئەیاری ساڵی 1900م بۆ هاوڕێیان دەگێڕایەوە. ئەوسەردەمە، تۆ لە شاری باکۆ نەبووی. ئەودەم، من و چەند هاوڕێی ڕێزدارم، لە داوێنی کێوی "ڕازین" یەکترمان گرتەوە. بۆ شوێنە ونکە و خاپاندنی چاوی سیخوڕ و بەدکاران، کەمووسکەیەک خواردەمەنی و شووشە ئارەقێکمان لە ناو خۆمان دا پان کردەوە. ئێمە گەرمی ژماردنی ڕادە و ڕێژەی ستەمی ستەمکاران بووین و بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون، خەریکی دانان و دامەزراندی

پلاتفۆرمێکی کاری نهێنی بووین. بەڵام ئێمەی سێ کەسی، لەم بوارەدا کاڵ و کرچ بووین و زانستی سیاسیمان نزم و هەژار بوو. هەر ئەو ڕۆژە و بە هەڵکەوت، هاوڕێ "لادۆ کەتسخۆڤلی" هات و بوو بە میوانی کۆڕەکەمان. ناسینی لادۆ و حەز و خۆزیای خۆمان، بۆمان بوو بە ماڵ. زۆری نەخایاند شانەیەکی سیاسی بچکۆلانەمان ساز کرد و خەریکی سەرەتایی ترین کاری سیاسی بووین. هاوڕێ لادۆ، وەک ئامۆژیارێکی تێکۆشەری سیاسی، پشتی گرتین و پەروەردەی کرین. لە یەکەمی ئەیاری ساڵی 1901 دا ژمارەی بەشداریکەرانمان گەیشتە سەد و سی کەس، بەڵام لە کۆبوونەوەی ئەمساڵمان بڕوانە... سەیرێکی ئەم دەریا خرۆشانە بکەن و ببینن ئێستا چەندین!...

ئەژدەر ڕووی کردە حەمەیارۆڤ و هاوڕێیانی و گوتی، دەبێ دەست پێ بکەین!

حەمەیارۆڤ ڕووی کردە "فیولۆڤ" و لێێ پرسی:

ـ "ڤانیا" کاتژمێرەکەت چەندە؟

ـ بۆ دوانزدە پێنج خولەکی دەوێ!

ـ دەی کەوایە تۆ بڕۆ و ڕێک لە سەر کاتژمێری دوازدە، موشەکە شیتەیەک ئاگر بدە، با بە ڕاخوشینی موشەکە شیتە، هەموو هاوڕێیانی ئەم گۆڕەپانە ئاگاداری دەسپێکردنی بەرنامەکەیان ببن. هەرکە ڕاخوشینی موشکمان بینی، لە ڕێگای شەقامی "نیکۆلایوڤسکی"یەوە، بۆ سەر، بەرەو "دۆما"ی دەوڵەتی هەڵدەکشێین..

فیولتۆڤ گورج لە ناو حەشیمەتەکە دا لە بەر چاو ون بوو. حەمەیارۆڤ و ئەژدەر بەرەو شەقامی "ئەلگینسکی" وەڕی کەوتن.

لە شەقامی "ئەلگینسکی" دا حەشیمەتێکی زۆر پۆنگی خواردبۆوە. لە بەشی هەرە سەرووی جەماوەرەکە دا "چونیاتۆڤ" و "شەلکۆنۆڤ" و میربشیر قاسمۆڤ و "کنونیانتس و پۆلێک هاوڕی ڕاوەستا بوون. ئەژدەر بە ئاماژەی سەر، دەگەڵ حەمەیارۆڤ بۆلایان چوون. هەرکە قاسمۆڤ چاوی بە حەمەیارۆڤ کەوت، لێی پرسی:

ـ حەمە یارۆڤ پێ هەڵێنەوە و گورج ئاڵاکە بێنە ... وەختی هەڵدانی ئاڵاکەمان هاتووە... دەی گورج بە !

حەمەیارۆڤ بە شوێن ئاڵا دا چوو. چونیاتۆڤ بە ئەسپایی بە گوێی ئەژدەر دا خوێندی:

ـ لە سەر بڕیاری کۆمیتەی باکۆ، ئەژدەر ئاڵاهەڵگرە و لە پێشەوەی جەماوەری هەزارانی دا بەرەو پێش دەڕوات... سەری سەعاتی دوازدە، "فیولتۆڤ" فەرمانی ئاگردانی موشەکە شێتە دەردەگات و هەرکە ڕاخوشینی موشەکمان بە ئاسمانەوە بینی، تۆی پێشەنگ وەپێش دەکەوی و ئێمەیش بە شوێن تۆ دا دێین.

بە بیستنی ئەم بڕیارە شکۆدارە، خانەی دڵی ئەژدەر هەژینێکی سەیری تێگەڕا. زەردەی سەرلێوان و چاوی پڕ لە ئەسرینی، داستانێک بوو کە لە دڵی پڕخرۆشی سەرچاوەی گرتبوو. زۆری نەخایاند، حەمەیارۆڤ داردەستێکی درێژ بەدەستەوە، هاتە

سوێیان. چەڵەکە دارەکە، کۆنە کوتاڵ و پەتێکی پێوە بەسترا بوو. حەمەیارۆڤ ڕووی کردە ئەژدەر و گوتی:

ـ سەیرکە ئەژدەر!... هەرکە ویستت ئاڵاکە هەڵبدەی و بکەویتە بەرەوەی جەماوەر، پێشەکی و بەر لە ڕۆیشتن، پێویستە ئەم هەودا بەنە بکێشی و ئاڵاکە لە ناو دڵی ئەم کۆنە کووتاڵە ئازاد بکەی. بەڵام ئەژدەر لە کاتی کێشانی ئەم پەتە، دەبێ وریابی پەتەکە لە قەدی دارەکە نەهاڵێت یان گرێی تێنەکەوێت ـ لەم قسانەدابوون کە هەرا لە ناو حەشیمەتەکە هەستا:

ـ سەیری کەن!... سەیری موشەکە شیتە بکەن چلۆن بە ئاسمان دا دەخوشێت!... سەیری ئاگرە سووری کلکی بکەن چەندە جوانە!

ئەژدەر سەیرێکی ئاسمانی کرد و هەرکە هێڵی ئاگرینی موشەکەشێتەی بینی، وریا و تەڕدەست پەتەکەی کێشا. کۆنە کوتاڵەکە لە چەڵەکەدارەکە داکەوت و لە باوەشی ئەودا ئاڵای سوور بەدەم شنە باوە شەکایەوە. حەمەیارۆڤ لە بەرەوەی حەشیمەت ڕاوەستا و بە هەموو توانایەوە گرماندی:

ـ بژی یەکی ئەیار!... بمرێ سەرمایەدار!... خاشەبڕ بێ ڕژێمی دیکتاتۆڕیی تزاری!

دوابەدوای دروشمی حەمەیارۆڤ، یەکدەنگ و یەک هاوار، گۆڕەپانی باخی پاراپێت پڕ بوو لە دەنگ: .... بژی!... بمرێ!... بڕوخێت!...

ئەژدەر لە بەرەوەی حەشیمەتی خرۆشان، ئاڵای سوور لە ناو دەست و مەچەکی بەهێزی دا ڕاگرت و، ئارام ئارام بەرەوپێش چوو. کۆمەڵی کرێکاران بەشوێن ئاڵا و ئاڵاوان دا دەڕۆیشتن. لەناو ئاپۆڕاکە دا، کەسێک سەربەندی سروودێکی شۆڕشگێرانەی دەخوێند و ئاپۆڕاکە بۆیان دەگوتەوە؛ سروودەکە بانگەوازی خەباتی ڕزگاریخوازیی چینی کرێکاری بوو کە خرۆشی ڕاپەڕینی بە هەموو سوێ و سوقاقێک دەگەیاند.

ئەژدەر ئاڵای سووری لە بان سەری کرێکارانەوە دەشەکاندەوە و هێزی کرێکاریش چەشنی شۆرەیەکی پۆڵایین، بە شوێن سەری ئاڵاوان دا دەڕۆیشتن. هێزی کرێکاری باکۆیی، بەمجۆرە دوو شەقامی"ئولگینسکی" و "نیکۆلایۆڤسکی"یان تێپەڕ کرد. سەیرکەرانی دوو بەری شەقامەکان، بەبینینی هێزی یەکگرتووی کرێکار، ورەیان بەرز ببۆوە و بەرەبەرە تێکەڵ بە ڕێپێوانەکە دەبوون. خاوەن کانگا و کارگەکان و ژن و ژاڵ و بەچکەی زۆرداران، یارای بینین و سەیرکردنیان نەبوو.

پۆلیس و کازاخە سوارکارەکان لە سەرگەی کۆڵان و پشتی ماڵان دا سەیرکەرێکی ترساو و تاساوی ئەم سەرهەڵدانە بوون و ورەی نزیک بوونەوەیان نەبوو، بەڵام لە کەنار پیادەڕێی شەقامەکانەوە، تەماشاکەرانیان بە شەلاغ و قۆنداخی تفەنگ دەکوتا و بڵاوەیان پێدەکردن.

ئەگەرچی شەقامەکان لە گەمارۆی هێزی سەرکوتکەری ڕژێم دابوون، بەڵام سەرەی دوور و درێژیی هێزی ڕەنجبەری تێکۆشەر، بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ دەیانگوت

و بۆ یەکترین دەگێڕایەوە: بمرێ دیکتاتۆڕییەتی تزاری... بەرز و شکاوە بمێنێ ئاڵای سووری کرێکاری... سەقامگیر بێ سۆسیالیزم و...

ڕێپێوانی هەزارانی بەرەو کۆشکی سەرانی دەسەڵاتدار بەڕێوە بوون. بە دوای دروشم، ئەمجار سروودی شۆڕشگێرانە و هەڵبەست و پەخشانی بزوێن دەستی پێکرد. لێرەوە، کازاخە سوارکارەکان خۆیان بە ناو حەشیمەت دا کێشا و کرێکارەکانیش بە تاکتیکی پاشەکشە، بەرەو باخی فەرماندار داکشان و لەوێوە یەکتریان گرتەوە و سروود و دروشمی شۆڕشگەرانەیان خوێندەوە. لێرەشەوە، ئەژدەری ئاڵابەدەست لە بەرەوە و "بۆگدان" و چۆنیاتۆڤ لە دوو بەری ئاڵاوان دەڕۆیشتن. بۆگدان ڕووی کردە چۆنیاتۆڤ و پێی گوت:

ـ"پەتیا" ئەمجارە نۆرەی تۆیە و ئەتۆ میتینگەکە بەڕێوە بەرە. پێویستە بەرنامەی دیاریکراومان خاڵ بە خاڵ بەڕێوە بەرین و لە هیچ بەندێکی لانەدەین. دوای تۆ، ئەمن و دوای منیش، غولام و دوای غولام نۆرەی ئەژدەر دەگاتێ ـ لەپڕ چۆنیاتۆڤ ئیستێک ڕاوەستا و دوای چاو چاوێکی دەور و بەر، گوتی: ئەدی غوڵام لە کوێیە؟... بۆچ دیار نییە... لەکوێیە؟

بوگدان وتی:

ـ غوالام یەکجار زۆر ناسازە... یاوتێیەکی زێدە بەرزی هەیە... نۆبەتێی ماڵکاول لە زمانی خستووە و هەناسەی نایە... لە ماڵ بە جێ و سەرین کەوتووە...

کنونیانتس بە پەژارەیەکی زۆرەوە ڕووی کردە ئەژدەر و گوتی:

ـ ئەژدەر خۆت ئامادە بکە... دوای من ، نۆرەی تۆ دەگاتێ.

ـ بەڵی بۆ ئامادەبوونم ، ئامادەم، بەڵام...

کنونیانتس پرسیاری تێگرت:

ـ چییە ئەژدەر؟!.. دەتهەویست چی بڵێی؟

ـ ئاخر من... من تا ئێستا لە بەرامبە جەماوەری ئەوتۆیی دا قسەم نەکردووە... دەترسم...

ـ ئەژدەر ئەوەی لەم گۆڕەپانە دا دەی بینی ، هەمووی هەڤاڵ و هاوڕێ و هاوکاری خۆتن و سەدجار سەدجار قسەت بۆ کردوون... شەرمی چی و ترسی چی ئەژدەر!

دڵ لەناو سنگی ئەژدەر دا بە چەشنێک دەیکوتا، هەر دەتگوت پەلەوەری سەرهەڵپساوە و خەریکی ئاخر باڵەتەپەیەتی. ئەژدەر داستانی هەژاری و بێ ئەنوایی خۆی و هاوکارانی دەزانی؛ شێوەی خەبات و وردەکاریی سیاسەتیش فێر ببوو، بەڵام لە بەرامبەر هەزاران جووتە چاوی بەرامبەری دا...

ئەژدەر ماوەی بیرکردنەوەی بۆ نەما. کنونیانتس نەقورچێکی تێکوتا و گوتی:

ـ سەیرکە ئەژدەر... سەیری پیوتر بکە... ئەوا خەریکە لە دیواری باخ وەسەر دەکەوێت... وەرە با بڕوین!

پیوتر چونیاتۆڤ لە سەربانەکەی باخی فەرمانداریی‌یەوە بێدەنگ بە سەر حەشیمەت دا دەینواری. وەک بڵێی چۆنیاتۆڤ لە ڕێگای چاوانەوە خەڵکی بزواندبێت، لە هەموو لایەکەوە هاوار هەستا: چۆنیاتۆڤ!... چۆنیاتۆڤ! کاتێک دەنگی تێکڕای ئاپۆڕاکە نزم و نزمتر بۆوە، ئەمجار چۆنیاتۆڤ بە دەنگی دلێری گرماندی:

ـ هاوڕێیان!... ئەی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕی شاری باکۆ! ... جەژنی یەکەمی مانگی ئەیارتان پیرۆز!... ئەمڕۆ، ڕۆژی یەکێتیمانە و یەکێتیی ئێمە خوازیاری وەرگرتنەوەی مافی پێشێلکراومانە... ڕۆژی ناسینی یەکتر و کاتی دەست لە ناو دەستانمانە. یەکدەستی و یەک بڕوایی و هاوهەنگاویی ئێمە، ئەو زەندۆڵە قووڵەی نێوانی ئێمە و سەرمایەداران پڕی دەکاتەوە و بەرەو سەرکەوتنمان دەبات.

هاوڕێیان! ئیتر لە کردەوەی نەیارانمانەوە دیارە و دەرکەوتووە کە لە ئاستی دەنگ و هاواری ئێمەوە، لۆکەی نەبیستنیان لە گوێچکە ئاخنیوە و گوێ بیستی هاواری ئێمە نابن... چ کەردەن هاوڕێیان؟!... ئەرێ ئێمەی ڕەنجبەر، دەست لە سەر دەست دابنێین و بە چاوی خۆمان ژیانی نابەسامانی خۆمان و زار و زیچی خۆمان ببینین، یان دەگژ زۆرداران ڕۆبێین و بە دەستی زۆر مافی خۆمانیان لێ بستێنین؟... ڕاپەڕین و هەڵمەت بردن و بەرەنگار بوونەوە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی ئێمەیە ئەی یاران!... دەسا با دەست لە ناو دەست بنێین و نیری یەخسیری و کۆیلایەتیمان لە گۆڕەپانی خەبات دا بپسێنین. دەبا زۆردارانی لەخۆبایی، گوێچکەکانیان بکەنەوە و بەئاگا بێنەوە کە ئێمە سوورین لە سەر تێکدانی ئەم ڕژێمە گەندەڵە بۆگەنە... بمرێ دیکتاتۆر... بمرێ تزار... سەقامگیر بێ سەربەستی و سۆسیالیزم!...

وتەی سەر زار و زمانی چۆنیاتۆڤ، چەشنی کانگایەکی مەزنی مگناتیسی، هەرچی هەست و مشووری جەماوەر بوو بەرەو خۆی ڕاکێشابوو. ئەژدەر بە وردی گوێی دابوویە گوتاری هاوڕێی و وانە بە وانە لێی هەڵگرتەوە و خۆی پێ ڕاهێنا. بەڵام دەنگی ئاپۆڕاکە لە دەنگ نەدەکەوت و بەردەوام هاواری: هەر بژی... بمرێ... سەقامگیر بێ... دەهات. لە بەرەوە دەگوتراوە و لە دواوە بۆی دەگێڕدرایەوە. موتوڕێکی بەهێزی پڕ جۆش و خرۆش، جەماوەری هەژاندبوو. لەولاشەوە، بەرە بەرە، سوارەکارە کازاخەکان و پۆلیس و ژاندارم لە گۆشە و کەنارانەوە یەکتریان دەگرتەوە و باخی فەرمانداری گمارۆ دەدرا.

کرێکارەکان ئەوندە تیژ کرابوونەوە، کە نە پەکیان بە ژاندارمی پڕ چەک دەکەوت و نە هەوهەوی سوارکارانی کازاخ دەیترساندن. هەرکە چۆنیاتۆڤ لە کۆتایی وتاری خۆیدا ڕوو بە جەماوەر ڕایگەیاند کە هەواڵێکیان دەیەوێت دەگەڵیان بدوێ، کرێکاران تامەزرۆیانە چاوەڕان ڕاوەستان.

کاتێک کە ئەژدەر لەسەر بانیژەکەوە ڕوو بە جەماوەر ڕاوەستا، سەیری کردنی شەپۆلی دەریای خرۆشانی هەزارانی، تاساندی و دەهات دەست و پێی لێ تێکەڵ ببێت ، بەڵام دەنگی بژی... بژی و چەپڵەی تێکڕایی کرێکاران گیانێکی نەبەزی لە جەستەی

دا ژیاندەوە. ئەژدەر لە سەرەتا دا بە دەنگێکی ئارام بە پیرۆزبایی جەژن دا هات و لەپڕ، بە هەموو تواناوە گرماندی:

ـ هاوڕێیان! سەربەستی و حەسانەوەی چینی کرێکار لە ناو دەست و مستی خودی ڕەنجبەر دایە. کرێکار، ڕووس بێ یان ئازەری، فەلە بێ یان جوو یان گورجی و تاتار، هەر کرێکارە و ئاسمانی بان سەریان هەر لە یەک ڕەنگە. لە چەوساندنەوەیان دا چەشنی یەک و بێ جیاوازی لە لایەن بورژوازی خۆماڵییەوە دەڕووتێنەوە. کەوایە کرێکارانی گشت نەتەوەکانی سەر ئەم جیهانە، کوژراوی دەستی زۆردارانێکن و دەرمانی دەردیشیان دەبێ یەک دەرمان بێت. هەر بۆیەش، ڕێبازی پیرۆزی چینی کرێکار لە تێکۆشانی شۆڕشگێرانەی دا، دەبێ بە یەک ڕێڕەو دا تێپەڕ ببێت...

ئەژدەر لەپڕ هەستی کرد شتێکی قورس و گرانی لە لاسەر درا. توانایی وتنی لێ بڕا. لە ڕێگای چاوەکانییەوە دیتی کە هێزی نیزامی بەتێکڕا کەوتوونەتە ناو گۆڕەپانەکە و تەنانەت داکەوتنی هاوکارانیشی دەبینی. دیمەنی بەرچاوەکانی لێڵ و لێڵتر بوون و ڕەشایی هاتە بەر دیدەکانی و بەلا داهات. هەر لەو حاڵەدا هەستی کرد کەسێک تێی ڕۆهاتووە و خەریکە ڕەکێش ڕەکێش دەیبات؛ نەیزانی کێیە و بۆ کوێی دەبات. زۆری هەوڵ دا خۆی بخاتە سەر پێیان و خۆی و بە پێی خۆی بە ڕێ دا بڕوات، بەڵام نەیتوانی و لە هۆش چوو. ماوەیەک پێچوو، زۆر بە زەحمەت توانی چاوەکانی هەڵبێنێت و دەور بەری خۆی تەماشا بکات. لە یەکەمین نیگا دا لک و پۆی دارێکی بینی کە سێبەری بەسەر دا ڕشتبوو. وردتر سەیری کرد، جوتێک چاوی سەوزی بینی کە خۆشەویستانە سەیری دەکرد. ئەژدەر زۆر بە کزی بانگی کرد:

ـ ڤەرا من لە کوێم؟

ـ ئەژدەر ئەهوەن بە!... بە هەزار چەرمەسەری هەتا ئێرەمان هێناوی... ئێرە ناو دارستانی خوار باخی فەرمانداریيە. زامەکانت بە ئێشن؟ ژانت زۆرە؟

ـ زامەکانم؟!

لاسەری ژانی هەبوو. دەستی بەرەو ئەو جێگایە برد، کە تەزووی ژانی پێدا دەگەڕا، بەڵام دیار بوو لاسەری بە پەڕۆ بەسترابوو. دەستێکی بەژێر پەڕۆی لاسەری داگەڕاند، دەستی هەستی کرد لیچقایەک بە ژێر پەڕۆی لاسەری دا دێتە دەر.

ـ ڤەرا من چلۆن و بەچی زامدار بوومە؟

هەموو هەوڵی "ڤەڕا" ئەمە بوو کە پەژارە و خەمی خۆی لە ئەژدەر بشارێتەوە، بە ئەسپایی وەرامی داوە:

ـ یەکەم کەس ئەتۆیان ئەنگاوت... کازاخە سوارکارەکان تەقەیان لێ کردی. دوو فیشک، یەکیان لاسەری گرتووی و ئەوی تریان سنگت... چۆنی ئەژدەر؟ ژانت زۆرە؟...

ئەژدەر بە زەردەیەکی کزی سەرلێوانەوە، گوتی:

ـ ڤەرا دەستێکم بدەیە با هەستم... من نەساخ نیم... چ نییە ڤەرا! بە پەرۆش مەبە گیانە... من دەتوانم هەستم و دانیشم ـ بە دەم قسانەوە، بێ ئەوەی دەرخەمی

ژانی سەرسنگ و لاچاوی بێت، پشتی بەرز کردەوە و پاڵی وە دارەکەی پشت سەری دا و دانیشت. سەیرێکی ڕوخساری خەمناکانەی ڤەرای کرد و لێی پرسی:

ـ پێم بڵێ ڤەرا چلۆن توانیت هەتا ئێرەم ڕەکێش بکەیت؟

ـ ئەژدەر من تەنیا نەبووم؛ من و بۆگدان هەتا ئێرەمان هێناوی؛ بوگدان بەشوێن هێنانی دروشکە دا چووە. تۆ نازانی ئەژدەر... نازانی کە ئەم جانەوەراتە چەندە بێ بەزەییانە هێرشیان بۆ هێنایین. کۆمیتەی باکۆ بڕیاری داوە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لە ماڵی غولام پێک بێنێت و منیش ڕاسپێردراوم پەیامی ئەم کۆبوونەوەیە بە هەڤاڵان ڕابگەیەنم. خۆزگە بوگدان دروشکەیەکی دەست کەوتبایە و زووترمان گەیاندبایە ماڵی خۆمان؛ دایکم دەتوانێ بە دیارتەوە دابنیشێت و برینەکانت دەرمان بکات... تۆ ڕاکشێ گیانەکەی من... ڕاکشێ!

ـ نەخێر ڤەرا من ناچمەوە ماڵ و لە کۆبوونەوەکە دا بەشداری دەکەم... منیش دەبێ بێم، لەوانەیە کارێکم لەدەست بێ...ـ قسەی لە دەم بڕا و چەشنی دارێکی لە ڕیشە هەڵقرتاو، بەلاداهات و لە هۆش چوو.

ڤەڕا سەری ئەژدەری بەرز کردەوە و بە چاوی پڕ تەمەننا و هۆمێدەوە، دەوران پشتی خۆی ڕوانی و لە ژێرلێوانەوە گوتی:

ــ ئەی هاوار ئەدی بوگدان چی لێهات؟!... بڵێی ئەویش تووشی کارەساتێک نەبووبێت؟... ترسی هاتنی پۆلیس و ژاندارمیش لە گۆڕی دایە و بگەنە سەرمان، دەبێ چیمان بەسەر بێت؟

چرکە و خۆلەک وەک ساڵ بە هێمنی دەڕۆیشتن و "ڤەرا"ی نیگەران و پەشۆکاو، بە هیوای گەیشتنی گالسکە و راگواستنی ئەژدەر، یەک و دووی بوو. سەرەنجام لە شەقامە باریکەکەی باخی فەمانداری، فایتوونێک بەرەو ڕووی هات و لە نزیک ئەوانەوە ڕاوەستا. بوگدانی لێ دابەزی و ڕووی کردە ڤەرا و گوتی:

ـ گورج بە کچی خۆم... دەست و بردت بێ با زووتر لێرەی ڕاگوازین. ئەژدەر زۆر ساز نییە و دەبێ خێرا دوکتۆری بێتە سەری.

پێکەوە "ئەژدەر"یان لە سەر دەستان هەڵگرت و لە ناو دروشکەکە دا ڕایان کێشا. ڤەرا لە ژوور سەری دانیشت و دوای سەیر کردنێکی دەوران پشتی، بوگدان بە ئامارژەی سەر، فایتوونەوانەکەی تێگەیاند کە بی ئاژوێنێت. وەڕی کەوتن.

فایتوونەکە چەندین شەقامی تێپەڕ کرد و بە گەلێک کۆڵانان دا ڕابرد. شەقام و کۆڵانەکان چۆڵ و بێ هاموشۆکەر بوون. لە ڕۆژی ڕەش دا، مانەوە لە گۆشەی ماڵ بێ وەی ترە. شەقام و کۆڵان پڕی چەک بەدستی بێ ویژدانن.

****

# 22

لە درێژەی ڕێگای نێوان باخی فەرمانداری هەتا گەیشتنەوە بەردەرگای ماڵ، ڤەرا زۆر جاران ناچار دەبوو داوای ئیستێک ڕاگرتنی گالسکەکە بکات. زامەکانی سەرسنگ و لاسەری ئەژدەر دەمیان کردبۆوە و خوێنیان لێ دادەچۆڕا ؛ کراسەکەی دە خوێن دا خووسا بوو. دەسرۆکەی لاسەریشی شەتڵانی خوێن بوو. هەتا دەم تێدەپەڕی، ڕەنگی زەردی زەعفەرانی لە روخساری ئەژدەر زیاتر بەرەو ماتی دەڕۆییشت. حاڵی ئەژدەر بەرەو خراپی دەڕۆیشت و هەموو کەڕەتێکیش کە ڤەرا داوای ڕاگرتنی فایتوونەکەی دەکرد، فایتونەوانی خڕنوکی ڕووگرژ، بەبێ ئەوەیکە هۆکاری ڕاگرتن بزانێت، زۆر بە لاسەرسەنگی فایتوونەکەی ڕادەگرت. کاروان بەڕێوەیە و هێشتا چەندێکی ماوە بگەنەوە کۆڵانی ماڵی خۆیان. ڕەنگی ڕوخساری ئەژدەر بە تەواوی سپی هەڵگەڕابوو. خوێن سەری کردبوو. ڤەرا دەسرۆکەی سەر برینی لاسەری داماڵی و هەرچۆنێک بوو تیتۆڵێکی لە خوار بەژنی کراسەکەی ئەژدەری دادڕی و دیسان برینەکەی بۆ بەستەوە. بەدەم ڕاتڵەکانی گالسکەکە، زامەکەی سەرسنگی زارکی کردبۆوە و خوێنی لێ دەهات. ڤەرا سەری بەسەر ئەژدەر دا لار کردەوە و چەند جارانی بانگ کرد، بەڵام ئەژدەر بێ هەست و خۆست و بێ حاڵ بوو. خوێن ڕانەدەوستا و بەرەبەرە، هەموو کراسەکەی لە خوێن دا شەتاڵ بوو. ڤەرا دیسان داوای ڕاگرتنی گالسکەکەی کرد. ئیتر ئەمجارە گالسکەوانەکە بە تووڕەیی دابەزی و لەو بەری کۆڵان، لە پاڵ دیوارێک دا بێدەنگ ڕاوستا. ڤەرا لە هەوڵی دادرینی کراسی ئەژدەر دا بوو، بەڵام دیار بوو کراسە خوێناوییەکەی لە دوو بەرانەوە، بە لاقەبرغەکانیەوە نووساون و داکەندنی کراسەکەی، کولانەوەی زامی سەرسنگی زیاتر دەکرد؛ هەربۆیە وازی لێهێنا و بە تووڕەیی بانگی گالسکەوانەکەی کرد:

ـ وەرە گورج بە با بڕۆین... مەگەر نابینی ئەم گەنجە لە چ بار دۆخێکی دژوار دایە؟ بۆچ ئەوەندە خەمساردی ئەتۆ؟...

ـ دەنگت بەرز مەکەرەوە خاتوون!... مەگەر نازانی کۆڵانەکە ڕێبواری پێدا تێپەڕ دەبێ و ئەگەر دەنگت بە گوێیەک ڕابگات، لەوانەیە بە پۆلیس ڕابگات و ئیتر ئەودەم گێچەڵ بە هەزارانە بۆ تۆ؟

ـ باشە وەرە با بڕۆین و چیتر لەسەری مەڕۆ!

فایتونچی، بە بێ ئەوەیکە شان لە دیوار جیا بکاتەوە، لە ژێرلێوانەوە بڵماندی:

ـ فەرمانی ڕۆیشتنم پێ مەدە خاتوون، مەگەر نابینی بارگینەکانم وازی ڕۆیشتنیان نییە... ئەوەندی فەرمانی ڕاگرتنت پێداوم، ڕاوەستاوم. ڕاوەستان و دیسان وەڕێ کەوتنەوەی فایتوون دەبێتە دوو کورس و هەر کورسێک نرخ و باجێکی هەیە؛ هەتا ئێستا چەندین باج کەوتۆتە سەرت و هەتا باجەکانت لێ نەستێنم، بارگینەکانم پێ دەچەقێنن و جوابم نادەنەوە... ئەمە تاوانی من نییە...

ڤەرا دەستی لە باخەڵ نا و پارەیەکی یەک مەناتی و مستێک وردە پوڵی بۆ ڕاگرت و گوتی:

ـ فەرموو ئەمە هەمووی دارایی منە و با بۆ تۆ بێت... بەڵام خێرا وەڕێ کەوە!

گالسکەچی پارەی لە دەست ڤەرا وەرگرت و گورج کەوتە سەر کورسی و قامچی لە بان سەری بارگینەکانی هەڵسووڕاند. بە جووڵەی توندی فایتوون و بە هۆی بەردەڵان بوونی کۆڵانەکە، زامی سەرسنگی "ئەژدەر" بە تەواوی دەمی کردەوە و خوێنی لێهات. تەنانەت بە هەر ڕاتڵەکانێکیش، ناڵەیەکی نەرم بە دەمی ئەژدەر دا دەهات. ڤەرا، بە هەر دوو لەپی دەستەکانی، ژێرسەری "ئەژدەر" توند ڕاگرتبوو؛ چۆڕاوگەی خوێن بە ژێر پەنجەکانی "ڤەرا"ش دا دەتکایەوە.

ئەم بەسەرهاتەی ئەژدەر، لەم کاتەدا، کوتومت یادی "ئیڤان"ی بۆ ڤەرا زیندوو کردبۆوە. "ئیڤان"ی باوکیشی هەر بەم چەشنە ڕادەستی ماڵ کرایەوە. ئەویش شەلاڵی خوێن و بێ سەر و زمان هاتەوە ماڵ و، کەس دەنگی لێوە نەبیست. شینگێریی ئەو ڕۆژەیشی هاتەوەبیر کە چەندە بەژان بوو. لەپڕ موچوڕکێکی بە لەش داهات و بە خورپەی خەمەوە ڕاچڵەکی ـ "ئاخۆ کتێبی چارەنووسەکەی من هەر دەبێ بەخوێن بنووسرێت؟ بۆچ دەبێ ئەڤینداران و ئۆگرانی من بەم چەشنە دەستەچێن بکرێن و لە خوێن بگەوزێن؟ ـ گریێی خەم، دڵی گوشی و ئەسرین بەچاوەکانی دا تکانەوە. کوڵی گریان تینی بۆ هێنا و نەرمە گریان بوو بە گەرمە شێن.

فایتوونەکە لە بەر دەرگا ڕایگرت و فایتوونەوان بەخوێناوی بوونی فایتوونەکەی بۆڵەبۆڵێکی کرد، بەڵام بۆ زووتر ڕزگاربوون لەم خەتەری قەستی سەرە، زەحمەتی هێنانەدەری ئەژدەری وەخۆ گرت و هەتا بەردەرگای حەوشەکەی هێنا و لەبەر دەرگا داینا. بەمجۆرە، ڤەرا لەبەر دەگا و لە کۆڵاندا و لە پاڵ سەری ئەژدەر دا، بە تەنیا مایەوە. چ بکا و داد بۆ کێ بەرێ؟! ئەژدەر بە تەنیایی جێ بهێڵێت و بە شوێن پزیشک دابچێت؟... ئەدی ئەرکی ڕاگەیاندنی پەیامی کۆبوونەوە هاوڕێیانی چی لێ بکات؟ ئەژدەر بێ سەر و زمانە و پزیشکی پێویستە... خۆی تەنیایە و چی لە دەست نایە...

چ کەردەن؟ لەپڕ بیری کەوتە سەر ئامینە و میرزاحسێن و گوڵاراخانمی جیرانیان. ئەوان تەنیا یار و یاوەری ڕۆژی تەنگانەیانن... هانا بۆ ئەوان بەرێت باشترین کارە. هەر بڵێی یەک و دوو، چارشێوی کردە سەر و لە ماڵ دەرکەوت. بە هەلینگدان خۆی گەیاندە بەردەرگای ماڵی ئامینە و بەبێ ساوساو لە دەرگای دا.

ئەگەرچی دەرگا کردنەوەیان چەند چرکەیەکی زیاتر نەخایاند، بەڵام دڵی ڤەرا بە لای ئەژدەر دا لێی دەدا و ئەم کورتە دەمەی لێ ببوو بە ساڵ.

دەرگا کرایەوە و ئامینەی لێ وەردەر کەوت. ئامینە وەک جاران بە پێکەنینەوە هەمێزی بۆ ڤەرا کردەوە و ئامبازی بوو و دە باوەشی گرت. بەڵام هەرکە بە وردی سەیری ڤەرای کرد، دەست و دەمی سارد بوونەوە و بە سەرسووڕماوی سەیرێکی کرد و پرسی:

ـ ڤەرا چییە؟... چی قەوماوە ڤەرا؟!

ڤەرا بە دەنگێکی نیوە نووزە گوتی:

ـ ئامینە باوکت لە ماڵەوەیە؟

ـ ئا... ئا... بەڵی لە ماڵەوەیە، بەڵام زوو پێم بڵی چی ڕووی داوە؟... ئەم خوێن و خوڕە چییە بە دەست و باسک و داوێنتەوە... چییە... زامدار بووی؟

ـ نەء ئامینە... نەخێر من چیم نییە!... ئەژدەر!... ئەژدەر زامدارە و حاڵی گەلێک پەرێشانە... ئەوە لە بەر دەرگایە و تەنیایە... تۆ بڵی بە میرزا حسێن، بەشکەم ئەو بگاتە فریام و ڕێگامان پێ بدات بۆ چەند کاتژمێرێک ڕایگوازمە ماڵی ئێوە ئامینە!

ـ ئەژدەر؟!... ئەژدەر کێیە ؟... ـ لەپڕ کەوتەوە بیری ـ ئا... ئا... ئەو کوڕە گەنجە ئازەرییەکەی ئەو ڕۆژە؟!... هەر ئێستێکە ڤەرا...

ئامینە بە پەلەپڕووزە و هەلینگدان لە پلیکانەکان وەسەر کەوت و ڤەراش بە هەڕەمە گەڕایەوە سەر باڵینی ئەژدەر. ئەژدەر بێ حاڵ و بێدەنگ مابۆوە. ڕەنگی ڕوخساری زەردێکی کاڵی کەمڕەنگی ئاماڵ سپی دەینواند. ڤەرا لەم بێزمانی و ڕەنگە زەردەی ئەژدەر ترسا. سەری خستە سەر ڕانی و گوێی بە سنگ و هەناسەکەیەوە نا. هەناسەکانی ئەژدەر یەکجار زۆر کز و نزم و هێواش دەهاتنە دەر.

ـ ئەمە کارە کردووتە کچم؟!... مرۆڤی زامدار لە خاک و خۆڵ دا دەخەوێنی؟

ڤەرا سەری بەرز کردەوە و هەرکە چاوی بە میرزاحسێن کەوت، هومێد بە دڵی دا گەڕایەوە و هەستی بە پشت ئەستووری کرد. لە جێ هەستا و گوتی:

ـ دایکم لە ماڵ نییە و هیچ ڕیگا و بەر دەرگایەکم شک نەدەبرد هانای بۆ بەرم بۆیە هاوارم بۆ ئێوە هێنا میرزاحسێن...

میرزاحسێن بە خەم و حەسرەتێکی زۆرەوە سەیرێکی ئەژدەر کرد و لە ژێر لێوانەوە گوتی:

ـ بە دەست و باوەش هەڵگرتنی سەختە و بۆ ئەویش زیانبارە... برینەکانی دەکولێنەوە و حاڵی پەرێشانتر دەکا... دەبێ بخرێتە سەر تەختە...ـ ڕوی کردە ئامینە و گوتی : خێراکە ئامینە... لە حەوشەی پشتەوەمان لادەرگایەک هەیە با بچین و بیهێنین .

باوک و کچ ڕۆیشتن و ڤەرا بە چاوی ڕێز و سپاسەوە بەڕێی کردن. هەناسەکانی ئەژدەر کز و هێدی دەهاتنەدەر و هەناسەکێشانیشی تووند و کورت و کەم دەنگ بوون. چۆڕاوگەی خوێن وەستابۆوە و دەوری زامەکانی قەتماخەیان بەستبوو. زۆری نەخایاند، ئامینە و میرزاحسێن تاکی دەرگایەکی پانیان لە سەر دەستان هێنا و ئامینە پەشتەماڵێکی لە سەر تەختەکە پان ڕاخست و سەرینێکی بچووکیشی دانا. ئەوان گەرمی کار بوون و کەم کەمە ڕێبواریشیان لە دەور و بەر دا کۆ دەبۆوە. دوو ژنی چارشێو بەسەر پێکەوە دەدوان. یەکیان دەیگوت: ... نەء باوان گیان وانییە... دەڵێن پۆلیس و کازاخ و ژاندەرم لە باخی فەرمانداری تەقەیان لە خەڵک کردووە و گۆمی خوێنیان جاڕێ کردووە... ئەمەش هەر لەوێ پێکاوە...

بە هاتنی ڕێبوار و کۆمبوونی ژن و ژاڵ، دڵەڕاوکەی "ڤەرا"ش زێتر و زیاتر دەبوو. بەلای خۆیەوە، نیگەرانی ئەمە بوو خەبەر بە پۆلیس بگات و بێن و ئەژدەر بەرن. ئەژدەر، بەم حاڵە بێحاڵەیەوە لە چنگ پۆلیس بکەوێت، بەرگەی بێنە و بەرە ناگرێت و لە ڕێگا دا گیان دەدات. ئەژدەریش بکەوێتە دەستی پۆلیس، خۆیشی ڕەپێچەک دەدەن؛ ئەی ئەودەم کێ خەبەر بۆ هاوڕێیان بەرێت و کات و شوێنی کۆبوونەوەکە لە کێ بزانن؟ گیرۆدەی ئەم بیرە تاڵانە و، ئامینەش وەک بڵێی لە دیوەخانی ماڵی خۆیان دا خەریکی کاری ماڵ بێ، نەرم نەرم بەتانەی لە باڵای ئەژدەر هەڵدەکێشا و سەرینی ژێر سەری ڕاستە و پاستە دەکرد، کە ڤەرا گوتی:

ـ ئامینە دەستوبردت بێ... زوو بە!

لە هاتن و ڕاوەستانی ڕێبواران، نیشانەی ترسی بە ڕووی میرزا "حسێن" ـەوە دیار بوو، ڕووی کردە ڤەرا و گوتی:

ـ ئەتۆ سەری ئەژدەر بە هەر دوو دەستانت بەرزبکەوە با من و ئامینەش تەختەکەی لە ژێر سەرەوە بخزێنینە ژێر جەستەیەوە.

سێ کەسە، تەختەکەیان خستە ژێر جەستەی ئەژدەر، بەڵام هەڵگرتن و ڕاگوێزانی لە توانای دوو کچ و پیرەپیاوێک دا نەبوو. میرزاحسێن بە چاو یاریکاری لە دوو کوڕە گەنجان ویست کە سەیرکەریان بوون .

مرۆڤی خاوەن هەست، قەت دەست بەرناداتەوە و لە یاریکاری پشت ناکاتەوە؛ نەخوازا لەم هەل و کاتە ناسکانەدا. دوو کوڕە گەنجەکان، هەر یەک لە بەرێکەوە تێی ڕۆهاتن و تەخت و نەخۆشیان هەتا ژوورەکەی میرزاحسێن ڕانەگرت. کوڕە گەنجەکان، تەخت و نەخۆشیان دانا و دوای ماڵاوایی کردن ڕۆیشتن. ڤەرا و ئامینە

جێگا و بانیان بۆ ڕاخست و خەواندین. میرزاحسێن ترپەی دڵ و نەزمی دەستی "ئەژدەر"ی گرت. دوای تاوێک بێدەنگی، گوتی:
ـ خوێنێکی زۆری لەبەر چووە و پێویستە پزیشک بیبینێت. ئێوە بە لۆکە و ئاوی گەرم خوێنی ڕەق هەڵاتووی دەوری زامەکانی خاوێن بکەنەوە با منیش بە شوێن پزیشک دا بچم.
ڤەرا، بێچارە مابۆوە. نەیدەزانی چی بکا و چلۆن دەرد و خەم و ئەرک و بەرنامەی کاری خۆی باس بکات. لەلایەک ڕاسپاردەی بوگدان بۆ هاوڕێیان و لە بەرێک هێنانی ئەژدەر بۆ ماڵی میرزاحسێن و لە هەمووی ناخۆشتر، لەسەرکار دانانی ئەوان، تووشی شەرم و ترس و نیگەرانی کردبوو. دەکرا ئەژدەر بە ئامینە بسپێرێت و خۆی بە شوێن بەرنامەی خۆی دا بڕوات، بەڵام بە لای "میرزا حسێن"ـەوە چلۆن سەر هەڵێنێت و بە چ ڕوویەکەوە سپاسی لێ بکات. چی بڵێ و چلۆن دەربەرێ؟ بەڵام هەر ئەوددەمەی کە میرزاحسێن بۆ هێنانی پزیشک ئاهەنگی چوونە دەری بوو، ڤەرا لێی نزیک بۆوە و گوتی:
ـ میرزاحسێن داوای لێبوردنتان لێدەکەم... من... من بەم کارەمەوە ئێوە و بنەماڵەی ئێوەم تووشی ئازار و ئەزییەت کردووە و لە مەترسیم هاویشتوون. نازانم... نازانم...
میرزاحسێن گوتی
ـ تۆ گوتت مەترسی؟!... کێهە مەترسی ؟
ڤەرا بە دەنگ و هەوایەک، وەک بڵێی لە دار و دیواریش سڵە بکات، وتی:
ـ ئاخر ئەژدەر لە دەمۆستراسیۆنێکی دژی ڕژێم بە گوللەی کازاخەکان زامدار کراوە.
میرزاحسێن بە زەردەیەکی کاڵی سەرلێوانەوە، لە حاڵێکدا پێڵاوەکانی دەپێ دەکردن، گوتی:
ـ ئەگەر ئەژدەر لە شەڕی لات و لووت، یان لە ڕۆژی "عاشوڕا" دا زامدار کرابا و تۆ داوای یاریکاریت لێکردبایەم، بێشک من دەستی هاریکاریم نەدەدایەی کچی خۆم. بەڵام دەرگای من بە ڕووی کەسانی وەک تۆ دا هەمیشە ئاواڵەیە...هەردەم و...
ـ بەڕیزم من قسەیەکی تریشم ماوە پێتی بڵێم...
ـ کچی خۆم لێمگەڕێ با خۆم بگەیەنمە پزیشک و زووتر ئەو گەنجە چالاکە لە دەستی مەرگ بستێنمەوە... با کات بەفیرۆ نەدەین...
ڤەرا لە بەرامبەر دەرگا دا چەقی و بە هەر دوو دەستانی، باسکی "میرزا حسێن"ی گرت:
ـ من دەزانم ئەژدەر پزیشکی پێویستە... ئێوە بە تەواو ماناوە گەورەییتان نواندووە، بەڵام من دەبێ هەر ئێستا بڕۆم... کارێکی یەکجار زۆر گرنگم بەدەستەوەیە و دەبێ پێی ڕابگەم... کارەکەم نابێ بخەمە پشت گوێم...

میرزاحسێن چەند چرکەیەک ڕاوەستا و ئەوسا گوتی:

ـ تۆ بڕۆ کچی خۆم. بەڕاستی من دەگەشیمەوە کە دەتبینم چەندە بەرزی و چەندە بەڕێزی... تۆ هیچ خەمێکت نەبی کچم... ئامینە چاوەدێرێکی دڵسۆزەیە ... گوڵارای دایکیشی دێتەوە و پێکەوە دەوری چۆڵ ناکەن... بێ خەم بە و بڕۆ!... من دەبێ پزیشک بێنم... پزیشک!...

میرزاحسێن وەردەکەوت و ڕۆییشت. ڤەرا کراسە خوێناوییەکەی داکەند و کراسێکی ئامینەی کردە بەر. دوای دەست و ڕوو شوردنێک، شاڵێکی دە سەر و گوێلاکییەوە پێچا و بە ئەسپایی بە ئامینەی گووت:

ـ ئامینە بیرت نەچی کچێ!... ئەو شەنگە لاوەی لە ماڵی تۆ دا خەوتووە، دڵ و جەرگ و هەناوی زامداری منە... دڵەکەم بە لای تۆوە ئامانەتە و باشی پێ ڕابگە ئامینە!...

بەم وتەیە سوور هەڵگەڕا و گوڵی کەوتە سەر گۆنای. دوای ماڵاوایی، چالاک و لە سەر بڕوا بەرەو ئەرک و ئەسپاردەکانی ڕۆیشت.

****

# 23

دوکتۆر "ئۆسیپۆڤ"، پیاوێکی بە سەر و سیمای سارد و گەرم چەشتووی ڕۆژگاردیدە بوو. ئەو کەسانەی کە ئاشنای بوون و دەیان ناسی، دەیانگوت کە پێ و قەدەمی ئەو دوکتۆرە ودمی پیرۆزیی پێوەیە و ڕوو بکاتە ماڵی هەر نەخۆش و دەردەدارێک، بەبێ داو و دەرمان چاری دەردی دێت. لە زاری زۆر کەسانیشەوە بیسترا بوو، کە دەرگای هەر ماڵێک بکاتەوە، شین و شەپۆڕی ژوور سەرینی نەخۆشی کەلەلا، دەبێتە بزەی لێو. هۆکاری ئەم باوەڕەش لەمە دا خۆی دەدیتەوە، کە دوکتۆر "ئۆسیپۆڤ"، خاتری ماڵی هەژاران دەگرت و تەنانەت دەرمانی پێویستیشیانی لە گیرفانی خۆی دابین دەکرد. هەربۆیە لە ناو هەژاران و بێ ئەنوایان دا جێی پرس و ڕا بوو. ئامۆژگارییەکانی ئەو چەشنی دەرمان دەکار دەکران.

ئەوا ئەمجارەکەش، دلۆڤانییەکانی "ئۆسیپۆڤ" کەوتە سەر لەش و لاری ئەژدەر و زامەکانی لاسەر و سەرسنگی دەرمان کرد. کاتی ماڵاوایی و ئاماژە بە هەندە زانیارییەکی پێویست، دەستی گیرفانی میرزاحسێنی ڕەد کردەوە و پارەی لێ نەویست. هەر دوای ڕۆیشتنی دوکتۆر، ئەژدەر چاوەکانی کردنەوە و چاوی بە دەور و بەر داگێڕا. هەستی کرد، لاسەری و سەرسنگی ژانیان هەیە، بەڵام هۆی ئەم ژان و ژوارەی نەزانی. دوو دەستی کردە قایمگیر و ویستی پشت لە جێگا و بان بکاتەوە، بەڵام دوو دەستەکانی ئەوەندەیان هێز تێدا نەمابوو کە فەرمانی مێشک بەڕێوە بەرن؛ نەیتوانی و چەشنی کۆلکەدارێک لە سەر جێگاوبان دا بێ جووڵە مایەوە. فکری لێکردەوە و کەوتە ناو خەیاڵات... من چیمە؟... بۆچ ناتوانم پشتم ڕاست بکەمەوە؟ دیسان چاوێکی هەڵێنا و سەیری دەور و بەری کردەوە و لە یەک جێگا دا، چاوەکانی کەوتنە سەر دوو چاوی

ڕەشی ئامینە و لەوێ جێمان. هەرکە ئامینە بە ئاگاهاتنەوەی ئەژدەری بینی، بەپڕتاو بە شوێن باوکی دا هەلینگی دا. ئەژدەر دەمی کردەوە ئامینە بانگ بکات، بەڵام نووزەی لە لێوە نەهات.

چی نەخایاند ئامینە و باوکی هاتنە بان سەرینی ئەژدەر. ئەژدەر بە وردی تێیان ڕاما، بەڵام هیچکامێکیان بە ئاشنا دەرنەچوون. بە ئەوپەڕی بێ هێزییەوە، گوتی:

ـ ئێوە کوێیە؟... من لە کوێم؟

میرزاحسێن بە دەمی زەردە لە سەر نیشتوویەوە، وەرامی دایەوە:

ـ لە ماڵی دۆستانی خۆتی کوڕم...

ـ دەکرێ پێم بڵێن گوللە کوێمی بڕیوە؟!... زامەکانم قووڵن؟!

ـ کوڕم چەلێ تۆ نابێ خۆت شلوێ بکەیت... خوێنێکی زۆرت لە بەر ڕۆیشتووە و گەلێک بێ هێزی... برینەکانت جێی مەترسی نین. گوللەیەک بە لاچاوت دا خشاوە و ئەوی تریان ژێر پیلی گرتووی. پزیشک زامەکانتی دەرمان کردووی و بەستوونی. خوێنەکەت ڕاوەستاوە و هیچ جێگای مەترسی نییە. دوکتور پێی وایە زۆر ناخایەنێ برینەکانت سارێژ دەبنەوە... دڵنیابە جێگاکەت بێ وەیە و هەتا ساغ دەبیتەوە و بە سەلامەتی هەڵدەستی، بەلای ئێمەوە دەبی.

ئەژدەر بە وردی و سەرنجەوە چاوی دە میرزاحسێن بڕیبوو. هەوڵی ناسینەوەی بۆ دەدا، بەڵام بۆی نەناسرایەوە. بەرەبەرە چاوەکانی قورس و قورستر بوون و دیسان بوورایەوە. میرزاحسێن، زانی ئەژدەر تووشی لاوازیی جەستەیی بووە و پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە. ڕوی کردە ئامینە و گوتی:

ـ ئامینە تۆ بڕۆ چایی بۆ ساز بکە و منیش بە شوێن دەرمان دا دەچم. یاوتێیەتی و نیازی بە خواردن و خواردنەوە هەیە. ئەگەر چاوی کردەوە و داوای ئاوی کرد، تۆ بە کەوچک چایی شیرینی بە دەم دا بکە...

ـ بەسەر چاو باوکە گیان!

میرزاحسێن لە ڕۆیشتن دابوو، کە دەنگی گوڵارا خانمی گوێ لێبوو .

لە بنەماڵەی میرزاحسێن دا یاریکاری و پێڕاگەیشنی یارمەتیخوازان وەک باو و نەریتی لێهاتبوو. بەپێی نەریت، پێشەکی باری لاریان ڕاست دەکردەوە و ئەمجار هۆی لار بوونی بارەکەیان پرسیار دەکرد .

گوڵاراخانم هەرکە هاتە ژوور و نوسخەی دەرمانی لە مستی شووەکەی دا بینی و تازەلاوێکی سەر و گوێ بەستراوی لە ناو جێگاوبان دا دیت، ڕووی کردە میرزاحسێن و بە گلە و گازەنەوە گوتی:

ـ میرزاحسێن خۆ ئەتۆ دەتزانی من لە کوێم، دەکرا بە شوێنم دابنێری... کار، بە دەستی چەند کەسان بکرێت باشتر بەڕێوەدەچێت...

ـ هەتا ئێستا من و ئامینە کردوومانە و ئەمجار نۆرەی تۆیە... زۆر بە کاتێکی بەجێ هاتیتەوە گوڵارا... ئامینە چایی ساز کردووە و هەر کە ئەژدەر هاتەوە هۆش، بە کەوچک چایی شیرین و ئاوی لیمۆی بە دەمی دابکە... بەتەنیا جێی مەهێڵن.. من زۆرم پێ ناچێت و زوو دەگەڕێمەوە.

دەگەڵ ڕۆیشتنی میرزاحسێن، هەرچی ڕووی دابوو، ئامینە بۆ دایکی گێڕایەوە. گوڵاراخانم لە بەرێک بۆ ئەژدەر جەرگی تەزی و خەم دایگرت، لەبەرێکی تریشەوە ترس هەڵی گرت. زامداری و بێ حاڵیی ئەژدەر تەمی بەسەر داباراند و ترس لە ستەمگەرانی ڕژێمیش وەک شەوە هەڵی گوشی. بەتایبەت هەر ئەم سەروبەندە، لە هەموو لایەکەوە میرزا حسێن کەوتۆتە بەر شاڵاوی کاربەدەستانی حکومەتی و دەستیان لە کار و پێشەی مامۆستایەتی بڕیوە .

دەزگای پاراستنی ئەو فێرگە و قوتابخانانەی کە میرزاحسێن کاری لێدەکرد، "میرزا حسێن"یان لە کار هەڵپەساردووە. تەنیا پیشەیەکی کە بۆی ماوەتەوە، دەرس گوتنەوە لە چەند ماڵێکی هەژار و نەداری گەڕەکی کرێکارانی باکۆ، کە ئەویش خۆبەخشانە و بەبێ هیچ مزە و مافێک وەئەستۆی گرتوون. بێتوو ئەم ڕووداوە و ئەم داڵدەدانەش بەگوێی دەزگای سەرکوتکەر بگاتەوە، واوەیلایە...

گۆلاراخانم لە سەر کەنەپەیەک دانیشتبوو. بیر و خەیاڵاتی ڕەش و دزێو بە بیردانی دا تێدەپەڕین و ئارەقیان پێدەڕشت. جارجارەش بەخۆی دادەهاتەوە و خۆی دڵداری دەدایەوە و دەیگوت:"... نەخێر! ئەم دامو دەزگایەش ئەوەندە خەشیمێکی خاو نییە. هاتبا و خەبەرداری هاتنی ئەژدەر و دەرمان و دوکتۆرکردنی ئەو بوانایە، زۆر لەمێژ بوو دەستیان لێ وەشاندبوون و ماڵیان بەبا دابوون... لەوانەشە زانیبیتیان، بەڵام دەستیان ڕاگرتبێ و لە ژێر چاوەدێری دا ڕایان گرتبن...

میرزاحسێن زۆرجاران باسی دامودەزگای داپلۆسێنەری بۆ کردبوو. باسی خەبات، باسی شۆڕش و باسی سەرهەڵدانی بۆ کردبوو. گوڵاراخانم، لە ژێر کارکردی دەنگی نەرم و دڵگری میرزاحسێن دا، دەروازەی دڵی بە ڕووی شۆڕش دا کرابۆوە، بەڵام لە بێ بەزەیی و بێ ویژدانیی کاربەدەستان و سیخوڕانی ڕژیمیش دەترسا. دنیای گوڵاراخانم ، میرزا حسێن و ئامینە بوون؛ ئەوان تووشی بەڵایەک بوانایە، ئەو نەدەما و دەمرد. گوڵاراخانم ئاواتەخواز بوو شۆڕش و سەرهەڵدان لە یەک زەمان و لە چاو ترووکانێک دا بە سەرکەوتن گەیشتبایە و ئیتر کوشتن و بەندیخانە و ئازار و ئەشکەنجە لە گۆڕێ دا نەبوایە. زۆرجاران میرزا حسێن پێی گوتبوو: گوڵارا! ژیانی دیلی و ژێرستەمی پووشێک ناهێنێت.

گوڵاراخانم دەستەیەخەی بیری جۆراوجۆر، ئەوەندەی لە توانای دابووی، بەبێ وەستان و ماندوو بوون بۆ ئەژدەر و بۆ شۆڕشی دەکار کرد. دەوا و دەرمانەکانی لە کاتی بەجێدا لێکرد. خواردن و خواردنەوەکانیشی ڕێکوپێک پێدا. دوای دوو ڕۆژان، ڕادەی پەتاکەی لە 40/5 پلەوە هاتە سەر 39/5 پلە و دیاربوو ئەژدەر لە ژێر

چاوەدێریی سێ ئەندامی بنەماڵەیەکی ئازەری دا، بۆ شۆڕش دەکەوێتەوە سەر پێ و فیشەکی دوژمن بە فیڕۆ دەچێت.

****

# 24

خۆپیشاندانی یەکی ئەیار لە بەرێک و بەشوێن ئەو دا و، لە لایەکی ترەوە، بگر بگر و ڕەشبگیری و بەند و زیندان و ئەشکەنجە، شاری باکۆیان هەژاند. لەو بازاڕە ئالۆزەش دا لات و لووتی چۆماخ بەدەستی شاری باکۆ دەوری خۆیان باش گێڕا و لە ڕاونان و بەردەست کردنی تێکۆشەراندا یاریکارێکی چالاکی پۆلیس بوون. جیرەخۆرانی ژێر دەمامک و پۆشتەکراو بە جلک و بەرگی ئاسایی خەڵکی شار، مەڵبەند بە مەڵبەند دەگەڕان بە پاساوی پشکنین، خەڵک وماڵی خەڵکیان دەڕووتاندەوە.

"یەگۆرۆڤ"، کاربەدەستەکەی دایەرەی گومرگات، کە لە ئاکامی ڕووداوی "ماتریس"ەکان و ڕاکردنی ڤەرا، ماوەی مانگێک بەبێ سەرخوێندنەوە لە سووچی زیندان دا دەسبەسەر کرابوو، کەوتە نێو جیرەخۆرانی پاپەتی و، بە جلک و بەرگی سیڤیل بە نێو خەڵک دا دەگەڕا. لە سەرەتای مانگی ژانڤییەوە، بە درێژایی ڕۆژ و بەبێ وەستان، هەر کچۆڵەیەکی کە تووشی دەهات، شوێنی هەڵدەگرت و بە وردی سەیری دەکرد. بەژن و باڵا و ڕەنگ و ڕواڵەتی کچەکانی دەگەڵ ئەو بەژن و باڵا و ڕەنگ و نیگارە هەڵدەسەنگاند، کە لە ژووری کارەکەی دا بینی بووی. سەر و سیما و نەخش و نیگاری "ڤەرا"ی لەبەر چاو مابۆوە و لە هەڵسەنگاندن دەگەڵ کچانی ڕێگوزار دا، هیچ خاڵێکی هاوبەشی تێدا بەدی نەدەکردن. هەموو ڕۆژێک بە کۆڵان و بە شەقامان دا دەڕۆیشت و سەیری دەکرد و، ئێوارانیش یەکسەر بۆ بنکەی ژاندارم و دیداری "لاورۆڤ" دەچوو. هیچ ئێوارەیەکیش نەبوو هەزار و یەک جوێن و سووکایەتی وەرنەگرێت. "لاورۆڤ"، هەڕەشەی لێدەکرد و پرێسکەی خەیانەتی بۆ هەڵدەبەست و بە هاودەست و هاوکاری کرێکاری سەربزێوی دادەنا. زۆرجاران خەت و نیشانی بۆ دەنگاوت، کە ئەگەر "نینا" نەدۆزێتەوە بۆ وڵاتی سیبریای هەڵدەدێرێت.

"یەگۆرۆڤ" خەریک بوو لە دەستی ژن و کچانی شاری باکۆ وەرهەم هەڵێنێت. ژن و کچ، بە گۆڕینی مۆدەی سەر و بە ئاڵوگۆڕێکی هاکەزایی پێڵاو و جلک و لیباس، سەریان لە هەزاران زانا دەشێواند. شوێن هەڵگرتنی ژن و کچ و سەیری بەژن و باڵا و تێبڕەانینی وردی خەت و خاڵان، بەرە بەرە بۆ "یەگۆرۆڤ" وەک کەسری شان و سووکایەتی لێهاتبوو. گەلێک جاران ژن و کچ بۆی دەگەڕانەوە و جوێنیان پێ دەدا و تفیان لێ دەکرد. زۆرجاران لە ناخی دڵەوە خۆزگەی دەخواست، کە ئەی سەد بریا بە شوێن پیاوان دا وەیلانی کۆڵان و شەقامەکانی شاریان کردبایە؛ ئەگەر گومبووەکەی پیاو بوایە، ناسینەوەی پیاو ئاو خواردنەوە بوو.

لە ڕابوردوو دا شێت و شەیدای دیدە مەستان و چاو خوماران بوو. بەڵام ئەمڕۆ ئەو تام و چێژەی نەماوە و وەک سۆغرەکاری لە ئەستۆیان پەستاوتووە، هەر بۆیە لە بینینی ژن بێزارە. جاری جاران، واتە ئەودەم کە باخەڵ پڕ و ملهوڕ بوو، زۆر جار لە مەیکەدە و سەماگە تایبەتییاکاندا دادەنیشت و، بەژن بەرز و کەمەر تەنگ و لەبارەکان دەهاتن و بە بەر دەمی دا ڕادەبوردن. بەڵام ئێستاکێ وا نییە؛ دەبێ هەر ڕۆژەی چەشنێک دەبەر کات و قژی سەری بۆ لایەک شانە بکات و لە شوێنێکی شارد دا سیپە بنێتەوە و بۆسەگیر ڕابوەستێت.

ئەو ڕۆژەش، وەکی ڕۆژانی تر بە شەقامێک دا دەهاتە خوار. جیرەخۆرانی هاوکاری زووتر دەست بە کار ببوون و گەلێکیان نێچیر لە تۆڕ دابوو، بەڵام ئەو خۆی چی بە چی نەکردبوو. بەرنامەی کاری ئەو ڕۆژەی ئەمە بوو، کە سەر و خواری شەقام بە شوێن کچۆڵەیەکی زەمبیل بە دەست دا بتەقێنێتەوە. بەڵام لە بەختی نەگبەتی ئەو، هەر کچێکی کە تووشی هات، یان کرێکارێکی تۆزاوی بوو، یان ژنێکی خورجێن لە کۆڵی پاشماڵەی ماڵان. کچۆڵەیەکی ناسکی زەمبیل بە شان، لە شەقامەکەی ئەو دا خەون و خەیاڵ بوو.

لە شەقامە دوور و درێژەکان دا هیچ دەسکەوتێکی نەبوو. بە ڕاستەشەقامێک دا هاتە خوار و گەیشتە دەروازەی"قوشەقەڵا". لێرەوە، هەرچی لادیوار و دەرگا و شوێنی بەتاڵ بوو، بە هەمە جۆرە بەیان و ئافیش و تراکتی بازەرگانی خەملا بوون. "یەگۆرۆڤ"ی ماندوو، بە بێ وازی سەیری ئەو گشتە ڕاگەیاندن و بانگاشە ڕەنگا و ڕەنگانەی کرد و سەر بەرە ژێر، بەرەو گەڕەکی "ئیچەری شاری" داگەڕا. هەستی کرد بێهێزە و چۆکی دەلەرزێت. سەرلە بەیانەوە، جگە دوو پیاڵەی بچووکی ئارەق هیچ شتێکی تری بە ئەوک دا ڕۆنەچوو بوو. سەری ژانی دەکرد. ئەگەر گیرفانەکانی یاریکار بوانایە، حەزی دەکرد یەک دوو پیاڵەی تر پێداکات، بەڵام جۆڕک و گیرفانەکانی لە ورگی بەتاڵی پووچ تر بوون.

سەری لە سەر ملی قورسایی دەکرد، بەڵام پێی سپێردرابوو دەبێ چاو بگێڕیت و ئەو کەنیشکە بدۆزێتەوە، کە لە چنگی دەرچوو بوو. بە شەقامێکی تەنگەبەر دا هات و گەیشتە چوار ڕێیانێک. لە جەمسەری چوارڕێیانەکە دا لە کیژۆڵەیەک هەڵەنگوت،

کە بە هەموو توانای پێ و پەلانی، بە هەڕەمە دەڕۆییشت. ورد تێی ڕاما و بۆنی ئاشنایی پێوە بوو. گورج بەرەو پیادەڕێی ئەوبەری شەقام چوو. لەوێوە بە وردی هەڵی سەنگاند و دەگەڵ ئەو کیژە کاڵەی بارەگای مێشکی، پێکی گرتن و هەڵی سەنگاندن. لە ناخی دڵەوە و بە دڵنیاییەوە گوتی: خۆیەتی. نابی لە کیسی بدەم، تەنانەت ئەگەر ئاویلکەی مردنیشم بگاتێ، چاوی لێ نانووقێنم. ورد سەیری کرد و هەڵسوکەوتەکەی هەڵسەنگاند. گوتی خۆیەتی، بەڵام بۆچ وا بە پەلە دەڕوات؟ دەبێ چی لە ژێر سەر دابێت؟

ڤەرا زۆر بەپەلە بەرەو ماڵی غولام دەڕۆیی. پەیامەکەی هەڤاڵ "بۆگدان"ی بە زۆربەی هاوڕێیان گەیاندبوو. بۆ گەیشتن و خەبەردان بە هەڤاڵ بۆگدان پەلەی بوو. لە درێژەی ڕێگا دا و بە دەم تیژ تێپەڕبوون دا، بە سیلەی چاوەکانی سەیری دەور و بەریشی دەکرد و ڕێبوارانی دەرزی ئاژن دەکردن. کێ سەیری دەکا و کێ شان بەشانی دەڕوا و کێ شوێنی هەڵدەگرێت. لە چوا ڕێیانەکەی "ئیچەری شاری"یەوە زڕتەبۆرێکی چاکەت درێژی زەڕنەقوتەی بەگۆشەی چاو بینی کە زۆر کڕیارانە سەیری دەکات، بەڵام پێی وابوو پیاوێکی چاوبرسییە و بۆ ڕاوە ژن دەگەڕێ. کاتێک گەیشتە بەرامبەر ماڵی غولام، ئیستێکی گرت و سەیرێکی دەوران پشتی کرد، بە ئەرخەیانی وەژوور کەوت.

"یەگۆرۆڤ" بۆ کورتە دەمێک بە حەپەساوی ڕاوەستا. چ بکات؟ هەر لەبەر ئەو دەرگایە بوەستێت و چاوەڕانی بێ، یان بۆ هیمداد وەرگرتن بگەڕێتەوە چوار ڕێیانەکە؟ پاش تاوێک ئەم دەست و ئەودەست کردن، خۆی ساغ کردەوە و بۆ هێنانی هێزی سەرکوتکەر، یەکسەر بەرەو بنکەی ژاندەرم تێی تەقاند.

پووره نیسا هەرکە "ڤەرا"ی بینی، بەپیلیەوە چوو. ڤەرا بە دلۆڤانی پورەنیسای گرتە هەمێز و یەکتریان ڕامووسی. پووره نیسا خەرمانەی ماتەمینی بە ڕوویەوە دیار بوو. شکاوەوە و داکەوتەیی لێ وەدەر کەوتبوو. چاوەکانی چەشنی گۆمە خوێن سوور هەڵگەڕابوون. دوای چاک و چۆنی، ڤەرا لێی پرسی:

ـ پووره نیسا گیان، هاوڕێ غولام لە چ حاڵ دایە، چۆنە؟

ـ تێدار و تەنگە نەفەسە و بێ ئیشتیهایە. چەند ڕۆژە، جگە لە ئاو هیچی تری بە ئەوک دا نەچۆتە خوار .

ڤەرا وەژوور کەوت و لە یەکەم نیگا دا چاوی بە ئەکبەر کەوت کە لە قوژبنێکی ژوورەکەیان دا هەڵکوروژما بوو. لە بەرێکی ترەوە، جێگا و بانی غولام و سیمای زەرد و بێڕەنگی غولامی بینی .

غولام بانگی کرد:

ـ نیسا قومێکم ئاو بدەرێ!

ڕوومەتی غولام بە تەواوی ڕۆچووبوون و چاوەکانی لە سۆ کەوتبوون. ئەگەر هاژینی پشوو سواریەکەی نەبوایە، دەگەڵ تەرمی بێ گیان لێک نەدەکرایەوە.

پوورنیسا ئاوی هێنا و قورتمێکی بە دەمی دا کرد. غولام دوو ئانیشکی کردە قایمگیر و جەستەی لە جێگا و بان ئەستاندەوە و دانیشت. ئەودەم کە دانیشت، "ڤەرا"ی بە چاو بینی و زەردەیەکی کزی کەوتە سەر لێوان و بە دەنگێکی کپ گوتی:

ـ ڕۆژی یەکی ئەیارتان چلۆن پیرۆز کرد؟... بەشداری کرێکار چلۆن بوو؟

ـ یەکجار زۆر باش و شکۆدارانە بەرپا کرا. جەماوەرێکی باش هاتبوون، بەڵام هێزی کازاخی سوارکار و پۆلیس و ژاندارم بەسەر خەڵک دارژان و تەقەیان کرد. ژمارەیەکی زۆر گیران و، بریندارێشمان هەیە. سەرکردایەتی بڕیاری کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەی لە ماڵی ئێوە ڕاگەیاندووە. من بە هەڤاڵانم ڕاگەیاندووە و قەرارە لێرە یەکتر بگرنەوە.

غولام سەیرێکی پوورە نیسای کرد و لێی پرسی:

ـ چ شتێکمان هەیە لە بەر دەمی میوانانی دابنێنیت؟

پوورەنیسا تەنیا سەرێکی بۆ لەقاند و بێدەنگ مایەوە. بەم پرسیارە و بەم چەشنە وڵامدانەوەیە، جەرگی ڤەرا هاتە ژان. ڤەرا بە دەنگێکی خنکاو لە خەم و پەژار، گوتی:

ـ هاوڕێ غولام ئەوانەی دێنە سوێت، غەریبە نینە... هەموویان هاوخەبات و هاوڕیانی خۆتن.... کەسی گیرفان پڕی دارا و تەسەلمان نایەتە ماڵ... هەر هەموومان چەشنی یەکین ... ئەوانەی دێنە ئێرە میوان نین، هاوڕییانی خۆتن!

غولام، دوای چەند نەرمە کۆخەیەکی بە قرخە و لرخە، پشوویەکی تازە کردەوە و بە ئەو پەڕی هەناسەسواری گوتی:

ـ چارەی ڕەشیماڵباتی کرێکار هەتا سەر بەم چەشنە نابێت و دەور لە گۆڕان دایە. بەڵام چەلێ بەمجۆرەین و دەبێ تێپەڕی بکەین... نیسا ئەگەر دەکرێ ئەکبەر بنێرە لای دوکاندارەکەی سەرگەی کۆڵان، بەشکوو هەندە قەند و چاییەکمان دەست بگرێت... ئەگەر بوومان، بۆی دەنێرینەوە... هیچ نەبێ چاییەکمان لە بەر دەم دابندرێت...

بینینی ئەم بار و دۆخە خەمبارە، چەشنی قورسەکێکی زێدە گران کەوتە سەر دڵی ڤەرا. لە ڕووی ناچاری و بۆ دڵدانەوەی غولام وتی:

ـ هاوڕێ غولام تکایە خۆت هێندە ئازار مەدە! هاوڕییانت بۆ گەپ و گەمە و بۆ سەرخۆشی نایەنە سەردانت. ئەوان، بۆ کردنەوەی دەرگای بەختیاریی کرێکار لێرە کۆدەبنەوە. دەس تەنگی و بێ ئەنوایی خانەنشینی ماڵی هەمووی ئێمەیە... هەر تەنێ تۆ نیت هاوڕێ!

ئەگەرچی ڤەرا زۆری پێداگرت کە واز لە چایی بێنن، بەڵام پوورەنیسا ئەکبەری بە شوێن چایی دا نارد. ڤەرا باسی ڕۆژی یەکی ئەیار و دروشمدان و خۆپیشاندان و هێرشی هێزی حکومەتی بۆ غولام گێڕایەوە. بەڵام برینداربوونی ئەژدەر و ڕاگوێزانی ئەوەی شاراوە هێشتەوە.

دەگەڵ دەنگی ئاهەنگینی ڤەرا، پیلووی چاوە شەکەتەکانی غولامیش هێدی هێدی کەوتنە سەر یەک و خەو بردییەوە. پوورە نیسا و ڤەرا، ژووری میوانیان خاوێن کردەوە و دەستێکیشیان بە ژوورەکەی "غولام"یش داهێنا. هێشتا بە تەواوی لە کاری ناو ماڵ تەواو نەببوون، کە ئەکبەر بە دەسبەتاڵی گەڕایەوە. پوورە نیسا لێی پرسی:

ـ ئەکبەر چی بوو؟... نەیدایتێ؟!

ئەکبەر پەشۆکاو دەهاتە بەر چاو. بەڵام بە ئارامی گوتی:

ـ نەخێر دایە گیان من لە نیوەی ڕێگاوە گەڕامەوە...

ـ ئاخر بۆچی کورم؟... چییە؟... چی قەوماوە؟

ـ دایە من مرۆڤگەلی قوتی نەناسراوم لە دەور و بەری ماڵی خۆمان دا دیت... دەهاتن و دەچوون و پێکەوە سرت و خورتیان بوو... لەولاتریشەوە، سوارکاری کازاخ و چەند پۆلیسێکیشم چاو پێکەوتن... لە هاتنەوم دا پێشیان گرتم و نەیان هێشت بێمەوە. منیش بە کۆڵانەکەی پشتەوە دا هاتم و بە دیوار هەڵچووم و خۆم گەیاندەوە لای ئێوە... زۆرن دایە! دەرگاکەم داخستەوە...

غولام چاوی هەڵێنا و یەکجێ لە سەر جێگا، هەستا و دانیشت. سەیرێکی پوورە نیسای کرد و وتی:

ـ نیسا!... خێرا پەیژەکە بەرە دەر... ڤەرا بە ماڵی دراوسێ دا ڕەوانەی ئەو دیوی کۆڵان بکە... دەی دەی.. گورج ! دراوسێکەمان پیاوێکی خاسە و باسمان ناکات.

ئەوسا ڕووی کردە ڤەرا و گوتی:

ـ ئەوەندەی پێت دەکرێ ، هەرچی زووتر بە هەواڵان ڕابگەیەنە کە بەم گاز و گوزەرە دا ڕانەبرن... لە شوێنێکی تر یەکتر ببینن و دواییش من ئاگادار بکەنەوە... دەی زووبە ڤەڕا!

هەر بڵێی یەک و دوو، ڤەرا لە ژوور دەرپەڕی و بە پەیژەکە دا وەسەربان کەوت. تازە پوورەنیسا نەردیوانەکەی کێشابوویە ناو ژوور، کە دەرگای حەوشەکەیان کەوتە بەر پێلاقە و چی نەما لەبەر یەکی هەڵتەکێنن. پوورە نیسا بە هەڕەمە بە فریای دەرگاکەیان گەییشت و گوتی:

ـ کێیە! ... بوێستن با دەرگاکە بکەمەوە! ـ دەرگاکەی کردەوە.

هەرکە دەرگا کرایەوە، چەند پۆلیسێک و پیاوێکی ڕەزاتاڵی بەدگووز ڕژانە حەوشە و یەکێک لە پۆلیسەکانی بە تووڕەیی گوتی:

ـ خێرابە پیرەژن!... ئەو کەنیشکەمان بۆ قاو بکە با بێتە دەر!

ـ کێهە کەنیشک؟!... ئێمە تەنیا کوڕیکمان هەیە... کچمان نییە...

پۆلیسەکە پڕ بە حەوشەکە بە سەری دا شریخاند و گوتی:

ـ درۆ دەکەیت پیرە کەمتیار... بانگ بکە با بێتە دەر... دەی... زوو!

ـ نییە... نیمانە... کچمان نییە!

پۆلیس گرماندی :

ـ دەر و ژوور بپشکنن. کێ لە ماڵ دایە بیخەنە حەوشە!
لە حەوشەوە دەستیان پێکرد. ژوورە تاریکەکانیان پشکنی. ژێر هەرزاڵ و دۆڵاپچە و ناو دەستەنوێن و ژێر ڕاخەر و پێخەفەکانیان هەڵتەکاند. بە چەشنێک وڵاتیان سەنگ و سووژن کرد، هەر وەک بڵێی دەرزی درومانیان لێ گوم بووە.
دەرگای ژووریان واڵا هێشتبۆوە و سرەبای ساردی مانگی ئەیار بە ژوورەکان دا دەگەڕا .
پرمە و حیلەی ئەسپی سوارکارە کازاخەکان و، لەو دیوەی حەوشەی دراوسێ چەقولووری سەگێک بە وڵات دا دەگەڕا.
غولام بە تای کراس و دەرپێیەکی تەنک و پواوەوە، بێ دەربەست بە کژەبای ساردی خەزەری، لە حەوشە دا ڕاوەستابوو. بیری غولام بە شوێن دوو گریمانەی تاڵ دا خولی دەخواردەوە؛ دەربازبوونی قەرا و نەدیوبوونی ئەو مجریلکەیەی کەوا چەند لاپەڕە بەیان و شەونامەی تێدایە. ئەو چەند لاپەڕە بەیان و شەونامانەی کە یادگاری شەو ڕاگوێزانی چاپخانە و کەرەسەی چاپی بوون و، بەلای خۆی هێشتنوونیەوە. غولام، سەبارەت بەم دوو ئەگەرە پڕ لە نیگەرانییە، تەواو تێکچوو بوو .
پۆلیسەکان چەشنی تاژی و تولەی خەوانینان، ورد ورد هەموو لایەکیان پشکنی. دەرخەمی وێرانی و خاپوور بوون دا نەبوون. هەر شوێنێک بۆی دەچوون، بست بە بستیان دەپشکنی. دەستەنوێنیان بە وڵات دا بڵاو دەکردەوە و مجریلکەیان لە توێی نوێن و بان دا دەردەکێشا و بە زەبری قونداخە تفەنگان پارچە پارچەیان دەکردن. پریسکە و خرت و پرتی ژنانیان تێدا دەدۆزییەوە و تووڕیان هەڵدەدان. لە ژێر تەرکی مجریلکەیەک دا بەستە ڕۆژنامەیەکیان تێدا دیتەوە. پۆلیسێک قاوی کرد:
ـ گەورەم بەستەیەکمان شەونامە کەشف کرد...
سەردەستەی پۆلیسەکان هاواری کردنێ:
ـ بەنرخە!... ئێمەیش بە شوێن ئەمانە دا دەگەڕێین.
هەرکە باسی شەونامە کرا، ئیتر غولام ڕاوەستانی حەوشەی بەپێویست نەزانی و یەکسەر چوو لە سەر جێگا و بانەکەی ڕاکشا. ئەکبەر بە چاوی پڕ لە ترس و توورەیی، سەیری ئاکاری پۆلیسی دەکرد، باوکی بانگی کرد و گوتی:
ـ کوڕی خۆم وەرە لێفەکەم بە سەر هەڵبکێشەوە، خەریکم ڕەق دەبمەوە!
ئەودەمەی کە ئەکبەر خەریک بوو لێفەی بە سەر باوکی دا هەڵدەکێشایەوە، غولام باسکی گرت و پێی گوت:
ـ کوڕی خۆم نەکەی ترس هەڵت بگرێت و بشەمزێیت!
ئەکبەر سەیرێکی ڕوخساری شکاوەی باوکی کرد و چەند دڵۆپ فرمێسکی زوڵاڵی هەڵوەراند. کورسیلەیەکی کێشا پێش و لە پەنای باوکی دانیشت. گوتی:
ـ باوکە گیان ناترسم!... دڵنیابە باوکە، قەت لەم جانەوەراتە ناترسم... ناترسم بابە!

غولام بەنیازی دڵدانەوە ئەکبەر بوو، کە بە نەعرەتەی سامناکی پۆلیس، قسەی لە دەم دا وشک بوو.
ـ ئەمانە چین؟!
ـ بەیاننامەی شۆڕشگێرانەن.
سەرۆکی دەستە لاپەڕەیەکی بۆ ڕاداشت و گوتی:
ـ بگرە!... ئەمە بە زمانی ئازەری نووسراوە، بیخوێنەوە بزانم چییە!
غولام هەر وەک لە هەڕەتی تافی لاوێنی دا بێ، گوڕاندی:
ـ بڕوخێ دیکتاتۆرییەتی تزاری. سەرکەوتوو بێ شۆڕش بۆ یەکسانی!
پۆلیسەکە لاپەڕییەکی تری نیشان دا:
ـ ئەدی ئەمە!
غولام تاوێک بێدەنگەی لێکرد. دوایە وەک ئەوەی بێزرابێت، ڕوو کرد ئەولا و گوتی:
ـ سەرپاکی لاپەڕەکان باسی ئەمان و فەوتانی ئێوە دەکەن و بانگی هێزی کرێکار دەکەن بۆ هاوخەباتی و بەربەرەکانی. ـ ئیتر ئەمە ئاخرین پەیامی منە و لەمەوەبەر هیچ وەڵامێکم لێ نابیسن. ئیتر دوو لێوەکانم قفڵ و قەپاتن و هیچیان لێ نایەتە دەر. دوای ئەم وتەیە، وەرسووڕایەوە و ئەکبەری لە هەمێز گرت:
ـ کوڕی شیرینم... بەرخەکەم!... مەرگ بانگم دەکا و سەربەرزانە و بە باوەشی ئاواڵەوە بۆی دەچم... لە پاش من تۆ جێگای باوکت دەگریتەوە... بیرت نەچێ تاقانە گوڵەکەم!...
لە پاشان بەرەو پوورەنیسا وەرسووڕایەوە. پوورەنیسا دوو چاوەکانی گۆمی خوێن بوون.
ـ ماڵاوا نیسا گیان!
ویستی لە سەر جێگا ڕابکشیتەوە، بەڵام نەیان هێشت. جلکەکانیان دەبەر کردەوە و بە ڕەکێش ڕەکێش بەرەو دەرگایان برد.
شین و شەپۆڕی ئەکبەر و سنگ و بەرۆک داڕنینی پوورەنیسا... بابە بابەی ئەکبەر و غولام غولامی پوورەنیسا، جەرگی خاوەن جەرگانی دەبرژاند.
"غولام"یان بەرەو بەندیخانە برد. غولام لە سەر وادە و بەڵێنەکەی خۆی ڕاوەستا. ئەوان هەرچی بە دمیان دا هات پێیان گوت و چی لە دەست و کوتەکیان هەڵوەری دەگەڵیان کرد، بەڵام دوو لێوەکانی غولام تەنانەت یەک وشەیشی پێدا نەهات. زۆریان ئازار دا، بەڵام غولام بەرگەی ئازاری لەڕادەبەدەری نەگرت و لە بەندیخانەی "بائیل"دا گیان لە دەست دا و شەهید کرا.

****

# 25

بەرەبەری تاوپەڕانانە. مژ و دومانێکی تاریک و خەمبارانە ئاسمانی شاری باکۆی داپۆشیوە. ڤەرا شەکەت و شیواوەحاڵ گەیشتۆتەوە ماڵی میرزاحسێن. ئامینە و گوڵارا خانمی دایکی بە دەوری ئەژدەر دا هاتووچۆیانە. بە هاتنەوەی ڤەرا، دایک و کچ دڵیان دەکرێتەوە و زەردەی پێکەنینیان دەکەوێتە سەر لێوان؛ ئەوان لە دڵی دارماڵ لە خەمی ڤەرا و کارەساتی ماڵی غولام بێخەبەرن.

چاکوچۆنی و سپاسی بێ پایانی ڤەرا لە مێرزاحسێن و بنەماڵەکەی نەدەبڕایەوە و بەردەوام باسی گەورەیی و مرۆڤدۆستی ئەوانی بە زمان دا دەهات. چاوە پڕ لە خەم و خەواڵوەکانی ڤەرا، حەکایەتێکی خەمبارانەیان لێدەخوێندرایەوە. ئەو خەم و خەسارە گیان تاوێنەی کە لە ماڵی غولام دا دیتبووی، بەشی هەتا ئاخر تەمەنی دەکرد. چەندە هەژار، چەند بێ ئەنوا، چەندە گەورە و چەندە شۆڕشگێڕن ئەو بنەماڵەیە. "ئەکبەر"ی چاوگەش، پوورەنیسای دلۆڤان و "غولام"ی قارەمان؛ لە بەر دیدەی خەیاڵی "ڤەڕا"دا ئەکتەری چالاکی شانۆیەکی هەتا سەر زیندوون و سەرتانسەری دیرۆکی مرۆڤ بە جەوەهەری ئەو کتێبە دەنووسرێتەوە. هوروژمی پۆلیس، بێ حورمەتی بە ژن و منداڵ، کرداری ناشیرینی ئەوان لە ماڵێکی تەنگ و تاریکی ڕەش و ڕووت دا، چ مانایەک دەبەخشێت؟... دەبێ غولام چی بەسەر هاتبێت؟... بێخەبەر مانەوە لە ئاکامی هێرش و پەلاماری کاربەدەستانی حکومەت، دەردی سەرباری هەموو دەردانی "ڤەڕا"یە.

ئەودەم کە پوورەنیسا نەردیوانەکەی بە سنگی دیوارەوە نا، "ڤەڕا"چەشنی وەرزشڤانێکی ئاکرۆباتیی پێی هەڵچوو. بە سەر بانیژەکەدا خۆی خستە حەوشەی دراوسێ. هێستا قاچی نەگەیشتبوویە ناو حەوشەکە، کە سەگێکی مل ئەستووری

تیسکن شاڵاوی بۆ هێنا. بە چنگە پڕژە و لاواندنەوە و ئەملا و ئەولا کردن، لە دەرگای حەوشەکە نزیک بۆوە. بەڵام سەگەکە پێشەبڕەی لێ دایەوە و بەردەرگای لێگرت. جووت دەستی وەک ئەستوندەک، ڕەپ ڕاگرت و کەڵپ و ددانی نیشان دا و مڕاندی.

ڤەرا، ئەوەندە لە چەق و لووری گەماڵەکە نەدەترسا، ترسی گەورەی ئەمە بوو نەوەک حەپە حەپی سەگی تووڕە، هەستی پۆلیس ببزوێنێت و سەرەی ژاندارم بکێشێتە ئەم دیوەش. بەڵام بەخت یاریکاری کرد و ژنێکی بەساڵاچوو لە ژوور هاتە دەر. سەگەکە بە دیتنی خاوەنەکەی بێدەنگ بوو. ژنەکە پرسی:

ـ چییە... چ باسە... لێرە چیدەکەی؟

ڤەرا بە زمانی ڕووسی گوتی:

ـ ڕێگام لێگۆڕاوە دایە گیان... دەکرێ بە یارمەتی خۆتان دەرگاکەم بۆ بکەیتەوە؟!

پیرەژنەکە هیچ سەرەودەرێکی لە گوتەکانی ڤەرا نەکرد. بەڵام بە هێوری چوارپێییەکەی بانگ کردەوە و هەرکە ڕێگای دەربازبوون بۆ ڤەرا کرایەوە، چەشنی ماسی بە بەستێنی کۆڵان دا خزی و هەناسەیەکی هاتەوە بەر .

کۆڵانێکی تەنگەبەری چۆڵ و بێ هامووشۆکەر بوو. ڤەرا چوست و چالاک، بەڵام بە وریایی ڕێگای کۆڵانەکەی گرت و پێیدا هاتە خوار. کۆڵانەکە، بۆ ڤەرا تەواو ناناسراو بوو، بەڵام ڕاست و بێ گرێ هاتە خوار و گەیشتە قەراخ ئاوەکانی گەڕەکی "ئیچەری شاری". هەر لەوێوە، تێکەڵ بە حەشیمەتێکی قەرەباڵخ بوو و لە ڕاستە شەقامی "نابراژنی" بەرە و خوار داگەڕا.

چاوەکانی بە سەر ئەژدەرەوە بوو، بەڵام بیری لە شوێنێکی ترەوە خەریکی فڕین بوو. بەدەم بیری ئاڵۆزی،تەنیا بەوە شاد بوو، کە توانیبووی لەم قەرقەشە خۆی دەرباز بکا. چارەنووسی غولام و ئاخری کارەکەی دەبێ چۆن بێت، نەیدەزانی.

دوای ڕزگاربوون لە حەوشەکە، بەهەموو توانای پێ و پەلانی بە شوێن هەڤاڵانێکی کە بڕیار بوو لە ماڵی غولام دا کۆببنەوە، لە هاتن و چوون و دۆزینەوەیان دابوو. باش بوو لە بەختی خۆی بە چۆنیاتۆڤ گەیشت و لە چەند ڕستەی پوخت و پاراو دا بەسەرهاتە تاڵەکەی بۆ گێڕایەوە.

"چۆنیاتۆڤ"یش، کە دوای هێرش و گەمارۆی خۆپیشاندەرانی باخی فەرمانداری، بە سەد دەردیسەر لە چنگ پۆلیس و سیخوڕە چاوتیژەکان دەرباز ببوو، بە هەموو ماندووبوون و مەترسی گیانیشی، خۆی بۆ چوونی ماڵی غولام تەیار کردبوو. چۆنیاتۆڤ دەهات بەرەو ماڵی غولام وەڕێ بکەوێ، کە هاتنی ڤەرا و خەبەری کارەساتەکە بە تەواوی ساردی کردەوە. چۆنیاتۆڤ بە گورجی کەسێکی ڕەوانەی دەروازەی"قوشەڵا ـ ئیچەری شاری" کرد، کە خەبەری کارەساتەکە بە سەرجەم هاوڕێیان ڕابگەیەنێت و پەیامی ڕاگرتنی کۆبوونەوەکەشیان پێ بدات. دواییش، "ڤەرا"ی کردە تەتەر بۆ خەبەر پێدانی هاوڕێیانی سەرکردایەتیی کۆمیتەی باکۆ.

ئەو ڕۆژە، شاری باکۆ چەشنی زریێی تووڕە شڵەقا بوو. لە هەر گاز و ڕێبازێکدا بە دە و بیست چاوەدێر خەریکی چاو لەوەڕاندن بوون. مەترسیی ئەو ڕۆژە بە دە قات بالآتری ڕۆژانی تر بوو. بەتایبەت بۆ ڤەرا، کە تازە لە چەنگوڕکی داڵ دەرچوو بوو. ڤەرا ئەوددمە و دوای دەربازبوونێکی قارەمانانە، چەشنی تەتەرێکی زیت و زانا خەبەری بۆ هەر هاوڕێیەکی سەرکردایەتی دەبرد، یەکدەم ڕانەدەوستا و بۆ گەیشتن بە هەڤاڵی تر، ڕێگاکەی دەگۆڕی. هەر بە چەشنی کەروێشکی ڕەتاوی دەستی ڕاوچی، چلۆن لە ناو بەفری نەشکاو دا هەزارە دەکات و دەیان شوێن پەنجە جێ دەهێڵێ، ئەویش چۆڵەپێچەی بە ڕێگا دەدا و سەری لە شوێن هەڵگر دەشێواند. سەرەنجام، دەمی ئێوارەیەکی درەنگ وەختی گەیشتەوە شەقامەکەی نزیک بە ماڵی خۆیان. پێڵاوەکانی بە چەشنی زارە ماسی لغاوەیان داقڵیشابوو. سەر و سەکوت و تەشک و داوێنی تۆزیان لێ دەتەکا. ڤەرا، بە هەموو پەژارە و شەکەتی و دڵەڕاوکێشەوە، ئەژدەری لە بەر دیدەی خەیاڵ لانەدەچوو. هەر ئێستاکەش، شەکەت و تۆزاوی، باوی هەنگاوی بۆ بینینی ئەژدەر خێڕاتر کردبوو. بەڵام بە قژی ئاڵۆزکاوی تۆزاوی و بەم جلک و پێلاوە هەڵوەشاوە دژوێنەیەوە، وای بە باشی زانی کە بچێتەوە ماڵ و دەستێک بە خۆی دا بێنێت. ڕێگای ماڵی گرتەبەر و هەرکە دەرگای ماڵی کردەوە و چاوی بە دایکی کەوت، بۆ یەکەمجار زمانی لۆمەی ڕوو بە دایک کردەوە، کە بۆچی بەکاتی هێنانەوەی ئەژدەر، لە ماڵەوە نەبووە.

"ماریا واسیلیوڤینا" بەبینینی حاڵی پەرێشانی ڤەرا، هیچ دەنگی نەکرد، بەڵام زۆر بە گورجی شێوی بۆ ساز کرد و جلکی خاوێنی بۆ دانا. ڤەرا دوای نان خواردن، دەستێکی بە خۆی داهێنا و جلک و پێڵاوی گۆڕین. ئەمجار دەگەڵ دایکی بۆ دیتنی ئەژدەر بەرەو ماڵی میرزاحسێن وەڕی کەوتن.

لە نێوانی ڕێگای ماڵ هەتا بەر دەرگای ماڵی ئامینە، دڵ لە سنگی ڤەرا دا چەشنی مەلی ناو پەنجەی باز، باڵەتەپەی بوو. جێگای پرسیار بوو بۆی، ئاخۆ بە درێژایی ئەو ڕۆژە پڕ کارەساتە چلۆن توانیبووی بەرگەی دوور بوون لە ئەژدەر بگرێت؟

میرزاحسێن هەر لەو ژوورەی کە ئەژدەر تێیدا خەوتبوو، لەسەر کاناپەیەکی نەرمی ئانیشکدار، کتێبێک بەدەستەوە، دانیشتبوو. چاوی بە سەر کتێبەکەوە بوو، بەڵام نە وشەیەکی لێدەخوێندەوە و نە پەرێکیشی لێ هەڵدەدایەوە. مامۆستای بەساڵاچووی فێرگەی مندالان، هەر ئێستێکە خەیاڵ هەڵی گرتووە و لە باوەشی ترسێکی نادیارەوە دێت و دەچێت. تۆ بڵێی دوای ئەم ڕووداوە دەستی لێ هەڵبگرن؟... ئاخر ئەژدەر لە گۆڕەپانی خەباتی دژ بە ڕژێم و بە گوللەتفەنگی هێزی دەوڵەت بریندار بووە و بەڕۆژی ڕووناک ڕاگوێزراوەتە ئەم دیوەخانە و دەرمان کراوە!... تۆ بڵێی لەو گشتە چاوەی کە بەشداری هێنان و بردنی ئەژدەر بوون، خاوەنی جووتە چاوێکی بەکرێگیراو خەبەر بۆ نەیار نەباتەوە؟ ئاخر سەردەمەکە بازگەی هەلپەرست و بەرژەوەندیخوازانە. هەلپەرست و کۆنەپەرست، دوژمنی قەستی سەری تێکۆشەرانن

و لە هەر شوێنێک دا بروسکەی ڕزگاری تریشقەی بێت، مڵومۆکەرانی بارەگای تزاری دەگەنە سەری و خامۆشی دەکەن. ئەوانەی باشن، ڕێگای ڕزگاری بەر نادەن؛ ئاخر ئەو خۆیشی یەکێک لەو باشانەیە و بۆیە شانی داوەتە بەر تەختەی زامدارێکی گۆڕەپانی شۆڕش. ماوەیەکە ئەویش ناوی کەوتۆتە ناو لیستەی مرۆڤی سەربزێو و هەر دەم بە پەساوێکەوە بانگی دەکەن و سەری دەخوێننەوە.

"مەجیدئۆڤ"ی بەرپرسی وەزارەتی ڕاهێنان و پەروەردەی ڕژێم، هاودەستی پاراستنە و بە دایم خەریکی مڵومۆیە. سمێڵەکانی قەف قەف بادەدات و شوێنی ژیانی ئەو کەسانەی کە ئازادیخوازن، لە لیستە دا دەینووسێت و ڕادەستی دەزگای پاراستنی دەکات.

میرزاحسێن لە دەمی دەرس گوتنەوەی دا، بە ئارەزووی دڵ باسی نووسەران و وێژەوانانی مەزنی ڕووس و نەتەوەکانی تری دەکرد و خوێندکاری پێ ڕادێنا. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی گەلێ بابەتی کۆمەڵایەتی، لە هەڵبەستەکانی "پوشکین" وێنە و نموونەی بۆ دەهێنانەوە و نووسراوەکانی "لۆرمانتۆڤ" ، "گۆگۆڵ" ، "شەچەدرین" و "تۆڵستۆی" بۆ خوێندکاران دەخوێنێتەوە. بەرهەمەکانیانی دەخوێنێتەوە و ژیانی شێواوی ئەوان و، خەباتی بێ پسانەوەیانی بۆ قوتابییان دەگوتەوە.

ڕۆژێک گەرمی خوێندنەوەی چەند کۆپلە لە نووسراوەکانی "تۆلستۆی" بوو، کە "مەجیدئۆڤ"، بەبێ ئاگادارکردنەوە، یەکجێ وەژوور کەوت. بەپێی کۆنە نەریتی ماستاوکەرانی سەر بە ڕژێم، هەرکە "مەجیدئۆڤ" لە پۆلێک وەژوور کەوتبایە، دەبوایە مامۆستای پۆلەکە، خۆی بەژنی چەماندبایەوە و خوێندکارەکانیشی یەک پێ لەبەری هەڵستابان و تەنانەت سرودیشیان خوێندبایەوە و ئاهەنگیشیان گێڕابایە. بەڵام میرزاحسێن ئەم بەزمەی بە شوورەیی دەزانی و گوێی نەدەدایە .

مەجیدئۆڤ تاوێک بوو لە ژوورەکە دا ڕاوەستابوو، بەڵام میرزاحسێن بەبێ ڕاوەستان، پەخشانەکەی بۆ خوێندکارەکان شی دەکردەوە. پەخشانەکە باسی ستەمی ستەمکارانی دەکردو لە هەمان کاتدا باسی بازنەی لاوازی ستەمکارانیشی دەکرد کە شکانیان هاسانە و دەکرێ بشکێندرێن. مەجیدئۆڤ کە دەروێش و ئەڤینداری تۆخی بارەگای تزاری بوو، بەرگەی ئەم بانگەوازە بزوێنەی نەگرت و سووک وەدەرکەوت. مەجیدئۆڤ، لە پۆلەکە وەدەرکەوت و هاواری شکایەتی بۆ پاراستن برد. مەجید ئۆڤ هەتا توانی لە کن سەرۆکی پاراستن، بۆ میرزاحسێنی تێ چاند و هەرچی بۆ گوتن دەبوو، گوتی و یەکیشی نەگێڕایەوە. بەڵام دوای پرس و گوفتگۆیەکی نهێنی دەگەڵ خوێندکارانی پۆلەکە، دەرکەوت کە ڕاپۆرتی مەجیدئۆڤ هەڵبەستەیە و بێ بناغە.

ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو، مەجید ئۆڤ هەدادانی لێ هەڵگیرابوو. بەڵام ئاخرسەر توانی جومگەی میرزاحسێن لە هەڵەیەکی مەزن دا بگرێت و هاتوهاواری لەسەر ساز بکات.

سارده ڕۆژێکی بە بارانی بوو. میرزاحسێن لە فێرگەی تێکەڵاوی دوو نەتەوەی ڕوس ـ تاتار، وەک مامۆستا کاری دەکرد. لە ژووری مامۆستایاندا چاوەڕوانی زەنگی

سەرکلاس دانیشتبوو. لەپڕ دەرگا کرایەوە و مەجیدئۆڤ وەژوور کەوت. میرزاحسێن هەستی کرد کەسێک هاتۆتە ژووری مامۆستایان، بەڵام نەیزانی کێیە و چ کەسێکە کە ئاوا بەبێ هەستی خۆی بە ژووری مامۆستایان دا کرد. لەپڕ بە دەنگێکی تووڕە بەئاگا هاتەوە و سەری وەرچەرخاند بزانێ کێیە. مەجید ئۆڤ بوو کە بە ئەوپەڕی تووڕەیی نەڕاندی:

ـ بەرزەوە بە بێ نەزاکەت!

میرزاحسێن وەک هەمیشە، زۆر بە هێمنی، سەرێکی بۆ بادا و ورد ورد چاوی تێ بری. لە نیگای چاوی میرزاحسێن دا وڵامی مەجیدئۆڤ دەخوێندرایەوە کە: " ئاخر تۆ چ هەژگەڵیکی، من لە بەر پێت ڕاببم"!

ـ کڵاوەکەت داگرە گێژی گەمژە!

میرزاحسێن لێی وەدەنگ هات:

ـ کڵاوم داگرم؟!... ئاخر کڵاو بۆیە ساز نەکراوە بیکەیتەسەر؟!

مەجیدئۆڤ وەک خاڵێکی ڕەشی سووکایەتی لێ دۆزیبێتەوە، بە سەری پەنجەی ئامارەی بە تابلۆی سەردیوار کرد و بەژنی خۆی لەبەرامبەر تابلۆی تزار دا چەماندەوە. لە بەژن ڕاست کردنەوەی دا، ئاگر لە دوو چاوە بلبۆقەکانی دابارین. دیسانیش ئامارەی بە تابلۆی سەر دیوار کرد. میرزاحسێن بە ئەوپەڕی هێوری و مەتانەتەوە، سەیری شانۆگێڕانی مەجیدئۆڤی کرد و هیچ پەچەکردارێکی لە خۆی نیشان نەدا. مەجید ئۆڤ، لە ئاست ئەو بێدەنگی و ئەهوەنییەی میرزاحسێن دەهات بتەقێت. چاوەکانی بز داپچڕین و هەر بەچەشنی سەربازی سەربازخانێ، یەک دەور بە دەوری خۆی دا سووڕا و یەکسەر بەرەو دەرەگا چوو. دەرگا کردنەوەی و دەرگا پێکدادانی بە یەک زەرب بوو .

هەر ئەو ڕۆژە، هێشتا زەنگی ئاخری فێرگە لێنەدرابوو کە چارەنووسی میرزاحسێن سووڕا. لە مامۆستایەتی کەوت و دەفتەر و کتێبیان لە ژێر باڵی نا و ناویان کووژاندەوە .

ـ ماڵاوا فێرگەی ڕاهێنان و پەروەردەکردن!.. ماڵاوا هاوکارەکانم!... ماڵاوا خوێندکارە هێژاکانم!

کاتێک کە میرزاحسێن، چەند کۆنە دەفتەری قوتابییەکان و کتێبەکەی خۆی خستە ژێر باخەڵ و ئاخر ماڵاوایی لە منداڵەکان کرد، خوێندکارەکان بە تێکڕا دایانە ژێر قوڵپی گریان و چاوی بە فرمێسکەوە، مامۆستای دلۆڤانیان هەتا بەر دەرگای فێرگە بەڕێ کرد.

ئیتر، میرزاحسێن ناوی لە دەفتەری دەوڵەت سڕایەوە و بێ مزە و ماف، خانەنشین کرا. بۆ دەرهێنانی بژیوی ژیانی خۆی و ماڵباتی، لە چەند بنەماڵەی دارا و دەست ڕۆیشتوو دا بە گوتنەوەی وانە و ڕاهێنانی منداڵەکانیان ڕۆژگاری بەسەر دەبرد. لە زۆر بار و بابەتانیشەوە، خۆی و خێزانەکەی وازیان لە هەندە ویست و

ئارەزووییەک هێنا و جوابی ویستی دڵیان نەدایەوە؛ بۆ وێنە لە چەند ژووری ماڵەکەیان دا، تەنیا دوو ژووریان ئاوەدان کردەوە و ژوورەکانی تریان داخستن. لە جلک و کۆتاڵ و خشڵ و کتێبی کتێبخانەش، بەشێکیان فرۆشت. بە کورتی لە درێژاییان دەرهێنا و لە پانابیش کورتیان کردەوە .

ئەوا بە هەموو مەترسی و خەتەرەی بان سەریشیانەوە، بوونی ئەژدەر و دەرمانکردن و لە ماڵ ڕاگرتنیشی، بۆخۆی ئەگەری خەتەرێکی ترە. ئەڵبەت ڕێگاکە ئەستەم و پڕ خەتەرە، بەڵام بە هەموو خەتەرە و ترسان و تۆقاندنیشییەوە، شتێکی تێدایە کە هەموو دنیا دێنێت؛ ژیانێکی شێرانەیە و بە دوورە لە چەوتی و چەپەڵی. ئەمە ژیانی خۆش ئازۆیە و ئەوانی تر پووچ و بێ مایەن. ئاخر ، خۆ ئەم ژیانە نایهێنێ کە دەستی تێکۆشان بۆ چەند پووڵ و پارەیەکی چرووک بخەینتە ژێر باخەڵ و خۆت لە قەرەی هەڵوێست دوور بخەیتەوە. ئەدی تۆ دەگەڵ "مەجیدئۆف"ەکان چ جیاوازییەکت دەبێ کە سەر دابخەیت و بخۆیت و بخەویت؟... نەخێر! ڕاگرتنی ئەژدەر و دەرمانکردنی ئەو، دەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵای سووری خەبات بۆ ڕزگاری یەکانگیرە و خزم و پشت و پەنای بزووتنەوەن. لەم ڕێگەیەدا ئەگەر نەشمێنم، سەربەرز و ئاسوودەخاترم. بەمە دەگەشیمەوە و پێی سەرفەرازم.

میرزاحسێن، بەدەم هەڵچوونی دەروونەوە، دڵسۆزانە و خۆشەویستانە و بەچەشنی باوکێکی جگەرسۆزە سەیری ئەژدەر و ڤەرای دەکرد. میرزاحسێن دەیزانی کە هەر ئیمڕۆکە، ڤەرا چەندە تێکۆشاوە و چیهای کاری گران ڕاپەڕاندووە. دەیزانی ڤەرا لە دەروون دا هەست بە سەربەرزی دەکات... دەیزانی لەش و لاری ڤەرا، ژان و دەرد و شەکەتی و خەوی لێدەبارێ، بەڵام دڵی خۆشە و ویژدانی ئاسوودەیە؛ ئەی چەندە خۆشە ئەم جیهانەی کە تێیدا مرۆڤایەتی وەجاخی کوێر نییە... جیهانی بەرەی ئێمە، پڕی گەنج و لاوی خەباتکارە و، ئازادی و سەربەستی و ڕزگاری لە دوورەوە دەنگیان دێت.

****

# 26

سێ ڕۆژان بە نۆرە لە ژوور سەری ئەژدەر دا چاوەدێر دانیشتن. لەم سێ ڕۆژەدا، ئەژدەر بێ سەر و زمانی لە حاڵی خۆیدا بوو. بەدەگمەن چاوەکانی دەکردنەوە، هەر جارێکیش کە چاوی هەڵدەهێنا، سەیرێکی کزی دەور و بەری دەکرد و دیسان بەبێ حاڵی دەخەوتەوە. جارجارە وڕێنەی دەکرد و لە ژێر لێوانەوە شتگەلێکی دەگوت و دەبڕایەوە. هیچ هومێدێکی زیندوو بوونەوەی لێنەدەکرا. ڤەرا بە دەسرۆکەی تەڕ، پەسا پەسا تەوێڵی سارد دەکردەوە و یاو و تێی لەشی ئەهوەن دەکردەوە. دەستەکانی لەناو پەنجەدا دەگوشین و بە سرتەی بن لێوانەوە، زەمزەمەیەکی دڵداری هیوابەخشی بەگوێی دا دەخوێند و هۆمێدی هەستانەوەی پێدەدایەوە.

لەش و لار و جەستەی ئەژدەر، وەک شەڕگەیەکی شەڕی لێهاتبوو کە مان و نەمان تێیدا گەرمە شەڕیان بوو. داو و دەرمان و پزیشک و مێهرەبانییەکانی ماڵباتی میرزاحسێن لەلایەک و، لەبەرێکی ترەوە داڕشتەی بەهێز و، پتەو بوونی ئەندامەکانی لەشی و لە سەرووی ئەوانیشەوە، هومێدی سەرکەوتن و ئاواتی بە هیواگەیشتن، لەم شەڕگەیە دا فریاڕەسی ئەژدەر بوون. لە بەرامبەری ئەو گشتە فریاڕەسانەی باس کران ، لانی مردن لە شەڕگەکە دا شکستی هێنا و لەئاکامدا ئەژدەر بۆ ڕۆژی چوارەم چاوەکانی کردەوە.

بەرەبەیانێکی زوو بوو کە ئەژدەر چاوەکانی کردەوە و سەیرێکی وردی دەور و بەری کرد. لە یەکەم چاو دا "ماریا واسیلۆڤینا"ی بینی، کە لە سەر کورسییەکی سەروگوێلاک هەڵوەشاو، بە دانیشتنەوە خەو بردبوویەوە. بانگی کرد، بەڵام دەنگی بانگەکەی ئەوەندە بەهێز نەبوو بگاتە گوێی خەوتووی "ماریا". ئەژدەر ئیستێکی

گرت و ئەوەندەی لە توانای دابوو، دیسان بانگی کرد. ئەژدەر لەو هەموو بێهێزیەی خۆی پێکەنین گرتی.
بە چرپەی پێکەنینی ئەژدەر، ماریا واسیلۆڤینا لە خەو ڕاپەڕی و بە گورجی بۆ ئەژدەر بزووت.
ـ ئەژدەر!... کوڕی ئازیزم ئەوە هاتوویتەوە جێ؟
دەنگی لاوێنەری پڕ لە خۆشەویستیی ماریا، هەتوانێک بوو تین و توانای بە لەشی ئەژدەر دا گەڕاندەوە. هێدی وەڵامی داوە:
ـ بەڵی پوورە ماریا من باشترم... هەست دەکەم زامەکانم ژانیان کەمترە، بەڵام کەمێک بێ هێزم پوورە گیان.
ماریا واسیلۆڤینا چرای خەوەکەی کوژاندەوە و پەنجەرەی هۆدەکەی واڵا کرد. دەگەڵ کرانەوەی پەنجەرە، ڕوناکیی یەکەم کازیوەی بەر بەیان بە ژوور دا گەڕا. ئەژدەر پرسی:
ـ پوورە ماریا ئەمڕۆ چەندی مانگە؟... چەند ڕۆژە من لێرە خەوتووم؟
ـ چوارەمی مانگی ئەیارە و، چوار ڕۆژ لە زامداربوونت تێدەپەڕێت... ئێمەت زۆر ترساند ئەژدەر، بەڵام سپاس بۆ خودا بۆمان گەڕایتەوە. بەڵام ئەمەش بزانە ئەگەر میرزا حسێن وماڵباتەکەی فریاڕەسمان نەبوانایە، گەلێک خراپمان لێ ڕادەبووری... لە دەست و مستی من و ڤەرا بە دوور بوو ئەم گشتە پێڕاگەیشتنەت.
ئەژدەر بە ئانیشکی ڕاستی تۆزکاڵێک سەری خۆی بەرز کردەوە و پرسی:
ـ ئەدی ڤەرا لە کوێیە پوورە گیان؟!
ماریا سەرینێکی خستە ژێر سەری و وەڵامی داوە:
ـ سەرتانسەری ڕۆژی دوێنێ هەتا درەنگانێک، هەر لە ژوور سەرت دانیشتبوو. بەرەبەری بوولێڵان بە تۆبزی خەواندوومە... خەوتووە.:
ـ پوورە ماریا! من دایکی خۆم زۆر بە زەحمەت دێتەوە یاد. دەکرێ بڵێم بە هەتیوباری گەورە کراوم. تام و بۆنی گیان بلاوێنی دایکانەم لە دەستی تۆ چێژ کردووە ... تۆ دایکی منی... دایکی ئایزی منی...
سەر و سیمای ئەژدەر بەچەشنی گەڵای زەردی خەزەڵوەران، زەرد و کاڵ و بێڕەنگ بوو. سەرگۆنا و لێوەکانی، لە بەر بێ خوێنی، ڕەنگێکی کاڵی خۆڵەمێشییان لە سەر نیشتبوو. ماریا بۆ ئارامکردنەوەی ئەژدەر، دەستی لاواندنەوەی بە سەر داهێنا. ئەژدەر دەستەکانی ماریای گرت و ڕایمووسین. ماریا زەرەیەکی کەوتە سەر لێوانی و وەڵامی داوە:
ـ وەیش ئەژدەر گیان! دایکی کوڕێکی خۆت ئاسایی چەندە بەختەوەرە، گیانە!... دەرگا کرایەوە و گوڵاراخانم بەهێمنی و بە سەری پەنجەی پێ هاتە ژوور. هەرکە دیتی ئەژدەر چاوەکانی کردۆتەوە و گەرمی وتوبێژە، بە سەرسووڕماوی ڕووی کردە ماریا و گوتی :

ـ ماریا!... ئەوە ئەژدەر چاوەکانی بۆ کردووینەتەوە؟!
ـ کار و کرداری گەنج و لاوی ئەم سەردەمە سەرسوورهێنەرە. چوار ڕۆژە هەموومانی تاساندووە، کەچی هێستاکێ وەک هیچ ئازارێک نەیگەزتبێ، گەرم و گوڕ دەگەڵم دەدوێت.
گوڵاراخانم بێدەنگەی لێکرد و بۆ مزگێنی پێدان لە ژوور وەدەرکەوت. چوونەدەری گوڵاراخانم ئەوەندەی نەخایاند، کە ئامینە سەری بە ژوورەکە داکرد و سەیرێکی ئەژدەری کرد؛ کە ئەژدەری بە دانیشتنەوە بینی سەری سووڕما. لە ژێرلێوانەوە گوتی:" وەی وەی!... ڤەرا لەکوێی کە دڵدارەکەت چاو لە ڕێی تۆ دا دانیشتووە... دەسا با بچم و مزگێنی بۆ بەرم!"
بەئاگاهاتنەوەی ئەژدەر، ماڵەکەی هەژاند. دیسانەکە قاسپەی قاقای ئامینە بە وڵات دا گەڕا. ئامینە بە ژوورەکان دا دەگەڕا و دیگوت: نازانم ئەم سەرەسۆدرەیە خۆی لە کوێدا حەشار داوە!... لە کوێی ڤەرا؟! وەرە دەر کە چاوی ئەژدەر بە شوێنت دا وێڵە و ئەگەر نەیەی، لێت دەڕەنجێ!
"ماریا واسیلۆڤینا" لە نەهاتنی ڤەرا سەری سەتحی مابوو. بەناچار لەجێ هەستا و بە شوێنی دا چوو. زۆری نەخایاند ماریا پەڕە کاغەزێک بەدەستەوە، گەڕاوە لای ئەژدەر. کاغەزەکەی لە بەر چاوی ئەژدەر ڕاگرت، کە لە سەری نووسرابوو: " دایە گیان بمبوورە بێخەبەر لە ماڵ وەدەر کەوتووم؛ پێویست بوو بەیانی زوو خۆم بگەیەنمە بازاڕی میوەفرۆشانی گوندی ئەم دەوەرە و هەندێک میوە بۆ فرۆشتن بکڕم؛ هەرکە لە فرۆشتنی میوە ببمەوە، گورج دەگەڕێمەوە لاتان. نیگەرانی من مەبە دایە گیان! لە جیاتی منیش ئاگایەکت لە ئەژدەر ببێ و ئەگەر بەئاگا هاتەوە، ڕۆژباشی منی پێ بگەیەنە. ئیتر ئێوەم بۆ خۆش بن" ڤەرا.
نامەی ڤەرا دەست بە دەست گەڕا. ئەوەی کە جێگای سەرسووڕمانی گشتیان بوو، چوونی ڤەرا بۆ گوند و کڕینی میوە و فرۆشتنەکەی بوو. بڵێی کێهە گوند بێ کە ڤەرا میوەی لێدەکرێت؟... کەی و لە کەنگێوە ڤەرا ڕووی کردۆتە پیشەی میوەفرۆشتن؟
چاوی پڕ لە پرسیاری دەور و بەر، پەژارەیەک بوو بۆ دڵی دایکێک. ئەوە یەکەمین جار بوو ڤەرا بە نامە دایکی دەدواند. دڵی ماریا لێوان لێوی مەراق بوو. ئەژدەر لێی سوور بوو کە ڤەرا بە شوێن ڕاسپاردەیەکی حیزبی دا چووە، بەڵام شوێن و مەکۆی چوونەکەی نادیار بوو. ئەژدەر لە ڤەرا دڵنیا بوو، بەڵام ئەو کارەساتانەی کە دە شاری باکۆ کەوتووە، سەد قات مەترسی تێیداهەڵکشاوە. ئەگەر جاران یەک مەترسی لە ڕێگا دابوو، ئێستێکە بە دەیان و سەدانە. لەوانەیە ڤەرا نەتوانێ لە خانی خەتەر سەر بە سڵامەت بەرێتە دەر؛ ئەژدەر تووشی دڵەڕاوکێ هات.
چوار ڕۆژ بەبێ سەر و زمانی و خوێن لەبەرچوونێکی زۆر، ئەو هێز و توانایەی جارانی لە ئەژدەر دا نەهێشتبۆوە. خەمی ڤەرا لەم دەمە دا ورەی کزی کزتر کرد و ئارەقەی ساردی کەمهێزی بە سەر سنگ و نێوشانی دا تکاندەوە. هەستی کرد

زامەکانی ورتەی ژانیان پێدادەگەڕێت و دەسووتێنەوە. ژانی لەش و ئازاری دەروون، ڕێگای لەهۆش چوونیان بۆ کردەوە و دیسان دە بوورەوە چوو. بەرەبەری چێشەنگاوێکی درەنگ وەختی، بە دەنگی خشپەی هەنگاوی میرزاحسێن بەئاگا هاتەوە و چاوەکانی هەڵێنان. میرزاحسێن بە دەم زەردەیەکی کزی خەمناکانەوە تێی ڕاما و پرسی:

ـ چۆنی کوڕم؟!

ـ هەست بە کەم هێزی دەکەم میرزاحسێن... سەیری من کەن، چلۆن بنەماڵەیەکی تازە ئاشنا، مەراقی دەردی منیان هەڵگرتووە و ئارامیان لە خۆیان بڕیوە!

میرزاحسێن بە سەرسووڕماوی لێی پرسی:

ـ تۆ گوتت بنەماڵەیەکی تازەئاشنا؟!... تازە ئاشنای چی ئەژدەر!... ڕاستە ئێمە دیوناست نەبووین و ئەمە یەکەم بناغەی ئاشنایەتیمانە ، بەڵام ڕەوشت و کرداری لاوانی گیانفیدای خۆت ئاسایی، کۆنە ئاشنای لەمێژینەی منن. تەنانەت ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە لاوی وەک خۆت پەروەردە دەکەن ...

هاتنی ئامینە، گوتنی باوکی ڕاگرت. ئامینە ژەمەخۆراکی بۆ ئەژدەر هێنا و لە بەر دەمی دانا. بەڵام چێژ و تامی ناو دەمی ئەژدەر ئەوەندە وشک و تفت و تاڵ بوو، کە هیچ مەیلی بە خواردن نەدەکرد؛ ئیشتیهای کوێر ببۆوە و کەمتری دەخوارد. میرزاحسێن بە تۆپزی چەنە کەوچکێکی دەرخوارد دا، بەڵام دیسان بێخودی بەسەر داهاتەوە و لە خۆ چوو. چەند ماوەیەک هەر لەو حاڵەدا مایەوە و کاتێک چاوەکانی کردنەوە، سەیری کرد میرزاحسێن لە ژوور سەری دانیشتووە. میرزاحسێن ڕووی تێکرد و وتی:

ـ کوڕی خۆم! نەکەی لە ماڵی من دا نامۆیی بکەیت، دەرگای ماڵی من بە ڕووی مرۆڤی تێکۆشەر دا هەمیشە کراوەیە و بوون و مانی تۆ بۆ ئێمە جێگای هیوایە. تۆ لەم ماڵەدا خاوەن بەشی و وەبزانە گوڵارا دایکی خۆتە و ئامینەش خوشکت. من، خاو و خێزانەکەی خۆم بە ڕەسم و یاسای کرمەڕێزکراوی ئاییندارانی دەمار وشک ڕانەهێناوە. من ئەڤینداری بیری"تۆڵستۆی" و "چرنیشفیسکی" و "دۆبرەلیۆڤ"م . بیر و بۆچوونی ئەوان ڕێگای تاریکی منیان نوور باران کردووە. ـ میرزاحسێن بە سەری پەنجە، ئاماژەی کردە تابلۆی بەرامبەریان. پیرەپیاوێکی ڕێش چەرموو، بە کراسێکی بەژن درێژەوە و بە پای پەتی، دەست بە کەلەکەیەوە ڕاوەستا بوو.

ئەژدەر پرسی:

ـ تۆلستۆی زیندووە؟!

ـ بەڵێ زیندووە کوڕم!... ئەو لە "ئاسنایاپۆلیانا"وە ڕەنجبەرانی جیهان بە دژی چەوسێنەران هان دەدات. کتێبەکانی "شەڕ و ئاشتی"، "ئاناکارنینا" و "ژینەوە"، هەر یەک جیهانێکن لە تێکۆشان. لە نەخۆشی هەستیتەوە، پێویستە بیانخوێنیتەوە. کتێبی"چ کەردەنی"ی "چرنیشفیسکی"ش بخوێنەوە. کتێبی ئەو نووسەرانەیە، کە

جیهانی ئەم سەردەمەیان هەژاندووە. بانگەوازەکەیان کڵی گڕکانی تێکۆشانی ئێوەیش خۆش دەکەن کوڕێ خۆم!

وتەکانی میرزاحسێن، پەیامێکی تەواو تازە بوون و نۆبەرەی بەتام و خۆش چێژی جیهانێکی نوێیان تێدا بوو. ئەژدەر گوێی بۆ گوتنی میرزاحسێن کردبۆوە و لە یەک کات و زەمان دا دوو دنیای بە مێشکی ماندووی دا دەهێنا. لەم چرکەیە دا، لە لایەکەوە بە قسەکانی میرزاحسێن دەگەشایەوە کە هانی خوێندنەوەی کتێبە نایابەکانی دەدا، بەڵام لە بەرێکی ترەوە خەم دایدەگرت کە میرزاحسێن لە ڕابوردی سەردەمی منداڵی و نەوجوانییەکەی ئەو خەبەردار نەبوو و نەیدەزانی کە چەندە بە ناکامی تێپەڕیوە. بێچارەگی و نەهامەتییەکانی بنەماڵەکەی ئەوەندە قورس و ماڵوێرانکەرە بوون، کە ڕێی چوونی فێرگە و خوێندنی بە ڕوو دا قەپات کردبوو؛ بە چەشنێک کە هەتا پێی نەنایە ناو بنەماڵەی "ئیڤان"ەوە، ڕەشی لە سپی جیا نەدەکردەوە.

میرزاحسێن هەستی کرد ئەژدەر شەکەتە و نیازی بە حەسانەوە و پشوودان هەیە، بۆیە بە ئەسپایی وەدەرکەوت. ڕۆیشتنی میرزاحسێن، نەیتوانی هەودایەک لە بیری ئاڵۆزی ئەژدەر ڕەها بکات. بیری ڤەرا و ئارەزووی دیداری ئەو، گرێیەکی قورس بوون بە سەر دڵیەوە. ئەگەر ڤەرا لە کنی بوایە و بەلایەوە بوایە، هیچ نەبا کەمێک لە دەردی هەژاری و نەخوێندەوارییەکی بۆ باس دەکرد؛ ئاخ کە ڤەرا لە کوێی؟!... ئەو دەمانەی کە ڤەرا لە ئەژدەر دوورە، دنیا چۆڵگە و بیابانێکی بێ ژین و بێ ژینەوەرە!

ئەژدەر نەک بە زمان، بەڵکە لە توێی دەروونی دا بە زمانی دڵ هاواری دەکرد: ڤەرا!... ڤەرا لە کوێی بۆچ ناتبینم!

هەر لەو دەمەدا، ڤەرا لە شاری باکۆ گەلێک دوور کەوتبۆوە. پێی سپێردرا بوو شەوەکی لە شار وەدەر کەوێت، بەڵام سەری شەو دڵی نەهات ئەمە بە لای دایکییەوە بدرکێنێت. لێی دڵنیا نەبوو؛ دەیزانی باسی سەفەر و ڕاسپاردەکەی بکردایە، هەرهێندەی لێدەکۆڵیەوە و ئەگەر مەگەری وەهای بۆ دادەتاشی کە خورپەی دڵی دایکانە زیاتر دەکرد؛ هەر بۆیە، هەتا شەو شەق بوو، بەلای ئەژدەرەوە دانیشت و بەبێ ئەوەیکە چاو لە سەر یەک دابنێت، نەخەوت. شەوکی هەستا و دوای ڕامووسینی چەند جارانی ئەملا و ئەولای ئەژدەر، دایکی خەبەر کردەوە و خۆی بە بیانووی خەوتن بەرەو ژووری تر چوو، بەڵام لەبری خەوتن، زۆر بە هێمنی جانتاکەی پێچایەوە و نامەیەکی بۆ دایکی نووسی و لە ماڵ وەدەر کەوت.

لەم کاروانە سەفەرەدا، ڤەرا دەبوایە بە دەیان قات زیاتر لەجاران وریا و بە پارێزتر بێت. چونکە ئەمەی دەزانی کە هەفتەی پێشتر، دوو تێکۆشەر لە دەمی ڕاگوێزانی ئەدەبییاتی شۆڕشگێرانە بووکە "نینا"، کەوتبوونە داوی هێزی پاراستن. ئەو ڕێگایەی کە دوو هاوڕێ و بارگە و بنەکەیان لێ گیرابوو، دەیان خەفێ و پیاوی پاراستنی تێ خزابوو. کوێربوونەوەی ڕێگای ڕاگوێزانی گرانبار بۆ "نینا"، کارکردێکی نالەباری پێکهانی و "نینا"ی لە کار خست. دەرچوونی ژمارەی نوێی ئیسکرا وەدرەنگی

کەوتبوو. هێنان و ڕاگوێزانی ڕۆژنامە و چاپەمەنیی تری ژێرزەمینی لە ڕێگای "ڤییەنا ـ تەبرێز"ەوە هەیهاتی گەرەک بوو. پۆلیسی نهێنی و چاو و گوێیانی حکومەتی، دەگژ ڕێبواران ڕۆهاتبوون و لە هیچ کارێکی چەوت و چەپەڵ، تەنانەت پشکنینی ژێرکراسی ژنانەش، شەرمیان نەدەکرد. لە هەمبەر ئەم سیاسەتە داپڵۆسێنەرەدا، ژیری و وریاییەکی لە ڕادەبەدەری پێویست بوو. ئەرکی گران بە مرۆڤی کارزان دەکرێت، هەر بۆیەش "ڤەڕا" بۆ ئەم ئەرکە گرنگە هەڵبژێردرابوو.

پیوتر چۆنیاتۆڤ پێی ئەسپاردبوو کە هەموو زیتی و زانایی و کارامەییەکانی دەکار بێنێت و ئەم گەمارۆ ئاسنینەی حکومەت بشکێنێت. پێی گوتبوو کە سەری سەرجەم سۆرە و تۆرەکانی دەزگای بلەوەزی تزاری کاس و گێژ بکات و ڕۆژنامەی ئیسکرا بە شاری باکۆ شاد بکاتەوە.

ڤەرا بە جلک و بەرگی کیژە لادییانەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ وەختی دەگەڵ کاروانی گاریەوان و داشەچییەکانی گوندی هاوسەرفەر بوو. لە وێستگەیەکی زۆر دوورە دەستەوە، بە شەمەنەفەری باکۆ ـ تفلیس، ڕێگای سەفەری گرتە بەر. لە سوار بوونی شەمەندۆفێریش دا، هەرزانترین واگنی بەکرێ گرت و لە ژوورێکی نیوە تاریکی چوول دا، خۆی خزاندە نێو جەماوەری ڕەشوو ڕووتی کۆچەر. ڤەرا، شەکەت و خەواڵو بە شوێن جێ خەو دا گەڕا، بەڵام زۆر زوو زانی ئەمە هەیهاتی گەرەکە و جێ خەو نادۆزرێتەوە.

هەرکە شەمەندۆفێر کەوتە ڕێ، تەقوتۆق و جیرە جیڕ، گوێی سەفەرکەرانی زرینگاندەوە و چەشنی کاڵەک و شووتی بە سەریەکی دا خستن. ڤەرا و گەلێک لە سەفەرکەران لە سەرپێ مابوونەوە و تەنانەت جێگای دانانی جانتاشیان نەبوو.

ماوەیەک پێ چوو، لەپڕ ڕاتڵەکانێکی توند بە ئاگای هێنانەوە. دیار بوو لە وێستگەیەک دا وەستاوە و سەفەرکەرانی تر سوار دەکا. دەنگی هاواری یەساوڵی بەر وێستگەکە بە وڵات دا دەگەڕا: ئەم واگۆنانە پڕی خەڵکە و جێگای دەرزی هەڵاویشتنیان نەماوە... تکایە بچنە پێش!

حەشیمەتی ماڵ بەکۆڵەوە دەپاڕانەوە و بە مرخێش خۆیان تێڕادەکرد. ئەوەندەی تێخزا، کە پشووکێشانی دژوار کرد. شەمەنەفەر وەڕێ کەوت، بەڵام چەندێک خۆیان تێکێشا و بارگنەیان بە شوێن خۆیاندا ڕەکێش کرد. یەساوڵ دەپاڕایەوە و خەڵک دەکڕووزایەوە. کەسێک هاواری کرد: کاکە من بلێتی دەرەجە یەکم کڕیوە چلۆن لێرە جێگام نادەنێ؟ چاوەدێڕی ناو کۆپەکە بەرێزەوە ڕێگایان بۆ چۆڵ کرد و بە فەرموو فەرموو جێگایان بۆ کردەوە. هەرکە کابرای بیتاقە بەدەست هاتە ژوور، ڤەرا بە سیلەی چاو تێی ڕاما و ناسییەوە. "جەباربەگ"ی ژن برای "موختاربەگ" بوو کە لە زەماوەندی ماڵی موختار دا، بینی بووی.

"جەباربەگ" مەست بوو. شووشەی کۆنیاک و کاغەزی شوکلات سەریان لە گیرفانی دەرخستبوو. بە سەر خەڵک دا نەڕاندی:

ـ ئەمە چ حاڵێکە!... ئەم گشتە مەڕ و ماڵاتە بۆچ لێرە خزاون؟... یاڵڵا بۆ دەرەوە... دەی یاڵڵا... گورج بن!
چاوەدێر بە لایەنگری لەو، توندتر بە سەر خەڵکەکە دا قیڕاندی:
ـ یاڵڵا بۆ دەرەوە!... ڕاوەستان لێرە قەدەخەیە... ئێرە جێگای ڕاوەستان نییە!... دەی زوو بن!
گوندییەکان بە پاڵەپەستۆ بە شوێن یەکتر دا کۆپەکەیان چۆڵ کرد. ڤەرا بە تەنێ لە کۆپەکە دا مابۆوە. جەباربەگ، بە وردی چاوی تێ بڕی و سەری لێ نزیک کردەوە و گوتێ:
ـ کیژەگیان ئەدی تۆ بۆچ نەچوویتەدەر؟ مەگەر قیڕەی یەساوڵەکە بە گوێی جەنابت نەگەیی؟ لەوانەشە فەرمانەکە ئەتۆی نەگرتبێتەوە، چونکە خۆت پێت خۆشە هەر لێرە بمێنیتەوە؟!
ڤەرا سەری بەرز کردەوە و گوتی:
ـ بەڵی گوێم لێبوو، بەڵام ئەم خەڵکەی کە لێرە، لە سەرپێ ڕاوەستا بوون، گشتیان بیتاقەیان سەند بوو. ئێمە بۆیە لە سەرپێ ڕاوەستانیشمان قەبووڵ کردبوو، کە بەجێ نەمێنن. دەرکردنی ئەم خەڵکە کارێکی بێ جێ بوو... خەڵک بیتاقەیان سەندبوو... پارەیان پێدابوو. ئەوەی سواری قەتار دەبێ، پێویستە وەکی من و تۆ جێگای دانیشتن و خەوتن و پشوودانیان هەبێ. جێگایان نییە با بیتاقەش نەفرۆشن.
جەباربەگ زۆرتر خۆی بەسەر دا کووڕ کردەوە و بە چاوە مەستە هەڵزراوەکانی ورد ورد سەیری کرد و مەستانە گوتی:
ـ دیمانەت بەخێر"ڤالەنتینا خان!"
ڤەرا وەک کوتووپڕ لە خەستەخەوێکی قورس و گران ڕایان تڵەکاندبێ، لە بیستنی ناوی "ڤالانتینا" ڕاچەنی. قەت پێی وانەبوو ئەو "جەبار بەگ"ە ماخولیایە، لابارە ناوەکەی شەوی زەماوەندی ماڵی موختاربەگی هەر لە یاد دا مابێت. بەڵام ئیتر کارێکە و هاتۆتە پێش. دەبێ بە جۆرێک خۆی لەم خەتەرە دەرباز بکات. هەر تەڵە و داوێک، ڕیگای دەربازبوونێکی هەیە و دەبێ ڕێگاکە بدۆزرێتەوە. هێدیانە وەڵامی داوە:
ـ گەورەم لە پلەی بەرزی ئێوە بە دوورە دەگژ کچۆڵەیەکی تەنیا ڕۆبێن و خۆتان تووشی هەرا بکەن. من نە ئێوە دەناسم و نە "ڤالانتینا"ش... تکایە دەست لە من هەڵگرە و وەشوێن کاری خۆت کەوە!
یەساوڵی شەمەنەفەر گوێی بۆ وتووێژی ئەوان ڕاگرتبوو. جەباربەگ سەیرێکی یەساوڵ و چاوێک لە ڤەرا، بە قاقای بەرزی مەستانەیەوە گوتی:
ـ خەریکی گاڵتەم پێ بکەی خانمی خانمان؟... شەوی زەماوەندەکە بە سەعات چاوم بەسەرتەوە بوو... ئاخر من شێت و شەیدا و کڕیاری عەنتیکە شتانم. تۆ پێت وایە دەگەڵ کێ قسە دەکەیت... تۆ هەر ئەو کیژەی کەوا شەوی زەماوەندەکە بە چاوی

کرپیارەوە سەیرم دەکردی. بەڵام پێم بڵی بزانم هۆی چیە جلکی کیژە لادێیانت پۆشیوە؟ ... دە پێم بڵێ بزانم دەی!!... بو کوێ دەچی؟... وەرە ڕەگەڵم کەوە با بتبەمە "قەرەباخ" ... ئەم واگۆنە شەق و شڕە پڕ زبڵ و زاڵە جێگای تۆ نییە... دەستم بدەیە با بتبەمە واگۆنی خەوانینان.

شەڕە چەقە و بگرە و بەردەی ڤەرا و جەباربەگ ماوەیەکی خایاند. هەرکە هەرای دابەزین لە وێستگەی "یۆلاخ" دەنگی هات، جەباربەگ بەبێ ماڵاوایی و بە هەڕەمە دابەزی. بە ڕۆیشتنی ئەو و، هاتنی سەفەرکەری نوێ، ڤەرا پشوویەکی هاتەوە بەر و خۆی بۆ دابەزینی ئاخر وێستگە ئامادە کرد.

ڕۆژ بە کاتی ئێوارەیەکی درەنگ وەختی لە وێستگەیەکی نزیک بە شاری تفلیس لە شەمەنەفەر دابەزی. وڵات لە بوومەلێڵێکی بە هەور و هێڵ دا تاریکتری دەنواند. نم نمی خوناوکەباران بە سەر زەوی دا دەباری. دەور بەر چۆڵ و بێ هاموشۆکەر بوو. ڤەرا بە جلکی ساکاری لادێیانی و سەروگوێلاکی داپێچراوی، لە پەنا چەمەدانە ڕەشە بەتاڵەکەی دا چاوەڕوانی هاتنی گاریێ ڕاوەستا. بۆ ئەوەی "جەبار"ێکی تر بەربینگی پێ نەگرێت، سەر و دەمووچاویشی بە شاڵگردنەکەی داپێچا.

زۆری نەبرد، باران کەوت و بای کوێستانان هەڵی کردێ. ساردبای پاش بارانان تەزوویەکی ساردی پێوە بوو. سەرما لە لایەک و شەکەتی و خەواڵوویيش لە بەرێکی ترەوە ، بۆ ڕازان و خەوتنێکی قورس، بانگیان دەکرد.

وێستگە و دەور و بەری پەپووی تێدا دەخوێند. شۆقی سیس و کەم سۆی چرای ژووری یەساوڵی وێستگە، لە زارکی پەنجەرۆکەیەکەوە، بۆرە ڕوناکاییەکی دەخستە سەر هێڵە ئاسنەکانەوە. لە ئەوکی تاریکانی سەری شەو دا، هەر بەس هێڵە ئاسنە باران دیدەکان بوون تروسکەیەکی کەمیان پێوە دیار بوو.

دارچرای بەر هەیوانی وێستگەکەش چرایەکی لە بەژنی درابوو کە بە دەم نەرمە بای سەری شەو دا نەرمە سەمای بوو. ژێر هەیوانی وێستگەکە باپەسیوتر بوو. ڤەرا چەمەدانەکەی دەست دایە و بۆ گەرم بوونەوەیەکی کاتی، خۆی دایە پەنای هەیوانەکەوە. زۆری نەخایاند لە بەری کوێرە ڕێی شانی وێستگەکەوە دەنگی زەنگوڵەی بەر ملی گاجووتان و ترپەی ڕۆینی گاریێ هات. گاریێ کەوتە بەر ڕوناکایی وێستگەکە و هەر لەوێ ڕایگرت. گاریێوان نەردیوانەی خستە ژێر ئامووری گاریێ و داردەستەکەی دانا و بۆ لای وێستگە هات. سەیرێکی دەوران پشتی کرد و هەرکە ڤەرای بینی. لێی نزیک بۆوە و گوتی:

ـ من لە لای "ئیڤان فیودرۆڤیچ"ەوە هاتووم؛ دەبێ ئەتۆیش خوارزاکەی ئەو بی!

ـ بەڵی ڕاستە منم. کەواتە ئەم گارێیە لە بۆ من هاتووە!

ـ نەخێر ئەم گارێیە خۆی ڕێگای دانەگرتووە و من هێناومە. دووهەمیش من نازانم بۆ تۆ هاتووە یان کەسێکی تر، هەر ئەوەندە دەزانم "ئیڤان فیودرۆڤیچ" ناردوویەتی بۆ خوشکەزاکەی و دەبێ ئەو سواری بێ.

ـ دەسا ئەو کەسەی تۆ لێی دەگەڕێی، ئەوە خۆمم!
ـ باشە هەرکە ئەتۆ خۆتی، دەپێم بڵێ بزانم ناوت چییە؟!
ـ خاڵۆم هەر بە "وردیلانێ"م بانگ دێڵێ و تۆیش دەتوانی هەر بەم ناوە بانگم بکەیت.
ـ دەی باشە ئەگەر وردیلانێی و خوارزای هاوڕێمانی، پێلاوت لە بان دوو چاومانە. فەرموو با وەڕی بکەوین.
گاریوانەکە دەستەپیاوێکی خۆش هەڵکەوتەی خۆش سوحبەت بوو. بە ڕەچەڵەک ڕووس بوو. خێرا دەسگرەی چەمەدانەکای گرت و بە خەیاڵی پڕی شتومەکە، ویستی بەرزی بکاتەوە، کەچی لەبەر سووکی و پووکیی چەمەدان، چی نەمابوو لە دەستی بفڕێت.
ـ کچی خۆم خۆ چەمەدانەکەت پڕە لە هیچ!... هەگبەی بەتاڵ بۆ خاڵۆی خۆت دەبەیت؟!
ـ ئاخر من چیم هەیە بۆی بەرم مامە گیان؟! هەرچی بوومان فرۆشتمان و خواردمان و بڕایەوە.
لە سواربووندا ژێرپیلی گرت و پێکەوە شان بە شانی یەکتر دانیشتن. قامچی هەڵسووڕاند و دەنگی جووتەی گایانی دا:
ـ وەڕی کەون پاڵەوانەکانی من... دەی دەی!
سەری گایانی بەرەو ڕیگای دێ وەرسووڕاندەوە و ڕووی دەمی کردە ڤەرا و گوتی:
ـ پێت وانەبێ ئەمە گارێیە... لۆکۆمۆتیڤە وردیلانێ ! دوو کاتژمێران ناگرێ لە بەر دەرگای ماڵی خاڵۆت دادەبەزیت.
گارێ نەرم نەرم دەڕۆیشت. دەنگی خرمەی تۆپی گارێ و ڕاژانی نەرم و دەنگی زەنگوڵەی بەر ملی گاجووتەکان، چەشنی بێشکەی سەردەمی منداڵی، چاوەکانی "ڤەرا"یان قورس کرد و لە سەر وشکەگیای گارێ خەو بردییەوە. گارێ بەڕیوە و ڤەرا لە خەو دا، ڕۆیشتن و هەتا چەق و لووری سەگی دێ نەهات خەو بەری نەدا. چاوەکانی هەڵێنان. جادەی نێودارستانی لاشانی دێ و دوو سەگی مل ئەستوور، یەکەم شاباشی گەیشتنیان پێ ڕاگەیاند. سەگەکان زۆر تووڕە بوون و شالاویان دەهێنا و هەڵبەز دابەزیان بوو. چەند سەد مەترێک ئەولاتر، ڕەشایی ماڵێک دەبیندرا. لە پشتی شووسەی پەنجەرەکانییەوە زمانەی تیشکی چرا، لە تاریکایی هەڵچەقیبوون. کەمێک ڕۆیشتن و گاریوان بەرز بۆوە و گازی کرد:
ـ ئیڤان وەردە دەر... وەرە دیاریم بۆ هێناوی!
کەسێک لە ماڵەکە هاتە دەر و چەمەدانی ڤەرای هەڵگرت و گوتی:
ـ بە شوێنم دا وەرە وردیلانێ!
ڤەرا بە شوێنی دا ڕۆیشت و هەرکە دەرگای ژوورەکەی بە ڕوو دا کرایەوە، لە بەر شۆقی چرا، بۆ یەکمجار چاوی بە خاڵۆی کەوت. "ئیڤان فیودرۆڤیچ"، پیاوێکی بە بەژن

و باڵا کەڵەگەت و باریک و داڵگۆشت بوو. ڤەرا ڕوو بە ئیڤان ڕاوەستا و بۆ دەمێک چاو دە چاو دا مانەوە. ئیڤان بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە، هەمێزی بۆ کردەوە و گوتی:

ـ بەخێر هاتی کچی خۆم !... ناوەکەت پڕ بە پێستە و وردیلانێیەکی خورت و ژیری. بەم تەمەنە کەم و بەم ناسکی و جوانی و جحێلییەوە، ئاوا تێکۆشەر بی، جێگای ڕێزی. تۆ نەمامی سەختەداری لێڕەواری و جێ هومێدی... ورە دانیشە کچی خۆم.

ڤەرا دانیشت. ئیڤان، خانمی خێزان و شەش کچەکانی بانگ کرد و یەک بە یەکی ناساندن.

دایکی منداڵەکانی ئیڤان، خانمێکی ژیر و هێدی شیرین و خوێن گەرم بوو. لە ماوەیەکی کەم دا، وەک ساڵانێک پێکەوە لە ژێر میچی ماڵێک دا ژیانیان بردبێتە سەر، ئۆگری یەکتر بوون. کچەکان سەروپێچکە و یەک لە ئەمی تریان بچووکتر بوو. نە دایک، نە منداڵ، هیچکامیان پرسیاری هۆی هاتن و ئەرک و ئەسپاردەکانی "ڤەڕا"یان نەکرد.

ڤەرا پێی وابوو هەر بۆ سبەی بەیانی ئەسپاردەکانی بۆ تێکەوە دەپێچن و بۆ نیوڕۆ بەرەو ماڵ دەبێتەوە. کەچی هەموو ڕۆژێک، ئیڤان، شەوەکی دەڕۆیشت و بەیانی دەست بەتاڵ دەگەڕایەوە. هەموو جارێکیش لە یەک ڕستە دا دەیگوت: "دەبێ چاوەڕێ بین!"

گوندەکە لە داوێنی نشیوێکی زنوێری خۆش دیمەن ساز کرابوو. مێرگەجاڕێکی سەر سەوزی لە بەر چاو دا بوو. ڤەرا، لە ڕۆژ دا خۆی بە گەڕان و سەیری گوڵ و کژو گیا سەرقاڵ دەکردو چاوەڕێی خەبەری خۆشی گەڕانەوەیشی دەکرد. ماڵباتی ئیڤان، بەرەبەرە بە چەشنێک هۆگری ڤەرا ببوون، کە بە دڵ پێیان خۆش بوو واز لە شار بهێنێت و لە گوندەکەیان بمێنێتەوە. لەکاری ماڵ و مەزرادا یاریکاری گەورەکان و لە کایە و وازی دا هاودەمی بچکۆڵەکان بوو. ئەگەرچی لە ڕۆژدا قەت یەک دەم نەدەسرەوت و بەردەوام لە کار دابوو، بەڵام مەلی خەیاڵی زوو بە زوو باڵی دەگرت و بەرەو باکۆ، بۆلای "ئەژدەر"ی ئازیزی دەفڕی.

هەفتەیەک لە مانەوەی ڕابووری و ئاخری هەفتە بەناچاری داوای پەلەکردنی لە ئیڤان کرد.

ئیڤان گوتی:

ـ من لە تۆ بە تاڵووکەترم کچی خۆم، بەڵام چ کەردەن کە بارو دۆخەکە ئاڵۆزە. تۆ نازانی لە دوو شاری"باتۆم" و "تفلیس" دا چ هەنگامەیەکە! نازانی هەر ئێستا لە شەقام و کۆڵانەکانی ئەو دوو شارە دا چی ڕادەبرێت. مانگرتن و خۆپیشاندانەکان شاریان هەژاندووە و پۆلیس و ژاندارم چەشنی سەگی یانیگر بۆ هەموو لایەک شاڵاو دەبەن. ڕۆژ بە دوای ڕۆژ، ڕژێم دڕ و هار و یانیگرتر دەبێ. سەرهەڵدانی کرێکاران خمی لێ شێواندوون و بەکرێگیراوانی بارەگای تزاری کەوتوونەتە چنگەپرچە و بۆ نەجاتی خۆیان پەنا بۆ هەموو هەژگەڵ و پووشاڵێک دەبەن. گەلەکۆمەیەکی سەیریان

کردووە و هەرچی شڕ و دڕی پیاوگوژە، بەکرێیان گرتوون. هەڤالانی ئێمە خۆیان دەزانن کەی و کەنگێ چاپەمەنی ڕاگوێزن و بۆ ئێمەی بنێرن... پەلەت نەبێ کچی خۆم... پەلە مەکە؛ باکۆی ئێوە نە دار و درەختی لێدەڕوێت و نە شینکە و مێرگەزاری لێیە. ئەتۆ سەیری ئەم بەهەشتەی ئێمە بکە بزانە چەندە ڕەنگین و چەندە شیرینە!

ڤەرا دڵنیابوو هەڤالان لە هەلێکی ئەهوەن دەگەڕێن و هەرکە ئەو هەلە بڕەخسێت، گرانباری بەشی "باکۆ"ش دەگاتە جێ. سەبری گرت و دەگەڵ کچان و خانمی خێزانی ئیڤان ڕۆژیان بردە سەر. هەردەمێکیش کە هەستی بە دڵتەنگی دەکرد، ڕووی دەکردە مەزرای ڕەنگین و دەگەڵ ئەژدەر، ڕاز و نیازی دەکرد.

****

# 27

کاتێک جەباربەگ لە وێستگەی "یۆلاخ" دابەزی، کازیوی بەربەیان لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە خێوەتی ڕووناکیی هەڵدابوو. شەو دەهات بەڕۆژ بگات. ئاونگ بە سەر گەڵا و چلووکی دار و درەختانەوە دەتگوت قەتارەی زێوینی ژێر گەردەنی کچۆڵانە و ترووسکەیان دەهات.

لە گوندی "قەرەقۆیەنلۆ"وە، کوێخا گوندەکەیان بەرەوپیلی هاتبوو. هەرکە "جەبار بەگ"ی سەرخۆش لە شەمەنەفەر دابەزی، کوێخا تەڕدەستانە بە کەرنۆش و سەر و مل داچەماندن بۆی هات و چەمەدانەکانی لە دەست ئاغا وەرگرت.

جەباربەک لە درێژەی سەفەردا، بە کۆنیاک خۆی حەواندبۆوە. چاوەکانی لە بەر هێندە سەرخۆشی و زۆر مەست بوونی، دەڕشانەوە. سەیرێکی کوێخای کرد و گوتی:

ـ کوڕە کوێخا خێرە؟!... تۆ چی و وێستگەی شەمەنەفەر چی؟ کێ خەبەری پێدای ئیمڕۆ تەشریفمان دەگاتەوە جێ؟

ـ گەورەم! ئەوا هەفتەیەک دەبێ گشت ڕۆژێک لە چاوەڕانیتان داین. ئاغاژنەکان خەبەری گەڕانەوەی ئیمڕۆیان پێداوم و منیش شەوەکی خۆم گەیاندۆتە وێستگە و چاوڕێی تەشریف هێنانەوەتانم.

جەباربەگ لە بەرەوە و کوێخای هەگبە لە شانیش لە دواوە، خۆیان بە ژووری وێستگە داکرد. هۆڵی وێستگە، چەشنی مۆڵگەی پاتاڵ، پڕی زبڵ و زاڵ بوو. مێش و مەگەسێکی زۆر بە دەوری سەر و دەمووچاوی سەفەربەران دا هازە و ڤیزەیان بوو. خێڵی سەفەربەرانی چاوەڕێ شەمەندۆفێر، لە چوار بەری سالۆنەکە دا، بە دانیشتن و تخێڵ بوونەوە خەو بردبوونییەوە و میوانداریەتیی مێش و مەگەسەکانیان دەکرد. جەباربەگ لە هوروژمی مێش و مێشەکوێرە، ئۆقرەی لێ بڕابوو. بە دەست و دەسرۆکە و باڵ و شان، خۆی لە هێرشی بێ ئامانیان دەپاراست و لە ژێر لێوانەوە جوێن و نەفرینی دەنارد. بە دەستی بەتاڵ، لە سەرپێ ڕاوەستانی بۆ نەدەکرا، بەڵام کوێخا

لە ژێرِ باری قورس دا بە نۆرە لە سەر ئەم پێ و لە سەر ئەوی تریان نەرمە سەمای دەکرد و متەقی لێوە نەدەهات. جەباربەگ دە کوێخا ڕاخوڕی:

ـ کوێخا کوا لە کوێیە گالسکەکە... بۆچ نەهات؟! دەست و بردت بێ ئەگینا مێش و مەگەس دەمخۆن...

ـ گەورەم ئەوا گالسکەکەتان لەو بەری وێستگە چاوەڕێتانە.

کوێخای دێ، ئەگەرچی دوای ئاغا نیمچە سوڵتانێک بوو، بەڵام لە بەر دەستی ئاغا و ئاغاژنان دا لە نۆکەر ژێڕاتر بوو. کوێخای جەباربەگ بەچەشنێک بە نۆکەری ڕاهاتبوو، کە هیچ نۆکەرێک بەو چەشنە لە ژێردەستی بەگ و ژنە بەگان دا زەلیل و کز و لارەمل نەبوو.

درێژ ماوەیەک بوو بەفر و تەڕی و تووشیی زستان لە مەڵبەندی"یۆلاخ" دا کۆتایی هاتبوو. ئەگەرچی وەرزی پەڵەبارانان بوو، بەڵام دڵۆپە بارانێک بە سەر زەوی و زاری تینوو دا نەڕژا بوو. هەر تەنێ لە ئاودڕگە و قوڵکە و شوێن پێخوستی پاتاڵ و جی تەگەری دروشکە دا قوڕو لیتەی کۆن مابۆوە. قوڵکە و ئاودڕگەی پڕ لە زەلی دەور و بەریش، مەکۆی مێشەکوێرە و تەپۆی ئەو دەوەرە بوون و بە هەموو لایەک دا بڵاو دەبوونەوە.

جەباربەگ بێ دەربەست بە قوڕ و لیتەی بەر سالۆنی وێستگەکە، بە پڕتاو لە دەرگای وێستگە دەرپەڕی و بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە گالسکە و سوار بوو. هەرکە دانیشت، بانگی کوێخای کرد:

ـ کوێخا زووبە جانتاکان تاقەت کە، ئەگینا مێشەکوێرە لە چاو و دەممان دا گەرا دادەنێن... دەست و برێک بکە با لەم کاولبووە نەجاتیمان بێ...

فایتوونچی لە جێ بزووت و دەگەڵ کوێخا چەمەدانەکانیان لە پاشکۆی فایتوونەکە دابەست و سوار بوون. جەبار شێڕاندی بەسەریان دا:

ـ چ بوو؟!... تەواو نەبوون؟... دە لێخوڕە بزانم دەی!

فایتونەوان قامچی لە بان سەری ئەسپان هەڵسووڕاند و دەنگی دان. جووتەی ئەسپان بە یەک تەکان گالسکەیان تین پێدا و بە ترەختەن ڕێگای گوندیان گرتە بەر. زۆری نەخایاند "یۆلاخ"یان جێهێشت و کەوتنە سەر جارەی "بەردەعە" . لێرەوە، خۆرەتاو دەشتاودەشتی پڕ کردبوو. شنەیەکی فێنک، دەگەڵ ساردە مژی کوێستانان بە سەر مەزرا دا ڕادەبرد و بەرەبەرە تەپ و تۆز و مێش و تەپۆش کەم و کەمتر دەبوونەوە.

چەند پێچێکیان لە جادە تێپەڕ کرد و شیو و پێدەشتێکی زنوێری پڕ لە گوڵ و شینکەیان لێ وەدەر کەوت. هەوای بێگەرد، شەکەتی لە جەستەی پیاوی ماندوو دەتاراند. جەباربەگ، لە جێگەی نەرمانی فایتونەکەی دا لەسەر لاسمتێک لێی تخێڵ ببوو. بیر هەڵی گرتبوو. قەرار بوو هەر تەنی هەفتەیەک لەشاری باکۆ بمێنێتەوە، کەچی پانزدە ڕۆژی پێ چووبوو. بۆ جەباربەگ، کە لە ژیانی دا هەر بەس بۆ زگ و

خوار زگ ژیابوو، پانزده ڕۆژ نا، بەڵکە پانزدە مانگیش کەم بوو. بەڵام لە بێبەختی خۆیەوە، ماوەیەکە چی چاکی بۆ نایە و هەرچی نەهامەتییە بەلێشاو بەسەری دادەبارێت. کەوگیری نەداری بە تەرکی مەنجەڵی دا دەخشێت و دێ لە پەڕ و پۆ بکەوێت.

ساڵی پار، دوو گوند لە پانزدە گوندەکانی کەوتنە ژێر بارمتەی قەرز و، چونکە بە کاتی دیاریکراو قەرزی نەدایەوە، دوو گوندەکانی لە دەست چوون. جەباربەگ لەوە دەترسا ژمارەی 13 بەدفەڕ بێ و سێزدە گوندی تریشی بە مرەدی سێزدەی بەدفەڕ بچێت. بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات و خودایی کردن بەسەر لادێیانی هەژار دا، هەرجێگایەک بۆنی پارە و دراوی لێهاتبایە، بە مڵومۆ بۆی دەچوو. نزیکترین خزمی دەوڵەمەندی جەبار، موختاربەگی زاوای بوو، کە دەیانگوت لەسەر پارە دەخەوێت. بەڵام لەماوەی پانزدەڕۆژ دا هەرچی لەلای خوشکی کڕوزایەوە و داوێنی موختاربەگی بادا، لە پێنج هەزار مانەت زیاتری نەدرایە. پێنج هەزار مەنات بە هیچ لایەکی ڕانەدەگەیشت و چارەی دەردی پێ نەدەکرا. هەرتەنێ بیست هەزار مەنات لە ژێر باری "عەولابەگی"ی کوتاڵفرۆش دابوو. بەڵام جەبار بۆچی وای لێ بەسەرهات و هۆی چی بوو کانگای داهاتی تەڕایی لێ بڕا و زەلکاوی نەداری بەسەری کشا؟ جەباربەگ ڕانەهاتبوو بیر لە قەیران بکاتەوە و هۆکاری کەوتن بدۆزێتەوە. لەوەتەی بیری بڕ دەکات، هەر بەسەری داڕژاوە و ئەویش هەر بەبای داوە.

پانزدەساڵ لەمەوبەر، دەگەڵ خانمێکی هاوتای خۆی هاوسەرگیری کردو لە دڵگرترین شوێنی شاری"شووشا"دا کۆشک و سەرسەرایەکی بەرز و دڵگری بۆ ساز کرد. بە ماوەی دوو ساڵان، دوو منداڵیان بوو. تازە ساڵی سێیەم تێ وەرسووڕا بۆوە کە ژنێکی تری خواست و دایکی منداڵانی هەوێسار کرد. ئیتر ماڵەکەی وەک شەڕگەیەکی دوو هەوێ و چەند منداڵی دوو بەرە دایکانی لێهات. دوو ژنی ماڵێ ، یەک لە داخی ئەوی تر، بە تەخشان پەخشان کردن و زایەکردنی کەلوپەل و شەڕەدەندووکەی یەکتر بوغزێن، ماڵیان کردە دۆژەخێک کە "جەبباربەگ"ی ناچار کرد بۆ ژنی تازەی ماڵێکی تر ساز بکات. بەخێوکردنی دوو ماڵبات لە لایەک ڕاوەستێ و، خەرجی بێ سنووری خۆی لە قومارگە و سەماگە و مەیکەدەکانیش لە بەرێکی ترەوە، زارکی هەگبەیان بە چەشنێک پێ کردبۆوە، کە زۆری نەخایاند سەرچاوەی دارایی و سامانەکەی وشکاوی هات. ئەمانە لە بەرێک و لە لایەکی ترەوە، وشکەساڵی و هێرشی کوولە و سەربزێوی لادێیەکان و کەمبوونەوەی دەغڵ و داهات، هەر یەک گورزێکی دەمارتەزێن بوون و لە جەستەی جەبباربەگ وەشێندران. جەببار بۆ خەڵەسین لە چنگی تەنگانە، بە ناچاری دەستی بۆ لای"عەولابەگ"ی کوتاڵ فرۆش و "ئەبولحسێن"ی سەلەمخۆر درێژ کرد.

هەر ئەو سەر و بەندە، ڕۆژ نەبوو خەبەرێکی دڵتەزێنی پێ نەگات. دەمێک خەبەر دەهات کە فلان گوند تووشی قاتی و قڕی هاتووە و ئەوی تریان وەبەر هوروژمی کووللە سەحرایی کەوتووە و دەغل و دانی بە با چووە... لە فلان ئاوایی دا، گەرما و بێ ئاوی

وڵاتی هەڵپرووکاندووە و حاسڵات لە ریشە دا فەوتاوە... لادێیەکانی فلانە گوند ڕاپەڕیون و دە و دووی ئاغایان نەداوە... خەواندنەوەی سەربزێوی لادێیەکان هاسان بوو، بەڵام زەختی ژاندارمی پێویست بوو. ژاندارمیش ئەگەرچی دوژمنی بابە کوشتەی ڕەنجبەری دێ نشین بوون، بەڵام بەبێ دەستخۆشانە چەکیان بۆ کەس دە شانان نەدەکرد. ڕاگرتنی ئەسپ و گالسکە و تاژی و تووڵەی ڕاویش، مەیتەر و سەگەوان و غولام و کارداری دەویست؛ گشتی ئەمانەش بە پارە چار دەکران.

لە پێنج هەزارمەنات دەست قەرزی موختاربەگ، دوو هەزاری هەر لەو کورتە سەفەرەدا شین خۆر کردبوو. هاتبایە و زوو نەگەڕابایەوە، ئاخر مەناتی پێ نەدەما و مافنگی دەهاتە دەر.

بەر لەوەی سەفەری باکۆ بکات، پێی وابوو، لە قەناوەکانی شاری باکۆ دا لە جێی ئاو، پارە بە لێشاو دێنە خوارێ. بەخەیاڵ دەیگوت: لە باکۆ دا، لە جێی باران پارە دەبارێت و زەحمەتەکەی هەر ئەوەندەیە چۆک دابدەیت و پارە کۆ بکەیتەوە. بەلای ئەوەوە، موختاربەگی زاوای لە سەر نوێنی خشڵ و لیرە دەخەوێ و لە تیان و حەوزی پڕ لە شامپاین دا مەلە دەکات. لە زیندەخەوەکانی دا، موختاربەگی لە کوشک و تەلارێک دا دەبینی، کە باڵەخانەکەی خشتێک لە زێر و ئەوەی تری لە گەوهەر هەڵچندراوە و موختاربەگی لەبەر هەیوان دا، خەرمانە دراوان بە با دەکات. دەیگوت: موختاربەگی زاوام هەزار و سەت هەزاران هەر بە پارە دانانێت و هەرکە پارەی لێ بخوازم، هەگبەکانم پڕی دراو دەکات. بەڵام هەرکە گەیشتە شاری باکۆ و دەگەڵکوو دەرگای ماڵی زاواکەی کردەوە، خەونە زێڕینەکانی چەشنی نەخشی سەر ئاو، بە ئاو دا چوون. زۆر زوو بۆی دەرکەوت کە شار لە گوند شڵەقاوترە و ساماندار لە خودی خۆی وێرانە ماڵ ترە. کرێکار، ئەو کرێکارەی کە هەتا دوێنێ بۆ نانی شەو کڕنۆشی دەبردە بەر خاوەن کار. ئەمڕۆ یەکانگیری یەکن و لە سەر شەقام و لە گۆڕەپانانەکان دا بە ئاشکرا دژ بە ڕژێم خەبەرنامە بڵاو دەکەنەوە. ئەو شەوە، هەر ئەو شەوەی کە زەماوەندی خوشکەزاکەی بوو، موختاربەگی بەرزەدەماغ هەر بە چەشنی ئازیز مردە، پرسەدارانە دەهات و دەچوو. هەر ئەو شەوە، هەواڵی سووتمانی کانگاکەی پێگەیشت و بێ دەربەست بە میوان و میوانداری، چەشنی تیری ترازاو لە سەختە کەوان بۆی دەرچوو. هەر ئەو شەوە، هەتا نیوەی شەو، بە دیار کانگای سووتاوی دا خولایەوە و بە دوو چاوی سەری سووتانی سەدان هەزار مەنات سامانی خۆی بینی و بۆ سبەینێ تەنانەت یەک کرێکاریشیان بە تاوانی سووتمانی کانگەی مەختاربەگ نەخستە بەندیخانێ. سەیرو سەمەرە هەر لەمە دابوو، لە وتووێژێکی خۆماڵی و نهێنی لە نێوان موختاربەگ و سەرهەنگ پاروشین، بۆ سبەی بەیانی کەوتە توێی لاپەڕەیەکی چاپکراو و هەرچی گوترابوو، تێیدا هاتبوو. ئەو شەوە، موختاربەگ و سەرهەنگ پاروشین و کەسێک بەناوی میرزاقاسم لە ژوورێک دا هەرچی گوتبوویان، لەلایەن کۆمێتەی کرێکارانی شاری باکۆوە بە هەموو کەس ڕاگەیشت. یاڕەب دەبێ ئەم ڕازە

لە ژێر سەرپۆشە لە چ قەناتێکەوە بە کۆمیتە ڕاگەیشتبێتەوە؟... چ کەسانێکن کۆمیتەی کرێکاری هەڵدەسووڕێنن؟... بگێڕ و سازمانکارانی ئەم بەزم و هەرایە دەبێ کێ بێ و سەر بە کوێ بێ ؟... هەرچی زمانی لە دەم دا دەگەڕێت، باسی"نینا" دەکات و گۆیا هەر ئەو "نینا"یەیە دەستی لە چاپخانە دا دەگەڕێت و سەری کاربەدەستانی ڕژێمی گێژ کردووە... ئەم "نینا" ئەفسوونکارە دەبێ چەندە خاوەن دەست و بەدەسەڵات بێ کە لە ژووری دەرگا داخراویشدا خەبەر دەردێنێت؟... شار وەلۆیە و دێهاتیش بەمجۆرەیە، بەڵام لادێ بێ خەم و خەیاڵترە. ئاژاوە و سەربزێویی لادێ و گوندەکان ئەرەجی دێت و دەکرێ بە بارێک دەگەڵیان بچارێین. بەس نییە ئەم "نینا" و بەزم و هەرایە لێرە بێ ناوە و، کەس لێیان خەبەردار نییە!

جەباربەگ ماوەیەک بە دەم ئەم خەیاڵاتەوە سەری گەرم بوو. هێدی هێدی کەوتە وەنەوزدان و ڕاژە ڕاژی گالسکەکەش چەشنی بێشکە خەوی بە سەر دا سەپاند. گالسکە بە جادە دا دەڕۆیشت و ئاغا خەو بردبوویەوە، لەپڕ بە دەنگی ئاغا... ئاغا لە خەو ڕاپەڕی. چاوی کردەوە و لە کەنار جادە دا کوێخا دێ و دوو ژاندەرم و کەسێکی تری بینی. بە سەرسووڕمانەوە هاواری کرد:

ـ چییە... چ باسە؟... بۆ لە خەو خەبەرتان کردمەوە؟ .. ئەمانی کێن؟

ئەو کەسەی لە نێوان دوو ژاندارمەکان دابوو، بە ترس و تاسانەوە لە بەگ هاتە پێش، بەڵام جەباربەگ تێێ ڕاخوڕی:

ـ کوڕە تۆ زەمیندارەکەی گوندی"قەرەقوینلۆ" نیت؟!... چییە، ئەتۆ چی و ئێرە چی؟!.. ئەم ژاندەرمانەت بۆ دەگەڵن؟

زەمیندار بەژنی بۆ کوڕ کردەوە و بە ملە لەقە و سەرەلەرزەوە نووزەیەکی کرد و گوتی:

ـ بەڵی من ڕەعییەتەکەی خۆتم و "قەرەقۆینلۆ"ییم... بەڵی گەورەم باشتان ناسیمەوە...

جەباربەگ بەسەری داشریخاند:

ـ بەسە!... زۆربلێی مەکە بڵی بزانم چ باسە؟

زەمیندار دەست بە سنگەوە و بە لەرزە لەرز گوتی:

ـ گەورەم من بە شوێن ئەم دوو ژاندارمانە دا چووم چووم و من هاوردوومن... گوندەکەمان شێواوە و دار و بەرد لێک دراوە... خۆت... خۆت دەزانی کە "قەرەقۆینلۆ"یی هەر لە بابولبابەوە شەڕانی و تێکدەر و هەرچی و پەرچی بوونە... من ... من بە زمانی لووسی ئەوان هەڵخەڵەتام و مەزرام لێ کڕین... من ... من نەمزانی...

---

* زەمیندار= خاوەن مووچە و مەزرا= بە کەسانێک گوتراوە کە چەند مووچێ و مەزرایان لە ئاغادی گوند کڕینبێت. زەمیندار سەربەست تر لە گوندییەکان بوون.

جەباربەگ بە غەزریوی لە فایتوون دەرپەڕی و لە بەرامبەر زەمیندار دا ڕاوەستا و شریخاندی بە سەریاندا و ڕووو بە ژاندارمەکان گوتی:

ـ هەرچی خەڵکی "قەرەقۆینلۆ"یە گشتی شێت و خوودارن... ئەم سەر لەرزەش یەکێک لەوانە. ئێوە بڵێن چی بووە و چ باسە!

ژاندارمەکان سەری ئەسپەکانیان وەرسووڕاند و لە جەباربەگ چوونە پێش. یەکێک لە ژاندەرمەکان چەکی لاشانی ئەو شان ئەو شان کرد و وەڵامی داوە:

ـ بەڵی گوندی قەرەقۆینلۆ بە تەواوی شێواوە. گوندییەکان دەنگیان کردۆتە یەک و دەڵێن باجی ساڵیانە نادەن. کوێخای دێ بۆ خەبەر پێدانتان هاتبوە "یۆلاخ" و برای کوێخا بۆ ئەهوەن کردنەوەی خەڵک دێتە دەر، بەڵام خەڵکی تووڕە بیرازی دەکەن و لە زمانی دەخەن. گوندییەکان بەمەش ناسەکنێن و دەغڵی دەغلدانەکەت بە تاڵان دەبەن و بە سەر خۆیاندا دابەشی دەکەن...

جەباربەگ دوو چاوە زیتەکانی لە قوڵکی چاو دەرپەڕین و بە هەموو هێزەوە بەسەر زەمیندار دا قیڕاندی:

ـ کەواتە دەغڵی منیان بە تاڵان بردووە؟!... دەغڵی من!

زەمیندار بە ملە لەقە و سەرەلەرزە گوتی:

ـ گەورەم من خەڵکی "ئاران"م و قەرەقۆینلۆیی نیم... من نازانم فریوی کێهە شەیتان و شۆڤارێکم خوارد کە ئەم زەوی و زارەم کڕی و...

ـ هەتیوکە من دەڵێم دەغڵی منیان بە تاڵان برد؟... پێم بڵی بزانم ڕاستە؟!... دە لەبری ئەم سەرەلەرزەت، زمانت بگەڕێنە بزانم... دەی!

زەمیندار زۆر بە زەحمەت زمانی گەڕا و گوتی:

ـ بەڵێ... بەڵی گەورەم بردیان... ساف لە ساف تاڵانیان کرد و بردیان... تەنانەت بنەتۆمیشیان بۆ نەهێشتوویتەوە ... بردیان... ساف لە ساف تاڵانیان کرد...

جەباربەگ چلۆن لە فایتوونەکەی دەرپەڕیبوو، هەر ئەو جۆرەش خۆی خستەوە ناو گالسکە و قیڕاندی:

ـ گورج بەرەو قەرەقۆینلۆ... خێرا... پێشدا بۆ بنکەی ژاندەرم با سەرپەلی ژاندەرم دەگەڵ خۆمان بەرین... لێخوڕە!

بە ئاماژەی دەست، ژاندەرمەکانیشی بە شوێن خۆیدا برد. زەمیندار دەست بە سینە، سەری لەم هەیت و هووتە سووڕ مابوو. چەندێک بە شوێن فایتوون دا بە غار ڕۆیشت و هاواری کرد:

ـ ئۆهۆی بەگ!... بەگ من جێمام... ڕایگرە من جێماوم.

دەنگی هاواری زەمیندار دەگەڵ خرمەی ئەسپ و تەق و تۆقی فایتوون تێکەڵ بوو و بە گوێی کەس نەگەیی.

قەرەقۆینلۆ، گوندێکی بناری ڕێزە شاخەکانی چیای بچووکی"قەفقاز"ە. گوندێکی بەپیت و بەرەکەت بوو. قەرەقۆینلۆ، بە گەورە دێی ئەو هەرێمە دەناسرا. مەزرا و

زەوی و زارەکانی خۆش خاک، بەڵام کەم ئاو بوو. هەربۆیە زۆربەی مەزراکانی بە دێمەکاری ڕەنێو دەهاتن. بەختەبارانەکان جێگای مەتمانە نەبوون و گەلێک ساڵان بەهۆی کەم بارژنی، حاسڵات ئەوەندە دەست نەدەکەوت کە تەنانەت بنەتوو بۆ داچاندنی ساڵی داهاتووش بەش بکات. سەرەڕای کەم ئاوی، دەیان جۆرە ئافاتی ڕووەک خۆریش، سەرباری بێچارەگیی لادێیان بوون. زۆرجارانیش لە دەمی خەرمان سووربوون دا، دەیان میوانی لاوەکی، وەک ئەمربەرە مفتەخۆرەکانی ڕژێم ، مەلا، سەید، کوێر، شەل و شتی تریان بەسەر وەردبوون و بەشی هەرە زۆری خەرمان بەوان دەبرا و بۆ ڕەنجبەر چەند کەویژێک زیاتر نەدەمایەوە. لە جەنگەی هەڵگرتنەوەی حاسڵات دا، ئەمربەرانی ڕژێم لە بری باج، دەغڵیان دەبرد. جەباربەگ سەرەڕای دە و دووی بەگڵەرانەی خۆی، بەپێی ژمارەی ئەندامانی بنەماڵەی جووتبەندەکان، بەشێکی تریشی بە ناوی سەرانە لێدەستاندن. قانوونی سەیر ئەمە بوو کە جوتبەندە لە سەری فەرز کرابوو هەر چەند هێکتارێکی کە کێڵابای، لەپێشدا بۆی دیاری دەکرا ئەو مەزرایە چەند کیلۆ حاسڵ دەدات؛ جا حاسڵات دەنکێک بوایە یان سەت تەغار، وەرزێر دەبوایە بە قەدرایە بایی دیاریکراوی پێشینی، ڕادەستی گزیری بەگی بکات، ئەگینا دەکەوتە ژێر قەرز و بۆ ساڵی تر، تەواو بەرهەمی لێ دەستێندرا. ڕەنجبەری گوندی هاواری بە هیچ لایەک ڕانەدەگەییشت، چونکە یاسای ئاسمان و زەوی، لاگر و چاوسۆری بەگ بوون و ڕەنجبەر بەتاوانکار دەناسرا. گەلێک جاران گوندییەکان هێشتا لە چنگی بەگ ڕزگارییان نەهاتبوو، کە ڕەوەدەی مەلا و سەید و شێخ و ورتکە نۆکەری ڕژێمیشی بە سەر وەردەبوو. بازەرگان و دوکاندارەکانی شارنشینیش بە شوێن وەرگرتنەوەی قەرزی خۆیان، میوانی وەرزێری هەناسەسارد دەبوون و بەشێک لە دەسڕەنجیان بەتاڵان دەبردن. لە دەمی خەرمان هەڵگرتنەوە دا، زۆرجاران شەڕ و لێدان دەستی پێدەکرد و ژاندەرم بۆ خەواندنەوەی شەڕ، گوندییانی ڕەکێشی بنکە دەکرد و بۆ تۆقاندنی خەڵکی ئاوایی، بەبێ هیچ سووچ و تاوانێک، ڕەهەندەی وڵاتی ساردی "سیبریا"یان دەکردن.

ساڵی ڕابوردوو، لە جەنگەی پەڵەبارانان دا هەوری بان سەری مەزراکانی گوندی قەرەقۆینلۆ نەزۆک مانەوە و دڵۆپێکیان باران بە سەر زەوی دا نەباراند. شینکە و ڕەپستەی بەهارەکێڵان، بە تینی هەتاو هەڵقرچان و هەرچی جووتبەندەی قەرەقۆینلۆ بوو، بۆ کۆکردنەوەی بنەتۆوی وەرزی داهاتوو، هەڵوەدای شار و گوندەکانی دەور و بەر بوون و دەرگا بە دەرگا گەڕان و لاویچ لاوێچیان گەنم کۆ کردەوە.

جەباربەگ، خاوەنی شەشدانگی قەرەقۆینلۆ نەبوو. چەند زەمینداریێکی تریش وەک ورتکە خاوەنداری بەشێکی ئەو گوندە دەناسران. پاییزی ئەوساڵە، تەنیا جەباربەگ و زەمیندارە دەوڵەمەندەکان توانیبوویان پاییزەگێڵگەکان بکێڵن و توویان پێوەر بکەن. لادێییە دەس کورتەکان بەهۆی نەداریی، لە چلەی زستان دا ڕەهەندەی هەندەران بوون و هەر بنەماڵەیەک بەرەو شوێنێک ڕۆیشتن. ئەم کۆچ و ڕەوە

ناچارییەی خەڵکی هەژار، لە زار و زمانی بەگلەر و بازارییەکانی شار دا دەگوترا: "قەرەقۆینلۆیی" چەنەسووک و دەمهەراش و سواڵکەر و ڕووداماڵاون، بۆیە ساڵ نییە لێیان نەشێوێت.

بەهاری ساڵی پار، بار و دۆخی خەڵکی هەژاری قەرەقۆینلۆ ژێڕاتر لە هەژاری و خاکەساری بوو. ئەوان ئەگەرچی گاجووتیان نەبوو، بەڵام خۆیان لە جێی گاجووتان ملیان خستە ژێر چەڵەمەی نیرو ئاموران و شێوەردیان بڕی. زەوی و زاریان بە هێزی شان و باهۆیان کێڵا، بەڵام بنەتۆمیان نەبوو بە کێڵگەکانی وەربکەن و کەسیش دەستی نەگرتن. بەهاری پارەکە، ڕەنجبەری برسی، ڕوویان کردە شاخ و کەژان و بە گژ و گیای بەندەنان زگی برسییان تێر کرد.

***

"حەمەعەلی"، دوای دەربازبوون لە چنگی پۆلیس و پاش تۆقە و وتووێژ دەگەڵ ئەژدەر، باکۆی جێ هێشت و بەرەو قەرەقۆینلۆ گەڕایەوە و هانای بردە بەر ماڵی "حەمەجەعفەر"ی برای.

"حەمەجەعفەر" پێنج ساڵێک لە "حەمەعەلی" گەورەتر بوو. پیاوێکی بەخۆوەوەی باڵابەرزی بەشان و باهۆ بوو. حەمەجەعفەر، بەشی هەرە زۆری تەمەنی لە ژێر کاری لەش تاوێن دا خەرج کردبوو، بۆیە سەر و سیماکەی شکاوەتر لە تەمەنی دیاری دەدا. بەڵام لەش و لاری درشت هەڵکەوتەی خاوەنی هێز و توانایەکی زۆر و لە کار و هەڵسووڕان دا گەلێک چوست و چالاک بوو. حەمەجەعفەریش هاوشێوەی گوندیانی قەرەقۆینلۆ، بە مل و شان زەوی کێڵا بوو. بارە داری لێڕەواری بە پشت و شان کێشا بوو. ئەویش وەک هاودێییەکانی، لە خواردن دا هەمیشە کەمی هێنابوو. حەمەجەعفەر تووشی هەزاران نەهامەتی هاتبوو، بەڵام لە سای کەڕامەت و دڵ و دەروون خاوێنی و ئازایەتیی خۆیەوە، خۆی نەدۆڕاندبوو. تێدەکۆشا بە سەربەرزی ژیان بەسەر بەرێت و خۆی نزم نەکات. بەهەموو کەم و کوڕییەکانی باری گوزەرانی، توانیبووی فێری خوێندنەوە و نووسین ببێت و ڕەش لە سپی جیا بکاتەوە.

حەمەجەعفەر لەبەر پیاوچاکی و لە سای خزمەت بە خەڵکی ئاوایی، هەر نەک لە گوندی قەرەقۆینلۆ، بگرە لە دێهاتی دەور و بەریش خۆشەویست و جێی ڕێزی ڕەنجبەران بوو.

لەوەتی حەمەعەلی هاتبۆوە ماڵی کاکی، دوو برا پێکەوە بەیانان زوو دەچوونە لێڕەوار و کۆلکەداری سۆپە و تەندوریان دەبڕێ و بە کۆڵ دەیان هێناوە دێ. ئەوان بەنیاز بوون باری چەند گاڕێ وشکەڵ داگرن و لە فرۆشتنی دارەکان پارەیەک بۆ گەڕانەوە حەمەعەلی کۆبکەنەوە. چەند ڕۆژێک لە مێشەڵانی پڕ دار و دەوەنی دووەرە دەستەوە وشکەڵەداریان کۆ کردەوە و بۆ فرۆشتن، بە گوندەکانی مەڵبەندی "ئاران"

نیان دا گێڕایان. لە فرۆشنی دوو گاریێ وشکەڵە دار، پارەیەکیان دەست کەوت و بەرەو قەرەقۆینلۆ داگەڕانەوە.

دەنگی جیڕەی پێچک و تەختەبەندی گاریێ، تەنیا دەنگێک بوو دەهات. دوو برا لە ڕێگا دا کەمتر قسەیان کرد. چونکە ئەوەی بۆ گوتن بوایە، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا گوتبوویان. جووتە گای گوشتنی تەپلۆس و تەوەزەلی گاریێیەکە، لە سەر یەک هەوا پێیان هەڵدهێنایەوە و مەیلی گۆڕینی ڕەوت و ڕۆیان نەبوو. نزیک بە قەرەقۆینلۆ، حەمەعەلی ڕووی دەمی لە کاکی کرد و گوتی:

ـ پێت وایە هەر ئیمڕۆ بەرەو باکۆ دابگەڕیمەوە ؟

حەمەجەعفەر وەک لە هەمێزی بیرێکی قووڵ دابەزیبێت، وەرامی داوە:

ـ بەڵی... بەڵی هەتا زووتر بگەڕێیتەوە باکۆ، باشترە... زوو بڕۆ و ئەوەندەی بۆت کرا زووترمان خەبەر بۆ بێنەوە...

ـ دڵنیابە کاکە ، چوون و گەڕانەوەم مانگێک ناکێشێت.

حەمەجەعفەر ورد ورد دە حەمەعەلی ڕامابوو. زەردەیەکی هاتە سەرلێوان و گوتی:

ـ حەمەعەلی... براگیان! نە من و نە تۆ، هیچمان نازانین هەفتەیەک... مانگێک و چەندێک دەخایەنێت.

جێرەی وشکی مێشک ڕووشێنی تۆپ و تەگەرەکانی گارییەکە، تەواوێک جاڕسی کردبوون. بەجووتە لە گاریێ دابەزین و بە شوێن هەنگاوی تەپی گاجووتەکان دا هاتن.

ـ حەمەعەلی هیچ پەلەت نەبێ... لێرە لەم دێیە، ئێمە دەستمان کورتە و دەنگمان بە هیچ لایەک ڕاناگا. ئەودەم کە بەرەو دێ هاتیتەوە، پێت وابوو گشت تەسەلی و خێر و خۆشییەک میوانمانە. بەڵام خۆت بار و دۆخی ئەم خەڵکە بەلەنگازەت بەچاوی سەر بینی. تۆ ئیتر دەزانی دەردمان چییە و دەرمانەکەی چییە. خۆت بینیت کە لادێیی هەر ئەودەمەی کە دێ گیانی لێ بستێنن، ئەودەم دەست دەداتە پەیاخ و لە بەگی دێ و لە ژاندەرم ڕادەسێت. هەموو تۆڵەسەندنەوەکەمان تاڵانی ماڵی بەگ، یان گوژتنی ژاندەرمێکە و ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ. بەڵام کرێکار، گەلێک گەلێک لە ئێمە وریاتر و شارەزاتر و ڕیزانترە براگیان!... تۆ دەتوت... دەتگوت... ئەرێ ناوی چی بوو؟...ئەو کورە گەنجەی گوتت ناوی چی بوو؟!

ـ ئەژدەر... ئەژدەر بوو کاکە!

ـ بەڵێ ئەژدەر ... هەر ئەو ئەژدەری کە لە کار و کردەوەکانی تۆ ناڕازی بوو، ئەو ڕاستە. ئەتۆ لە هەمبەر حیسابڕەسێکی کارگە هەڵدەبەزیتەوە و دەستی لێ دەوەشێنی، بەڵام ئەژدەر کردەوەکەت بە هەڵەکاری حیساب دەکات؛ ئەو ڕاستە حەمەعەلی! ئەویش کرێکارە و هاوکاری خۆتە، بەڵام ئەتۆ بە ڕەوشی لادێیان جووڵاویتەوە بابم! بەهێزی باسک و باهۆت بایی بووی و دەستت وەشاندووە و پۆلیس ڕاوی ناوی، هەتبا و گرتبایانی بۆ ماوەیەک دە کونە ڕەشیان دەپەستاوتی و تێکۆشانت دەهاتە سەر سیفر. ژاندەرم، جارانی جار بەربینگیان گرتووین و لێیان داوین و تێیان

هەڵداوین. دوای لێدانیش، پێیان گوتووین کە هەر کەس دەستێک لە ژاندەرمێک هەڵببڕێت، ئێمە بە پێی قانوون دەسبەسەری دەکەین... تێدەگەی دەڵێم چی براگیان؟!

حەمەعەلی ورد ورد گوێی بۆ کاکی ڕاگرتبوو. حەمەجەعفەر بە هەوا دەنگێکی خەمناکانە درێژەی پێدا:

ـ سەردەمی گەنجێتیم من لە دەستی ستەمی ئاغا و هێرشی ژاندارم لەم گوندە ڕام کرد و پەنام بردە گوندێکی دەوەری شاری تفلیس. ئەودەم باوکمان چەند مانگێک بوو کۆچی ئاخرینی کردبوو. دایکمان لە شارۆچکەی "شوشا" خزمەتی ماڵباتانی دەکرد و نانێکی پەیدا دەکرد؛ ئەتۆش بەلای دایکمانەوە بووی. من لەو گوندە دا سەپانی و کارداری ماڵانم دەکرد. بەختەکەم یار بوو، کە سەربازێکی ڕوس هەر لەو گوندە دا خزمەتی سەربازی دەکرد. سەربازەکە هۆزانێکی بلیمەت بوو. ڕۆژانە، دوای تەواوبوونی خزمەت، کتێبی دەگرتە دەست و لە باخچۆڵەی گوندەکە دا شوێنێکی ئەهوەنی دۆزیبۆوە و هەتا درەنگانێک کتێبی دەخوێندەوە. من سەرەتا، بە ئاماژەی سەر و دەست مەبەستی خۆم حاڵی دەکرد. سەیر ئەوە بوو، ئەو زۆری نەخایاند زمانی ئازەری فێر بوو. ئیتر من و ئەو بووینە برادەرێکی زۆر گەرم و گوڕ و بە یەکتر دەگەشاینەوە. یەکەمجار لە زمانی ئەوەوە باسی کرێکار و ڕادەی شۆڕشگێریی چینی کرێکارم بە گوێ گەییشت. ئەو دەیگوت ، هەر ئەو جۆرەی کە لە دێهاتی ئێوە دا باوە منداڵ بە شوێن باوکیان دا دەڕۆن، هەر ئەو جۆرەش ڕەنجبەری گوندەکان دەبێ پێ بە پێی کرێکار هەنگاو هەڵبگرن و بە شوێن کرێکار دا بڕۆن. ئەو دۆستە ئازیزە بوو کە چاوی منی بە دنیای ڕاستەقینە دا کردەوە و خوێندن و نووسینی فێر کردم.

حەمەجەعفەر چاوێکی بە مەزرای دەور و بەر دا خشاند. کەس بە جادەوە نەبوو. ئەوان، تەنیا دوو کەس بوون کە بە جادەی پڕ لە کەند و قوڵکە دا دەڕۆیشتن؛ خۆی و براکەی. دەستی بۆ باخەڵ برد و پەڕە کاغەزێکی شەمزاوی دەرهێنا و گوتی:

ـ ئەمە هەر ئەو بەیان نامەیە کە تۆ لە سەر دیواری کارگەکە دات ماڵیوە. سەیریکە براگیان! ئەم لاپەڕەیە کاری هەزاران مست و پێلاقەی تۆ دەکات. لێدان و کوتانی تۆ، تەنیا کەسێک دەخات، بەڵام ئەم لاپەڕەیە ڕژێمی پێ لەڕ دەبێت... ڕژێم بەمە دەمرێ، نەک بە مست و پێلاقەی حەمەعەلی... تێدەگەی براگیان!... بچۆوە باکۆ... ـ بە تەواوی لە حەمەعەلی نزیک بۆوە و بە گوێچکەی دا چرپاند:

ـ باکۆ، کولەکەی گیانی ئێمەیە... بڵێ بە هاوکارانی کرێکارت، کە ئەگەر تۆزکاڵە ئاوڕێکمان لێ بدەنەوە، ئێمە لێرە تاڵە سێو دەخەوی بەگلەران دێنین... بچۆوە باکۆ و بەر لە هەرشتێک ئەو خوشکە "نینا"یە بدۆزەوەو ڕەوشی خەمناکانەی ئێمەی پێ ڕابگەیەنە با حاڵی بەلەنگازی ئێمەش دە لاپەڕەی خۆیدا بنووسێت و خەڵکانمان لێ ئاگادار بکات... بڕۆ بە باوەشی پڕی چاپەمەنیی "نینا"وە بۆلامان وەرەوە.

براکەم! ئەژدەر بدۆزەوە و سەلامی منی پێ بگەیەنە. پێی بڵێ یەکگرتوویی و هەژاندنی سەرپاکی گوندییانی مەڵبەندی"قەرەباخ" لە ئەستۆی من... پێی بڵێ

هاواری ئێمە بەگوێی هاوخەباتانی ڕووس و گورجی و ئەرمەنی ڕابگەیەنێت، با ئەوانیش لە دەردی ئێمە خەبەردار بن. بڵێ بە ئەژدەر و یارانی، کە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی ئێمە، خەباتی چەکدارییە. چەکوچۆڵمان بۆ بنێرن، ئێمە چیاکانی قەرەباخ دەهەژێنین...

لە گوند نزیک ببوونەوە. پەڵک و سپیدارەکانی دێبەرانیان لێ وەدەرکەوتبوو. لە ژێر سێبەری ڕیزە سپیداری دوو کانییەکانی خوار دێ دا حەشامەتێک کۆببوونەوە و خەریکی گوتوبێژ بوون. حەمەجەعفەر دوایی بە قسە هێنا و دەستێکی کردە سایەبانی چاوانی و ورد حەشیمەتەکەی ڕوانی. بە سەرسوڕماوی گوتی:

ـ حەمەعەلی دەبێ چ باس بێ؟!... ئەم گشتە حەشامەتە لە چی کۆبوونەتەوە؟... خەبەر چییە؟

گارییەکەیان ڕاگرت و کەوتنە سەر کەندێک و بە وردی سەیری ئاپۆڕاکەیان کرد. هەستیان کرد، کە خەڵکەکەش ئەوانیان بینیوە، چونکە جووڵەیان تێکەوت و سەریان بەرەو ئەوان وەرچەرخانەوە. دەستیان ڕاتڵەکاند و هاواریان کرد:

ـ حەمەجەعفەر!... حەمەجەعفەر!...

جوتەی برایان سواری گاریێ بوون و بە نێو پەرێزێکی تازەکێڵدراو دا ڕێگایان بڕ دا و بۆیان چوون. هەرا و زەنازەنای خەڵک نەدەسرەوت و بەردەوام باسی ڕووداوێکیان دەکرد. گاریێ لە حەشیمەت نزیک بۆوە و حەمەجەعفەر گازی کرد:

ـ خەڵکینە چ باسە؟... چێ ڕووی داوە؟

وەڵامی گشتیان تەنیا یەک شت بوو:

ـ جەباربەگ!...

ـ جەباربەگ دەگەڵ ژاندەرمان هاتوونە سەریان و ...

ـ زەمیندار هۆکارە و...

حەمەجەعفەر دەستی بەرز کردەوە و هاواری کرد:

ـ ڕاوەستن برادەرینە... من لە هات و هاوارتان تێناگەم... تکایە کەسێک لە جیاتی حەشیمەت بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە ...من دوو گوێچکەم هەیە و ئێویش دەیان هاوار... وەرزێرێکی بەساڵاچوو بە شێنەیی گوتی:

ـ گویێ بگرە حەمەجەعفەر! ئێوە بۆ دارفرۆشتن ڕۆیشتبوون و لە دێ دا نەبوون کە ببینن چیمان بەسەرهاتووە. شەوی دینێ، کەسێک دەرگای دەغڵدانی ماڵی ئاغای شکاندووە و بنەتووی دزیوە. زەمینداری جیرانی ئێمە، کە چاو و گوێی جەباربەگە، هاواری بۆ بنکەی ژاندارم و جەباربەگ بردووە و بۆی تێچاندووین. "جەباربەگ"ی بە چەشنێک لێ تیژ کردووینەتەوە، کە راوەستانی نەبوو. بەگژ هەموو لایەک دادەهات و کەسی نەدەپاراست. چەند کەسێکیان لێ دەسبەسەر کردووین و لە بەگنشین دا ڕایان گرتوون. خاو وخێزانی گیراوەکان قوڕ دەپێون... ئەتۆ بۆ خۆت شارەزای

بێڕەزایی بەگی و دەزانی چ مەلعونێکە. هەتا ئێستا کەس لەژێر دەستی ئەو نابەکارە بە ساغی نەهاتۆتەدەر... ئێستا ئێمە چی بێ چارەمان حەمەجەعفەر؟

حەمەجەعفەر گوتی:

ـ برادەرینە! ئێمەی لادێیی لەمێژە گورزی ئەو بەگانە دەخۆین و دوای چەند ڕۆژێک لەبیری دەکەین. هەر بۆیەشە، ئەو هەر ئاغایە و ئێمەش هەر بەندەوارین و ژێرستەم. کێ بێ و نەزانێ کە ئەگەر برسی و هەژارین و نەدار، برسی و هەژار و نەداری دەستی بەگلەرانین. یەکایەکی ئێمەی گوندی لە بەر چاوی جیرانەکەمان دا لێیان داوین و سووکایەتییان پێ کردووین، بەڵام دراوسێکەمان چاوی لە لێدانمان نووقاندەوە و گوێچکە لە بیستنی هاوارمان قەپات کردووە. بەگڵەرەکان دەزانن ئێمە یەکدەست و یەک ڕا نین، هەر بۆیە بەبێ ترس و دڵە ڕاوکێ بیرازمان دەکەن، دەمان ڕووتێننەوە و لە سەر ساجی عەلیمان دادەنێن. دەوەرن هەر ئێستاکێ با پێکەوە و شان بە شانی یەکتر بڕۆین و بەرسنگە لە ئاغا بستێنین و دەسبەسەرکراوەکانمان ڕزگار بکەین. دەی بوێر بن و دەست بدەنە دەستی من!

حەمەجەعفەر نەیکردە سێ و دوو، هەر دوای کۆتایی فەرمانەکەی، خۆی لە بەرەوە و حەشامەتیش سەر بە شوێنی دا ڕۆیشتن.

ئاوی جوت کانییەکان بەسەر کەند و لەندی ڕێڕەوی ژێرراوویان دا قەڵبەزەی هەستان و هەڵچوونیان بوو. کەمێک ژێڕاتر، بە لووزەوە دەڕژانە ناو کۆرەگەی ئاشی ژێروو. گرمە و هاڕەی ئاوی ناو کۆرەگەی ئاش، لە دۆڵ دا دەنگی دەدایەوە. حەشیمەت بە بێدەنگی دەڕۆیشتن و لە خوڕەی ئاو دوور دەکەوتنەوە. بەرەبەرە دەنگی ئاوی تووڕە، ئاهەنگی دەنگی دەستەژنێکی ئازیزمردەی گرتبوو، کە بە دەوری تەرمی ئازیزیان دا گەرمەشینیان بێت.

ئاسمانی گوند هەور و ساو، دەم دەمێک پرشنگی زێڕینی خۆرەتاو بەسەر دەشتاودەشتی دەور و بەر دا دەکشا و جارجاریش چەشنی کیژۆڵەیەکی شەرمن، ڕوی و ڕوخساری لە ژێر پەچەی هەور دا حەشار دەدا. سێبەری هەورەکان بە سەر زەوی دا بە چەشنی دەسرۆکەی گەردەی شین و ڕەش، جێگۆڕکییان بوو؛ دەمێک ڕەنگی کەوەیی و تاوێک ڕەنگی کاڵی کەمڕەنگ.

بەرەبەرە لە کۆشک و دیوەخانی ئاغا نزیک دەبوونەوە. دەنگی هەرا و هاواری بەگ بەگوێیان دەگەیی. دیاربوو بەگ هەر ئەوەندە تووڕەیە، کە هەوساری فامی لە دەست داوە و هەرچی دەیبێژێت، دووپاتی ناکاتەوە. لە جوێن و تووک و نزاوە بیگرە هەتا دەگاتە سووکایەتی بە ئاب و ئەجدادیش ڕاناوەستێت. چەشنی شێت و هار و ماخولیا، خول دەخواتەوە و دەنگی بە هەر چوارلا دا ڕادەگا. لە سووچێکی حەوشەی ماڵی بەگ دا، چەند ژنی تاساو، دەست بە سینە ڕاوەستاون و چاوەڕانی فەرمانی بەگن لە ڕێی ڕزگاریی گیراوەکانیان.

حەمەجەعفەر لە پێشەوەی جەماور دا دەرگای ماڵی جەباربەگی کردەوە و بەبێ ترس و تەقێ وەژوور کەوت. حەمەجەعفەر سەیرێکی گوندییانی کرد و بە ئاماژەی سەر بانگی کردن. جەباربەگ قۆڵی لێ هەڵماڵیبوون و قامچی قەف قەف بادراوی لە بانی سەر هەڵدەسووڕاند. لە نێوەڕاستی حەوشەکەدا، پێنج لادێی لە نێوانی دوو ژاندەرم و سەرکردەکەیان دا ڕاگیرابوون. جەباربەگ قامچی هەڵدەسووڕاند و یەک بە حەوشە دەیشریخاند بە سەریاندا:

ـ ... ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە کە کێ دەرگای دەغڵدانی شکاندووم و کێ دەغڵی بەتاڵان بردووم؛ ئەگەر هەتا دەنکی ئاخری دەغڵی دزراوم پێ نەگاتەوە، من ئێوە دەگوژم... دەتانگوژم و...

جەباربەگ هەرکە حەمەجەعفەر و حەشامەتی پشت سەری حەمەجەعفەری بینی، دەست و شەلاقی سارد بۆوە و ڕوو بە میوانانی بانهێشت نەکراو ڕاوەستا. حەمەجەعفەر چەند جارێک ئامبازی جەباربەگ ببوو وئەمجارەش بەبێ ترس و تەقێ، بانگی کرد:

ـ بەگ تۆیش جارێک گوێچکەیەک لە ئێمە ڕادێرە...

بەگ بە بینینی حەشامەتی گوندی لە ناو حەوشەکەی خۆی دا، چەشنی ورچی بریندار نەڕاندی:

ـ کێ ڕێی بە ئێوە داوە دەرگای من بقەڵەشنەوە و پێ لە حەوشەی من بنێن؟!

حەمەجەعفەر بە پێچەوانەی جەباربەگ، زۆر بە شێنەیی وەڵامی داوە:

ـ ئێمە سەربەخۆ و بەبێ ئیزن و ئیجازە، لوور بوونی ماڵی خەڵک لە تۆ فێر بووین جەبار!

وەڵامی حەمەجەعفەر وەک تەزووی کارەبا، بۆ کورتەماوەیەک جەباربەگی گرت. بەڵام زۆر زوو وەخۆ هاتەوە و شەلاقی هەڵسوڕاند و بەرەو حەمەجەعفەر چوو.

حەمەجەعفەر چاو دە چاوی بەگ، بەچەشنی داربەڕووی کۆنەساڵی لێڕەواری لە بەرامبەری دا وەستا. سەیرێکی دەسبەسەرکراوەکانی کرد و گوتی:

ـ دەڵێن: هەر گیاندارێک دەگەڵ ئەجەلی خۆی دەمرێ. تۆیش کە ڕاوێژی دەم و کەلامی زمانت دەگوژم دەبڕمە، لام وایە پێمردەی ئەم خەڵکە بی و بۆ مراندن و گوژتنیان سازکرابی... لە گوتار و لە ئاکارت دەردەکەوێت کە پێمردەی ئەم خەڵکەی و خەریکی گیان کێشانی خەڵکی... وەلۆیە جەباربەگ؟!

جەباربەگ بە غەزریوی وەڵامی داوە:

ـ بەڵی من پێمردەی ئێوەم و گیانی ئێوە لە دەست و مستی من دایە ـ شاڵاوی بۆ حەمەجەعفەر برد و دەستی ئەستوور و قورسی بۆ داپڵۆسینی جەعفەر بەرز کردەوە، کەچی، حەمەعەلی لە بری کاکی، مەچەکی جەباری گرت و بەرەو خۆی کێشای . جەباربەگ چەشنی گەندەڵەدار داهات و بە ڕوو دا کەوت و شەپقەی لاسەری گلۆری ناو قوڕ و چڵپاو بوو.

ئەم ڕووداوە لە چاوترووکانێک دا قەوما. جەباربەگ بەم داکەوتنە بە تەواوی تێکچوو. هەستا سەر پێ و بە چوار بەری حەوشەکە دا هەڵسووڕا و بەسەر ژاندەرم و سەرۆک دا شریخاندی:

ـ بۆچی ڕاوەستاون؟... بۆچ واقتان وڕماوە... تەقەیان لێبکەن!... مەگەر نابینن ئەم سەگانە چلۆن هار بوونە کە تەنانەت دەست لە منی بەگیش هەڵدێننەوە!... ئەدەی ئێوە ئەم کۆڵەوەژانەتان بۆ چ ڕۆژێک کردۆتە شان... تەقەیان لێبکەن دەی!...

سەرۆکی ژاندەرمەکان دەستی بۆ دەمانچەی لاکەلەکێ برد و ژاندەرمەکان چەکیان لە شان خستە سەردەستان، بەڵام هەر لەو حاڵەدا مانەوە و جووڵەیان نەکرد، چونکە جگە لە خۆیان، کەس لە حەوشە دا نەمابوو.

تاریکە هەورێکی ڕەش ئاسمانی گوندی قەرەقۆینلۆی داگرت. هەتاو لەژێر جەندەکی ڕەشی هەور دا نوقم و نەدیو بوو. شلکە گەڵا و چڵو پۆپی نەمامی دێبەران بە دەم شنەی کوتوپڕ، وەسەما کەوتن. وەک ناخۆش خەوەرێکی سروشتی ڕووی کردبێتە گوندی قەرەقۆینلۆوە، سەگی بەر دەرگایان چەق و لوورێکی نادیاریان دەست پێکرد. جەباربەگ لە ژێر سایەی دەست و تفەنگی ژاندەرمان دا بە ماڵان دا گەڕا و لە جیاتی گەنمی بەتاڵانچووی، سڕوسیپاڵ، ڕاخەر و پێخەف، بوخچەڵە و پرێسکەی ژنانی ئاواییان لە ماڵان دەرکێشا. لە بەر دەرگای چۆڵکراوی ماڵانیش دا، یەک بە چۆڵ و چیا دەیگرماند:

ـ جووتەی برایانم بۆ بەردەست نەکەن و هەتا ئەم ئێوارەیە ڕادستم نەکەن، سەرپاکی ماڵی ئاوایی دەسووتێنم... من گوتم و ئێوەیش بیستتان!

لە سەرتانسەری تەمەنی ئەم گوندەدا، قەت ڕووی نەدابوو کەسێک لەناو حەشیمەت دا دەست لە بەگ بەرز بکاتەوە. هەر بۆیە ئەگەر تەرمی بێگیانی دوو برایانشیان ڕەکێشی ماڵی بەگ بکردایە، هێشتا مێشکی گڕگرتووی بەگی توورە، فێنک نەدەبۆوە.

لە کۆڵانی بەر ماڵی حەمەجەعفەر دا ڕاوەستا و فەرمانی تاڵانکردنی ماڵی جەعفەری ڕاگەیاند. تەنانەت بۆ بینین و بیستنی گریان و کڕووزانەوەی ژن و منداڵی جەعفەر ، هات لە بەر دەرگاکەیاندا چەقی.

خێزانی حەمەجەعفەر، ژنێکی باڵابەرزی گورج و چالاک بوو. هاتنی جەباربەگ و فەرمانی تاڵانی ماڵەکەیان بە هەند نەگرت و لەبەر بێڵا ڕاوەستا. جەباربەگ بە دەم فەرمانی جار بەجاری، لە هەوڵی دامرکاندنەوەی ئاگرێک بوو کە حەمەعەلی لەبەر چاوی حەشیمەت تێی بەردابوو. بەڵام ژنەکەی حەمەجەعفەر، لە درزی پەچە و ڕووبەندەوە چەشنی تەوارێکی بەرزەفڕ، چاوێکی لە جەباربەگ کرد و ڕۆیشت. خانمی حەمەجەعفەر ڕۆیشت و کوێخای گوند هاتە بن گوێی بەگ و بە ئەسپا پێی گوت:

ـ گەورەم نێومالّی حەمەجەعفەر تەنانەت لەتکە جلووکێکیشی تێدا نەماوە؛ مالّیان ڕاگواستووە.

بەگ لەم خەبەرە دەرهەلّبوو. چلۆنیان ڕاگواستووە؟... کێ بۆی ڕاگواستوون؟ ئەدی مندالەکانیان؟! گوندی قەرەقۆینلۆش شاردەێیەکە و دۆزینەوەی کەلوپەل و مندالّی حەمەجەعفەر لەم هەزار بە هەزارەش دا ئەوەندە بە سانی نییە و کاتێکی زۆر هەلّدەگرێت. فەرمانی دەرکرد کە مالّ بە مالّی گوند بگەڕێن و هەر مالّیک زارۆکی جەعفەری ڕی دابێت، مالّ و حالّی لێ داگیر بکەن. مالّ بە مالّ گەڕان و سەربان و ژێربانیان پشکنی، بەلّام دەست بەتالّ گەڕانەوە. جەبار لە داخان، فەرمانی خاپوور کردنی مالّی حەمەجەعفەری دەرکرد. مالّی کاولیان تێک تەپاند و دەگەلّ خاک یەکسانیان کرد. پاش کاولکردنی مالّی جەعفەر، جەباربەگ دۆزینەوە و دەسبەسەرکردنی دە ئەستۆی ژاندەرمەکان پەستاوت و خۆی لە ترسی گوندییەکان، ڕێگای قەلّای "شووشا"ی گرتە بەر و ڕۆیی.

گالسکەی جەباربەگ هێستا بەتەواوی لە جادەی قەرەقۆینلۆ ئاوا نەببوو، کە ڕەشایی دوو کەس لە ژێر مێشەلّانی پەلّک و سپیدارەکانی دێبەران دا خزینە سەر جادە و بەرەو دێ ڕۆیشتن؛ حەمەجەعفەر و حەمەعەلی بوون. لە سەر جادە، حەمەجەعفەر براکەی لە هەمێز گرت و دوای ڕاموسان و بەخێرهێنانی، حەمەعەلی بۆ مالّاوایی دەستی براگەورەکەی گوشی و حەمەجەعفەر گوتی:

ـ لە باکۆ هەڤالّانی شورشگێرمان ببینە، ئەو هەڤالّانەی کە جیهانێکیان ئەزموون و زانست لە باخەلّ دایە.. بڕۆ لایان و بە وردی لە فێرگەی ئەوان دا وانەی شۆڕشگەری وەربگرە و ئەو کاتەی کە چەشنی ئەوان زانا و بەئەزموون بووی، ئەوکات بگەڕێوە لامان. دە خۆلّ گەوزاندنی ئێمرۆی جەباربەگ ، کارەساتی تالّ و خەفەتباری دواییی بە شوێن دادێت و گوندییەکان چارەڕەشتر دەکات... بڕۆ مێشکت پەروەردە بکە!... بڕو ڕەفیق! کاتێ کە گەڕایەوە، جەماوەرێکی یەکڕەنگی یەکگرتووم دەگەلّ دەبینی.

حەمەعەلی لێبڕاوانە وەلّامی داوە:

ـ هەرچی تۆ دەیبێژی، سەربەسەر ڕاستە کاکە! من ئەمڕۆکەش دەستم کەوتە پێش ئەقلّ و ڕامانم. پێی لێدەنێم کە بیرازکردنی میرزاقاسمی حساب ڕەس و دەخاک گەوزاندنی بەگەکان دەرمانی دەردمان نییە. دەبێ ئەم نەزم و میزانە لە ڕەگ و ڕیشەوە وشک بکرێت... تۆ ڕاستی کاکە!

حەمەجەعفەر لەم دان پێداهێنانەی براکەی زەردەی خۆشی و خۆشەویستی کەوتە سەرلێوانی و گوتی:

ـ ئەگەر سەرمان لەم بەلّایە بە سلّامەت دەربچێت... لە وێندەرێ... لە باکۆ بە هەڤالّانت ڕابگەیەنە کە بۆ خاشەبڕ کردنی ئەم نەزم و میزانە بۆگەنە، ئێمەی لادێیی پەنجەی بەهێزین و کوتکی ئاسنمان لە مست دایە... ئەوان بۆ پێشەوە و ئێمەیش سەر

بە شوێنیان دا دەچین هەتا سەرکەوتن... ئێمە هیمداد و هێزی پشت سەرین و چەشنی لەهی و لافاوین.

دووبرا دەستیان پێک دا و پاش ماڵاویی کردن، حەمەعەلی بەرەو"یۆلاخ"، بەشانی ڕاستی دووکانیان دا بە نێو مەزرای تازەکێڵدراو دا ڕۆیشت. چەندێک کە ڕۆیشت، بیری کەوتەوە کە هەردی نەرمان بۆ پێداڕۆیشتنی پیاو قاچاخ باش نییە؛ بە باریکە ڕیگایەکی قەدی داوێنان دا هەڵکشا.

ئاوی دوو کانیاوان بە لووزەوە دەڕژایە ناو کۆرەگەی ئاشی دۆڵی قوول و فڕکە و لوورڤەی لە زەندۆڵی پڕ دار و دەوەن دا دەنگی دەدایەوە؛ جارجارە دەتگوت هۆدەی ڕووخەکی لادێیانە و دەستی زۆردار دەی تەپێنێت.

****

# 28

ڤەرا، هەفتەیەکی تریش سەبری کرد و بەلای خاو و خێزانی ئیڤان دا مایەوە، بەڵام سەرەنجام بەربەیانێکی زوو، لە خەویان خەبەر کردەوە. ئیڤان بە ئەسپایی گوتی:

ـ کچی خۆم خۆت کۆ کەوە با بڕۆین... پەیامی هەڤاڵانمان گەییشت.

ڤەرا، گورج بەرگ و بەری کردەبەر و هاتە حەوشە. کەمێک ئەولاتر، لە پەنا پەرژینی دێبەری دێ دا، دوو ئەسپی ڕەخت و زین کراو خەریکی لەوەڕی شینکەی ئاونگ لەسەر نیشتوو بوون. جارجارێ سەریان بەرز دەکردەوە و حیلە و پڕمەیەکیان دەکرد و خەریک دەبوونەوە.

ئیڤان شاڵ گەردەنێکی پەشمینەی خێزانی لە سەر و گوێلاکی ڤەرا هاڵاند و وتی:

ـ هەوای بەیانانی کوێستان ساردە و لەوانەیە تووشی هەڵامەتت کات.

ئیڤان چلۆن دەگەڵ کچە بچکۆڵانەکەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد، هەر ئەوتۆش بە دەوری ڤەرا دا دەهات و دەچوو. هەوساری یەکێک لە ئەسپەکانی گرت و ژێر پیلی ڤەرای گرت و لە سەر خانەیی زین دایمەزراند. ئەوە یەکەمین نۆبەرەی سوارکاریی ڤەرا بوو. بە ترسەوە سوار بوو، ڕان و بەلەکی توند توند بە قەبرغەی ئەسپەکەوە چەسپاند و جێ پێی لە ئاوزەنگی دا خۆش کرد. دەستەجڵەوکەشی زۆر ناشارەزایانە لە مەچەک هاڵاند. دوای ئەوەی کە ئیڤان چەمەدانەکەی ڤەرای لە پاشکۆی خۆی دا قایم کرد، ورد ورد شێوەی دانیشتن و لغاوگرتنەوە و ڕاگرتنی ئەسپ و دەنگدانی فێر کرد. خۆی لەپێشەوە و "ڤەرا"ش بە شوێن ئەو دا وەڕێ کەوتن .

کازیوەی بەیان تازە تروپکی سەرچیاکانی ئەنگاوتبوو. کەڵەشێری گوند، وەک خەڵکی خەوتوو بە ئاگا بێننەوە، یەک بەسەر ئەوی ترا دا دەی قوولاند. گا و گۆلی

تخێڵ بووی بەرماڵان بە قرمەی لاشەویلکانیان لە کاوێژ دابوون. لە بەر دەرگا و لە کۆڵانەکانی دێ دا کەس بەدەرەوە دیار نەبوو. ئەوانیش بە تیژەڕێیەکی کاروانەڕێ دا، بەرەو قەدی شاخەکان بەرەو سەر چوون.

پاش تێپەڕکردنی چەند لاپاڵ و گەوەی ڕژدە قەدان، دیمەنگایەکی شکۆمەندی کوێستانەکانیان لێ وەدەر کەوت، دیمەن و دیمەنگایەک، کە ڤەرا قەت ئەمەی بە چاو نەبینی بوو. کۆمەڵە شاخی سەربەرزی داوێن سەوز، چەشنی دەستەبرای هاودەنگ و هاوڕەنگ، یەکتریان لە هەمێز گرتبوو. گەردنی شووشی چەند لووتکەیەک لە نێو باوەشی کۆمەڵەشاخەکان دا بەرز تێهەڵچووبوونەوە و یەکەمین تیشکی نادیاری خۆریان وەرگرتبوو. لە لاشانی لووتەکەکانەوە، قاشە تیشکی هەتاو بەرەو لاپاڵی سەوزی پێدەشتەکان دزەی کردبوو. کۆمەڵێک سپیلکە هەور، لە ئاسمانی شینی کوێستانەکان دا خۆش نەخش و نیگارێکیان بە ئاسۆ دابوو. لێرەوە، بۆن و بەرامەی گژ و گیا و گوڵ و دەوەن، تێکەڵاوی یەک ببوون و گیانی تازەیان دەخستە ناو لاشی ڕێبواری شەکەت.

سوارکارەکان لە گەوەی ڕەوەزێک تێپەڕین و کەوتنە بەرزترین بانووی ئەو دەوەرە. هەر لەوێوە، زرێیەکی شینی لاجیوەردییان لێ وەدەر کەوت. ئاوی شینی زرێ، دۆڵاو دۆڵ و ئاسۆ بە ئاسۆی قووڵایی نێو باوەشی کوێستانەکانی پڕ کردبوو. بە ڕژد و لێژان دا هاتنە خوار و لە تەنیشت تاوێرە بەردێکی ڕۆخی زرێ، ئیڤان مەچەکدانەکەی لە پاشکۆی ئەسپ دابەزاند. ئیڤان، بۆ سارد بوونەوەی ئارەقی ئەسپەکان، ئیستێکی گرت و ئەوجار زین و ڕەختی لە سەر پشت هەڵگرتن و هەوساری ملیانی لە مەچەکیان بەست و لە نێو شێنکەی ئاونگ لەسەر نیشتوو، بەری هەڵدان. ئیڤان، نمەد و بەڕە و خورجێنی سەرپشتی ئەسپەکانی هێنا و لەسەر تاتە بەردەکە دا ڕایخستن و پێکەوە دانیشتن. ئیڤان و ڤەرا، لە سەر زۆر بابەتانەوە قسەیان کرد و بیر و بۆچوونی یەکتریان گوێ دایە. چەندێکیش خەریکی نان خواردن بوون، بەڵام ئەوەی کە باس نەکرا و پرسیار و وەڵامی نەهاتە گۆڕێ، ئەمە بوو کە ئەوان بۆچی هاتوونەتە ئەم شوێنە لاڕێیە و لە چاوەڕانی چ کەسانێک دان؛ ڤەرا پرسیاری نەکرد و "ئیڤان"یش ئامازەیەکی پێ نەکرد .

بەرە بەرە، خۆر بەرەو سەر دەهات و وڵات بۆنی نم و بۆنی هەتاو و بۆنی ئاو و بەرامەی گوڵ و شینکەی پێدادەگەڕا. ڤەرا، بەرە بەرە سەبری لێ دەبڕا دەهات پرسیارێک بێنێتە پێش، کە لەپڕ دوو سوارکار لە پشت تاوێرەبەردەکە سەریان وەدەرنا. ئیڤان هەستا و بە باوەشی ئاواڵەوە بۆیان چوو. سوارکارەکان دابەزین و دەستەملانی ئیڤان بوون. هەروەک باب و برازا و کەسوکاری یەکتر بن، زۆر بە میهرەبانی یەکتریان لاواندەوە و دوای چاکوچۆنیی، ئیڤان بە دەست ئاماژەی ڤەرای کرد و گوتی:

ـ كوڕینە وەرن ئەم وردیلانێی من ببینن!... ئەمە تاقانە هەڵکەوتەی شاری باکۆیە و دەستی ڕاستی کرێکارانە... وەرن بیناسن ...!
سوارکارەکان هاتن و بەگەرمی دەگەڵ ڤەرا چاکوچۆنیان کرد و یەکێک لەوان گوتی:
ـ ئێمە هەتا گەیشتوینەتە لای ئێوە، لە زۆر جێگایان تووشی ئاستەنگ هاتووین و بە هەزار چەرمەسەرە لە دەست داڵ و خەرتەلان ڕزگاریمان هاتووە. ئەوەی ڕاستی بی، تەڤگەڕی شار و گوندەکان ترسی خستۆتە کەوڵی ڕژێم و، ئەویش هەرچی لە مستی دایە ڕژاندوویەتە کۆلان و شەقامان و، شارێگە و دزەڕێیانیشی گرتووە. زۆر بە زەحمەت خۆمان دەرباز کردووە... با ئێمەیش زووتر وردیلانێ بخەینە ڕێ و مەچەکدانەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین.
یەکێک لە دوو لاوەکان، کە قژکاڵێکی چاوکاڵ بوو ، بە شێوەزاری گورجی قسەی دەکرد. بە هاوڕێی خۆی گوت:
ـ بارگنەکەی خۆمان دەگەڵ گرانباری باکۆ بگۆڕەوە!
هاوڕێی تریان چەمەدانەکەی خۆیانی لە پاش تەرکی ئەسپەکەی کردەوە و لە بەر دەمی "ڤەرا"ی دانا. کوڕە گورجییەکە ڕووی دەمی لە ڤەرا کرد و گوتی:
ـ مەچەکدانەکەی ئێمە چەندین کراس و دەرپێ و سیخمە و گۆرێی ژنانەی تێدایە. لە ڕێگا و بانان دا دەبێ وریایان بی، ئەگینا ژاندەرمی شڕەخۆر، لەوانەیە هەتا دەگەیتەوە ماڵ، شتێکی وات پێ نەهێڵن کە بە دیاری بۆ دۆستانی بەری.
چەمەدانی "ڤەرا"یان هەڵگرت و دوای ماڵاوایی، سوار بوون و ڕۆیشتن. جووتەی سواران هەر بەو ڕێگایەی پێیداهاتبوون، گەڕانەوە. ڤەرا، ڕووی کردە ئیڤان و وتی:
ـ تێناگەم ئیڤان!... مەچەکدانەکەیان کۆنکە جلکی ژنانەی تێدایە؟!
ئیڤان ، لە سەر تاشەبەردەکە ڕاوەستابوو. بە وردی چاوی بە دوای سوارەکان دا وێڵی کوێرە ڕێگاکەی ڕۆخی زرێ بوو. شنەبای کوێستانی قژی سەری دەهێنا و دەبرد. هەتاو لە بەری ڕۆژئاواوە نزیک ببۆوە و شەبەقی سووری سەربە تاوپەڕان لە بەری ئاسۆی ڕۆژئاوا، هێڵێکی سووری خوێنینی نەخش کردبوو. دۆڵ و دەرەی شاخەکان بەرەبەرە تارمایان تێدەکەوت و زمانەی مژی سەر بەحراوان خۆی بەرەو سەران هەڵدەکێشا. بەرامەی گوڵ و شینکەی لاپالان تێکەڵی نمی زرێ، ڕێی هەناسەی خۆش دەکردن و ئەسپەکان لە سای ئەم فینکاییە گەشابوونەوە. بە حیلە و پڕمەی جار بەجاریان یەکتریان دەدواند و بۆ ڕۆیشتن سمکۆڵیان دەکرد .
بێدەنگیی ئیڤان، ڤەرای ناچار کرد پرسیارەکەی لێ دووپات بکاتەوە:
ـ ئیفان!... بۆچ پێم ناڵێی... من بۆ وەرگرتنی ماتریاڵی "نینا" هاتبووم ؛ بە گوتەی هاوڕێیان، ئەم مەچەکدانە جلکی ژنانەی تێدایە!... جلکی ژنانە بۆ کێ بەرم؟
ئیڤان تێی ڕاما و هێدیانە گوتی:
ـ هیچ پێویست ناکا خۆت شلوێ بکەی و لەم مەچەکدانە پڕ لە کۆنکەیە بە گلەیی بی. دڵنیات دەکەم، کە هەرکە مەچەکدانەیان پێ بگات و سەری هەڵدەنەوە،

هەرنەک لە جلک و بەرگی ژنانە توورە نابن، بەڵکە دەستی شانازیشت بە سەر دادێنن. سوار بە هەتا هەتاومان لێ نەدیو نەبووە با بەکاتی بەجێ بگەیینەوە ماڵ. لە ماڵ بۆت باس دەکەم دنیا چ باسە.

ڤەرا وەڵامی خۆی وەرگرتەوە و زانی دنیا چ باسە. سوار بوون و وەڕی کەوتن. لە درێژەی ڕێگادا، ڤەرا دەگەڵ بیر و خەیاڵی خۆی سەرگەرم بوو، بەڵام ئیڤان، ورد ورد سەیری هەموو لایەکی دەکرد و چاوێکیشی هەر بە سەر "ڤەرا"وە بوو .

گەیشتنەوە بەر دەگای ماڵی ئیڤان و، دوای ماڵاوایی لە خانم و کیژەکانی ئیڤان، دیسان سواری هەر ئەو گارییە بوو کە پێی هاتبوو. لە یەکەم پێچی جادەی "یۆلاخ"یش هەر ئەو گارێوانەیان چاوەڕێ بوو کە لە وێستگەی شەمەنەفەری "یۆلاخ"ەوە دەگەڵی هاتبوو. ئیڤان دابەزی و بۆ جاری دوایی دەگەڵ ڤەرا ماڵاوایی کرد. ڤەرا پێی گوت:

ـ لەم ماوە کورتەدا بە چەشنێک تێکەڵاوی خێزان و مال و منداڵانت بووم، هەر وەک بڵێی منیش ئەندامێکی بنەماڵەم و خانەخێوی ماڵم نەک میوان. دلۆڤانی و نەرم و نیانیی باوکانەی تۆیشم قەت لەبیر ناچێت ئیڤان! ڕەندی و مەندی و ڕازداری و ناوەکەشت وەکی باوکی شەهیدمە و پێم وایە ئەوم بۆ زیندوو بۆتەوە .

ئیڤان زەردەیەکی خەمبارانەی کەوتە سەر لێوان و باوەشی بۆ کردەوە و وتی:

ـ کچی ئازیزم! منیش تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەم و بە شانازییەوە ڕێبواری ئەو ڕێبازە پیرۆزەی تۆم. ئەوەندەی کە دلم بەم ڕێبازەوە گەرم بوو، تۆی ناسک و نازداری خەباتکار، سەد ئەوەندەت هومێدەوار کردم. ڕازداری و مەندی و ڕەندیی من، نیشانەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە باوەڕمەندیم.

هەر بە چەشنی باوک و ڕۆڵە، یەکتریان گرتەوە هەمێز و دەستی دلۆداری ئیڤان بسکی نەرمی ڤەرای لە بەر چاوانی لادا و لە سواربوونی گارێ دا ژێربالی گرت و لە سەر نارمانی وشکەگیای پێشەوەی گارێ دایمەزراند. گارێ کەوتە ڕێ و بەرەبەرە دارستان و دێبەر و نمای گوندەکەی لێ نەدیو بوو. هەتا گەیشتنە بەر سەکۆی وێستگەی شەمەنەفەر، بیری ئەژدەر و ماڵی میرزاحسێن و دایکی، سەرگەرمیان کرد. باش بوو بە کاتی بەجێ گەیشتنە وێستگە، دوای سپاس و ماڵاوایی لە گارێوانەکە، هەر گورجێک پەتەی سواربوونی کڕی و سوار بوو. بەپێچەوانەی سەفەری پێشینی، ئەمجارە، ژماری سەفەرکەران کەمتر بوو. واگۆنێکی کە بەر ڤەرا کەوت، تەنیا چەند کەسی تێدا بوو. ڤەرا لە بەر پەنجەرە دانیشت و مەچەکدانەکەی لە بەر پێی خۆی دانا و قاچەکانی خستە سەری. بە دەم ڕوانینی چۆڵ و چیای پشتی پەنجەرە، یادی میهرەبانییەکانی ئیڤان و خاو و خێزانەکەی و دیمەنگای سەرسەوزی لادێی کەوتەوە یاد. لە یادەوەریی ئەوانەوە، داخزی و کەوتەوە سەر یادی ئەژدەر. دەبێ حاڵی چۆن بێ ؟... بڵێی لە نوێنی ناسازی هەستابێتەوە؟... دایکی!... دەبێ دایکی چلۆنی بیر لێ بکاتەوە و لەم ڕۆیشتن و بێخەبەرییەی چ حاڵێکی هەبێ؟

بەرەبەرە حەشیمەتی سەفەرکەر زۆر و زۆرتر دەبوون. ڤەرا قاچی لەسەر چەمەدانەکەی هەڵنەدەگرت و بە ئەرخەیانی پاڵی دابۆوە. لە تازە هاتووەکان، سەڵتەیەکی شەکەت، هات و لە بەرامبەری ڤەرا جێیەکی گرتەوە و بۆی ڕاکشا. بەڵام هەڵبەز دابەزی قەتار و تەختەی نارێکی جێ خەوکەی، نەیاندەهێشت خەو بە چاوانی بێت. ناچار هەستا و دانیشت. لە دانیشتنیش دا، بە وردی سەیری "ڤەرا"ی کرد و بە ئەسپایی لێی پرسی:

ـ دادە !... ئەتۆ کچی "ئیڤان نیکۆلایۆڤیچ" ی؟ !

ڤەرا بە وردی تێی ڕاما. وەک دیبێتی، شێوەی کەسێکی دەدا، بەڵام کێیە و چ کەسە، بۆی ساخ نەبۆوە لە کوێی بینوە؛ لەوانەیە ئەودەم کە لە کارگاکان سەردانی باوکی دەکرد، لەوێ دیبێتی. بەڵام خۆ ناکرێ پشت بە ئەگەر و مەگەران ببەستێت. لەوانەیە بۆی بسەلمێنێ و بڵێ بەڵی من ڤەرای کچی ئەوم، تووشی درێژدادڕی ببێت ؛ واچاکە خۆ لە قەرەی ئەم ناسیاوییە نەدات. گوتی:

ـ نەخێر بەڕێزم من کچی ئەو ئاغایە نیم کە ناسیاوی جەنابتانە.

وەک کابرا وەڵامەکەی وەرگرتبێتەوە، بێدەنگەی لێکرد.

سەری شەو بوو کە شەمەنەفەرەکە لە وێستگەی باکۆ ڕایگرت. ڤەڕا دڵخۆشی ئەوە بوو کە بێ وەی گەیشتۆتەوە و تووشی هیچ مەترسییەک نەبووە. لە دەرگای واگۆنەکە هاتە دەر و ویستی لە دەرگای شەمەنەفەرەکە پێ بنێتە سەر سەکۆی وێستگەکە، لەپڕ کەسێک زۆر بە تووڕەیی دەنگی دا:

ـ هۆی کچی وەرە ئێرە بزانم!

ڤەرا لە سەر جێ وشک بوو. بۆ کورتە دەمێکی کەم، دەستەوەستان ڕاوەستا و هیچ فەرمانێک بە مێشکی دا نەهات کە بەڕێوەی بەرێت. بەڵام باش دەیزانی وێستگە و دەورو بەری لە ئابلۆقەی جاش و جەیشی حکومەتی دایە و ڕاکردن کاری کردن نییە. هەر لەو جێگایەی لێی ڕاوەستابوو، ڕاوەستا و چاوەڕانی دەرفەتێک بوو بزانێ چی ڕادەبرێت و چلۆن تەواو دەبێ. دەرگای هەموو کۆپەکان کرابوونەوە و کەس بۆی نەبوو پێ بنێتە ڕێڕەوی دالانەکە. دیسان دەنگ درا:

ـ هەرچی پیاوە دابەزێت.

پیاوەکان بە هەڕەمە هاتنەدەر و ڕۆیشتن. ڤەڕا، چەمەدان بە دەستەوە، ڕاوەستا و بە وردی سەیری دەرەوەی دەکرد. چەند جاران ویستی مەچەکدانەکە بکاتەوە و جلک و بەرگەکان ببینێت، بەڵام نەی وێرا و سەبری کرد. لەو کورتە ماوەیە دا، دەیان فکری جۆراوجۆر بە مێشکی دادەهات و بۆ هەمووشیان ڕێی دەربازبوونێکی دەدۆزییەوە. ئاخرسەر دوای چۆل کردنی سەرجەم واگۆنەکان ، هەر ئەو دەنگە قیڕاندی:

ـ هەر کەس ناوی "نینا"یە، هەنگاوێک بنێتە پێشەوە و ئەوانی دیکە بە خەت لە پەنا دیوار ڕاوەستن. سێ خانم کە ناویان نینا بوو، هەنگاوێک هاتنە پێش. ژنێکی دزێو، کە بە سەر و ڕوخسارەوە هەر دەتگووت بارگینە، ورد ورد ژنەکانی پشکنی و

ژاندەرمێکیش، هەگبە و پرێسکەکانیانی پشکنی. پشکنینی ژنەکان یەکجار زۆری خایاند. کەسانێک بوون لە بەر شەکەتی زۆر، بە نۆرە لە سار قاچێک ڕادەوستان و بە نۆرە قاچیان دەگۆڕی. زۆریان لەبەر شەکەتی دادەنیشتن، بەڵام کەس وزەی دەربڕینی ئای و ئۆیەکی نەبوو. "نینا"کان، ئەگەرچی لە پشکنین و دۆزین تەواو ببوون، بەڵام بارگین ڕوخسار، شریخاندی و گوتی:

ـ ئێوە هەتا بڕیاری دوایی، لێرە دەمێننەوە!

ئەمجارە نۆرەی سەرخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی "نا نینا"کان هات. ڕوون نەبوو بە شوێن چی دادەگەڕێن، بەڵام دیار بوو هەستیان بە شتێک کردبوو. یەک بە یەکی ڕاگیرکراوەکانیان پشکنی. ژنی وابوو، نیوسەعات، هی وابوو سەعاتێکیان دەپشکنی و بە پرسیاران گێژ و وێژیان دەکرد، کاتێک نۆرەی ڤەرا هات، شەو کۆتایی هاتبوو. لە کەلێنی دەرگای شەمەنەفەرەوە ڕوناکایی بەربەیان و هاموشۆی پۆلیس و ژاندارم دەبیندرا. ژنەپۆلیسەکە، لابالی "ڤەرا"ی گرت و لەبەر شۆقی گلۆپەکە دا ڕایگرت. ژاندەرمێکی گرگنە، جغارە بە لا لێوانییەوە لێی هاتە پێش و قیژاندی بەسەریدا:

ـ بلی بزانم مەگەر گوێچکەت گرانە، یان خۆت کەڕ دەکەی کە بانگی "نینا"کانمان کرد و نەهاتی؟!... کەس نەتناسێ، من زۆر باشت دەناسم و دەزانم چکارەی و چ کەسی.

ڤەرا، لە بافیشی ژاندەرمەکە نەترسا و بە ئەوپەڕی خەمساردییەوە، گوتی:

ـ گەورەی خاوەن پلە، کوا ئەتۆ من دەناسی! یەکەم، من ناوم "نینا" نییە و دایکم ناوی "ڤاسیلیسا"ی لێناوم. دووەم، خەڵکی لادێم و ئەمە یەکەم جارە پێ دەنێمە شارەکەی ئێوە...

ژاندەرمەکە بە شریخەیەکی بەسامتر قسەی لە دەمدا بڕی و بە ژنە بارگین شێوەکەی گوت :

ـ ئەوە بۆچ دەڵێی سەیری بەرخۆڵە دەکەیت، بیگەڕێ... ورد ورد بی پشکنە... "نینا"یە یان ڤاسیلیسا، بۆ ئێمە هەر یەکە... دەستیان تێدایە...

ژنە، لە ڤەرا هاتە پێش و لە قژی سەرییەوە پێدا هات و دەستی بە هەموو ئەندامی دا گێڕا. هەر جێیەکی دەستی پێدادێنا، موچوڕک و تەزوویەکی چەشنی کارەبا بە ئەندامی دا دەهات. درزو قەڵش و چینی کراس و ژێرکراس و گۆرێ و کەوشەکانیشی پشکنی و چی دەست نەکەوت. ژنە ئەوەندە بە وردی و گەرمی بە ڤەرا دادەگەڕا، کە ئارەق لە قوڵکی چاوی بە سەر لووتی دا دەتکانەوە. ژنە بە دەسرۆکەیەک، ئارەقی وشک کردەوە و ڕووی کردە ژاندەرمە و گوتی:

ـ خاوێنە و هیچی پێ نییە! بۆم هەیە چەمەدانەکەیشی بگەڕێم؟

ـ نەخێر!... پشکنینی مەچەکدانەکە لە ئەستۆی ئێمەیە ـ ڕوی کردە ژاندەرمەی ژێر دەستی و بە ئاماژی سەر، فەرمانی کردنەوەی چەمەدانەکەی پێ دا.

ئیتر ئەمجارەکە، گیانی ڤەرا هاتە سەرلووتی و دڵ لە مەڵبەندی سینەی دا سێ گرمەکی دەیکوتا. دڵە بچکۆلانەکەی چەشنی مەلی سەرهەڵپساو باڵەتەپەی بوو.

ژاندەرمەکە، چەمەدانەکەی وەرگرت و بەبێ ئەوەی کلیلەکەی وەربگرێت، ملی قفلەکەی گرتە ناو پەنجە و بە یەک جار بادانی، قفلەکەی شکاند و چەمەدانەکەی هەلڕشت. خرتە و پرتە و جلک و لیباسی ژنانە بە ولات وەر بوون. دیمەنی کۆگای کراس و دەرپێ، بۆ ڤەرا هەر ئەوەندە سەرنج راکێش بوو، کە چاوی بە مۆلەق وەستا. ڤەرا چاوەڕانی ئەوە بوو لێی بپرسن: ئەمان چین؟... لە کوێت هێناون؟... بۆ کێیان دەبەی و... بەلام ژاندەرمەکە بە تووڕیی پێی گوتی:

ـ ئەم کۆنکە سیپالانە بخەرە سەر ئەوانی تر!

چەمەدانەکە دەست بە دەست گەڕا، بەلام بۆ خاوی جلکە کۆنەکان نەبێ، هیچی تری لێ نەبیندرایەوە .

ژاندەرم و پۆلیس و نۆکەرانی تری دەزگای دەسەلاتدار هیچیان چنگ نەکەوت. لەم بێ بازاڕی و دەست بەتالی خۆیان ئەوەندە تووڕە بوون، کە بە تێکڕایان دیسان بە جلک و کۆنکەی هەلڕێژاوەکاندا هاتنەوە و یەک یەکیان هەلتەکاند. هەگبە و توورەکە و مەچەکدانەکانیشیان کردەوە و سەیریان کردن .

ولات تەواو ڕووناک ببوو. حەشیمەت لە دەور و بەری وێستگە، بەرەو کار و کسبی خۆیان دەڕۆیشتن. ئاونگی بەربەیانان شوێن شوێن ولاتیان تەڕ کردبوو؛ دەتگوت دەمێ دی خوناوکە بارانێک باریوە. ژن و ژالی ناو دالانی شەمەنەفەرەکە هەر وا ڕاگیر کرابوون. کەس یارای ئەوەی نەبوو هۆکاری ئەم گشتە چەرمەسەریە بپرسێت و بلێ ئێوە لە چ حال بەفالن؟

لە بنەبانی دالانەوە، پۆلیسێک قیڕاندی و دەنگی دان کە جانتا و چەمەدان و هەگبەکانیان هەلگرن و بڕۆن. ڤەرا بە گورجی مەچەکدانەکەی دەست دایە و چەشنی کۆتری ڕەهابووی چنگی هەلۆ، ڕێگای شەقامی گرتە بەر و ڕۆییشت. چەمەدانەکی تەواو سووک ببوو. کۆنە جلکەکان بەلاگێڕەوەیەکی باشی گرانباری شاراوەی نێوئاخنی چەمەدانەکە ببوون.

ڤەرا چەندێک بە شەقامەکان دا هات و لە هەندە دوکان و پیشانگایەک دا ڕاوەستەیەکی کرد و خۆیەکی خافلاند. هەرکە کاتی دیاریکراوی یەکتر بینینەکانی کۆمیتەی باکۆ گەییشت، ڤەرا خۆی گەیاندە مەنزلگەی نهێنیی. بە ڕەمزی کەس نەزان چەند ترپەیەکی لە دەرگاکە کرد و دەرگای بە ڕوو دا کرایەوە .

لە ژووره نیوەتاریکەکەی نووسینگەی چۆنیاتۆڤ دا، ڤەرا لە سای زەحمەتەکانی خۆی حەسایەوە. ژێرتەرکی کۆنە چەمەدانەکایان هەلوەشاند. لە بەشی ژێرەوەی دا بە تەلاشە داری زۆر تەنک و ناسک، خانە خانە دابەش کرابوو. لە هەر خانەیەک دا ژمارەی نوێی "ئیسکرا"، کە لە سەر لاپەڕەی ناسکتر لە کاغەزی جگەرە چاپ کرابوو ، زۆر وەستایانە و گەلێک شارەزایانە لە خانەکان دا جێ درابوون. بە سەر ئەم دەسکردەش دا، ڕووکەشێک لە ڕەگەزی چەمەدانەکەی بە سەر دا کێشرابوو. لە سەر ئەویشەوە، کوتالێکی تەنک و ناسک، بە سەر هەموو چەمەدانەکەوە، چرێش درابوو.

کاتێک کە چۆنیاتۆڤ چەمەدانەکەی لە بەر یەک هەڵدەوەشاند، بە دەم پێکەنیەوە وتی :

ـ ئەگەرچی ڤەرا جار و بار دەمان ترسێنێت و وامان لێدەکا دەستی لێ بشۆین، بەڵام زۆر زوو دڵمان دێنێتەوە جێ و هانمان دەدات بۆ تێکۆشانی شێلگیرانەتر. ئێستا، سەیری من بکەن کە هەر دەڵێی گیانێکی تازەیان بە لەشم دا هەڵکێشاوە. بەڵی بۆم هەیە بڵێم گیانێکی تازەم هاتۆتەوە بەر. ئەم پشکۆ ئاگرەی کە ڤەرا لەم چەمەدانە دا بۆی هێناوین، بۆ سبەی بەیانی گڕەئاگرێکی وەها دادەگیرێنێت، کە بەکرێگیراوانی ڕژێم دەسوتێنێت... ئیتر لەمەودوا، شەمەنەفەر بەم باکۆیە دا تێپەڕ نابێ ئەگەر دە جاران نەپشکندرێ. خەڵک لە چنگ ئەم پشکنیانە وەتەنگ دێن و ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ لەرزاندنی ڕژێم، بوومەلەرزەیەکە.

بوگدان کنۆنیانتس بە دەم پان کردنەوە و لە سەر یەک دانانی لاپەڕە تەنکەکانی "ئیسکرا" ، گوتی:

ـ پۆلیس و سیخوڕ و ژاندەرمی داماو، عەوداڵ بە شوێن ئەم "نینا"یە دادەگەڕێن و نایدۆزنەوە. خەمیان لێ شێواوە و دار و دیواریان لێ بۆتە نینا. هەر ژنێکی تووشی دەبن، بە گریمانەی "نینا" بوون شوێنی هەڵدەگرن، بەڵام کاتێ نێچیرەکەیان بە نینا دەرناچێت ، هەرچی تووک و نزای دەیزانن بۆ "نینا"کەی ئێمەی حواڵە دەکەن. زۆرجاران، کە ژن و کیژانی کۆپەکان ڕادەدەنە دالانی شەمەنەفەرەکانەوە و دەڵێن : "کێ "نینا"یە؟ " پێیان وایە "نینا" خانم، سنگ دەداتە پێش و دەڵی، بەڵی من "نینا"م و فەرموون بمگرن !

ڤەرا بەم پەسن و ستایشانەی هەڤالانی گەشابۆوە و ڕەنجی سەفەر و ترسی تەرسی لەبیر کردبوو. پێکەنین لە دەمی نەدەکەوت و جار جار بە قاقا پێدەکەنی.
بوگدان دەستێکی بە سەر بسکە نەرم و خاوەکەی ڤەرا دا هێنا و گوتی:

ـ لەم چەند ڕۆژانەی تۆ لە ماڵ نەبووی، دوو جاران چوومەتە سەردانی دایکت. زۆر نیگەرانی بوو. من دڵداریم داوە و دڵنیام کرد کە جێگاکەی ئەمنە. بەڵام دایکە و هەمیشە گیانی لە سەر منداڵی دەگەڕێت. پێم وایە یەکسەر هاتوویتە ئێرە و سەردانی دایکت نەکردووە!

ـ نەخێر!... هەرکە لە چنگ چەتەی ڕژێم نەجاتیم هات، یەکسەر هاتوومەتە ئێرە.

ـ کەوایە هەستە و یەکسەر بچۆوە ماڵ... ڕامەوەستە و یەکسەر بۆ ماڵ!... لە یادم چوو بڵێم، سەردانی "ئەژدەر"یشم کردووە. ئەژدەر"یش زۆر دەرخەمی تۆیە... ئەویش چاوەڕێتە...

ڤەرا شەرم گرتی و سەری داخست. دوای مالاوایی کردن لە هەڤالانی، بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ.

****

# 29

ڤەڕا، "ئەژدەر"ی بە ناسازی و بێ سەر و زمانی جێهێشت و بۆ سەفەرێکی درێژخایەن ڕۆیشت. ئێستا کە گەڕاوەتەوە و دەبینێ مەترسی کەمەرشکاوە و ئەژدەر لە خەتەر خەلاسی بووە، نازانێ بە چ زمانێک پەسن و سەنای میرزاحسێن و ماڵباتەکەی بە زمان دابێنێت. پشک و بەشی هەرە زۆری زیندووبوونەوەی ئەژدەر، لە سای کەرامەتی "میرزاحسێن"ە، کە ئەم کەرامەتەش لە بیر و باوەڕی بەرزی ئەو پیاوە تێکۆشەرەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەژدەر بۆ ڕۆیشتن و گەڕانەوەی باوەشی یارانی بە پەلە بوو. بەڵام هەتا تەقەڵی زامی سینگ و لاملی بە دەستی پزیشک دەرنەکێشرابان، بۆی نەبوو ماڵ جێ بهێڵێت و خۆ بە چالاکی دابداتەوە.

سەرەنجام ڕۆژی خۆی گەیشتێ و دۆکتور هاتە سەردانی و تەقەڵ و لاپێچی لە شان و مل هەڵگرت. خۆشتر ئەوە بوو کە بە درێژایی ڕۆژ "ڤەرا" هاودەم و هاونشینی بوو.

لەو ڕۆژەوە کە ئەژدەر ڕاگوێزرابوویە ماڵی میرزاحسێن، ماریا و گوڵاراخانم و ئامینە هەمیشە بە دیارییەوە بوون. میرزا حسێن دەهاتە لای و قسەی بۆ دەکرد و ئەزموونی زانایانی بۆ دەگوتەوە. لە ڕاستیدا، هەموویان وەک بنەماڵەیەکی یەکبووی هاودەنگ و هاوڕەنگیان لێهاتبوو.

لە ژووری کاری میرزاحسێن دا، ئەژدەر و ڤەرا پێکەوە دانیشتبوون. هەرتکیان نوقمی گێژاوە خەیاڵێکی ئەوسەر نادیار بوون. ئەژدەر بیری لە ڕابوردووی خۆی دەکردەوە و دەهاتەوە بیری کە دوای لێک بڵاوبوونی ماڵباتەکەیان، هەر خۆی بە تەنێ مابۆوە و بە تەنیایی دەژیا. تامی گەرمای هاودەم بۆ ئەژدەر خولیایەکی نامۆ بوو. هەر ئەو یەک مانگەی کە لە ماڵی میرزاحسێن و لە ناو خێزانێکی گەرم و گوڕی دلۆڤان دا ژیا بوو، هەر هەموو تەمەنی پێشینی دەهێنا. تەنیایی، قورس و سامناکترین

بێ هیواییە کە بە کەم کەس هەڵدەگیرێت. ئەدی لەمەو دوا بە تەنیایی چلۆن دەربەرێ و چی بکا؟ ئەم تام و چێژە پڕ لەزەتەی کە لە گەڵ ماڵباتێکی خۆماڵی چەشتوویەتی، چلۆنی لەبیر بکات؟ دوای دەرچوون لە ماڵی میرزاحسێن دیسان تەنیایی و بێکەسی... لەپڕ وەدەنگ هات:

ـ ئەمڕۆ ئێرە جێ دەهێڵم و دەڕۆم. ڕۆیشتن و جێ هێشتنی ئێرە بە دەستی خۆم نییە و دەبێ بڕۆم. ئیتر ئەم گەرمی و میهرەبانی و ئەم دیدارە شیرینەی تۆم لێ کەم دەبێتەوە... ڤەرا گیان دڵم هەڵی ناگرێ دوور بوون لە تۆ... ئەم ماوەیە هەر پێکەوە بووین و چاومان دە چاوی یەک دا بووە... بەڵام لەمەو بەدوا...

قەرا بە دەنگە نەرمەکەی وەڵامی داوە:

ـ ئەژدەر منیش بە گڕی ئەم ئاگرە بۆسۆم لە هەناو هەڵدەستێ. منیش لە دووریت کەیل و خەمناک دەبم . لە لایەک دڵم بە ساخبوونەوەت و بە هەستانەوەت شادە و، دەزانم لە گۆڕەپانی خەبات دا بوونت پێویستە، بەڵام خەمی ئەم دەردەشم لە دڵ بارە کە لەمەو دوا مەگەر بە هەڵکەوت بە دیدارت بگەم ـ دەستەکانی "ئەژدەر"ی خۆشەویستانە گوشین و بەرەو لێوی بردن و ماچی کردن. بە هاتنی ماریا، دەستی "ئەژدەر"ی بەردا و بە شەرمەوە سەری داخست. بەڵام ماریا بەجۆرێک نواندنی کە هیچی نەبینیوە. ماریا بە ڕوویەکی کراوە و بە زەردەی سەر لێوانەوە گوتی:

ـ ئەژدەر! ئیمڕۆ لەو ڕۆژە خۆشانەیە کە تۆ دەتەویست. ئیمڕۆ دەچینەوە ماڵی خۆمان و بە چێشتێک بانگهێشتت دەکەم، کە ئیڤان بە دل حەزی لێی بوو... بیرتە ئەژدەر؟... تۆیش هەر حەزت لێی بوو و گەلێکیشت پێداهەڵدەگوت... بیرتە؟

ئەژدەر، گیرۆدەی خەون و خەیاڵێکی تر بوو، هەربۆیە لە خۆوە وەڵامی داوە:

ـ بەڵی لەبیرمە!

ئەژدەر لە جێ هەستا و باوەشی بۆ گرتەوە و دە هەمێزی گرت.

ماریا سەیرێکی ئەژدەری کرد و خۆشەویستانە گوتی:

ـ ئەژدەر ئەوە چلۆن بوو ئەم هەمێزە گەرمەت بە منەوە ڕەوا بینی؟!

ـ پوورە ماریا، دەمەوێ پرێسکەی دڵمت بۆ بکەمەوە و ڕاستیت بە لاوە بدرکێنم کە...ـ ئەژدەر تاوێک تووشی سەرسامی هات و بۆ کورتە دەمێک بێدەنگ مایەوە، بەڵام زۆر زوو خۆی گرتەوە و گوتی: ـ ئێمە... ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ... لێک هەڵبڕان و دووریمان دەردە... مردنە ... بێتوو لە یەک تەوەلا بین... ـ ئیدی شەرم گرتی و قسەی پێ نەما و بێدەنگ مایەوە. "ڤەرا"ش لەو خراپتر، سەری داخست و دەموچاوی لە ناو دوو لەپی دەستی دا شاردەوە.

ماریا چاوێک لە ئەژدەر و یەکێک لە ڤەرا، دلۆپی زولاڵی فرمێسک ڕژانە سەر ڕوومەتی. باوەشی بۆ ئەژدەر کردەوە و خۆشەویستانە نێوچاوانی ماچ کرد. ئەمجار دەستی بۆ لای ڤەرا کێشا و ئەویشی گرتە باوەش و گوتی:

ـ بەختەوەر بن ئازیزانم... ئەوە ئاواتی ئیڤان بوو کە ئێستا دێتە دی... گەلێک جاران پێی دەگوتم: ماریا! ئەژدەر و ڤەرا دوو جووتی هاو تیپن و بۆ یەکتر خولقاون. ئەوە منیش پێتان دەڵێم کە ئێوە ئازیزانی دڵی منن و هیچ شەرم و شکوای پێ ناوێ. پیرۆزتان بێ ئەو خۆشەویستییە پاک و بێگەردە.

هەر سێکیان باوەشیان دەبەر یەک وەراند و چەشنی سێ دڵ دە یەک جەستە دا پەیامی پیرۆزیان بەخێر هێنا.

***

دوکتور "ئۆسیپۆڤ" بە وردی تەقەڵی دروومانی برینە سارێژ بووەکانی "ئەژدەر"ی هەڵپاچین و یەک یەک دەری کێشان. زامەکان بەتەواوی کوێر ببوونەوە و هەر تەنیا شوێنێکی بچووک لە لاچاوی ئەژدەر شوێنی زامەکەی پێوە دیار بوو.

دوکتور، هەر بەچەشنی هونەرمەندێکی شێوەکار کە بڕوانێتە سەر تابلۆیەکی تەواو بووی ژێڕ دەستی، بە سەرنجەوە سەیری بەرهەمی کاری خۆی دەکرد. بە پێکەنیەوە وتی:

ـ دەکرێ بگوترێ سەفەرێکی ئەو دنیات کرد و گەڕایتەوە ئەژدەر، هۆی چی بوو لەوێ نەمایتەوە و گەڕایتەوە؟!... دیارە ئێرە لای دۆستان خۆشترە، بۆیە بەلامانەوە مایتەوە ـ دوکتور بە دەم پێکەنین و جەفەنگ لێدانەوە سەیرێکی "میرزاحسێن"ی کرد و ڕای ئەوی پرسی.

میرزاحسێن تەنیا بە زەردەیەکی سەرلێوانەوە وتەی دوکتوری سەلماند و هیچی نەگوت. میرزاحسێن مات و بێدەنگ بوو. ئەم مات و بێدەنگییەش لە خەمێکی قورس و گرانەوە مایەی وەردەگرت. مامۆستای خۆشەویستی منداڵان، لە چنگ ئەم دەردە گرانە، بە بێدەنگی دەیناڵاند و هەر بۆیەش شکاوەتر لە جاران دەهاتە بەرچاو.

دوکتور ئۆسیپۆڤ سەرلەنوێ بە جێ برینەکان دا هاتەوە و ترپەی دڵ و نەزمی دەستیشی گرت و ئەوجار بە دڵخۆشییەوە وتی:

ـ کوڕم! هەستە سەرپێ و تێکۆشانەکەت بگرەوە دەست. لە جاران ساخ و بێ وەی تری. دیارە ساخ بوونەوەت لە سای مەرهەم و دەرمانی من نەبوو، بەڵکوو لە هەنگاوی یەکەم دا ، تین و تاقەتی خۆت و لە پلەی دووەم دا ئەو خزمەتکارییانە بوون کە فریاڕەست بوون ـ سەیرێکی "میرزاحسێن"ی کرد و گوتی: لە کۆلتوری نەتەوایەتی ئێمەی ئەرمەن دا باوە و دەڵێ : لە دوای تێپەڕینی ناسازی و لە دەمی ساخ بوونەوەی نەخۆش دا ، نەخۆش دەبێ دەم و زاری دۆستانی شیرین بکات؛ ئێستێ ئەژدەر ئەم قەرزەی لە سەرە و دەبێ دەمی ئێمە شیرین بکات.

میرزا حسێن وتی:

ـ بەڵێ... کۆلتوری نەتەوەی ئازەریش ئەم پەیامە شیرینەی تێدایە و لە نێو ئێمەیش دا باوە.
دوکتور گوتی:
ـ بەڵێ کۆلتوری نەتەوە جیرانەکان خزمایەتییەکی حاشاهەڵنەگریان هەیە و لە گەلێک ڕەسم و یاسا و بۆنە دا هاوبەشن، بەڵام با لەم قسانە واز بێنین و باسی شیرینی خواردنەکەمان بکەین...
ـ دڵنیابە دوکتور، کە ئەژدەر قەت لە چاکەی تۆ دەرناچێت و ئەم بەدەنگەوە هاتنەی ئێوە، ئەویش لەم هەلە ناسکە دا، قەت لەبیر ناکات.
دوکتور دوای ماڵاوایی کردن و ڕۆیشتن، بە گوێچکەی میرزاحسێن دا چرپاندی:
ـ ژاپۆنەکان واز ناهێنن و لە بێ سەر و سامانیی دەزگای تزاری ئاگادارن ، بۆیە هێرشەکانیان چڕتر دەکەنەوە... تۆیش پێت وا نییە میرزاحسێن؟!
ـ بەڵی ئەوانیش دەزانن کە دیکتاتۆڕیی تزار شێرێکی پیرە و ددانی نەماوە و توانانی قەپ پێداگرتنی نییە... بە باوەڕی منیش زۆری نەماوە دوکتور!
ـ خۆمانەین و کەسی لاوەکیمان لە نێو دانییە... ئەم بەزمە زۆر ناخایەنێت. هێزی نیزامیی وڵاتەکەی ئێمە بە گەندەڵکاریی خانەدانی تزار و عێل و عەشیرەتەکەی ئاگادارن و پشتیان ساردبۆتەوە. بێ هیوایی ورەگوژە و هەر لەسای ئەو بێ هیواییەشە کە هێزی نیزامی ناخوازێ سەرباز بۆ گەندەڵکاران بە گوشتن بدات. ئەرتەش دەتوانێ شەڕ بکات، بەڵام نایکات. ڕاو و ڕووت و بدە و بستێنەی کەسانی دەور و بەری تزار وای لە خەزێنەی وڵات کردووە، کە چەشنی مرۆڤی مایەپووچ، هەر جەستەی ماوە و ڕوحی دەبەر دا نەماوە... زۆری نەماوە میرزاحسێن!
میرزا حسێن و دوکتور، بەدەم سەرتەی خۆیان وەدەرکەوتن. دەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان، گوڵاراخانم و ئامینە چوونە سەردانی ئەژدەر. بە بینینی ڕەنگ و ڕووی ئەژدەر و بیستنی بۆچوونەکانی دوکتور، پیرۆزباییەکی هەر هێندە گەرمیان بە ئەژدەر گوت، کە دەتگوت ئەژدەر ئەندامێکی ئازیزی بنەماڵەیانە.
خزمەت و پێڕاگەیشتن و گەرمایی دڵ و دەروونی بنەماڵەیەکی تازە ناسیاو بۆ ئەژدەر، هەر ئەوەندە بەرز و هێژا بوو ، کە هیچ ڕستە و دەستەواژەیەکی شیاوی وڵام بێ، نەیبوو و نەیزانی. هومێدبەخشینی بنەماڵەی میرزاحسین لە بەرامبەر بێ بەزەیی کۆمەڵگاکە دا چەندە لە یەک دوور و نامۆن؟ لێرە، بۆ نەجاتی گیانی ئەو بریندارەی کە لە گۆڕەپانی خەبات کەوتووە، فرشتەکانی ڕەحمەت دەوری بەرنادەن و گیانی پێدەدەنەوە و لەو دیوی دیواری ئەم ماڵەش، ڕۆژ نییە دەیان کەس بە شێوەگەلی جۆر بە جۆر شرت و گوم نەکرێن. شەڕ فرۆشانی ئایین و سیاسەت، چ نەماتیەک ماوە بەسەر خەڵکی هەژاری نەهێنن... یەک بە خۆێن مژتنی هەژار دەبێتە مەزن و میر و، یەکێک لە ڕێگای مرۆڤایەتی دا دەکرێتە دیل و یەخسیر...

میرزاحسێن بۆ بەڕێ کردنی دوکتور لە ماڵ وەدەرکەوت، بەڵام مات و بێ واز و گرژ و دژ و تووڕە دەهاتە بەر چاو. لەو هەلانەی کە میرزاحسێن بەم بارە دا دەکەوت و بێ وازی و تووڕەیی پێوە دیار دەبوو، گوڵاراخانم و ئامینە بەبێ ئەوەی کە لە هۆکاری شڵەژانەکەی بپرسن، بێدەنگ دەمانەوە.

میرزاحسێن، خاوەنی دڵ و دەروونێکی ئینسانی و مرۆڤ دۆستانەیە و، زۆر کەم و بە دەگمەن کین و ڕقی کەسان لە دڵدا ڕادەگرێت. ئەگەر جار جارە خەمبارییەکی بەسەر دا دێت، ماوەکەی کورتە و بە بێدەنگی لە دڵی دەردەکا و دوای تێپەڕینی چەند دەمژمێرێک، سفرەی دڵی بەلای گوڵاراخانم دەکاتەوە و چی دە دڵ دایە، بۆی دەگێڕێتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە ئەژدەر بە تەواوی حاڵی هاتبۆوە جێ، لە ژووری کاری میرزا حسێن، ڕوو بە ڕووی یەکتر دانیشتبوون. ئەژدەر ویستی دەگەڵ سپاس و پێزانین، کەمێکی ببزێوی. ڕووی تێکرد و گوتی:

ـ میرزاحسێن!... ئێوە ئەرکێکی قورس و گرانتان وە ئەستۆ گرت. خۆت و بنەماڵە و دوکتور و دەرمانتان دەفریام هێنا و لە چنگ مردنتان ئەستاندمەوە... من نازانم... نازانم بە چ زمانێک سپاسی ئێوە بکەم...

ـ سپاسی گەرکە نییە برا گیان ـ میرزاحسێن بە دەم قسانەوە لە جێگا هەستا و بە ئەسپایی و هێدی هێدی بە درێژایی ژوورەکە دا هات و چوو ـ ئەمە ئۆباڵی ئەستۆی خۆم بوو... ئەرکی پیرۆزی خۆم بوو بەڕیوەم برد... ویست و خواستی خۆم بوو کردم... من ئیتر ڕیگای خۆم دیوتەوە و ئەو ڕێگایە دەگرم و ناگەڕێمەوە... هەرچەند ساڵێکی کە لە تەمەن بۆم ماوەتەوە، من تەرخانی ئەو ڕێگایەی دەکەم کە کەسایەتیی وەک خۆتی پەروەردە کردووە. منیش وەکی خۆت هەستم بە ستەمگەری و چەوسانەوەی بێ سنوور کردووە و دژی ڕادەوستم... دێمە ناو گۆڕەپانی خەبات و چی لە دەستم بێت، دەیکەم... ڕاستە بە تەمەن هەورازم، بەڵام بۆ ئەم ڕێبازە پیرۆزە هەر دەڵێی تازەلاوێکم و فڕکەم دێت. بۆم دەرکەوتووە کە سەری بێ سەودا لە ژێر گڵ دابێ باشترە و ئەو سەرەی تێدەکۆشێ، ئەو زیندووە ـ لە ڕۆیشتنی ناو ژوورەکە دا، هەوای هەنگاوی گۆڕدرا و دیار بوو لە ناوەوە دەخرۆشێت و دەجۆشێت. لەپڕ ڕاوەستا و هات لە سەر کورسیلەیەکی ڕوو بە ئەژدەر دانیشت و گوتی: ئیتر من دەزانم تۆ کێی و چ کارە و چ کەسی... چەند ڕۆژ پێش، کەسێک هاتە سەردانت... لەبیرتە؟!... تۆ بە ناوی "پەتیا" بانگت دەکرد... من دوێنێ زانیم ئەو "پەتیا"یە کێیە... بە ناسینی ئەو، قەدر و قوتبت چەندە بوو بەلای منەوە، سەد ئەوەندە بەرز بوویەوە...

ئەژدە کپ و بێدەنگ، بەس سەیری "میرزاحسێن"ی دەکرد. بەڵام هەر وشەیەک لە قسەکانی ئەو، هەنگاوێک بوو بەرەو ماڵی شۆڕش هەڵی دەگرت.

میرزاحسێن لێی نزیک بۆوە و زۆر ئەسپا گوتی :

ـ"پەتیا" هەر ئەو شۆڕشگەرە بەناوبانگەیە کە ڕاستەقینە ناوەکەی"پیوتر چۆنیاتۆف"ە.
ئەژدەر بە سەرسووڕماوی یەکجێ ڕاپەڕی و گوتی :
ـ ئەوە دەڵێی چی میرزا؟!... کێ پێی گوتی؟
ـ لە بەشی پاراستنی بنکەی ژاندەرم بانگیان هێشتم و هەر لەوێ پێیان گوتم...
ـ لە بەشی پاراستنی ژاندەرم؟!!
ـ بەڵێ لە وێندەرێ... لە دوێنێ هەتا ئیمڕۆ، دوو جارانیان بانگ هێشتووم و پێیان گوتم کە "چۆنیاتۆف" لە ماڵی تۆ دا چێ دەکات... من گوتەی ئەوانم بەرپەرچ داوە و گوتم کە ببڕای ببڕا من ئەو کەسە ناناسم و نەم بینیوە... دیارە ئەوان بە بوونی تۆیان نەزانیوە... سەر و بنی قسە و فەرمانیان، جێگا و ڕێگای ئەویان لێ دەپرسیم... تەنانەت گوڕەشیان لێکردم کە بەند و زیندان و ئازار و ئەشکەنجەش هەیە بۆ دەم کردنەوەم...
شەویلکەکانی دەلەرزین و چاوەکانی تروسکەی تووڕەییان پێوە دیار بوو. ئەژدەر لە جێگا هەستا و گوتی:
ـ واباشە من ئێرە جێ بهێڵم و شوێنێکی تر بدۆزمەوە... لەوانەیە بە سەر ماڵەکەتان دا بدەن... من لێرە بدۆزنەوە، بۆ ئێوە گران تەواو دەبێ... "چۆنیاتۆف"یش نەدەبوایە بەرەو ئێرە هاتبایە... هاتنی ئەو بۆ ئێرە، هەڵەیەکی گەورەیە.
ـ نا وامەڵی کوڕم... هاتنی چۆنیاتۆف بۆ سەردانت هەڵە نەبووە، بەڵام ئەو لە کوێ بزانێ کە بەکرێگیراوێکی وەک مەجیدئۆف، چەشنی سێبەر بە شوێن سەرم دا دەگەڕێ... تۆ لە ماڵی مندا بدۆزنەوە، بۆ من گران تەواو نابێت، بەڵکە لە دەست دانی تۆ بۆ هەموومان گران تەواو دەبێ. من کێم کوڕی خۆم؟... بە کەڵکی چی دەشێم؟ من لەناو بچم، شۆڕش هیچ تەگەرەیەکی تێناکەوێت... لە کیس چوونی ئەژدەر خەسارێکی بڕ مەزن دەبێ...شۆڕش بە "ئەژدەر"ەکانەوە گەرم دەگەڕێ و "ئەژدەر" و "ئەژدەر"ەکانن دەبێ بمێنن...
ئەژدە ویستی قسە بکات، بەڵام میرزاحسێن قسەی لە دەم ئەستاندەوە و درێژەی پێدا:
ـ دڵم چەشنی دەریایەکی خرۆشان لە ناخەوە دەهەژێت. ورەبەردان و خۆ بە دەستەوە دان لە من دوورە. لە قانوون و یاسا و ڕێساکانیان بێزراوم و دژی دەوەستم. ئەتۆ برۆ و لە سەر سەوداکەت سوور بمێنەوە. منیش هەم .. ئەگەر بڕواتان بە من بێ و بە کەڵکی شۆڕش بشێم، کار و بەرنامەم بۆ دیاری بکەن و بەتاقیم کەنەوە... ئەتۆ لە لای منەوە بە هاورێ چۆنیاتۆف بڵێ، کە حسێن و قەڵەم و مێشکەکەی ئامادە و سەفەربەری ئەم ڕێبازەیە... برۆ سەرکەوتن چاوەڕێتە...
مامۆستای وانەی منداڵان، دڵی کوڵی و دەسرۆکەی وەبەر چاوانی گرت کە ئەسرین بە چاو نەبیندرێت.

ـ مامۆستای هێژا! ئەرخەیان بە، بەبوونی تۆ ئێمە سەردەکەوین.
دەستی نایە ناو دەستی ئەژدەر و دەباوەشی گرت:
ـ دڵم گەش بۆتەوە... ئەم دڵەم شادە کە توانیومە لە ئاخر و ئۆخرتی تەمەنم دا ڕێ و شوێنی ڕامیاریی خۆم دیاری بکەم. دەگەڵتانم و ڕێبوارێکی ڕێبازی پیرۆزتانم کوڕی خۆم. هەتا ئەو ڕۆژەی کە ئازادم و سەربەستییەکەیان لێ نەسەندووم، من دەگەڵتانم. لە ڕوونکردنە و بەئاگاهێنابەوەی خەڵک دانامێنم و ئەوەندەی لە توانام دایە، چرای زانیاری لە ماڵی هەژاراندا دادەگرسێنم.
ئەژدەر وەک خوێندکارێک گوێچکەی بۆ مامۆستا شل کردبوو. ئەژدەر دەیزانی وتە و بەڵێنەکانی مامۆستا، کەف و کوڵی هەڵچوونی هەرزەکاری نییە و ئەوەی دێتە سەر زمانی، زمانحاڵی بیرو باوەڕی خاوێنێ مامۆستایە. ئەژدەر دیسان دەستەملانی مامۆستاکەی بۆوە و، هەر وەک باوک و ڕۆڵە، خۆشەویستانە یەکتریان ڕامووسی. ئەژدەر، دوای دەربڕینی سپاس و پێزانین لە گوڵاراخانم و ئامینە، دەگەڵ ماڵ و ماڵباتێک ماڵاوایی کرد، کە بەماوەی یەک مانگی ڕەبەق سێبەری دڵبلاوێنیان بە سەر داکشاندبوو. بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە ماڵ و ماڵباتی دلۆڤانی جێ هێشت و ڕۆیشت.

***

سەر مێزە گەورەکەی نێوەڕاستی نووسینگەی سەرهەنگ پاروشین، بە هەمە چەشنە میوە ڕازێندرا بۆوە. مانگی سەپتامبەر، لە شاری باکۆ دا وەرزی پێگەیشتنی هەنجیر و ترێ یە. حەزی سەرهەنگ پارۆشین لە خواردنەوە دا، کۆنیاک بە مەزەی هەنجیرە.
پەنجەرەی ژوورەکە تەواو کرابۆوە. سەرهەنگ، فەرەنجی بە سەر شانەوە بە نەرمە هەنگاو دەهات و دەچوو. هەتا دەگەیشتە بەر پەنجەرە، ڕاوەستەیەکی دەکرد و دوایە بەرەو مێزی پڕ لە میوە لاری دەکردەوە. فینجانە بچکۆلانەکەی لە کۆنیاک پڕ دەکرد و هەنجێرێکی شیلەداریش بە دەستەوە، لە بەر پەنجەرە پێیدا دەکرد و هەنجیری بە دوا دا دەنارد.
سەرهەنگ دوای چەند جار هاتن و چوون و ڕاوەستان و پێدا کردن، کەم کەمە مێشکی گەرم داهات. بەر لە خواردنەوە، بە دەیان وردە ڕاپۆرتی خوێند بۆوە. ڕاپۆرتەکان باسی سەربزێوی کرێکار و چالاکیی "نینا"یان تێدا نووسرابوو. گەرمای کۆنیاک، بەرەبەرە ورتکە ڕاپۆرتی لەبیر بردەوە و بیرێکی تری خزاندە ناو بیردانی؛ یادی سەردەمی لاوی و هەرزەکاریی. بەم بیرەوە، زەردەیەکی هاتە سەر لێوان و وەرچەرخایەوە و سەیری وێنەی لە چوارچێوەگیراوی سەر پشتی مێزەکەی کرد؛ وێنەی سەردەمی گەنجێتیی خۆی بوو. فینجانێکی پڕی کۆنیاک تێکرد و ڕوو بە وێنەکە

ڕایگرت و بە خۆشی ئەو سەردەمە، یەک زەرب پێیداکرد. دیسان بیر و فکری ئاڵۆز هەڵی قەند و کەوتەوە ناو جەنجاڵی هەنووکەیی و مەستی و سەرخۆشی لە سەری پەڕی...

هەلومەرجەکە تەواو سووڕاوە. هیچ شتێک لە سەر جێگای خۆی نەماوە. لە مانگی ئوت دا، ئەمربەرە نهێنییەکانی خەبەریان پێدا کە "لادۆکەتسخۆڤلی" لە شاری باکۆ دا بیندراوە. خۆ ئەگەر خەبەری گەڕانەوەی "لادۆ" بە گوێی ژەنەڕاڵ فەرماندار گەیشتبایەوە، تاوانی گەڕانەوەی "لادۆ"ی لە چاوی ئەو دا دەبینی و خورد و خەوی لێ تاڵ دەکرد. ئەو خۆی، ژەنەڕاڵ فەرمانداری باش دەناسی. جارانی جار تووڕە بوون و دەهری بوونەکەی بەتاقی کردبۆوە. ژەنەڕاڵ فەرماندار تەنیا بگر بگر دەزانێ و پێی وایە گرتنی "لادۆ" ئاو خواردنەوەیە. ژەنەڕاڵ نازانێ "لادۆ" لەو دوو پێیانە نییە بە سووک و سانی دە داو بکەوێت. زۆرجاران ڕاپۆرتیان داوە کە هەر ئێستاکە "لادۆ" لە فلان کارگەیە و بۆ شەو لە فیسار ماڵ دەخەوێ. بە هەموو هێزەوە بۆی چوون ، بەڵام هەموو جارێک دەسبەتاڵ گەڕاونەتەوە... ئەو کابرایە دەبێتە دەرزی و دەکەوێتە قوڵترین شوێنی دەریا... بەڵام من دەبێ زووتر بۆی بجووڵێمەوە و داوێکی بۆ بچنم کە دەرچوونی نەبێت. دەست بەسەر کردنی "لادۆ" ، بۆ من دەبێتە پلە و پایەیەکی زۆر مەزنتر لە ژەنەڕاڵ فەرماندار. من "لادۆ"م بۆ بگیرێت، کاری گرتنی "نینا"ش بە لێوانە و هیچ زەحمەتێکی نامێنێت.

هەتا باسێک لە "نینا" کرابایە، سەرهەنگ کچێکی چوست و چالاکی دەهاتە بەر چاو. هەر بۆیەش لە دوو مانگی ڕابوردوو دا، هەر شوێنێک ژنی تێدا بووبێت و، ژن بە هەر جێگایەک دا تێپەڕ بووبێت، ورد ورد سەریان خوێندۆتەوە. تەنانەت ماڵ و شوێنی کار و مێرد و منداڵیشیان پرسیارباران کردووە، بەڵام بێ دەسکەوت.

سەرهەنگ مەستی و سەرخۆشییەکەی کزی کرد و دیسان بە درێژایی ژوورەکە دا دەستی بە گەڕان کرد. لە هاتن و چووندا بوو، کە "ڕووت مەیستەر ڤالتەر"ی ئاجوودان لێی وەژوور کەوت و دوای سڵاوی نیزامی، شەق و ڕەق لە بەر دەرگا دا چەقی. بە هاتنی "ڤاڵتەر"، سەرهەنگ لە خەیاڵات دابەزی و تێی ڕوانی. "ڤاڵتەر" وتی:

ـ گەورەم بمبوورن لە کاتێکی نابەجێ دا هاتووم... پەیامێکی بە پەلەم پێیە و ناچار بووم بێم.

سەرهەنگ بە هەوای سەرخۆشی گوتی:

ـ "ڤاڵتەر" وەرە پێش... نزیک بەوە لێم... وەرە پیاڵەیە تێکە با پێکەوە نۆشی بکەین...

ـ گەورەم لەم دەمە دا ناکرێ دەم لە مەی بدەم... پەیامێکی گرنگم پێیە و بە پەلە.

سەرهەنگ نێوچەوانی لێ گرژ کرد و گوتی:

ـ ئەو هەواڵ و پایامانەی کە بۆ منی دەستچن دەکەیت و بۆمی دێنی، دانەیەکیشیان چارەی دەردی من ناکەن... تۆ ئەگەر ئازای پەیامی دۆزینەوەی "نینا"م بۆ بێنە.

ـ بەڕیزم خودی "نینا" نەخێر، بەڵام بەر و بوخچە و پرێسکەی "نینا" دۆزراوەتەوە. سەرهەنگ پارووشین چاوی بز بوونەوە و پیاڵە و هەنجیر و کۆنیاک و سەرخۆشی بیر چوونەوە. چی نەمابوو باڵ بگرێت و بە ژوور دا بفرێت. لە چاو ترووکانێک دا قۆپچەی فەرەنجییەکەی داخستن و لە یەک چاوترووکان دا کەوتە پشتی مێزی کار و قەڵەم و کاغەزی وەکار خستن.

ـ وەرە پێش ڤاڵتەر... وەرە بزانم چیت پێیە پێم بڵێ... دەی!... وەرە زوو !

ـ گەورەم! لە "ئاخچە قابول"ەوە پێمان ڕاگەیەندراوە کە پیاوێک بە ناوی "باکرزادە"، کە جێگری شۆفێری لکومۆتیڤە، لە کاتی ڕاگوێزانی دوو مجریلکەی پڕ لە پیتی چاپی بۆ ژووری لۆکۆمۆتیڤ، دەکەوێتە داوی ئەمربەرەکانی ئێمە...

پاروشین هاواری کرد:

ـ بە وردی بۆم بگێڕەوە... هیچی جێ مەهێڵە... ڕووداوەکەم بە تەواوی بۆ بگێڕەوە... دەی!

ـ "باکرزادە" بە نیاز دەبێ بە سەر هێڵە ئاسنەکانی بەر وێستگە دا ڕاببرێت کە قاچی لە قەڵشی نێوان دوو هێڵی ئاسن دا گیر دەکات و بە ڕوو دادەکەوێت. ئەمربەری ئێمە دەکەونە سەری و دەست بەسەری دەکەن. خوش ئەوەیە، کە پیتەکان دەگەڵ بڵاڤۆکەکانی "نینا" یەکتر دەخوێننەوە. باکرزادە هەر ئێستێ لە بەندیخانەی لقی "ئاخچە قابول" و لە ژێر چاوەدێریی توندی خۆمان دایە. زۆری خەریک بوون کە بیدرکێنێ، بەڵام هەتا ئەم کاتە دەمی نەکردۆتەوە و هیچی نەگوتووە. لە سەرخوێندنەوە و بەدواداچوونێکی نهێنی دا، ئەمەشمان بۆ دەرکەوتووە کە هەر ئەم باکرزادەیە، خانووبەرەیەکی لە شاری باکۆ دا ئیجارە کردووە.

پاروشین چەشنی تۆپی جیر هەڵبەز دابەزێکی کرد و لە حاڵێک دا تووڕەیی و زەردەخەندە و پەشۆکاوی لە ڕووی دا دیار بوو، گوتی:

ـ خەبەر بدە ، یەساوڵ و سیخوڕ و پیاوە نهێنییەکانمان بچنە ئەو دەوەرە و چاوی لێ نەتروکێنن... با ئێمەش بچین و بخەفتێین و بزانین چیمان دەست دەکەوێت... لێبگەڕێ با گەرمارۆی ماڵی "نینا" ساڵێکیش بخایەنێت، ئەودەمەی کە ریسی ملیان دەکەوێتە ناو پەنجەی بەهێزم، ئەو کات لێیان حاڵی دەکەم کە سەرهەنگ پاروشین کێیە و چ کەسە... ... چەلی با وەڕی بکەین و بچین!

پارۆشین و "ڤاڵتەر" بە پەلەپڕووزە وەدەرکەوتن و ڕۆیشتن.

***

دوو کەس لە سەر بەرەژوورەکەی شەقامی "چادروویی" دەڕۆیشتن و پێکەوە سرت و خورتیان بوو. سەر و خواری شەقامی "چادروویی" بە زبڵ و زاڵ داگەڕا بوو؛ کۆنە تەنەکە و کوتە ڕۆژنامە و تیتۆڵە کوتاڵ بە هەموو لایەکەوە دەبیندران. شەقامەکەش دەگەڵ بیابان لێک نەدەکرانەوە. کەند و چاڵ و قوڵکەی شەقام، دەگەڵ دەر و دەشت زۆر جیاواز نەبوون. سەیرەکەی ئەمە بوو، کە خانوبەرەی دوو بەری شەقامەکەش بە چەشنێکی هەر هێندە ناتەرز و خوار و خیس ساز کرابوون، هەر دەتگووت ماڵ و ماڵباتەکانی نیشتەجێی ئەو خانووبەرانە لە یەکتر زوێر و نامۆن.

دو ڕیبوارەکە بە قەراخ کۆگا زبڵ و بە نێوان قوڵک و ئاودرگەکان دا خوارەکە و پێچەکە دەڕۆیشتن. دەگەڵ ئەم زیگزاگ ڕۆیشتنەشیان دا، بەردەوام یەکتریان دەدواند و دیار بوو باسی شتێکی گرنگیان لە دەم دایە. دوو کەسەکان ، یەکیان مەلیک مەلیکیانتس و ئەوی تریان ڤلادیمیر زاخارڤیچ کەتسخۆڤلی بوو.

لادۆ دەیگوت:

ـ لە ڕوسییە دا تەڤگەڕی کرێکاری گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەتۆ بەرز، کە دەزگای پۆلیس و ئەمن و ژاندەرم بوونەتە داشە هارە و هوروژم بۆ هەموو لایەک دەبەن. هەر لەم چەند ڕۆژەی پێشین دا، لێنین لە پەتووکی (چ کەردەن) دا پەنجەی بەرەو ئیکۆنۆمیستەکان ڕاداشتووە و ئاگاداریان دەکاتەوە کە بە ئاوەژوو نیشاندانی ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی مارکسی، پێیان وانەبێ بتوانن زەربە لە بزووتنەوەی کرێکاری بدەن. لێنین لەو پەرتووکەدا، دەستی ئیکۆنۆمیستەکان دەکاتەوە و ناوەرۆکی بوودەڵەیان بە هێزی جەنگاوەر نیشان دەدات. بڵاو بوونەوەی (چ کەردەن)ی لێنین، دەرسێکی بە ئیکۆنۆمیستان داوە، کە ئیتر بە دەستییەوە دەناڵێنن. ناوی ئەوان و هەڵوێستی ئەوان لە ناو جەماوەری ڕەنجبەر دا هاوتای خۆبەدەستەوەدانە... بەڵام با کەموسکەیەکیشت لە ڕوسییەی نێوەڕاست بۆ باس بکەم ؛ ئەو بەشەی وڵاتیش شڵەژاوتر لە شوێنەکانی ترە. شیت و هاربوونی ڕژێم و ڕەشەکوژی و شرت و گوم کردنەکانیشی جێگای باس و لێکۆڵینەوەن. بەر لەوەی کە من بگەمە "سامارا" و "کی یۆڤ"، لەلایەن "نادەژدا کۆنستانتینۆڤا کروپسکایا"وە بە هەموو لایەک ئەسپێردرابووم و خستبوویانمە ژێر چەتری پارێزگارییەکی هەمە لایەنە. هەر کە گەیشتمە روسییە، بۆم دەرکەوت کە ڕاگوێزانی چاپخانە بۆ وێندەرێ، هەڵەیەکی مەزنە و زۆر ناخایەنێت کە چاپخانە و گشتمان تێدا دەچین. باکۆ گەلێک هێور و هێمن ترە. ئەوە پێنج مانگی ڕەبەقە، کە "نینا" خەوتووە و لەوانەیە دەزگای دەسەڵاتدار پێی وابێ "نینا" بە یەکجاری وازی هێناوە و ئیتر سەر هەڵنا داتەوە. بۆیە من پێموایە هەلی ئەوەیە، کە نینا سەر هەڵببڕێت و خۆ بنوێنێتەوە. من سەبارەت بەمە دەگەڵ "چۆنیاتۆڤ"یش قسەم کردووە و پێکەوە ساخ بووینەتەوە کە ماڵەکەی "جەبرەییل"

---

* هاوسەر و هاوخەباتی لێنین*Nadezjda Konstantinovna Krupskaja

بەکرێ بگرین. "جەبرەییل"مان چەند جار بە تاقی کردۆتەوە و بۆمان دەرکەوتووە، کە پیاوێکی قورس و ڕازدارە و بەلای کەسەوە باسمان ناکات، بەڵام هەتا بخوازی مردووی پارەیە. دەزگای چاپ و بەشێک لە پیتەکانمان بۆ ماڵی جەبرەییل ڕاگوازتووە و ئەوانی تریش بەرەبەرە دەگەڕێنینەوە باکۆ.

ـ وادیارە هەموو پیتەکان نەهاتوونەتەوە!

ـ نەخێر نەهاتوونەتەوە؛ هۆیەکەشی لەترسی پشکنینی پۆلیس بووە. بڕیارە هەر ئیمڕۆ مجریلکەیەکی تر وەرگرینەوە ـ سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد ـ بەڵی لەوانەیە هەر ئێستا گەیشتبێتەوە. ئەژدەر لە وێستگە چاوەڕێیە... ـ لە دوورەوە سەڵتەیەکیان بینی، کە لە کۆڵانەکەوە بەرەو ئەوان لینگی دەدا، هەردووک بێدەنگ مانەوە.

ــ بڕوانە!... سەیرکە!... ئەوە ئەژدەرە بۆ لامان دێت.

ـ بەڵی خۆیەتی... بەڵام بۆچی بە ڕاکردن بۆلامان دێت؟... دەبێ شتێک قەومابێت.

لادۆ باڵی "مەلیک"ی گرت و بە ئاماژەی دەست دەرگای کراوەوەی حەوشەیەکی بەرینی نیشان دا و گوتی:

ـ من لەم ماڵ شارەزام و دەزانم لەو بەری حەوشەکەوە دەرگایەک بە ڕووی شەقامی ئەولاتر دا دەکرێتەوە. من پێیدا دەردەکەوم و هەرکە ئەژدەر گەیشتێ، ئێوەیش پێکەوە وەرن، بەڵام دەبێ پێشەکی ئەرخەیان بی، کە شوێنی "ئەژدەر"یان هەڵنەگرتبێت.

لادۆ ڕۆیشت و دوای هاتنی ئەژدەر، مەلیک لێی پرسی:

ـ چییە؟... چ باسە ئەژدەر؟... ڕاکردنت لەم کۆڵانە چۆڵەدا هەست بزوێنە!...

ئەژدەر بە دەم هەناسەبڕکێوە گوتی:

ـ من بە شوێن ئێوە دا هاتووم... ماڵەکەی جەبرەییل...

ـ چییە ئەژدەر؟... پێم بڵێ بزانم ماڵەکەی جەبرەییل چی بەسەرهاتووە؟!

ـ "باکرزادە"یان لە وێستگەی "حاجی قابوڵ" دەسبەسەر کرد... گرتیان!...

ـ کوڕە نەڵێی ئەژدەر!... ئەمەت لە کێ بیستووە ئەژدەر؟!

ـ کاردارێکی هاوڕێمان کە لە وێستگە ئیش دەکات، ئەو خەبەی پێداین.

مەلیک تێکچوو. پەرێشانی دایگرت. گرژی بە سەر روخساری داکشا. بە ئەو پەڕی پەرۆشی و دڵ نیگەرانییەوە گوتی:

ـ ئەژدەر!... بێتوو شوێنی ماڵی تازەمانیان بکەوێتە دەست، سەر و ماڵمان تێدا دەچێت و هەرچی ڕامان گوازتووە لە کیسی دەدەین ... بەلام ئەژدەر هەتا ژاندەرم خەبەردار نەکراوە، دەبێ ئێمە دەستپێشخەر بین. تۆ هاوڕێیانمان خەبەردار بکە منیش بە جەبرەییل ڕادەگەیەنم . هەر لە ئێستاکەوە دەبێ شێوەی کار و خەباتمان بگۆڕین و دوژمن کش و مات بکەین... بەڵام ڕاوەستە ئەژدەر! من دەڕۆم و تۆیش دوای ماوەیەک، بە شوێن من دا وەرە.

مەلیک وەڕی کەوت و ئەژدە بە شوێن سەری ئەو دا ڕۆیشت. مەلیک بەرەو ژێر، بە شەقام دا ڕۆیشت و لە کۆڵانێک دا بەرەو ماڵی "باکرزادە" بایداوە. ئەژدەر لەو بەری شەقامەوە و لە سووچی دیوارێک دا دەرگای ماڵی "باکرزادە"ی خستە ژێر چاو. کۆڵان پەپووی تێدا دەخوێند. کوڕیژگەیەک لە کۆڵانەکە دا بەرووی برژاوی دەفرۆشت و جار جار بانگێکی کڕیارانی دەکرد و بێدەنگ دەمایەوە. مەلیک گەیشتە بەر دەرگای ماڵی باکرزادە و وەژوور کەوت. ئەژدەریش وەک ڕێبوارێکی ئاسایی، بە کۆڵان دا هات و وەک کڕیاری بەرووی برژاو، بەلای کوڕیژگەکەوە ڕاوەستا. لەپڕ، لەو سەری کۆڵانەکەوە چەند کەسێک وەدەر کەوتن کە دیار بوو بەشوێن ماڵێک دا دەگەڕێن. ئەژدەر بە بینینی ئەوان و شێوەی چاوە چاو و سەیری پلاکی ماڵەکان، دڵنیایی وەرگرت کە ماڵی باکرزادە لە دەفتەری پاراستنی ڕژێم دا ناوی دەرچووە. ئیتر ڕاوەستان و مانەوەی لەو کۆڵانە دا شک بزوێن بوو. خێرا کەمێکی بەرووی برژاو لە کوڕیژگەکە کری و دوای خواردنی چەند دەنکێک، بە بیانووی باش نەبرژاویی بەرووەکان، بە سەر کوڕیژگەکەی دادایەوە. ئەم کڕین و بە سەر دادانەوەیە پێنج خولەکێکی گرت. زەلامەکان بە کۆڵانەکە دا دەهاتن و بەرەبەرە لە ماڵی باکرزادە نزیک دەبوونەوە، بەڵام "لادۆ" هیچ سەر و سۆراخێکی نەبوو. بە لای خۆیەوە گوتی: ئەم ساوە ساوەی من و ئەو بێخەبەرییەی"لادۆ"، کارێکمان دەداتە دەست و خەسارێکی مەزنی لێ ساز دەبێ؛ وا باشا من بە شوێن لادۆ دا بچم و هەواڵی گەمارۆدانی ماڵەکەیی پێ بگەیەنم... من بە قسەی ناکەم و لێرە چاوەڕێی ناکەم!... چاوەڕێ بوونی چی؟!... ئەوە زەلامەکان هەتا نیوەی کۆڵان هاتوون و مەترسی نزیک دەبێتەوە... گورج بۆ لای دەرگای ماڵی باکرزادە چوو، بەڵام هەر لەم کاتە دا فایتوونێکی رازاوەی دوو ئەسپە، زۆر بە پڕتاو هاتنە ناو کۆڵانەکە و لە بەر دەرگای ماڵی باکرزادە دا ڕاوەستا. سەرهەنگ پاروشین و ئاجوودانەکەی دابەزین.

لە شاری باکۆ دا کەس نەبوو سەرهەنگ پاروشین نەناسێت. ئەژدەر بە بینینی سەرهەنگ و ئاجودانەکەی و هەڵکێشانی دەمانچەی لاکەلەکێیان، کارەساتەکەی بە چاوی خۆی دیت و هیچی پێ نەکرا. ئەژدەر هەر ئەوەندەی لە دەست هات، کە خۆی بخاتە حەوشەی ماڵی جیرانی باکرزادە. ماڵەکە، ماڵێکی داڕووخاوی چۆڵکراو بوو. حەوشە و حەسارەکەی شپرزە و دیوارەکانی بەلاداهاتوو بوون. ئەژدەر لە سووچێکی دیوار دا خۆی پەنا دا و چاوەڕوان ڕاوەستا.

ڕەشەهەورێکی تڵخ و تاریک بەری هەتاوی گرت. کۆڵان بێدەنگ، ئاسمان تاریک، لەو دیوەی حەوشەی "باکرزادە"شەوە هیچ دەنگێک نەدەهات. ئەژدەر دەیزانی لادۆ بۆ کاتی خەتەر و خۆپاراستن، دەمانچەیەکی پێیە و ئەگەر مەترسی بەری دەرگای پێ بگرێ، کەڵکی لێوەردەگرێ... بەڵام ئەدی دەنگی هاوار و هەرایەک و تەقەی چەکێک بۆچی نایە؟! ئەژدەر لەم بێدەنگییە سەری سووڕ مابوو.

تاوێک پێچوو، چەند ڕێبوارێک لە بەر دەرگاکەی ماڵی باکرزادە دا ڕاوەستان. ئەژدەر لە قەڵشی دیوارەوە ئەوانی دەبینی. ئەوان ڕاوەستان و ئەژدەر سەبری نەما. چرکە و خولەک بە بارستایی هەموو زەمان درێژەیان کێشا. دەبێ چی ڕوو بدات و ئاکامی کار بە کوێ بگات؟ ئەژدەر هەر وا گیرۆدەی بیر و ئەندێش بوو کە دەرگا کرایەوە و لادۆ لە گەمارۆی خێڵێک ژاندەرم هاتنە دەر. ئەژدەر سەری لەمە سووڕ ما کە ئەم گشتە ژاندەرمە، کەی و کەنگێ وەژوور کەوتوون. لەو سەری کۆڵانەکەشەوە، کەسانێک سەرەگەی کۆڵانیان بەستبوو. دیار بوو ئەوانیش کەسانی خۆیانن. لە هەر چوار لایانەوە ژاندەرم قۆڵ و پشت و شانی "ڤلادیمیر زاخارڤیچ"یان گرتبوو. شێوە گەمارۆی پۆلیس و جندرمە بە چەشنێک بوو، کە هەر دەتگوت دەفرێکی پڕ بایەخی ئەنتیکیان پێ سپێردراوە و لە ترسی شکان و تێداچوونی، دەیان جووت دەست و باهۆی لێ گرێ دراوە. ئەژدەر سەبری گرت و یەکا یەکی پۆلیس و ژاندەرمەکانیشی سەیر کردن. بەڵام سەرجەمی پیاوانی ڕژێم دەست بەتاڵ بوون و هیچ دەسکەوتێکیان گیر نەخستبوو. دیار بوو لادۆ کەرەستەی چاپ و شمەکی پێویستی بە جۆرێک حەشار داوە، کە دەستی هیچ نەیارێکی پێ ڕانەگات.

سەرهەنگ پاروشین و ئاجودانەکەی هەتا تێپەڕبوونی خێڵی ژاندەرم و پۆلیس، لە کۆڵانەکە دا ڕاوەستان و دەگەڵ تێپەڕینی ئەوان، سەرهەنگ و ئاجودانیش سواری گالسکە بوون کۆڵانی چۆڵیان بەسەر ئەژدەر دا جێ هێشت. کووچە چۆڵ و کپ و بێدەنگ بوو، تەنانەت کوڕە بەڕوو فرۆشەکەش لە ترسی چەک بە شانان، کۆڵانی جێ هێشتبوو.

ئەژدەر لە پشت دیواری کاولە ماڵەکە هاتە دەر و ڕێگای شەقامی گرتە بەر و ڕۆیی. بە ڕواڵەت لە سەر دوو پێیان دەڕۆیشت و جووڵەی دەهات، بەڵام هەرا و هاوارێکی بە مێشک دا دەهات و قورسەکێکی وەها گرانی بە ناخی دڵەوە هەڵوەسرا بوو، کە نەیدەزانی شەوە یان ڕۆژ. ئەژنۆی دەلەرزین و ڕەنگی ڕوخساری زەردێکی کارەبایی لێ نیشتبوو. بەلای خۆیەوە گوتی و دەیگوتەوە:" بەڵکوو بتوانین ڕزگاری بکەین و..." بەڵام هەر هەمان کات دا وڵامی خۆی دەداوە:"لادۆی مەزن لە چنگ ڕژێم ڕزگار بوونی هەیهاتی گەرەکە... باڵداریش هێزی هەڵفرینی نییە بە سەری دا ... شوورەی بەندیخانەکەی پۆڵایە " .

ئەژدەر باوی هەنگاوی گۆڕی بو ئاگادارکردنەوە چۆنیاتۆڤ و هەواڵانی تر، زۆر بە پەلە بە شەقامەکە دا شۆڕ بۆوە.

***

پازدە ڕۆژ دوای ئەم کارەساتە، ڕۆژی هەژدەهەمی سەپتامبەر، سەرهەنگ پاروشین، مات و سەرکز، لە پشتی مێزی ژووری نووسینگەکەی دا خەریکی نووسینی ڕاپۆڕتێک بوو. دەبوایە دێپارتمان لە چۆنییەتی ڕەوشی بەندیخانە ئاگادار بکاتەوە.

لە ڕاپۆڕتەکە دا هاتبوو، کە لادۆ کەتسخۆڤلی، بە هیچ چەشنێک دەم ناکاتەوە و لە سەرخوێندنەوەکەی دا تەنیا خۆی بە تاوانبار دادەنێت و دەڵێ کە چاپخانەی لەم شوێن بۆ ئەو شوێن ڕاگوازتووە. زۆری هەوڵ دەگەڵ دراوە کە ئەو دوو شوێنە باس بکات، بەڵام دەمی قفڵ و قەپاتە و نووزەی لێ نایە. بە کورتی، هەرچی لە دەست و مستمان دایە دەکارمان هێناوە، بەڵام وەڵامی ئەو بۆ ئێمە، بێدەنگییە.

ئەوەی کە ئاواتی پاروشین بوو، دە داوخستن و دەستبەسەرکردنی لادۆ بوو. لە ئاسمانانەوە بە دوای دا دەگەڕا، هەر ئێستێ لە بەر دەست و فەرمانی خۆی دایە. پێی وابوو لادۆ بدۆزرێتەوە، سەرهەڵدان و سەربزێویی کرێکارانیش دەخەوێتەوە. ئەو دەم کە لادۆ دەسبەسەر کرا، هەرچی زانستی کۆنی ئەشکەنجەدەران بوو ، لە سەر "لادۆ"یان بە تاقی کردەوە، بەڵام بنی ئادەمێکی سڕ و بەردینە، هیچی لە دەم دەر نەچوو. لێیان دا، سوکایەتییان پێکرد، هەڵیان ئاوەسی و لە شوێنی شێدار و تاریک دا ڕایان گرت، هەر چی لێیان پرسی، گوتی نازانم. پاروشین لە دەست ئەو پیاوە لاسارە، دەهات زووخاو بڕشێتەوە. زۆرجاران لە دڵ دا دەیگوت: ئەی سەد خۆزگە هەر نەمدیتبایە!

قەڵەمی لەسەر کاغەز ڕاگرتبوو، هەرچی کردی و کراندی، ڕاپۆرتێکی چەند ڕستەییشی بۆ نەنووسرا... چ بنووسێت؟ بنووسێ من لە بەرامبەری ئەو پیاوە پۆڵایە دا لە مشک کەمترم؟ بەڵام ناچارەو دەبێ ڕاپۆرتی کار بۆ باڵادەستەکەی خۆی بنێرێت. گرژ و مۆن و بێ واز، قەڵەمەکەی وەگەڕ خست و نووسی:

"... لێی دەپرسین ماڵی "نینا" لە کوێیە؟ ـ ئەو وەڵام دەداتەوە: بەهۆی ئەوە کە شوێنی پێشووی"نینا" لە باری ئەولەکارییەوە جێگەیەکی بە مەتمانە نەبوو، شوێنەکەمان گواستەوە ـ لێی دەپرسین: شوێنی پێشووی لە کوێ بوو؟ ـ وەڵام ناداتەوە. ـ لێی دەپرسین بۆ کوێتان ڕاگوازتووە؟ ـ دەم ناکاتەوە...

پاروشین لە نووسینی" وەڵام ناداتەوە" و "دەم ناکاتەوە" ئیمانی پێ نەما. غەزری و لە پشتی مێزی کار هاتەدەر و بەرەو پەنجەرە چوو. ویستی بە ڕوانینی دیمەنگای پشتی پەنجەرە، کەمێک خۆی سووک بکاتەوە و وشە ناشیرینەکانی لادۆ لەبیر بەرێ، بەڵام بۆی نەکرا. لە ڕوانگەی پەنجەرەی ژووری پاروشێن، باڵەخانەکان، شان بە شانی یەک لە ژێر تیشکی هەتاوی گەرم دا بلێسەیان لێ هەڵدەستا. جەرگی خۆیشی لە چنگ خۆڕاگریی "لادۆ" بۆ چرووکی لێ هەڵدەستا. دەردی تێکشکانی سەرهەنگێک لە دەست دیلێکی بەردەستی، چەشنی بەفری بەر هەتاو دەتوێتەوە و بەرەو نەمان دادەکشێت. ئەگەر ئەو تەنیا هەر خۆی بایە و هیچ سەردارو سەرکارێکی تری بە سەرەوە نەبوایە، دەکرا بەبارێک دەگەڵ ئەم نەهامەتییە بچارێ، بەڵام ژەنەڕاڵ فەرماندار لە لایەک و"لی لی یۆڤ"ی جێگری فەرمانداریش لە بەرێکی ترەوە، دەستبەرداری نەدەبوون و کلکیان پێ ڕەپ کردبوو.. ژەنەڕاڵ فەرماندار زۆر جاران بە سەری دا دەگوڕاند، لێی ڕادەسا ، سووکایەتی پێدەکرد و هەڕەشەی توندی لێدەکرد.

دەیزانی کە   ئاگر خۆشکەری تووڕەیی ژەنەرال فەرماندار، ئەو جێگرە ناموبارەکەیەتی کە  "لی لی یۆف"ی ناوە . فەرماندار و لی لی یۆف لە لایەکەوە و بەشی پاراستنی شاری "تفلیس"یش لە لایەکی ترەوە، بەردەوام برووسکە بۆ سەر و ژێران بەڕێ دەکەن و دەزگای دەسەڵاتی "پێترزبۆرگ"ی لێ  هان دەدەن. پاروشین لە نێوان چەند تاتەبەردی قورسی سامناکەوە گیری کردووە. هاتبا و هەر بەمجۆرە ڕۆیشتبایە و هیچ زەربەیەکی کاری لە سەربزێوان نەدابایە، پلە و پایە و کەسایەتییەکەی لە مەترسی دابوو. لە ڕووی ناچاری، زۆر بە بێ وازی لە پشت مێزی کار دانیشتەوە و دەستی کرد بە نووسین کرد و ڕاپۆرتێکی بۆ "تفلیس" و یەکی تری بۆ "پیترزبۆرگ" نووسی. لە نووسراوەکانی دا بێ پەردە و زۆر بوێرانە نووسی کە جەوهەری سروشتیی "لادۆ" لە ئاستێکی هەر هێندە بەرز دایە، کە بەم زووانە لکی دانایە... زۆر وریا و فێڵەزانە... لە لێکۆڵینە  و سەرخوێندنەوەکانی دا، ئەو خۆی دەکاتە قازی و لێت دەکۆڵێتەوە... هیچ ڕازێکی لە ژێر سەرپۆش ئاشکرا ناکات... زۆر جاران سەر لە ئەشکەنجەکار و چاوسوورانمان دەشێوێنێ.

پاروشین دەیزانی ئەم چەشنە ڕاپۆرتانە بۆی نابنە نان و ئاو، ئەگەری لە نان و ئاو کەوتنیشی تێدایە.

بەندیخانە شاری باکۆ، لە ژێر چاوەدێریی سەدان ژاندەرم و پۆلیس و سیخووڕ و جاش و جەیش دابوو. خەفێ و یاساوڵ بە جلکی ئاساییەوە لە کۆریدۆر و دالان و بەرهەیوانەکان دا خەڵکانیان لە ژێر چاو دا ڕادەگرت و نەزمی سەر و ژێرانیان لە مست دابوو. سەردانی پاروشین بۆ زیندان و فەرمانی توند و تیژکردنی زیندانەوانەکان، کە نەکا چاو خافڵ بکەن و "لادۆ" لە کیسیان دەربچێت، لە بەردەوامی دابوو.

بوونی "لادۆ" لە بەندیخانەی ژێرچاودەێریی کاربەدەستانی ڕژێم، گەلێک کاربەدەستی شارەزای بۆ کێشرایە زیندان. پاروشین تەنانەت لە خەویشدا ئارامی نەبوو. ترسی ڕاکردن، یان دزینەوەی "لادۆ"، وەک ئازار دە گیانی کەوتبوو. هەربۆیە بە پێی پێشنیاری پاروشین و بڕیاری ژەنەڕاڵ، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی سەپتامبەر دا، "لادۆ کەتسخۆڤلی" لە بەندیخانەی باکۆ بۆ زیندانی هات و نەهاتی"مەتخ"ی تفلیس ڕاگوێزرا.

ئەو ڕۆژە، شەوەکی، لە تاریکانی ئاخری شەو دا، نوێنەرانی کرێکاران لە بەردەرگای زیندانی باکۆ دا کۆ بوونەوە. کاتێک کە "لادۆ" لە ژێر دەست و باڵی پۆلیسی پاراستن دا هاتە دەر، کرێکارەکان بۆی چوون، بەڵام سنگ بە سنگی پۆلیسی تایبەت بەرەو پاش کشانەوە. لادۆ، لە ژێر چاوەدێریی توند و تیژی پۆلیسی تایبەت بەرەو وێستگە بردرا. یەکەم قاشەتیشکی هەتاو تازە سەرانی هەنگاوتبوو، کە لادۆ لە یەکەم پلیکانی شەمەنەفەرەکە وەسەر کەوت و هەر ئەو دەم وەسووڕایەوە بە هەموو تواناوە گرماندی:

ـ خاشەبڕ بێ سیستەمی چەوسانەوەی تزاری!... بژی سەربەستی!
چەکی سەردەستی بەندەوانەکان لە چەخماخە درا، بەڵام "لادۆ" بەبێ ئەوەی دەنگی چەخماخەی تفەنگی پۆلیس بە هێند بگرێ، سەری بەرز کردەوە و بە سەربەرزی لە بەر چاوی یارانی نەدیو بوو.
ئەمە ئاخر دیداری "لادۆکەتسخۆڤلی" بوو دەگەڵ کرێکارانی باکۆیی.

****

# 30

هاوینی گەرم و وشک، پاییزێکی بە تەپ و تۆزی سارد و سڕی بە دوا داهات. ئەگەر لە شارۆمەندێکی شارەزای باکۆیی سەبارەت بە سروشتی ئاو و هەوای شاری باکۆ پرسیار بکرێت، کە ئاخۆ زستانی باکۆ کەنگێ دەست پێدەکات، بێشک وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: هەرکە ڕەشەبای خەزەری هەڵی کردێ، زستانی باکۆ بەڕێوەیە.

ئەوا هەفتەیەکی ڕەبەقە ڕەشەبای خەزەری سەرشێتانە لە شار دا خول دەخواتەوە و خۆڵ و خاک بە وڵات دا دەپرژێنێت. گەردەلوول، بە لوورە لوور لە بەرزاییەکانەوە بەرەو دەریا و دەشتەکانەوە دێت و گەرد و خاک بە هەوا دا دەدات.
هەور و هێڵ و تەپ و تۆز، هەر یەک بەجۆرێک بەری ڕۆشنایی هەتاو دەگرن . ئاسمان تاریکە، زەوی تۆزاوییە و دڵی خەڵکیش خەمین و خەمبارە؛ شایی و خۆشی لە دڵان تەریکە و زەردە لە سەر لێوان تاراوە.

چەوساوەکان ڕێگای خۆیان دۆزیوەتەوە و بە هەموو گرژی و ئاڵۆزیی سروشت، جار جارە ترووسکەیەکی هیوا سەردانی کونجی ماڵەکەیان دەکات و هومێدێکیان پێ دەبەخشێ. ئەژدەر، چەشنی پۆڵای ئاودیدە، زامداربوون و هەژاری و گرتن و ئەشکنجەی بەتاقی کردۆتەوە و ڕیگای ڕزگاری بەدی کردووە. ئەو، بۆ داهاتوویەکی بە مەتمانەی چینی بندەست، هومێدی ڕۆژی ڕوونی لە خۆی شەتەک داوە و دەیکێڵێت. گیرانی "لادۆ کەتسخۆڤلی" دەماری بەرخۆدانی "ئەژدەر"ی سەت قات قایمتر کردووە. ئەژدەر باش دەزانێ کە ئەو خۆی و گشت"لادۆ کەتسخۆڤلی"یەکان، هەمووی و هەر هەموویان پردەبازانی ڕێگای پەڕینەوەی هەژارانن. ئاسۆ بە خوێنی تێکۆشەران سوورە و هەر ئەم ئاسۆ ڕەنگینەشە ڕەنجبەر و هەژار و چەوساوەکان بەرەو سەرکەوتن دەبات.

"لادۆ"، لادۆی ژیر و زانا لە پشتی دیواری بەردینی بەندی قەڵای"مەتخ" دا ژوورۆچکەیەکی تاریک و شێدار دەباوەشی گرتووە. لە دەوران دەوری شۆڕەی بەردینی

زیندانیش دا، هێزێکی مەزنی چەکدار، بە شەو و بە ڕۆژ هەس هەس و  پاسەوان و هەستیار ڕاوەستاون. فڕندە بە سەر بەندی لادۆ دا مافی فڕینی نییە. بەڵام بە هەموو ئێشک کێشان و پارێزگاریی توند و تیژیشەوە، لە دەرەوەی زیندانەدا بیری ڕزگارکردنی لادۆ، لیژنەیەکی بۆ خولقابوو.

هەر ئەودەم کە لادۆ لەبەندیخانەی شاری باکۆ دەست بەسەر بوو، پیوتر، بۆگدان و ئەژدەر لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتە دا، گەڵاڵەی ڕفاندنی "لادۆ"یان لە ڕۆژەڤ دا نووسی. بڕیار بوو، لە دەمی ڕاگوێزانی "لادۆ" دا ئەم کارە بکرێت، بەڵام بە هۆی داگژانی هێزێکی چاوڕوان نەکراوی لە ڕادە بەدەر زۆر، دەروەستی نەهاتن و سەبریان گرت.

ئەو ڕۆژەی کە دەهاتن بە بێدەنگی لادۆ ڕاگوێزن، شەوکی شەقام و گەڕەک و کووچە و کۆڵانی مەڵبەندی"باییل" بە پۆلە کرێکار داگیرابوو. لادۆ، لە گەمارۆی هێزێکی بێ هەژمار هاتە دەر و، کرێکار بە شوێنیاندا چوون. لە دەور وبەری وێستگەی ئاسن دا دەرزیت هەڵاویشتبایە، لە بەر زۆری و زەبەنی هێزی نیزامی نە دەکەوتە سەر زەوی. ژمارەیەک لە نوێنەرانی کرێکاری لە ڕێگای پشتەوەی وێستگەوە خۆیان گەیاندە حاندی سەکۆی بەر وێستگە و لەوێوە "لادۆ"یان بەڕێ کرد. زایەڵەی دەنگی دلێری لادۆ، هێستایش لە گوێی ئەژدەر دا دەنگ دەداتەوە.

لە دەرەوە ڕەشەبای سەرشیت دەلوورێنی، بەڵام ژوورەکەی "ماریا ڤاسیلیڤینا" کپ و مەنگ و بێ هەستە. ئەژدەر دانیشتووە و خەریکی هەڵقوڕاندنی سووپە. ڤەرا لەولاترەوە کراس لە وتوو دەدات و ماریا لە لاشانی ئەژدەر دانیشتووە. کراسەکەی بەری ئەژدەر، پووره ماریا بڕیوێتی و دروویەتی و ڤەرا بە بەژنی "ئەژدەر"ی دەگرێ و خۆشەویستانە تێی ڕادەمێنێ. کراس پڕ بە شان و باهۆی ئەژدەر دورواوە و لێی دێ.

ڤەرا و ئەژدەر چەندێکە بوونەتە دەزگیران و زۆرتر لە جاران یەکتر دەبینن. ئیتر ئەژدەر بێکەس و بێدەر نییە و لە هەمێزی گەرمی ماڵباتێک دا بووژاوەتەوە کە گەلێک زەنگین و زێدە ڕەنگینن. ئیتر ئەو سەردەمەی کە لە کونجی زنجێکی تاریک و ساردی تەنیایی دا شەوی بە ڕۆژ دەگەیاند و لە چەند ژەمان دا جارێک نانێکی وشکی دەخوارد، تێپەڕیوە و ناگەڕێتەوە. ئەوان سێ کەسن؛ تێکڕایان کار دەکەن، هاودەستی یەکترن و چرای ماڵ و زادی ماڵ و گەرمای ماڵ دێننەوە ماڵێ.

ڤەرا و دایکی بۆ دەر و جیرانان جلک دەدورن. ئەژدەر لە کارگەیەکی کارەبا خەریکی کارە. ئەوان لە داهاتی کەمی خۆیان، بەشی ماڵی غولام لەبیر ناکەن و بەردەوام پێیان ڕادەگەن. ڤەرا و ئەژدەر جلکی نوێیان هاتۆتە بەر و باش بە خۆیان ڕادەگەن. کراسی بەری ئەژدەر، کر و دەسکردی پووره ماریایە. کراسەکەی لێ جوانە و چاوی ڤەرا لە بینینی تێر نابێ.

ئەژدەر بە نیازی چوونە دەر خۆی تەیار دەکات و ڤەرا هەتا بەر دەرگا دەگەڵی دەچێ. لێی دەپرسێ:

ـ زوو دەگەڕێیتەوە؟
ـ نازانم گیانە... بە شوێن کارێکی گرنگدا دەڕۆم، خۆم نازانم کەنگێ دەگەڕێمەوە.
ـ ئەگەر منتان گەرەک بوو، پێم ڕابگەیەنە!
ـ دڵنیابە ئازیز گیان... پێت ڕادەگەیەنم ژیانەکەم!
گژەبای سارد و سڕ، بەرهەڵستان لە جێ هەڵدەقەنێ. ئەژدەر لە چوارڕێیانی دوو شەقامی "چادروی" و "سباسکی" و بۆ دیتن و دیداری "چۆنیاتۆف" ڕاوەستا. چۆنیاتۆف لە سووچی لادیوارێکەوە هاتە دەر و بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ گورج بە هاوڕێ! سۆزەی زریانی ماڵ کاول سەدجار باوکمی لەبەر چاوم گوشت و زیندووی کردەوە... تۆ چۆنی ئەژدەر؟
ـ باشم هاوڕێ، ئەدی ئەتۆ؟
ـ منیش باشم.
بەدەم وتووێژانەوە ڕاستەی شەقامیان خستە پاش سەر و لە چوار ڕێیانێک تووشی مەلیک مەلکیانتس هاتن. مەلیک، بەبێ ئەوەی تۆقەیەکیان دەگەڵدا بکات، لەبەر پەنجەرەی نیشانگەیەک دا خۆی خافڵاند و هەرکە ئەوان تێپەڕ بوون، ئەویش شوێنی هەڵگرتن و بە دوایان دا چوو.
چۆنیاتۆف گوتی:
ـ ئەمڕۆ ئاخر پەلامارە بۆ سەر "جەبرەییل"... دەبێ مەکینەی چاپ و کەرەستە و پیتە چاپییەکانی لە چنگ بستێنینەوە... کارەکانمان زۆر وەدرەنگی کەوتووە...
ـ بەڵێ ڕاستە... ئەمڕۆ دەبێ بێتە ڕەدایە و دەگەڵمان بسازێ!
بە هەورازی شەقامی "چادروی"دا هەڵکشان و گەیشتنە کۆڵانێک. لە سەرپەڕی کۆڵانەکە، لە بەر دەرگای ماڵێکی پاک و خاوێن دا ڕاوەستان. ئەوان سەبریان گرت تاکوو مەلیک مەلکیانتس گەیشتێ و پێکەوە وەژوور کەوتن.
حەوشەکە بچووک و خاوێن بوو. هەرکە دەرگایان لە پشت سەر داخست، پیاوێکی بە تەمەن پەنجا ساڵی لێیان هاتە پێش. بە جلکی بەری و گەسکی دەستی، وەک خزمەتکاران دەچوو. کابرا لە بەردەمیان دا ڕاوەستا و گوتی:
ـ گەورەکەنم ئیشیان بە کێ بوو؟!
چۆنیاتۆف ڕووی کردە ئەژدەر و پێی گوت، ئەتۆ بە ئازەری پێی بڵێ هاتووین "جەبرەییل" ببینین.
ـــ من "جەبرەییل"م و لە زمانی ڕووسیش نامێنمەوە. فەرموون بزانم چیتان گەرەکە!
چۆنیاتۆف لێی نزیک بۆوە و هێدیانە گوتی:
ـ ئێمە بە شوێن ئەسبابەکانمان دا هاتووین.
ـ ئەسباب؟!... ئەسبابی چی گەورەم؟
ئەژدەر هێدیانە گوتی:

ـ مامە گیان هاتووین سندووقەکانت لێ وەرگرینەوە... هەر ئەو سندووقانەی کە هاوڕێمان بە ئێوەی ئەسپارد بوون.
چۆنیاتۆف بە شوێن قسەی ئەژدەر دا گوتی:
ـ نیشانەمان بەو نیشانە، کە هەواڵەکەمان بەنیاز بوو قاتی سەرووتان لێ بەکرێ بگرێت... تێدەگەی؟
جەبرەییل گەسکەکەی بەرز کردەوە و بەرەو دەرگا چوو.
ـ من نە هاوڕێی ئێوە دەناسم و نە خۆشتان... لە ئیخەم ببنەوە... حەوشەکەم شپرزەیە و دەبێ خاوێنی بکەمەوە ... فەرموون وەرن بڕۆن... سەرم گەلێک ئاڵۆزە.
مەلیک لە بەر دەرگاکەوە پڕی بە لاشانی داگرت و لە سەر جێی خۆی دا چەقاندی.
ـ مامۆ!... بویێستە با پێت بڵێم!
قۆڵی جەبرەییل لە ناو پەنجەی مەلیک دابوو، کە لە پڕ وەرچەرخایەوە و گەسکی فڕی دا و بە توندی گوتی:
ـ هەڕەشەم لێدەکەن؟... بزانم ئێوە کێن؟!
مەلیک دەستی شل کردەوە و ئەمجار چۆنیاتۆف بە نەرمی پێی گوت:
ـ هەڕەشەی چی مامە گیان؟... کاری ئێمە بە تۆیە و هەڕەشەی پێویست نییە برا گیان. با تاوێک بەلاتەوە دانیشین و گوێ بدەینە یەکتر...
جەبرەییل سەیرێکی کردن و لێبڕاوانە پێی گوتن:
ـ ئێستاکێ کە ئێوەیش لە کەین و بەینەکە خەبەرتان هەس، دەمەوێ ڕەپ و ڕاست دەگەڵتان بێمە ڕەدایە... کابرای گورجی کەلوپەلێکی بە من ئەسپاردووە و بەڵێنی لێ وەرگرتووم کە خۆی نەبێ، مەتمانە بە کەس نەکەم... من بەڵێنم پێداوە و قەول و قەرارێکمان لە نێوان دایە... ئێوە بچن ئەو بێنن، من ملم لە موو باریکترە!
ـ مامە گیان ئەو دەستەبرایەی ئێمە لە سەفەر دایە... ڕۆیشتووە و بە ئێمەی سپاردووە کەلوپەلەوکانت لێ وەرگرینەوە... ناو نیشانی کەلوپەلەکانمان پێیە و دەزانین چین...
جەبرەییل دوو دەستی لە سەر سنگ دانا و بە دەم پێکەنینەوە بەژنی چەماندەوە و گوتی:
ـ دەستەبرای ئێوە، دەستەبرای منیشە. فەرموون با بچینە ژوورەوە، هیچ نەبێ فینجانێک چاییمان لێ وەرگرن، بەڵام سەبارەت بە ئەسبابەکان، بێدەنگەی لێ بکەین باشترە، چونکە بە کەسی نادەم... سوێندم بۆ خواردووە... تێدەگەن؟!
ـ براگیان ئێستێ کاتی چایی خواردنەوەمان نییە... پەلەمانە و دەبێ بڕۆین...
ـ ئێ!... زۆر باشە، ئێستێ کە پەلەتانە، هیچ قەیدی نییە... لە ماڵی مندا چایی هەمیشە سازە... ماڵاوا ـ ئەمەی گوت و گەسکەکەی دەست دایە و لە حەوشە ڕۆیشتە دەر.
مەلیک تاوێک ڕاوەستا و گوتی:

ـ با بڕۆین. سەعاتێکی تر لە"بابیل" یەکتر دەگرینەوە. لەوێ خۆمان ساخ دەکەینەوە کە دەگەڵ ئەم بابایە چی بکەین... چەلێ هەر کەس بەلایەک دا بڕوا!

ئەژدەر بە شەقامێکی بچووک دا بەرەو ڕۆخی زرێ کەوتە ڕێ. ڕەشەبا لە تەوەژم کەوتبوو. ئەژدەر، سەری لەم هەوایە سوور مابوو. بەلای خۆیەوە دەیگوت: سروشتی ئاو و هەوای شاری باکۆ دەگەڵ سروشت و ڕەوشتی بورۆکڕاتەکان یەکتر دەخوێننەوە. هەڵچوون و نیشتنەوەیان لە هیچ قامووسێک دا ناگونجێت. هەر ئەم بەیانە هەوا چۆن بوو و ئێستێ چۆنە؟ ئەم پێچ و خولەی لە ڕەشەبا دایە، سەری بە کوێوە بەندە و ئەم سوکناییەی ئێستێکەی چ نیازێکی لە پشتە؟

ئەژدەر دەڕۆیشت و بیری لێدەکردەوە. گەیشتە ئاخری شەقام و تووشی پیاوێکی چڵکنی تیسکنی ئاڵۆزکاوی بەژن داچۆڕاو هات. کابرا ڕاستەو ڕاست و سنگ بە سنگی ئەژدەر هات. ئەژدەر ڕێگای بۆ کردەوە کە ئەو تێپەڕێت، بەڵام کابرا بەرسنگەی لە ئەژدەر گرت و بە وردی تێی ڕاما و بە هاوارێکی خنکاوی ناو گەروویەوە قاوی کرد:

ـ ئەژدەر! ... چلۆن نامناسیتەوە؟... هەر وا زوو مەیلی یارانت دەنێی؟!

ئەژدەر سەری سووڕما. وردتر و وردتر سەیری کرد و لە ڕێی چاوانەوە هاتەوە یادی:

ـ ئەوەی تۆی حەمەعەلی؟!... چییە حەمە عەلی... بۆچ وات لێهاتووە برا گیان!... کەوتوویتە زیندان؟... نەخۆش بووی؟...

حەمە عەلی دەستی ئەژدەری گرت و گوتی:

ـ هەر ئێستێکە بەسەرهاتەکەمت بۆ دەگێڕمەوە... وەرە با بڕۆین... بۆ کوێ دەچی منیش هەتا گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەم دەگەڵت دێم.

بەکۆڵانێکی تەنگەبەر و چۆڵ دا چوونە خوار. لە ڕێگاکەش دا مات و حەیران سەیری حەمەعەلی دەکرد. حەمەعەلی لە ڕۆیشتن دا چەشنی پیرێکی کەفتەکار هەنگاوی بە هەڵکەوت هەڵدەهێنایەوە. لەڕی و لاوازییەکەی و هانکە هانک و خنەخنی سینگی، سەری ئەژدەری کاس و وڕ کردبوو. کراس و دوولینگەی بەری، هەر ئەوەندە پینە لە سەر پینە کرابوو، کە سەر و سۆراغی ڕاستە تەختەکەیان نادیار بوو کە چییە و چ ڕەنگ و ڕەگەزێکە. سەری کوڵمەکانی زەق و زۆپ دەرپەڕیبوون و لاگۆپەکانی ڕۆچوو بوون. تیسکی سەر و ڕیشی وەها تێک بەزیبوون، کە هەر تەنێ سەرپشتی لووت و قوڵکی چاوەکانی لە تووک بەدەر مابوونەوە.

چەندێک کە ڕۆیشتن، حەمە عەلی گوتی:

ـ ئەوە زێدە لە مانگێکە بە شوێن تۆ دا گەڕۆڵم. هیچ کارگە و کانگەیەک نەماوە سەر و ژێری نەگەڕێم. چەند هاوڕێیەکی قەدیمیم بینی و هەواڵی تۆم لێ پرسین. باسی بریندار بوونتیان کرد و گوتیان لە شوێنێکی نادیار لە ژێر دەرمان دای ـ سەبرێکی گرت و ئێستێک ڕاوەستا. سەیرێکی ئەژدەری کرد و پێکەنی، بەڵام لە پێکەنینەکەیشی دا هیچ ڕەمەق و هێز و توانایەک بەدی نەدەکرا. لە ڕەنگی ڕوخسار و شێوەی هەنگاونانی دیار بوو چەندێک بە برسیایەتی سەری کردۆتەوە. درێژەی پێدا:

ـ هەر وەک سواڵکەران دەرگا بە دەرگا گەڕاوم و دەستی پانم بۆ نان ڕاگرتووە. چیها ڕۆژ و چەندەها شەو، بەبێ نان سەرم کردۆتەوە و هەستاوم و خەوتوومەوە. لێبگەڕی با لەو ژێرە دابنیشین و بەسەرهاتەکەمت بۆ بگێڕمەوە.
بەرەو ژێر ڕۆیشتن و بەکەنارەی دەریا دا بەرەو سەر چوون. بە تەنیشتی لەنگەرگەیەکی پاپۆڕان دا تێپەڕین. کۆڵهەڵگرەکانی فەردە کشمیشیان لە گەمێ دادەگرت و ڕایان دەگواستە ئەمبارێک. کۆڵهەڵگرەکان، فەردە کشمش بە کۆڵەوە، خۆ بە خۆ و دەگەڵ یەکتر شەڕەچەقە و هات و هاواریان بوو. ئەژدەر و حەمەعەلی بە باریکە ڕیگایەکی لاشانی لەنگەرگەکە دا ڕابردن و لە سەر تەختەبەردێکی ڕۆخی زرێ، ڕوو بە دەریا دانیشتن. لێرەوە، شەپۆلی سەرکێشی دەریا دەگەڵ قەراغەکان سەرەسوونەیان بوو. شەپۆلەکان لە دوورەوە، لە سەفی جیاجیا، بە شوێن یەکتر دا دەهاتن و هەتا لە کەنارەکان نزیکتر دەبوونەوە، مەزنتر و سەرشێت تر و بەهێزتر خۆیان بە کەند و لەندی قەراغەکان دا دەدا؛ لە گەڕانەوەش دا دیسان دەگەڵ قەڵبەزی پاش سەر، تێکەڵی یەکتر دەبوونەوە و دەهاتن و دەچوون. کەمێک دوورتر، ڕێزە قورینگێک بەسەر باوەشی شینی دەریا دا نەرمە نەرمە دەهاتن و جارجار بە سەر و ملەوە لەئاوەکە دا نوقومی ژێر ئاو دەبوون. ئاوی شینی دەریا، نەرم و نیان باوەشی بۆ پۆلە مەلی بەحراوان والا کردبووە. باڵندەکان لە بەرزاییەوە بۆ باوەشی دایکی دلۆڤان نزم دەبوونەوە و بە سنگەخزە بە سەر ئاو دا دەخوشین. دەنگی قریوە و زریوە باڵندە و هات و هاواری کۆڵهەڵگرەکان بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. زەردەی هەتاوی ئێوارەدەمان چەشنی پیاوێکی شەکەتی تینووی ئاو، لێو بە لێوی دەریا، دەگەڵ شەپۆل و مەل و گەمێی سەر ئاوی دەریاکە خەریکی گەمە و ڕاز و نیازان بوو.
حەمەعەلی پشوویەکی دابوو. سەیری دیمەنگای بەر دەمی دەکرد. بەبێ ئەوەی کە چاو لە ئاو هەڵبگرێت، دەستی پێکرد:
ـ ئەژدەر! ئیتر من ئەو "حەمەعەلی"یەی جاری جاران نەماوم... ئەو "حەمەعەلی"یە نەماوم کە دەست و مستی بەر لە مێشکی دەخستە کار و قسەی پێدەکرد. من بە هەرزەکاری و سەرشێتیەکەی جارانم گەیشتووم و باش دەزانم چەندە هەڵەکار بوومە... بەلام بۆچ لێم ناپرسی چیم لێهات و چیم بەسەر هات ئەژدەر؟!... پاش لێک هەڵبڕان و دوای ئاخر مالاواییمان، یەک ڕاست گەڕامەوە گوندەکەمان. لادێیەکان هاتنە دیدەنیم و داوایان لێکردم باسی شاریان بۆ بگێڕمەوە. هەرچی بینی بووم و ئەوەی بیستبووم، هەر هەمووم بۆ گوتن. باسی پاڵەوان بازی و لێدان و سەرشکاندن و ڕاکردنم بۆ گێڕانەوە. من پێم وابوو دوای کۆتایی چیرۆکەکەم، بەتێکڕایی بالۆرەم بۆ لێدەدەن و وەک پاڵەوانی بەیت و لاوکۆکان، دەستم بۆ دەبن گوێچکە دەنین و بە دەست و باسکم هەڵدەڵێن و ئافەرینم پێدەڵێن، بەلام وانەبوو...
ئەژدەر! برای گەورم حەمەجەعفەری ناوە. کاکم پیاوێکی ژیرو لێهاتووە و ئەزموونی بەنرخی لە ژیان وەرگرتووە. پێت وایە حەمەجەعفەر چی پێ گوتم

ئەژدەر؟! ... برا گەورەکەم سەرکۆنەی کردم و پێی گوتم کە هیچ خەبەر و باسێکی شیاوی گوتنت پێ نییە براکەم!... گوتی ئەگەر ئەتۆ لەشار مستت لەدەمی پۆلیس کوتاوە و دەمت پڕلە خوێن کردووە، ئێمەیش جارانی جار ژاندەرم و کوێخا دێ و تەنانەت بەگلەریشمان بیراز کردووە. ئەمانەی گوتت، شتی تازە نین... ئەگەر شتی تازت پێیە، چاو و دڵمانی پێ ڕوون کەوە هەتا ئافەرینت پێ بڵێین... ئەژدەر هەر کە ئەمەم بیست، خێرا ئەو لاپەڕە بەیاننامەی کە وا خۆت بە سەر دەرگای کارگەی "شیبایۆڤ"تەوە دابوو، لە باخەڵم دەرکێشا و لە بەر دەمم دانا...

ئەژدەر قسەی لە دەمی حەمەعەلی ئەستاندەوە و لێبڕاوانە گوتی:

ـ حەمەعەلی وا نییە!... چەسپاندنی بەیاننامەی سەر دەرگای "شیبایۆڤ" ، کاری من نەبووە حەمەعەلی!

حەمەعەلی بەبێ ئەوەیکە قسەی ئەژدەر بەهێند بگرێ، درێژەی پێدا:

ـ باشە ئەژدەر، وای دادەنێین کاری تۆ نەبووە و یەکی تر چەسپاندبووی؛ ئەمە دەردێکمان دەرمان ناکا. بەیاننامەکە دەست بە دەست گەڕا و کاتێک کەوتەوە دەستی کاکم، بۆی خوێندنەوە. کاکم دەستێکی لە پشتم کوتا و گوتی:

ـ ئەمەیە و بەمە دەڵێم شت. هەر وشەیەکی ئەمە، کاری هەزار شەق و پێلاقە دەکات...

هەر بۆ سبەینێ، بارە دارێکی لێرەواری بۆ فرۆشتم و پێی گوتم:

ـ هەر ئێستاکێ دەگەڕێیتەوە شار. لە منەوە و لە خەڵکی ئاواییەکەمانەوە گەلێک سڵاو لەو خوشکە "نینا"یە دەکەیت و پێی دەڵێی کە لە بەیاننامەکانیدا هەندێکیش باسی ستەمی بەگلەر و ژاندەرم و، هەژاریی و بێبەشیی ئێمەیش بنووسێت. کاکم ڕاسپاردەی کردم کە لە گەڕانەوەم دا بە باوەشی پڕ بەیاننامە بۆیان بچمەوە.

حەمەعەلی لە قسەکردن دا وەک گیانێکی تازەی بە لەش دا گەڕابێتەوە، جار جار پێدەکەنی و دەست و باڵی دەگەڵ گوتن ڕادەوەشاند.

ـ حەوتوویەک دەبوو گەڕابوومەوە شار؛ لە یەکەم ڕۆژ، بەشوێن ئیش دا خولامەوە، بەڵام وەڵامم "نا" بوو. دراوی گیرفانم لە تەنکەی دا و وای لێهات ئیتر هیچم پێ نەما. لە ناچاری بەرگی ژێرەوەی خۆم فرۆشت و چەند ڕۆژێکی پێ ژیام. ڕۆژگاری بێ کاریم درێژەی کێشا و ئاخرسەر جلکی سەرەوەیشم فرۆشت و ئەم کۆنە جلکانەم بە سووکەڵە دراوێک کڕین و نانم پێ کڕین. یەک دوو جارانیش سەری چەند کۆنە هاوڕێییەکم چاک کردەوە و بە پارەی ئەوان ژیانم بردە سەر. شەوانە لە سەربانی نزمیماڵی هەژاران خەوتووم و ئیتر ڕووی کەسم نەماوە بۆلای بادەمەوە. پێی گەڕانەوەی گوندیشم نییە، چونکە دەستم لە بەگ هەڵێناوەتەوە و ژاندەرم بە شوێنم دا دەگەڕێ. گەوجەکاری من، وێران کردنی ماڵی حەمەجەعفەری برایمیشی بە دواداهات و ئەویشم ڕەهەندەی چیاکانی "قەرەباخ" کرد... ئەژدەر نازانی چ دەکێشم!... هەر ئیستێک پێش دیتنەوەی تۆ، سەری ئاسمانانم لێ تاریک داهاتبوو... ئەرێ تۆم نەدیتبایەوە، دەبوو چی بکەم

ئەژدەر؟!... ـ دەمێک بێدەنگ مایەوە و لەپڕ گوتی: ئەژدەر وا بیر نەکەیتەوە هاواری دیتنەوەتم بە هیوای بەرێچوونم بە گەروو دا دێت... نەخێر! من ناخوازم بە دەستی بەتاڵ، بۆ لای حەمەجەعفەر بگەڕیمەوە... ئەوان چاو لە ڕێی گەڕانەوەی دەستی پڕ و هەگبەی پڕن... نامەوێ بە دەستی بەتاڵ بچمەوە لادێ... تێدەگەی ئەژدەر؟!...

ـ حەمە عەلی واز بێنە براکەم!... نینا کێیە؟... ئەم شەونامە و بەیاننامانە لە کوێ چاپ دەکرێن و چلۆن بڵاو دەبنەوە، نە من دەیزانم و نە ڕێی پێدا دەبەم. بەڵام ئەوەی کە بە من گەیشتووی و من لەم بار و دۆخەدا بە تۆ گەیشتووم، پێت وانەبێ من لە تۆ جیام. ماڵی من و گیرفانی من هی خۆتە و ئەوەندەی من دەتوانم کەڵکیان لێ وەرگرم، تۆیش هەر ئەوەندە. من کلیلی ماڵەکەی خۆمت پێ دەدەم و لەوێ دەتوانی ئەم کۆنە جلکانە حەوا بدە و جلکی من دەبەر بکەیت. هەر ئێستێکە دەچیتە لای ڕدێن تاش و ئەم تیسک و تووکەت دەتاشی و دەچیتە گەرماو و خۆت پاک پاک دەشۆی. دوایيش نان و پێخۆر و شتی پێویست بکڕە و شەو بە ڕەحەتی لێی بخەوە. من دوایی دێمەوە لات و بە وردی قسە دەکەین.

ئەژدەر دەستی لە گیرفان نا. کلیلی ماڵەکەی و هەرچی دراوی لە جۆرکی دابوو دە مستی حەمەعەلی کرد.

ـ ها بگرە و بڕۆ هەرچی پێم گوتی بیکە... من نەختە کارێکم هەیە و دەبێ بە شوێنیان دا بچم.

حەمەعەلی کلیل و دراوەکانی وەرگرت. بۆ کورتە دەمێک، زمانی لە گوتن کەوت. هەرکە زمانی کرایەوە، لە ناخی دڵەوە گوتی:

ـ هەی بۆمن بمێنی براکەم!... بەڵکەم ڕۆژم بێتەوە و سەرێک هەڵبێنمەوە و تۆڵەت بۆ بکەمەوە...

لە یەکتر هەڵبڕان و هەر یەک بۆ لایەک چوو.

***

ئەژدەر بەرەو تاخی "بابیل" بەڕیوە بوو. حەمەعەلی و ڕۆژی ڕەش و پەرێشانییەکانی ئەو، ئەو ڕۆژە ڕەشانەی خۆی کەوتەوە بیر، کە هەر بەم جادەیە دا بەرەو گەڕەکی "بابیل" چوو بوو. برسی و دەسبەتاڵ و پەرێشان بوو. دوو ڕۆژ بوو لە ئاو بەولاوە، هیچی بە ئەوکی دا نەچوو بوو. چلۆن حەمەعەلی پەنای بۆ هێنا، هەر ئەوجۆرەش خۆی پەنای بۆ "لادۆ" برد. ئەو ڕۆژە، "لادۆ" زیندووی کردەوە و بووژاندییەوە... ئیمڕۆکەیش، ئەو حەمەعەلیی ژیاندەوە.

لە دەوری مێزێک دا "چۆنیاتۆف" و "دەدۆشکا" دانیشتبوون ، بەڵام "کنونیانتس" نائارام دەهات و دەچوو. لە دەست دانی "لادۆ"، مستێکی ئاسنین بوو لە تەوقی سەریان درابوو. مەراقی لە دەست دانی "لادۆ"، قورساییەکی لە ڕادەبەدەری

خستبوویە سەر دڵ و دەروونی یەکایەکی ئەندامانی کۆمێتەی باکۆ. سەر و ڕیشی "مەلیک" چەشنی خۆڵەمێش بۆز دەچۆوە. برۆی تێکچڕژاوی لە دوورەوە چەشنی زێو تروسکە دەهات. "کنونیانتس" لاوازتر و داکەوتەتر لە جارانی دەنواند. لەو بەری مێزەکەش دا شۆڕشگێری بەناوبانگ، "سیلۆستەرۆڤ" لە سەر چوارپایەیەک دانیشتبوو.

"سیلۆستەرۆڤ" پیاوێکی هێدی و بێدەنگ بوو. لەوتەی "لادۆ"یان لێ سەندرابوو، ئەمە جاری سێیەم بوو کە ئەژدەر لە کۆبوونەوەی ئەو دا بەشدار دەبوو. سیلۆستەر، بۆ هەستانەوە و چالاکبوونەوەی "نینا" ڕەگەڵیان کەوتبوو.

دەرگاکەیان گاڵە دا و کۆبوونەوەکەیان دەست پێکرد. هەر لەو دانیشتنەدا، سیلۆستەر، پێی ڕاگەیاندن کە ماڵێکی بە مەتمانەیان لە گەڕەکی "تازاپیر" بۆ "نینا" دۆزیوەتەوە و پێویستە بە زووترین کات، مەکینە و کەرەسەی چاپخانەی بۆ ڕاگوێزن و دەست پێ بکەنەوە.

سیلۆستەر گوتی:

ـ ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە ماڵی جەبرەییل بکەوێتە بەر هێرش و دەبێ ئێمە دەست پێشخەر بین... ساوە ساوی پێویست نییە و بە بڕوای من، هەر دوای ئەم کۆبوونەوەیەمان، من و پیوتر و ئەژدەر سەردانی ماڵی جەبرییل بکەین و بێ سێ و دوو، شمەکی خۆمانی لێ بستێنیەوە و ڕایان گوێزین... ڕای تۆ چۆنە مەلیک؟

مەلیک گوتی:

ـ جەبرەییل خۆی بە پیاوێکی خۆش قەول و قەرار دەزانێت و پەڵپی ئەمەی گرتووە، هەتا "لادۆ" نەبینێ، کەلوپەل بە کەس نادات. گۆیا کوشتەو مردووی بەڵێن و پەیمانە و سەری تێدا بچێت قەول و قەرار ناشکێنێت. دەڵی دەگەڵ کابرای گورجی شەرتیان بەستووە و لە ژێر پەیمان دەرناچێت، بەڵام وانییە. من پێموایە ئەگەر لەبری دەزگای چاپ و شمەکی چاپەمەنی، ڕۆن و شەکر و برنجی بەلاوە بوایە، لەمێژ بوو حەپەلووشی کردبوو. بەڵام لە مەکینە و کەلوپەلی چاپەمەنی دەترسێت؛ نە بۆی دەفرۆشرێت و نە دەتوانێ بەلای پۆلیسەوە باسی بکات. لێی بۆتە داسی ڕمانە و لە دەستانی خەو بە چاوی دانایە. جەبرەییل لە نێوان دوو ڕێیانێکی زۆر سامناک دا گیری کردووە و ئەگەر سووچی دراوێکی نیشان بدەین، دڵنیام گەلێک حەز دەکا و زۆریش سپاسگوزارمان دەبێ کە ئەم مەترسییەی لێ دوور کەوێتەوە.

بۆچوونەکانی مەلیک پەسند کرا و، بەڵێنیان دا ئێوارە بەکاتی خۆرپەڕان بۆی بچن و دەگەڵی یەکلا بکەنەوە. دوای کۆتایی هاتنی وتووێژ، ئەژدەر هاتە سەر باسی گەڕانەوەی حەمەعەلی و هەرچی ئەو گوتبووی، بۆی گێڕانەوە. ئەژدەر باسی گوند و حەمەجەعفەری برای و ئاماژەی بە وەرچەرخانی بیروباوەڕی "حەمەعەلی"ش کرد ئەژدەر پێشنیاری بە ئەندام وەرگرنیشی بۆ کرد.

چۆنیاتۆف وێڕای خوشحاڵی لەم خەبەرە، گوتی:

ـ بیروڕای هەڤالانم سەبارەت بە گەڕانەوە و ئالوگۆڕی کرداریی حەمەعەلی بەجێی خۆی، من پێی دلخۆشم و شێوەی ڕەفتاری "ئەژدەر"یش پەسند دەکەم. ئەم شێوە ڕەفتارە، لە تێکۆشەرانی ڕێبازی ئێمە دا سەرمەشقە و ئەرکی سەرشانمانە باری لاری ئینسانی تێکۆشەر ڕاست بکەینەوە. ئەو پەیامەی کە حەمەعەلی لە دێهاتەوە بۆی هێناوین، جێگای سەرنجە. بەلێ ڕاستە، هێستایش کە هێستایە، سیستەمی "سرڤاژ " لە گوندەکانمان دا زەوی و ئاژەل و ئینسان بە مافی ڕەوای بەگلەر و خان و خانزادەکان دەزانێ. بەگلەر و خان و گزیرەکانیان بە پشت ئەستووری ژاندەرم، تەنگێکی ئەوتۆیان بە ڕەنجبەری گوندەکان هەلچنیوە، کە جێی خۆیەتی پشتیان بگرین و بە ڕێنموونی و سازمانکاری، وزە و هێزی ئەوانیش بە بزوتنەوەی کرێکاری بلکێنین. ئێمە گەلێک جاران لە ڕێگای نووسینەوە، سیستەمی سرڤاژ و حالی ژار و پەرێشانی گوندییەکانمان بەکۆمەل گەیاندووە، بەلام تزاری کۆنەساختەچی، ڕووداەلاوانە لە وەلامی ئێمە دا دەلی سیستەمی سرف لەمێژە هەلگیراوە. بەلی من پشتی ئەژدەر دەگرم و هانی دەدەم هەرچی زیاتر، دەروازەی گوندەکان بە ڕووی شارەکان دا بکاتەوە. پرۆلیتاریای شاری باکۆ، ئەرکی سەرشانی خۆیەتی دەفریای ڕەنجبەری لادێیی بکەوێ و لەم مەرگەساتە ڕزگایان بکات.

"کنونیانیس" بۆ پشت ڕاستکردنەوەی وتەکانی چۆنیاتۆڤ گوتی:

ـ ئەوەیکە جێگای ڕەزامەندی ئێمەیە، ڕازداری و ژیربێژیی "ئەژدەر"ە لە ئاست گەڕانەوە و وەرچەخانی حەمەعەلی. بەلی ڕاستە کە حەمە عەلی کرداری و لە مەیدانی عەمەل دا ڕێگای ژیرانەی هەلبژاردووە و خۆی لە هەلەکاری دوورخستۆتەوە. بەلام، دیسانیش پێی دەوێی و پێویستە لە زۆر بارانەوە پەروەردە بکرێت. چەلی بە ئەندام وەرگرتنی حەمەعەلی کەمێک زووە. دەبێ پەروەردەبکرێت. حەمەعەلی دوای پەروەدەکردن و تاقیکاری، باشترین تەتەر و پەیوەندیدەری "نینا" و لادێییەکان دەبێت. چەلێ هێشتا ساکارە و بزۆزیی پێوە دیارە؛ مرۆڤی بزۆز و ساکار زۆر زوو دەستی دەخوێندرێتەوە.

چۆنیاتۆڤ لە درێژەی وتەی کنونیانتس دا گوتی:

ـ بەلی وایە هاوڕێ... ئەژدەر لە فێرگەی"لادۆ کەتسخۆڤلی" دا فێرە کار بووە. ئەگەر حەمەعەلی لە گوندەوە بە هومێدی دیداری ئەژدەر گەڕاوەتەوە، ئەمە خۆی لە خۆی دا ئەمە دەگەیەنێت کە ئەژدەر بۆ حەمەعەلی لە حوکمی مامۆستایەک دایە و، حەمەعەلی کەوتۆتە ژێر هەیمەنەی مامۆستای خۆی. ئەوەتا حەمەجەعفەری برای و گوندییەکانیش، بەتێکڕا "حەمەعەلی"یان هان داوە بگەڕێتەوە لای ئەژدەر و وانەی ڕەوش و ڕەفتار لەو هەلگرێتەوە. ئەمەش بلێم کە گوندییەکان وەکی میوەی گەیشتوو وان و، کاتی کەلک لێ وەرگرتنیان هاتووە و دەبێ پێیان ڕابگەین. بە باوەڕی من، ئەژدەر دەبێ حەمەعەلی ڕابێنێت و پەروەردەی بکات. ئەژدەر دەبێ شێوەی کار و شێوازی هەلسوکەوت دەگەل گوندییەکانی فێر بکات. ئەژدەر و حەمەعەلی دەتوانن

گوندییەکان دڵنیا بکەنەوە کە ئێمە و ئەوان، قەف و قڵفی یەک زەنجیری خەباتین و خەباتمان یەکە و سەرکەوتنیشمان یەکە. لەمە بە دواش "نینا" لە دەستی دێت ئەزموونی بەنرخ بو سەرهەڵدانی خەڵکی لادێ لە توێی بەیاننامەکان دا بنووسێت و لەناو دێهات دا بڵاویان بکاتەوە. حەمە عەلی دەتوانێ ببێتە پردێکی بە مەتمانەی نێوانی "نینا" و ڕەنجبەرانی لادیی.

"سلیۆستەر" گوتی:

ـ ئەگەر ئەو برادەرەمان بە ئەزموونی حیزبی ڕابێت و نهێنیکاری و هێمنایەتی بکاتە پیشەی خۆی، یەکەمین پێشمەرگەی پەیوەندیدەری پرۆلیتاریاو ڕەنجبەرانی دێهات دەبێت. من لە بار و دۆخی گوندەکانی مەڵبەندی "قەرەباخ" شارەزام و دەزانم ئەوان ئامادەگی و کارایی ئەمەیان تێدایە کە شان بە شانی ئێمە هەنگاو بنێن. من دەزانم کە هەڤاڵ لێنین ئاماژە بە هاوخەباتیی چینی کرێکار و ئەرتەشی ڕەنجبەری دێهات کردووە. ئەو دەڵی: ئەرکی سەر شانی چینی کرێکاری پێشڕەوە، کە بزووتنەوەی ڕەنجبەرانی گوند و ئاواییەکان بە دەستەوە بگرێت. ڕەنجبەری گوندەکانیش چەشنی کرێکار، لە لایەن بەگلەر و ژاندەرمەوە چەندین جار دەچەوسێندرێنەوە.

ئەژدەر بە هەموو توانا و هان و هەناسەیەوە لە بەحری زانست و ئەزموونی هاوڕێیانی دا وەمەلە کەوتبوو. وەک قوتابییەک، وشە بە وشەی لێ هەڵدەگرتنەوە و خۆی بەرەو سەر دەکێشا.

بەرەبەرە خۆر بەرەو ئاسۆگ دادەکشا. دەرگای ژوورەکە، بە ڕەمزێکی ناسراو دەنگی لێوەهات. دەرگایان کردەوە، ئەندامێکی کۆمیتەی کارگەری"بی بی هەیبەت" بوو. بە هاتنی ئەو، "چۆنیاتۆڤ" مانگرتنی سەرانسەریی مانگی مارسی ئاشکرا کرد. داڕێژەر و سازمانکاری ئەو مانگرتنە، سێ کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی کرێکاریی شاری باکۆ بوون. چۆنیاتۆڤ پێرستی کار و چالاکییەکانی بۆ خوێندنەوە و بەرپرس و چاوەدێرانیشی ناساندن. ئاماژەی بە دەور و نەخشی "نینا" و چالاکیی ئەندامانی گرێدراو بە "نینا"ی کرد. "چۆنیاتۆڤ"، ئەرکی دامەزراندنەوە و چارەسەکردنی چاپخانەکەی بە تەواوی خستە سەر شانی ئەژدەر.

هەتا تاریک بوونی هەوا دانیشتن و لە هەر بابەتێکەوە قسەیان کرد. بە ئاماژەی چۆنیاتۆڤ، ئەژدەر لە جێ هەستا و پێکەوە چوونەدەر. گالسکەیەکیان بەکرێ گرت و بەرەو شەقامی"چادرویی"کەوتنەڕێ. کەمێک ئەولاتری ماڵی "جەبرەییل"، ڕایان گرت و بە فایتوونەوانەکەیان گوت:

ـ تکایە لێرە چاوەڕوانمان ڕاوەستە، کەمێکمان شمەکی ماڵ هەیە و دەخوازین ڕایان گوێزین. ئەگەر کەمێکیشمان درەنگ کرد، هیچ خەم نییە، ئێمە ناهێڵین گلەییت هەبێ!

چوونە ژوور. حەوشەکە تاریک بوو. تاک چرایەکی ژووری جەبرەییل دەئاییسا. بە ئەسپایی لە دەرگایان دا، زۆری نەخایاند کورێژگەیەکی دە ـ دوانزدە ساڵی دەرگای لێکردنەوە. کورێژگەکە بە وردی تێیان ڕاما، ناسیاوی تێدا نەدیتن.

ـ ئیشتان بەکێ بوو؟

ـ باوکت لەماڵەوەیە؟

ـ بەڵی!

ـ بڕۆ بانگی بکە بابێ.

ـ لە تاریکی دا مەوێستن... فەرموون هەڵکشێن... ـ لە قسەکردن دابوون، کە جەبرەییل گەیشتە سەریان. بە وردەی سەیری "چۆنیاتۆڤ"ی کرد.

ـ ئەی ئەی!... خۆ ئەوە دیسان گەڕانەو؟!

ـ بەڵی گەڕاینەوە!

جەبرەییل بەری دەرگای گرتبوو. چۆنیاتۆڤ بە تەوسەوە گوتی:

ـ بە ڕۆژی ڕووناک خوڵقی چایی خواردنەوەمان دەکەیت و بە شەویش ڕێگای هاتنە ژوورمان لێ دەگری!.. ئێمە ئێستاکەمان بۆ چایی خواردنەوە پێ باشتر بوو، بۆیە بۆی گەڕاوینەوە... هیوادارین دەست بە سینگی میوانانەوە نەنێیت و دەگەڵمان باش بی...

جەبرەییل وەک دەخەو مابێ و لە خەو خەبەر کرابێتەوە، پێکەنینێکی زۆرەملی خستە سەر لێو و بە دەنگێکی زۆر بەرز گوتی:

ـ فەرموون... فەرموون ... پێڵاوتان لەسەر دیدەکانم!

وەژوور کەوتن. هەر چوار دیواری هۆدەکە بە بۆیەی چەند ڕەنگە نەخشێندرابوو. لە دیواری سەورروو دا، بەشێک لە چیرۆکی "لەیلێ و مەجنوون"، بەبۆیەی چەند ڕەنگە ڕەسم کرابوو. تێیدا، مەجنوونی داماو، ڕووت و قووت و لەڕ و لاواز لە باوەش گابەردێکی بیابان دا تخێل ببوو. هەوێردە لە ناو قژی سەری دا هێلانە و هێلکەی کردبوو. لە هەر چوار کەنارانیشەوە ، جڕ و جانەوەری ئەفسانەیی دەوەرەیان دابوو. هەر شان بەشانی ئەو مەجنوونە بێچارەیەش، وێنەی کچ و کوڕێکی قنج ، لە دەم زەریایەکی شین، خەریکی هەڵمژینی بەرامەی گوڵی گوڵزاران بوون.

لە سووچێکی هۆدەکەدا، کۆمۆدێکی بالاّبەرز، چەند چرای نەوتی لەسەر ڕۆندرابوو کە شووشە لامپای یەکێک لە چراکان بە پەڕە تاوسی ڕەنگاوڕەنگی ڕازێنرابوویەوە. جەبرەییل بە پێچەوانەی ڕۆژ، کە جلک و بەرگی کارداری لەبەر دابوو، ئێستێ وەک خەوانینان بەرگی پۆشیبوو. دوولنگەیەکی نوێ، چاکەتێکی درێژو شەوکڵاوێکی مەخمەر، "جەبرەییل"ێکی نوێیان ساز کردبوو.

ئەژدەر و چۆنیاتۆڤ لەسەر کورسی و لە پشت مێزێکی داپۆشراو بە مشەمای شین دانیشتن. لە سەر کورسیلەیەکی بەرامبەریشیان دا، جەبرەییل دانیشت. جەبرەییل بانگی کرد:

ـ چایی بێنن!

زۆری نەخایاند، کوڕیژگەکە سێ فینجان چایی لە سەر کەشەفێکی ئەنتیک دا هێنا و لە سەر مێزەکەی دانا. جەبرەییل چایی و مرەبای بۆ دانان و گوتی:

ـ لە بەڕێزانم تکایە، لەمماڵەدا خۆیان بە میوان نەزانن و وەک خانەخێو دەگەڵم ببزوونەوە... کەرەم کەن چاییەکانتان بە مرەبا شیرین بکەن!

چۆنیاتۆڤ فینانی چاییەکەی وەلا نا و گوتی:

ـ با منیش ڕەپ و ڕاست پێت بڵێم کە من چایی ماڵی پیاوێکی وەک خۆت ناخۆمەوە.

جەبرەییل جووت چاوەکانی خڕ بوونەوەو لەم بێڕێزییەی چۆنیاتۆڤ شڵەژا. لەوانە بوو ئەگەر بە ڕۆژی ڕووناک ئەم کارەی پێکردبایە، دەی شێواند، بەڵام ببڕای ببڕا قسەی کاڵی "چۆنیاتۆڤ"ی وەخۆی نەگرت و هێدیانە گوتی:

ـ ئەی ئەگەر قەرار بوو چایی ماڵی پیاوێکی وەکی من نەخۆیتەوە، بۆچ دەرگای ماڵی پیاوێکی وەک منتان قەڵەشتۆتەوە؟!

ـ جەبرەییل خۆت باشتر لە هۆکارەکەی دەزانی.

ـ چایی کە هاتە بەر دەمی میوان، بە سەر خانەخێو دا نادرێتەوە... مەگەر ئەمە نازانی؟!... فەرموو چاییەکەت بخۆوە!.. بەڵام من لە سەر بەڵێنی خۆم ڕاوەستاوم و پاشگەز بوونەوەم نییە... من جوابی داوخوازییەکەی ئێوە بەرپەرچ دەدەمەوە ـ بە دەم قسەکردنەوە شەوکڵاوەکەی داگرت و لەسەر مێزەکەی ڕۆنا و گوتی: من نا... ئێوە خۆتان دادوەر و قازی بن... کابرایەکی ڕێزدار هاتۆتە لام و بە پیاوی داناوم و ئامانەتێکی پێ ئەسپاردووم... خۆتان قازی و من تاوانبار، ئەگەر بەڵێن بشکێنم و ماڵی ئامانەت بە کەسێکی نەناس بسپێرم... دەبێ لەچکەی ژنان بە سەر دادەم و دمامک بگرمە ڕووم... نایکەم!

چۆنیاتۆڤ لێی توند کرد و گوتی:

ـ لالۆ تۆ پێت وانەبێ جەماعەتێکی ساختەچیت میوانن! هەر ئەو بابایەی کە شمەکی بە تۆ ئەسپاردووە، ئەو بە ئێمەی گوتووە، ئەگینا ئێمە لە کوێ خەبەردارین؟!

ـ ئێ باشە، ئەگەر ئەو پێی گوتوون و ئەو ڕای سپاردوون، ناونیشان و شوێنی ژیانی ئەوم بدەنێ با من بچمە لای...

ـ ئەو لەم شارە نەماوە!

ـ لە کوێیە؟

ـ لە دوور هەندەرانە.

جەبرەییل ڕووی کردە ئەژدەر و گوتی:

ـ ئامۆزا گیان خۆ تۆ مسوڵمانی و ڕەسم و ڕسوومی خۆمان دەزانی... دەزانی کە بەڵێن شکاندن، ئیمان شکاندنە... شەرمەزاری ئەوم مەکەن!

ئەژدەر هێمنانە گوتی:

ـ دە ئاخر ئەتۆش ئینسافێکت هەبێ مامە گیان! خۆ ئێمەیش سەربەخۆ و گەللایی نەهاتووینە لاتان؛ ئەو ناردوونی و ئەو ناونیشانی ماڵی ئێوەی پێداوین... ئێمە خۆ عیلمی غەیبیمان پێ نییە کە چاو بنووقێنین و شتی شاراوە ببینین.

جەبرەییل تاوێک دەخۆی دا ما و، بێدەنگەی لێکرد. لەپڕدا گوتی:

ـ ئەدی کێ تاوانی زەرەر و زیانی من دەداتەوە؟

ـ چ زیانێک مامە گیان؟

ـ ئەی چۆن؟!... ئەو ژوور و دیوەخان و ژێرزەمینەی کە هاوڕێی ئێوە لێی بەکرێ گرتووم و هەر چۆڵ ماونەتەوە... ئەدەی ئەگەر ئەمە زیان نەبێ ، ئێوە چی پێ دەبێژن؟! ئاخر دەست و باڵی منیش ئەوەندە ئاواڵە نییە کە بەرگەی زیانی ئەوتۆ بگرم!

چۆنیاتۆف دەستی بۆ باخەڵ برد و هەندە دراوێکی بۆ لە سەر مێزەکە دانا.

جەبرەییل لە چاوترووکانێک دا پڕی پێداگرت و دوای ژماردن، لە تەنکەی گیرفانی نا و بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە، بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

ـ دە جا ئەمجار فەرموون چاییەکەتان نۆشی گیان بکەن.

چاییان خواردەوە و بە ئامازەی دەست، جەبرەییل گوتی:

ـ فەرموون هەڵکشێن... کەلوپەلەکان لە باڵەخانە داندراون.

چونیاتۆف گوتی:

ـ ئەژدەر دەست و بردێک بکە و فایتوونەکە بێنە ناو حەوشە.

پێشەکی سندووقەکانیان هێنایە حەوشە و لە بەر دەرگا، ئامادەی سوارکردنیان کردن. جەبرەییل لە سووچێکی حەوشە چاوەڕانی بارکردن و ڕۆیشتنی دەکرد. سندووقی مەکینەکە، قەببە و قورس بوو. دەستی دوو کەس بۆ بەرزکردنەوە و خستنە سەر گالسکە دەروستی نەدەهات . بانگی فایتونەوانەکەیان کرد:

ـ ئابرا وەرە دەستێکمان بدەیە با ئەم سندووقە پڕ لە چینی و بلوریاتە بە ساخی بار بکەین... قورس و قەببەیە و دستی دوو کەس نایگاتەوە.

بە یارمەتیی فایتوونەوان، سندووقەکانیان دانا و کەلوپەلی تریان لەسەر هەڵچنین. دوای ماڵ ئاوەدانی و مالاوایی کردن لە جەبرەییل، سوار بوون و ڕۆیشتن. لە لێژایی توندی شەقامی چادرویی دا، فایتوونەوان خۆی بە پاشکۆی فایتوونەکەوە هەڵواسی نەوەک ئەسپەکان هەڵخیسکێن.

ماڵی نوێی "نینا"، باڵەخانەیەکی دوو نهوومی بوو لە گەڕەکی "تازەپیر"ی ژێروو دا. نهوومی ژێرووی باڵەخانەکە، دوو دووکانی لێ سازکرابوو، بەڵام بەهۆی هەژار بوونی دانیشتووانی گەڕەک و نەبوونی بازاڕ، دەرگای دووکانەکان تەختە کرابوون و لە جیاتی ژێرزەمین تەرخانی دانانی شمەک کرابوون.

لە بەر هەر دوو پەنجەرەی نهوومی سەرووی باڵەخانەکە دا، بە شێوەی بینای ڕۆژهەڵاتی، دوو باڵکۆنی بۆ ساز کرابوو. دوو ژوورەکانی سەروویان تەرخانی "نینا" کرد. مەکینەی چاپ و کەلوپەلی پێویستان بردە سەر. مەکینەکەیان، زۆر بە وریایی

و بە ئاسپایی و بە چەشنێک بردە سەر، کە تەنانەت خاووخێزانی"داداش ئۆف"یش هەستی ڕاگوێزانی گیازی"نینا"یان نەکرد. چاپخانەکە هەر لەسەر ئەو شێوازە دامەزرایەوە، کە "ڤلادیمیر زاخارڤیچ" دایمەزراندبوو. بۆ خنکاندنی دەنگی مەکینەکە، هەر چوار دیواری ژوورەکەیان بە چەشنێک نمەدپێچ کردبوو، کە ئەگەر تۆپیشت تێدا تەقاندبایەوە، دەنگ بو دەر نەدەچوو.

جگە لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانە، تەنیا" داداش ئۆف"بوو کە لە بوونی دەزگای چاپ خەبەردار بوو. "داداش ئۆف"یش تەنیا لەمە ئاگادار بوو کە چاپخانەکە پۆستەر و بروشوور و کاغەزی مارکداری نووسینگە بازەرگانییەکان لە چاپ دەدات. هەروەها ئەمەشی دەزانی کە خاوەنی چاپخانەکە بەهۆی هەژاری و کەم دەرامەدی، توانای وەرگرتنی جەوازی کاری نییە و چاپخانەکەش بە شێوەی ڕەش و لە ڕێگای قاچاخەوە کارەکانی بەڕێوە دەبات. هەر بۆیە، "داداش ئۆف" هەر نەک بە لای خاووخێزانی، بگرە تەنانەت بەلای خۆیشییەوە ورەی باسکردنی نەبوو. کاتی بەکرێ دانی باڵەخانەکەش،"داداش ئۆف" لەبەر خاوەنی چاپخانەکە پاڕایەوە کە بە لای کەسەوە باسی بەکرێگرتنی مەڵەکە نەکەن. چونکە ئەگەر دەزگای باجگیریی دەوڵەتی بەم بەکرێدانە بزانێت، واوەیلایە و ماڵیاتێکی هەر هێندە زۆری دەکەوێتەوە سەر، کە لەبنی دەرنایە.

"داداش ئۆف" و سەرجەم توێژی ورتکە بورژوای خاوەن مڵک، لەژێر باج و ماڵیاتی قورسی دەوڵەتی دا دەیان ناڵاند. لەو ڕۆژگارە ڕەشە دا، بە کرێچوونی باڵەخانەیەک بو چاپخانەیەکی قاچاخ، خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی بەنرخ و هێژا بوو؛ هەربۆیە "داداش ئۆف"، هامووشۆی خزم و کەسانیشی بڕی و ناوی چاپخانەیشی لە دەفتەری مێشکی خۆی دا بە قفڵ و قەپاتکراوی هێشتەوە.

لە باڵەخانەکە دا، "نینا" یەک پشوو دەیکوتا. بە چوار زمانی ئازاری، ڕوسی، گورجی و ئاسۆڕی، گەلێک بەیاننامە، ڕاپۆرت، ئامۆژگاری، نامیلکە و پەروتووکی لە چاپ دەدا. ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی بڵاڤۆکی "نینا"، لە جاران شارەزاتر بوون و خەباتەکەیان باشتر بەرەو پێش دەچوو. سەرەڕای ئەوان، مەکینەوان و پیتچێنی نوێشی لەلاوە بۆ هاتبوون. "ڤانۆ ستروۆڤا"ش زۆربەی کاتی شەو و ڕۆژانی لەوێ تێپەڕ دەکرد. ئەژدەر و "ڤەرا"ش، کە لە ماوەی خەوتنی "نینا" دا، مەلوول و خەمبار بوون، هەنووکە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی "نینا" دا دەوری هەرە چالاکییان وەرگرتۆتەوە.

ئیتر دەوری خەوتن و کەوتنی "نینا" بەسەر هات و دڵبەخەمی و پەرێشانیی "ڤەرا"ش کۆتایی پێ هات. کاتێک، کە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری 1902، دوای شەش مانگ خەوتنی "نینا" ، یەکەمین بەرهەمی چاپخانە لە باڵەخانە هاتە دەر، ڤەرا و ئەژدەر، چالاکیی جارانیان دەست پێکردەوە.

ئەژدەر هاودەم دەگەڵ کاری بڵاوکردنەوەی بەرهەمی "نینا"، دەگەڵ "حەمەعەلی"ش کاری دەکرد. حەمەعەلی، لێبڕاوانە خۆی دابوویە بەر کار و چالاکی

و بە حەز و خۆزیایەکی گەرم و گوڕەوە بەرەو پێش دەچوو. خۆی بۆ تێکۆشانێک ئامادە دەکرد، کە جوابگۆی نیازی هەموو ڕەنجبەرانی گوندەکان ببێت. یەکەمین نۆبەرەی کاری تەشکیلاتی حەمە عەلی، وەرگرتنی هەگبەیەکی پڕی بڵاڤۆکی "نینا" بوو، کە ڕەوانەی مەڵبەندی "قەرەباخ" دەکرا.

کۆمیتەی سەرانسەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی "کافکازیا"، لە تەدارەکی سازدان و بەڕێوەبردنی کۆنگرەی دووەمی حیزب دابوو. ئەندامانی ناوەندیی حیزب بەهەموو توانایانەوە هەڵدەسووڕان. شیکردندەوەی ئامانجەکانی حیزب، نیازمەندی ئامرازی پەیوەندیدەری حیزب و بەدەنەی ڕێکخراوەی خۆی بوو. لەم هەلە دا "نینا" قیامەتێکی بەرپا کرد، کە ئەوسەری دیار نەبێ. شەونامە، ڕوونکاری، بەیاننامە و ئاگادارییەکانی بەرهەمی "نینا"، هەر بە چەشنی کۆترانی خۆشخەبەر، باڵیان بە سەر جەماوەر دا کردبۆوە و بە پەیامەکان وڵاتیان گوڵباران دەکرد. ڤەرا و ئەژدەر، ماندوونەناسانە و بەبێ وەستان، بە گشت لایەک دا ڕادەگەیشتن. شاری باکۆ، لە سای چالاکیی ئەم دووە دا  هەژا بوو.

"نینا" سەرەڕای کاری حیزبی، کاری ئەدەبی و وێژەییشی وەئەستۆ گرتبوو. کورتە نۆڤێل، وردە چیرۆکەکانی "لیۆن تۆلستۆی"، کە دیکتاتۆرییەتی تزاری و ستەمکاریی کار بەدەستانی ڕژێمی کردبوویە ئامانجی هێرش، جارانی جار، خستنیەوە ژێر چاپ و بڵاوی کردنەوە. بەمەش نەهەندرا، بابەتی ڕەوشەنگەرانەی ڕۆژنامەی "ئیسکرا"یشی چاپ و بڵاو کردەوە. داوێنی پڕ خێر و بەرەکەتی "نینا"، ئەستێری وشەی بە سەر جەماوەر دا دەباراند.

کۆمیتەی سەرتانسەریی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی "کافکازیا"، لە سای بڵاڤۆکی "نینا" دا گەشابۆوە.

یەکەمین کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی "کافکازیا" لە سەرەتای ساڵی 1903 دا، لە شاری "تفلیس" بەسترا . "بۆگدان کنونیانتس" بە نوێنەرایەتیی حیزبی سۆسیال دێموکراتی شاری باکۆ، لەو کۆنگرەیە دا بەشداری کرد. هەر لەو کۆنگرەیەدا، نوێنەرانی شاری باکۆ، باتووم و تفلیس، بۆ کۆنگرەی دووەم هەڵبژێردرانەوە.

کۆنگرەی دووەمی حیزب بە سەرکەوتوویی بەڕیوەچوو. ستالین، لە بەندیخانەوەوە پەیامی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرە نارد. کۆنگرەش بیر و بۆچوونەکانی ستالینی لەمەڕ کار و باری حیزبی خوێندەوە. دوای کۆتایی کۆنگرەی دووەمی حیزب، بۆگدان و هاوڕێیانی لە تفلیسەوە گەڕانەوەی باکۆ و پشت ئەستوورتر لە جاران، خەباتی نهێنیی شار و گوندیان دەست پێکردەوە.

****

# 31

سەرەتای مانگی فێڤرییە بوو، کە "حەمەعەلی" لە گوندەوە گەڕاویەوە شار. لە زستانی ئەوێ ساڵێ دا، شاری باکۆ بەفری بە خۆیەوە نەدیت، بالاّم وشکەسەرمای بێ بارژنی بەفر، شاری "باکۆ"ی تەزاند. بە پێچەوانە، لە مەڵبەندی "قەرەباخ" دا بەفر لە ئەژنۆیان بوو. لە گەڕانەوەی "حەمەعەلی"دا، بەفری ڕێگا و بانان شەقڵی نەشکابوو. ڕێبوار هەر خۆی بوو و، تاک و تەنیا ڕچەشکێنیش هەر خۆی بوو. بۆ ئەوەی سۆزەی سەرمای بەندەنێ نەی ئەنگێوێت، ئەوەی بۆ دەبەرکردن بوو، لەخۆی هالاّند بوو .

حەمەعەلی بە باوەشی پڕ خەبەرەوە گەڕایەوە لای هاوڕێیانی. بەرهەمەکانی "نینا"، چەشنی وردە سکڵی ئاگری باخەڵی کۆگای داری وشک، ئاگرێکی ئەوتۆی دە گەورە گوندی "قەرەقۆینلۆ" بەردا بوو، کە تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتان؛ کوێخا و گزیر و بەگلەر پێکەوە جێگایان پێ لێژ ببوو. ئەمنییە و سەرباز و کاربەدەستانی دەوڵەتیش لە ڕۆژی ڕووناکدا لە سێبەری خۆیان دەترسان. وەکی جاری جاران سەربەست و ئازاد، بە چۆلگە و ئاوەدانی دا تەراتێنیان نەدەکرد و بە مەزرا و ماڵی ڕەنجبەران دا نەدەخولانەوە. جەباربەگ، بە ماڵ و منداڵەوە دەگەڵ "قەرەقۆینلۆ" مالاّوایی کردبوو. گوندی و ڕەنجبەر، یەکدەست و یەکگرتوو، لە دێهاتەکان دا وەک یەک ماڵیان لێهاتبوو.

حەمەعەلی ، تازە گەیشتبۆوە شار و هێشتا لە کۆنە ماڵەکەی ئەژدەر دا خۆی نەکردبۆوە، کە "ئەژدەر"یش هاتەوە. دوای دەستوموشتاق و بەخێر هێنانەوەی، حەمە عەلی کورتایی هەواڵەکانی بۆ گێڕایەوە. ئەژدەر زۆر دانەنیشت و بەرەو چاپخانە گەڕایەوە.

ڕێگای هاتن و چوونە دەری چاپخانەیان ئەوەندە شارەزایانە دیاری کردبوو، کە سەرنج شکێن بێت؛ ئەوەی بە دەرگای ڕووکاری شەقام دا هاتبایە، بە دەرگاکەی بەری کۆڵان دا دەڕۆیشتەدەر.

لە ژووری مەکینەکەدا، چەند هاوڕێیەک دانیشتبوون؛ "چۆنیاتۆف"، بوگدان"، "مەلیک" ، "وانۆ سترۆڤا" و ئەندامی باناوبانگی کۆمیتەی باکۆ" نیکۆلا کازارینکۆف" و چەند هاوڕێیەکی تر. چرایەکی گەرم کەرەوەی نەوت سووتیان لە نێوەڕاستی ژوورەکە دا دانابوو؛ ئەوانیش بە کۆزیلکە بە دەوری چراکەوە سەرگەمی وتوویژ بوون. "مەلیک" قسەی بۆ دەکردەن و ئەوانیش گوێگری بوون. گوتنەکە دەربارەی گرێبەستێک بوو کە لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی سۆسیال دێموکراتی"کافکازیا" پەسند کرابوو. ئەو گرێبەستەش باسی لێک نزیکبوونەوە و هاوخەباتیی هەموو کۆمیتەکانی "کافکازیا"ی دەکرد. دوای کۆتایی گوتنی مەلیک، ئەژدەر گەڕانەوی حەمەعەلی پێ ڕاگەیاندن. خەبەری گەڕانەوەی حەمەعەلی وەک موژدەیەکی گەورە بوو بۆیان. دوای گێڕانەوەی کورتەخەبەرەکانی ئەژدەر، مەلیک بە زمانی داهێنا و گوتی:

ـ من لە ڕێگای ڕێکخراوەی نهێنیی پاراستنەوە بەشوێن حەمەعەلی و براکەی دا چووم. بەدوا داچوونەکە ڕایگەیاندووە کە ئەو دوو برایە لە مەڵبەندی قەرەباخ دا وەک دوو خەباتگێڕ و تێکۆشەر ناسراون، بەڵام کاڵ و پەروەردە نەکراو ماونەتەوە. ئیتر ئێستا نۆرەی ئێمەیە و، ئێمە دەبێ لە نێویاندا کاری پەروەردەیی دەست پێ بکەین و ڕادەی زانست و زانیاریی چالاکڤانەکانیان بەرز بکەینەوە. پێویستە دەست بە ئافراندنی ڕێکخراوەی ڕەنجبەران بکەین و باڵیان بەسەر دا بکێشین .

پیوتر ڕووی کردە وەستاکاری پیتچێنی ئازەری و، بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند کە لاپەڕەیەک لە چاپکراوە تازەکانی بۆ بێنێ. پیتچێنەکە، لاپەڕەیەکی هەڵگرت و لەبەر دەمی ئەژدەری دانا. ئەژدەر بە وردی بە لاپەڕەکە دا چۆوە و ئەم ڕستانەی لێ خوێندەوە:" ... ئەمجار ئیتر ڕەنجبەری گوندی بێ هەڤاڵ و بێ هاوڕێ نییە. هێزی مەزنی کرێکاری شارەکان برا و بڕبڕەی پشتییانە. ئیتر جووتیار و ڕەنجبەری لادێ چاوەڕوانی دڵنەوایی و بەرزیی درۆیینی دەزگای دەسەڵات دانانیشێت و فریوی ساختەچییانی درۆزن ناخۆن. لەبیرمان نەچێت، کە هەر لە سەردەمی تزار"ئەلەکساندر"ی دووەمەوە، بانگاشەی لاواندنەوە و بەخشینی دەرماڵەی درۆیین بۆ بنەماڵەی ڕەنجبەران کەوتۆتە ڕۆژەفەوە، کەچی لەو ساوە هەتا ئێستاکێ، کەس بە قەدرایە دەنکە جۆیەکی خێر لە دەزگای دەسەڵات پێ نەگەیشتووە. لەمەو دوا پارتی پۆڵایینی کرێکار دەستی هاوخەباتی بۆ هەموو ئاوایی و لادێ و ناوەندە ڕەنجبەرەکان درێژ دەکات و بانگەوازی پشتگیری و هاوخەباتیی بەهەموو لایەک دا ڕادەگەیەنێت .

هاوڕێیانی ڕەنجبەر! دەستی بەهێزی کرێکار، بۆ گوشینی دەستی ئێوەی ماندووی لە شارەوە بۆ دێ بەڕێوەیە. بەڵێنی درۆیینی دەزگای دەسەڵات بێ خێرە و بێرە و،

ڕۆژی ئێوە ڕەشتر دەکاتەوە. خەباتی شێلگیرنەی کرێکار و ڕەنجبەر لە شار و لە گوند، دوژمن دەکاتە دەستەچیلەی سوتمانی شۆڕش و هەست و نستیان دەسووتێنێ.

بۆ پێشەوە، بۆ خەباتێکی یەکگرتوو بۆ یەکسانی. بمرێ هەر چەشنە ئاشتبوونەوە و لێخۆشبوونێکی چینایەتی. چینی کرێکاری یەکگرتوو هەستیارە و فریوی دەزگای دەسەڵات ناخوات.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، "چۆنیاتۆڤ" دیسان بەسەر کارو بەرنامەی مانگی مارس دا چۆوە و پەنجەی بەسەر وردەکارییە سەلمێندراوەکانی داگرت. ڕاوەستەکردن و پێداگریی"چۆنیاتۆڤ"، لە ئاخاڤتنەکانی دا، ئەمەیان لێ وەدەر دەکەوت کە مانگی مارس ئاوسی بەسەرهاتی گەورەو گران دەبێ و گەلێک ئەگەری چاوەڕوان نەکراوی لێ دەکەوەێتەوە .

هەر ئەو شەوە، ئەژدەر دەستەوارێکی نووسراوەی چاپکراوی دەگەڵ خۆی هێنایەوە ماڵ. حەمەعەلی باڵتۆ کەوڵینەکەی لە خۆی هاڵاندبوو و لە سەر گازەرای پشت لێی خەوتبوو. ئەژدەر بەنیاز بوو نووسراوەکان لە ژێر تەختەپۆشی ڕفەی پشت سەری حەمەعەلی بئاخنێت، کە حەمەعەلی بە دەنگی خشە خشی کاغەز، لە خەو خەبەری بۆوە. هەستا و لە سەر جێگاکەی دانیشت. دوای کەمێک ڕامالینی چاو و چەند باوێشکی دوور و درێژ، سەیرێکی "ئەژدەر"ی کرد کەوا لە بەر ڕوناکایی کەم سۆی شەمێک دا خەریکی کار بوو.

ـ ئەوە چ دەکەی کوڕە؟... بۆچ پێم ناڵێی چ شتێک حەشار دەدەێ؟

جاری جاران، حەمەعەلی جگە لە دەگوژم دەبرم، چی تری بە دەم دانەداهات، بەڵام هەنووکە نەرم و هێدی دەڵێ: "حالیم کە... تێم بگەیەنی... بۆچ پێم ناڵێی."

ئەژدەر بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ کاکی لادێی شمەکی تۆیە تاقەتیان دەکەم... هەندێکم کەلوپەل بۆ کڕیوی کە پێم وانییە لە "قەرەباخ" دا لەم چەشنەتان دەست بکەوێت. ئەم شمەکە، شتێکن کە هەم فرۆشیار و هەمیش کڕیار خێری لێ دەبینن...

حەمەعەلی هەستاپێ. کەوڵینەکەی خستە سەرشان و کڵاوەتیسکنەکەشی لە سەر کرد و گوتی:

ـ ئەرێ کاکی شارەیی دە تۆ پێم بڵێ بزانم ئەو شمەکە، چ شتێکن کە خێر و بێری پێوەیە؟

ئەژدەر لاپەڕەیەکی دایە دەستی:

ـ فەرموو بیخوێنەوە بزانە چۆنە!

حەمەعەلی هات لە بەر شۆقی مۆمەکە سەیرێکی دەستەواری نووسراوەی چاپکراوی کرد. دلۆپی ئارەقی نێوچاوانی بە کۆنە کڵاوکەی ئەسترینەوە و گوتی:

ـ پێم بڵی بزانم ئەم کاغەزە چی تێدا هاتووە و باسی چی دەکا؟... ئەم بەزەیی و بەخشینە چییە؟... ئەم "ئەلەکساندر"ەی کە ناوی هاتووە، کێیە و چی کردووە؟... هەتا

ئەم ڕووپەڕەم بە تەسەلی بۆ نەخوێنیتەوە، هەدا نادەم. بۆم بخوێنەوە با لە مێشکم دا ڕای بگرم... ئاخر لە سەدی هەشتای خەڵکی لادی چەشنی من ڕەش لە سپی جیا ناکەنەوە... بۆم بخوێنەوە و بۆیشم لێکدەوە... مەبەست و ئامانجەکانم پێ بڵێ... من بە گیان گوێچکەم بۆت... دەی!

ـ سەبرێکم لێبگرە با من ئەمانە حەشار بدەم، جا ئەودەم دادەنیشین و ورد ورد پێیدا دێین و خاڵێکیشی لێ جێ ناهێڵین...

ـ بۆ مەگەر ئەمانە وەمن نادەی بۆ لادێ؟

ـ بەڵێ هەمووی بەشی تۆن حەمەگیان، بەڵام بەیانی هەگبەیەکت بۆ دەدۆزمەوە و...

ـ نەخێر کاکی شارەیی، تۆ ئەو کارەم دەگەڵدا مەکە!... ئەوە هاتو پۆلیسی بەر وێستگە تووشم هات، بەم سەر و پۆتەڕاک و بەم کەوڵ و تیسک و جلکە ڕیندۆڵانەم، پێت وانییە هەگبەم بە شانانەوە ببینێ و لێم نەبێتە کڕیار... بڵێی لێم نەپرسێ: هەتیو ئەمەت لە کوێ دزیوە؟ !

دەمێکی باش پێکەوە پێکەنین. حەمەعەلی بە نووکی چەقۆ، تەقەڵی دروومانی بەری کەوڵینەکەی هەڵوەشاند. کەوڵینەکە، چەشنی زاری نەققەماسی دەمی کردەوە و حەمەعەلی گوتی:

ـ بێنە تێی ئاخنە... بەخوای نیوەی بازاڕ و ماڵی شاری "باکۆ"یشی تێ ئاخنی، هێستایش نیوەی بەتاڵ دەمێنێتەوە.

ئەژدەر هێنای و حەمەعەلی زۆر بە شێنەیی لە نێوان پشت و بەری باڵتۆ کەوڵینەکە دا ڕایخستن و لە نێوانی هەر بەشێک دا بە چەند تەقەڵ درووومان، دایبەستن. دوای دروونەوەی کەنارەی باڵتۆکە، ڕایخست و لە سەری تخێڵ بوو. حەمەعەلی گوتی:

ـ دەست و پەلی بەرگدروونم چۆنە ئامۆزا؟... خۆ کەوڵینەکەم لێی دیار نییە کە شتێکی قووت دابێ؟

ـ دەستەکانت خۆش بن... تیک و درووومان لەمە باشتر هەر نابێ نابێ! باڵتۆکەشت باڵتۆیە و جێگای منیشی دەبێتەوە.

دانیشتن و ئەژدەر بۆی خوێندەوە. دەگەڵ خوێندنەوەش، بەند بەندی بەیاننامەکەی بۆ شی کردەوە. وشەکانی بۆ لێکدایەوەو پوختەو مەبەستەکەی بە کورتی بۆ گوتەوە.

شەو شەق ببوو. ئەژدەر بەنیازی ڕاخستنی جێگا و بان بەرز بۆوە، بەڵام حەمەعەلی گورج و گۆڵ خۆی دابەست و گوتی:

ـ ئامۆزا ڕێبوار ئەشی هەر لە ڕێ دابێ. من دەڕۆم!... بەنیازم بەر لە گزنگدانی بەیانی، لە کەلی پشت وێستگە سەرکەوم و بەکاتی بەجێ بگەمە سەر سەکۆی شەمەنەفەر. پیاو ئەم کەوڵینە گرانبارە پڕبایەخەی بە شانەوە بێ، ناجایزە هەتاو لێی بدات. دەبێ بەر لە تاوهەڵاتان بگەمەوە.

حەمەعەلی ماڵاواییەکی گەرم و گوڕی کرد و لە شەقامە تاریک و بێ هەستەکەی گەڕەکی"داغلی" لە بەرچاوان نەدیوو بوو.

****

# 32

سەرۆک پۆلیسی نهێنیی شاری"تفلیس"، لە ڕۆژی شەشەمی فێڤریە و لە سەردانێکی کوتوپڕی چاوەڕوان نەکراو دا گەیشتە وێستگەی شاری باکۆ. سەرهەنگ پاروشین بە بەرگی سڤیلەوە، بۆ پێشوازیکردن و بەخێرهێنانی سەرۆکی پاراستن لە وێستگەی ناوەندیی ڕێگەی ئاسن دا چاوەڕوان ڕاوەستا بوو .

سەرۆکی بەشی پاراستنی پۆلیس دابەزی و بە گالسکەی خەوانینانەی پاروشین بەرەو ماڵی "لی لی یۆڤ"ی جێگری ژەنەڕاڵ فەرمانداری شاری باکۆ وەڕێ کەوتن.

هەرکە گەیشتنە بەر ماڵی "لی لی یۆڤ"، پاروشین بەر لە سەرۆکی پۆلیس دابەزی و دەرگای گالسکەی بۆ کردەوە. لێرە، ئیتر پاروشین ئەو کاربەدەستە بەدفەڕە بەرزەدەماخەی تینووی خوێن نەبوو، بەڵکە چەشنی نۆکەرێکی باب نۆکەر، دەرگای کردەوە و وشەی"فەرموو... فەرموو"ی لە دەم نەکەوت و دەست بەسینە لەپشت سەری ڕۆیشت.

دەرگای کۆشکی"لی لی یۆڤ" بە ڕووی میواناندا کرایەوە. سەرەی خزمەتکارانی دەست بە سینە و کڕنۆشبەرانی باب نۆکەر، لە بەر دەرگاوە هەتا تالاری مەزن، بەژنیان چەماندبۆوە و بێ ڕوح و گیان ڕاوەستابوون. میوانەکان، هەر یەکەی بە پێی پلە و پایەی خۆیان جێگایان بۆ دەست نیشان کرابوو. میوانەکان دانیشتن و چاوەڕانی هاتنی خانەخێویان کرد. زۆری نەگرت، "لی لی یۆڤ" وەژوور کەوت. "لی لی یۆڤ" کورتە پیاوێکی خڕەبنەی سەر چەرمی بێ تووک بوو. بەرخە بەبەی ژێر گەردەنی چەشنی بەرچێڵەی گاپیرەیەک داکەوتبوو. پشت ملی دەتگوت ملە بەرازە و گەڕان و سووڕانەوەی زەحمەت بوو. لووتی لە قەدەر شیپ و لاگووپەکانی ئەوەندە بچووک بوو، کە چاویلکەی شووشە ئەستووری بە زەحمەت لە سەر ڕادەگیر دەبوو.

"لی لی یۆڤ"، لە هاتنی ناو تالار دا، بەبێ ئەوەیکە پاروشین بە هەند بگرێ، بە بەر دەمی ئەو دا تێپەڕی و زۆر بە گەرموگوڕی دەستەملانی سەرۆک پۆلیس بوو. چارەکەسەعاتێک بەخێرهێنانی کرد و لە ڕادەبەدەر خۆی لێ نزیک کردەوە.

سەرپەرستی چێشتخانەی "لی لی یۆڤ"، لە سەری پەنجەی پێ هەڵدەسووڕا. لە سەر مەزنترین مێزی ناو تالارەکە دا، دەیان چەشنە شەراب و ساردی و بەرچێشتەی بەتام داندرا بوو. خورد و خۆراکی جۆراوجۆری وەک: هەمە نەوعە پەنیر و نەڤیشک و چەوری، ماسیی"فارل"ی چۆمی"سێڤان" کە بە تینی هەڵم کوڵابوون، دەگەڵ چەندین چەشنە مرەبا لە چەندین شوێنی سەر مێزەکان چندرابوون. تەعاماتە خۆش ڕەنگ و بۆن خۆشەکان، چاوی برسی و زگی برسییەکانیان بانگ دەکرد، بەڵام میوانگەل لە دەوری ئەم گشتە شتە دانیشتبوون و هەر وەک ئێشتیهایان کوێر بووبێتەوە، بەبێ وازی دەگەڵ خواردن دا خەریکی بازی بوون. خوان و سەر سفرەی "لی لی یۆڤ" هەمیشە بەم چەشنە ڕەنگینە. ئەو خۆی ئەهلی زگە و، نەوسنی و چڵێس بوونەکەی نەقڵی مەجلیسانە. تەنانەت ژەنەڕاڵ فەرماندار و گەلێک لە کاربەدەستانی پلەبەرزی ناوچەکە، پەسنی دەکەن و لە جێگایان دەیگێڕنەوە .

کاردار و نۆکەر و سەرچێشتکەر لە تالار وەدەر کەوتن و هەر سەردار و سەرکارەکان مانەوە. سەرۆک پۆلیسی پاراستن بە دەنگێکی کڕ دەستی بە قسە کرد:

ـ کارەساتی گەورە و گران لە دەور و بەرمان سەرهەڵدەدەن... ڕۆژگارێکی تاڵ و خەفەتبارمان لە کەمین دایە... لە "باتوم" و تفلیس دا گەلێکمان بەیاننامە و نووسراوەی چاپی دەست کەوتوون کە هەموویان فێرگەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی چینی کرێکارن. کرێکار خۆی بۆ مانگرتنێکی سەرتانسەری ئامادە دەکات و دەیان بەرنامە و شانۆیان بە دەستەوەیە... ئەرێ هیچ دەزانن سەرچاوەی سەرجەمی ئەم بڵاڤۆگانە کوێیە و لە کوێ چاپ دەکرێن؟!... شارەکەی ئێوە... بەڵی شاری "باکۆ"ی ئێوە پێتەخت و کۆنە چاڵی ئەم بەزمەیە!

"لی لی یۆڤ"، سەری بۆلای پاروشین وەرچەرخاندوە و تیژ و توند چاوی تێ بڕی. ئەو، لەم ڕوانین و سەیرکردنە دا سەرهەنگ "پاروشین"ی وەک پەلەوەرێکی بەزیوی پەڕ و باڵ چرووکاوی دەهاتە بەرچاو. "لی لی یۆڤ" گورج نیگای لە پاروشین ڕاگواست و بە دەنگێکی نەرم و هیدی گوتی:

ـ بە بڕوای من چەلێ واباشە بەر لەهەر شتێک، لەسەر ئەم خوانە پڕ خورد و خۆراکە، خۆمان تەسەل تێر بکەین و دوایە تاوانی ئەم و ئەوان بژمێرین ـ پیاڵەی پڕ شەڕابی ئاڵی گورجستانی بەرز کردەوە و پیاڵەی لە پیاڵەی سەرۆک پۆلیس کوتا و پیاڵەکانیان پێدا کرد. خواردن و خواردنەوەکەیان سەعاتێکی خایاند. لە ماوەی ئەم یەک سەعاتەش دا، وەک هیچ کێشە و گرفتێکی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دا نەبێ، هەر

---

* نەڤیشک= ڕۆنی کەرە، ڕۆنی بەرەمەشکە

حەنەکبازی و گێڕانەوەی نوکتە و قسەی هەلەق مەلەق و فرقوهۆڕی قاقا و پێکەنین بوو؛ ئەو دەیگوت و ئەم بۆ دەگێڕایەوە. هەرکە سەرۆکی پۆلیس دەستی لە خواردن کێشایەوە، ئەوانی تریش دەست و دەمیان خاوێن کردەوە . ئەمجارە نۆرەی چایی و قاوە خواردنەوە هات و "لی لی یۆڤ" سالۆنی خواردنەوەی بۆ دەستنیشان کردن. لە دەمی ڕۆیشتن و جێ هێشتنی تەلاری نان خواردن، سەرۆکی پۆلیس بە نەرمە سەما بۆی دەڕۆیشت و بە ئاشکرا دیار بوو شەڕاب گرتوویەتی. ڕەنگی زەرد و زۆڵی ڕوخساری بە تینی شەڕابی ئاڵ، سوورایی تێگەڕا بوو. جووڵەی شان و شەپیلک و ڕاوەشاندنی دەست و باڵ و تریقەی پێکەنینی بەلاشی، حکایەتێک بون لە سەرمەستیی سەرۆک.

چایی و قاوە و دووکەڵی جغارە، گەرمە کوانوویەک بوون کە تامی شەڕابیان گەرم تر دەکرد. سەرۆک پۆلیسی پاراستن دەنگی لێ هەڵێنا و هەر ئەو وتانەی پێشووی خۆی دووپات کردەوە. "لی لی یۆڤ" بەبێ ئەوەیکە ڕووی دەمی لە سەرۆک بکات، بەدانستە و بە ئەنقەست بە مێتۆد و مێلۆدییەکی زۆر تایبەت، کێشدار و تیندار گوتی:

ـ جەنابی خاوەن پلە! وتەی گرانبارتان لەسەر سەر و لەسەر چاوانمانە، بەڵام ڕجاتان لێدەکەم کە قسەی خۆمان بەسەر خۆمان دامەدەنەوە. ئەوە هەر خود بۆ خۆم، هەفتەی ڕابوردوو هەرچی بووە و هەرچی هەیە، لە توێی ڕاپۆرتێک دا نووسیوە و پێشکەشی جێگری خاوەن شکۆ "تزار"ی مەزنم کردووە... تکایە ئەگەر مەتاح و نوکتەیەکی باڵاتر لە ڕاپۆرتی بەندەتان پێیە، بیفەرموون!

لی لی یۆڤ، لەکاتی تووڕەبوونی دا، بەردەوام بە سەری دوو قامکانی، چاویلکەی لە سەر دوندی لووتی بچووکی هەڵدەگرت و دای دەنایەوە. ئەمجارەیش چاویلکەکەی هەڵگرت و دایناوە و خەریک بوو درێژەی پێ بدا، بەڵام سەرهەنگ قسەی لە دەمدا بڕی و گوتی:

ـ جەنابی لی لی یۆڤ! بەڵێ ئێوە لە ڕاپۆرتەکەتان دا ئاماژەتان بە چاپ و بڵاڤۆکەکان کردووە کە لە باکۆ دا بڵاو دەبنەوە، بەڵام پەنجەتان بۆ تفلیس ڕاداشتووە کە گۆیا لەو شارە دا چاپ دەکرێن، تەنانەت "تفلیس"تان بە کوانووی سەرهەلدانی پشیوی ناو بردووە... بڵاڤۆکەکان مۆری شاری "باکۆ"یان بەژێروەیە؛ ئەی کەوایە لە شاری باکۆ چاپ نەکرێن، دەبێ لە کوێ چاپ بکرێن؟!

لی لی یۆڤ هەستی کرد تای تەرازووەکەی دێت بە قازانجی سەرۆک پۆلیس دابشکێت، بەبێ ئەوەی کە بزانێ چی دەڵێ، گەلایی گوتی:

ـ ئەوانە گرنگ نین!

ـ ئەدی چ شتێک لە قامووسی جەنابتان دا گرنگە، جەناب؟!... کۆمیتەی باکۆ! ئاخۆ مەگەر ئەوە هەر ئەو کۆمیتەیە نییە کە خەوی لە چاومان تاراندووە؟ ئەرێ بۆچ پێم ناڵێی، ئەم کۆمیتەیە بە چ زمانێکی سیحراوی نەتەوەی ڕووس، گورجی و ئەرمەنی... تەنانەت نەتەوەی تورکیشی پێکەوە گرێ داوە. تۆ بڵێی بە چ زانستێک ئەو چەند

نەتەوەیان وەها پێکەوە لکاندووە، کە سوێند بە سەری یەکتر دەخۆن؟!... ئاخر ئەگەر بە ڕەسم و یاسای ئایینیش بێت، خۆ ئیسلام هەر چەشنە دانیشتن و تێکەڵاوبوونی مسوڵمان و گاور و فەلەی تڕۆ کردووە و بە کفری دەزانێ... ئاخر ئەم بەزمە چی لە ژێر سەر دایە و بە چ زمانێک دەپەیڤێت کە قەفی ئەستووری زنجیری ئایین دەتاوێتەوە... دەستی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی تێک بەزاندووە و بەتێکڕا دژی ئێمە دروشم دەدەن؟... مەگەر هەموو ئایینەکان نەیان دەگوت، کە"شا سێبەری خودێیە لەسەر زەوی!"؟ ئەدی چی لێهان جەنابی لی لی یۆڤ ئەو دروشمە پاکژ و پیرۆزە؟... بۆچ دەنگی خودا بێدەنگ بووە و ڕەنگی شەریعەت کاڵ بۆتەوە؟!... ئەرێ جەنابتان خەبەرتان هەیە کە دەوشمی سەر زار و زووانی کرێکاری ڕاپەڕیو چییە و بانگی چی لێ دەدات؟... زمانم لاڵ... ئەوان مەرگ و نەمان بۆ تزاری مەزن دەخوازن... نامە و بڵاڤۆکەکانیان خەڵکی شار و گوندەکانی تین داوە و بۆ هێڕش هێنان تیژی کردوونەتەوە... تۆ دەڵێی چی جەنابی جێگری فەرماندار؟

پاروشین لە داکەوتن و فسخواردنی لی لی یۆڤ، قەندی لە دڵ دا تواندبۆوە، ئاهێکی خۆشی بە هەناو دا گەڕا و پشوویەکی باشی تازە کردەوە. بە تەوسەوە هەڵی دایە و گوتی:

ـ بەڕێز، کەواتە ئێوە پێتان وایە ئەو بڵاڤۆکانەی کە مۆرکی کۆمیتەی "تفلیس"یشیان لە ژێر دراوە، هەر لە شاری باکۆ دەردەچن؟!

ـ نەخێر!... نا ، من لەسەر ئەو باوەڕە نیم و پێم وانییە... ئەمەش گرنگ نییە!...

"لی لی یۆڤ" چەشنی سۆپەی نێڵدراو، ئاگری لێدەباری. دەستێکی بەرز کردەوە و بە ئاشکرا و بێ پەردە قسەی لە دەم سەرۆک پۆلیسی پاراستن دا قرتاند و گوڕاندی:

ـ بڵاڤۆک لە کوێ چاپ دەکرێ و چلۆن بڵاو دەکرێتەوە، ئەمە بابەتی باسی کۆڕی سیاسەت نییە و شیاوی زار و زمانی کەسانی نەپوختەیە. گرنگ ئەوەیە کە پێی لێ بنێن و بڵێین کە نە ئێمە و نە ئێوە، هیچ لایەکمان بەم کۆمیتە کرێکارییانە نەوەستاوین و ئەوان ئێمەیان بۆڕ داوە. بەڵێ ئەوان لە شار و لادییەکان دا سەربزێوی دەکەن و ئێمەیش دەروەستیان نەهاتووین...

سەرۆک پۆلیس، کە دیتی "لی لی یۆڤ" پشووی گەرم کردووە و خەریکی سنوور بەزاندنە، بەنەرمی و وەک ئەوەی کە ئامۆژگاریی بکات، گوتی:

ـ من لە لایەن جێگری خاوەن شکۆ تزاری مەزنەوە هاتووم... بەڵی ئەو خۆیان بەتایبەت منیان بۆ یارمەتیی ئێوە ناردووە. بارو دۆخەکە ئاڵۆزەو قەیرانێکی مەزنی کۆمەڵایەتی خولقێندراوە. ئێمە دەبێ زۆر وەستاکارانە دەگەڵ ئەم بار و دۆخە کایە بکەین. بەشی پاراستنی شاری ئێوە، لە ژێر فەرمانی ئێمە دایە و ئێمە لە شاری "پیرزبۆرگ"ەوە فەرمان وەردەگرین. بەپێی گرنگی کار و خەباتمان دەبێ...

"لی لی یۆڤ"، وەک لە سەر ژیلەموی ئاگر دانیشتبێت، لەپڕ هەستا و دەستی بە هاتن و چوون کرد. سەرۆک پۆلیس واقی وڕما. دەمی لە گوتن کەوت و بە حەپەساوی

ڕاوەستا. "لی لی یۆڤ" دەرفەتی قوزتەوە و هات لەبەرامبەر سەروک دانیشت و بە تەوس و پلاران سەرۆکی داگرت:
ـ ئەگەر بە کار و فەرمانە گرنگەکانمان بنازین و خەریکی بەرنامە داڕشتن بین بۆ ئەمە ـ لە بەر پەنجەرە و بە سەری پەنجە، ئاماژەی کردە سەر چاڵە نەوتەکان و مەڵبەندە کرێکارییەکانی نیشان دا ـ ، ئێمە لەپاشین و ئەمانە زۆر لە ئێمەن هەروازتر هەڵکشاون... دەبێ بڵێم بەداخەوە... ئەوان داومان بۆ دادەنێنەوە و ئێمەین بە داوی ئەوانەوە گیرۆدە دەبین و دە داو دەکەوین... دەتەویست ئەوەمان پێ بڵێی جەناب؟!
سەرۆکی پۆلیسی پاراستن بۆی دەرکەوت کە هێدی و هێور جووڵانەوە دەگەڵ ئەم جانەوەرە دەردیسەر زیاتر ساز دەکات. لاواندنەوە و نەرم نیان بوون دەگەڵ جانەوەری کێوی، هەڵەیەکی مەزنە. ئەوەتا بە پاشەکشەیەکی تاکتیکی چلۆن خەریکە سواری سەرم دەبێ و دەستی چەوری تاوان دە سەرو شانی ئەم و ئەوانێک هەڵدەسوێت...خۆی نەبێ، هەموو کەسێکی پێ خاتاکارە. ئاخر هەر ئەم "پاروشین"ەش لە ڕاپۆرتێک دا بۆی نووسیبووم کە "لی لی یۆڤ" پیاوێکی ئەهل و سەهل نییە و بەردەوام لە ژێرەوە بۆ ئەم و ئەوان لێدەدات و بەدایم خەریکی چاڵ هەلقەندنە. پاروشین بۆی نووسیبووم، کە هەمیشە دەمی بە ژێر گوێچکەکانی ژەنەرال فەرماندارەوەیە و خەریکی درووني کراسی تاوانە بۆ کەسانی دەور و بەری... بەچی دیارە لە کن فەرمانداریش بۆ منی تێنەچاندبێت؟... هەموو کارێکی چەوتی لە چنگ هەڵدەوەرێ ئەم مایە فیتنەیە!
"لی لی یۆڤ" دەیەویست تێی هەڵچێتەوە، کە سەرۆک پۆلیس ڕێی پێنەدا و بە سەری دا خوێندوە:
ـ ئۆرگانی پاراستن چاوکراوەیە و شارەزای کار و خەباتی خۆیەتی... ئاو ڕابوەستێ، ئەو ڕاناوەستێ. بە ئیشی خۆی شارەزایە و بێ پشوودان دەیکات و ڕاناوەستێ، بەڵام ئەوە ئێوەن کە نابێ چاوتان لە دەست و مستی ئێمە بێت. هەموو چالاکی و هەڵسووڕانەکانی کۆمیتەی کرێکاری، نهێنی نین، بەڵکە زۆربەیان ئاشکرا و لە بەرچاوی ئێوەدا مان دەگرن... کۆ دەبنەوە... بڵاوڤۆک بە دار و دیوارەوە دەچەسپێنن و...
لی لی یۆڤ دەنگی دەپاڵ دەنگی سەرۆک هەڵکێشا و بەرزتر لەو گرماندی:
ـ تەنیا پەلامارێکی کوتوپڕی چەشنی برووسکەی پێویستە... قومارکردن بە وشەی زەق و ڕەق دەردێک دەوا ناکات... خۆ بزواندنێک... دەست بەکار بوونێک... هێرشێک پێویستە! جەنابت فەرمووت کە کارەساتی گەورە و گرانمان لە سەر ڕێیە!... ئەم کارەساتانە دەبێ چی بن جەناب؟!... پێویستە و وا باشە کە هەر لەم دانیشتنە دا بۆمان ڕوون بکەیتەوە! ـ لە کاتی گوتنی ئەم ڕستەیە دا، سەیرێکی "پاروشین"ی کرد. پاروشین چەشنی شێری پەڕۆ، لە ناو کورسییەکەی دا پان ببۆوە.

ـ بیر و ڕای تۆ چۆنە جەنابی پاروشین؟!
پاروشین هەر وەک لە خەستە خەوێکی قورس دا ڕایان تڵەکاندبێ، شەکەت و شێواو وەڵامی داوە:
ـ من پێم وایە نوێنەرانی کۆمیتەی کرێکاری خەریکی سازمانکارین بۆ ڕابوون و ڕاسانێکی تریشقەئاسای گشتی...
ـ کەنگێ؟ ... بۆ کەنگێ!
پاروشین چەند جاران ویستی وڵامی بداتەوە، بەڵام لی لی یۆڤ چەشنی ڕێژنەی باران، پرسیاری بەسەر دا باراند.
ـ کەنگێ؟... لە کوێ؟... نوێنەرانیان کێن؟... سازدەر و ڕێکخەری ئەو هەستانەی تۆ دەی بێژی، کێن و چ کارە و چ کەسن؟!
پاروشین چوست و چالاک گوتی:
ـ چەندێکە بەشی پاراستنی ئێمە لە شاری باکۆ دا خەریکی کۆکردنەوەی زانیارییە. بەرنامەی فرە تایبەتیمان هەیە بۆ ناسینی کۆمیتەی کرێکاری و ئەندامانی ڕێکخەری ئەو ئۆرگانە... هەر ئیمشەو کۆبەندیی بەرهەمی کارەکانمان لە دار دەخەین و شتێکمان دەکەوێتە دەست.
"لی لی یۆڤ" بە ئەوپەڕی تووڕەبییەوە گوتی:
ـ بەرهەمی کارەکانتان بکەوێتە دەست یان لەناو بچێت، پووشێک ناهێنێت... هەر ئیمشەو... بەڵی هەر ئیمشەو دەبێ کوتوپڕ هێرش بکەینە سەریان... دەبێ ماڵیان گەمارۆ بدەین و تێکییانەوە پێچین... پێویستە گورزی کوشندەیان لێ بدەین و زەبری دەست و مستی ئێمە بچێژن... ـ بەدەم قسەکردنەوە، چەند جاران خولی دا و مستی گرێکراوی هەڵسووڕاند، بەڵام لەپڕ دەستی قووچاوی شل بوونەوە و هەوای دەنگیشی کز و نەرم کرد و بە ئاهەنگێکی وێنە پاڕانەوە و نزاکاری گوتی:
ـ ئێمەین ڕاگری ئیمپراتوریای ڕووس... ئێمەین بەرگر و لادەری دوژمنانی تزاری مەزن... چارەنووسی ئەم نەزم و زاکوونە بەئێمە سپاردووە و ئێمەین دەبی بە خوێن و بە گیان بی پارێزین... بەڵام چی رادەبرێ و چی دەقەومێت؟... سەربزێوانی کۆمیتەی کرێکاری توند و تیژ و بە دەمارن و، ئێمەیش نەرم و نیانین... ئیتر ئەگەر ئەم ئاوە بەم جۆیە دا تێپەڕ ببێت حکومەتمان پێ ڕاناگیرێت و ئێمە تێک دەشکێین... ئەوان باسی ئەنتەرناسیۆنال دەکەن و هەرچی نەتەوە و ڕەگەز و ئایینیدارانی ئەم وڵاتە مەزنەیە، تێکیان لکاندوون و بەگژ ئێمەیان دا کردوون. دروشمی زەق و بەرچاوی یەکی ئەیاری پارەکەیان بانگاشەی یەکێتیی نەتەوەکان بوو. درۆشمی ئەمساڵی ئێمەیش دەبێ تەواو پێچەوانەی دروشمی ئەوان بێ... دەبێ نەتەوە پەرستەکانیان لێ تیژ بکەینەوە و ڕیسەکەیان لێ خاو بکەینەوە. پێویستە پشتی ئاییندارەکان بگرین و بە دەستی ئەوان، پشتی ئەمان تێک بشکێنین ـ بەدەم وتاردانی شانۆگەرانەیەوە، هاتەوە سەر جێگاکەی خۆی و ڕوو بە سەرۆک پۆلیسی پاراستن دانیشتەوە. سەرهەنگی

میوان دەگەڵ سەرهەنگ پاروشین چاوەبڕکێ و سرت و خورتیان بوو. "لی لی یۆڤ" بەم سرت و خورتەیان دینی خزی و کرمی لە مێشک دا بزووت. بە هێوری دەستی پێکردەوە:

ـ ئێمە، لەو بەرزەوە خودایەکمان هەیە و لەسەر ئەم خاکە پاکەش دا تزاری مەزنمان سایە و سێبەری گیان بووژێنەری بە سەر دا کشاندووین. ئێرانییەکان، پاشکۆناوی "سێبەی خودا"یان بۆ پاشای خۆیانەوە هەڵبژاردووە. پاشکۆناوی سێبەری خودا بۆ گێلەپیاوێکی کاس و نەزانی وەک "حەمەعەلیشای قەجەر" کفرێکی مەزنە... ئێمە لەژێر سێبەری ئیمپراتوریایەکی جوانمێری فرشتە ڕەوشت دا دەژین... ئێمە لە سای ئەو مەزنە مرۆیەدا تەسەل و بەختیارانە دەژین... ئەی کەوایە پڕ بەپێستی خۆیەتی کە پاشکۆناوی "نوێنەری خودا"ی پێ بدەین... ئێوە لەم گشتە خورد و خۆراک و شەربەت و شەڕابانە بڕوانن... ناز و نیعمەت لەمە هەورازتر نابێ برایان!... سفرەمان ڕەنگینە... ناو و ناوبانگمان زەنگینە... ژن و منداڵمان دەیان کارەکەر و نۆکەر و قەرەواشیان لە خزمەت دایە... هۆشتان بێ بەڕێزانی من!... دەبێ بەریان پێ بگرین و توخم و تۆمیان نەهێڵین... تڵتەپیاوانی گێل و هوڕ، بۆرە کرێکاری چڵکن و پێخاوس، گەرەکیانە سەرچاوەی ئەم خێر و خۆشیانەمان لێ کوێر کەنەوە... دژی دەزگای دەسەڵات دروشم دەدەن... باسی مەرگ و نەمانی پاشای هێژامان دەکەن... بەڕێزان هۆش و بیرتان بێ کە هەلەکەی ناسکە و دەبێ چارەیەکی ئەم قەیرانە بکەین ...

ـ ئەمانە تیۆرین جەنابی لی لی یۆڤ...

لی لی یۆڤ، بەر لە وەڵامدانەوەی سەرۆکی پاراستن، بۆ پشوو تازەکردنەوە ئیستێکی گرت و بینێکی خواردەوە. سەرۆکی پاراستن ویستی لەو چاوترووکانە دا وەڵامی لی لی یۆڤ بداتەوە، کەچی لی لی یۆڤ ڕێی پێ نەدا و دەستی پێکردەوە:

ـ تیۆری لە مێشکی ئێمە دایە و کردەوەش هەر لە دەستی خۆمان دا؛ تیۆریی ئێمە، کار و کردەوەی بە دوا دا دێت جەنابی پاروشین!ـ دەگەڵ ناوهێنانی پاروشین، بە وردی سەیری کرد و لە مێشکی دا بە شوێن جانەوەرێک دا دەگەڕا کە هاوشێوەی پاروشین بێت... بڵێی وەک داڵاش نەچێت؟... نا... نەخێر چاوی داڵاش لەم ڕەنگە نییە... چاوەی پارۆشین چەشنی چاوی قەلە ....

ـ من پێم وایە هەتا درەنگ نەبووە، پێویستە هەر ئیمشەو، بەڵی هەر ئیمشەو دەبێ هێرش و گەمارۆ و داپڵۆسین لە یەک کات و بە یەک دەم دەکار بکەین. ئەم گەڵاڵەیە بەڕێوە بەرین و دوای کۆتایی کار و دەست و پەڵ شوشتنمان، ئەو دەم ژەنەڕاڵ فەرماندار خەبەردار بکەین .

لی لی یۆڤ هەر دوای ئەم وتەیە، لەجێ هەستا و چاویلکەکەی لە سەر لووت وەلا برد. هەستانی"لی لی یۆڤ"، بە واتای هەستانی میوانەکان و کۆتایی دانیشتنەکە

بوو. لی لی یۆڤ بۆ بەڕێ کردنی میوانەکان، هەتا بەر دەرگایان دەگەڵ هات. دوای ماڵاوایی کردن، سەرۆکی پاراستن، ڕووی کردە پاروشین و گوتی:
ـ ئەی کە سەیر و سەمەرەیە ئەم "لی لی یۆڤ"ە!...
پاروشین:
ـ لە تاقمی چەپەڵانە!
لی لی یۆڤ دوای بەڕی کردنی میوانەکانی، پەرۆش و دڵ و دەروون کەیل، لە ژوور دا هات و چوو. کاردارێک خەریکی کۆکردنەوە و هەڵوەژاردنی خوانی سەرمێزەکان بوو. "لی لی یۆڤ" سەیرێکی کرد و لە مێشک دا بەدوای جانەوەرێک دا گەڕا کە هاوچەشن و هاوشێوەی کاردارەکە بێتەوە ـ ئەمەش یەکێک لە خوو و خدەکانی "لی لی یۆڤ" بوو. دەگەڵ هەر کەس تۆقەی کردبایە، گورجێک هاوشێوەی بۆ دەدۆزییەوە. کاردارەکە نەدەچۆوە سەر پەلەوەر؛ گوتی نەخێر ئەمەیان کوت و مت چۆتەوە سەر سەگێکی سەولە خۆری خوێڕیلکە... بە کلکەسووتە داوای نان دەکات.
تالاری مەزنی لی لی یۆڤ هەر ئەوەندەی گوڵ و گوڵدان و گژ و گیا تێدا بوو، دەتگووت سالۆنی گوڵفرۆشانە. چەند دارە لیمۆی "لەنگەران" لە بەرێکەوە و لە بەرێکی تریشەوە گوڵەژاپۆنیی ئاڵ، لک و پۆیان ڕاکێشا بوو. لی لی یۆڤ بە ژێر لکی دارەگوڵان دا دەهات و یەکا یەکیانی بە چاوی کڕیارەوە سەیر دەکرد. بسکۆڵەی لکی ناسکی دارەگوڵ، چرۆیان کردبۆوە و خونچەی تازەپشکووتووی وەک خوێنیان پێدا شۆڕ ببوونەوە. چاوەکانی لی لی یۆڤ لە سەر چەپکە گوڵێکی سووری تۆخ دا ڕاوەستا و سوورایی لە چاو گەڕا. دەمی بۆ گوڵەکان برد و وەک شیعر بڵێتەوە دەمی بزووت:
ـ خوێن!... خوێن ڕژتن... خوێن برێژە... تەنیا بەخوێن ڕژتن دەکرێ پشتی ئەم تەڤگەرە تێک بشکێندرێت. بەدەم ورتە ورتی خۆدواندنەوە بەرەو تلێفۆن چوو. تلێفۆنی هەڵگرت و زەنگی لێدا. بە دەنگێکی فەرمان ئاسا، فەرماندەی هێزی لەشکەری"لابین"ی ویست. تاوێک گوێ بە تلێفۆنەوە ڕاوەستا. پێیان ڕاگەیاند کە فەرماندە بە دەستەوە نییە. ئەمری کرد هەرچی زووتر بیدۆزنەوە و بۆ ماڵی جێگری فەرمانداری ڕەوانە بکەن.
بە دەم خەیاڵاتەوە، چەندێک بە ژوور دا هات و چوو. سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد؛ دەمژمێرەکە چواری نیشان دەدا. سەری سەعاتی پێنج دەبوایە لە ماڵی ژەنەڕاڵ فەرماندار بوایە. بەڵێن بوو دەگەڵ فەرماندار سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاران قسە بکەن، بەڵام سەبری گرت و دانیشت و چەند ڕاپۆرتی بۆ "سەران" نووسی.
هەر ئەو ڕۆژەش، پاروشین و سەرهەنگ پۆلیسی پاراستن سەرقاڵی داڕشتنی گەڵاڵەی هێرش و گەمارۆ و خاشەبڕکردن بوون. گەڵاڵەی ئەوان بە چەند ڕاپۆرتێکەوە بەسترابۆوە کە هێشتا بە دەستیان نەگەیشتبوو. جووتەی سەرهەنگان لە چوار دیوارێکی دەرگا گاڵەدراو دا خەریکی ڕستن و چنینی گەڵاڵەیەک بوون کە دەگەڵ تاکتیکی هێزی کرێکار، گەلێک نامۆ و بێگانە بوو .

پاروشین چەند جارێک ئەو هەلە بەنرخەی وەدەست هێنابوو کە دەگەڵ جەنابی ژەنەڕاڵ فەرماندار دابنیشێت و سەبارەت بە ئەگەری سەربزێویی کرێکاران بیر و ڕا بگۆڕێتەوە. تەنانەت چەند ڕێنموونی فەرمانداریشی لە بەرنامەی کاری خۆی دا گونجاندبوو. پاروشین لە خودای دەویست کە ژەنەڕاڵ فەرماندار بە فیکەی دەم یان بە ئاماژەی سەری پەنجەی بانگی بکات و کاری پێ بسپێرێت. بەڵام "لی لی یۆف"ی چەپەڵ ئاستەنگ و بەرگری ئەم کارە بوو. لی لی یۆف بە چەشنی جۆڵاتەنە، ژەنەرال فەرمانداری لە تۆڕی خۆی دا قەتیس کردبوو. زۆربەی هەری زۆری کاری نهێنیی، کە لە نووسینگەی ژەنەڕال دا گەڵاڵە دەکرا، لی لی یۆف ڕاوێژەر و خەت دەری ژەنەڕاڵ بوو. هەمیسان پاروشین لە فێڵ و فەرتەنەی ژەنەڕال فەرمانداریش بێخەبەر نەبوو. ئەو دەیزانی کە ئەو ژەنەڕاڵە دەیان مۆرەی بەکاری هەیە و هەرچی خەبەری دەستی یەکەمە، ئەوان بۆی کۆدەکەنەوە. ئەوان بۆی کۆدەکەنەوە و ژەنەڕالیش لە ڕاپۆڕتەکانی دا کەڵکیان لێوەردەگرێت. ڕاپۆڕتەکان بۆ کۆشکی بەرزی حکومەتی ڕەوانە دەکرێن و هەندە جارێک شاباش و ئافەرینیش وەردەگرت. ژەنەڕالیش لە نۆرەی خۆیدا سەولەیەکی لە بەر دەمی مۆرە بەکارەکانی دادەنێت. بەڵام مۆرە بەکارەکانی، ئەو کاتە ڕۆژی ڕەشیان لێدادێت، کە ڕاپۆڕتێک لە سەر ڕووداوێکی درۆیین ئامادە کرابێ و مایەپووچ دەربچێت؛ ئەوەدەم ئیتر دەستی چەوری ژەنەڕاڵ، سەر و بەرۆکی ژێردەستانی پیس دەکات.

پاروشین، بە "لی لی یۆف" نەدەوەستا، چونکە ژەنەڕاڵ لایەنگر و چاوسووری بوو. سەیر هەر ئەوە بوو، لی لی یۆف بەبێ ئەوەیکە ژەنەڕاڵ فەرماندار خەبەردار بکات، بۆخۆی ڕاپۆڕت و نامیلکەی بە مۆر و  واژۆی کەس نەزانان ڕەوانەی بارەگای تزاری دەکرد و خۆیشی لێ بێ ساحەب دەکردن. لە نامە و ڕاپۆڕتەکانی دا بەزەیی بە کەس دا نەدەهات و تەنانەت وردە پرێسکەی ژەنەڕاڵ فەرمانداریشی بەلای خاوەن شکۆیانی پلەبەرز دا دەکردەوە.

پاروشین لە دانیشتنە سێ قۆڵییەکەی ماڵی" لی لی یۆف" دا، تەواو ترسی وە دڵ کەوتبوو. چونکە دەیزانی دەقاودەق نا، بەڵکە هەرچی شانەی پیس و مەترسیدراە دە سەری ئەوی دا دەشکێنێدرێت و، پاشملە بەلای ژەنەڕال فەرماندار و وەزیری کار و باری ناوخۆ و بارەگای تزار و دیوەخانی سەرانی نیزامیش دا بۆی تێدەچێندرێت.

پاروشین بۆ پێشەبڕە لێدانەوەی "لی لی یۆف"، دەیان قەناتی خەبەرچنینەوەی وەگەڕ خست. تەنانەت "یگۆرۆف"ی کاربەدەستی پێشووی ئیدارەی گومرکاتیش کە ئاکامی کارەساتەکەی ماڵی غولام، پلەی جیرەخۆری لێ زەوت کرابوو، لە ڕووی ناچاری، دیسان هەڵی هەستاندەوەیان بۆ ڕەخساند و خستیانەوە ناو لیستەی بەکرێگیراوان.

ئەو ڕۆژە، سەرهەنگ پۆلیسی بەشی پاراستن لە نووسینگەی پاروشین دا شان بە شانی پاروشین سەگەرمی خوێندنەوە و ڕاست و ڕیس کردنی ئەو کۆگا خەبەراتە بوون،

که لە شاری باکۆ دا کۆ کرابوونەوە. پاروشین و میوانەکەی، پۆسەلی خەبەرەکانیان لە سەر نەخشەی شاری باکۆ دا بەچەشنێک چنی، کە شوێنی چاپخانە و ڕچەی پێی"نینا"ی تێدا دەربکەوێت. لە نەخشەی پۆسەلەکان دا دەردەکەوت کە "نینا" دوای ماوەیەک ڕازان و خەوتن، دیسانەکە سەری هەڵداوەتەوە. سەرهەڵدانەوەکەیشی زۆر ژیرەکانە و بوێرانە دیاری دەدا. خۆ ئەگەرچی هیچ کووچە و کۆڵان و شەقام و بازاڕێک نەبوو کە بە شەو و بە ڕۆژ، سەر و لاشی دەیان هەس هەس و چاودێری ژن و پیاوی تێدا نەچووبێت، بەڵام نینا لە هەموو شوێنێکەوە جێ پەنجەی دیار بوو. هیچ پشکنین و شوێن هەڵگرتنێک نەما بۆ دۆزینەوەی "نینا" دەکار نەکرابێت، بەڵام نەدۆزرایەوە.

ئەرێ بڵێی ئەو گشتە چالاکییە لە دەست و مستی کچۆڵەیەک هەڵبوەڕێت؟ تۆ بڵێی ناوی"نینا" هەر تەنێ بۆ شوێنە ونکە نەبێ؟ بەچێ دیارە دەیان کچ هەر بەو ناوە، چالاکانە سەری کاربەدەستانی دەزگای پاراستنیان نەشێواندبێت؟ بە گوێری ڕاپۆڕتەکان، چەندین کچۆڵەی ڕووس، بەڵام بە ڕواڵەت و بەژن و باڵای جیا جیا، خەریکی چالاکین. لە ناو ڕاپۆڕتەکاندا، ڕاپۆڕتی "یەگۆرۆڤ" لە گشتیان وێچووتر بوو، چونکە لە دەمی لێک بڵاوبوونی سندووقی ماتریسەکاندا، ئەوە هەر ئەو بوو کە"نینا"ی بەچاوی سەر بینی بوو. هەمیسان لە کارەساتی ماڵی "غولام"یش دا بەشوێن پێی دا چووبوو. تەنانەت نەک هەر"نینا"، بگرە کوڕێکی ئازەریش کە هاوخەباتی"نینا"یە، لە ڕاپۆڕتەکانی یەگۆرۆڤ دا هاتبوو. هەربۆیە پاروشین زۆرتر پشتی بە ڕاپۆڕتی ئەوەوە گەرم بوو.

لە ڕاپۆڕتەکان دا هاتبوو کە "نینا" و کوڕە ئازەرییەکە، لە چەند شوێنی جیا جیا دا پێکەوە بڵاڤۆکیان بە سەر خەڵک دا بڵاو کردۆتەوە. کوڕە ئازەرییەکە، ئەگەرچی لە چەند شوێن دا بیندراوە، بەڵام ناوی ڕاستەقینەکەی دیار نییە. لە ڕاپۆڕتەکان دا ناوی "پەتیا"، "کۆلیا"، مامە پیرە، "چاویلکە لەچاو" و "مامە ڕیشە"، جارانی جار نووسراوە.

پاروشین و میوانەکەی بۆ چارەسەری و کۆتایی ئەم ئاریشەیە، هەتا درەنگانێک خەریکی خوێندنەوە و بە شوێن داچوونی مۆرە چالاکەکان دانیشتن و کاریان کرد. شەویش بۆ شێوخوردان چوونەوە ماڵ و دوای نان خوردنێکی بە پەلە، پاروشین گەڕاوە نووسینگەکەی و هەرکە گەیشتەوە،"ڤاڵتەر"، خەبەری پێدا کە"یەگۆرۆڤ" گەراوەتەوە و چاوەڕانی دیدارە .

ئیتر "یەگۆرۆڤ" ئەو "یەگۆرۆڤ"ی جاری جاران نەبوو کە بە دیتنی پاروشین چەشنی داس ، بەژنی بچەمێنێتەوە و بێ ڕوح و گیان لە سەرپێ واق وڕماو ڕابوەستێت. بە سەری زمانان بە "ڤاڵتەر"ی گوتبوو، کە خەبەری گرنگ و دەستی یەکەمی پێیە و دەبێ سەرهەنگ ببینێت.

کاتێک "ڤاڵتەر" هات و خەبەری گەڕانەوەی "سەرهەنگ پاروشین"ی پێدا، زۆر خەوانینانە هەستا سەرپێ و لەبەر ئاوێنە سەیرێکی خۆی کرد. یەخە و بەرۆکی ڕێک

و پێک کرد و دەستێکی بە سمێڵی قیتی داهێنا. دوو قامکی دەستی لە گیرفانە چکۆڵەی جلیتقەکە بەزاند و بە ژێستێکی ناپۆلیۆنانە، وەپێش "ڤاڵتەر" کەوت.

هەر پازدە ڕۆژ بەر لە ئێستاکە، ئەگەر "یەگۆرۆڤ"ت بدیبایە، بەزەییت بە حاڵی دادەهات. لەش و لاری شل و داچۆڕاو، جلک و لیباسێکی کۆنی شەمزاو، ڕیش و سمێڵێکی کەمتووکی شپرزە، ڕەنگ و ڕوویەکی زەردی زەعفەرانیی نزیک بە مردنی پێوە دیار بوو. لە برسان و لەبەر بێ ئەنوایی، وزەی ڕۆیشتنی نەبوو. لە گوتن و لە ئاخافتن دا زمانی نەدەگەڕا و گوزەرانیشی چەشنی سەگی کۆڵانان بە سەمەرگی بوو. ئا لەم حاڵەدا ئەمربەرانی پاروشین دۆزیانەوە و ڕەکێشی بارەگای "پاروشین"یان کردەوە.

کەس نازانی بازی بەختەوەری کەی دێت و دەنیشێت و کەنگێ بە زویری باڵ دەکاتەوە و دەفڕێت! ئەودەم کە "یەگۆرۆڤ" کارمەندی پایەبەرزی گومرکات بوو، بازی بەختەوەری لە سەر ماڵی هەڵنیشتبوو. دارا و تەسەل و بێ خەم و دەرد و مەراق بوو، بەڵام لەپڕ باز فڕی و تووشی نەهامەتی هات. ئەودەم کە ئەمربەرانی پاروشین لە سەر شەقام دۆزیانەوە، تۆزکاڵە گیانێکی کزۆڵی پێ مابوو. دوای تێر کردن و دەست بە سەرداهێنانێک، بردیانە لای پاروشین. پاروشین بەرنامەی کاری بۆ داڕشت و بۆ گوزەرانی ڕۆژانەشی پارەیەکی دایە و ڕەوانەی کوچە و کۆڵانانی کردەوە .

بە شوێن"ڤاڵتەر"دا دەرگای نووسینگەی "پاروشین"ی بۆ کرایەوە. وەژوور کەوت و بێ ئەوەیکە وەک جاران بەژنی بچەمێنێتەوە، لە شانی دەرگاکە دا ڕاوەستا. سەیر هەر لەمەدابوو کە پاروشین بە پێچەوانەی جاران لە بەری هەستا و بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە گوتی:

ـ فەرموون... فەرموون نزیکتر ببنەوە جەنابی یەگۆرۆڤ ـ [ئەوە چ دەبیسم؟ جەناب؟!!] ... فەرموون با بزانین خەبەرات چییە... ئیتر ئێستا جەنابی یەگۆرۆڤ هومێدی نیشتمان و پشتیوانی ئیمپراتوریای ڕووسیەیە.

هومێدی نیشتمان و پشتیوانی ئیمپڕاتوریای ڕووسیە لە مێزی کاری پاروشین نزیک کەوتەوە و لە سەر کورسییەکی ئانیشکداری ڕووکەش مەخمەری دانیشت. دانیشت و بە بێ پرس و ئیجازە، دەستی برد و جغارەیەکی هەڵگرت و زۆر بە کاوەخۆیی جگەرەی داگیراند و مژێکی گەرووگری لێدا. پاروشین سەبری لێبڕا و گوتی:

ـ دە زمانت بکەوە بزانم...!

یەگۆرۆڤ مژێکی دیکەی لە جغارەکەی دا و دەستی پێکرد:

ـ جەنابی سەرهەنگ بە ئێوەی هێژا بڵێم کە، هەر ئەو جۆرەی خۆتان فەرمووتان تێکەڵ بە مانگرتووان بووم. کرێکارێکی قۆڵ سوور لێی پرسیم: کێی و چکارەی؟ منیش وتم من کاربەدەستێکی ئیدارەی پۆستخانە بووم و لە سەر قسەی هەق دەریان کردم و ئەوە چوار مانگە بێکار دەخولێمەوە. گوتیان : وەرە ژوور... پیاوی هەقخواز بۆ ئێمە جێی ڕێزە... گرتیانم و بردیانمە بەردەمی حەشیمەت و گوتیان دەی بۆ ئەم خەڵکە

قسە بکە و ئەوەی بەسەرت هاتووە، بیگێڕەوە. منیش ئەوەی بەسەرم هاتبوو بۆم گێڕانەوە...
پاروشین سوور و شین هەڵگەڕا، بەڵام ئارام و هێدی گوتی:
ـ جەنابی یەگۆرۆڤ تکایە کاکڵی دەسکەوتەکەتم بۆ بگێڕەوە!
قسەی پاروشین ئەگەرچی نەرم و هێور بوو، بەڵام تووڕەییشی تێدا دیار بوو. یەگۆرۆڤ خۆی کۆکردەوە و درێژەی پێدا:
ـ سێ جارانم بۆ خەڵک گێڕایەوە. کەوتمە بەر دڵیان و بە ڕای گشتی وەک نووسەری کۆمیتەی مانگرتن هەڵیان بژاردم... گوتیان تو دانیشە و کێ قسەی کرد، تۆ بینووسەوە ؛ منیش گوێم بۆ ڕاگرتن و چی گوتیان، من نووسیمەوە...
پاروشین یەکجی بەرز بۆوە و گوتی:
ـ یەگۆرۆڤ ئیتر من کاتی دانیشتن و گوێگرتنم نەماوە...
ئای داخی گرانم ئەدی جەنابی یەگۆرۆڤ چی لێهات؟... ئەوە بۆچێ یەکجێ پێشکۆی جەناب لە "یەگۆرۆڤ"داکەوت و "یگۆرۆڤ"ی ڕەبەن مایەوە؟ جگەرەکەی لە سووتەکدانەکە دا هەڵپرووکاند و بە هەڕەمە و هەناسەسوارییەوە گوتی:
ـ گەورەم ئەگەر لە سەر ڕۆیشتنی و کاتی گوێگرتنتان نییە، دەسا با کاکڵەکەتان بۆ وەگێڕم. هەر ئەمڕۆکە... من... منیان لە لیژنەی نهێنی دا ڕیدا و دەگەڵیان دانیشتم...
پاروشین کورسییەکەی کێشایە پێشتر و بە سەرسووڕماوی لێی پرسی:
ـ لە کۆبوونەوەی نهێنی دا دەگەڵیان دانیشتی؟... چ بوو؟ چی کرا؟
ـ بەڵی بەڕیزم... من لە کۆبوونەوەی نهێنی دا بەشدار بووم. بەڕیوەبەری لیژنەکە، خانمێک بوو کە بە تێکڕا بە "دادە"یان بانگ دەکرد، بەڵام من بۆم دەرکەوت کە ناوی ئەو خانمە "یەلینا" بوو.
ـ "یەلینا"ی چی؟... ناوی فامیلی؟... نازناوی؟
ـ بۆم دەرنەکەوت گەورەم!
ـ گەوجە!
کورسیی ئانیشکداری ڕووکەش مەخمەری لە ژێری دا جێرە و جووڵەی لێوەهات. دیسان پشتی چەشنی کەمەی گۆچان چەمایەوە. بە پڵتە پڵتی زمان، مینگەیەکی کرد و گوتی:
ـ گەورەم وزەی پرسینم نەبوو کە لێی بکۆڵمەوە... بۆم نەکرا... نەکرا...
ـ نەکرا؟... بڕوایان پێت بوو کە یەکجێ لە کۆبوونەوەی نهێنی دا ڕێت پێ بدەن، بەڵام تۆ وزەی پرسیارێکت نەبوو... تۆ چیرۆکی هەزار و یەک شەوم بۆ دەگێڕیتەوە و باسی "یەلینا"خان ـ م بۆ دەکەیت، ئەی من بەچی بزانم ئەو "یەلینا"یە کێیە و چ کەسە. هەر لەم شارە دا هەزاران "یەلینا"ی تێدایە، من بچم و بەرۆکی کێهەیان بگرم؟...

"نینا"یەکمان هەبوو، ئەمجار "یەلینا"یەکیشی هاتە سەر و، سا وەرە لەم گێژاوە گیان دەر بەرە !...
دەنگی کچی "یەگۆرۆڤ" قسەی لە دەمی پاروشین ئەستاندەوە:
ـ گەورەم من سەر و شکڵ و بەژن و باڵاکەییم بە مێشک ئەسپاردووە... بیرم ناچێت و لە هەر جێیەک بیبینم، دەیناسمەوە.
ـ سەر و شکڵ و بەژن و باڵاکەی "نینا"یشت بە مێشک ئەسپاردبوو... ئەدی کوا؟! چی لێهات گەوجەپیاگی دایم سەرخۆش؟! ئەوە زێدە لە دوو ساڵە بە شوێنی دا دەگەڕێیت، بەڵام دەسبەتاڵ ماویتەوە... دەی بزانم چی تری پێیە ؟!
یەگۆرۆڤ لە سەر پێ چەقیبوو. چۆکی زەنگە زەنگ دەلەرزین. هەرچی هان و هەناسەی هەیبوو، دای بە گەرووی و بە مینگە مینگ گوتی:
ـ دەیانگوت لە مانگی مارس دا بەرنامەی مانگرتن و خۆپیشاندانێکی مەزنیان لە بەرنامە دایە و هەر لە ئێستاکەوە خەریکی سازدان و ڕێکخستنن... لەو مانگرتنە دا بەڵێنە هیچ کرێکارێک نەچیتەوە سەر کار... دەیانگوت...
ـ بەسکە!... وست بە!... لەم دەیانگوت، دەیانگوتەی تۆ دڵم تێکەڵ دێت...
ـ بە سەر دوو چاوم گەورەم!... نەیان دەگووت... لە وێندەرێ نەیان دەگوت کە سبەی نا دووسبەی، لە ڕۆژی 28ی مانگ دا کۆبوونەوەیەکی مەزن ڕێک دەخەن... هەر لەو کۆبوونەوەیە دا هەرچی هەیە و نییە باسی لێدەکرێت...
ـ لە کوێ کۆدەبنەوە؟
ـ گەورەم، شوێنی کۆمبوونەکەیان "ئیچەری شاری"یە... تەنانەت جێ و شوێن و کاتی کۆبوونەوەکەیشیان پێ گوتووم گەورەم...!
ـ دەی ! مەوێستە... بەردەوام بە بزانم!
ـ دوایی هات گەورەم... هەر ئەمەندە بوو...
پاروشین چەشنی ئەسپەندەری سەر ئاگر نراو هەڵبەزییەوە و نەڕاندی بەسەری دا:
ـ ناوی بەڕیوەبەران... بگێڕانی بەرنامە... ناویان... ناونیشانیان... ئەوانەم پێ بڵێ!
ـ گەورەی بەڕێزم، کورسییەکەی منیان لە سەرەی هەرە پێشەوەی ئەندامان دا دانابوو. کاتی چۆڵ کردنی شوێنی دانیشتنەکەیش، لە دواوە دەرکەوتن و من ئاخر کەس بووم و هیچ کەسێکیانم بە چاو نەبینی... دیارە ناو و نیشان و لاباره ناوی هیچ تاقێکیشیانم نەکەوتە دەست...
ـ گێلەپیاوی نەفام!
ـ ڕاستە گەورەم... ڕاستە!
پاروشین تیری وە بەرد کەوتبوو. هەموو هومێدەکەی ئەم "یەگۆرۆڤ"ە بوو، ئەویش مایەپووچ هاتە دەر. پاروشین لە هەژمەتان ڕەنگی ڕوخساری چەشنی تافتەی ئاڵ سوور هەڵگەڕا بوو. هەموو جەستەی تووڕەیی لێدەباری. لەجێ هەستا... دانیشتەوە ... سەیری دار و دیواری کرد و مستی گرێ کرد.

"یەگۆرۆڤ"ی ماڵ کاول گیانی لە جەستە دا نەما. بە ئاشکرا پشتی چەشنی داس چەمایەوە و وێک هات. لە ترسان و بۆ پاراستنی خۆی، نووزەیەکی لێهات:

ـ گەورەم ڕێگام بدە ڕۆژی 28ی مانگ دەگەڵیان دانیشم و لە مەزن هەتا ژێرپایان بگرمە بەر چاو و تاقێکیان جێ نەهێڵم... دانەی دانەتان پێ دەناسێنم گەورەم... من بە هەموو هەست و هەناسەمەوە خزمەتگوزاری نیشتمانم و گیان لە سەر دەستم بۆ خاوەن شکۆ تزاری مەزن... گیانم بەخت دەکەم گەورەم...

ـ تۆ لە پێناو شاو نیشتمان نا، بەڵکە لەپێناو ئارەق و سەرخۆشیدا خۆت دەخنکێنی گەمژە!

یەگۆرۆڤ چەشنی خەڵفی بەر دەم سۆزەی زریان دەلەرزی. هەر دەتگوت سێبەرۆی گرتووە و ها ئیستا پێ ڕابێت و ها تاوێکی تر.

پاروشین پەنجەی خستە سەر زەنگی بەر دەستی و جرینگەی لێ هێنا. بلێی یەک و دوو، ڤاڵتەر هاتە ژوور و شەق و ڕەق ڕاوەستا.

پاروشین ڕووی کردە ڤاڵتەر و گوتی:

ـ جەنابی ڤاڵتەر! ئەم پیاوە سواری گالسکەی سەر داپۆشراو دەکەیت و یەک ڕاست دەیبەیتە بەندیخانە. ـ بەرەو یەگۆرۆڤ وەرچەرخایەوە: ـ هەتا ڕوژی 28ی مانگ لە بەندیخانە دا دەمێنیتەوە. خولانەوەی بێ کەڵکت لەوانەیە کارەکانمان لێ تێک بدات... ئەوەندە گێژ و کەللە پووکی، بۆ ئەوە نابی ئازاد بخولێیتەوە و ئەوانیش لە خۆت دردۆنگ دەکەیت. پێم بلّی بزانم کۆبوونەوەکەیان سەعاتی چەند دەست پێدەکات؟

یەگۆرۆڤ بە بیستنی ئەم فەرمانە، دەهات لە هۆش بچێت. قەت پێی وانەبوو ئەمجارەش شانس و چارەنووسەکەی بەم چەشنە بگۆڕدرێت. ئەو خۆی بۆ وەرگرتنی خەلات و بەراتان ئامادە کرد بوو، کەچی ئەوە دیسان زیندان... ئاخر مەگەر هەر نیوسەعات پێشتر هومێدی مەزنی ئیمپراتوری نەبوو؟... پێشناوی "جەناب"ی بۆ دەکار نەکرا؟ چی لێهات و بۆ کوێ چوو ئەو گشتە پێهەڵاگوتنە؟ دەک گەردوون ماڵت کاول بی بۆ ئەم نەهامەتییەت!... تۆ بلێی ئەم ئاخر پرسیارەی پاروشین و وەڵامی ئەو، ڕێگا خۆشکەر نەبێت؟ بە گورجی گوتی:

ـ سەری سەعاتی حەوتی ئێوارێ گەورەم!

پاروشین ڕووی کردە ڤاڵتەر و گوتی

ـ دوو بەیانی کاتژمێری شەشی ئێوارێ، ئەم پیاوە لە زیندان دێنیتە دەر و دەیبەیتە "ئیچەری شاری" و خۆت دەگەڕێیتەوە .

بە نیشانەی تەواو بوونی قسە، ڕووی کردە پەنجەرەی ڕوو بە حەوشە. ڤاڵتەر لە پێشەوە و یەگۆرۆڤ بە شوێنی ئەودا وەدەر کەوتن.

****

# 33

کاتژمێری شەشی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 28ی فیڤرییە، گالسکەیەکی سەر داپۆشراوە هات و لە سەرگەی کۆڵانی"قوشەقەڵا" ڕاوەستا. لە گالسکەکە دا "یەگۆرۆف" لە نێوانی چەند کەسێک ئاخندرابوو. پاروشین ئەمری کرد:

- تۆ برۆ و ئێمەیش بە شوێنت دا دێین .

یەگۆرۆف لە پێش هەموویان دابەزی و ڕەوەدە جاش و ژاندەرم و پۆلیس بە جلکی سڤیلەوە شوێنیان هەڵگرت. گالسەکەکە لە زارکی کۆڵانی "قوشەقەڵا" دا مایەوە. پاروشین و ڤاڵتەر لە گالسکەکە دا چاوەڕوانی ئەنجامی کار، سەبریان گرت.

لی لی یۆڤ و سەرۆک پۆلیسی شاری تفلیس لە ژووری کاری پاروشین دا گوێ قوتی جرینگەی زەنگی تلێفۆنی پاروشین بوون، کە کەنگێ خەبەری ڕەشبگیریی ئەندامانی کۆمیتەی شاری باکۆیان پێدەگات.

ئەوان هەر یەک بەجیا، لە سەرهەنگ پۆلیسی پاراستنەوە بیگرە هەتا "لی لی یۆڤ" و پاروشین و ئەوانی تریش، خۆیان بۆ ئاخر و ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنە ساز و تەیار کردبوو. ئاکامی ئۆپەراسیۆنەکە زووتر بە گوێی هەر کامیان گەیشتبایەوە و ڕاپۆرتەکە بە قەڵەمی هەر خاوەن قەڵەمێک نووسرابایەیە، ئەو دەیبردەوە

ئەگەرچی مانگی فێڤریە هێشتا بە ئاخر نەگەیشتبوو ، بەڵام گەرما وەک شەوە گیانداری هەڵدەگلۆفی. پاروشین لە ژووری سەر داپۆشراوی گالسکە دا ئاگری گرتبوو. کڵاوەکەی لە سەر خۆی لادا و یەخەی باڵاپۆشەکەیشی کردەوە، بەڵام فێنک نەبۆوە و هەروا ئارەقی دەڕشت. جگەرە بە دوای جگەرە بەبای دەکرد و بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە:

ـ خۆزگە من خۆیشم چووبامایە... من خۆم لەوێ بوامایە بازنەی گەمارۆم بە چەشنێک بە دەور دا دەکێشان، کە تاقێکیان ڕزگارییان نەهاتبایە. حەیفم دێتێ تاکێکیان لێ دەربچێت...

ـ دەبوایە بە ئاشکرا شوێنی کۆمبوونەوەکەمان ئابلۆقە دابایە و لەبەر چاوی خەڵکی کۆڵان دەستبەسەرمان کردبانایەوە...

ـ گوێ بگرە ڤاڵتەر!... دەنگی تەقەی تفەنگ!... گوێت لێیە ڤاڵتەر؟!... من دەترسم ئەوانیش چەکیان پێ بێت...

ڤاڵتەر دەیزانی پاروشین چەندە تامەزرۆی داپلۆسینی کۆمیتەی کرێکارییە و ئەم هاتەران پاتەرانەش هەر لە داخ لە دڵی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگینا کۆڵان پەپووی تێدا دەخوێند و دەنگی مێشوولەشی لێوەنەدەهات. ئەو، خۆی لە خسڵەتی پاروشین شارەزا بوو و دەیزانی لەم هەلانەدا بێدەنگی دەبیاتەوە. بە تێپەڕینی چارەکە سەعاتێک، هیچ خەبەرێک نەبوو. بەرە بەرە "ڤاڵتەر"یش کەوتە دڵەڕاوکێ و لە خۆی دا نەما. بێدەنگی و بێخەبەری درێژەی کێشا. بەرەبەرە وڵات تاریک دەبوو. پاروشین لەپڕ دەرپەڕی و بەخێرایی بەرەو "ئیچەری شاری" کەوتە ڕێ. ڤاڵتەر سەرپاکی کون و قوژبنی گەڕەکی "ئیچەری شاری" وەک لەپی دەستی خۆی دەناسی و تێیاندا بەڵەد بوو. بۆ ڕێنیشاندان کەوتەوە پێش پاروشین. ڕۆیشتن و گەیشتنە هەر ئەوماڵەی کە قەراری کۆبوونەوەکەیی تێدا درا بوو. دوو ژاندەرم لێیان نزیک بوونەوە و لەبەرامبەر پاروشین و ڤاڵتەر دا دەستی سڵاوی نیزامییان بەرز کردەوە و ڕەپ و ڕاست ڕاوەستان. پاروشین بە ئەسپایی گوتی :

ـ گێلەپیاوینە مەگەر نابینن جلکی نیزامیم لەبەر دانییە! دەستەکانتان دادەنەوە گەمژەیینە! بڵێن بزانم بۆچ بێدەنگە و بۆچی دەستو پێنەکردووە؟

ژاندەرمێکیان چەشنی پاروشین زۆر بە ئەسپایی گوتی:

ـ گەورەم هیچ لە گۆڕی دانییە!... دەست بەچی بکەین؟

ـ ئەوە دەڵێی چی هەتیم؟.. چلۆن هیچ دەگۆڕی دا نییە... گورج بە پێم بڵێ بزانم چ باسە؟

ـ گەورەم نەک هەر ئەو ماڵەی کە بۆ یەگۆرۆڤ دەستنیشان کرابوو، بگرە هەموو دەر و دراوسێیانی ئەو ماڵە چۆڵەشمان پشکنیوە... جگە لە مرۆڤگەلێکی هەژاری ڕەش و ڕووت نەبێ، هیچ گیانلەبەرێکی ترمان تێدا نەبینیون...

پاروشین قسەی لەدەمی ئەستاندەوە و گوتی:

ـ گەوجەپیاو ئێمەیش هەر بە شوێن ئەم ڕووتەڵە پێخاوسانە دا دەگەڕێین... نەکا پێتان وابێ "مانتاشۆڤ" و "تەقی یۆف"ەکانن لە کۆمیتەی کرێکاری دا ناونووس کراون و لێرە کۆدەبنەوە؟!

گەورەم ئەم گەڕەکە هەر هیچ کۆبوونەوەیەکی بەخۆیەوە نەدیتووە. ئێمە ماڵ بە ماڵ گەڕاوین و هەرکەسێ کە لە ماڵ دەرمان کێشاوە، لە ژێر پێخەفدانەکەیەوە

دەرمان کێشاوە. خەڵکی ئەم گەڕەکە ئاگایان لە هیچ بەزم و ڕەزمێک نییە، گەورەم!... هەر ئەو ماڵەی کە بۆ یەگۆرۆڤ دەسنیشان کراوە، ماڵێکی ورد و وێرانەیە و گۆیا خاوەنەکەی بەنیازە دەستی تێوەردات و نەوژەنی بکاتەوە گەورەم!

پاروشین وەک هەموو دنیای بەسەر دا ڕووخابێت، لە هەژمەتان لێوی خۆی دەکرۆشت. مستی قورسی ڕادەوەشاند و ئاگری لە چاوان دەباری. گوتی:

ـ "یەگۆرۆڤ"م بۆ بێنن... لە کوێیە؟

ـ گەروەرم لە سەرگەی کۆڵان چاوەڕێیە.

ـ قاوی کەن بابێت!

جاش و جەیش وەدەر کەوتن و هەر پاروشین مایەوە و ڤاڵتەر.

لە سووچێکی ئاسمان دا مانگ بە ڕەوتێکی نەرم بە ژێر هەوری گەواڵ گەواڵ دا دەخزی. جارجارە لە سووچی پەڵەهەورێکەوە خۆی دەنواند و تارمایی دەمی شێوانی کۆڵانەکەی لە ڕەنگی زێڕینی خۆیدا دەتواندەوە. کۆڵان سەر بە سەری چۆڵ و کپ و خامۆش بوو. نە خشپەی پێی ڕێبوارێک و نە سریوەی گەنج و لاوێکی سەودایی؛ لە هیچ لایەوە دەنگ نەدەهات. خەڵکی گەڕەک، لە ترسی هەرەسی هێزی نیزامی دە ژێر پێخەفدانەکەیان دا ماتەیان هەڵگرتبوو؛ جووڵەوەر جووڵەی نەدەهات. چرای ماڵان کووژابوونەوە، تەنانەت بێچوولەش لە کڕوزانەوە کەوتبوو.

حەوشەی ئەو ماڵەی کە قەرار بوو یەگۆرۆڤ کۆمیتەی کرێکاری تێدا بخنکێنێت، پڕی تەختە و دار و کۆنە کەرسەی دەکارکراوی بەننایی بوو. ئەمربەرەکان دوای پێنج خولەکێک "یەگۆرۆڤ"یان پەلکێش کرد و لە بەر دەست و دەمی پاروشین دا ڕایانگرت. جەنسەتی ئەندامی لەشی، بەچەشنی شەپڵەلێدراوان دەلەرزی و هەر دەتگوت لە سەرە مەرگ دا پەلەقاژەی ئاخرینی بەڕێ دەکات. پاروشین وەک ئەهەریمەنی قین و تووڕەیی، شین و ڕەش و سوور هەڵگەڕابوو. ددانەکانی جیڕە و چیڕەیان لێوە دەهات و دەمی وشک ببوو. بە ئەوپەڕی تووڕەیی، لە کوورەی دەماوی گەروویەوە دەنگێک بەسەر یەگۆرۆڤ دا هات:

ـ ئەدی کوا کۆبوونەوەی کرێکاری؟!... خۆ ئەم ماڵە کاولە زیندەواری تێدا نییە... کوا لە کوێنە... ها؟!

ـ بەڵی گەورەی بەڕێزم جووقەواری تێدا نییە.

ئەگەر هەموو کێو و شاخی سەر ئەم دنیایەت لە تەپڵی سەری پاروشین کوتابایە، بە قەدرایە ئەم خەسار و داکەوتنە، کاریان لێ نەدەکرد. نەیدەزانی چی دەکا و چلۆن دەجووڵێتەوە. لە بەرامبەر "یەگۆڕۆڤ"ی نیوەمردوو دا سەری لار کردەوە و هەر وەک دەگەڵی خەریکی چاکوچۆنی بێ ، لێی پرسی:

ـ ئەوە بۆ تێیدا نییە؟!

ـ نازانم گەورەی بەڕێزم... لەوانەیە لە ترسی سارد و سەرمای زۆر، لەم ماڵە وازیان هێنابێ...

گەرمای سەری شەو، باڵاپۆشی لەبەر پاروشین داماڵیبوو کە هیچ، پەیتا پەیتا دەبوایە ئارەقی تەوێڵیشی بە دەسرۆکە بسڕێت. پاروشین کەمێک لێی کشایەوە. زۆر هێدی و ئارام، دەستەوانەی دەستی ڕاستی دەرهێنا و دایە دەستی چەپی و ئەوەندەی کە هێزی دە زەند و باسکی دابووی، زللەیەکی ئەوتۆ جانانەی لە لاڕوومەتی یەگۆرۆڤ کوتا، کە چەشنی تۆپی جیر لە زەوی ئەستاندییەوە و دوای چەرخ و خولێک، دە خاو و خۆڵی گەوزاند. دوای ئەو شەپڵاغەیەش، بۆ ئەوەیکە هیچ هەرایەکی لێ ساز نەبێ، ڕووی کردە ڤاڵتەر و گوتی:

ـ پەتی کە و بیهێنەوە لای خۆم.

پاروشین خێرا لە حەوشەی ورد و وێران وەدەرکەوت.

***

لی لی یۆڤ بە وردی گوێی بۆ قسەکانی پاروشین شل کردبوو. هەرکە قسەی پاروشین کۆتایی هات، لی لی یۆڤ بە سەری پەنجە، چاویلکەکەی جێ بی جێ کرد و بە دەم زەردەخەندەی سەرلێوانییەوە گوتی:

ـ جەنابی پاروشین فریویان داوی!... خەیانەتێکی بچکۆلانە لە گەڕ دایە...

پاروشین لە سروشتی لی لی یۆڤ شارەزا بوو. دەیزانی لە دەمی تووڕەیی دا، لایەنی بەرامبەری خۆی بە تەوس و پلاران بەردەباران دەکات و دەیتۆپێنێ. دەیزانی مەبەستی لە دەکار هێنانی وشەی "بچکۆلانە" چییە. دەیزانی خەریکە مەلۆتکەی خەیانەتێکی مەزنی بە مل دابکات .

"لی لی یۆڤ" تووڕەکەیەکی مەزنی بۆ ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیونەی پاروشین هەڵدوریبوو. هاتبایە و ئۆپەراسیونەکە بە سەرکەوتوویی بە ئاکام گەیشتبایە، هەموو دەسکەوتەکانی باری تووڕەکەی خۆی دەکرد و پێی دەبوویە خانی خانان، بەڵام ڕاوبەتاڵ مانەوەی پاروشین، ئەویشی ڕاوبەتاڵ کرد.

پاروشین بۆ بچووک نیشاندانی کێشەکە، لە حاڵێکدا چاوی پڕ لە نزا و پاڕانەوەی بەرەو سەرۆک پۆلیسی میوان ڕاگرتبوو، گوتی:

ـ لەوانەیە بەهۆی گرفتێکی تەکنیکییەوە کۆبوونەوەکەیان وەپاش دابێت، ئەگینا ئەو ئەمربەرەی کە ئێمە خزاندوومانەتە ناو ڕێکخراوەی نهێنیی کرێکاران، لە هەر بار و بابەتێکەوە جێگای مەتمانەمانە و بە کەس فریو نادرێت؛ دەست پەروەردەی خۆمانە و ئێمە بڕوا و باوەڕی تەوامان پێیەتی.

لی لی یۆڤ دیسان بە زەردەی سەرلێوانەوە بە پێشوازی وەڵامی" پاروشین"ەوە چوو ـ پاروشین بە زەردەی سەر لێوی لی لی یۆڤ دەهات کەڵ باوێت، بەڵام چاری ناچار بوو و دەبوایە بیچێژێت ـ جەنابی پاروشین پێت وا نییە ئەو ئەمربەرە پەرەوەدەیەتان فریو درابێت؟ لەوانەشە خەبەرچینی ئەوان بێت و لە ژێر پیلی ئێوەدا

هێلڵانەی دانابێت. بە دووری نازانم کە هەر ئەو پەروەردەی دەستی خۆتان ، خەبەری بەرنامەی ئێوەی ڕاپۆڕت کردبیت و شوێنی کۆبوونەوەکەیانی ڕاگواستبێت ... ڕاستی ئەمربەرەکەی ئێوە لەکوێنە؟... دەکرێ چاوێکمان پێی بکەوێت؟
پاروشین گێژی خەیالات بوو، سەرێکی لەقاند و گوتی:
ـ لێرە نییە... ڕەوانەی شوێنێکم کردووە .
ـ تکایە بنێرە بە شوێنی دا با بێت و وەڵامی چەند پرسیارێکم بداتەوە!
لی لی یۆڤ زۆلانە پێیداگرت و ڕێگایەکی دەرچوون و دەرەتانی بۆ پاروشین نەهێشتەوە. پاروشین لە ڕووی ناچاری، خێرا خۆی کۆکردەوە و وەدەر کەوت. ڤاڵتەر لە دەرەوەی تالارەکە چاوەڕێی پاروشین ڕاوەستا بوو. پاروشین پێی گوت:
ـ بڕۆ نیو سەعاتی تر "یەگۆرۆڤ"م بۆ بێنە، بەلام پێی بڵێ ئەگەر هۆی درەنگ هاتنمان لێ پرسی، بڵێ بە شوێن کارێکی گرنگ دا چوو بووم.
لە نەبوونی پاروشین دا، سەرهەنگی میوان لە لێ لی یۆڤ نزیک بۆوە و بە گوێی دا چرپاند:
ـ پێم خۆشە بەمجۆرەیان حیساب لێ دەکێشی... بەڕیوەبەرایەتیتان جێگای ڕیزە. لە گەڕانەوەم دا هەرچی بینیومە و هەرچی هەڵمگرتۆتەوە، بە گوێچکەی جێگری خاوەن شکۆ تزاری مەزنی ڕادەگەیەنم... ئەمانە گەلێک کار لێنەهاتوون...
لی لی یۆڤ زۆر لووتبەرزانە وەلامی داوە:
ـ ئەگەر من بەسەریانەوە نەبم، ئەمانە بەرگەی ڕۆژی گران ناهێنن و چیمان ڕستووە، لێمان دەکەنەوە خوری و مایەپووچمان دەکەن... تکایە ئەمەشیان پێ ڕابگەیەنە.
هەرکە پاروشین هاتەو ژوور، ئەوان قڕ و قپ دانیشتن و دەنگیان لێوە نەهات. نیو سەعاتێک پێچوو، ڤاڵتەر هات و خەبەری گەڕانەوەی "یەگۆرۆڤ"ی بە پاروشین دا. ئەوان بە تێکڕا چوونە ئەو ژوورەی کە وا "یەگۆرۆڤ" تێیدا چاوەڕان دانیشتبوو .
یەگۆرۆڤ هەر ڕاست لە چەقی ژوورەکە دا ڕاوەستا بوو. بەلام "یەگۆرۆڤ"ی دوێنێ و پێرێ نەبوو. هیوا و هومێدەکەی ئیمپراتوریای ڕووسیە بە غایەت قوڕ بەسەر و تێکشکاو دەهاتە بەرچاو. جلکی بەری شەمزاو و داچەکاو بوو. لایەکی تەواوی سەر و بەرگ و لیباسەکەی بە هۆی داکەوتنی نێو قوڕ و لیتە، بۆر و بۆز و خاکاوی بوو. سەرچۆکی دوولینگەکەی و ئانیشکی چاکەتەکەی کون ببوو. سمێڵە قیتەکەی جارانی بە دوو بەری لاگوپەکانی دا شۆڕ ببوونەوە و تیسکی داوداوی ڕیشی نموودێکی ناشیرینیان لە سەر کۆپێ کردبوو .
لی لی یۆڤ بە سەری پەنجە سپی و خرپنەکەی، چاویلکەی لە سەر لووت دا جێ بەجێ کرد و بە دەم زڕە زەردەیەکی حیزانەیەوە گوتی:
ـ ئالاهەڵگرەکەی خەباتی ئێوە بۆچە وای لێ بەسەر هاتووە سەرهەنگ؟!

پاروشین چی نەمابوو بتەقێ و گیان بەدەر بکات. بەڵام بەبێ ئەویکە دەم ببزێوێ، بەس ددانی بە سەر جەرگ داگرت و بێدەنگ ڕاوەستا.
لی لی یۆف بەچەشنی پەیکەرتراشێک کە دەڕوانێتە سەر دارشتەی خۆی، ورد ورد بە دەوری "یەگۆرۆف" دە گەڕا و تێی ڕاما و وتی:
ـ ڕێزدارەکەی من وەرە پێشتر و قسەم بۆ بکە بزانم... ـ چی؟!... ڕێزدارەکەی من؟!
ـ گازەرای پشتی یەگۆرۆف بەم دەنگە بلاوێنەی لی لی یۆف تۆزکاڵێک جووڵەی ڕاست بوونەوەی پێداگەڕا ... ـ دە پێم بڵی بزانم تۆ لە وێندەرێ کێ و چ کەسانێکت دیتن؟ شوێنی کۆبوونەوەکەتان کوێ بوو؟
سێ کەس و سێ جووت چاو، چاوەڕانی دەم کردنەوەی یەگۆرۆف بوون. یەگۆرۆف چاوێکی بە ژوور دا گێڕا و سەری داخست. هەتا ئێستا، لە ناو چنگی یەک ئۆختاپوس دا دەپلیشا بۆوە، ئەئێستا بوونەتە سێ! سەیری کامیان بکات و قسە بۆ کێهەیان بکات؟ ڕووی کردە لی لی یۆف و چاوی بەلای ئەوەوە جێ ما. بێدەنگ و بێ گیان ڕاوەستا و هیچی نەگوت.
لی لی یۆف بە وردی "یەگۆرۆف"ی هەڵسەنگاند و چەندین پەلەوەر و جانەوەری لە پەنا دانان، بەڵام یەگۆرۆف دەگەڵ هیچ گیاندارێک هاوسەنگ نەدەهاتەوە.
یەگۆرۆف دەستی بە قسەگێڕانەوە کرد. درۆ بە دوای درۆ بۆی هات و داستانی لەسەر هەڵچنین. دەگەڵ گێڕانەوەش، سەیری"لی لی یۆف" و زەردەی سەر لێوانی ئەوی دەکرد و دڵی بەم زەردەخەندەیە دەگەشایەوە. چیرۆکی گێڕانەوەی یەگۆرۆف بەرەو درێژدادڕی دەڕۆیشت، کە یەکجێ لی لی یۆف بوو بە گڕکانی تووڕە و، یەکجێ تەقی. لی لی یۆف ڕووی کردە پاروشین و گوتی:
ـ جەنابی سەرهەنگ پاروشین! پێم وابێ جەنابی ... ناوی چییە؟
ـ یەگۆرۆف
ـ ئەها!... بەڵی ڕاگرتنی جەنابی یەگۆرۆف لەم وڵاتە دا زۆر نابەجێیە... دەبێ بە تاوانی ئەم گشتە درۆیە و بە هۆی ناپاکی و خەیانەت بە خاکی نیشتمان و بارەگای خاوەن شکۆ تزاری مەزن، یەکجێ ڕەوانەی "کاتورکا"ی سیبریا بکرێت و توخم و تۆمی لەم وڵاتە دا نەمێنێت... بە تۆیش وانییە جەنانی یەگۆرۆف؟!
یەگۆرۆف جارێک لە سەهۆڵاوی توندو تیژی و کاتێک لە گەرماوی لاواندنەوە دا تووشی کاسی و دەبەنگی هاتبوو. نائاگایەنە و لەخۆڕایی گوتی:
ـ بەڵی گەورەم ڕاست دەفەرموون!
ـ چاوی سەرم بی یەگۆرۆف!... بڕوانن چەندە پیاوێکی پاک و پاکژە! خۆی دەزانێ کە کاتورکا فێرگەیەکی مەزنە و هەر کەس لەو فێرگەیە دا پەروەردە بکرێت، ئیتر دەبێ

* کاتورکا= بەندیخانەی تایبەت بە زیندانیانی سیاسی لە ساردترین مەڵبەندی سیبریادا. لەو بەندیخانەیە دا سەرەڕای ئازاری زۆری زیندانیان، بێگاری و کار لێکێشانێکی زۆرەملیش هەبوو.

پشتی لێبەکەیتەوە و سوکانی کاری پێ بسپێری.
یەگۆرۆڤ"یان برد. ئیتر هەسێرەی بەختی لە ئاسمانی تەمەنی دا بۆ هەتا هەتایە ڕاخوشی و کوژایەوە. لە یەگۆرۆڤ تەنیا ناوێک جێ ما؛ "یەلینا"؛ کە ئەویش لە تارما بوومەلێل دا نوقم و نەدیو بوو؛ کەس نەیزانی ئەرێ "یەلینا" هەر ئەو "نینا" بەناوبانگەیە یان بگێڕێکی تری لەو چەشنەیە.
لە شەوی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی دا، لی لی یۆڤ پێی وابوو هەر ئەو شەوە دەبێ خۆ بنوێنن و بە یەک هەڵمەتی گورچکبڕ، تۆماری ژیانی بگێڕانی کۆمیتەی کرێکاری خاشەبڕ بکەن. سبەی بەیان یەکەمی مانگی ئەیار بوو. بەپێی زۆربەی هەرە زۆری ڕاپۆڕتەکان، وا دەردەکەوت کە ڕۆژێکی پڕ ژانەسەریان چاوەڕێیە. دەیانگوت، یەکی ئەیاری ئەمساڵیان ئاوسی بەسەرهاتی گەلێک گەورە و گران دەبێت. کەواتە، دەست ڕاگرتن و خۆ گێزراندن ماڵوێرانی بە شوێن دادێت. کەواتە دەبێ هەر ئەو شەوە خۆ بە ماڵە بەرشکەکان دابکەن و دانیشتوانیان ئەگەر یەکە و ئەگەر دەیە، ڕەپێچەکیان بدەن. لە سەت کەسێکی کە لەو هێرشە دا دەسبەسەر دەکرێن، هیچ نەبێ دە کەسیان ئەندامانی پایەبەرزی کۆمیتەی کرێکارین و هەڵسووڕێنەری ئەو بەزمەن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرگەوتنێکی مەزنە. لی لی یۆڤ، ئەم کۆنەتاکتیکەی لە قاموسنامەی ژاندەرم وەرگرتبوو. لە پێشکەش کردنی پڕۆژەکەش دا ئەوەندە پاڵەوانانە دەجووڵایەوە، کە هەر دەتگوت سەر و بەری هەموو کارەکانی پێک هێناوە و کۆمیتەی کرێکاری هەڵتەکاندووە. پاروشین باش دەیزانی کە ئەم تاکتیکە دەگەڵ بنەماڵەی "ڕۆمانۆڤ"ەکان هاتۆتە ناو گۆڕەپانی سیاسەت و جارانی جاریش سەرکەوتنی وەدەست هێناوە. پاروشین هەر خود بۆخۆی لە سای دەکارهێنانی ئەم کۆنە تاکتیکەدا گەلێک کەسی لە بەند خستبوو. زۆری ئازار دابوون و ئاخر سەر و بەناچاری دەرگای زیندانی بۆ واڵا کردبوونەوە. ئەو دەیزانی کە ئەو تاکتیکە کۆن بووە و کارکردی نەماوە. بەڵام چونکە سەرهەنگی بەشی پاراستن دەنگی ئەرێنی پێ دا، "پاروشین"یش "ئەرێ"ی پێ گوت و گەڵاڵەکە سەلمێندرا.
دوای سەلماندن و ئەرێ کردنی گەڵاڵەی هێرش بۆ سەر ڕێبەر و چالاکانی کۆمیتەی کرێکاری، ژمارەی ئەو تێکۆشەرانەی کە بەڵێن بوو لە یەکشەو دا دەستبەسەر بکرێن، هەر ئەوەندە زۆر بوون، نەدەکرا بە یەکشەو گەمارۆ بدرێن و تێکەوەیان بپێچرێن. ئەگەر بە یەکشەویش کارەکەیان کۆتایی پێ نەهێنابایە، ژمارەیەکیان لە کیس دەچوون و لە شوێنێکی تر دا سەریان هەڵدەدایەوە. ئەم گرفتە ناچاری کردن تەنیا ئەو کەسانەی کە موتۆڕی بزوێنی سەرهەڵدانەکانن دەستچنیان بکەن. لیستەکەیان بە ڤاڵتەر ئەسپارد، کە دانیشێت و موتۆڕی بزوێنی تەڤگەڕەکە دەست نیشان بکات. دەبوایە پێشەکی و بەر لە دەست پێکردنی هێرش، خەبەری هێرش و گەمارۆی شاری باکۆ بە ژەنەڕاڵ فەرماندار ڕاگەیشتبایە. هەربۆیە، لی لی یۆڤ ئەم ئەرکەی وەئەستۆ گرت .

کاتژمێری دوازدەی شەو بوو. سەرهەنگ پۆلیسی پاراستن بۆ گەڕانەوەی تفلیس خۆی تەیار دەکرد. شەمەنەفەرێکی کە قەرار بوو سەرهەنگ سەفەری پێ بکات، کاتژمێری یەکی نیوەی شەو وەڕی دەکەوت. لی لی یۆڤ، بەنیازی سەردانی ژەنەراڵ فەرماندار ماڵاوایی لێکردن. پاروشین بۆ مۆرکردنی ئەو نامیلکە و ڕاپۆرتانەی کە سەرهەنگی میوان دەگەڵ خۆی دەبردن، دەگەڵ میوان گەڕانەوە نووسینگەکەی خۆی. دوای رێک و ریس کردنی کار و بار، سەرهەنگی میوان لە دەمی وەسەرکەوتن و سواربوونی گالسکە، سەری لار کردەوە و بە گوێچکەی پاروشین دا خوێندی:

ـ تۆ بۆچ ئەمەندە ڕێگا بەم "لی لی یۆڤ"ە دەدەیت کە خۆی دە کار و باری تۆ هەڵ بقورتێنێت؟!... ئەمە پێچەوانەی یاسای ئیدارییە و نابێ وا بکات!... تۆ پێم بڵێ بزانم، هەمیشە بەمجۆرە سەرەڕۆیی دەکات؟!

ـ بەڵێ ... بەڵێ هەمیشە بەمجۆرەم دەگەڵ دەجووڵێتەوە... ئاخر من زۆر جاران هاوارم بۆ بەشی پاراستنی ئێوە ناردوو، بەڵام بەداخەوە کەس نەبووە پشتم بگرێت و ئەم سەرەڕۆییەی کەم بکاتەوە...

سەرۆکی پۆلیس باسکی پاروشینی گرت و گوتی:

ـ ئەمە دژی یاسایە و نابێ درێژەی هەبێت. من هەرکە گەیشتمەوە بارەگاکەی خۆم، هەرچی هەیە و هەرچی بینیومە، بێ کەم و کووڕی بە گوێی ڕێزدار جێگری خاوەن شکۆ تزاری مەزنی ڕادەگەینم... دڵنیابە ئەم کارە دەکەم!... لی لی یۆڤ لە ڕادەبەدەر ڕووداماڵاوە.

پاروشین بە زەردەیەکی کزی سەرلێوانی، دەستی سەرۆک پۆلیسی پاراستنی گوشی و گوتی:

ـ ئەگەر من نەبم، ئەوانە قەت بەرگەی ڕۆژی گران ناگرن و تێدادەچن. ئەوە منم ئەم شارەم بۆ ڕاگرتوون... تکایە ئەمەش بە گوێی مەبارەکی جێگری خاوەن شکۆ ڕابگەیەنە.

ـ دڵنیابە... ئەرخەیان!

میوانەکە بۆ ڕاگەیاندنی "هەرچی هەیە و هەرچی نییە"، "باکۆ"ی جێ هێشت و بەرەو تفلیس گەرایەوە.

پاروشین گەڕایەوە نووسینگەی لی لی یۆڤ. لی لی یۆڤ، هەر وا لە سەر پێ و تلێفۆن بە دەستەوە، بە شوێن ژەنەرال فەرماندار دا دەگەڕا. پاروشین دەیزانی ژەنەڕاڵ فەرماندار لە ماڵ و لە سەر کار نییە، بەڵکە لە شوێنێکی ترە. بەڵام بۆ بۆڕکردنی"لی لی یۆڤ" بێدەنگەی لێکرد. "لی لی یۆڤ" هەر ئەوەندە سەرقاڵی تەلەیفوون بوو، کە هەستی بە گەڕانەوەی پاروشین نەکرد. هەرکە "پاروشین"ی لە نزیک خۆی دا بینی، لاسکی تلیفۆنەکەی کوتایە سەر دەزگاکە و لە ژێر لێوانەوە چەند جوێن و نێوەنوکتەی حەواڵەی فەرماندار کرد، بەڵام مخابن جوێنەکان ئەوەندە بەرز نەگوتران، کە بگاتە گوێچکەی پاروشین و دوایە نوشتەی لێ ساز بکات.

لی لی یۆڤ دوای پشووتازەکردنەوەیەکی کورت، دیسان تلێفۆنی هەڵگرت و هەواڵی فەرمانداری لە چەند شوێنێک پرسیار کرد. فەرماندار سەر و سۆراغی وەرنەگیرا و "لی لی یۆڤ" بەم خەسارە مەزنە تەواو تێکچوو بوو. چەند جاران چاویلکەی لە سەر پشتی لووت جێبەجێ کرد و ڕووی کردە پاروشین:

ـ تەلەیفون کەڵکی نییە و کات بە فێڕۆ دەبات!... فەرماندار بۆتە ئاو و زەوی قووتی داوە... ئێمە خۆمان دەبی دەست بەکار بین... تۆ خۆت ئۆپەراسیۆنەکە بەڕێوە بەرە. بەڵام گوێ بگرە و بزانە کە لەم ئۆپراسیۆنەدا سەرکەوتن یان داکەوتنت، پلە و پایەی کارامەییت دیاری دەکا. چالاکییەکەت ئەتۆ دەناسێ و ئەگەر ژیر و بەدەمار بی و گەڵاڵەکە باش بەڕێوە بەری، ئەوە خانی خانانی و ئەگینا تۆزی بانانی!... دەچمەوە نووسینگەکەی خۆم و لەوێوە خەبەری تۆ وەردەگرم و خۆم بە ژەنەڕال فەرمانداری ڕادەگەیەنم...

لی لی یۆڤ، بە زەردەخەندەیەکی گیان ڕووشێن، سەیرێکی"پاروشین"ی کرد و هیچی نەگوت. پاروشین واتای ئەو زەردەخەندەیەی دەزانی و، دەیزانی ماناکەی حەنەک و گەپجاڕییە. پاروشین، پێی خۆش بوو هەموو جوێن و سوکایەتی ئەم جیهانەی پێ بکرێ، بەس ئەم زڕە زەردەخەندەیە نەبینێت. بەڵام چاری ناچار بوو. پاروشین نیگای تیژی لەسەر "لی لی یۆڤ" لانەبرد و پێی گوت:

ـ ئاخر تۆ کە جێگری فەرمانداری ئەم شارەی، ئەگەر کەس ڕیک و پێکی و نەزم و زاکوونی ئیدارەی ئێمە نەزانێ، دەبێ تۆ بیزانی. دەزانم دەیزانی و باش دەیزانی کە یاسای گشتیمان ڕیگەمان پێ نادات نهێنییەکانی خۆمان بە لای کەسانەوە بدرکێنین، بەڵام هەر ئێستێ ناچارم کە نموونەیەکی بچووکتان نیشان بدەم...

بە پڕتاوێکی چاوڕوان نەکراو پەنجەی خستە سەر دوگمەی زەنگ و جرینگەی زەنگ لە دالانەکەدا " ڤالتەر"ی هێنایە ژوور. پاروشین پێی گوت:

ـ ڤالتەر کەڕەم کە و لە بەشی یەکەمی ئیدارەکەمانەوە هەواڵیکی جەنابی ژەنەڕاڵ فەرماندارمان بۆ وەربگرە.

ڤالتەر چاوێک لە لی لی یۆڤ و نیگایەک لە پاروشین، گوتی:

ـ گەورەی ڕیزدار! هیچ حەوجێ بە لێ پرسین نییە و من خۆم دەزانم هەر ئێستێکە جەنابی ژەنەرال لە کوێنە... بەڵی جەنابی ژەنەڕاڵ هەر ئێستێکە دەگەڵ جەنابی "مانتاشۆڤ" لە هۆتێل خەریکی وتووێژن...

ـ باشە ڤالتەر، تۆ دەتوانی بڕۆی... سپاس!

لی لی یۆڤ سەری لەم حەیت و حووتە سەتحی ما. چەند خولەک پێشتر، بە سەعات شوێن پێی فەرمانداری پرسی، بەڵام کەس بە جێگا و مەکۆی ئەوی نەزانی... بەڵام ئەوەتا هەر لە پەنای گوێچکەم دا پاروشین دەیزانی و پێی نەدەگوتم. لی لی یۆڤ بە ڕق دا چوو. بە ئەوپەڕی کینەوە گوتی:

ـ جەناب! تۆ ئەگەر بەم شیوەیە بە جێگا و ڕێگای فەرماندار شارەزای، بە نیو دانگ جێی کۆبوونەوەی دوژمنانت زانیبایە، دەزانی ئێستا لە کوێ دەبووی؟!

ـ بەڕیز! پارێزگاری لە سەر و ماڵ و گیانی ژەنەڕاڵ فەرماندار بە ئێمە سپێردراوە و چرکە بە چرکە لە ئەحواڵی بەڕێزیان ئاگادارین... ئەمە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە.

لی لی یۆڤ خۆی ڕانەگرت و خێرا بەرەو دەرگا چوو، بەڵام هەر لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا و گوتی:

ـ هەر ئێستێ دەچمە هۆتێل و لە ڕێگای تلێفۆنەوە ڕای فەرماندارت پێ ڕادەگەیەنم!

هەرکە سێبەری لی لی یۆڤ لە ژوور بڕا، پاروشین هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و پشوویەکی تازە کردەوە. بە ڕۆیشتنی"لی لی یۆڤ" ، وەک قورسەکێکی گرانی لە سەر شان و مل وەلاچووبێ، هەناسەیەکی تازە کردەوە. لە باوەش کەنەپەکەی دا دانیشت و هەر وەک هەڵبەست و لاوکۆیان بخوێنێت، لە ژێر لێوانەوە گوتی و گوتی: "ئەی کە چەندە چەپەڵ و دووزامە ئەو مەیموونە... ڕێوەییە و کەوڵی بۆگەنی پڕی کەمرەی گەندەڵ فەندەڵە... سیرمەخۆرە و بە دایم لمبۆزی بە ناو هەژگەلان دا دەگێڕێ و هەمیشە مڵومۆیەتی... باسی نەنکم بکەم، ئەو خۆی تێهەڵدەقورتێنی و دەبێ بزانێ چەند دەنکە قژی بەسەرەوە بووە... کەنگی لە دەستی ئەو دووزامە خەلاسیم دێت؟"

پاروشین زۆر جاران بە شوێن بەڵگەیەکی مێژهەڵتەکێن دا گەڕاوە، کە ئەم "لی لی یۆڤ"ە لە پەڕ و پۆ بخات. بەڵگەیەکی وەها گەورەی پێویستە کە ناپاکی و خەیانەتی ئەو بۆرەپیاگە باس بکات... هەر بەم جۆرە بەڵگانە دەکرێ "پەترزبۆرگ"ی لێ هان بدات. بەڵگەی وەک بەرتیل خواردن... دزی ... زۆرداری و ... ـ نەخێر ئەمانە پووشێک ناهێنن. ئەم چەشنە گەندەڵکارییە تاوان نین، چونکە لە دەزگاکانی حکومەتی دا کەس نییە نەیکات... خەیانەت بە پیرۆزییەکانی حکومەت... دژایەتی و دوژمنایەتیی نهێنی دژ بە شا و جێگرەکەی... ئەمانە ماکەی باشن، بەڵام دۆزینەوەی بەڵگەی ئەوتۆ، ئەویش لە کۆنە ساختەچییەکی وەکی " لی لی یۆڤ" ، زۆر زەحمەت و گەلێک بەدەگمەنە.

پاروشین بە دەم گوتن و گوتنەوە، بۆ لای شەڕابدانەکەی چوو. دوو پیاڵەی دوا بە دوای یەکدا پێدا کرد، سەری سێیەم پیاڵە بوو، کە ڤاڵتەر هاتە ژوور و بە بێ ڕاوەستان گوتی:

ـ گەورەم نزیک بە نیوسەعاتێک دەبێ کە مختاربەگ چاوڕێتانە... کەسێکیشی دەگەڵە، کە "میرزا قاسم"ی بانگ دەکا.

ـ نیوسەعات؟!... ئەدی بۆچ زووتر نەهاتی پێم بڵێی؟!

ڤاڵتەر لێی نزیک بۆوە گوتی:

ـ مختاربەگ و میرزاقاسم بە هەگبەی پڕی هەواڵ و دەنگوباسی بەکەڵکەوە هاتوونەتە خزمەتتان... من پێم وایە ئەو خەبەراتەی کە بۆت هاتوون، لەوانەیە نەخشە و گەلاڵەی"لی لی یۆڤ" لەبار بخەن ...
پاروشین تامەزرۆیانە گوتی:
ـ لی لی یۆڤ، بۆ وەرگرتنی فەرمانی هێرش چۆتە لای فەرماندار ... ئەگەر خەبەراتی میرزا قاسم و بەگ قورس و ئەنگێوە بن، ئەوا ئێمەیش دەچینە لای فەرماندار و لی لی یۆڤ بۆڕ دەکەین... چەند خۆش دەبێ ڤاڵتەر!... بەڵام با من زەنگێک بۆ فەرماندار لێ بدەم...
ـ زەنگ لێ مەدە گەورەم!... من پێم وا نییە لی لی یۆڤ بە دیداری فەرماندار بگات.
ـ بۆچی مەگەر فەرماندار لە هۆتێل نییە؟!
ـ لە هۆتێلە، بەڵام جەنابی لی لی یۆڤ ڕوحیشی خەبەردار نییە کە فەرماندار لە کام هۆتێلێکە و لە کوێیە! من گوتم لە هۆتێلە، ئەو گێلەپیاوە نەی پرسی ئاخۆ لە کام هۆتێلە... چەلێ با بچین و خەبەری هاوردەی بەگ و میرزا قاسم شەن و کەو بکەین و بزانین بایی چەندن و چەندە دێنن...
پاروشین پشوویەکی تازە کردەوە و بە دەمی پڕ لە پێکەنین باوەشی بۆ ڤاڵتەر کردەوە و دە هەمێزی گرت.
ـ هەر بژی ڤاڵتەر... تۆ بە هەق جێگرێکی باش و بەکار و دڵسۆزی بۆ من... هەر هەبی ڤاڵتەر...
ڤاڵتەر هەتا بەردەرگا دەگەڵ پاروشین چوو، لەوێوە لێک هەڵبڕان.

****

# 34

ڕۆژی بیست و شەشەمی مانگی فێڤریە، کرێکار لە هەموو لایەکەوە هەڵپشکووتن. زۆربەی هەری زۆریان، کرێکارانی فابریکات و کارگە و کانگاکانی شاری باکۆ بوون. بەڵام ماکە و موتوری هەڵسووڕێنەری سەرجەمیان لە"دیپۆ"کان دا جێگر ببوون. نەزمی کۆمیتەی مەڵبەندەکانی شاری باکۆ لە ژێر چاوەدێریی "یەلێنا کنونیانتس" دا بوو .

لە سەرجەم چیرۆکە دوور و درێژەکەی "هەزار و یەکشەو"ی هیوا و هومێدەکەی ئیمپراتوریای رووسیە، واتە "یەگۆرۆڤ"ی داماو، هەر تەنێ ئەو بەشەی ڕاست دەرچوو، کە گوتبووی لە ڕۆژی بیست و شەشەمی مانگی فێڤریە خۆپیشاندانێکی مەزن ساز دەبێت و بگێڕی سەرەکیی ئەو سەرهەڵدانەش، خانمێکە و ناوی "یەلینا"یە و بەس.

ئەو کۆبوونەوەیەی کە "یەگۆرۆڤ"یش ڕێگای بەشداربوونی پێدرابوو، لە ڕاستی دا کۆبوونەوەی نهێنی و تایبەت نەبوو، بەڵکە کۆمبوونێکی گشتی و هاکەزایی بوو. هەروەها لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێک دا "یەگۆرۆڤ" وەک نوێنەر و نووسەر هەڵنەبژێردرا و قەت قەتیش لە هیچ کۆمبوونێک دا قسەی بۆ خەڵک نەکرد؛ ئەوە گشتی هەڕ و گیڤ و درۆ و دەلەسەی سازکراو بوون، کە بۆ وەرگرتنی مزە و مافێک بۆ کڕینی نان و پێخۆر و ژەمە ئارەقێک، دەرخواردی پاروشین و "لی لی یۆڤ"ی دابوون.

ماوەیەک بوو کارگەکان داخرابوون و کرێکار تەنیا بۆ وەرگرتنی مزەی ڕاگیراویان دەهاتنە حەوشەی کارگە و تێیدا کۆ دەبوونەوە. لە ڕاستیدا، خاوەن کارەکان بەتێکڕا تووشی ڕەشەقەیرانێک هاتبوون و تەنانەت بەڵێنی سەر زارەکی و بێ کردەوەیشیان

---

دیپۆ= کارگەی تایبەتی سازکردن و نەوژەن کردنەوەی پاپۆڕ و بەلەم و گەمێ بوون.

نەبوو، کە کرێکاری پێ دەستەمۆ بکەن. خاوەن کار گوێچکەیان لە هەرای کرێکار قەپات کردبوو. کرێکاریش هەرچی جوێن تووک و دۆعا بوو، پاشملە بۆ خاوەن کاری دەنارد .

لە ناو کۆمای کرێکاراندا بۆرە کەسانێکی گوێگر و سیخوڕیش هەبوون کە ماتەیان هەڵدەگرت. کاری ئەو بۆرە کرێکارانە، تەنیا دۆزینەوەی ئەو گڕی کوێرانە بوو کە "لی لی یۆڤ" و پاروشین بە شووێنیان دا دەگەڕان. "یەگۆرۆڤ" یەکێک لەو گوێگر و سیخوڕە سیرمەخۆرانە بوو کە زۆر بە وریایی خۆی لە کۆگای تووڕەی کرێکاری نزیک دەکردەوە. پیاوی وەک یەگۆرۆڤ، جوێن و تووک و سووکایەتیی کرێکاریان گوێ نەدەدایە. ئەوان گوێ قوت و چاوکراوەی ڕاوی بگێڕانی بزووتنەوەکە بوون. ئەوان خەبەراتێکیان دەستەچن دەکرد، کە بۆنی خوێن و شێواندن و تێکدانی تەڤگەڕەکەی لێوە بێت. "یەگۆرۆڤ"ەکان بە دڵ خۆزیای بیستنی قسە و باسێک بوون، کە باسی تەقاندنەوەی شوێنێکی حکومەتی، یان سلارکردنەوەی مۆرەیەکی مەزنی دەسەڵات بکات. پاروشین زۆر جاران دەرگای سەرسەوزی باخی بەهەشتی بۆ یەگۆرۆڤ بە دەنگ ڕەسم دەکرد کە ئەگەر خەبەراتی لەم چەشنەی بۆ دەستەچن بکات، بە کاوی دڵی دەگەیەنێت.

کاتی هەڵبژاردن و دیاری کردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری مانگرتن بوو. لە هۆدەی کارگەیەک دا، "چۆنیاتۆڤ" و ئەژدەر چاوەڕانی هاتنی "ڤەرا"یان دەکرد. بەڵێن وا بوو کە ڤەرا بەرهەمی تازە چاپکراوی"نینا" بێنێت و بەرهەمەکە بە سەر ئەندامانی بەڕیوەبەر دا دابەش بکات. پێویست بوو سەرجەم کرێکارانی مانگرتنەکە، ئەو بەرهەمە وەربگرن کە بەرنامەی کاری دێمۆستراسیۆنەکەی تێدا نووسرا بوو. حەوشەی کارگە و سالۆنی مەزن، پۆل پۆل کرێکاری تێدا کۆ ببۆوەوە و هەر پۆلەی سەرگەرمی گوتن و گوتارێک بوون. زۆری نەخایاند ڤەرا هات .

"چۆنیاتۆڤ" لە پێش دا، شوێنی حەشاردانی هەگبەی بەرهەمەکانی"نینا"ی بە ڤەرا گوتبوو. ڤەرا، هەگبەی بەرهەمی چاپکراوی لە ژێر دەزگای ئاسن کوتانەوەی کارگەی مەزن دا شاردەوە و بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی کۆتایی میتینگ ڕووی کردە سالۆنی مەزن و لە ئاخری سالۆنەکە دا چاوەڕێی دیداری "یەلێنا"، لە سەر کورسی دانیشت.

بەشداریی ژنان لەو میتینگە دا ئاماژەیەک بوو بە وشیاری و بە ئاگاهاتنەوەی کۆمەڵگای باکۆ. ژنانی ڕووس و ئازەری و ئەرمەن، دەگەڵ هاوسەر و برا و خزم و کەسانیان چالاک و هاوخەبات، لە دێمۆستراسیۆنەکە دا بەشدا بوون. ڤەرا لە بینینی ئەم دەسکەوتە مەزنە گەشابۆوە و هەستی ڕەزامەندیی پێوە دیار بوو. بە درێژەی ئەو ڕۆژە، ڤەرا یەکدەم نەسرەوتبوو. دوو هەگبەی پڕی نوقڵ و نەباتی "نینا"ی گەیاندبوویە شوێنی دیاری کراو. ڤەرا ئەگەرچی لە سالۆنەکەدا دانیشتبوو، بەڵام مەچەک و شان و پیلی ژانی پێدادەگەڕا و ئازاری دەچەشت. پێنج خولەکێک بوورایەوە

و هەستی کرد هەموو لە ئەندامی لەشی لە کاری ئاسایی وەستاون؛ نە گوێی لە گوتاری گوتاربێژ دەبوو، نە چاوەکانیشی توانای بینینی ئەوپەڕی ساڵۆنەکەی هەبوو. دوای حەسانەوەیەکی کورت، چاوێکی بە دەور و بەر دا خشاند و یەک بە یەکی ئەندامانی بەشداریکەری دایە بەر چاو. زۆربەی هەری زۆری ئامادەبووانی دەناسی، تەنانەت بە ناویش ناوەکانیانی دەزانی. ڤەرا بەمە گەشایەوە و زانی کە ئەم ناسینە، بێ هۆ نییە و هۆکارەکەی نەسرەوتنی خۆیەتی؛ بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵەی خۆیەتی؛ خۆی چاندوویەتی و بۆخۆی هەڵی دەگرێتەوە. ئەوانەی کە لە ڕەدەی هەر سەرووی خەباتی کرێکاری دا ناوبانگیان هەیە، هاوخەباتانی خۆینی و پێکەوە لە ناو گرکانێک دا قاڵ کراون.

سەیری دەکردن و لە ڕێگای بینینەوە، یەکایەکی بەسەر دەکردنەوە. لەپڕ چاوی لە سەر کەسێک دا جێما. ئەو کەسە، لە لاتەنیشتەوە بۆ ڤەرا دەبیندرا. سمێڵی قیت و بادراوی بۆ ڤەرا شناس و ئاشنا دەهاتە بەر چاو. ملە قوتە و چاوە چاوی کابرا، هێزی هەڵسەنگاندنی زیاتری بە ڤەرا بەخشی. ملۆمۆ و چاوچاوی کابرای نەناسراو یەک دەم سرەوتی نەبوو. لەپڕ، سەری وەرسووڕاند و دەموچاو و مل و شانیشی بەرەو ڤەرا وەرچەرخایەوە. ئیتر تارمایی لە بەر زەینی ڤەرا وەلاچوو. هاتەوە بیری و کەوتەوە سەر بیر، کە ئەوە هەر ئەو کاربەدەستەی ئیدارەی پۆست و گومرگاتە و هەر ئەو چەکمە زەردەی ڕۆژی پڕ لە کارەساتی ماڵی "غولام"ە... بەڵێ خۆیەتی...!

ئیتر ڤەرا یەکدەم ڕانەوەستا و خێرا خۆی گەیاندە ئەژدەر و چۆنیاتۆڤ. ڤەرا بە "ئەژدەر"ی گوت:

ـ تۆ بڵێ چ کەسێکم لە ناو جەماوەر دا بینی ئەژدەر؟!... گورگەمێش...

ـ کێیە ڤەرا؟... پێم بڵی بزانم!

ـ کاربەدەستەکەی ئیدارەی پۆست و گومرگات... دێتەوە بیرت؟... مجریلکەی ماتریس و ڕاکردنی ئەو ڕۆژەت لەبیر نییە ئەژدەر؟!... لە ڕۆژی کارەساتەکی ماڵی "غولام"یش دا هەر ئەو گورگەمێشە بوو... ئێستێ لە ناو کرێکارەکاندا دانیشتووە و بەردەوام خەریکی چاوە چاوە...

ــ سەبرێک بگرە با من بە"چۆنیاتۆڤ" بڵێم با بزانین چی بکەین... تۆ لێرە بمێنەوە!

زۆری نەخایاند ئەژدەر و چۆنیاتۆڤ چوونە ژوور. چۆنیاتۆڤ دڵنیا بوو کە ئەو کەسە دەبێ بە شوێن دۆزینەوە و ڕاوی "نینا"دا ناردرا بێت. هەربۆیە ڕووی کردە ئەژدەر و پێی گوت:

ـ خێرا جێگای هەگبەکان بگۆڕە... پێکەوە دەگەڵ ڤەرا ئەم کارە بکەن .

چۆنیاتۆڤ بە گوێی هاوڕێ "موقتەدیر ئایدین بیکۆڤ" دا گوتی:

ـ خێرا بڕۆ و "یەلێنا"م بۆ بانگ بکە، با بێتە ئێرە!

"یەلێنا" هات. چۆنیاتۆڤ گوتی:

ـ یەلێنا ! هەڤاڵانی ئێمە بەکرێگیراوێکیان لە ناو پۆلی کرێکاران دا بینیوە؛ وا باشە هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری مانگرتن بخەیتە ڕۆژێکی تر. تۆ بچۆوە سالۆنەکە و بڕوانە... لە ڕیزی پێشەوەی دانیشتووان دا کەسێک بە جلوبەرگی یۆنیفۆڕمی ئیدارەی پۆست و گومرگات دانیشتووە و خەریکی ملەقوتەیە و بۆ ڕاو ڕاوێن هاتووە. تۆ بانگی بکە و بە گوێچکەی دا بخوێنە و پێ بڵێ کە لە "ئیچەری شاری" و دوو کۆڵان هەورازتر لە دەروازەی "قوشەقەڵا" ، لە ماڵی "کەربەلایی داداش" ، کاتژمێری 7ی ئێوارەی ڕۆژی 28ی مانگی فێڤریە، کۆبوونەوەیەکی خۆماڵیمان هەیە و تۆیش وەک تێکۆشەرێکی ناسراو، وەرە و بەشدار بە. ئەمەش بزانە، کە ئەو ماڵە بەو ناو نیشانەی کە پێم گوتی، ماڵە و هەیە و من ماوەیەک لەوێ دا ژیاوم. بەڵام هەنووکە ماڵەکە چۆڵە و کەربەلایی داداش بەنیازە ماڵەکە نەوژەن بکاتەوە. هەڵداشتنی بەکرێگیراوێک بۆ ماڵێکی چۆڵ، دوو خێری بۆ ئێمە تێدایە؛ یەکەم با دوژمن بزانێ دەستی ئێمە باڵاتر و بەتواناترە و دووەمیش کە جیرەخۆرەکە هەگبەی بەتاڵ دەباتەوە لای ئیدارەی پاراستن و دوایەش لە سای خەبەری پووچ دا سەرکۆنە دەکرێت.

چۆنیاتۆڤ دوای ڕەوانە کردنی"یەلێنا" ، ئەرکی کۆنتڕۆڵ و لە ژێر چاوڕاگرتنی ماڵی "کەربەلایی داداش"ی خستە ئەستۆی ئەژدەر.

ڕۆژی 28ی مانگی فێڤریە، ئەژدە هەتا درەنگانێک لە ماڵ دانیشت. بەرەبەری ئێوارێ، لە ڕێگای قەراخ ئاوەکانی "ئیچەری شاری"یەوە بەرەو ماڵی غولام هەڵکشا. چەند ڕۆژێک بوو، سەردانی "پوورە نیسا"ی لە بەرنامەی کار دابوو. چۆنیاتۆڤ و هاوڕێیانی تریش دیارییەکی بچووکیان دانابوو کە ئەژدەر دەگەڵ خۆیدا بیبات. بەڵام دوو ڕۆژ بوو، ئەژدەر ئەوەندە سەرقاڵ بوو، کە تەنانەت دەرفەتی سەرخوراندنێکیشی دەست نەدەکەوت.

ئەژدەر، بە دەم بیری ڕابوردوویەوە، گەیشتە ماڵی غولام. حەوشەی ماڵی غولام دەرگای پێوە نەمابوو. لە زستانی ڕابوردوو دا، لەبری ئاوردوو، کردبوویانە خۆراکی سۆپە و سووتاندبوویان. دار و دیواری ماڵەکە بە داڕژانی بەفر و باران، دۆڵ دۆڵ دادڕ دادڕ ببوو. پەلەسوانە و لێوارەی سەربانەکان چەمیبوونەوە و تەمی وێرانەیان لێوە دیار بوو. لە دەوونی ژووە تاریکەکەی غولام دا، میراتی نەرمە کۆخەکەی بە یادگار مابوو. جاران غولام هەناسەی سوار و پشووی خنکاو بوو؛ غولام ڕۆیشت و میراتەکەی بە پوورە نیسا بڕاوە. نەرمە کۆکەی ئازاری دەردە باریکە، لە قوڕگ و گەرووی پوورە نیسا نەدەبڕایەوە.

ئەژدەر، ئاڵقەڕیزی دەرگای ژوورەکەیانی ڕاتڵەکاند، دەرگای بە ڕووی دا کرایەوە و پیرەژنێک سەری لە کەلێنی دەرگا دەرهێنا، کە هەر دەتگوت تەرمی ئینسانە و کەوتۆتەوە سەر پێ... پەکوو!... پوورە نیسای دوێنێ بوچ وەهای لێ بەسەر هاتووە؟ ئاو و ڕەنگی پوورە نیسا دەگەڵ کۆچی غولام کۆچی کردووە ...

ـ  پوورە نیسا؟!... پوورە نیسا!

پووره نیسا زۆر به زەحمەت سەری بەرز کردەوە و سەیریێکی "ئەژدەر"ی کرد. بە دەستی لەرزۆکی، لیسپی قژی سپی لاجانگەکانی خستەوە ژێر دەسرۆکەی سەری و بە زەرەدەیەکی کاڵی سەرلێوانەوە"ئەژدەر"ی لاواندەوە. زەردەی پێکەنینی سەر وشکە لێوەکانیشی وێنا و نمای ئاخرین تیشکی زەردی خۆری پاییزی بوون، کە نە گەرمای ژیانی پێوە دیار بوو و نە هیوای مانەوەی.

دیتنی پوورەنیسا، حەوجێ بە چاکوچۆنی و لێ پرسینی حاڵ و گوزەرانی نەدەکرد. ئەوەی لێی دیار بوو، هەر پەرێشانی و بێ ئەنوایی و بەلەنگازی بوو. نێومالّی هەژارانەیان ئەوەندە ڕووت و بێ حاجەت بوو، هەر دەتگوت حەوت دزی چالاک دەستیان بە ماڵ دا گێڕاوە. بۆنی خاوی و بۆ برشی ژووری تاریک، لە دڵی تازەهاتووی دەدا. جلک و لیباسی پوورەنیسا، ئارەقی شەرمەزاریی بە ڕووی بینەری بەویژدان دا دەتکاندەوە. تاریکی و شێداریی ژوورەکە لە بەرێک و ،بێ خورد و خۆراکیش لە لایەکی دیکەیەوە، جەستەی پووره نیسایان تواندبۆوە و هیچیان پێوە نەهێشتبوو.

ئەژدەر زەمبیلەکەی دەستی لە سووچێکی ژوورەکە دانا و بە شەرمەوە لێی پرسی:

ـ ئەدی ئەکبەر لە کوێیە پووره گیان؟

ـ لە مالّی دراوسێکەمان کار دەکا... کار دەکا و پارووە نانێک دەخوا... چ کەردەن کوڕم!... هیچ نەبێ با ئەو لە برسان نەمرێت!

ئەم خەبەرە وەک قورسایی کێوێک بە سەر ئەژدەر دا ڕووخا .

ـ نەکا لە مالّی هەر ئەو دوو ژنە ئیش بکات کە جلکی بووکێنیتیان کرِی؟!

ـ بەڵێ... بەڵی لە مالّی ئەو دوو خانمە ئیش دەکات.

ئەژدەر ڕێگای قسە و ئاخاوتنی بەسترا. دەستی لە باخەڵ نا و هەندە دراوێکی لە مستی پوورەنیسا نا و گوتی:

ـ پووره گیان! هاوڕێیانی غولام ئەم کەمە دراوەیان بۆ ناردووی... بەڵام دەستی منت بە داوێن پووره گیان، ئیتر با ئەکبەر نەچێتە مالّی خەڵک... لەبیرتە غولام لە وەلامی ئەو ژنانە دا چی گوت؟... لەبیرتە گوتی:" هەتا زیندووم و ماوم ڕێگە نادەم کوڕی من بەردەماوخۆری پاشخوانی خەڵک بێت؟... نەخێر با ئەکبەر نەچێتەوە مالّی خەڵکان؛ من خۆم هەوڵی کارێکی بۆ دەدەم پووره گیان!

پووره نیسا لە حاڵێک دا بە نیاز بوو پارەی هاوڕێیانی "غولام" لە شوێنێکی ماڵ دابنێ، بەڵام چ جێگایەک نەبوو پارەی لێ دابنێت، ناچار ئەم دەست ئەو دەستێکی کرد و لە پڕ دەستی هاویشتە لاملی ئەژدەر و لە ناخی دەروونەوە کولّی و بە هەموو توانایەوە گریا و شینی گێڕا. ئەژدەر خۆشەویستانە قژی سپی پوورەنیسای ماچ کرد و لاواندییەوە. تاوێکی باش بەسەر یەکترا دا گریان و دوای کوڵ ڕژتن، ئەژدەر ئەسرینی چاوی خاوێن کردەوە و لە ماڵ وەدەر کەوت.

وڵات تاریک ببوو. لە مزگەوتەکەی "کۆشکی خان" دەنگی بانگ بێژێک بە سەر شار دا دەگەڕا. دوای تێپەڕکردنی چەند شەقام و چەند کۆڵانێک، یەکجێ پۆلێک

خەڵکی بینی کە لە سەرگەی کۆڵانەوە زۆر خێرا بەرەو خوار هەلینگیان دەدا. ئەژدەر ڕووی کردە جەماعەت و لێی پرسین:

- برادەرینە ئەوە چییە؟ ... چ قەوماوە؟ ئەم غاردان و فڕکە فڕکەتان لە چییە؟ یەکێک وەڵامی داوە:

- هیچمان نازانین چی بوو و بۆچی غار دەدەین، بەس ئەوەندە دەزانین کە پۆلیس و ژاندەرم ڕژاونەتە کۆڵان و سەر و ژێری "ئیچەری شاری"یان بەستووە... دەڵێن ماڵی "کەربەلایی داداش" کەوتۆتە بەرشک و خەریکن هەڵی دەتەکێنن... لەوانەیە دیسان هەرایەک ساز ببێت...

ئەژدەر بۆ وەرگرتنی ئەم خەبەرە هاتبوو، ئیتر بەبێ خۆ خافڵاندن خێرا لەو شوێنە دوور کەوتەوە. ڕێگای "ئیچەری شاری" بە وردی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی ژاندەرم و پۆلیس دابوو. ئەژدەر ناچار بوو مەڵبەندەکە دەور بداتەوە و ڕێگایەکی دوور و درێژتر بگرێتەبەر. ئەژدەر بە لاڕێیان دا هات و گەیشتە دەور و بەری باخی "نۆبێل". لاڕێی ڕۆیشتن و خوارەکە و پێچەکەی ڕیگایە، دوو دەمژمێرێکی گرت. هەر لەو گاز و گوزەرە و لە ماڵی کرێکارێکی ڕووس دا کۆبوونەوەیان هەبوو. هەوا تەواو تاریک ببوو. لە تاریکانی سەری شەو دا هەتا گەیشتە شوێنی کۆبوونەوەکە، بۆسەی کرێکاران لە کۆڵانەکە دا دوو جاران ڕێگایان پێ گرت و لێیان کۆڵییەوە، بەڵام چۆنیاتۆڤ ناوی شەوی پێ گوتبوو و لە هەر دوو پاڵێوگەکان تێپەڕ بوو. ئەژدەر بە کۆڵێک هەواڵی خۆش و ناخۆشەوە گەیشتەوە یارانی. چۆنیاتۆڤ بە پیلییەوە هات و گوتی:

- ئەژدەر لە کوێی؟... بوچ هەندەت پێچوو؟... ماوەیەکە دەستمان ڕاگرتووە و چاوەڕێت بووین... خەبەر چییە؟

- ڕێگا و بانی "ئیچەری شاری" بە تەواوی بەسترا بوو. ڕێگەم دوور کەوتەوە و هیچم دەست نەکەوت سواری ببم و زووتر خۆم بگەیەنمەوە...

- بڵێ بزانم چی قەوماوە؟... کابرای بەرشکی ئێوە، بە گورگەمێش دەرچوو؟!

- وەک تۆ بڵێی حەوت پۆرەهەنگیان لە کەلەبەری کۆتەرە دارێک دا دۆزیبێتەوە ورد و درشتیان لێ دەنگ دابووین... ئیچەری شاری قەت ئەوەندەی چەک بەدەست نەبینوە... تێی ڕژابوون و هەرا بوو...

- کاری ئێمە گرتی... کەربەلایی داداش کەوتە نێو نێوان و دوژمنانمان پێ بۆڕ دا. چۆنیاتۆڤ ڕووی کردە بوگدان و گوتی:

- بوگدان تۆیش ماوەیەک دەبێ لەبەر چاوان وەلابچی و خۆت حەشار بدەیت. هەر نەک تۆ، بگرە ئێمەیش ناچارین لە ماڵی هاوڕێیانی کرێکارمان دا خۆمان بشارینەوە.

"نیکۆلای کازارینکۆ"ی ژیکەلانەی جۆانچاک، بە دەمی پڕ لە پێکەنینەوەی و بە گوڕ و تین گرماندی و گوتی:

- ئای چەندە خۆشە و چەندە بەڕێزە ئەم زۆرانبازییەی ئێمە و دوژمن!... ئێمە لە لاشانیانەوە سەیری تێداچوونیان دەکەین... هەر بەم تاکتیکەی ماڵی کەربەلایی

داداش، دوژمن خمی لێ شێواوە و بێچارە ماوەتەوە ـ گرمەی دەنگی نیکۆلای یادی "ئیڤان نیکۆلایۆڤیچ"ی زیندوو کردەوە.

ڤانۆ ستروۆڤا لە بری چۆنیاتۆڤ وەڵامی داوە:

ـ هاوڕێ نیکۆلا!.. هاوڕێ چۆنیاتۆڤ گوتەنی، دوژمن چەشنی ورچی بریندار لێهاتووە و بۆ نەجاتی خۆی نازانێ چی بکات و لە ناچاری خۆی دەگەزێ... دەستی داپڵۆسێنەری بۆ هەموو لایەک دەبات... نە بەزەیی هەیە و نە کەرامەت... شەلم کوێرم ناپارێزم... بەڵام ئەوە ئێمەین کە جێ خاڵی دەدەین و زەختی ئەو دەستە ئاسنینەی دوژمن مایە پووچ دەکەین... چەلێ هەر ئیمرۆکە بە دۆڕاوی ڕەوانەی بارەگاکانمان کردنەوە...

چۆنیاتۆڤ گوتی:

ـ چەند هاوڕێیەکی کۆمیتەی باکۆ نەیان توانیوە لەم لیژنەیە دا ئامادە بن، پێویستە پرۆژە بڕیاری ئەم دانیشتنەیان پێ ڕابگات. هەلومەرجەکە گەلێک ناسکە و هەر هاوڕێ و هەڤاڵێک لەم هەلە دا لە کیس بچێت، ئاڵقەیەک لە زەنجیری خەباتی ئێمە پساوە و تووشی کەمایەسی دێین... دواهاتوویەکی پڕ لە بەسەرهات چاوەڕێمانە، ئێمەین و دوژمن، دوو نەیاری بەدوور لە ئاشت بوونەوەیەن...لە گۆڕەپانی کێ بەرکێی ئەم دوو نەیارە دژبەیەکە، خۆشی و حەسانەوە و سەرکەوتن بە بەرەیەک دەبڕێت؛ خۆشی لە وەی ژیر و زانا و بە ئەزموونە و پێ لە جێی لەق دانانێ... وریایی و لێزانی چرای ڕێگای دواهاتوومانە ... سەرکەوتن ماڵی ئێمەیە و دەبێ بە ئێمە ببڕێ...

کاتێک ماڵاواییان کرد و لێک هەڵبڕان، شەو شەق ببوو.

****

# 35

موختاربەگ و میرزاقاسم دوای کاتژمێرێک چاوەڕوانی، بە دیداری سەرهەنگ پاروشین شاد بوون. دوای زەماوەندەکەی کچی موختاربەگ، پاروشین چاوی بە موختاربەگ نەکەوتبوو. موختاربەک لەم ماوە کەمەدا تەواوێک شکابۆوە و پیری لە جەستە و ڕوخساری دا خانەنشین ببوو. کووز و گنجی لاڕوومەتانی و چەرمی پیلووی داچەکاوی ژێر چاوانی و توورەکەی چەورایی ژێر چەناگەی، نمایەکی سەیریان بە ڕواڵەتی بەخشیبوو.

ـ ئەوە بۆچ وەتۆت لێ بەسەر هاتووە موختار؟ خەڵکی تر بە هەڵکشانی نەغدینەی هەگبە و کووپەڵەی ژێرخانەکانیان باڵا باڵا زیاد دەکەن و جحێڵ دەبنەوە، کەچی ئەتۆ بە دەوڵەمەند بوونت دادەکشێی؟... چ عەجەب موختار!

موختاربەگ زەردەیەکی کەم هێزی کەوتە سەر لێوانی و بەم زەردەخەندەیەش، دەم و لێوی چەشنی هەمبانەی کوورەدەمێنی ئاسنکاران بای کرد و پووچایەوە.

ـ جەنابی سەرهەنگ ڕاست دەفەرموێت!... بەڵێ خاوەن سامان و ساحەبی لیرە و خشڵ و زمبەران، دڵتەڕ و سەربەهەوان و پیری لێیان زوێرە... بەڵێ هەندێک زێڕیان پێدەکەوێ و هەندێک پێی دەکەون...

کەواتە موختاربەگ بە خرینگەی خشڵ و گەوهەران داکەوتووە؟

ـ زێڕی چی و زەمبەری چی سەرهەنگ! من دەرچوونم سەری داهاتمی خواردووە و هەر هێندە لەڕم، ئەگەر ڕێوی کلکم لێ بدات پێی دەکەوم... منی داماو لە سێ شوێنان دەستم بە قوڕە و خەریکی خانوو سازکردنم... چەند بیری تازەی نەوتم لێداوە و نەوتم بە پای فیلانە، بەڵام هەر بانکێکی کە تۆ دەیناسی، پێیان قەرزدارم و وەها

کەوتوومەتە ژێر باری قەرز و قۆڵان هەناسەم نایە. سەرباری دەردی قەرز و قۆڵەی سەگبابخێو، ڕمۆزنەی کرێکارانیش لێم بوونەتە داسی ڕمانە ؛ تێم ڕۆهاتوون و بەرۆکم بەرنادەن. من لە دەست کرێکار هەڵاتووم و هانام بۆ تۆ هێناوە...

ـ فەرموون من گوێم بە لاتانەوەیە ... تکایە فەرموون دانیشن!... هەر ئێستا بانگ دەکەم قاوە و شامپانی تان بۆ بێنن...

ـ جەنابی سەرهەنگم بۆ بژی، چەلێ لەم دەم و دەستە دا کاتی قاوە و هەرامە و شەربەتانمان نییە... ئەگەر ئیزنت لەسەر بێ، با من هۆی هاتنمانت پێ ڕابگەیەنم.

پاروشین بە ئامازەی سەر، دەمی"موختاربەگ"ی بۆ گوتن کردەوە. موختاربەگ دوای پشووتازەکردنەوەیەک، بە ئەسپایی دەستی پێ کرد.

ـ کانگاکانی "باڵاخانی" کوولەکەی ڕووح و هەناسەی گیانی منن... دە فریام کەوە دەستی من بە دوائێنت بێ سەرهەنگ. لە شەشدەری خانی خەتەر کەوتووم و ئەگەر دەستم نەدەیەی، لە دەستت دەچم سەرهەنگ!

پاروشین بە دەم زەردەخەندەیەکی مانادارەوە گوتی:

ـ جەنابی موختاربەگ، تکایە بە دابی ڕۆژهەڵاتییەکان مەبەستی قسەت بە خرینگە و پەرەنگە مەڕازێنەوە... کورت و پوخت قسە بکە. ئێمە بەڵگەی زیندوومان گەرەکە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ و بایەخدارە، کار و بەرنامەی کۆمیتەکانە. ناوی هەڵسووڕێنەر و مۆرە بەکارەکانیانە... ئەگەر سەرۆک و ڕێبەرەکانیان دەناسی و بە ناونیشتانیان دەزانی، پێمان بڵێ... ئەگینا ...

ـ بەڕێزم منیش هەر سەربارەت بەم گرنگانە هاتوومە خزمەت...

شەو شەق ببوو. ترسی ئەمەی کە "لی لی یۆف" خۆی بگەیەنێتە فەرماندار و بیر و ڕای خۆی بەسەر ئەو دا بسەپێنێ ، کرمی کەڵکەڵەی خستبوویە مێشکی پاروشین. هەربۆیە، پاروشین بە پێچەوانەی سەرەتای دیدارەکەیان، تووڕە و جاڕس گوتی:

ـ جەنابی موختاربەگ منیش گرفتارم و کاتێکی زۆرم نەماوە. دیداری ژەنەڕاڵ فەرماندارم لەبەرە و ناتوانم زێتر چاوەڕوانیان بهێڵمەوە... تکایە ئەگەر زانیاری و خەبەراتێکی شیاوی پێشکەش کردنتان هەیە، بیفەرموون، ئەگینا ...

موختاربەگ لە بەرزەدەماخی و ڕووح زلی دا کەم وێنە بوو. پەلی ئەو کەسەی دەپەڕاند کە بەسەری دا خوێندبایەوە. هاتبا و دەرفەت و دەرەتانی جارانی مابایە، هەر نەک پاروشین، بگرە زۆر سەرتر لەویشەوەی دەمکوت دەکرد. بەڵام ئیتر ئێستا وەک جاری جاران نەماوە. کرێکار کۆڵەیان کوتاوە و ناچارە لە بەر پاروشین شان دابنەوێنێت. قەڵسی و تووڕەیی لە دەروون دا شاردەوە و ئارام و هێدی گوتی:

ـ گەورەم! کێشەی من ئەمەیە کە کرێکارانی "باڵاخانی" دیسانەکە لێم هەستاون و خەریکن لێم بشێوێنن. دیارە ئێوەیش ئاگادارن کە ئەم ئاگرە هەر دە ماڵی من بەرنەبووە و شوێنەکانی تریش گرتۆتەوە و ئەوانیش خەریکی سووتانن. هەر لە شار نا، بەڵکە لە گوندەکانیش دا سەربزێوی سەری هەڵداوە و ئاغاگوندەکان زاڵەیانە. ژن

براکەی من، لە ترسی لادێیی ڕایکردووە و پەنای بۆ ئێمە هێناوە. من پێموایە "بالاخانی" ماکی خەراپەیە و ئەگەر مستێکی پۆلایین لە تەوقی سەری ئەم هەرێمە بدرێت، شوێنەکانی تریشی پێ چاوترسێن دەکرێن و دنیا ئارام دەبێتەوە. هەر ئەمڕۆکە، "شەنتۆکۆڤ" خەبەراتێکی پێداوم... موختاربەگ دوای چەند چرکەیەک بێدەنگی، پرسی: ـ جەنابی "شەنتۆکۆڤ" دەناسی بەڕێزم؟!

ـ بەڵی دەیناسم موختار... بڵی بزانم خەبەراتی ئەو چییە؟!

ـ خەبەراتی شەنتۆکۆڤ گەلێک سامناکن بەڕێزم! شەنتۆکۆ دەڵێ، کە لەم چەند ڕۆژانەی دوایی دا بەسەرهاتی گەورە و گران لە ڕێ دان و کرێکارانی هەموو کارگە و کانگەکانی ئەم شارە، یەکجێ مان دەگرن و شار دەشێوێنن... خۆت دەزانی ئەگەر ئەم کارەساتە ڕوو بدات، ئیتر من لە مردن دام... سێ چاڵە نەوتم، نەوەتێکی لە ڕادەبەدەرم دەدەنێ و حەوت هەشت چاڵی تریشم گەیشتوونەتە نەوتێکی زۆر و ئەگەر گوتەی شەنتۆکۆڤ وەڕاست بگەڕێت، ئیتر من تێدا دەچم... ئیتر زەمانی ساوە ساو و دەست ڕاگرتن نییە گەورەم...!

پاروشین بە ئەو پەڕی بێزاری گوتی:

ـ جەنابی موختاربەگ، تۆ ناو و ناونیشانی ڕێبەر و مۆرە کارگێڕەکانمان بدەیە و ئیتر تەواو!

موختاربەگ کەمێک تووڕە و تۆزێک ئاماڵ کڕووزانەوە ، گوتی:

ـ کارو بەرنامەیان شۆڕشە. مەبەستیان تێکدانی دام و دەزگای ئیمپڕاتورییەتی تزاری و دواییش هەڵوەسین گیانفیدایانی خاوەن شکۆ تزاری مەزنە. من دەڵێم هەر ئەو جۆرەی کە هیچ شتێک لە بینایی چاوان ون و شاراوە نییە، هەر بەمجۆرەش هەموو شتێک لە جەنابی سەرهەنگ پاروشین خۆیا و ئاشکرایە و بە هەموو کەین و بەینێک دەزانێ، بەڵام ئەگەر هەر لەسەر ناوی مۆرە بەکارەکانی ئەو نگریسانە پێ دادەگرێت... دا میرزا قاسم ئەو لیستەیە پێشکەشی جەنابی پاروشین بکە با تەواو ئەرخەیان بێ...

میرزاقاسم، کە مامۆستای ماستاو ساردکەر و کوشتەی پێڵاو ماچ کردنی ئەم و ئەوانێک بوو، دەستێکی بۆ سەر و ئەوی تری بۆ سەر چاو برد و لیستەی تاوانبارانی لە باخەڵ دەرهێنا و لەبەردەمی "پاروشین"ی دانا.

پاروشین تامەزرۆیانە لیستەی کردەوە و سەیرێکی کرد و لە ژێر لێوانەوە گوتی:

ـ لیستەیەکی تەواوە... باش دەستچن کراون، بەڵام نازانم من دەبێ بۆ ئەم کارە بەنرخە ، سپاسی کێ بکەم!

موختاربەگ لە وەڵام دا گوتی:

ـ کۆکەرەوە ناوی مۆرە بەکارەکان، کاری "ئەسڵان"ی کوڕم و ئەم "میرزا قاسم"ەیە.

ـ ئافەرین!... هەزار ئافەرین! ئافەرین میرزاقاسم! خەباتەکەت جێگای ڕێزە و دەبێ خەڵات بکرێی!

میرزاقاسم بە کلکە سووتە و خۆتواندنەوەیەکی شانۆکارانە. دەستەکانی لە سەر سنگ دانان و گوتی:

ـ گەورەم! ئەمە لە عەشق و ئەڤینێکەوە سەرچاوەی سەندووە، کە لە ناوەندی ئەو عەشقە دا، گەوهەری گرانبەهای خاوەن شکۆ تزاری مەزنی تێدایە... شایانی نییە و ئەرکی سەرشانی خۆمە بەجێم هێناوە...

پاروشین بە دەست کوتایە سەر شانی میرزاقاسم و گوتی:

ـ هەر بژی میرزا قاسم!... ئافەرین بۆ تۆ!

میرزاقاسم بەم ئافەرین گوتنانە دەهات ببورێتەوە و پێڕابێ، کە موختاربەگ وەدەنگ هات و گوتی:

ـ گەورەم ئیتر ئێمە زەحمەت کەم دەکەین و چاوەڕێی وشکاندنی ئەم بژارە ناموبارەکانە دەکەین... خاوەنانی کانگا نەوت و ساحەبانی کارگاکان، چاویان دەخەو ناچێ هەتا ئەم ملۆزمانە بمێنن... ئێوە ئەوانە قڕ بکەن سامانداڕانی شاری باکۆ دەستخۆشانەتان پێ دەڵێن.

پاروشین لە کاتی ماڵاوایی و چوونە دەریان دا، وتی:

ـ هەموویان نا... لیستەکەتان ناوی زۆر کەسی تێدایە، کە خۆیان ون و نادیارن. ئێمە گورزی خۆمان دەوەشێنین و ئەوەی کەوتە چنگمان، دەرچوونیان نابێ ... بەڵام با ئەمەش بڵێم ، کە لە لیستەکەتان دا ناوی کەسانێکی تێدانە، ئەگەر ئەو کەسانە خۆیشیان بێنە بەر دەستمان ئێمە نایان گرین... بۆ نموونە، کەسێک کە لە ڕابوردوو دا بەڕێوەبەرایەتیی کانگاکانی ئێوەی لە ئەستۆ بوو...

مەختاربەگ زۆر بە توندی گوتی:

ـ کێ؟!... بەڵێ ، بەڵێ... گێرەشێوێن و ئاژاوەچی و ئاگری بن کای ئەم باکۆیە، هەر ئەو کەسەیە... بە گیانەکەی خۆم سوێند دەخۆم، کە ئەو ناکەسە دژ بە نیشتمان و دەزگای ئیمپراتوریایە و تاوانکارە...

پاروشین بە زەردەخەندیەک وەڵامی داوە:

ـ ئەڵبەت گیان ئازیزی تۆ بۆ ئێمە زۆر بەوەجە جەنابی موختاربەگ، بەڵام هەودای ئاڵۆزی دەوری کێشەکە ئەمەیە، کە هەر ئێستاکە "ڤەرسکی" لە بەڕێوەبەرایەتیی کانگاکانی "نۆبێڵ"دا خەریکی ئیشە و لە ژێر باڵی برایانی "نۆبێڵ" دا پشتگیری لێدەکرێت. خۆت دەزانی کە برایانی"نۆبێڵ" شارۆمەندانی وڵاتی ئێمە نین و دەرەکین؛ بە گوێری قانوونی سیاسەتی وڵاتی ئێمە، گرتن و کوشتن و ئازاری دەرەکییەکان بڤەیە و نابێ... دەبێ بمبووری جەنابی موختار بەگ، کە دەستی من و بۆ ئەنجامی ئەم کارە کورتە و نای وێرمێ .

موختاربەگ دەستی بۆ گیرفان برد، بەڵام وەک ئاستەنگێک لە گۆڕی دابێ، گورج دەستی دەرهێنا و دوای ئاماژەیەک بە میرزاقاسم، میرزا پاشەوپاش کشایەوە و لەبەر دەرگاوە بەژنی چەماندەوە و گوتی:

ـ گەورەم ئەگەر ئەمرێکتان نییە، ڕێگام بدەن با چیتر کاتی بەڕێزتان نەگرم.
ـ تکایە میرزا قاسم... تکایە... فەرموون!
پاروشین چاوێکی کردە حەوت چاو و سێرەی لە دەست و گیرفانی موختاربەگ گرت. موختار بەگ دوای چوونە دەری میرزاقاسم، "چەک"ی نووسراو و واژۆکراوی بۆ دەرهێنا و گوتی:
ـ فەرموون جەنابی پاروشین ئەمەش دەستخۆشانەیەکی بچووک لەلای ئێمەوە... خۆ دیارە ئەمە دیارییەکی شوانانەیە و لە ئاست ئەو گشتە چاوەدێری و یاریکارییەی کە لە دەزگای دەسەلاتی بەڕێزتانەوە بە ئێمەی دەگات، یەک بە هەزارە... ئەم سێ هەزار مەناتە هیچ کەلێنێک پڕ ناکاتەوە، بەڵام هەرکە سەر و ماڵمان لە هەرای ئاژاوەگێڕان سووکتر ببێت، لە خزمەتتان دادەبین و چاو داناخەیەن جەنابی سەرهەنگ!
ـ بۆچی شەرمەزارم دەکەیت جەنابی موختاربەگ!
لە چاوترووکانێک دا "چەک"ی سێ هەزار مەناتی لە باخەڵی پاروشین دا جێی خۆی کردەوە. پاروشین زۆر بە گەرمی دەستی "موختاربەگ"ی گوشی وبە ئەوپەڕی ڕێزەوە وتی:
ـ بەڵێ... بەڵی پێشەکی دەبێ بە گوێچکەی "نۆبێڵ" دا بسرەوێنم کە دەستی "ڤەرسکی"م بۆ لە تەختە ببەستێت و هەڵی پەسێرێت، جا ئەو دەم بۆخۆم تێی ڕۆدێم و دەزانم چی بەسەر بێنم... بەڵام ئەو"میرزاحسێن"ەی کە ناوەکەی دە لیستەدا هاتووە ، کێیە و چ کەسە؟... من ئەوە یەکەمجارە ناوەکەیی دەبیسم!
موختاربەگ نێوچاوانی تێک نا و گرژ و مۆن جوابی داوە:
ـ پیرە پیاوێکی خەرفاوە بەڕێزم... مامۆستای وانەبێژی فێرگەکان بووە و ئیستاکە لە کار هەڵپەسێردراوە... لە هەفتە دا دوور ڕۆژان دەچێتە "بالاخانی" و بەبێ ماف و مزە، کرێکاران کۆ دەکاتەوە و لە قسان، دەرسیان دادەدات!!.. بەڵام دەرسی چی و کتێبی چی!... هەرچی لە مێشکە پەڕپووتەکەی دایە بۆ کرێکاری هەڵدەڕێژێت... من خۆم توخم و تۆمی ئەو پیرە خەرفاوە باش دەناسم و دەزانم لە چ حاڵێک بەفاڵە و کوێی دێشێ... من خۆم چەند جارانم بانگ هێشتووە و هەڕەشەم لێکردووە، بەڵام واز ناهێنێت... پێم وایە بەندیخانەی دەخورێ...!
پاروشین دەستی لە ناو دەستەکانی موختاربەگ کێشایەدەر و دوای بەژن چەماندنەوەیەک بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ دڵنیات دەکەم و بەڵێنت پێ دەدەم کە میرزاحسێن بنێرمە ئەو شوێنە کە ئارەزووی پێیە...
موختاربەگ سەری نەوازشتی بۆ نەوی کرد و ڕۆیشت. هەرکە موختاربەگ ڕۆیشت، نووسینگەی پاروشین وەجۆش کەوت. هەرچی ژێر فەرمانی پاروشین بوو، بە تێکڕا کەوتنە کارو چالاکی. "ڤاڵتەر"، "دیۆمەن"، "لاورۆڤ" و ئەوانی تر بەچەشنی ئەجزای

سەعات کەوتنە هەڵسووڕان و هەر کەسەی فەرمانێکی بەڕیوە برد. پاروشین خۆی بە تەنیا سەرگەرمی هەڵسەنگاندنی مۆرە بەکارەکانی لیستەی میرزاقاسم و پاڵاوتنی هەندێکیان بوو. دوای سەر و بەر پێک هێنان و سازکردنی لیستەیەکی پوخت و پاراو، خێرا بەرەو کۆشکی فەرمانداری وەڕێ کەوت. کاتژمێرێکی نەخایانە گەڕایەوە نووسینگەکەی خۆی و "ڤاڵتەر"ی بانگ کرد و پێی گوت:

ـ گەڵاڵەی هەڵمەتی ئێمە بۆ سەر هەڵسووڕێنەرانی ئاژاوەی کرێکاری، لە لایەن ژەنەراڵ فەرمانداراەوە دانی پێ داندرا و لیستەکەیشی بەدڵ بوو... بەڵام تۆ، ڤاڵتەر!... تۆ پێم بڵێ بزانم لە ناو ئەو لیستەی کە خۆت پاڵاوتووتە، قورسایی تاوان لە سەر چ کەسانێک دەگەڕێت؟

ـ بەڕیزم ! ناوی"پیوتر چونیاتۆڤ" و "نیکۆڵای کازارینکۆڤ" گەلێکیان خاڵی ڕەش بەسەرەوەیە و بە مۆرەی سەرەکی ناسراون. شوێنی دانیشتنی "چۆنیاتۆڤ" نەزانراوە، بەڵام ماڵەکەی" کازارینکۆڤ" نیوسەعاتێک دەبێ کەوتۆتە ژێر چاوەدێریی توندی ئەمربەرەکانی ئێمە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نوێ، "ئیڤان سترۆڤا" یان "ڤانۆ سترۆڤا"، کە هەر دوویان ناوی کەسێکن، لە شاری باکۆ وەدەر کەوتووە. لە لیستەکە دا ناوی "بۆگدان کنونیانتس"و "یەلینا کنونیانتس"یش هەیە، کە "بۆگدان" بە پیاوێکی بەدفەڕی لاسار ناو دێر کراوە. ماڵی "بوگدان"یش دەستنیشان کراوە. بە گوێرەی زانیاریی چەند ڕاپۆرتێکیش، دەبێ "یەلینا کنونیانتس" هاوسەری ئەو "بوگدان"ە لاسارە بێ. ناوی دوو سێ کچە ڕووس و "ئەژدەر"ناوێکیش لە چەند ڕاپۆڕت دا هاتوون... بەڵام "نینا...!"

ـ دەی بڵێ بزانم "نینا"ی چی؟... ناوی نینا زانراوە کێیە؟

ـ نەخێر... کەس نازانی ئەم "نینا"یە کێیە و چ کەسە... ناوی"نینا"، "ڤەرا" و ڤالەنتینا" چەند جاران هاتووە، بەڵام شوێنی ژیان و مەکۆی حەسانەوەی هیچ کامیان دیار نییە... "ڤالەنتینا" دەگەڵ ماڵی میرزاحسێن ناوێک هاموشۆی هەیە و لە زەماوەندەکەی ماڵی "موختار بەگ"یش دا بەشدار بووە و بیندراوە...

هەرکە ناوی زەماوەندەکەی ماڵی موختاربەگ کرا، پاروشین یەکجێ هەموو شتێکی کەوتەوە بیر... "میتینگی کرێکارانی باڵاخانی"، "ئاگر کەوتنەوەی کانگەکانی مەختاربەگ" و کیژێکی جوانچاکی ڕووس کە بە دابی کیژە ئازەرییەکان جلکی پۆشیبوو"... ڤەرسکی... هەر ئەو"ڤەرسکی"یەی کە ئاگر تێبەردانی کانگە نەوتەکانی "موختاربەگ" بە مل دا هاتووە... هەر خود بۆخۆی فەرمانی دەستبەسەرکردنی ڤەرسکی دا... بەڵام ڤەرسکی هەر ئەو پیاوە ماقووڵە بوو کە بۆ سەرخوێندنەوە پرسیاران، ڕەکێشی نووسینگەکەی خۆی کرد بوو. لە یەکەمین تۆقە دا جغارەدانێکی زێڕینی پێشکەش کرد کە بە وردە ئەلماس نەخشێندرابوو... ئاخر چلۆن هەڵدەگرێ و چۆن دڵ بڕوا دەدات کە پیاوێکی ئەوتۆ ماقووڵ لە سەر ڕاپۆڕتێکی بێ ناوەرۆک سزا بدرێت؟"

پاروشین نوقمی ئەو خەیاڵاتە بوو، کە ڤاڵتەر هاتە ژوور و گوتی:
ـ گەورەم بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەسەر "ڤالەنتینا" ، ناچار بووم کە موختاربەگ لە خەو خەبەر کەمەوە و پرسیاری لێ بکەم. ئەو گوتەنی، "ڤالەنتینا" ئاشنای ماڵی "میرزاحسێن"ە و دەگەڵ کچەکەی ئەو دەستەخوشکن. هەوەها موختاربەگ ئەم زانیارییەشی پێ دام و گوتی، کە گۆیا ئەم "ڤالەنتینا"یە بە جلکی کیژە لادێیانەوە سەفەری دێهاتەکانی دەور و بەری باکۆی کردووە و لە سەفەرێکیش دا، "جەباربەگ"ی ژن برای موختاربەگ لە شەمەنەفەر دا دیتوویەتی. جەباربەگ بەنیاز دەبێ لە وێستگەی دواتر تەسلیمی پۆلیسی بگات، کە "ڤالەنتینا" خۆی بزر دەکات و لە چنگی دەردەچێت.
پاروشین گێژی خەیالات، پرسی:
ـ ئەدی "ئەژدەر"!... ئەو "ئەژدەر"ە کێیە و لە کوێ دەژی؟
ـ من پێموایە ئەو کەسەی بە ناوی "ئەژدەر" خەریکی گێرەشێوێنییە، نە "ئەژدەر"ە و نە ئازەرییە...
ـ مەبەستت چییە ڤاڵتەر؟... نەکا لەم هەلە ناسکە دا خەریکی تەونی فەلسەفەم بۆ بتەنی ڤاڵتەر!
ـ نەخێر گەورەم... نەخێر ڤاڵتەر تەونی فەلسەفە ناتەنێت... ڕاپۆرتەکان ئەمەمان پێ دەڵێن. ڕاپۆرتەکان نموودێک لەو کوڕە گەنجە رەسم دەکەن، کە دەکرێ دەگەڵ پاڵەوانانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان بەرامبەر بکرێت... بە زمانی رووسی قسە دەکات... لە سەر و ژێر و ڕاست و چەپی شاری باکۆ دا دەبیندرێت و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا بەشدارە... دەسگیرانی کچە ڕووسێکە و پێکەوە هاوخەباتن.. ئەمە کورتەیەک لە ڕاپۆرتەکانە و، تەونی فەلسەفە نییە... لەوانەیە...
ـ باشە ڤالتەر... بەسە! من دەگەڵ تیۆری نیم... ئەوە جەنابی "لی لی یۆڤ"ە، کە خۆی لە ناو تار و پۆی تیۆری دا دەبەستێتەوە... ئەها هاتەوە بیرم ڤاڵتەر... بیرم چوو پێت بڵێم ڤاڵتەر! من ئیمرۆ زووتر لە جەنابی "لی لی یۆڤ"گەیشتمە لای ژەنەرال فەرماندار و کاتێک کە لی لی یۆڤ گەیشتێ، من لیستەکەم پێشکەشی فەرماندار کردبوو. نازانی لی لی یۆڤ چۆنی پێ تێکچوو... چەشنێک خۆی دەخواردەوە کە نزیک بوو گیان لە جەستەی دەرپەڕێ و شەق بەرێت... با لەمە بگوزەڕیین... پێم بڵێ بزانم ئیش و کاری ئێوە چلۆن دەڕوات؟ هیچ ئاستەنگێکتان هاتۆتە پێش؟!
ـ کار و بەرنامەی ئێمە بە ئارەزووی ئێوەی بەڕێز دەچێتە پێش و کەم و کەسرێکمان نییە... چەشنی تفەنگ، ئامادە و لە سەر پێین و هەر ماوە پەنجەمان بە سەر دا بکێشن و فیشەک ئامانج بپێکێت.

***

هەر ئەو شەوە، ڕاونان و بگر بگر دەستی پێ کرد. هێزی پۆلیس و ژاندەرم و جاش و جەیش بەتێکڕایان کەوتنە کار. دەزگای دەسەڵات بە هەموو چنگ و باسک و

پەنجەکانییەوە خەریکی داپڵۆسین و چەپەڵکاری بوو. لە دەرگاکانیان دەدا. دەرگایان دەشکاندن... بە سەربان و دیواران دا ئەم دیو ئەو دیویان دەکرد. تاقە و ڕفە و ژێرزەمین و قەڵش و ڕەهۆڵەکانیان دەپشکینی، تەنانەت پرێسکە و بوخچەی ژنانیشیان دەپشکنی.

هەر ئەو شەوە، ژەنەڕاڵ فەرماندار لە هۆتێلەوە ڕاستەوڕاست چۆوە نووسینگەکەی خۆی و فەرمانی هێرشی دەرکرد. لە ژووری کاری دا چەشنی دڕندەیەکی برسی کە بۆنی خوێنی پێ گەیشتبێت، دەهات و دەچوو. لی لی یۆڤ چاوەڕێی پەیامی سەرکەوتن، لە پای تلێفۆن دا جووڵەی نەدەهات. پاروشین لە ژێر سایەبانی گالسکەکەی دا بە شەقام و کۆڵانەکان دا دەهات و دەچوو. لە ڕاگرتنی ئەسپەکان و ئاژۆتنی گالسکەکەدا، دەستی دەگەڵ دەستی گالسکەوانەکە بوو. دەستە جڵەوی دەگرت، هەوساری توونو دەکرد، ئەسپەکانی لە غار دەخست، قامچی ڕادەوەشاند و ئەسپی توند دەکرد. پاروشین، نائارام و نەسرەوەت، بەردەوام فەرمانی بە گوێی گالسکەچی دا دەخوێند: ڕاوەستە!.. بڕۆ!.. سووکتر!... خێراکە... !

پۆلیسی شەوگەڕ بە مەبەستی ڕووناک کردنی ڕێگا و بانی هەندە شەقام و کۆڵانێک، مەشخەڵ بە دەستەوە لە هاتوچۆ دابوون. تەقە تەقی ڕۆینە و چوارناڵەی ئەسپی سوارکارە کازاخەکان خەوی خەواڵۆکانیان دەتاراند و خەڵک بە عام لەم هەیت و هووتە سەریان سووڕ مابوو .

هێزەکانی جاش و جەیش و کۆماندۆکانی پاراستنی حکومەت، هەرچی لە جانتایان دابوو دەکاریان هێنا و دەستیان نەگێرایەوە، بەڵام بەهەموو کردەوەی هۆڤانەیان و داپڵۆسێنی شێتانەیانەوە، هیچیان پێ نەکرا. ئەوان بە شوێن دۆزینەوەی "نینا" و ڕێبەرانی کۆمیتەی کرێکاریی شاری باکۆ، سەر و ژێری شاریان تەقاندەوە. هەر ئەو شەوەش، "نینا"ی چالاک و تیمی نەسرەوتی چاپخانەی "نینا"، زێدە لە 3400 لاپەڕە بەیاننامە و ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەیان لە چاپ دا. هەروەها زێدە لە 6000 تراکت و ئاڵا و پلاکاردیان بۆ ڕۆژی مانگرتن ئامادە کرا. لە سەر زۆربەی لافیتە و تراکت و پلاکاردەکان دا دروشمی وەک: "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆڕ... بژی یەکێتیی گەلان... سەرکەوتوو بێ سۆسیالیزم" بە خەتێکی زەق نووسرابوون.

هەر ئەو کاتەی کە هەرای هێزەکانی حکومەتی لە شار دا هاواری بوو. ئەژدەر و ڤەرا لە مەڵبەندی باخی "بائیل"ەوە گەڕانەوە چاپخانە. بلاڤۆکەکان چاوەڕێی بەخێر هاتنەوەی ڤەرا و "ئەژدەر"یان دەکرد .

بەرەبەری کازیوەی بەیانی کاری دابەش کردنی بلاڤۆکەکان کۆتایی پێ هات. ڤەرا دەرخەمی ناسازیی دایکی، بەنیاز بوو خۆی بۆ ڕۆیشتن تێک بنێت، بەڵام دڵی ئەژدەر نیگەرانی ڤەڕا بوو کە نەوەک دە داوبکەوتێت؛ خۆشەویستانە پێی گوت:

ـ وا باشە چەلێ چاو لە چوونەوەی ماڵ بنووقێنی و سەبرێک بگری. ڕێگا و بان دەیان سیخۆڕی بەدفەڕی تێدایە و دار و دیوار هەڕەشەمان لێدەکەن. من پێموایە گەڕەکی "داغلی" ئارام و ئەهوەنترە و ئەگەر بە قسەم بکەیت، بچینەوە وێندەرێ باشترە.

ڤەرا بە تکا و ڕەجاوە لەبەری پاڕایەوە و گوتی:

ـ ئەژدەر دایکم ناسازە و دڵم هەر لەلای ئەوە... لەڕی و لاوازی و ناسازییەکەی لە ڕادە بەدەر پەرۆشی کردووم... کە لەماڵ هاتمە دەر، یا و تێیەکی سەیر دایگرتبوو... ئەگەرچی بە ئامینەم سپاردووە، بەڵام کەس وەک خۆم نابی بۆ ئەو... نیگەرانم ئەژدەر!... ساز بە با پێکەوە بچینەوە!

لە ئەژدەر ئامۆژگاری و لە ڤەرا پاڕانەوە، سەرەنجام ئەژدەر کۆڵی دا و پێکەوە وەدەر کەوتن. گەیشتنە ڕاستە شەقامێک و سەریان سووڕ ما. ئەگەرچی کازیوە وڵاتی بە تەواوی ڕووناک کردبوو، بەڵام سوارکارە کازاخەکان بە ترەختەن ئەسپیان دەئاژووت و قریوە و زریوەیان دەهات. ڤەرا و ئەژدەر بە کەلێنان دا دەهاتن و هەر شوێنێک کە ئاپۆڕای پێوە دیار بوایە، خۆیان لێ نەدەدا و ڕێگایان لار دەکردەوە. بە پەنا و پەسیوان دا هاتن و بە کۆڵانە تەنگەبەرەکان دا تێپەڕ بوون. یەکەم تیشکی نادیاری هەتاو، خۆی بە ئاسۆی باکۆ نیشان دا، کە ئەوان گەیشتنە گۆڕەپانی "قوبا" و پشوویەکیان هاتەوە بەر .

لەپڕ تەقە و ڤیزەی تفەنگ و دەنگی خرمژنی گولە لە چەند گەڕەکی ئەولاترەوە ئەوانی بە دیوارەوە مەڵاس کرد. کازاخەکان ئەسپەکانیان توند کردبوو و بەشوێن دەنگی تفەنگ دا دەیان کوتا. ڕەوەی کازاخەکان تێپەڕین و ئەوانیش بە هەموو توانا و باوی قاچەکانیان تێیان تەقاند. لە جەمسەری کۆڵانێکەوە، سینگ بە سینگ دەگەڵ کەسێک تێک هەڵەنگووتن. سەرەتا بەهۆی پەلەی خۆ دەربازکردن، لە یەکتر سڵەمینەوە ، بەڵام هەرکە سەرنجێکیان دایە یەکتر، ڤەڕا بە سەرسووڕماوی گوتی:

ـ میرزاحسێن!

ـ ڤەراگیان ئەوە تۆی؟... ئەدی هاوڕێت کێیە کچم؟!

ئەژدەر بە گەرمی بۆی هات و باسکی گرت و گوتی:

ـ منم..."ئەژدەر"م میرزاحسێن!... بەڵام بۆچ پێم ناڵێی بەم دەم و کاتە پڕ مەترسییە بۆ کوێ دەچی؟ ... ئەم بەرگ و لیباسە تەنک و تیوارە چییە دە بەرت دا... هیچ دەزانی هەواکەی ساردە و لەوانەیە سەرما کارت لێ بکا...

ـ کار لە سەرما بوون و نەخۆشی تێپەڕیوە ئەژدەر!... لێرە مەوێستن ڕۆڵەکانم... دەور و زەمانەکەمان شێواوە و ئاوەدانی لە ئێمە حەرام کراوە و دەبێ ڕوو دە چۆل و هۆلان بکەین...

ئەژدەر لە بەرامبەریانەوە دەرگایەکی کراوەوەی بینی و گوتی:

ـ چەلێ با خۆمان لە پشتی ئەو دەرگایە دا حەشار بدەین.

هەر سێکیان چوونە حەوشەکە و لە پشت دەرگاکە ڕاوەستان. میرزاحسێن تەنگە نەفەس ببوو. پاڵی دایە دیوارەکە و گوتی:
ـ خۆشەویستانم!... ئەوا منیش بە پیرانەسەر خۆم کێشاوەتە گۆڕەپانی زۆرانبازی و ملانەی دژ بە ڕژێم... خۆیان بە ماڵەکەم داکرد و بە نیاز بوون بمگرن، من ڕام کرد و لە چنگیان دەرباز بووم.
ـ هاتبوون بتگرن؟!... بۆچی؟... لەسەر چی؟
ـ ئەم خەڵکەی لە ماڵی خۆیان دا دانیشتوون و دەیان گرن، بۆچی دەیان گرن؟ ئەوان چۆن دەگرن، منیش وەکی ئەوان... ئامینە سەر لە ئێواریٚ "ماریا"ی ڕاگواستە ماڵی خۆمان. ناسازییەکەی باشترە، بەڵام گەلێک چاو لە ڕیٚ و دڵ پەرێشانی تۆیە ڤەرا گیان!... نەمان هێشت شەو بچێتەوە ماڵ و بەلای ئامینە و گوڵاراخانم ماوەتەوە... نزیک کازیوە ئەنگوتن بوو کە بە دەنگی خرمەی ڕکێف کوتانی کازاخ چاوم کردەوە. هەرکە لە پەنجەرەوە سەیرم کردن و گەمارۆی ماڵەکەی خۆمم بینی، زانیم ئەم چیرۆکە باسی چی دەکات...
ڤەرا بە نیگەرانی لێی پرسی:
ـ ئەدی ماڵی ئێمە چی؟...
ـ بەڵێ دەرگاکەی ئێوەیان لە ڕێسمە برد و ڕژانە ژوور. دیار بوو بە شوێن تۆ دا هاتبوون... هەرکە لە ماڵی ئێوە کەسیان نەکەوتە دەست و هاتنە دەر، یەکجیٚ ڕوویان کردە ماڵی ئێمە. هەتا ئەوان خەریکی دەرگاکەمان بوون، من ئەم تاک باڵتۆیەم کردە بەر و بە هەورەبان دا کەوتمە سەر بان. ماوەی سەعاتێک لە سەربان ڕاکشام و ئەوان بە ژوورەکانمان دا گەڕان و دەستیان بە هەموو لایەک دا گەڕاند. نازانم بە شوێن چی دا دەگەڕان و نیازیان لەم پشکنینە چی بوو. من هیچ ئەسباب و ئامرازێک کە هەڕەشە لە بوونی ئەوان بکات، نیمە. لەوانەیە حەز لە کتێبی نووسەرانی وەک "چرنی ڤیسکی" و "بلی نیسکی" نەکەن و داخی دڵ بەوان کتێبان برێژن. هەر کتێبێکی کە لە کتێبدانی من دا هەیە، لە کتێبفرۆشانی شاری باکۆ دەست دەکەون. من لە سەربان سەبرم گرت هەتا هاتنە دەر و ڕۆیشتن، ئەوسا منیش بان بە بان هاتم، هەتا خۆم گەیاندە ئەم شەقامە چۆڵە. بۆچ لە من ناڕوانن کە بەم پیرانە سەری و بەم بێهێزیمەوە، چلۆن بوومەتە "کۆرئۆغلی" و مەگیرانیی بە"چەمەلی بیل"دەکەم. *
کۆڵان و شەقام چۆڵ بوو. لە دوورەدەستانەوە تەقەی تفەنگ بە دەم سروەی بەیانەوە بە وڵات دا دەگەڕا. ئەژدەر ڕوی کردە میرزاحسێن و گوتی:
ـ بەڕیزم وا باشە ڕەگەڵمان کەوی و پێکەوە لە ڕێگای گەڕەکی"داغلی" یەوە بچینە

---

* چەمەلی بیل= قەڵایەکە و لە کوێستانەکانی سەرەوەی چەمی "ئەرەس" و لە خوارەوەی شاری باکۆ هەڵکەوتووە. کۆرئۆغلی، قارەمانی چیرۆکی کۆنی ئازەرییەکان لە قەڵای چەمەلی بیل دا نیشتەجیٚ دەبیٚ. هەر لەو قەڵایەش دا دژ بە دوژمنان و ناحەزانی خەڵک شەڕ دەکات.

ماڵەکەی من. ژوورەکەی من لە هەر شوێنێکی تر ئەهوەن ترە و مەترسی بە سەرەوە نییە. ڕێگا و بانەکە پڕی پیاوی خراپە و بە تەنیا ڕۆیشتنت باش نییە...

ـ بۆم خۆش بی ئەژدەر گیان! من هەر لەم دەور و بەرە ماڵی خزم و ناسیاوم هەیە و سەردانی ئەوان دەکەم... ئێوە بڕۆن، بەڵام نەکەن هەوای دیتنی دایک بکەن و بۆ ماڵ بچنەوە... من بەدووری نازانم ماڵەکەتان لە ژێر چاوەدێری ناحەزان دا ڕاگیرابێت .

دەهاتن لێک هەڵببڕێن، کە میرزاحسێن گوتی:

ـ ڤەرا گیان هیچ پەرۆشی دایکت مەبە... ئەو بەلای گولارا و ئامینەوەیە و جێگای مەترسی نییە... ئێوە بڕۆن و ئارەزووی سەرکەوتنتان دەخوازم.

ئەژدەر کڵاوی خۆی دایە و گوتی:

ـ میرزاحسێن! تەزووی بەیانان ساردە و تۆ فێرە کڵاوی... بگرە با سەرت بێ کڵاو نەمێنێت!

میرزاحسێن بە پێکەنەنەوە گوتی:

ـ هەتا ئێوەم هەبن، سەرم بێ کڵاو نامێنێت. سپاس ئەژدەر بۆ کڵاوەکەت!

میرزاحسێن لە پێچی کۆڵانەکە ئاوا بوو و ئەژدەر و "ڤەڕا"ش دوای ئیستێک ڕاوەستان، بەو ڕێگایەی پێیدا هاتبوون، گەڕانەوە.

***

ژەنەڕاڵ فەرماندار لە بەرامبەر ئاوێنەی باڵانوێن دا تاوێک ڕاوەستا و سەیرێکی بەژن و باڵای خۆی کرد و بەرەو پاروشین وەرچەرخایەوە. بە دەمی پڕ لە پێکەنینەوە گوتی:

ـ کەواتەو بەر لەوەی ئەوان لێمان بشێوێنن، ئێمە پێشدەستیمان کرد و پلانەکەمان لێ پووچەڵ کردنەوە!

"ژەنەڕال ئۆدین تسۆڤ"، زۆر کەم و بە دەگمەن پێدەکەنی. پاروشین بە پێکەنینی ژەنەڕاڵ قەندی لە دڵ دا توایەوە و بە کەیف سازیەوە گوتی:

ـ لێمان شێواندن گەورەی بەڕێزم!... بەڵی بەم گشتە ئەندامە کارایەی کە لێمان گرتوون و لە بەندمان خستوون، من پێموایە بڕبڕەی پشتمان شکاندوون و چەشنی لەشی بێ گیان ماونەتەوە...

ژەنەڕال فەرماندار لەسەر پانێی کەوشان سووڕێکی دا و بەرەو ئاوێنەی باڵانوێن وەرچەرخایەوە. سەیرێکی سەرپێیی خۆی کردو بەو قامکەی کە ئەنگوستیلەی زێڕ تێیدا دەدرەوشایەوە، بە جەفەنگەوە، قامکی هەڕەشەی لە پاروشین ڕاوەشاند و گوتی:

ـ زۆریش بە خۆت مەخورە سەرهەنگ!... لەشی بێ گیان پێوانەیەکی باش نییە بۆ ئەو حەشامەتەی دەکاری دێنی... وا باشترە بێژی: لەشکرێکی بێ فەرماندە!.. بەڵام

من پێموایە ئەو لەشکرە بێ فەرماندەیەش ئەگەری هەستانەوەیان هەیە و دەتوانن فەرماندەیەکی تر وەپێش خۆیان بدەن و مەترسی ساز بکەنەوە. من پێموایە ئێمە دەبێ بەر لەوەی ئەوان فەرماندەی تر بدۆزنەوە، دەستی خۆمان ڕەپێش بخەین و ڕێچارەیەکی گونجاوتر بگرینە بەر... ئەرێ بە تۆیش وانییە جەنابی "لی لی یۆف"؟!

لی لی یۆف، کە لە سووچێکەوە هەڵکورژمابوو، لە جێ هەستا و بە عادەتی جارانی دەستی بۆ چاویلکە برد، بەڵام لەپڕ هاتەوە بیری کە ژەنەڕاڵ لەمەر ئەم چاویلکە چەرخاندنە دا چەند جاران بە تووڕەیی ڕەخنەی لێگرتبوو، دەستی چاویلکە چەرخاندنی وشک بۆوە و بە دەنگێکی کڕ وەڵامی داوە:

ـ لە ئەگەری سەرهەڵدانی سەربزێوان دا ئێمە خۆمان ساغ کردۆتەوە و بڕیارمان داوە کە لە هێزی خۆشبەزی "لابین" دە چەکداران بکەینە هاریکاری پۆلیس و، سی چەکداری تریشیان لێ بە قەرز وەرگرین و بیکەینە پشتیوانی گوردانی "سالیان"، کە لە "پاراپێت"دا جێگیر کراون. ئەوەیکە لە هێزی "لابین" دەمێنێتەوە، لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی ئێمە دا دەبێت. فەرمانی ئامادەباش بە بنکەکانی "باڵاخانی"، "سابوونچی" و دیوانخانەی "باکۆ"ش دراوە کە لە کاتی پێویست دا گوێ بە فەرمانی ئێمە بن.

"ژەنەراڵ ئۆدین تسۆف" سەیرێکی"لی لی یۆف"ی کرد و ئەمجار زۆر بە تووڕەیی تێی ڕاخوڕی و لێی پرسی:

ـ دەکرێ بڵێی ئەم دەستوور و فەرمانە لە لایەم چ کەسێکەوە بەم بنکە و بارەگایانە دراوە؟!

لی لی یۆف هەر وەک کتێب بخوێنێتەوە، چەشنی برێشکە خواردن، بە یەک پشوو گوتی:

ـ من خۆم فەرمانم پێداون و، هەرکە حەشیمەتی سەربزێوان لە "بی بی هەیبەت" و "ئاخ شار"ەوە، بەرەو ناوەندی شار وەڕێ کەون ، بەریان بگرن و ئەگەر نافەرمانییان پێوە دیتن، تەقەیان لێ بکەن و خوێنیان برێژن.

لی لی یۆف هەر وەک پاروو لە ناو دەم دا بجوێت، وشەی"خوێن"ی بە خەستی هێنا و برد و جووتی و قووتی نەدا. فەرماندار دوای تاوێک ڕاوەستان، ڕووی دەمی دە هەر دوویان کرد و گوتی:

ـ هەر سبەینێ بەیانی زوو، نەزمی شار لە دەست ئێوە دا دەبێت. یەکتان تاقمی ئاشکرا دەگرێتە دەست و ئەوی ترتان هێزی نهێنی بەڕیوە دەبات .

ژەنەرال دوای ئەم فەرمانە، لە سەر پانێی پێ وەرسووڕا و یەکسەر بەرەو ئاوێنەی باڵانوێن ڕۆیشت و ڕاوەستا .

***

هاوڕێیانی تێکۆشەر! ئیتر کاتی ئەمە هاتووە کە کێشەی نێوانی هێزی ڕەنجبەر و هێزی پشتیوانی ساماندااران یەکلایی بکرێتەوە. هەر ئێستا و هەر لە ئێستاکەوە، دەست لە ناو دەست، پێکەوە و شان بە شان بەرەو کارگە و کانگاکان دەچین! هیچ بەشێک لە کرێکار و ڕەنجبەرانی شارەکەمان نابێ ئەم هەلە لەکیس بدەن. ئێمە هەموو پشت و پەنای یەکترین و دەبێ وەلامی ڕەشبگیریی ئەوان بدەینەوە. دوێنێ شەو، لە تاریکانی شەو دا خۆیان بە مالان دا کردووە و چوار ئەندامی کۆمیتەی باکۆ و سێ کەس لە پەیامنێرەکانیان دەست بەسەر کردووین. ئەوان بە نیازن بە ئازار و خوێن ڕژتن و بەند و زیندانەکانیان، هەنگاوی بوێرانەمان سارد کەنەوە. ئەوان ئەگەر بە ئاگر و ئاسن و بەرەنگارمان دەبنەوە، ئێمەی کرێکاریش دەرگای کارگە و کارخانەکانیان دادەخەین و واز لە کار دەهێنین. با ئێمە هەستین و مانا و واتای لافاوی سامناکی کرێکارانیان نیشان بدەین. با ئێمە هەستین و بە مانگرتنێکی هەمە لایەنەمان، دەرگای بژیوی ژیانیان لێ قفڵ و قەپات بکەین. ورەی پۆلایینی ئێمە، لەم کێبەرکێیەدا نیشانیان دەدات، کە گرتن و ڕاونان و گوشتن و بێکار مانەوە، هەنگاومان پێ شل ناکات. وەرن با بە جەماوەری شار و دێ ڕابگەیەنین کە چلکاو خۆرانی ئالقە لە گوێی ئەم ڕژێمە نگریسە، ناتوانن ڕێمان لێ بگرن و بە دەستدەخۆری و کۆیلەتی بمان هێلنەوە.

هاوڕێیان! با بە دەنگێکی بەرز بە خەلکان ڕابگەیەنین، کە ئەم ڕژێمە چەپەلە بۆ بە لاڕێدا بردنی کرێکاری کەم ئەزموون، خەریکی لاواندنەوە و حاواندنەوەی ساویلکەکانە. ئەم دەزگا پووچەلە، مۆرەی وەک "زۆباتۆڤ" و "شندریکۆڤ"ی هێناوەتە مەیدان و خەریکە ڕێکخراوەیەکی دەستەمۆی کرێکارییان پێ سامان بدات. دەبێ خەلک لەم شانۆ کۆمێدی تراژیکە ئاگا بکرێنەوە و بە قەلبەی نەهامەتی دا نەکەون.

هاوڕێیان! ئێمە لە ئاست فرت و فێلی تۆرەمەی دیکتاتۆری بلەوەزی تزاری و گشت سۆرە و تۆرەکانی ئەو دەزگا چەپەلە، ئاگادار و چاوکراوەین و ناهێلین هێزی کرێکار بە لاڕێ دا بەرن. پەیامی ئێمە بۆ سەرجەم کرێکارانی ولات ئەمەیە، کە وریای فێل و تەلەکەی مۆرە خۆفرۆشەکانی ڕژیم بن و مەهێلن تۆمی نەیاری و جیایی و دووبەرەکیەتیمان لە ناو دا بڕوێنن.

هاوڕێیان! زەحمەتکێش و کرێکار لە هەر نەتەوەیەک بێت و گرێدراوی هەر ئایینێک بێت، هەر کرێکارە و چەشنی یەکتر بەشخواران. نەیارانی ئێمە بە زەق کردنەوەی ڕەگەز و ئیتنیک و ئایینەکان، خەریکن لەت لەت و پارە پارەمان بکەن و

---

* زۆباتۆڤ= سەرۆک پۆلیسی پاراستنی شاری مۆسکۆ، دامەزرێنەری چەشنە سۆسیالیزمێکی پۆلیسی بوو. ناوبراو ڕێکخراوەیەکی ناڕەسەنی زەحمەتکێشانی پێکهانی بوو، کە لە ژێر چاوەدێریی پۆلیس دا بەخێو دەکرا. مەبەستی سەرەکیی سۆسیالیزمی زۆباتۆڤی، دابڕینی بەشێک لە کرێکاران و لەبار بردنی بزاڤی کرێکاری بوو.

ئەودەم بە ئارەزووی خۆیان باری شان و پیلمان قورستر بکەن. ئەوەندەی لە توانامان دایە و شیرمان دەبیڕێت، پێویستە ئەو ڕێگایەیان لێ کوێر بکەینەوە و نەهێڵین بەم ژاراوە ماڵوێرانکەرە دەرمانداومان بکەن و بە پەرەتەوازەیی کەڵەوەی دیلیمان لە ئەستۆ ببەستنەوە.

بژی یەکییەتیی گشت نەتەوەکان... بژی ئازادی!

پیۆتر بەم دروشمانە کۆتایی بە گوتاری خۆی هێنا. بە کۆتایی هاتنی گوتاری پیوتر، دانیشتووانی هۆڵەکە هەستان و بڵاوەیان کرد. ئەو کۆبوونەوەیە لە "قاراشار" و بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ و کۆمیتەکانی مەڵبەند و گشت ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی مانگرتنی باکۆ ڕێکخرابوو. دوای ڕۆیشتن و بڵاوەکردنی کرێکارانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە، شەش کەس لە ئەندامانی سەرەکیی بزووتنەکە لە هۆڵەکە دا مانەوە. "نیکۆلای کازارینکۆڤ" ڕوو بە هەڤاڵان گوتی:

ـ هەڤاڵ "پەتیا" بۆچوونەکانی تۆ تەواو ڕاست و درووست دەرچوون. من لە پەڕاوێزی کارەسات دا بووم و لە ناوەرۆکی خەبەری ڕۆژ بە دوور مابوومەوە. ئەوەی کە دوژمنانمان بە هەموو توانایانەوە لە پای سەری ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیمان دا گەڕاون و پلانی سەربازییان بۆ داڕشتووین، من تازە لە زمانی هاوڕێییەکی تێکۆشەری ئازەری زمانم بیستووە. ئەو هاوڕێیە بۆی گێڕامەوە کە هێزی پۆلیس و ژاندەرم چلۆن بە سەر ماڵانیان دادوە و بە چ شێوەیەکی هۆڤانە، دەستیان بە ماڵی خەڵک داگێڕاوە و چەندەیان دەستبەسەر کردوون. ئەو هاوڕێیە گوتەنی کە بە سەر هەر ماڵێکیان داداوە، چەشنی مەحکەمە خەڵکیان خستۆتە ژێر پرسیار، کە: چۆنیاتۆڤ لە کوێیە؟.. هاوڕێ ستروْڤا لە کوێ دەژی؟.. لە "نینا" چ دەزانی؟.. ئەدی ڤالەنتینا کێیە؟.. ئەژدەر و ڤاڵەنتینا ماڵیان لە چ گەڕەکێکە و ... بەپێی خەبەرێک، ژوورەکەی بۆگدان و "یەلێنا"یشیان خاپوور کردووە و بە شوێن "دەدۆشکا"ش دا چوون، بەڵام نەیان دۆزیوەتەوە.

"مەلکیانتس" زەردەیەکی کەوتە سەر لێوان و گوتی:

ـ وا دیارە بەڕیوەبەرایەتیی پاراستنی بەندیخانێ، "ڤلادیمیر زاخارڤیچ" یان بە من گرتووە و بەسەریان دا سەپاندووە کە گۆیا ئەو "دەدۆشکا"یە نەک زاخارڤیچ.

چۆنیاتۆڤ لێبڕاوانە گوتی:

ـ هاوڕێیان! لێرەو دەبێ وریا و لە سەر هۆش بین. ئێمە هەر هی خۆمان نین و ئەگەر ئێمە دەگیر بکەوین، نینا تێدا دەچێت. "نینا"ش زمانی بە توانای تێکۆشانی تەڤگەڕەکەمانە و بەبێ نینا، زحمەتکێش بێچارە دەمیننەوە. ئێوە بڕوانن کە دەزگای پۆلیس چلۆن بۆتە داشە هارە و سەر بە هەموو شوێنێک دا دەکات. دوای شەهیدبوونی "ئیڤان نیکۆلاڤیچ"، ئەوە دووەم جارە پۆلیس هێرش دەباتە سەر ماڵیان. بەم سەردانەی پۆلیس، وادیارە "ڤەرا" ش کەوتۆتە ناو لیستەی ئەوانەوە...

چۆنیاتڤ تاوێک ڕاوەستا و خێرا بەرەو ئەژدەر وەرسووڕایەوە و گوتی:

ـ ئەژدەر! ڤەرا لە کوێیە؟!
ـ لە ژوورەکەی خۆم دا شاردوومەتەوە. ژوورەکەی من زۆر بەلاوەیە و کەس بۆلای ناچێت ...
ـ ئەدی خۆت لە کوێ دەخەوی؟
ـ شەوی تر هەر نەخەوتووم.
ـ نەخێر !... تۆ نابێ بێ خەوی بکێشی. "ڤەرا"ش نابی هەر لەوێ بمێنێتەوە. "بوگدان" و "یەلینا" ماڵی تازەیان گرتووە و "ڤەرا" دەتوانێ وەک خوارزای "یەلینا" چەند ڕۆژێک بچێتە لایان . هەر نەک بۆ "ڤەرا" ، شوێن گوڕین بۆ هەموو لایەکمان پێویستە. ئەوەندەی بتوانین، دەبێ وریا بین و خۆمان نەخەینە بەر چاوە... ئەگەر ئەرک و ئەسپارەدەکانمان ژیرانە بەڕێوەبەرین، مەترسیمان کەمتر دەبێ. هەنووکە کاتی ماڵاواییمانە و دەبێ لێک هەڵببڕێین. بەهیوای سەرکەوتن. بەتێکڕا هەستانە سەرپێ و دەستەملانی یەکتر بوون و بە ڕامووسین و دەباوەش گرتن، یەک یەک و دوو دوو وەدەر کەوتن.

****

# 36

لە ڕۆژی دووەمی مانگی مارسەوە هەتا بەرە بەری مانگی ژوئەن، لە شەقام و گۆڕەپانەکانی سەرتانسەری باشووری ڕووسیە، مانگرتن و خۆپیشاندان بە بەردەوامی لە چالاکی دابوو. شاری نەسرەوت و تێکۆشەری باکۆ، وەک ناوەندی گڕکانی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا، لە هەستان و هەڵچوون دا بوو. هەر نەخشە و گەڵاڵەیەکی کە کۆمیتەی باکۆ دایڕشتبوو، چالاکانە و بە ئەوپەڕی وریایی و وشیارییەوە بەڕێوە چوو. توند و تۆڵی و لێزانیی بەرپرسانی مەڵبەند، هەر نەک سەری لە دەزگای پاراستن و پۆلیسی یانیگر شێواندبوو، بەڵکوو باشترین دەسکەوتیشی لێ سەندبوون. لە هەمبەر زانایی کادرِ و ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمێتەگەلی گرێکاری دا، دەزگای فاشیست پەوەری تزاری بەرەو نوشست و نووچدانی دەچوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی دووەمی مانگی مارس، چەند کرێکارێکی تێلا بەدەست لە دەور و بەری باغی "پاراپێت" لە هاتوچۆ دابوون. بەرە بەرە ڕوناکبیران سیاسیش هاتن و ڕەگەڵیان کەوتن. هەر وا دەهات و خوێندکار و قوتابی تێکەڵی پۆلی کرێکار دەبوون و لێک دەهالان. لەو بەڕیشەوە، هێزی ژاندارم و پۆلیس، دەور و بەری باغی "پاراپێت"یان خستبوویە ژێر ئابڵوقەیەکی گرژ و توند و، ڕێگای دەرچوونیان برێ بوو. سەرجەم ئەو خوێندکار و کرێکارانەی کە لە باغی پاراپێت کەوتبوونە ناو بازنەی گەمارۆی هێزی حکومەت، هەورازتر لە چل کەس نەدەبوون. لە مەڵبەندی "سۆڵدات بازاری"ش هەر بەم تەرتیبە و هەر بەو هەژمارە کەمەوە لە ڕێگای شەقامی "کراسنۆرسکی"یەوە بەرەو "سۆڵدات بازاڕی" وەڕێ کەوتن، کە لە نیوەی ڕێگا دا ئەوانیش کەوتنە ژێر پاپۆکەی هێزەکانی دەوڵەتی و دەورەیان گیرا .

ئەمە مانۆڤرە شەڕی کۆمیتەی کرێکاری بوو کە هێزەکانی پۆلیس و ژاندارم و دەزگای پاراستنیان لەو دوو شوێنانە دا سەرقاڵ کرد. بەڵام حەشیمەتی هەزاران کەسی کە لەنزیک باخچە بچووکەکەی"ماڵاکان"ی هەڵکەوتوو لە شەقامی "مارینسکی" دا جێگیر کرابوون، لە ڕاستیدا هێزی سەرەکی بوون و بۆ ئەنجامی مەبەستی پێویست، سازمان درابوون.

ئەمیر هێزەکانی دەزگای پاراستن و پۆلیس و ژاندەرم، بەو خەیاڵە کە شوێنی سەرەکیی کۆمبوونی جەماوەری کرێکاری لە نێوان باغی"پاراپێت"و شەقامی "مارینسکی" دا دەبێ، قورسایی پلانەکەیان بۆ ئەو دوو شوێنانە تەرخان کردبوو. بەمجۆرە، ئەوان باسکی بە هێزیان بە دەوری باغی پاراپێت دا کێشابوو. لە هەمان کاتدا زیاتر لە دوو هەزار کرێکار لە نزیک باغی "ماڵاکان" دا تراکت و ئافیش و ئاڵایان بە دار و دیوار و دەرگا و پەنجەرانەکانەوە هەڵواسیبوو. لە سەر پارچەی سپی و بە ڕەنگی سوور و ڕەش، دەیان دروشمیان نووسیبوو، کە هەتا ئەودەم قەت نەنووسرابوون. دروشمی وەک: "بڕوخێ دیکتاتۆریی تزاری" ... "کرێکاران جیهان یەکگرن!"... بژی سۆسیالیزم" ... "بژی سەربەستی" و...

هێشتا وڵات تەواو ڕووناک نەببوو، کە ئەژدەر دوو زەمبیلی پڕی تراکت و بەیاننامە بەسەر هەموو ئەو گەڕەک و کۆڵان و شەقامانە دا بڵاو کردەوە کە لە بەرنامە دا گونجێندرابوون. بەر دەرگای هیچ ماڵێک نەبوو، کە بەیاننامەی بۆ دانەندرابێت. بە لادیوار و بەردەرگا و دوکان و فێرگە و هەر جێگایەکی کە شوێنی هاتووچۆی حەشیمەت بوو، لاپەڕەیەکی پێوە درابوو. ئەمە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بوو، کە ڤەرا و ئەژدەر، بەبێ لە دەست دانی دەرفەت، دەبوایە بەرهەمەکانی "نینا" گەرماوگەرم بە خەڵکان بگەیەنن .

ئەژدەر، دوای کۆتایی ئەنجامی کارەکانی، لە ڕێگای چەند کۆڵانانەوە خۆی گەیاندەوە باغی"ماڵاکان". لە کەنار ئاوەکانی دەریا دا، کازاخە چەکدارەکان ڕاوەستا بوون و پۆلیس و ژاندارمیش سەری شەقامیان بەستبوو .

پۆلی ژنان، قوڵیان دە قۆڵی یەکتر بەزاندبوو و بە شەقام دا هاتنە خوار. بەپێی بەرنامەی دارێژراو، ڤەرا داندرا بوو کە پۆلی ژنان دەگەڵ دەستپێکی میتینگ و لە دەمی ئاڵا هەڵدان دا دەرکەون و خۆ بنوێنن. ئەژدەر بە دیتنی ژنگەل، دە دڵ دا گوتی: لە کاکی خۆتان کەوێ شێرە ژنینە! کەنگێ دەبینم شێرەژنانی ئازەری و هەموو گەل و نەتەوەکانی تریش دەست لە ناو دەست و پێکەوە خۆ بنوێنن! ئەژدەر هەر وا خەریکی خۆ دواندن بوو، کە دیتی لە سەفی هەرە پێشەوەی ژنان، یەکێک بە تاق کەوتەوە و بەرەو ئەو کۆمەڵە پیاوە هات، کە ئەژدەریش خۆی دەگەڵیان ڕاوەستا بوو. ژنە، بە جلکی تەواو ڕەش و پەچە و دەمامکەوە، دەتگوت ژنە تازیەبارە و ڕەگەڵ ژنان کەوتووە. ژنە هات و لە بەردەم ئەژدەر دا ڕاوەستا و هێدیانە بانگی کرد:

ـ ئەژدەر!

ئەژدەر لێی چوە پێشێ و بە وردی تێی ڕاما و لە ڕێی چاوەکانییەوە ناسییەوە.
ئەژدەر بە ئەوپەڕی شادمانییەوە بۆی چوو:

ـ ئامینە؟!... ئەمینە ئەوە تۆیش هاتی؟

ـ بەڵێ ئەژدەر منیش هاتم... منیش هاتم و ئیتر ناگەڕێمەوە... هاتوم و تێکەڵ بە ئەو ڕێگایە بووم کە باوکم باوەڕی پێیەتی. بەڵێ منیش خۆم تێکەڵی ژنە ڕووسەکان کردووە و بەم نموودەوە هاتوومە دەر... ئەژدەر!... چارشێو و ڕوو بەند لە دەست و پێ و سەر و چاوم هاڵاوە و ڕەنجم دەدا... لە خۆشمیان بکەمەوە، بەردەبارانم دەکەن.. چبکەم؟

ئەژدەر، کە ئیستێک پێشتر خۆی دەدواند و بە ئاواتەوە بوو ژنە ئازەری پێ بنێتە پێش و شان بە شانی نەتەوەکانی تر هەنگاو بنێن؛ ئەوا دەنکێک هات!

ـ قەیدی نییە ئامینە... هیچ خەم نییە ئامینە... ڕۆژێک دادێت و هەر بەم دەستانەی خۆت ئەم تار و پۆیە لە بەر خۆت دادەماڵی ... بەڵام ئامینە، ئەدی باوکت؟!

ـ ئەویش چۆتە "بالاخانی"...

هەر لەودەمەدا، دەنگی ڕاخوشینی دوو مووشەکە شێتەی یەک بە دوای یەک، لە دوو بەری باغ، ئاماژەی خۆیان ڕاگەیاند. هەر دوا بە دوای هەڵفڕینی مووشەکە شێتەکان، ژنانی ڕووس ئالای سووریان هەڵدا. بەرز بوونەوەی ئالاکان، شەپۆلی جەماوەری شڵەقاند و چەشنی لەهی بەرەو کەنارەی دەریای لووزەویان بەست.

ئەژدەر و ئامینەش لێک هەڵبڕان و تێکەڵ بە پۆلی خۆیان بوونەوە. زۆری نەخایاند، یەکەمین تێهەڵچوونی جەماوەر و پۆلیس دەستی پێکرد. پۆلیس بە هەموو هێزەوە ویستی دەنگی سروودی "مارسیز" کپ بکات، بەڵام حەشیمەت بە دار و بەرد جوابە جەنگییان کرد. لە بەرەوەی میتینگەکە دا پۆلیس توانی شەش کەسان تێکەوە بپێچێت. ئەژدەر دە هەوڵی ناسینیان دابوو، بەڵام ئاپۆڕاکە ئەوەندە زۆر بوو، بۆی نەکرا بە چاو بییان بینێت.

ئەژدەر، دەست لە ناو دەستی هێزی پێشڕەو، بەرەو بوولوار ڕۆیشتن. دەنگی سروودی مارسیزم، لە دواوەی جەماوەرەوە دەستی پێکردەوە و چەشنی گڕکانی باوەشی پووشوو، هەموو جەماوەری داگرت و شەقام بە دەنگ هەژا. لە ڕووبەڕوویانەوە ، هێزەکانی کازاخ لە ئامادەباشی دا ڕاوەستابوون. هەر لەودەمە دا، فایتوونێک لە بەری شەقامی "بارایاتنسکی"ییەوە ڕوو بە جەماوەر هات و پیاوێکی خڕەبنەی چاویلکە لەچاوی لێ دابەزی. هەرکە دابەزی، دەستی بەرز کردەوە و

---

* سرودی مارسیز(Marseillaise)، سرودی نەتەوایەتیی فەرانسوییەکانە. ناوی مارسیز، لە ناوی شاری "مارسەی" وەرگیراوە. ئەم سرودە لە لایەن ئەفسەرێکی شۆڕشگەر بە ناوی رۆژە دولەیس(Rouget de Lisle). لە سەدەی 19ساز کراوە. سرودی مارسیز، وەک سرودی شۆڕشگێڕانی فەرانسە لە ڕێوڕەسمەکان دا دەخوێندرایەوە، بەڵام دوایی بوو بە سرودی نەتەوایەتیی فەرانسە. سرودی ئەنترناسیۆناڵ هێشتا لە دایک نەببوو.

قیراندی:
ـ بەریان بگرن!... ڕێ مەدەن بەرەو پێش بچن!... هەرکەس هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا ، دەست ڕامەگرن و تەقەی لێ بکەن!

"لی لی یۆڤ" بوو، کە بە هەموو تین و تاقەتییەوە دەیقیڕاند.

کرێکارێک بەساڵا چوو، لە سەف جیا بۆوە و ڕوو بە "لی لی یۆڤ" دەستی ڕاوەشاند و گوتی:

ـ جاری جاران کە ئاغایەتیت دەکرد و فەرمانت دەدا... ئیتر ئەو باوکەت مرد و تەواو بوو.

ئیتر سەردەمەکە، سەردەمی ئێمەیە و چیدیکەتان ڕی پێ نادەین حوکمی نامرۆڤانەتان سەقامگیر کەنەوە... تەواو بوو!... هەتاوی حوکمڕانیتان لە ئاوابوون دایە!

لی لی یۆڤ لە جێ هەڵبەزییەوە و دەگەڵ چاویلکە لادانی دا دیسان دەنگی هەڵبڕی:

ـ بیگرن!... ئەمەم بۆ بگرن... دەی!

"لی لی یۆڤ" ڕانەوەستا و بەر لەوەی کازاخەکان خۆیەک ببزوێنن، ئەو خۆی بزواند و بۆ گرتنی کرێکارەکە چوو. کازاخەکانیش هێرشیان هێنا، بەڵام دار و بەردیان بەسەر دا باری و هێرشی بە پانەوەی حەشیمەت، ناچار بە کشانەوەی کردن. دوو تەقەی یەک بە دوای یەک، "لی لی یۆڤ"ی هەڵبەزاندەوە. "لی لی یۆڤ" دەستێک بە چاویلکەکەیەوە و بە دەستی تری، دەمانچەیەکی بچووکی "دامسکی" لە باخەڵ دەرهێنا و لە بەرزایی سەری خۆی دا ڕایگرت. دەمانچەکەی ئەوەندەی وەفا نەکرد و هەر بڵێی یەک و دوو، گورزی دار و تێڵای کرێکاری تووڕەی بە سەر و گوێلاکی ڕووتەنی دا باری. چاویلکەکەی کەوتە ژێر پێیان و دڵۆپێک خوێن بە ناوچەوانی دا هاتە خوار. هەرکە "لی لی یۆڤ"خوێنی بە چاوان بینی، دوو گووپی گۆشتن و بەرچێڵەری داچەکاوی پێکەوە کەوتنە لەرزین و هاواری کرد:

ـ ئەی هاوار بە فریام بگەن... بکوژن!... تەقە بکەن!... مەهێڵن تاکیان دەربچێ... ئەی هاوار بگەنە فریام... ئای ی ی ی مردم خزمینە!

چەندێک، ژێر پیلیان گرت و خستیانەوە ناو گالسکەکە و هەر بەو ڕێگایەی پێیدا هاتبوو، بردیان و دەربازیان کرد .

لە دەور و بەری بولوارەکەدا، ئەژدەر و چەند هاوڕییەکی کەوتنە ناو بازنەی گەمارۆی کازاخەکانەوە؛ شەڕی دار و تێڵا دژ بە قۆنداخە تەفەنگ و شەلاقی چەرمی هۆندراوەوە، توند و توندتر بوو. لە دوو لایانەوە، هێرشی کرێکار بازنەوی گەمارۆیان شکاند و ئەژدەر و هاوکارەکانی ڕزگار بوون. کەمێک ئەولاتری بولوار، تێهەڵچوونێکی تر ساز بوو. لێرە، کازاخ بە پانەوە هێرشیان هێنا و زۆر هۆڤانە کرێکاریان بە قۆنداخە تفەنگان داگرت. کرێکارەکانیش بە هەرچی لە بەر دەستان دابوو، هێرشی

چەکدارەکانیان بەرپەرچ دایەوە. لەم شەڕە دا، سێ کرێکاری بە برینداری کەوتنە بەر دەستی چەکدارانی حکومەت و ڕەپێچەکیان دان.

لە دەور و بەری بوولوار دا، بە ماوەی سێ کاتژمێر، شەڕێکی توندی جانانە بەردەوام بوو. بەڵام هەرکە کرێکار خەبەری گەیشتنی هێزی تازە نەفەسی ژاندەرم و پۆلیسی پێ گەیشت، بەشێوەیەکی شارەزایانە پاشەکشێیان کرد و گۆڕەپانی چۆڵیان بەسەر کازاخ دا بەجێ هێشت.

ئەژدەر زۆر بەخێرایی و بە لاڕێیان دا خۆی گەیاندە وێستگەی شەمەنەفەر و بە یەکەمین قەتار، بەرەو "باڵاخانی" ڕۆیشت. لە "باڵاخانی" دا زێدە لە دوو هەزار کرێکار لە دەور و بەری کانگاکانی "رۆچیلد" دا کۆ ببوونەوە. کرێکارێکی تازەلاوی رووس، لە بەرەوەی حەشیمەت ڕاوەستا بوو. سروە با، سەر و پرچە ڕەنگ خورماییەکەیان دەهێناو و دەبرد. کۆمەڵێک لە کرێکاران دەورەیان گرتبوو. تازە لاوەکە قسەی بۆ دەکردن و ئەوانیش زۆر تامەزرۆیانە گوێچکەیان بۆ شل کرد بوو. مەوادایەک ئەولاتریشان، پۆلێکی تر لە دەوری کرێکارێکی بەساڵاچووی ئازەری هاڵا بوون. کرێکارە ئازەرییەکە ڕوو بە جەماعەتی خۆی دەیگوت:

ـ ئێوەی کرێکار لە ئێرانەوە بەهومێدی کار و دەسکەوتێک ماڵباتی خۆتان جێ هێشتووە، بەڵام خۆتان دەبینن کە چلۆن دەرگای بژیوی ژیانمان لێ داخراوە و برسی ماوینەتەوە. ئێوە گوێ بگرنە ئەم هاوکارە گەنجەمان کە بە زمانی رووسی قسە دەکا؛ ئەو دەڵێ : ئێمەی کرێکار بۆ هەر جێیەک بچین ئاسمان هەر لە یەک ڕەنگە. کرێکاری ئازەری چلۆن دەژی، کرێکاری گۆرجی، ڕوسی و ئێرانیش چەشنی یەک دەچەوسێندرێنەوە و مافیان پێشێل دەکرێ. لەم وڵاتەی ئێمە، کرێکار لە ئازادی سیاسی بێبەرییە و لێم یەقینە لە وڵاتی ئێوەیش هەر بەمجۆرەیە... هەستانی ئێمە و خوستەکەمان بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆزاییە، کەچی زۆرداران ئەمە بە سەربزێوی دادەنێن و بە چەک بەرەنگارمان دەبنەوە...

ئەژدە لە پۆلی ئازەرییەکان نزیک کەوتەوە و هەرکە دیتی، ئەوە "میرزاحسێن"ە بۆ کرێکارە ئێرانییەکان قسە دەکا، شاگەشکەی بینینی بوو. میرزا حسێن لە لایەک گوێچکەی بۆ گوتاری لاوە ڕوسەکە ڕادەگرت و لەم بەرەشەوە بە زمانی ئازەری بۆ هاوزمانەکانی خۆی وەری دەگێرایەوە. میرزا حسێن، هاوکات دەگەڵ وەرگێڕانی گوتەی لاوە ڕوسەکە، زانایی و ئەزموونە بەنرخەکانی خۆشی لێدەهاڵاند و بۆی دەگوتن .

کرێکارەکان کۆمەڵ کۆمەڵ و دوور لە یەکتر ڕاوستابوون. پۆلیس و کازاخ و هێزی پاراستنیش دەست لە سەر چەک، بەبێ جووڵە چاوەڕوان ڕاوەستا بوون .

کرێکارێکی بەساڵاچوو، دەیگوڕاند و ئاگری لە گوتن دەباری. بەرە بەرە کرێکار بۆلای هاتن و لە دەوری ئەودا کۆ بوونەوە. کرێکارە ئازەری زمانەکە بوو، بەڵام بە زمانی ڕوسییەکی دەست و پەل شکاو، قسەی دەکرد. لە دەمی تێگیرسان دا، دەیکردەوە ئازەری و لە ئازەری بۆ ڕووسی بایدەداوە. زۆری نەبرد، کرێکارە پیرەکە لە گوتن

کەوت و کوڕە گەنجێک جێی ئەوی گرتەوە و بە زمانێکی ڕەوان و بەگەرم و گوڕی دەستی پێکرد. دەگەڵ ئاخافتنی کوڕە گەنجەکە، دەنگی بژی... بژی... بمرێ ... بمرێ بەرز بۆوە. زۆربەی کرێکارەکان، هەر ئەوانە بوون کە لە میتینگەکەی شار دا بەشدار بوون.

گوتاربێژ، بە هەموو هان و هەست و هەناسەوە بۆ هاوڕییانی دەدوا. دەقی قسەکانی یادی ڕاپەرینەکەی 21ی ئاوریلی ساڵی 1902بوو، کە بۆ گوێگرانی زیندوو دەکردەوە. دوای کۆتایی هاتنی گوتارەکە، کوڕە گەنجەکە لە سەر سەکۆ دابەزی و بۆ لای ئەژدەر هات و گوتی:

ـ ئەژدەر تەنیا هاتووی یان هاوڕیانیشت دەگەڵن؟.. کەلوپەلەکانت هێناون؟

ـ بەڵێ هاتوون و هێناومن. بگرە! ئەمەش تراکت و بەیاننامە و نووسراوەلانی تازەی نینا... دەبێ هەموویان بڵاو بکرێنەوە...

هەر لەودەمە دا دەنگی هات و هاوارێک گۆڕەپانەکەی پڕ کرد. کەسێک لە ناو جەماوەردا بە دەنگێکی بەرز دەیقیژاند:

ـ هەوالان ، ئەوە "خومیتسکی"ی سەرۆک پۆلیس گەیشتێ. چی بکەین؟

"خومیتسکی" ، سواری ئەسپ لە مەیدان دا ڕاوەستا بوو. سمێڵی قەف بادراوی هەتا بن گوێیانی هاتبوون. وەک هیچکەس لە مەیدان دا نەبێ و خۆی تەنێ بێ، ئەسپی تین دەدا و قامچێ ڕادەوەشاند. لەپڕ، ئەسپەکەی بۆ نێوو ئاپۆڕاکە تین دا و وەسەر خەڵک گەڕا. بەڵام هەر بڵێی یەک و دوو، دەیان زەند و مەچەکی بۆ بەرز بوونەوە و سنگیان گرت و لە سەر خوانی زینەوە کێشایانە خوار. هێزی چەکداری دەوڵەتی هەرکە ئەمەیان بینی، ڕێی هێرشیان بۆ کرایەوە و هێرشیان دەست پێکرد. لێدان و کوتان دەستی پێکرد. چەکدار بە قۆنداخی تفەنگ و کرێکار بە دار و تێڵا شەڕیان کرد. سەرۆکی پۆلیس بە هەزار زەحمەت لە چنگ کرێکار نەجاتی هات، بەڵام خۆی نەگرت و ڕای کرد. چەکدارەکان بەردەوام زۆر و زۆرتر دەبوون و شەڕەکەیان خەست تر دەکرد. هەر بۆیە، کرێکار گۆڕەپانی جێ هێشت و بە جادەی "ڕامەنا"وە بەرەو شار وەڕێ کەوتن. ئاڵای سوور لە بان سەریان و دروشمی شۆڕشگێرانە بە دەمیانەوە، بە شەقامە گەورەکانی شار و گۆڕەپانەکانی دا هاتن. خۆپیشاندەران، سروود یان خوێندەوە، دروشمیان دا و ئاڵای سووریان بەرزکردەوەی و، هەتا کاتژمێری حەوتی دوای نیوڕۆیە بە شارد دا گەڕان. شار بە تەواو ماناوە لە ژێر دەسەڵاتی کرێکاران دا مایەوە و سەدان بەیاننامە و ئاگاداری و تراکت و ئافیشیان تێدا بڵاو کردەوە. ئێوارەیەکی درەنگ وەختی، بڵاوەیان کرد و شاریان چۆڵ کرد.

ئەژدەر، ڕێی "سابوونچی" گرتە بەر و بەرەو ماڵ بۆوە. سبەی بەیانیش هەواڵی دەست بەسەر بوونی چل و شەش هاوخەباتی پێگەییشت، کە یەکێک لەوان، میرزاحسێن بوو .

دڵۆپە خوێنەکەی نێوچاوانی "لی لی یۆڤ" لە نیوەی ڕێگا دا وشک بۆوە، بەڵام هەر لە ماوەی نیو کاتژمێر دا، چوار پزیشک و برین پێچ هاتنە ژوور سەرینی. سەر و سەکوتیان بە لۆکە و تەنزیل داپێچا. نامەیەکی بۆ ژەنەرال فەرماندار نووسی و پێی ڕاگەیاند کە لە شەڕی دژی دوژمنانی خاوەن شکۆ تزار دا شەرەفی زامداری پێ براوە و شانازی پێوە دەکا. هەر لەو نامەیە دا، بەڵێنی تازە کردەوە کە ئەگەر بژی و بمێنێت و لەم خەتەرە ڕزگاری بێت، هەموو تەمەنی دواییی خۆی بە فیدای تەخت و تانج و مەزنایەتییەکەی خاوەن شکۆ دەکات. دوای نامەی ژەنەرال فەرماندار، چەند نامەیەکی تریشی بۆ "پترسبۆرگ" و تفلیس نووسی و تێیاندا باسی پالەوانەتی خۆی و بەگژ داچوونەوەی دژە شۆڕشانی بۆ نووسین.

کۆشکی ژەنەرال فەرماندار بە تەواوی ئاڵۆز ببوو. برووسکە بە دوای برووسکە، بۆ سەرۆکایەتی بەرزی دەزگای پاراستن بەڕێ دەکرا و لە هەموو برووسکە و پەیامەکانیش دا هاواری ناردنی هێزی خۆشبەزی کازاخەکان دەکرا .

هەر ئەو ڕۆژەش، ژەنەرال "لیتنات فەرزە" لە بەشی بەڕێوەبەرایەتی "کافکازیا"وە لە وەڵام نامەی ژەنەڕاڵ فەرماندار و بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرێکاری، هێزێکی دوو سەت کەسی لە کازاخە شەڕکەرەکان نارده باکۆ. هێزی ناوبراو بە سەرکردایەتیی ژەنەڕال "مایور کراسە" گەیشتنە شاری باکۆ.

***

سەرهەنگ "پاروشین"، هەتا ملان دە هەشی پەرێشانی ڕۆچوو بوو. سەرخوێندنەوەی زیندانییەکان لە بەرێک ڕاوەستێ، بروسکە و پەیامی بە هەڕەشەی دەزگای پاراستنیش لە لای ترەوە و، لەوانیش ژار و پەرێشانتر، کەللەڕەقی و لاساریی کرپکاری زیندانی، تاقەت و توانا و سەبری پێ نەما بوو. جاری وابوو کرێکاری زیندانی لێ دەکەوتە سەر چۆک و چەشنی قازی، سەرهەنگی مەحاکەمە دەکرد؛ لە هەر چوارلایانەوە بۆی دادەباری .

سەرهەنگ، زۆرجاران بیری لە دواهاتووی خۆی دەکردەوە و جگە لە تاریکی و بێ هیوایی، هیچی تری تێدا بەدی نەدەکرد. ترسی هەرە گەورە و گرانی سەرهەنگ، پلە و پایەی ئیداری بوو. مەڵبەندی فەرمانڕەواییەکەی بە چەشنێک ئاڵۆز ببوو، کە هومێدی باش بوونەوەی لێ نەدەکرا. لە کێبەرکێی هێزی نیزامی و سەرهەڵدانی کرێکاری دا، ئەگەر توانیبای گورزی ڕەشیان لێبدا و سەرۆک و سەردارەکانیان دەداو بخات و کۆمیتەکانیان لێ هەڵوەشێنێت، ئەوا بەختی یارە و هەموو پلە و پایە و جیرە و دەسخۆشانەکەی بە پای فیلان دەبێ؛ ئەگەر پێچەوانە هەڵسووڕێت، ئەودەم واوەیلایە و تێدادەچێت .

دەیان کرێکاری خستە ژێر پرسیار و بە هەموو زانستی سەربازی و سیاسی خۆی، هەوڵی دا چەند بەرپرس و بگێڕ و سەردار و سەرکردەیان بناسێت، بەڵام هەموو هەوڵ

و خەباتەکەی هاتەوە سەر سیفر. هەرچەند کە دەیزانی لە هەر سەد کەسیان، هیچ نەبێ پێنج کەسیان بەرپرس و سەر کۆمیتەن، بەڵام لاساری و کەللەڕەقی و بوێرییەکەیان، نەخش و پلانەکانیان لێ دەپووچاندەوە .

لەو ڕاپۆرتانەی کە بۆ ژەنەرال فەرمانداری دەنارد، بە دڵنیاییی بەڵێنی پێدەدا، کە لە ماوەیەکی کەم دا خۆیان و "نینا" و دار و دەستەکەیان لەبەر یەک هەڵتەکێنێت و توخم و تۆمیان بفەوتێنێ. کەچی "نینا" لە بەیاننامەیەک دا، کە لە سەرتانسەری شاری باکۆ و دەور و بەریش دا بڵاو کرایەوە، بەبۆنەی سەرکەوتنی میتینگ و بەئاکام گەیاندنی سیاسەتی کرێکاری، پەیامی پیرۆزبایی پێشکەشی جەماوەر کردبوو. ئیتر هەر بە یەکجاری حەیای پێ نەما و پەتەی کەوتە سەر ئاو .

"نینا"، لە پەیامی پیرۆزباییەکەی دا گوتبووی:«... لەم تەڤگەرەی هونووکەییمان دا، هەڤالانی تێکۆشەری ئێمە لە بەشی سەرکردایەتییەوە هەتا دەگاتە بەرێوەبەری شانە و بن شانەکانی کۆمیتەکانمان، بە ئەو پەڕێ لێزانی و بەرزیی ئەزموون و بە ورەیەکی شۆڕشگێرانەیانەوە، توانیان ئەرکی وریاکردنەوە و چاونەترسیی جەماوەری شارەکەمان بەچەشنێک بەرز بکەنەوە، کە سەری دەزگاکانی سەرکوتکەری ڕژێم ئالۆز بکەن. یاران و هەڤالانمان توانیان بە دەزگای سەرکوتکەر ڕابگەیەنن، کە ئیتر لەشکەری چینی کرێکار ئەو توانایەی هەیە لە بەرامبەر دەوڵەتی تزاری دا ڕابوەستێت و داوای مافی سیاسیی کرێکار بکات. هەر ئەم هێزەش، لە بەرنامەی کاری خۆیدا، خۆی بۆ حاکمییەت ئامادە کردووە و لە داهاتوویەکی گەلێک نزیک دا دەسەڵاتی نگریسی تزاری لەبن دێنێت و ژیانێکی ئینسانی بۆ دانیشتووانی وڵات دەستەبەر دەکات.

شەکاوە بێ ئاڵای سووری هەڵمەتبەر... بژی سۆسیالزم... بڕووخێ دەزگای پۆلیسی و داپلۆسێنەر! »

****

# 37

دوای میتینگە مەزنەکەی دووەمی مانگی مارس، مانگترن و وازهێنان لە کار و، تێکۆشانی نهێنی بەردەوام لە کایە دابوو. ئاگرەگڕە بچووکەکانی گەڕەک و کۆڵان و نێو بازاڕەکانی شاری باکۆ، بە تین و تەوژم بوون. لە ڕۆژی بیست و حەوتەمی مانگی ئاوریل، بسکۆڵە ئاگرەکان یەکانگیری یەکتر بوون و مەشغەڵێکیان ساز کرد کە شاری باکۆ لە ژێرِ شەبەقی سووری ئاگرەکەی دا تروسکایەوە.

کۆمیتەی باکۆ، بە دوای میتینگەکەی ڕۆژی دووەمی مارس دا، گەڵاڵەیەکی نوێی بۆ ڕاپەڕینێکی تر سازمان دا. بۆ مانگرتن و ڕاوەستانی ئەمجارەکەی کرێکار لە بەرامبەر خاوەنکاری لەخۆبایی و دەزگای دەسەڵات، ویست و داخوازیی تەواو سیاسی خستە بەردەمی جێبەجێ کردن. لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی میتینگی دووەم مارس و دۆزینەوەی خاڵی لاوازی بزووتنەوەکە، ڕێوشوێن و بەرنامەی توکمەتری بۆ داندرا. بڕیار درا، نینا بە هەموو توانایەوە ئەوپەڕی چالاکی بنوێنێت و ماتریاڵی سەردەمیانە بداتە دەر. سێرەی چاوی بەڕێوەبەرانی کۆمیتەکانی شاری باکۆ، لە سەر ڕۆژی یەکەمی مانگی ئەیار دەگەڕا. بەرنامەیەکی کە بۆ ئەو ڕۆژە لە بەرچاو گیرا، شاری باکۆی بە هەموو سوێ و سوقاقێکەوە دەگرتە باوەش. بەڵام لەولاشەوە، دەزگای دەسەڵات، کە لە میتینگەکەی دووەمی مارس دا گورزێکی قورسی بەرکەوتبوو، خۆی بۆ گورز وەشاندن و تۆڵەسەندنەوەیەکی سامناک تێک دەنا. کاربەدەستەکانی ڕژێم، بە جۆرێک بەرنامەیان چنی، کە هەموو بەشەکانی سیاسی ـ نیزامی، لە چالاکیی سەرکوتکەرانەیان دا هاوهەنگاوی بن. هەموو بەشەکانی هێزی چەکداری ڕژێم، لە

نیزامی و پۆلیس و ژاندارم و میلیشیاکانیانەوە بگرە هەتا چاو و گوێ و لات و لووت و ئاییندارەکان، هەموویان و هەموویان لەم شەڕی سەر و ماڵە دا چالاکانە بەشدار ببن.

میتینگی جەماوەریی ڕۆژی دووەمی مارس، دەسەڵاتدارانی ڕژێمی هێنایە سەر ئەم قەناعەتە، کە دەست لە ملان بدەن و بیسەلمێنن و بیدرکێنن کە ئەوان لەو ڕۆژە دا دۆڕاندبوویان و کۆمیتەکانی کرێکاری بردبوویانەوە. هەروەها دانیان بەمەش دا نا ، کە هەر نەک لە کۆمیتەکانی کرێکاری، بەڵکە لە ناو خەڵکی کووچە و کۆڵان و دوکان و بازاڕیش دا حەیایان پێ نەما. ئەو شاخ باڵ و گۆپاڵەی کە خەڵکیان پێ دەترساند، لە شەقام و گۆڕەپانەکان دا کرێکاری ڕووت و هەژاریان لێی هەستان و هێزی سیاسی و نیزامیی حکومەتیان بۆڕ کرد؛ خەڵکی سەرشیقامیش ئەمانەیان بینی؛ هەر بۆیە دەزگای دەسەڵات بۆ وەرگرتنەوەی زیبک و کاراییی خۆی، داوی داناوە و چاڵی هەڵکەند.
یەکەم هەڵمەتی دەوڵەت، لە ژێر باڵی سەرهەنگ پاروشین و ژەنەڕاڵ فەرماندارەوە بە سەر کرێکار دا باری. دەیان تاقمی گورج و گۆڵی دەست وەشێنیان خستە کار. تاقمەکان بە دەسەڵاتی تەواوەوە ڕژانە مەڵبەندەکانی کرێکاری. لە هەر جێیەک و لە هەر شوێنێکی کە تەنانەت چوار کەسی پێکەوەیان دیتبایە. گەمارۆدان و ڕەپێچەکدان و دەستبەسەرکردنیان لە یەک زەمان دا دەبوو.
مستی بەخوێن لە بەرزاییی سەری باکۆی قارەمان دا ڕاگیرابوو. بەڵام لە بەرامبەر مستی بە خوێن دا، مانگرتن و یەکگرتن و هاوخەباتی بە ئاشکرا دەبیندران. ئیتر زەحمەتکێش ترسی جارانی نەمابوو کە لە بەری بلەرن. چ شتێکیان شک دەبرد کە ترسی لە دەست دانانیان هەبێ؟ بەند و زیندان و کاتۆرگا، بە دەیان جار بەتاقی کرابوونەوە و ئیتر ئەوانیش تامی ترسیان تێدا نەمابوو. لێدان و ڕاونان و برسیایەتی و نەخۆشی و هەزار و یەک پەتا و ئاهۆ و ئازاریان لە پاش سەر دا جێما و پەکیان بە هوروژمی داهاتووی چەتەکانی ڕژێم نەکەوت و هاتنە سەر شەقامان.
مانگرتن دەستی پێکرد. سەرەتاکەی لە بەشی"تراموا"کانەوە سەری هەڵدا و بە دوای ئەوێ دا، کرێکارانی بەشی مەفرەق تواندنەوەی کارگاکانی مەکینەیی "دیسیەیۆڤ" تێکەڵ بوون. بە هەزاران زەحمەتکێش و کرێکاری وەرزیکار لە مەڵبەندی "ڤۆلچیەڤروتا" سەریان هەڵدا و ڕژانە شەقامەکانەوە. لە کارگەکانی بەشی چنین و ڕستنی ژنانی ئەندام لە یەکێتیی ژنان دا، کارمەندان و وردەکەسبەی واڵادەست، خوێندکار، کرێکاری ساختمانی، جووتکار و شوان و سەپان و دەرکراوانی دێهاتی دوور و نزیکیش هاتن و تێکەڵ بوون. لە مانگرتنی مەڵبەندی«ڤولچیەڤروتا» دا، ژنێکی ڕوس لە سەر سەکۆوە ڕوو بە یارانی کرێکاری گرمەی دەهات:
ـ هەڤاڵان!... دەست و چەکی کازاخ و پۆلیس و پاراستن، باوی هەنگاومان شل ناکاتەوە. هەڵمەتی شێرانەمان لە گۆڕەپانی خەبات دا پشتی دەزگای دەسەڵاتدار دێنێتە لەرزین و ناچار دەکرین دەست لە تەخت و بەخت بەردەن و جێ بۆ چینی

کرێکار چۆڵ بکەن. ئیتر هیچ هێزێک لە ئاستی هێرشی چینی کرێکار یارای ڕاوەستانی نییە. ئەوا ئێمەین دەبینە هێرشکار و ئەوان دەبنە زەلیکی هەڵمەتمان...

دەنگی زوڵاڵی شیرەژن، خوێنی کرێکارانی خستە جۆش. ترس و دڵەڕاوکێ و لەرزین و تەزین و بەزین وەک تەم و تۆزی بەر ڕەشەبا، بەبا چوو. دەنگی ژن، وەک هەتوانێکی حەکیمخانێ کەوتە ناو ڕەگۆڵەی جەماوەر و، خوێنی جەمامبووی وەجۆش خستەوە. هەزارانی ناو گۆڕەپانەکە سووکباڵ و ئازا، پێی هەستانە سەرپێ.

بەشی پاراستنی پۆلیس، پێشەکی لە مانگرتن و شوێنی کۆمبوونەکەیان ئاگادار کرا بوونەوە، بەڵام ئەوان بە شوێن ڕیبەر و سازمانکارەکانیان دا دەگەڕان و بە نیاز بوون سەری مار بگرن و بیکوتن و جەستە بی گیانی لە سەحرا فڕێ بدەن ، کە ئەمەش لە هەیهات دا بوو.

بەر لەوەیکە دەزگای پاراستنی پۆلیس پلان بۆ هێرش دابڕێژێت، کۆمیتەی باکۆ، لە پلان و پیلانی بەشی پاراستن ئاگادار کرابۆوە؛ تەنانەی ئەو جیرەخۆرانەی کە بە جلکی شەخسی خۆیان لە ناو جەماوەر دا جێ دابوو، بەردەشۆر کرابوون و دەوریان گیرا بوو.

کۆمیتەی باکۆ بۆ خۆ دوورخستنەوە لە مەترسی و بۆ دووپات نەبوونەوەی کارەساتی ئاپریلی پار، ئەوەی کارزانی بوو، بۆ سڵامەت دەرچوونی سەرجەم کۆمیتەکان ڕەچاوی کردن. کۆمیتەی باکۆ، بۆ هاوئاهەنگبوون دەگەڵ شاری "باتووم" ئەم فەندو فێڵەشی دەکار کرد و لەبری ڕۆژی یەکی ئەیار، جەژنی کرێکارانی خستە ڕۆژی 27 ی مانگی ئاپریلەوە. ئەم تاکتیکەی کۆمیتەی باکۆ، کاربەدەستانی دەوڵەتی تزاری کش و مات کرد.

لە "تفلیس" و "پەترسبورگ"ەوە، پلانی هێرش و گەمارۆدان و داپلۆسینی بزاقی کرێکاری، بەرەو شارەکانی تریش چوو. "نینا"ش بۆ جوابەجەنگی و خاوکردنەوەی ئەم پلان و فەرمانە، شەونامە و بەیاننامەی توند و بە هەرەشەی بڵاو کردەوە. هاوکاتیش، بۆ داودۆزینەوەی پیلانی دوژمن و بو پاراستنی گیانی کرێکار، ئامۆژگاری بەنرخی پێشکەشی جاوماوەری گەل کرد.

لەو هەلومەرجانەدا، هەتا دەزگای پاراستن هەڵوێستێکی بۆ هیرش دەخستە ناو قالبی پلانێکەوە، بۆ بەیانی، لە لایەن "نینا"وە لە قاو دەدرا، ئەو لەقاو دانەش دەبوو بە هۆکارێک کە هەنگاوێکیان بەرەو پاش بکشێنێتەوە. کاربەدەستانی دەزگاکانی پاراستن وەک شێت و هاران بۆ هەموو لایەک دەچوون و هیچ ماڵێکی بەرشک نەدەما خۆی پێدا نەکەن. پشکنینی ماڵەکان بە شوێن "نینا "ی نادیار، بە بەردەوامی لە گەڕ دا بوو. شوێنی بەرشک نەدەما نەپشکێندرێت.

کۆمیتەی باکۆ بۆی دەرکەوتبوو کە "ڤەرا" بۆ دەزگای پاراستنی ڕژێم خودی "نینا"یە، هەر بۆیە و بە پێی بڕیاری ڕێکخراوەی باکۆ، تەنانەت بۆ شەوێکیش "ڤەرا" بۆی نەبوو لە ماڵی خۆیاندا بمێنێتەوە. بەپێی بەرنامە، چەند ڕۆژێک بە لای ئەژدەر

و چەندێکیش لە ماڵی "یەلێنا کنویانتس" و جارجاریش دەگەڵ بنەماڵەیەکی ئەرمەن دەژیا.

"ماریا ڤاسیلۆڤینا"ش بەر لەوەی میرزاحسێن بکەوێتە بەندیخانە، دەگەڵ ئەوان دەژیا. دوای گیرانی میرزاحسێن، گولاراخان و ئامینە ڕۆژی گەشیان ڕەش داگەڕا و ڕۆژ نەبوو بۆ بینین و وەرگرتنی خەبەری سلامەتیی میرزا حسێن، دایک و کچ ڕێگای بەندیخانە نەگرنە بەر.

هەرچی ڕۆژە، ڕۆژ هەتا ئێوارەیەکی درەنگ وەختی، بەر دەرگا و پاڵ دیوارە بەردینەکانی بەندیخانە، ڕێچکەی ژن و منداڵی بەندکراوەکانی لێ دەکەوت؛ جێگا نەدەما خەڵکی تێ نەخزێت. ئامینە و "گوڵاراخانم"یش، هەتا ئەو ڕۆژەی کە میرزا حسێن لە بەندیخانەی شاری باکۆ دا زیندانی بوو، ڕۆژگاریان هەر لە بەر دەرگای بەندیخانە تێپەڕ دەبوو. بەڵام کاتێک کە میرزاحسێن و پۆلێک لە زیندانیانی سیاسی بۆ ماوەی پێنج ساڵان ڕەهەندەی هەندەران کران، ئیتر ئەوانیش قەڵای هومێدیان ڕوخا. گوڵاراخانم لە سوێی شووەکەی ئارا و قارای لێ هەڵگیرا و بە ڕەشپۆشی دانیشت.

دوو حەوتوو دەبوو کە ئەژدەر سووکە کارێکی بۆ ئەکبەر دۆزیبۆوە و جار جارەش سەردانی شوێنی کارەکەی دەکرد، بەڵام بەهۆی چالاکی و ڕاپەڕاندن و بڵاوکرنەوەی بڵاڤۆکی "نینا" ، چەندێک بوو لێی بێخەبەر مابۆوە. ئەو ڕۆژە بڕیاری دا سەردانێکی ئەکبەر و هەواڵپرسێنێک لە پوورە نیسا بکات. بەڵام هەرکە زانی ئەکبەر کارەکەی بە نیوەیی جێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە ماڵ، ئەژدەر بە دڵی داهات دەبێ شتێک ڕووی دابێ. گورجێک ڕێی ماڵی "غولام"ی گرتە بەر. ئەژدەر گەیشتە بەر دەرگا. دەرگاکەیان ئاواڵە بوو. ئەژدەر بە هێوری هەتا بەردەرگای ماڵەکەیان هات و هەرکە دیتی ئەکبەر لە پەنا تەرمی پوورەنیسا دانیشتووە، زانی حاڵ لە چ قەرارێکە. ئەکبەر بە بینی ئەژدەر هەستا و دەستی خستە سەر ملی و بە شانی دا گریا.

ئەژدەر خێرا بە شوێن یارانی دا چوو. خەبەری مردنی "پوورەنیسا" زۆر زوو بڵاو بۆوە و هاوخەباتەکان گەیشتنێ.

"پوورەنیسا"، ئەو ژنەی کە لە هەژارخانە دا لە دایک ببوو، کەوتە ماڵی کرێکارێکی هەژار، هەنووکە لە سەر شانی چەند کرێکارێکی هەژار بەرەو گۆڕستانی هەژاران دەچێت. پوورە نیسا لە گۆڕخانەی هەژاران دا کەوتە ژێر خاک و "ئەکبەر"ی بە تاق هێشتەوە. ئەکبەر یەکتەن و تەنیا مایەوە، بەڵام ئەژدەر بۆ ئەم دەردە چارەیەکی دۆزییەوە و "ماریا واسیلۆڤینا"ی تاک کەوتەی ڕاگوازتە ماڵی غوڵام و کردی بە بناوان و هاودەمی ئەکبەر. هەر لە جیرانەتی ئەوانیش دا، ماڵیکی بۆ گوڵاراخانم و ئامینە دۆزییەوە و ئەوانیشی ڕاگواست. بەم جۆرە، سێ بنەماڵەی میرزاحسێن، ئیڤان و «غوڵام»ی کردە دراوسێ و خەمخۆری یەکتر.

بەرەبەیانی ڕۆژی 28 ی ئاپریل، ئەژدەر لە چاپخانەدا گەرمی کار بوو. دەبوایە بە ڕەواڵی هەموو ڕۆژێک، ئەو کاتەی کە خانووبەرە ڕەنگ بۆزەکانی باکۆی سەربەرز بە تیشکی بەربەیان ڕەنگی زەردی زێڕێنیان بەسەر دەکشێ، بەرهەمی ئامادەکراوی "نینا" هەڵبگرێت و بەرەو ماڵی تازەی "ڤانۆ ستروٚڤا" بچێت.

ئەژدەر، لە نزیک ماڵی "ڤانۆ" دا سواڵکەرێکی پیری دیت کە لە سای دیوارێک دا دانیشتووە و دەستی پان ڕاگرتووە. ئەژدەر ویستی لەو تێپەڕیت، کەچی سۆڵکەرەکە بەری ڕێگای گرت و کڕووزایەوە:

ـ براکەم مەردی چاک بە و دەستم بگرە... هەژار و برسیم... خێرێکم پێ بکە خێرەومەند...

ئەژدەر لە بینینی پیاوێکی برسی و هەژار، ژانی دە دڵ وەستا. سۆزی سەرمای بەیانی و هەناوی بەتاڵ ـ سەردەمی دەستبەتاڵی خۆی هاتەوە بیر ـ دراوێکی پێنج مەناتی لە مستی نا و لێی پرسی:

ـ بێکاری لالۆ گیان؟

ـ لە دوو چاوانم نابینام... چاوەکانم لە دەمی ئیش کردن دا لە دەست داون... نەوت و گاز و قورسایی کار ئەم دەردەیان بەسەر هێنام... هیچ کارێکم پێ ناکرێ و ناچارم دەست بۆ خەڵک ڕادەگرم...

ئەژدەر هیچ قسەیەکی شک نەبرد کە بۆ دڵداری بشێ، بەناچاری ماڵاوایی لێکرد و ڕۆییشت. کەمێک هەوارزتر، لە بەر دەرگای ماڵی "ڤانۆ" دا ڕاوەستا و چەند جارێک بە سەری پەنجە لە دەرگاکەی کوتا. دەرگا کرایەوە. "نیکۆڵای کازارینکۆڤ" و "ڤانۆ" چاوەڕان ڕاوەستابوون. چوونە ژوور. لە تاک پەنجەرەی ژوورەکەوە، ڕووناکاییەکی کز و کەمڕەنگ دەهاتە ژوور. ڤانۆ لە پەنای بەژن و باڵای بەرز و ڕەختەی نیکۆڵای دا گەلێک ڕیوەڵە و لاواز دەهاتە بەر چاو. بە سووڕانی هەتاو، بەرە بەرە ڕوناکایی ژوورەکە زیاتر بوو. ئەژدەر بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە بۆ یەکەم جار بە ڤانۆ گەییشتبوو. ڤانۆی ئەو سەدەمە و ئەمەی ئێستا، چەندە لەیەک جیاواز بوون. ڤانۆ لە هۆدی تاریک و بێ هەتاوی چاپخانە و، بەم گشتە زەحمەتی و کاری قورس و کەم خۆراکی، گەیشتۆتە ئەم بار و دۆخە.

ڤانۆ ستروٚڤا دەستی خستە سار شانی ئەژدەر و گوتی:

ـ ئەژدەر! هیچ دەزانی ئەتۆ وەک ئەو دایکە دەچیت کە منداڵەکانی بە شیرێکی تایبەت عاملاندبێت... خۆیەکمان بۆ ڕاتڵەکێنە با بزانین چیت لێ هەڵدەوەری و چیت بۆ هێناوین دایە گیان؟... دەسا با بزانین بەرهەمی ئەم جارەی خوشکە بچکۆڵانەمان چییە و چۆنە و چەندە؟

ـ هەڤاڵی هێژای من، دەستی دادیلەبچکۆڵەکەمان گەوهەری لێدەبارێ... ئەوەندەی دیاری بۆ ناردووین، کە بەشی هەموو شاری باکۆ دەکات...

ئەژدەر بەدەم قسەکردنەوە، جۆرک و گیرفانەکانی لە سەر مێزی ژوورەکە هەڵڕشت. ئەژدەر هەڵیڕشت و نیکۆلای لە لاگوێزینگی چەکمەکانی دا جێگای بۆ کردنەوە و تێی ئاخنین. بەستەیەکیشی دە بەرۆکی هاویشت و کراسەکەی لەسەر توند کردەوە. نیکۆلای لە هەڵگرتن و تاقەت کردنییان تەواو بوو، گوتی:

ـ ڕێبوار هەر دەبێ لە ڕێدابێ ... بەڵام ئەژدەر فەرهەنگی زاراوەی ئازەرییەکان گەلێک دەوڵەمەندە و بابەتی نایابی تێدایە. تۆ لێی خورد بەوە و بزانە هەر ئەم ڕستەیە چەندە بە ناوەرۆکە... ئیتر بەسە درێژدادڕی.. دەبێ زووتر خۆم بگەیەنمە "قاراشار". بەڵێنە لە وێندەرێ بۆ پۆلە کرێکارێک قسە بکەم. خۆتان دەزانن کە بەهۆی مانگرتنی کرێکار و کارمەندانی تراماواکان، دەبێ هەموو ڕێگاکە بە پێیان بڕۆم. نیکۆلای دوای ماڵاوایی، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن و ڕۆیییشت.

ئەژدەر، نان و پەنیرێکی کە ڤەرا بۆی تێکەوە پێچابوو، لە سەر مێزەکە پانی کردەوە و خەریکی خواردنی بوو. بەشێک لە نان و پەنیرەکەی بۆ ڤانۆ ڕاگرت و گوتی:

ـ بگرە ڤانۆ... دانیشە و تۆیش کەمێک خۆت تێڕ بکە... کارمان زۆرە و بە برسیایەتی ناکرێ.

ڤانۆ بە پێکەنینەوە گوتی :

ـ نیکۆلای ڕاستی دەکرد، کۆلتوری ئازەری پڕی وتەی ڕەسەن و خاوێنە... ئازەری دەڵێ: خواردن کە ڕووی تێکردی ، قسە و باسی پێ ناوێ.

پێکەوە دانیشتن و خواردیان و قسەیان بۆ یەکتر گێڕایەوە. ئەژدەر گوتی:

ـ ئیمڕۆ کارێکی یەکجار زۆرم لە سەر دەستانە و دەبێ زۆربەی کۆڵانەکانی شار بگەڕێم... بڕۆم باشترە لە دانیشتن!

ـ بڕۆ ئەژدەر... بڕۆ بە ئارەزووی سەرکەوتن!

ـ منیش بە هیوای سەرکەوتن... ئەوە من دەڕۆم، تۆیش دەست و بردێک بکە و ئەم گشتە بەرهەمە حەشار بدە... دەرگاکەش داخەوە!

ـ خەمت نەبێ ئەژدەر! هەر ئێستێ وەهایان لە باخەڵی دوو تویێی جلکەکانم دا حەشار دەدەم، کە تەنانەت خۆشم بە جێگاکەیان نەزانمەوە... پێکەنین و دوای دەسەملان بوون لەیەکتر هەڵبڕان.

ئەژدەر بە پلیکانی دالانی تاریکەکە دا هاتە خوار. لە یەکەمین پلیکان دا کە بەرەو دەرگا دەچوو، لەسەر جێ دا وشک بوو. چەند کەسێک ڕوو بە ئەو دەهاتن. جێگاکە تاریک بوو، بۆی ڕوون نەبۆوە ئەوانە کێن و چکارە و چ کەسن، بەڵام دەیزانی خەڵکی ئاسایی نین. هیچ دەرفەتێکی خەبەر دان بە "ڤانۆ"ی نەبوو. زۆر بە هێمنی خۆی لە ژووروۆچکەی ژێر پلیکانەکان دا حەشارد دا. پۆلیس بوون. کەمێک هەوراز هەڵکشان و ڕاوەستان. یەکیان پرسی کام دەرگایە؟

ـ تاک ژوورێکی هەیە و ئەمەش دەرگاکەیەتی... هەر دووکیان لەم ژوورە دان... پێکەوەن...

ـ هێدی تر... دەنگت بەرز مەکەوە!... ژوورەکەیان ڕێگای دەرچوونی هەبێ ڕادەکەن و دەڕۆن...

ـ ناتوان ڕابکەن... دەوری ماڵەکەمان گرتووە...

ـ ماڵەکە، یەک هۆدەی هەیە و یەک دەرگا... من خاوەنی ماڵەکەم و دەزانم چۆنە!

پۆلیسەکە بە تووڕەیی گوتی:

ـ سەیر خاوەن ماڵێکی لالۆ!... ئەگەر هەموو کرێگرتەکانت لەم قوماشە بن ، جێی هەرە نەرمانی تۆیش سیبریا دەبێ...

ـ نەخێر گەورەم... نەخێر من تەنیا دوو کرێگرتەم هەن، یەکیان ئەمەیانە و ئەوی تریان ماسیگرێکی پیرە و خوداناسێکی ئایین دارە... چ بکەم ڕۆژگارەکە وەک جاران نەماوە و کرێگرتە کەم بووە...

دەرگاکەی ڤانۆ کەوتە بەر پێلاقە. زۆری نەخایان دەرگایان شکاند. ئەژدەر ویستی لەم دەفەتە دا بۆی دەربچێت، بەڵام قسەی پۆلیسەکەی هاتەوە بیر، کە چواردەوری ماڵەکەیان گەمارۆ داوە. لەپڕ ژووری ماسیگری پیری وەبیر هاتەوە. بە گورجی لە کەمین هاتە دەر و خۆی بە حەوشەدا کرد. لە بەری چەپەوە خۆی بە ژووری کابرای ماسیگر دا کرد.

پیرەپیاوێکی ڕیش چەرموو بوو. لەسەر کۆنە بەڕەیەک دانیشتبوو و ئارام هەودای پساوی تۆڕی ماسیگرتنەکەی گرێ دەداوە. لەولاترەوە، تولەسەگێکی رەشی خرپن، بە چڵپەچلپ خەریکی ئاو خواردنەوە بوو. هەر کە ئەژدەر پێی نایە ژوورەکە، توتەڵە سەگەکە دەمی لە ئاو ئەستاندووە و ملی لە حەپە حەپ نا و بۆ ئەژدەر چوو. ماسیگر بەبێ ئەوەی پەنجە لە سەر تۆڕی ژێر دەستی ڕاگوێزێ، بە سەر سەگەکەی دا هات:

ـ "تۆپڵان" !... وست بە... بێدەنگ!... بوێستە بزانم میوانەکەمان کێیە!

سەیرێکی سەر هەتا پێی "ئەژدەر"ی کرد و پرسی :

ـ کێی کوڕم؟

ـ میوانم مامە گیان!

ـ میوان بەخێر بێ، میوان خۆشەویستی خودایە... فەرموو ڕۆنیشە!

ئەژدەر دەرگاکەی داخست و دانیشت.

ماسیگری پیر، بە دەم گرێدانەوەی قلف و گۆی لە بەر یەک ترازاوی تۆڕەکەی، بە وردی دە ئەژدەر ڕاما .

ـ لە دەرگا داخستنەکەتەوە دەرکەوت کە میوانێکی خۆمانەی و بێ تەقێ و تەعاروفی... تۆ بەخێر بێی سەر سەران و سەر چاوان، بەڵام ئێمەی ئازەری مەسەلێکمان هەیە کە دەڵی : میوانی درەنگ وەختی، وەباڵی بە ئەستۆی خۆیەتی... لەم دەم و دەستەدا شتێکی ئەوتۆم لە ماڵ دا نییە کە بۆ میوانی خۆمی دابنێم. بەڵام

ئەو ڕۆژانە دەگەڵ هاوکارانم پێوەین دەستێکی بە دریا دا بگێڕین و لەوانەیە بە دەستی پڕ بگەڕیمەوە و لە خەجاڵەتیت بێمە دەرێ...
ئەژدەر گوێی بۆ ماسیگری پیر ڕاگرتبوو، بەڵام شەشدانگی هەستی لە دەرەوەی ژووری ماسیگر دەگەڕا. وەک بڵێی لە ژوور نەبێ و هیچ وتەیەکی بە گوێ نەگەیشتبێ، کەڕ و لاڵ دانیشتبوو. لەپڕ دەنگ و غەڵەبایی بەرەو ژووری ماسیگر دەهات و مەترسی گەیشتبوویە پشتی دیوارەکە. "تۆپڵان"یش مڕاندی. ئەژدەر هەستی بە مەترسی کرد. بە پەشۆکاوی ڕووی کردە ماسیگر و گوتی:
ـ مامە گیان، من دەبێ خۆم وەشێرم... بە شوێن من دا دەگەڕێن مامە گیان... لە کوێ دا خۆم حەشار بدەم مامە؟!
ماسیگر زۆر بە خێرایی لە جێگاکە هەستا و گوتی :
ـ بە شوێن تۆ دا دەگەڕێن؟!... بۆچی؟... چت کردووە؟
ـ ئێستێ کاتی ئەوە نییە خۆم بناسێنم... لێبگەڕێ با ڕزگایم بێ، سا ئەودەم بۆتی باس دەکەم مامۆ گیان...
ـ با من تۆپڵان لە بەر دەرگا دابنێم... تۆپڵان کەمێکیان ڕادەگرێ...
ماسیگر بە هێوری دەرگای کردەوە و تۆپڵانی لە پشتی دەرگا جێ هێشت. ئەوسا لە پشت نوێن و بانەکەی دا پەردەیەکی هەڵداوە و گوتی:
ـ وەرە... وەرە خۆت بخە ژێر ئەو چاڵەی لە پشت نوێن و بانەکەم دایە... جێگای تۆڕی ماسیگرتنە و بۆ حەشارگە دەبێ...
ئەژدەر قۆپەنی تۆڕەماسی لادا و خۆی لە ژێریاندا گورمیلە کرد. بۆنی ماسی و بۆ لیتەیان لێدەهات و پشووی لە سنگ دا دەخستە تەنگاسێ. بەڵام لە ژێر کۆنە تۆڕی ماسی دا جووڵەی لە خۆی بڕی و چاوەڕوانی داهاتوو دانیشت.
دەنگی تۆپڵان دەهات. تۆپڵان توورە بوو. چی پێ نەچوو، دەنگی قرووسکە و نووزە نووزی تۆپڵان و کرانەوەی دەرگا پێکەوە بوون بە دەنگ . بە زەربی پێلاقی، دەرگاکە بە هەر دووک تاکێوە کراوە و هاتنە ژوور.
ـ هۆی کابرا... بەرزەوە بە بزانم!... کەسێک هاتە ژووری تۆ ، کوا"... چی لێهات؟... دەگەڵ هەرا هەرا و شات و شووتی پۆلیسەکە، یەکێک لە هاوڕێیانی گوتی:
ـ گەورەم ئەو پیاوە خەریکی نوێژە و هەتا نوێژەکەی تەواو نەبێ، دەنگ ناکا... لە کاتی نوێژ کردن دا باش نییە دواندنی نوێژکەر... گەورەم! بە لای ئێمەوە، نوێژ بڕین کفرە... سەبرێکی لێبگرن!
من نوێژ و موێژ نازانم... دەی وڵات بگەڕێن... دەی !
پۆلیسەکان خەریکی سەر و ژێر گەڕان و لادان و لابردن کۆنە مجریلکە و شڕ و شەپیتەی ژوورە کە بوون. شتومەکیان لێروە و لەوێ دا بڵاو کردەوە و ژوورەکەیان شێواند...
ـ پشتی ئەم پێخەفدانە چی تێدایە؟

ـ گەروەم پڕی کۆنە تۆڕماسییە ...
ـ بە وەردی بیپشکنە بزانم !
دەستێک بە نێو تۆڕی ماسی دا گەڕا و گوتی:
ـ هەر بەس تۆڕماسی تێدایە گەورەم!
ـ نوێژی ئەم بابایە کەی کۆتایی دێت؟
ـ نوێژی ئێواران چوار ڕەکاتە گەورەم!
ـ وەرن با بڕۆین... دەبێ ئەمەیان تەسلیمی بەندیخانەی ناوەندی بکەین... دەی زووبن!
ئەوان ڕۆیشتن و ماسیگرەکە هەستا و پەردەکەی لادا.
ـ وەرەدەر... ڕۆیشتن... ورە بزانم ئەمانی بە شوێن چی دا دەگەڕان؟
ئەژدەر هاتە دەر و شێواوە حاڵ لە سەر جێگا دا چەقی.
ـ ئەوە بۆ یەکەم جارە لە هەموو تەمەنم دا نوێژ بە فریام بگات... تۆ دانیشە با من سەر و گوێیەک لە دەر ئاو بدەم بزانم هەوا چۆنە...
ماسیگر تاوێکی پێ چوو، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەی دا زۆر بە خەمباری گوتی:
ـ کوڕە گورجییەکەیان برد... حەیفێک و سێسەت خەسارێ لەو پیاوە سەنگین و دلۆڤانە! ... بێ کەس و بێ دەر و تەنیا و ڕەبەن بوو... ئەویشمان ڕۆییشت... ئەگەر دەتەوێ بڕۆی، ئێستێ وڵات ئارامە و دەتوانی بڕۆی...
ئەژدەر لە بەر دەرگاوە دەستێکی بۆ ماسیگر لە سەر لەر و لە سەر چاوان دانا و گوتێ:
ـ هەر بژی مامی خۆم... لە چنگ مردنت ئەستاندمەوە بەڕێزم!
ماسیگر زۆر بە دڵاوابیەوە گوتی:
ـ بەڕوانیکردنی سەڵتەی ڕێبوار لە بەر شاڵاوی چەقەڵی خوێڕی، ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆیەکی ڕاست و دروستە... بەڵام بیرم چوو پێت بڵێم کە لە سەرگەی هەر ئەم کۆڵانەی ئێمەدا، حەوتوویەک دەبێ، گەدایەکی لێ دادەنیشێت و کۆڵان چۆڵ ناکا... ئامانەتی خۆتت بێ ... لەوانەیە ئەو چڵکنە بۆرە هاودەستی پۆلیس بێ... بڕۆ سەر چاوی من هاتی.
ئەژدەر بە سپاسێکی زۆرەوە دەستی ماسیگری گوشی و ماڵاوایی لێکرد و هاتە کۆڵان. درۆزەکەری کوێر لە کۆڵان دا نەما بوو. ئەو گورزی خۆی لێ وەشاندن و مزەی خۆی وەرگرت و وشیاریی زیاتری بۆ ئەژدەر جێ هێشت.
دوای نیوەڕۆ بوو کە ئەژدەر گەیشتەوە لای"چۆنیاتۆف". هەرکە پیۆتر چاوی بە ئەژدەر کەوت، بۆی هات و دە هەمێزی گرت و پرسی:
ـ ئەمڕۆ چۆن دەرچووی ئەژدەر؟! کار و بەرنامەکەت باش بەڕێوە چوو؟... ئەدی "ڤانۆ"؟
ـ "ڤانۆ" گیرا پەتیا!

بەسەرهاتەکەی بۆ پەتیا گێرایەوە، بەتایبەت باسی درۆزەکەرە کوێرەکەی سەرگەی کۆڵانی بۆ کرد و گوتیشی کە دەبێ ئەو سواڵکەرە بدۆزرێتەوە...
هاوڕێیەک لە پەنا چۆنیاتۆڤ ڕاوەستابوو، بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ ئەژدەر تۆ پێت وایە ئەو سواڵکەرە ڕووتەڵەیە هەر بەو شێوەیە دێتە سەری ڕێگامان کە ئەتۆ بینیوتە؟... نەخێر هاوڕێ، ئەمانە لە ڕۆژ دا بە چەندین دەموچاو و سەر و پۆتەڕاکی جۆراوجۆرەوە دێنە سەر ڕێگامان... ئەمانە خەفێ و سیخوڕەکانی "پاروشین"ن و لە ڕۆژ دا هەزار توێژ داوێژن.
ئەژدەر قسەکانی هاوڕێی سەلماند. چۆنیاتۆڤ گوتی:
ـ ئێوە گەلێک جاران لە کۆبوونەوە و میتینگەکان دا یەکترتان بینیوە، بەڵام وا باشە ئێستاکە یەکتر بناسن. ـ پێشەکی "ئەژدەر"ی ناساند و دوایەش گوتی:
ـ ئەمەش "ئیڤان پرۆکۆڤیچ ڤاتسک"ە ئێمە هەر بە"ڤاتسک"ی بانگ دەکەین...
ـ بەڵی هاوڕێ!... ئیڤان نیکۆلایوڤیچ گەلێک جاران باسی"ڤاتسک"ی بۆ کردبووم... لەبیرمە...
ڤاتسک گوتی:
ـ لە دەست دانی ڤانۆ بۆمان گەلێک گران تەواو دەبێ و پڕ کردنەوەی شوێن پەنجەی ئەو هاوڕێی تێکۆشەرە گەلێک زەحمەتە، بەڵام چارە نییە، هەتا شۆڕشەکەمان سەردەکەوێ، ئەم خەسارە مەزنانەشی تێدا دەبینین.
چۆنیاتۆڤ گوتی:
ـ ڕاستە!... ئامانجی بەرزەی ئێمە، گیانفیدایی پێویستە... ئەمەش بڵێین کە پێ بە پێی گۆڕینی دروشمی ئێمە و دەگەڵ بەرەو سەر چوونی تەڤگەری شۆڕشگێرانەمان، بەشی پاراستنی ڕژێمیش گورزی کاری ترمان لێ دەوەشێنێت؛ ئێمە بۆ نەمانی سەرجەم پەیکەری پیسی ڕژێمەکە تێدەکۆشین و ئەوانیش بەشی سەرەوەی بزووتنەوەکەمان بە ئامانج دەگرن. دوژمنەکەمان بۆ ترساندن و پاشەکشێ پێکردنمان دەیان چەشنە سیخوڕ و چەتەیان بۆ سازمان داوین. پێویستە سەبارەت بە"ڤانۆ"یش بڵێم ، ئەوەندەی لە دەست و مستمان دایە دەبێ بۆ ڕزگارکردنی تێبکۆشێن. دڵنیام ئەو خۆیشی بۆ دەربازبوون خەبات دەکات. ڤانۆ سترۆڤا، دەستی ڕاستی ئێمەیە و لە کیس چوونی داڕووخانی بەشێک لە چاکاکییەکانی کۆمیتەکەمانە...

***

لە دەرەوە دەنگی دروشمی خۆپیشاندەران دەهات. جەماوەری تێکۆشەر لە بەرەوەی شاقامی"نیکۆلایۆڤسکی"، بەرەو سەر بەڕێوە بوون. حەشیمەتێکی بێ هەژمار بە هەموو کووچە و کۆڵانێکدا دەهاتن و تێکەڵی شەپۆلی خرۆشانی خەڵکی ڕاپەڕیو دەبوون. چەکدارە کازاخەکانیش لێرە و لەوێ بە پۆل دەبیندران.

شەقامی"نیکۆلایۆڤسکی" لە بەر زۆری و زەبەنیی کرێکاری ڕاپەڕیو، هەر ژاوەی دەهات و شەپۆلی دەدا. لە بەرزایی سەری هەر بەش و پۆلێکی ئەو هەزارانەش دا، ئالای سوور فڕکەی دەهات. دروشمی وەک: مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆڕییەتی تزار... خاشەبڕ بێ دەزگای داپڵۆسێنەر... سەرکەوتوو بێ سۆسیالیزم... ئێمە خواهانی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسین... کار بۆ هەموو... زەوی و زار هی وەرزێرە، بە دەنگ دەگوترانەوە و لە سەر پلاکاردەکانیش دا نووسرابوون.

چۆنیاتۆڤ و ئەژدەر و ئیڤان پرۆکۆڤیچ شان بە شانی یەک دەهاتن. چۆنیاتۆڤ ڕووی دە ئەژدەر کرد و گوتی:

ـ من و ئایدین بیکۆڤ لە میتینگی پاراپێت دا بۆ خەڵک قسەمان کرد، لێرەش نۆرەی تۆ و «ئیڤان»ە... بەڵام وا دیارە هێزەکانی پۆلیس و کازاخ و پاراستن، لە دەور و بەرمان هالاون و بەرە بەرە زیاتر دەبن. ئەوان چاویان سوور بووە و لە خوێن ڕشتن بێ باکن... ئێمە ناخوازین خوێنی خەڵک بڕژێت. بۆیە هەوڵ دەدەین ئاقاری تەقگەڕەکەمان بەرەو شوێنێکی تر وەڕێ بخەین... لێرە نەبوو، شوێنێکی تر... شوێنێک هەڵدەبژێرین کە بە خەونیش بۆی نەچووبن.

ئالاهەڵگرەکان بە سنگی واز و گەردەنی بەرزەوە، لە بانی سەراندا ئالایان دەشەکاندەوە و بەبێ ترس و تەقێ دەڕۆیشتن. لە بەرامبەریانەوە، سەرە نێزە و تفەنگی هێزەکانی دوژمن لەبەر هەتاو دا ترووسکەیان دەهات. چۆنیاتۆڤ خێرا ڕێگای گۆڕی و ئەژدەر و"ئیڤان"یش بە شوێنی ئەو دا بەرەو سەرپەڕی جەماوەر هەڵکشان و گەیشتنە ژێرئالای سوور. ئەوان ڕێگەی ڕەوت و ڕۆی جەماوەریان لە شوێنی پڕمەترسی وەرچەرخانەوە و پشت بە تفەنگدار و مەترەلیۆزدارانی ڕژێم بایان داوە.

لە بەرامبەری کۆشکی"نینای پیرۆز"دا، کەلانتەرێکی ورگن و پۆلێک چەک بەدەست ڕێگایان بەستبوو. چەکدارەکان یەکجێ لە چەخماخیان دا و کەوتنە سەر چۆک، بەڵام ئەمە مانۆڤرێکی درۆیینی ترسنۆک تۆقێن بوو کە هەر تەنێ بۆ پاشەکشێ پێکردنیان، کردیان. سەرەی پێشووی جەماوەر لێیان نزیک بوونەوە و کرێکارێکی تێلا بەدەست گرماندی بە سەریان دا:

ـ نەکەن تەقە بکەن، تەقە بکەن تاقێکتان دەرناچن و بە خڕی تێدادەچن!

وشەی "تێدادەچن"، کەلانتەری وەرگنی ترساند. بە فەرمانی کەلانتەر، تاقمی چەکدار لە سەر چۆک هەستانەوە سەر پێ و تفەنگەکانیان خەواندەوە. خۆپیشاندەران هەتا بەردەرگای کۆشکی ئەنجومەنی"دۆما" ڕۆیشتن، بەڵام هێزێکی پڕ چەکی کازاخ ڕێگای ڕۆیشتنیان بەستبوو. چەکدارەکان تەقەیان کرد و جەماوەر بە داردەست و بەرد و زەنجیران جوابیان دانەوە.

تاقمێکی زۆری کازاخ، بە شەمشێری تیژەوە هێرشیان کردە سەر کرێکارێکی ئاڵا بەدست و ئاڵاکەیان لێ ئەستاند. پۆلێک کرێکار بۆیان چوون و بوو بە شەڕی شەمشێر و دار و بەرد. چۆنیاتۆڤ هاواری کرد:

ـ دەست لە شەڕ هەڵگرن!... پاشەکشێ بکەن!
بەڵام دەنگی هاواری چۆنیاتۆڤ لە ناو هەرای جەماوەر دا بە گوێی کەس نەگەیی. شەڕە دار و شێر، توند و خەست تر دەبوو. خۆپیشاندەران بۆ پچڕاندنی هێڵی گەمارۆ، بە پانەوە هێرشیان برد و شەڕیان کرد. هەر لە جەنگەی ئەو خەستە شەڕە دا بوو کە دەنگی زرمەی تەقینەوەیەک، دەنگی هەرای خەواندەوە. کرێکارێک بە لەز هاتە لای چۆنیاتۆڤ و گوتی :
ـ دەوری سەد کازاخ لە گوردانی"لابین"و چوارسەت چەکداریش لە گوردانی "سالییان"ەوە هاتوون و لە پشتی جەماوەرەوە هێرشیان هێناوە.
چۆنیاتۆڤ بە دەنگێکی بەرز ڕایگەیاند:
ـ هەرکەس بە گوێی یارانی دا بخوێنێ، کە پۆل پۆل و دەستە دەستە ، زۆر بە هێمنی و نەزمی شۆڕشگێرانە، گۆڕەپان چۆڵ بکەن و بەرەو شوێنی دیاریکراو بچن. دوازدە کەسمان زامدار هەنە، بریندارەکان لە مەیدان بەرنە دەر و ڕایان گوێزنە شوێنی بەلاوە.
ئەمجار ڕووی کردە ئەژدەر و گوتی:
ـ ئەژدەر، ئیڤان لە کوێیە؟... خێرا بڕۆ بیدۆزەوە با بڕۆین!
زۆری نەخایاند، شەقام و گۆڕەپان پەپووی تێدا خوێند و هەر تەنی هێزی چەکداری لێ جێ ما. هێزی گەل، لەوێوە بەرەو جەمسەری دوو شەقامی"تلێفۆننی" و "ستانسلایۆڤسکی" وەڕی کەوتن و لە وێندەرێ هەڵیان ئاییساندەوە. پۆلێکی زۆریش لە شەقامی"سۆراخانسکی"، تێکەڵی جەماعەتی"پاراپێت" بوون. ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێش، کە لە شەقامی"کاسپێسکی" ڕزگاییان هاتبوو، گەییشتنەوە پاراپێت و دروشمدان دەستی پێکردەوە. تێکەڵبوونەوەی و هەڵپشکووتنی جەماوەرێکی زۆر و دەنگی دروشمدانیان، شاری باکۆی لەرزاندەوە. ئابلۆقە و گەمارۆی پۆلیس و هێزی جاش و جەیشی حکومەت، لێرەوە برەوی نەما. کۆچە و کۆڵان و شەقامەکانی ئەو مەڵبەندە، جێی دەرزی هەڵاویشتنی نەبوو کە پۆلیس خان و لانی تێدا چێ بکات. دروشمی شۆڕشگێرانەی تێکڕایی جەماوەر هەتا بەرە بەرەی تاریک بوونی شێوانێکی درەنگ، دەنگی هات و لە دەنگ نەکەوت. ئەژدەر و هاوکارانیشی جێگا نەما بڵاقۆکی تێدا بڵاو نەکەنەوە. دار و دیواریان بە هەمە چەشنە ئافیش و پۆستەر و بەیاننامە خەملاند. لەم هاتن و چوونەش دا، ئەژدەر، بەو نیازە کە سولکەرە کوێرەی بەر کۆڵانی ماڵی ڤانۆ بدۆزێتەوە، ماڵی"نیکۆلای کازارینکۆڤ"ی زۆر بە وردی لە ژێر چاو دا ڕاگرت. بەڵام دیار بوو دوای وەشاندنی گورزی گرانی، شوێنێکی تریان بۆ دیاری کردووە. ئەژدەر خەریک بوو بەرەو شوێنی دیارکراو بڕوا، هەر ئەودەم خەبەر هات کە "نیکۆلای کازارینکۆڤ" لە میتینگەکەی"قاراشار" و لە گەرمەی وتادان، دەگیر پۆلیس کەوتووە و دەسبەسەر کراوە. ئەژدەر بە ناچاری بەرەو ماڵ بۆوە و شەو دەرنگانێک گەیشتەوە ماڵ.

ئەگەرچی مانگی مارس ئاخر ڕۆژەگانی تێپەڕ دەکرد، بەڵام هەوا گەرم و ئاسمان بێ هەور و هێڵ و بێ باران بوو. شەوەکە، ساوەشەوێکی مانگ بە ئاسمانەوە بوو. باوەشی ئاسمان پڕی هەسێرە بوو. مانگ بە تریفەی زیوینی، هەموو لایەکی ڕووناک کردبوو. شەو دەرنگ ببوو و ئەژدەر بۆ ئەوەی خەوی ڤەرا نەشێوێنێ، بەرەو گەڕەکی"داغلی" ڕۆیشت. کووچە و کۆڵان پەپووی تێدا دەخوێند. خەڵکی گەڕەک تێکڕا خەوتبوون و کەس بە دەرەوە دیار نەبوو. ئەژدەر گەیشتەوە نزیک ماڵەکەی، بەڵام هەرکە دیتی دەرگای حەوشەکەی بە هەر دووک تاکەکانییەوە ئاواڵەیە، سەبرێکی گرت و چاوێکی بە دوو بەری کۆڵانەکە دا گێڕا. هاتە حەوشە، بەڵام هەر کە دیتی دەرگای ژوورەکەیشی کراوەتەوە و ڕاخەر و پێخەفەکەی دادڕ دادڕ کراوە و کەلوپەلی ناوماڵەکەیشی بڵاوی ناو ماڵ کراون، زانی پۆلیس شوێنگەکەی دۆزیوەتەوە. خەریک بوو بچێتە ناو ژوور، بەڵام لە پەسیو درەختەکانی حەوشە، ڕەشاییەک دەرپەڕی و خۆی بە کۆڵان داکرد. ئەژدەر گورجێک بە لادیوارێک دا بەرەو سەربان هەڵکشا و لە بانیژەیەک دا خۆی خستە سەربانی دراوسێ و سەربان بە سەربان ڕۆییشت. دەنگی تەپە تەپی هاتن و چوونی چەند کەسان لەو دیوی ماڵانەوە بە گوێ دەگەییشت. ئەژدەر بە سەر دیوار و بان و بانیژەکاندا هەتا باریکە ڕێی"چەمبەکەندی" ڕۆییشت و لەوێوە بە دزەڕێیاندا بەرەو کۆنە گۆڕستانێک هەڵکشا. لە پەنای کێلێکی بەرزی گۆڕستانەکە ، تاوێک دانیشت و پشوویەکی دا.

ئەوا ماڵەکەی کەشف کرا و ڕێی گەڕەکی"داغلی"یش ماڵاوا! ئیتر گەڕانەوەی بۆ کۆنە یادگارەکەیشی لێ قەپات کرا. ماڵی"ماریا"ش لە ئەگەری هێرشی پۆلیس دابوو. "ڤەڕا"ش بێ جێگایە و هەر هەموویان پێ لە حەوا ماونەتەوە.

ئەژدەر لە تەنیشت گڵکۆکە دا ڕوو بە ئاسمان ڕازا و چاوی دە هەسێران بڕی. مانگ، گەلێک بە دڵاوایی و دڵ دەوڵەمەندی، تریفەی بە زەوی بەخشی بوو. شوێنی تاریک و بە تارما هەر ژێر دارە بووزەکانی سەر گۆڕستانەکە بوو. ئەژدەر لە ناو بێشکەی خەم و خەیاڵاتان دا ڕاژەی هات و خەو بردییەوە. لە خەویش دا هەر هەڵات هەڵات و هێرش بردن و گەڕانەوە و خۆ شاردنەوە بوو.

سروەی بەربەیان چاوی پێکردەوە و لە خەوی هەستاند. بۆرە سەرما بە سەر زەوی دا دەهات و دەچوو. مانگ نەما بوو. هەسێرەکان ڕۆییشتبوون و سپێنەی کازیوە جێگای گرتبوونەوە. ئەژدەر، کۆنە چاکەتەکەی لە خۆی هاڵاند و بە لاڕێیاندا گەیشتەوە "ئیچەری شاری" .

****

# 38

سەرجەم ڕۆژەکانی مانگی ژوئەن، ئەژدەر بە بەردەوامی و بەبێ ڕۆژ بوێر لە چاپخانە دا خەریکی کار و چالاکی بوو. نینا بۆ بەخێرهێنانی مانگی ژووئیە، لە تەدارەکی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تەواو تایبەت دابوو. بەیاننامە، ئاگاداری، شەونامە، تراکت، پەرتووک و هەرچی بۆ ئەو ڕۆژانە پێویست بوایە، چاپی دەکرد.

لە ئاخر و ئۆخری مانگی ژوئەن دا کۆبوونەوەی سەرتاسەریی هەموو بەشەکانی کۆمیتەی شاری باکۆ ڕاگەیەندرا. کۆبوونەوەکە، بە بەشداریی ئەندامانی سازمانکاری مانگرتنی تێکڕایی دەستی بەکار کرد. لەم کۆبوونەوەیە دا، ئەژدەر دەگەڵ گەلێک هەڤاڵانی پایەبەرزی کۆن و نوێ دیداریان تازە کردەوە. لە کۆبوونەوەکە دا کەسانی وەک: «ئیڤان فیۆلەتۆڤ»، «موقتەدیر عابیدین بەیکۆڤ»، «مەهمەت بەیکۆڤ»، «میربەشیر قاسیمۆڤ» و «واتسک» بەشدار بوون. ئەژدەر، لەو کۆبوونەوەیەدا وەک هاریکار، سازمان درابوو.

سەربری لیژنەکە، "پیوتر چۆنیاتۆڤ"بوو. چۆنیاتۆڤ، وەک زمانی حاڵی"یەکێتیی ڕێکخراوەی سۆسیال دێموکڕاتی کافکاز" قسەی کرد و ئەرکی پێویستی یەکا یەکی ئەندامانی بەڕیوەبەری دێموستاسیۆنەکانی دەستنیشان کرد. دوای ئەو،"بۆگدان کنونیانتس"، کێشەو پرۆبلێماتەکانی میتینگی پێشینی باس کرد و بۆ چارسەرکردنی کێشەکان، ڕێنمایی پێویستی خستە ڕۆژەڤی کۆمبوونەکە. سەرجەم گوتار و تێبینی و ڕێنماییەکان ئەوتۆیان دەردەخست، کە مانگی ژووئییە ئاوسی بەسەرهاتی گەلێ گەورە و گران دەبێ.

"نینا"، خوێنی شادەمارەکانی سەرجەم بزووتنەوەکە بوو. یەکدەم لە کار و چالاکی وەستابایە، شارەگ وشکاوی دەهات و کار و خەبات دەوەستا. نینا، گیانی

تەڤگەڕەکە بوو و خەباتکارانیش جەستەی ئەو ڕوحە بوون؛ بەبێ نینا، جەستە دەوەستا. نینا پێی نابوویە تەمەنی شکۆفایی و باڵی بەسەر هەموو لایەک دا کێشابوو. "چ کەردەن!"، بەرهەمی بەناوبانگی "ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین"ی لە باوەشی خۆی دا پەروەردە کرد و لە مانگی مارسی ساڵی 1902 دا بڵاوی کردەوە. پەرتووکی "چ کەردەن!"، لە ڕێبازی هەزارخانی شۆڕشی کرێکاری و بۆ دەمکوتکردنی هەلپەرستان، زانستی نوێی پێشکەشی شۆڕش کرد. کتێبی ناوبراو، ژینەوەیەکی نوێ بوو کە مێشکی تێکۆشەرانی پەروەردە دەکرد. زانستی تازەی کتێبی چ کەردەن، بە وێنەی چەکێکی جەرگبڕ کەوتە دەست ڕەنجبەرانی شۆڕشڤان و خاراوتر و بە ئەزموونتری کردن. بڵاوبوونەوەی کتێبی ناوبراو، ڕایگەیاند کە نینا لە قۆناخی دارە دارەی سەردەمی منداڵی دەرچووە.

کارگێڕان و پیت چێن و هەڵەگر و ڕاست و ریس کەرانی چاپخانەی نینا، سەرەڕای لە چاپدانی کتێب و بڵاڤۆکەکان، زۆر بە وردی پەڕ بە پەڕیان خوێندنەوە و هەڵەبڕیان کردن و ئینجا بڵاویان کردنەوە. چاپی کتێبی"چ کەردەن!"، لە میدای سەردەم دا وەک میداڵیایەکی شانازی لێهات و بە بەژنی "نینا" بڕا. بەڵام، ژیری و زانایی لێنین لە کتێبی"چ کەردەن! "دا، چەشنی ڕێناسێکی چرا بەدەستی لێهات کە ڕێبازی ڕەنجدەرانی بۆ سەرکەوتن ڕووناکتر دەکرد.

***

سارده شەوێکی مانگی مارس بوو. ئەگەرچی بەفر و سۆڵی زستان لەمێژ بوو هەڵگیرابۆوە و ئاسەواری بڕابوو، بەڵام شەپۆلە سەرمایەکی چاوەڕوان نەکراو گەڕابۆوە و دار و دەوەنی دە هەمێز گرتبوو. ژووری چاپخانە کەلێن بڕ، نمەدپێچ کرابوو. چرایەکی گردسۆز لە چەقی ژوورەکەدا، تەنیا کانگای گەرما و ڕووناکی بوو. لە ژورەکەدا،"پیۆتر"، "سیلۆستەر"، "بۆگدان کنونیانتس"، " ئەژدەر" و" ڤەڕا" لە لاشانی دەزگای چاپ ڕاوەستابوون. پیۆتر، کتێب بەدەستەوە گوتی:

ـ هاوڕێیان!... لە هەر هەنگاوێکی ڕێبازەکەمان دا دەیان گەزەندە و ئازاری تێدا خەوتووە و بەبێ ناسینی چەم و خەم ڕێگا، ڕێ بەدەیکردنی بەبێ مەترسی دەست نادا. جاری جاران ڕێبین و ڕێناسەکەمان هەر ئەو نەختە زانیارییە بوو کە لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژانەماندا، بە شێوەی تاقی کردنەوە و خەتا، دەستمان دەکەوت و پێی دڵشاد دەبووین. بەڵام سەردەمی ئێستاکەمان و لە دایکبوونی کتێبی چ کەردەن، ڕەوش و ڕەفتاری جارانی ئێمەی خستۆتە پەراوێزەوە و فێری قانونمەندیی زانستیانە بووین. ڕێبەر و ڕێزان و ڕێناسی هەنووکەییمان ئەو زانستە حەکیمانەیە، کە لە کتێبی چ کەردەن دا دەیخوێنینەوە. دەمەوێ بڵێم، ئەم کتێبە چرایەکە و لە تاریکایی ڕێبازی ئێمە دا هەڵکراوە؛ دەستمان دەگرێ و بە مێژوو دا دەمانگەڕێنێت و لە سیاسەت دا چاومان دەکاتەوە. پەردە لە سەر ڕواڵەتی دزێوی«ئیکۆنۆمیست»ەکان لادەدات و

دەرواى درۆيينيان دەپووكێنێتەوە. ئەو كتێبەى كە هەر ئێستا لە مستى من دايە، ڕێبەرايەتيى و حاكمييەتى چينى كرێكار لە بەشى بالآى سياسەتى ولآت دا، بە مافى ڕەواى كرێكار دەزانێت و بە ڕاشكاوى بە جيهانيان دەسەلمێنێ كە تەنيا پارتە ماركسيستەكانن كە بە ئايديۆلۆژيى ماركسيستى، ڕزگارى چينى كرێكاريان پێ مسۆگەر دەكرێت. ئيتر ساختەكارانى ناوەرۆك دەڵبى ئيكۆنۆميست، لە ڕێبازى كرێكاران دا دەبێ لاچن.

هاوڕێيان! لەمەودوا و هەر لەئێستاكەوە، ناوەرۆكى كتێبى چ كەردن. دەبێتە ئامۆژيارى خەباتمان. ڕەنجبەران دەبێ بە زانستى چارەنووس سازى ئەم كتێبە پەروەردە بكرێن.

****

هەر لەو ساردە شەوەى مانگى مارس، كە لە دەر و ژوورەوە گيانداری كەسيرە دەكرد، ئەژدەر و قەرا بوون بە كۆترانى خۆش خەبەر و پەيامى"چ كەردن"يان بۆ هەموو لايەک برد. هەموو كۆڕ و كۆمەڵى روناكبير، كرێكارانى پێشڕەو، سەرجەم خوێندكارانى شۆڕشگێر، وانە بە وانەى كتێبەكەيان خويندەوە و كتێب دەست بە دەست گەڕا. بڕەوى كتێبەكە بە چەشنێک زۆر بوو، كە تەنانەت ئەگەر نينا هەزار بەرگى ترى لە چاپ دابايە، هێشتا كەم دەهاتەوە.

ئيتر ئێستێ، جارى جاران نەماوە. لە هەر مانگرتن و ميتينگ و خۆپيشاندانێک دا، سەرەڕاى دەيان چەشنە بڵاقۆكى جۆراوجۆر، كتێبی"چ كەردن"يش دەكەوێتە دەستى خەڵک و دەخوێندرێتەوە.

***

ڕۆژى يەكەمى مانگى ژوييە، كرێكارانى كارگەكانى"خاتيسۆڤ" دەستيان لە كار كێشايەوە و مانگرتيان ڕاگەياند. ئەم خەبەرە لە شارى باكۆ دا دەنگى دايەوە. هەر دوا بە دواى كرێكارانى"خاتيسۆڤ" ، مەڵبەندى «بى بى هەيبەت»يش بزووت و دەرگاى كارگاكانى وێندەرێش قەپات كران.

ڕۆژى دووەمى ژانوييە، مانگرتن پێوە چوو. هەشت سەد كرێكار لە «قاراشار»، هەزار كرێكار لە مەڵبەندى «بى بى هەيبەت» و كرێكارانى كەرگەكانى نەوژەن كردنەوەى «لوكوموتيڤ»يش هەستان و مانيان گرت.

ڕۆژى سييەمى ژانوييە، كرێكاران و كارمەندانى ڕێگاى ئاسن، بە تێكڕايى هاتنە ناو بازنەى مانگرتن و بەرنامەكانى هاتوچۆى شەمەنەفەرەكانيش وەستان. هەزاران كرێكار و ڕەنجبەرى «قاراشار» ڕژانە شەقامەكان و لە گۆڕەپانەكان دا مانيان گرت.

لە ڕۆژى چوارەمى ژانوييەدا، تەواوى كرێكاران و كاردارانى كۆمپانياكان، شەريكە گەورە و بچووكەكانى بازەرگانى، كرێكارانى شەمەنەفەرە باركێشەكان، كرێكارانى

لەنگەرگەی گەمێوانی، کرێکارانی پۆستخانە، چاپخانە، رۆژنامە، تەلەیفون و تەلەگراف و هەرچی کرێکار بوو، مانی گرت و کار و ژیان لە باکۆ دا ڕاوەستا.

زێدە لە چل هەزار کرێکاری باکۆیی، یەکدەنگ و یەکڕەنگ، دەستی وەبەرهێنانی بەرهەمیان لە ژێر باخەڵ دا ڕاگرت و کار و چالاکیی شاریان وەستاند.

«نینا»، یەکەمین بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کرێکارانی باکۆی بڵاو کردەوە. لە بەیاننامەکە دا هاتبوو «... هاوڕێیانی کرێکار! بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە، پردێکی بە مەتمانەیە و کاروانی سەرکەوتنی بەسەر دا تێدەپەڕێت. بەرهەمی ئەم تێکۆشان و خەباتەی ئێوەیە دەبێتە ئاسایش و خۆشگوزەرانیی چینی کرێکار لە هەموو دنیا دا. هەر بەم هۆیەش، دەبێ بە چاوکراوەیی و دڵ دەریاییمان لە دەرد و ژانی یەکتر ئاگادار بین. ئەو کرێکارەی کە لە بەندی ڕەشی ستەمکاران دایە، ماڵ و منداڵ و ماڵباتەکەیان چاو لە دەستی پڕ کەڕامەتی ئێوەن. مەهێڵن منداڵی یارانتان هەست بە کەساسی و پەرێشانی بکەن. بۆ لە ژێر باڵ گرتنی یادگاری یارانتان تێبکۆشن و مەهێڵن باری ژیانیان بە لارێ دابکەوێت و چاو لەدەستی ئەم و ئەوانێک بن... ڕێگای خەباتمان هەر چی سەخت و ناهەموار بێ، دڵنیا بن تێیدا سەردەکەوین... بۆ پێشەوە بەرەو تێکۆشانی هەتا سەرکەوتن!».

لە شاری باکۆی قارەمانەوە، مەشغەڵی ئاگری سەرهەڵدان بەرەو باکووری ڕووسیە ڕۆییشت و بەرەو بەرە بە هەموو وڵات دا بڵاو بۆوە. هەروا دەڕۆییشت و بەرامەی سەرکەوتن دەگەڵ شنەی بەهاران بۆنی دەهات.

هەواڵی تەڤگەڕی سەرتانسەریی ڕوسییە بە وڵاتانی دوور و نزیکیش دا بڵاو بۆوە. ڤلادیمیر لێنین، بە ڕێزەوە سەیری ڕەوتی خێرای شۆڕشی دەکرد و لە ڕۆژنامەی «ئیسکرا»دا بابەتی پڕ لە ئەزموونی بۆ نووسی.

لە شاری باکۆ دا، هیچ کۆمپانیا و شەریکە و کارگە و کانگە و فابریکاتێک بەدی نەدەکرا کە دەرگای قەپات نەکرابێ. لە بەرامبەر ئەم گورزە جگەربڕەی کرێکاری دا، ڕژێمی تزاری شێت و هار بوو. بە هەموو هێزی ئاسایش و چەکداری نیزامی و ملیشیاکانی کازاک و دەزگای پەراستن و پۆلیسەوە ڕژانە ناو شار. ڕەشبگیری و ڕاونان و گەمارۆ و ڕفاندن دەستی پێکرد. پۆلیسی نهێنیی «پیترزبۆرگ» و تفلیس و باکۆ خمیان لێ شیوا. ژانەڕاڵ«ئۆدینتسۆڤ»،«پاروشین»، «عەلیخانۆڤ»، «پلەوە»ی وەزیری کاروباری ناخۆی ئیمپراتوری، ژەنەڕاڵ«لیتانت ڤۆن باڵ»، ژەنەڕاڵ«لیتنانت فرزە» ، بەتێکڕایان هاتبوونە سەر ئەم شینگایە و بۆ ڕێچارە ملی یەکتریان ورد دەکرد.

لە دانیشتن و پێداچوونەوە و داودۆزینەوەیان دا، تەنیا یەک ڕێگایان دۆزییەوە؛ ئەویش گرتن و لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی سەرکردە و بگێڕە سەرەکییەکانیان و دوایەش هەڵداشتنیان بۆ شوێنە کەس نەدیوەکان. بۆ ئەم کارەش، هەموو هێزەکانیان خستە گەڕ، تەنانەت شۆڤێنیستەکان و لات و چەقۆکێش و هەرزە پیاوانی بێ شەرم و شکواشیان بەتاقی کردنەوە. ئەوان ئەمانەیان دەکار کرد، بەڵام مانگرتن و چالاکی

بلاڤۆکی نینا نوونی تێنەکەوت. ویست و داخوازی کرێکاری گەیشتە ڕادەیەک، کە باسی وەرگرتنی دەسەلاتی حکومەتداریشی بە ڕوون و ڕاشکاوی تێدا کرا. هەموو تۆپ و تفەنگ و بەند و زیندانەکانی ڕژێم، لە هەمبەر چینی هەژاری کرێکار دا دەستەوەستان مایەوە. لەم هەلەدا، ڕژێمی تزاری بۆ خاشەبڕکردن و هەڵوەشاندنی هێزی یەکگرتووی کرێکاران، بە ناردنی تاقمی «شەنتۆکۆڤ»ی و «زۆباتۆڤ» و مەلای مەندیل بەسەر و کۆنەپەرست و ڕەگەزپەستەکان، ئاخر تۆپی تەقاندەوە و چاوەڕوانی ئاکامی کار ڕاوەستا.

***

ئەو ڕۆژە، ئەژدەر و چۆنیاتۆڤ لەبەری بەیانەوە بەبێ وەستان، لە چەند میتینگ و کۆبوونەوەی کرێکاری دا شان بە شانی یەک هاتن و ڕوو بە جەماوەری ڕاپەریو قسەیان کرد. هەر ئەو ڕۆژە، لە مەڵبەندی «یەسەماڵ ئاڵتی»دا بریار بوو بە بەشداریی هەزاران کرێکار و ڕەنجدەری باکۆیی کۆبوونەوە و مانگرتن و پلان و بەرنامەیەک بەڕێوە بچێت، کە جوابگۆیەکی توندی بێ ئەملا و ئەولا بێ بۆ خاون سامان و ڕژێمی پشتیوانیان. ئەژدەر و چۆنیاتۆڤ بەرەو شوێنی ناوبراو بەڕیوەن.

ئەژدەر و چۆنیاتۆڤ گەیشتنە شوێنی دیاریکراو. بە دیوار و بەردەرگای هەر هەموو کانگە و کانگەکانەوە دەیان ئافیش و پلاکاردی جۆراوجۆر هەڵواسرا بوو. لە سەر سینگی پلاکاردێکی زۆر گەورە، نووسرابوو:

[ هاوڕێیان! ئەمڕۆ، ڕۆژی شەشەمی ژوییە کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ، مەڵبەندی «یەسەماڵ ئاڵتی» بەخێرهاتنتان دەکات. کۆمیتەی "یەسەماڵ ئاڵتی" داواتان لێدەکات لەم گردو کۆبوونەیەدا بە بەشداری ڕێکوپێکتان هاوکار و یاریکاری بەرنامەکەتان بن].

ئەژدەر و چۆنیاتۆڤ بەبینی ئەم نەزم و دیسیپلینە، پشت ئەستوورتر لە هەمیشە، بە سەر باشداریکەران دا ڕوانییان. زێدە لە شەش هەزار کرێکاری هەموو مەڵبەندەکان لەم کۆبوونەوەیەدا برشدار بوون. ڕەوەزە بەردی داوێن گردەکە ئالایاکی زێدە بەرین و درێژی بە سەر دا هەڵکێشرا بوو. ئالای سوور، بەشێکی هەرە زۆری داوێنی گردەکەی داپۆشیبوو. رستەی بەناوبانگی : «کرێکارانی جیهان یەکگرن!» بە دوو زمانی رووسی و ئازەری، لە ڕیگایەکی دوورەوە دەخوێندرایەوە. ئەندامانی کۆمیتەی مانگرتنیش لەوێ بوون. «فیۆلتۆڤ»، «واتسک»، «میربەشیر»، «حەمەیارۆڤ»، «ئایدین بیکۆڤ» ، « مەلیک» و «یەلینا» ، ئەوان بە ناو جەماوەر دا دەگەڕان و لە هەندە شوێنێکدا دەگەڵ پۆلی کرێکاران سەرگەرمی وتووێژ بوون. نزیک بە کاتژمێرێکی مابوو بەرنامەی دیاریکراو دەست پێ بکات. کارگێڕان و بەرپرسانی کۆمیتەکە، چاوەڕوانی هاتن و بەشداریکردنی زێدە لە پانزدە بیست هەزار کەسی تر بوون، بەلام

وەک تەگەرەیەک هاتبێتە سەر ڕێگا، جگە لەو برە کرێکارەی کە زۆربەیان کرێکارانی یەسەمەڵ ئالْتی بوون، کەسی تر دیار نەبوون.
بوگدان رووی کردە هاوڕێیان و گوتی:
ـ زۆر سەیرە!... بە پێی بەرنامەکەمان، دەبوایە زیاتر لە بیست هەزار کەس لێرەدا کۆببنەوە، بەڵام... لەوانەیە شوێنێکی باشمان بۆ ئەم میتینگە هەڵنەبژاردبێت... من تاک کرێکارێکی مەڵبەندەکانی «بالاخانی» و «سابوونچی» لێرە دا نابینم... بڵێی ئەم مەڵبەندەیان پێ دوور نەبووبێ؟!... لە مەڵبەندی کێوی «ڕازین» دا کۆبوونەوەیەکی گشتیمان هەیە و کرێکارانی وێندەرێش دوای کۆتایی کار، دەبوایە بەرەو ئێرە بێن... هەر لەم دەمەدا، دەنگی سمکوتی ئەسپ و هەو هەوی سوارانیان بە گوێ گەییشت. لە بەرەوەی حەشیمەتەوە هاراو هەستا :
ـ ئامادە بن!... ملیشیا کازخەکان گەیشتنێ...
چۆنیاتۆڤ گوتی: هەوالان با دەست پێبکەین!ـ ئەمەی گوت و بۆ وتاردان، خێرا بەرەو سەر سەکۆیەک چوو، کە پێشەکی ئامادە کرابوو.
ـ هاوڕێیان! لە ئاگادارییەکی کە نینا بڵاوی کردۆتەوە و بە ئێوەیش گەیشتووە، ئەم پرسیارە بەرەو ڕووی ئێوە دا کراوەتەوە کە "مانگرتن لە پێناو چی دایە و کرێکار بۆچی مان دەگرێت؟... ئەمە پرسیارێکە و وەرامەکەی لە جانتای چارەنووسی کرێکار دایە. مانگرتنێکی کە لە «قاراشار» و «بی بی هەیبەت» بەڕێوە چوون، بە هیمەتی کرێکارانی پیشەسازی نەوت، بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیشت. لێرەش، ئێمە قەراری یەکگرتنەوەی گشتیمان دابوو، بەڵام وەکی هەموومان دەزانین، نەیارانی ئێمە دەیان چەشنە کۆسپ و ئاستەنگیان لە بەر پێ داناوین. ئەمە سروشتییە و هیچ هەنگاوێکی شۆڕشگێرانە لەم وڵاتەدا بەبێ چەپۆکی داپڵۆسێنەران وەگەڕ نەکەوتووە، بەڵام ئەوە ئێمە و خواستە ڕەواکانی ئێمەیە کە دەستی هەر خاوەن دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ دەشکێنێ... هاوڕێیان هەر ئێستاکەش لە هەمبەر هێرشی دوژمن ڕادەوەستین ... یەکگرتوویيمان ڕێگای سەرکەوتنمان بۆ دەکاتەوە.

میتینگی شەش هەزار کەسی لە هەر چوار کەنارانەوە هێرشی کەوتبوویە سەر. کازاخی شمشێر بەدەست هێرشیان هێنا و کرێکار بە پانەوە بۆیان چوون و ڕایان ماڵین.
چۆنیاتۆڤ رووی کردە ئەژدەر و گوتی:
ـ سەیر کە ئەژدەر! بڕوانە کە هەر چوار بەرمان هێزی دوژمن دەوری داوین، بەڵام هەر ئەوەندە ورە داتەپیون، کە وەک جاران جەرگی هێرشیان نییە... ئەمە نیشان دەدات کە ئەو هومێدە پتەوەیان بە ڕژێم نەماوە... ئەوان لە ناو ئەم حەشیمەتە هەزار بە هەزارە دا بە شوێن ئەژدەر و ئەژدەرەکان دا دەگەڕێن... ئەژدەر دەبێ وریای هەموولایەک بین و نابێ نۆکەران ڕژێم دەستیان پێمان ڕابگات. هەلەکەی

ناسکە و هەر کامێکمان دەگیر بکەوین، ئەوان هەنگاوێک دێنەپێش. تۆ لە سەکۆی ئاخافتن نزیک بەوە و دوای هاوڕێیان، تۆ بۆ گەلی ئازەری قسە بکە. ئەوە من بۆلای هاوڕێیان دەچم و تۆیش بەرەو شوێنی خۆت بڕۆ!

سەرسەکۆی وتاربێژان لە بڕەو نەدەکەوت. یەک وتاری دەدا و ئەوی تر جێگای پڕ دەکردەوە. دوای گوتاری چەند هاوڕێ، ئەژدەر وەسەر کەوت و ڕوو بە یارانی ئازەری ڕاوەستا و ئەوەیکە ئەندامانی کۆمیتەی بەرپرس بە زمانی ڕووسی گوتبوویان، ئەژدەر بە زمانی ئازەری بۆی گوتنەوە. لەدەمی وەرگێڕانەوەی ئاخەفتنی هاوڕێیان دا، چەند کرێکاری بەساڵاچوو، کە لە بەر دەمی ئەژدەر دا ڕاوەستابوون، بەچەشنێک گەشابوونەوە کە چەشنی گەڕەلاوژە، خۆیان دەخستە ناو قسەی ئەژدەر و بۆیان دەگێرایەوە.

ـ ئەوەی تۆ دەیڵێی ئەرژدەر، سەربەسەر ڕاستە و باوەڕم پێیەتی!

ـ ئەوەی تۆ باسی دەکەی ئەژدەر، لەمێژە دە دڵی من دایە، بەڵام قەت بۆم نەهاتۆتە سەر زمان... تۆ زمانی منی ئەژدەر!

ـ وەی سەد بریا منیش هاوتەمەنی تۆ بوایەم ئەژدەر... خۆزگە چەشنی تۆ ڕاهاتبایەم!

ـ وەرە سەیرانێکی دڵی من بکە ئەژدەر... گوێ بگرە بزانە خورپەی دڵی من چی دەبێژێت... تۆ چێ دەبێژی، دڵی منیش هەر ئەو...

ـ هەی ئەو کەسە نەمرێ کە ئەم گشتە زانستەی دە مێشکی تۆ کردووە ئەژدەر!

دروشم بە دوای دروشم دا دەیان گوت و دەیانگوتەوە و بەنیاز بوون ئەژدەر لە سەر دەستان بگێرن، بەڵام ئەژدەر لە لەیان هەواڵانەوە بانگ کرا.

چۆنیاتۆڤ تێکەڵ بە پۆلێک بوو، کە لە داوێنی گردەکە دا کۆ ببوونەوە. ئەژدەریش دوای چەندێک بە کوێرەڕێی شانی چەپی گردەکە دا هەوراز هەلکشا. کازاخەکان بەبێ هیچ چەشنە بەرەنگاربوونەوەیەک، لە خوار ڕەوەزە بەردەکانەوە چاوەڕانی کۆتایی کۆبوونەکە راوەستا بوون.

چەند هەنگاوێ خوارووتری حەشیمەت، مەلایەکی عەبا لەبەر، کۆمەڵە خەڵکێکی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و خەریکی گوتن بوو:

ـ خەلکینە! وەرن وەگەڕێن. دەست لە دین و ئایینەکەتان بەر مەدەن. گوێ لە قسەی ئەم بێ مەسلەکانە مەدێرن... قسە و قەولی ئەمانە دژی دینە و لە دینتان وەردەگێڕن. ئەمانە لە دین وەرگەڕاوانن و جێگایان دۆزوخە... ئێوە مەچن بەلایانەوە و ...

ئەژدەر ، کە بە لاشانیان دا تێدەپەڕی، بە بیستنی دەنگی مەلا، بۆی ڕاوەستا و لێی نزیک بۆوە. ئەژدەر کڵاوەکەی هەتا سەر برۆکانی داکێشابوو. مەلا بە دیتنی ئەژدەر سامی ڕێکەوت و قسەی بڕی. ئەژدەر پێی گوت:

ـ تۆ لێرە چی دەکەی مەلا؟... جێگای تۆ مزگەوت و میحرابی مزگەوتە... تۆ لەم کافرستانە دا جێگات لێژە و کەس وەخۆت ناگرێ... واباشە تۆ گوێت لە قسەی ئەم بێدین و بێ مەسلەکانە ڕانەگری کە تووشی دۆزەخی ئەولا ببیت.

مەلا قسەی «ئەژدەر»ی پێچەوانە لێکدایەوە و پێی وابوو ئەویش هاوبیرێتی و ئایینداره. دەستێکی بە چەند چلە مووی ڕیشی داهێنا و بەدەم ورتەی ژێرلێوانییەوە، ڕوو بە کۆمەڵە کەسانی دەور و بەر، گوتی:

ـ ئاگاتان لێیە ئەم گەنجە دینداره‌ش قسەکانی من دووپات دەکاتەوە... وەرن وەگەڕێن برادەرینە... وەگەڕێن چاوەکانم.

چەند پۆلیسێک بە کوێرە ڕیگاکە دا هاتنە خوار و هەتا نزیک بە مەلا هاتن و لەوێ ڕاوەستان. مەلا بە پیلیانەوە چوو و زۆر بە شانازییەوە گوتی:

ـ سەیرکەن برادەرینە!... من ئەم پۆلە پیاوخاسانەم لە چنگ ئەو بێدینانە ئەستاندۆتەوە. من ڕێگای دینم نیشان داون و هەر ئێستاش بەرەو ماڵ دەچنەوە.

یەکێک لە پۆلیسەکان لە وەڵامدا گوتی:

ـ ئەی بژی مەلا هەباس!... وا دیارە ئەمڕۆ گەلێکت خۆ ماندوو کردووە... ئافەرین مەلا!

مەلا هەباس بە ڕووسی قسەی دەکرد و پێی وابوو «ئەژدەر»یش وەکی ئازەرییەکانی تر شارەزای زمانی ڕوسی نییە. مەلا گوتی:

ـ ئەرکی سەرشانمانە و دەبێ دەست ڕانەگرین... بەڵام تکایە لە ڕاپۆرتەکەتان دا ناوی منیش بنووسن، کە جەنابی فەرماندار بزانێ مەلا هەباس چەندە چالاکە!

ئەو ڕۆژە، سەرتاسەری رۆژ، ژەنەڕاڵ «ئۆدینتسۆڤ» دەگەڵ دوو نیزامی، شەقام بە شەقام بە شار دا گەڕا. شەو بە کاتی گەڕانەوەی بۆ نووسینگەی کارەکەی، هەرچی کاربەدەستی ژێر فەرمانی بوو، دەنگی دان و لە تالاری مەزن دا کۆی کردنەوە. لە یەکەم گوتنی دا تووڕەیی و ڕەخنەی پێکەوە پێچایەوە و بە سەری دا ڕشتن:

ـ ئەوەی کە من بە دوو چاوی سەر بینیم، ئەوە مانگرتن نەبوو؛ سەرهەڵدان و شۆڕش و هێرش بوو بینیم. لەم شارە دا هیچ کارگە و کانگا و فابریک و سەرچاوەیەکی ڕەنێوهێنان ئیش ناکات و دەرگای گشتیان قفڵ و قەپات کراوە. کرێکار ڕژاونەتە شەقامان و لە گۆڕەپانە مەزنەکان دا میتینگی هەزارانی ڕیک دەخەن و بە سەرکەوتووییش دەست هەڵدەگرن و دەگەڕێنەوە ماڵ. دەنگی دروشمیان گیانی پیاوی نیشتمان پەرست دەتاسێنێ. ئەوان یەک بە شەقام دەنگ هەڵدەبڕن و نەمانی خاوەن شکۆ تزار و دامودەزگاکەی دەخوازن. ئەوان بەمجۆرەی پیهەڵادەچن، زۆری نەماوە سەرکەون و ئێمە داکەوین... گرتن و زیندانی کردن و ئازاردان بەکار نایە! ئەوەندەی من بزانم، هیچ بەندیخانەیەک جێگای دەرزی هەڵاویشتنی نەماو کە دەنکێکی تری تێ بخزێنن... ئەوەی هەتا ئێستا ئێمە کردوومانە، کەڵک و کاری نەماوە و دەبێ شیوەکارمان بگۆڕین... دەبێ خوێن بڕژێنین... خوێن!

«لی لی یۆڤ» دەستێکی بەرەو نێوچاوانی برد و پەنجەی خستە سەر شوێنی ئەو ڕووشاوە سارێژبووەی کە وا لە کارەساتی مانگی مارس دا بەری کەوتبوو. «لی لی یۆڤ» پیی وابوو زامی نێوچاوانی ئەو، میدالیایەکی شانازییە و لە ڕێی خەباتی دژ بە ناحەزان دا پێی براو.

ژەنەڕاڵ «ئۆدینتسۆڤ» درێژەی پێدا:

ـ هەر لە سبەی بەیانی ڕا، لە هیچ شوێنێک دەرفەتی ڕاوەستان و لێکهاڵان و کۆبوونەوە بە هیچ دوو کەس و سێ کەسێک مەدەن. بەیاننامە بڵاو بکەنەوە و بە خەڵک ڕابگەیەنن با بە گوێی هەموو کەس ڕابگاتەوە، کە خاوەن کارەکان ئامادەی بیستنی دەرد و مەراقی کرێکارانن؛ بە کرێکاران ڕابگەیەنن کە بۆ هەر کرێکارێک پێناسەی کار سازدەکرێت، لە کارگە و کانگاکان دا ئاودەست و شۆرکەی دەست و پەڵ شوردن ساز دەکرێت، سۆغرەکاری و کاری بێ مزە و ماف هەڵدەگیرێت... ئەمە ڕابگەیەنن، بەڵام تفەنگ و فیشەک و شمشێرەکانیشتان ئامادە بێ بۆیان. هەر دوای کۆتایی ئەم دانیشتنەمان، بەرنامەی کارمان دەست پێدەکەین... خوێن بە ئاو شوردنەوە بەهای نییە؛ خوێن بە خوێن دەشۆرێتەوە... بە خوێن!.. خوێن بە خوێن!

****

# 39

شەوێکی جوانی مانگی ژوئەنە. مانگ بە ڕەوتێکی هێور لە سەرانسوێی بەحراوان سەری هێناوەتە دەر. مانگی شەوی چاردە، هەر دەڵێی ڕوخساری کیژێکی دڵتەڕە و بۆ ڕوانینی وردە شەپۆڵی سەر سنگی دەریا، سەری لار کردۆتەوە و گەرمی ڕوانینە. تریفەی زەردی زێڕینی مانگ، دەڵێی کەزیٚ و پرچی خاوی کیژی ئاسمانە و بە سەر سنگی دەریا دا ڕژاوە. خێڵی هەسێران چەشنی وردە فانۆسی دەوارنشینانی بیابانی ئەوسەر نادیارن و پێکەوە چاوبڕکێیانە.

ئەژدەر و «ڤەڕا»ش دەست لە ناو دەست، بە جووت چاویان بڕیوەتە دیمەنی جوانی سروشت و مەستی ڕوانینن. لە هیچ لایەکەوە دەنگێک نابیسریٚ، ماڵەکان بیٚ هەستن، شەقامەکان بیٚ هاموشۆکەرن و هەموو لایەک مات و بێدەنگە. شار، وەک کوێرەکانی لە زنە کەوتووو و تەڕایی پێوە دیار نییە. ئەوان بە شەقامە تەسکە و بێدەنگەکان دا بەرەو ڕوخی زریٚ بەڕێوەن. دێن و دێن و، هەتا سەر لێوی زریٚ ڕاناوەستن. لە شوێنێکی نەدیو، لە سەر تەقتەقە بەردێک دادەنیشن و سەیری نەرمە قەڵبەزەی شەپۆل و گویٚ لە مڵچە مڵچی ئاوی ناو گاشە بەردان دەگرن. بەڵێن بوو هەر لە ڕۆژ دا سەرێک لەماڵ هەڵبێننەوە و شەوانەش، هەر شەوێک لە شوێنێک دا سەربکەنەوە. ئیتر ماڵەکان جێی مەتمانە نەماون. شەوانە، ڕەشانگی بە جموجۆڵیان بە سەربان و بەر دەرگا دا دێت و لە کۆڵانەکانیش دا دەنگی پێکوتە و فیکە فیکیان لیٚ دەبیستریٚ. تاکێکی بەکار و چالاک لە هەر شوێنێکدا بەدی بکرێت، خێرا ڕەپێچەک دەدرێت و چەشنی بەردی ژێر گۆماوان شوێن بزر دەکریت.

«ڤەڕا» سەری خستبوە سەر شانی ئەژدەر. شنەی شەوی دەریا، کەزیٚ و پرچی «ڤەڕا»ی هەڵدەگرت و بە لاچاوی «ئەژدەر»ی دادەماشت. هەردووکیان بە دەم بێدەنگن ، بەڵام دەروونیان پڕی هاوارە. شوێنێکی ئەمن و ئەهوەن نییە لەو شارەدا کە تاوێکی چاوێکی تێدا گەرم کەن و تۆزیٚ تێدا بحەسێنەوە. هەر هەمووی دڵە خورپەیە و هەڵات هەڵات و خۆ شاردنەوەیە ؛ ئەمەیە ژیانی تافی لاوێنیی ئەم دووە و هەزارانی تریش.

ـ ڤەڕا گیان !
ـ گیان؟
ـ بۆ کازیوە ئەنگوتن، کاتژمێرێکی ماوە. کەمێک ڕووناکتر ببێ دەچینەوە ماڵ و سەرێک لە دایکت هەڵدێنینەوە. دەزانم پوورە ماریا گەلێک خەمبارە و هەموو خەمەکانیشی، خەمی ئێمەیە... دەزانم خەو بە چاوی دانایە...
ـ خەو، کە هیچ... لە خەو گەڕێ! بە گیرانی میرزاحسێن، خەمی گوڵاراخانم و "ئامینە"شی بۆ زیاد بووە. چەند شەو پێشتر ئەتۆ لە چاپخانە مابوویەوە و من بەلای دایە خەوتبووم؛ هەتا لە خەو ڕادەپەڕیم و چاوم دەکردەوە، دایەم دەبینی دانیشتووە و بە حەوشە دا دەڕوانێ. بەدایم دڵی دە مستی دایە؛ بۆ من، بۆ تۆ ، بۆ گوڵارا و ئامینە و بۆ هەموو کەسان؛ بەڵام لە هەموو کەس زیاتر، بۆ ئەژدەر نیگەرانە...
ئەژدەر لە ناخی دڵەوە بەم قسەیە گەشایەوە. دەستەکانی "ڤەڕا"ی لە ناو پەنجە دا گوشین.
ـ دایکم ئەتۆی لە من پتر خۆش دەوێ!
ـ ئەدی ئەتۆ چی "ڤەڕا" گیان ... تۆیش ئەمنت ئەوەندە خۆش دەوێ؟
"ڤەڕا" بە بێ دەنگی چاوەکانی دە چاوی ئەژدەر بڕین. ئەژدەر باوەشی بۆ کردەوە و خۆشویستانە بە سنگەوەی گوشی.
ـ "ڤەڕا" گیان، دەبێ کەی و کەنگێ بۆ یەکتر ببین... تۆ بڵێی زەماوەندی خۆمان ببینین؟
دەست لەملان و لە باوەشی یەکتر دا چەشنی پشکۆی ئاگر گەرم دەئاییسان. ئەژدەر بە گوێی دا چرپاند:
ـ بۆچی بێ وەرامت هێشتمەوە... زەماوەندەکەمان کەنگێ سەر دەگرێ؟
ـ هەر دەمێک تۆ بخوازی خۆشەویست!
ـ مانگی ئووت... هەر مانگێکی تر. شوێنێک دەدۆزینەوە و خۆمان و پوورە ماریاش ڕادەگوازین و پێکەوە دەژین. ماڵەکەی غوڵام تاریک و شێدارە و بۆ پوورەماریا باش نییە.
ـ ئەدی ئەکبەر؟... خۆ ناکرێ ئەو بە تەنیا جێ بهێڵین. ئەکبەر وەک کوڕی دووەمی دایکمی لێهاتووە و بە بێ ئەو هەڵناکات.
ـ ئەویش دەگەڵ خۆمان دەبەین. ماڵێکی چەند ژووری دەگرین و وەک بنەماڵەیەکی گەورە، پێکەوە دەژین... ئاخر لەوانەیە ماڵباتەکەمان هەر ئەوەندە نەمێنێت؛ دەبێ بیر لە جووجەڵەکانیشمان بکەینەوە ئازیز گیان!
"ڤەڕا" پێکەنی. ئەژدەر پەنجەی بە ناو پرچەکانی داهێنا و گوتی:
ـ بۆ پێدەکەنی ئازیز گیان؟... مەگەر تۆیش چاوەڕێی کۆرپەیەکی وەک خۆت جوان نیت؟... تۆیش ئەو داهاتوویە نابینی کە کۆرپەی من و تۆ دەباوەشی پوورە ماریا دا هاشکەی ساوایی بکات و قریوە و پێکەنینەکەی بە ماڵەکەمان دا بگەڕێت؟

زەردەیەکی کاڵ لە سەر لێوەکانی "ڤەڕا"دا نەخشێکی دڵ ئەنگێویان دانا. سەری "ڤەڕا" لە سەر سینەی ئەژدەر، پەنجەی ئەژدەر لە ناو قژی "ڤەڕا"، چاویان لە کۆچی هەسێران دەکرد و کازیوەی بەربەیان خەبەری ڕۆژێکی نوێی پێدەدان. پێکەوە هەستان و دەست لە ناو دەست، بەرەو ماڵی غولام کەوتنە ڕێ.

گەیشتنەوە ماڵ. سەماوەر بە قوڵتە قوڵت خەریکی کوڵین بوو. سوێنەیەکی پڕی جلکی شۆڕاو لە بەر پەنجەرە داندرا بوو. ماریا، بۆ ڕاگرتنی لەنگەری بەڕێچوون، جلکی ماڵانی دەشورد و پارەیەکی لێ وەگیر دەخست.

هەر سێکیان لە دەوری مێزی چایی خواردنەوە دانیشتن. ئەژدەر پرسی:

ـ پوورە گیان، ئەدی ئەکبەر لە کوێیە؟

ـ چەند ڕۆژێک بوو لێمان ون بوو. منیش گەلێکی بۆ نیگەران بووم، بەڵام باش بوو دوێشەو خەبەریان بۆ هێنام دەگەڵ مانگرتووان کەوتووە و ئەویش مانی گرتووە... گیا لە سەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە... ڕێگای باوکی گرتووە و دەگەڵ هەڤاڵانی غولام دێت و دەچێت... لێی دڵنیام، کوڕێکی لە ڕادەبەدەر بە فام و مشوورە و جێی مەتمانەیە.

ڤەڕا و دایکی لە پشت مێزی چایی هەستان و ئەژدەر بە دەم چایی خواردنەوە، سەیری وێنەی لە تابڵۆگیراوی پوورە ماریا و "ئیڤان نیکۆلایوڤیچ" دەکرد. وێنەی سەردەمی تازەبووکێنیی پوورە ماریا، دەتگوت "ڤەڕا"یە و لە تەنیشت باوکی دا ڕاوەستاوە. پوورە "ماریا"ی ئەودەم و ئەمەی ئێستاکە!... داخوا ئەودەمە چیهای هیوا دە دڵ دابووبێت؟ بەڵام هیوای نەوبووکێی پوورە "ماریا"ش وەکی هەموو نەوبووکەکانی چینی ژێرستەم بە با چووە. خۆزگە بەودەم !... هیچ نەبێ ئەودەم دەگەڵ ئیڤان، ژن و مێردێکی تەبا بوون و لە خۆشی و ناخۆشی یەکتر دا شەریک و هاوبەش بوون. بەڵام ئێستاکێ پیر و کز و لاوازە و، بە هەناسەساردی ڕۆژ بە شەو دەگەیەنێت... ئەم هەناسەساردییە کەی دوایی دێت؟ کەنگی ئەم دەور و دووکانە هەڵدەتەکێ و بە ئەنوایەک دەگەن؟

ئەژدەر گیرۆدەی ئەم بیر و خەیاڵاتە، ڤەڕا و دایکیشی هەر یەک بەرەو لایەکی بیابانی بیرکردنەوە ڕۆیشتبوون. ئەژدەر ڕووی کردە ڤەڕا و گوتی:

ـ "ڤەڕا"گیان با هەستین و بە شوێن کەرەکانمان دا بچین.

"ڤەڕا" هەستا و بە جووتە دەستەملانی ماریا بوون و دوای باوەش و ماچ، لێک هەڵبڕان. ئەژدەر کۆنە جانتا چەرمینەکەی بە لاشان داکرد و لە ماڵ هاتنە دەر. جانتاکەی ئەژدەر پڕی بەرهەمی نینا بوو. لە زارکی جانتاکەیشیەوە، چەکوش و ڕەندە و برغووی دارتاشی ملیان دەرخستبوو؛ دەتگوت وەستای دارتاشە و بۆ سەر کار دەچێت. "ڤەڕا"ش زەمبلۆکەیەکی پڕی چەند جۆرە شینکە بە دەستەوە بوو، کە ژێر پنجارەکە دا، بەرهەمی "نینا"ی تێدا خەواندبوو.

ماریا هەتا بەردەرگا بە شوێنیان دا چوو. لە بەردەرگا هەر دووکیانی گرتە هەمێز و گوتی:

ـ به كامەرانيتان دەسپێرم... وەريا خۆتان بن به قوربان!... ئەگەر له دەستتان هات، شەويش بێ و درەنگيش بێ، سەرێکم لێ هەڵێننەوە... چێشت ساز دەکەم و پێم خۆشه پێکەوه بين... بڕۆن... به سڵامەتی و سەرکەوتن دابکەون!

هاتنه دەر، يەکيان بۆ ڕاست و ئەوی تريان بەرەوه چەپ ڕۆييشت. ئەژدەر گەيشته کارگاکانی "خاتيسۆڤ". کرێکارانی مەڵبەندی"زاواغزال" به تێکڕايی لەوێ کۆ ببوونەوه. ئەژدەر به پەنای کارخانه دا وەرسووڕايەوه و ڕووی کرده گۆڕەپانەکەی پشتی کارگاکان. پۆلێک کرێکار له دەوری بەياننامەيەک ڕاوستابوو. ئەو بەياننامەيه به دەستی "ڤەڕا" له ديوار درابوو. کرێکارەکان به چەشنێک له دەوری بەياننامەکه هاڵابوون، که تەنانەت هەستيان به هاتنی "ئەژدەر"يش نەکرد. ئەژدەر تێکەڵی پۆلی کرێکار و "ڤەڕا"ش لەولاترەوه دەگەڵ ژنانی تێکۆشەر خەريکی وتووێژ بوو. له ناو پۆله کرێکارەکەدا، کوڕه گەنجێک به دەنگێکی بەرز دەيخوێندەوە:

[... تێکەڵبوونی به هەژمار زۆری کرێکارانی کارگه پيشەسازييەکان ئێمەی هێناوەته سەر ئەم ڕايه که ويست و داخوازييەکانی سەرجەم کرێکاران و ڕەنجبەران، له چەند خاڵەی ژێروو دا کۆ بکەينه . خاڵەکان بەمجۆرەن:

1 ـ ئازادکردنی سەرجەم ئەو ژن و پياوانەی کەوا له ڕۆژی سێهەمی ژوئيه و له بەر يانەی کارگاکانی"نۆبێڵ" و به فيتی "تيدمان"ی بەڕێوەبەری کارگەی ئەسيدسازی ڕەپێچەک دراون!

2 ـ ئەمربەری ماڵ پشکنين نەمێنێ و دەستی پۆليس له سەر ژن و منداڵی کرێکار کورت کرێتەوه.

3 ـ شکاندنی فەرمانی پشکنينی سەر و بەرگی کرێکار له ڕێبازان و به کاتی چوونەوەی سەر کار!

4 ـ دياری کردنی هەشت سەعات کار له دوو کەرتی شەوانه و ڕۆژانه دا!

5ـ دامەزراندنی قانوونی کار و، لەبەرچاوگرتنی مافی سی و شەش سەعات پشوودانی سێ جار له مانگ دا به مزه و مافی تەسەلەوه!

6 ـ له ڕۆژانی بەر له جەژنان دا، کرێکار دوو کاتژمێر زووتر دەست له کار هەڵگرێت.

7 ـ له مەڵبەندی"باڵاخانی"دا شارۆچکەی کرێکاری و، دوورتر له چاڵەنەوەتەکانەوه ساز بکرێت .

کۆميتەی باکۆ

يەکێک له هاوکارانی کوڕه جحێڵەکه، گوتی:

ـ ئەم بەياننامەيه دەگەڵ ئەوانی پێشوو گەلێک جياوازە؛ خاڵی بەجێی تێدايه و هيوای دەسکەوتی زياتری پێوه دياره؛ با ببينين و بزانين هەڵوێستی خوداوەندانی کارگه و فابريکاتەکان چ دەبن و چ وەڵامێکمان دەدەنەوه!

یەکی تر گوتی:
ـ کۆمیتەی کرێکارانی سۆسیال دێموکراتی باکۆ، خاوەنی دەسەڵاتە و دەتوانێ ویست و داخوازییەکانی ئێمە لە خاوەن کار بستێنێ. مردن لە ڕێ دابێ، گەڕانەوەی ئێمە لە ڕی دا نابێ. ئێمە وەک جاری جاران نەماوین؛ چاوسوورەمان هەیە و پشتیوانمان هەیە و...
کرێکارێک قسەی لە دەمی هاوکارەکەی بڕی و بە دەنگێکی بەرز گوتی:
ـ هاوڕێیان بڕوانن... بڕوانن کێ دێتە سوێمان!... "واتسک فیۆلەتۆڤ"!...
کرێکارەکان وەرچەرخانەوە و بەتێکڕایی چاویان بە "واتسک" کەوت و دڵیان گەشایەوە. "واتسک" لێیان نزیک بۆوە و گوتی:
ـ هاوڕێیان با بچینە حەوشەکەی ئەودیوی کارگە و لەوێ کۆببینەوە.
کرێکارەکان بە شوێن "واتسک فیۆلەتۆڤ" کەوتن و لە حەوشەی ئەودیو دا کۆبوونەوە.

***

هەر لەو کاتەش دا، "لاورۆڤ" لە ڕێگای تەلەیفوونەوە "پاروشین"ی دەدواند و دەیگووت:
ـ ببوورن جەنابی سەرهەنگ کاتت دەگرم... دەمەویست پێتان بڵێم کە هەر ئێستێ، لە کارگاکانی "خاتیسۆڤ"دا کۆبوونەوەیەکی مەزنی کرێکاری سازبووە؛ ئەمر و فەرمانتان چییە؟
پاروشین گوتی:
ـ هەر دە دەقیقەیەکی تر پەیوەندیم دەگەڵ بگرەوە، ئەودەم وەرامی پرسیارەکەت دەدەمەوە... چاوەڕوانی زەنگی تەلەیفوونت دەبم، سپاس!
پاروشین، دەگەڵ سپاس کردن لە "لاورۆڤ"، خێرا دەگەڵ نووسینگەی کاری"لی لی یۆڤ" پەیوەندی گرت، بەڵام گوتیان کە ئەو زۆر بەلەز بەرەو "بالاخانی" تێی تەقاندووە. پاروشین لەمە تووڕە بوو. دەیزانی "لی لی یۆڤ" پێشدەستی کرووە و خەریکە دەسکەوتەکە بە قازانجی خۆی هەڵگرێتەوە. بەناچاری دەگەڵ ژەنەڕال فەرماندار پەیوەندی گرت و گوتی:
ـ بمبوورە گەورەم! هەر ئێستێ میتینگێکی گەورە لە کارگەکانی "خاتیسۆڤ" لە گەڕ دایە؛ چ فەرمانێک بەڕێوە بەرم؟
فەرماندار لێی دەرهەڵبوو و بە سەری دا نەڕاند و گوتی:
ـ دوێ شەو فەرمانمان دەرکرد کە چی بکەن!... وادیارە تازە لە خەوی سەرخۆشی هەستاوی و دوێ شەوت بیر نەماوە!... خۆ بنێشتە خۆشە نییە هەر بۆت بجووم و بیجوومەوە... گەپ گەپێکی سیاسی و کایەی منداڵانەی دایە مەمدە بە گورگی کۆتایی هاتووە... بەسە!... بەس!... گەمارۆیان بدەن... بڵاوەیان پێ بکەن... بە قسەی خۆش بڵاو نەبوونەوە ، بە گوولە بڵاوەیان پێ بکەن... بەسە!... ئیتر بەسە!

ـ ببووره گەورەی بەڕێز... مانای فەرموودەی دوێ شەوتان "کردەوە لە بری قسەکردن" چی بوو... مانای ئەو دەستەواژەیە، تەقەکردن و خوێن ڕشتن بوو؟!

ژەنەڕال "ئۆدین تسۆڤ" ئیمانی لەلا نەما. بە چەشنێک لە سەر کوورسییەکەی هەستا و بە جۆرێ لە پشتی مێزی کاری دەرپەڕی، کە پاروشین دەنگی خرمە و شلْپەی هەستان و دەرچوونەکەی لە تەلەیفۆنەوە بە گوێ گەییشت. ژەنەراڵ یەک بە ژوورەکەی قیژاندی و گوتی:

ـ گوێچکەکانت بکەرەوە پاروشین!... باش گوێ ڕابگرە بزانە من چیت پێ دەڵێم... من ئەم دەستەواژەیەم لە فەلسەفە هەڵنەهێنجاوە... ئەوە ئەتۆ و "لی لی یۆڤ"ن کە سەرقاڵی فەلسەفە چنینن. ئاخر گێژە گیان! هەتا کەنگێ بە شوێن گەپ گەپۆکەی منداڵانەوە بچین... ئێوەی لایەنگرانی"زۆباتۆڤ" و "شەنتۆکۆڤ"ـەکان، بەو هومێدن کە بۆرە کرێکارەکانتان بۆ هەوسار بکەن؟ بەشێک لە دارایی خەزێنەی دەوڵەتەکەتان دەرخواردی ئەوان داوە... ئەوان خوردیان و هیچیشیان بۆ نەکردن... بەسە ئیدی بەسە!... دەست لە سەر دەست دانان و سەیری مردنی خۆمان کردن بەسە! بەڵی من بەو مانایە دەبێژم کە کردەوە لە بری قسە!... پاروشین تەنیا قسەی نەبێ و کردەوەی هەبێ... تێگەیشتی جەنابی پاروشین؟!... هیچ دەزانی دروشمی بۆرە کرێکار چیمان پێ دەبێژێت؟ بەڵێ جەنابی پاروشین، ئەوان پڕ بە دەم هاواری مەرگ و نەمانی تزار و لە شەقامەکاندا بە گوێی خەڵک دەگاتەوە. بەیاننامەکانیان لە بن گوێ و لە ژێر کوونە لووت و بە نێوچاوانانمانە دەچەسپێنن... من دەڵێم کاتی قسەکردن و هەڵبەست خوێندنەوە کۆتایی هاتووە... بگرن!... بکووژن... بسووتێنن... گوێت لێیە پاروشین؟!... هەلۆ!...هەلۆ!... ئەوە بۆچ دەنگت نایە؟... مردووی؟!

ـ نەخێر گەورەم من نەمردووم... زیندووم و ماوم !

ـ ئەگەر هەر بەم هەوایە بڕوا، ئیتر وشەی "زیندووم و ماوم" نە بۆ من، نە بۆ تۆ و نە بۆ هیچکامێکمان بەجێ نامێنێ... پێکەوە دەڕۆین!... بەڵام پێم بڵی بزانم، تۆ لەم "نینا"یە هیچ خەبەرێکت هەیە یان لە گوێی گا دا خەوتووی و لێی بێخەبەری؟... چەندە شوورەییە بۆ هەمووومان کە تاکە کچۆڵەیەک دامودەزگاکەی ئێمە بە گەپچاڕ بگرێت و حەنەکانمان پێ بکات... ئیتر من چی ترم نییە پێت بێژم!...

"ئۆدین تسۆڤ" زۆر بە تووڕەیی تەلەیفۆنەکەی داخست.

پاروشین ئارەقی نێوچاوانی وشک کردەوە و لە پشتی مێزەکەی هاتە دەر. بۆ بەڕێوەبردنی فەرمان، لە ژووری کار وەدەرکەوت و هێزی چەکداری ژاندارمی بەرەو کارگاکانی "خاتیسۆڤ" ڕەوانە کرد.

***

کرێکارێکی بەساڵاچوو لە بان کورتەدیوارێکەوە ڕاوەستاوە. ئەوەی لە دڵی دایە بە شێوەزاری خۆی باسی دەکا. قسەکانی، ڕستە بە ڕستەیە و لە مابەینی هەر

ڕستەیەک دا ڕاوستانێکی تێدایە. جار جارە قسەکانی لێ تێکەڵ دەبێت و سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەرەتای قسە. بەڵام هەرچی لە دەمی دێتەدەرێ، شا بەیتی غەزەلی ژیانی خۆی و هەموو یارانییەتی، دەڵێ :

ـ ئیتر دەفری قنیاتمان لێوان لێو بووە و چیتر هەڵناگرێ... خۆمان و زار و زیچمان لە چنگ غەدری زۆردارانی نابەکاری بێ پیر، بەرەو لەناوچوونین... ئەرێ بۆچ لێم ناپرسن میوانی شەو و ڕۆژت کێنە؟... برسیایەتی... ئازاری دەردە باریکە... ترس و دڵەلەرزە... بێ ماڵ و حاڵی و مردن!... ئاخر نازانم ئێمە بۆچی هاتووینەتە سەر ئەم دنیایە؟... ئەگەر هەر بۆ ئەم شێوە ژیانە هاتووین، هەی بەزیاد نەبێ ئەم هاتنەمان... دەڵێم ئەگەر لەڕێزەی مرۆڤ داین و بە ئینسان حیساب دەکرێین، دەی با مافی ئینسان بوونمان بدەنێ!... دەبێ داوای ماف و مزەی تەسەلمان بکەین و پشتی ئەم شێوە ژیانە بشکێنین... ئەی هاوار هاوڕێیان چ کەردەن؟ ... بۆ ڕزگاربوون لەم نەهامەتی و چەرمەسەرییە، چ کەردەن؟...

ئەژدەر و "ڤەڕا" لە ماوەی ئاخافتنی کریکارەکە دا ، تەسەل بە ناو ئاپۆڕاکە دا هاتن و چوون و بڵاوڤۆک و کتێب و نووسراوەی "نینا"یان بڵاو کردەوە. یەکێک لە کرێکارەکان، ڕوو بە کرێکاری بان دیوارەکەوە کتێبی "چ کەردەن"ی بۆ ڕاداشت و بە دەنگێکی لە ڕادەبەدەر بەرز، گرماندی:

ـ هاوڕێ ئەمەش وەرامی تۆی زەحمەتکێش... چ کەردەن وەرامی نیازی هەمووی ئێمەیە... لێنین... بەڵێ لێنین لەم کتێبە دا ڕێبەرمانە و ڕێزانمانە و کتێبەکەی پێشەنگی ڕێگای تێکۆشانمانە...

لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بۆوە:... لێنین!... لێنین!...

دەنگی چوارناڵەی سمی ئەسپان بەسەر تەقەتەقی شەقامی شان کارگاکان دا، زەمزەمەی ناخۆش خەورەێکیان بە دمەوە بوو. لە سەرگەی کۆڵانەوە کەسێک بە بانگ هاواری کرد:

ـ هاوڕێیان وریا بن ڕەوەی ژاندەرمی یانیگر بەڕێوەن... وریا بن!

کرێکاری سەر لادیوارەکە، هەرکە چاوی بە هێرشی بەپانەوەی ژاندارمان کەوت، بە هەموو توانایەوە گرماندی:

ـ بڕوخێ ئەو دەزگایە کە ستمگەرە!... پتەوتر بێ ڕیزی خەباتمان... دا کیژەگیان کتێبێکی "چ کەردەن"ی لێنینم بدەرێ...

"ڤەڕا" دەست بە کتێبەوە، بۆ بەر دیوارەکە چوو. هێشتا کتێب نەگەیشتبوویە دەستی کرێکاری پیر، کە ڤیزەی گوولە و تەقوتۆق دەستی پێکرد. کرێکارەکە لەبان دیوارەوە داکەوت . بە شریخەی دووەم، "ڤەڕا" دەست بە سنگەوە ناڵاندی و بەلادا کەوت. خوێنی ئاڵی سنگی "ڤەڕا" بە لووزەوە دەهات و کتێبی ناو هەمێزی شەتڵانی خوێن دەکرد. دەتگووت فیشک بە دانستە سەری دڵی بە نیشان هەڵگرتبوو. "ڤەڕا" دەگەڵ کەوتن، گیانی دەرچوو.

ئەژدەر بۆی هات. پۆلی کرێکارانی بڕ دا و بەرەو یار چوو. داهاتەوە و باڵای نەوتوولی "ڤەڕا" گرتە هەمێز و بەرەو دەرگای مەزنی کارگە چوو. ئاپۆڕای ناو گۆڕەپانەکە لەبەر یەک ڕەویبۆونەوە و هەر چەند کەسێک بۆ لایەک ڕایدەکرد. دەور و بەریان گیرا بوو.

ئەژدەر بێخەبەر لە هات و هاوار و ڕاکردن، بێ ترس لە هەو هەوی سواران و لێدان و کوتان و کوژتن، شێت و هار و شەیدا و بێقەرار، سەیری سەر و سیمای شین هەڵگەڕاوی "ڤەڕا" دەکرد. فیشەک، لە پشتی "ڤەڕا" سەرسنگی دادڕیبوو. لەش و لاری نەوتوول و ڕەعنای"ڤەڕا"، گیانی تێدا نەمابوو.

ـ "ڤەڕا"!... خۆشەویستەکەی دڵی ماڵوێرانی من ، چاو بکەرەوە... سەر هەڵێنە هەموو ژیانەکەی من!... دەی هومێدەکەی من چاو بکەرەوە و سەیرێکم بکە!...

قۆنداخە تفەنگێکی لە پشتی درا و ئەژدەر بە "ڤەڕا"وە بە ڕوو داکەوت. چوار ژاندەرم، لە چوارلایانەوە دە تەرمی "ڤەڕا" ڕۆهاتن و لە باوەشی "ئەژدەر"یان ئەستاندەوە، بەڵام ئەژدەر وەها تەرمی ئازیزکەی دە هەمێز گرتبوو، دەتگووت بوون بە یەک. بە چەند قۆنداخی تر، ئەژدەریان خست و تەرمی "ڤەڕا"یان برد. ئەژدەر لە نێوان هۆش و لە هۆشچوون دا، چاوی بەشوێن "ڤەڕا"دا دەگێڕا، بەڵام هەر پۆستاڵی پیسی ژاندەرم بوو لەو ناوە دا دەهات و دەچوو.

"ئەژدەر"یان بە قۆڵبەستکراوی برد. گۆڕەپان چۆڵ کرا. خوێن ڕژا و بۆنی خوێن بە سەر و ژێری کەرگەکانی "خاتیسۆڤ" دا گەڕا.

ئەژدەر لە گرتووخانەی بنکەی ژاندەرمی نزیک بە وێستگەی ئاسن دا چاوەکانی کردنەوە. چەند ژاندارمێکی ڕووتەڵە دەور و بەریان گرتبوو. هەر چوار ژاندەرم، چەند جاران سەر و خواری جلک و لیباسی "ئەژدەر"یان بەچەند جاران پشکنی، بەڵام تەنانەت پەڕە کاغەزێکیشیان لێ نەدیتەوە. سەرپەلی ژاندەرمەکان نەڕاندی:

ـ بەرگەی پێناسەکەت؟!

ـ من بێکارم.

ـ بێکاری؟!

سەرپەل بانگی پۆلیسێکی کرد و گوتی:

ـ ئەمە هەڵگرە و بیخەرە ناو باخی بەهەشتەوە... تۆ بیبە و ئێمەیش بە شوێن سەری دا دەچین؛ با بزانین لە کۆمیتەدا چکارەیە و جا ئەودەم بۆ بەندیخانەی هات و نەهاتی ڕادەگوێزین... بڕۆ!

بەهەشت، ژێرزەمینێکی تەڕی تاریکی بۆگەن بوو. دەرگایان بۆ کرەوە و خستیانە ژێر زەمینەکەوە. کوێر کوێرانە و بە دەستە کوتە، پێپیلکەکانی دۆزینەوە و دەست بە دیوارەوە سێ پێپیلکە بەرەو ژێر ڕۆییشت. هەستی کرد ژێرپێی لە سەر ڕاخەرێکی تلیساوە لە قوڕەزەلەق دا دەگەڕێت. دەگەڵ هەر قاچ هەڵگرتن و پێ دانانێک ، شلێپەی

قوڕ و بۆگەنی لیتە، باسی بەهەشتی ستەمگەرانی دەکرد. دەنگی جرجە مشکیش مۆسیقای بەهەشتەکەیان بوو.

تاریکی، ئەنگوستەچاو بوو. بەرامە ناخۆش بوو. هەواکەی قورس و خنکاو بوو. ئەوانە لە ئاست خەمی لە دەست دانی "ڤەڕا" دا هیچ نەبوون، خەمی "ڤەڕا" بە قەدرایە کێویێک بار بوو لە سەر دڵی ئەژدەر. دوێنێ، لەش و لاری گەرمی "ڤەڕا" هومێدی دواڕۆژی بوو؛ ئەندامی ساردەوەبووی ئەمڕۆکەی خەمی هەتا هەتایەتی... "ڤەڕا" ڕۆیشت و جێی هێشت؛ چ لە بەند دابێ و چ سەربەست و ئازاد، دنیاکەی تەم و تاریک و بێ هیوایە... "ڤەڕا"گیان!.. ئازیزەکەم ، گوڵم ... بەبێ تۆ ژیان نابێ و هەر ڕۆژێکم مردنێکە. خۆزگە تۆ لە ژیان دا مابای و من لە بەندیخانەی لەمەش ڕەش و تاریکتر دا سەرم ناباوە... نەخێر "ڤەڕا" نەمردووە و من لە بەندیخانە دێمە دەر و هەر پێکەوە دەبین... نەمردووە؟!... بەڵی من ئەندامی ساردەوەبووی "ڤەڕا"م لە هەمێز گرت. سەر سینگە نەرمەکە بە فیشک پچڕا بوو... ئەو ڕەنگ و نیگارە شیرینەی شین هەڵگەڕابوو... وای لە من!...

دەرگای ژێرزەمینەکە بە جیرە جیڕ کرایەوە و دەنگێک بە ژێرزەمین داگەڕا:

ـ هەستە وەرە دەر!... سەرۆک دەخوازێ بت بینێت!

ئەژدەر لە باخی بەهەشتەکەیان هاتە دەر. پشوویەکی کێشا و ڕووناکایی لە چاوی دا. دەستی بە چاوانەوە گرت. دوو ژاندارم ژێر پیلیان گرت و بردیانە بەر دەم سەرۆک.

سەرۆکی دەم و لچ ئەستووری کۆسەی بی تووک، سەیرێکی"ئەژدەر"ی کرد و بە وردی هەڵی سەنگاند و دەستی پێکرد. نیو کاتژمێر پرسیار، گوڕە و هەڕەشە و دوایە بانگی دوو یەساوڵانی کرد و گوتی:

ـ هەڵیگرن و یەکسەر هەتا بەندیخانەی،"بائیل" ڕای مەگرن. ئەم چەند لاپەڕانەشی دەگەڵ بەرن و بیدەن بە بەرپرسی زیندان... ئەگەر لە ڕێگادا خەیاڵێکی خاوی بە مێشک دا هات، خۆتان ئازادن، بەڵام بێتوو لە دەستتان ڕابکات، سەت جارانتان تیرەباران دەکەم و زیندووتان دەکەمەوە و دیسانیش... گوێتان لێ بوو؟!

ـ بەڵی گەورەم وشیارین!

"ئەژدەر"ی دەس و پەل بەستراو، دوو ژاندەرمی دەمانچە بە دەست، یەکیان لە پاش و ئەوی تریان لە پێشەوە، بە شەقامان دا ڕۆییشتن.

ئەژدەر، لە درێژەی ڕێگادا نە هۆشی بەسەر دوو ژاندارمی چەک بەدەست و نە پەکی بە پەکوو پەکووی ڕێبوارانەوە بوو. بەڵام هیچ کون و کەلەبەر و هیچ سەرگە و جەمسەری شەقام و کۆڵانێک نەبوو، کە یادی "ڤەڕا" هەمێزی بۆ نەکاتەوە. ئەرێ بڵێی "ڤەڕا" لە کوێ بێت و بۆ کوێیان بردبێت؟ بە دەم ئەم بیرە خەمبارەوە، دەهات دەبوورەوە بچێت و پێ ڕابێت، کە مستی بەهێزی ژاندەرمی پاش سەری وەهۆشی هێنایەوە و وەڕێی خستەوە.

دەروازەی ئاسنی بەندیخانەی "بابیل" بە ڕووی دا کرایەوە و قووتی دا. بە دالانێکی دوور و درێژی نیوەتاریک دا بەرەو ژووریان برد. دوو ژاندارمەکان، ئەژدەر و ڕاپۆرتەکەیان تەسلیمی سەرپەرشتی زیندان کرد و ڕۆیشتن. دووی تر هاتن و ژێرپیلی "ئەژدەر"یان گرت و خستیانە بەندێکی تاکە کەسی.

بەندەکەی چەشنی تابووت، سێ هەنگاو پانایی و چواریش درێژایی، لە پاڵ دیوار دا تەختێکی ڕەق و تەق بۆ خەوتن ، مێز و کورسییەکی بچووک بۆ دانیشتن و خواردن و خواردنەوە، پەنجەرۆکێکی تەلبەندکراو لە بەرزایی دیوارەکە، ئەمە هەموو هەست و نیستی ماڵی تازەی ئەژدەر بوو.

"ئەژدەر"یان دە ژوور خیساند و دەرگای ئاسنینیان بە روو دا گاڵەدا. لە ژوورێکی بچووک دا، بە کۆڵبارێکی یەکجار زۆر قورسەکی خەم و ئازاری "ڤەڕا" ، بە تاک و تەنیا مایەوە. تەرمی شەتڵان بەخوێنی "ڤەڕا" هاتەوە بەر چاوی.

"بڵێی پوورە ماریا چی بێ حاڵی؟... تەرمەکەی "ڤەڕا" چی بەسەر دێت؟... پوورە "ماریا"ی داماو! بەڵێنت لێ سەندین شەو بگەڕێینەوە لات و لە چیشتەکەت بخۆین... کێ دەگەڵ "ڤەڕا"کەی من دەچێتە سەر قەبران و کێ بە خاکی دەسپێرێ ... وەی نەمێنم ... وای لەمن !

لە سەر قەرەوێڵکەکەی ڕاکشا و بە دەم بیری تاڵ و ژیانی تاڵتر، دەگەڵ خۆی دوا. چاوەکانی شەکەت و قورس بوون. خەوی پڕ لە هاشە و پاشە بردییەوە. وڕێنەی کرد و لە دەست ژاندارم دەرپەڕی، گرتیانەوە... بەندیخانە... خوێن... دەنگی دەرگای ئاسن چاوەکانیان کردەوە. کازیوە ڕەنگی ماتی لە ڕێگای پەنجرۆکەکەوە بە ژووری تاریک بەخشیبوو. هەستا و لە سەر جێگاکەی دانیشت. ئازای ئەندامی ژانی پێدادەگەڕا.

کابرایەکی سەر ڕووتاوەوەی کڕووز، هاتە ژوور. دەفرێکی ئاسن، نانە ڕەشەیەک و تاک چاییەکی بۆ دانا و لەوێ ڕاوەستا. کابراش جلکی بەندییانی لەبەر دابوو. ئەژدەر لێی پرسی:

ـ تۆیش زیندانیکراوی؟

ـ بەڵی منیش زیندانیم... پیاوکوژم و خەڵکم کوشتووە... سیاسی نیم!...

هات بڕوا، بەڵام وەک شتێکی کەوتبێتەوە بیر، وەرچەرخایەوە و گوتی:

ـ بۆمان نییە یەکتر بدوینین... بزانن، باسی سەرمانە!

ئەژدەر بە زگ برسی بوو. لە دوێنێیەوە هیچی نەخوارد بوو. دانیشت و تامەزرۆیانە و بەبێ گلەیی لە کەم بوونی نان و لە بێ تام و خوێی، خواردی.

هێشتا نان لە گەرووی ئاوا نەببوو، کە یەساوڵێکی بەدفەڕ هات و چاوێکی وردی بە وڵات دا خشاند و بە دەنگێکی کڕی وشک، گوتی :

ـ هەستە وەپێشم کەوە با بڕۆین!... گورج بە دەی!

بە دالانی پێچەڵپێچی دوور و درێژ دا بردیان. بە چەند پێپیلکە دا بەرەو ژێر ڕۆیشتن. لە بەر دەرگایەکی بە مشەمما داپێچراو دا ڕایان گرت.

یەساوڵەکە لە پاسەوانێکی پرسی:
ـ "لاورۆڤ" بە تەنیایە، یان میوانی هەیە؟
ـ تەنیایە و چاوەڕوانی ئەمەیە... بیبەرە ژوور!
بردیانە ژوور. ژوورەکە بەرئاواڵە و ڕۆشن و تاوگر بوو. "ڕۆتمیستەر لاورۆڤ" ، کاربەدەستی پایەبەرزی ژاندارمی شاری "تفلیس" بوو، کە بۆ دۆزینەوەی شوێن پێی "نینا" و دەداو خستی، بانگهێشتی شاری باکۆ کرابوو. "لاورۆڤ"، پیاوێکی چرچ و چۆڵی بێ نموودی دزێو بوو. بە بێدەنگی سەرگەرمی خوێندنەوەی نامەی کرداری زیندانییەک بوو. سەری بەرز کردەوە و بە وردی، بە سەر تا بە پێی "ئەژدەر"ی دا ڕوانی. هیدیانە و زۆر بە شینەیی، گوتی:
ـ وەکی دەڵێن : دەهۆڵ، دەنگی لە دوورەوە خۆشە! کەواتە "ئەژدەر"ی بەناوبانگ ئەتۆی؟! من پێم وابوو پیاوێکی گەڕاوەوەی بەتەمەنی و ڕۆژگارێکت بە سەر دا تێپەڕیوە... خۆ تۆ هەر گەنجی و تازە دڵت بە دنیا داکراوەتەوە و لە هەڕەتی لاوی دای و جەنگەی دڵداریتە!
ئەژدەر بەبێ ئەوەیکە دەنگی لێ بێتە دەرێ، لە سەر کورسی دانیشت. "لاورۆڤ" جگەرەیەکی بەنرخی لە ناو قوتیلەی زێوین هەڵگرت و بۆی ڕاگرت:
ـ ها بگرە، دایگرسێنە!
ـ جگەرە خۆر نیم!
"لاورۆڤ" دیتی هێدی جووڵانەوە بەکار نایە. بەبێ ئەوەیکە سەر هەڵببڕێت، بە هەوا دەنگێکی وشک و ڕەق، لێی پرسی:
ـ تۆ لە جەنگەی بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاقۆکان، لە ناو پۆلی کرێکاران دا دەست بەسەر کراوی. هەر ئەو کتێب و چاپەمەنییانەی کە لە چاپخانەیەکی نهێنی دا چاپ دەکرێن بۆ ئێمە گرنگە؛ تۆ بەرپرسی بڵاوکردنەوەیانی و بە شووێنەکەی دەزانی ، تۆ خۆت نا، بەڵام جێگا و شوێنی چاپخانەکە بۆ ئێمە زۆر گرنگە... تۆ دەتوانی دەستمان بگری و هەتا بەر دەرگاکەی ئەوێمان ببەیت؛ ئەو دەم هەرنەک لە بەندیخانە دا نامێنیتەوە، بەڵکە دەبیتە خانی خانان و لە سەر چاوانت دادەنێین ـ لاورۆڤ بە دەم قسەکردنیشەوە بە وردی ڕەفتاری "ئەژدەر"ی لە ژێر چاو دا ڕاگرتبوو.
ئەژدەر، زۆر زوو نەفامی و گەمژەیی ئەو سەرۆکە زانایەی بۆ دەرکەوت. وا دیار بوو سەرۆک نەیدەزانی کە ئەندامانی کۆمیتەی کرێکاری بەر لە دەستبەسەری، وانەی بەندیخانە و سەرخوێندەوە و لێکۆڵینەوەی زیندانەوانان لە مامۆستایانی فێرگەی شۆڕش فێڕ دەبن و وەک تێکۆشەرێکی پۆڵایین دەگەڵ زیندانەوان هەڵسوکەوت دەکەن. ئەژدەر لێبڕاوانە وەرامی داوە:
ـ نەخێر من خوێندەواریم نییە و لە خوێندنەوە هیچ نازانم. نە کتێب فرۆش بووم و نە شاگردی چاپخانە... من کرێکارێکم کە سەرم بە کارەی خۆمەوە گەرم کردووە.

لەوانەیە بە هەڵە دەستبەسەرتان کردبم... لەوانەیە لە جیاتی کەسێکی تر زیندانیتان کردبم ، ئەم پرسیارانەی لە منی دەکەیت...

لاورۆڤ بە دەم پێکەنینەوە کتێبێکی دەرهێنا و لە بەردەمی "ئەژدەر"ی دانا.

ـ ئەم کتێبە چییە؟!

ئەژدەر چاوێکی لە کتێبەکە کرد؛ چ کەردەن بوو. دڵی بۆ کتێبەکە داخورپا، بەڵام وەک نەزانێ چییە و باسی چی دەکات، گوتی:

ـ نازانم چییە... گوتم نەخوێندەوارم و ڕەش لە سپی جیا ناکەمەوە!

بەڵام هەر ئەو ئاڵوگۆڕە کورت و تیژپەڕەی "ئەژدەر" لە بەر چاوی لاورۆڤ بزر نەبوو. لە پشتی مێزەکەی کەمێک جووڵایەوە و هێدیانە گوتی:

ـ بەڵام "ئەژدەر"، تۆ بە پرسیارەکەی منەوە حاڵ و هەوات گۆڕدرا... سەرت سووڕما کە ئەم کتێبە بە لای "لاورۆڤ"ەوە چی دەکا!... فیکری تۆم خوێندەوە کە بە سەر سوڕماوی سەیری کتێبەکەت کرد و بە خۆت گوت دوێنێ من ئەم کتێبەم بڵاو کردۆتەوە، ئەمڕۆ لێرە چی دەکا!... من خۆم دەزانم ئەم کتێبە بە دەستی تۆ بڵاو کراوەتەوە... دەی بڵی بزانم!ـ جگەرەیەکی داگیرساند و چاوی دە چاوی ئەژدەر بڕی.

ئەژدەر بێدەنگ مایەوە و خۆی لێ گێل کرد. لاورۆڤ، لەم بێ قەیدییەی ئەژدەر توورە بوو.

ـ لەمێژە "نینا" دەناسی؟!

ـ من هیچ کەسێک بەم ناوە ناناسم.

لاورۆڤ قیژاندی:

ـ چلۆن نایناسی؟... مەگەر دوێنێ تەرمەکەیان لە باوەشی تۆ نەستاندەوە... بۆچ درۆ دەکەی؟

ـ ئەو "نینا" نەبوو... دەزگیرانم بوو... "ڤەڕا"ی ناو بوو.

ـ دەزگیرانت بوو؟!

لاورۆڤ بە پێکەنینەوە و هاوشێوەی گوتنی ئەژدەر، چەند جاران دەستەواژەی [دەزگیرانم بوو]ی دووپات کردەوە و شێوەی گوتنەکەی گاڵتە و قەشمەری لێ دەباری. دەگەڵ پێکەنین و گاڵتەپێکردن، جار جارەش تووڕە دەبوو و بە تووڕەیی ئەژدەری دەدواند. بەڵام زۆر زوو خاو دەبۆوە و هێدی هێدی قسەی دەکرد.

ئەژدەر لەم پێچەڵپێچەی لاورۆڤ، بۆی دەرکەوت کە ئەوە ئەو کەسە نییە بتوانێ زەفەربەری ئەم کێبەرکێیە ببێ. بەخۆی گوت"دەبێ خۆم نەدۆڕێنم و پێویستە لەسەر شەپۆلی هەڵچوون و داچوونەکەی دا مەلەوانێکی شارەزابم.

چاوەکانی لاورۆڤ، چەشنی هەڵۆ، بە شوێن پەلەوەی چاوی ئەژدەر دا سەرە و بنەی دەکرد و خەریکی ڕاوە نێچیر بوو. چاوەکانی، چەشنی سەرە دەرزی، ڕەق و تیژ ، بەرەو چاوی ئەژدەر دەهاتن. بەڵام "ئەژدەر"یش چاوی لێ کل نەدەکرد و تیژتر لە چاوی ئەو کاریان دەکرد.

ـ چەند دەمێکە بوون بە دەزگیرانی یەکتر؟... ئاخر بەپێی باوەرمەندیی ئایینی، کوا کچە ڕووسێکی فەلە دەگەڵ کوڕە ئازەرییەکی مسوڵمان ئەو بوارەیان پێ دەدرێت کە ببنە هاوسەر!... چلۆن توانیوتانە ئەم سنووورە ئەستوورە ببەزێنن؟!

ـ ئەمە ناڕاستە!... ئازەری و ڕووس و هەر نەتەوە و ئایینێک دەتوانن پێکەوە بژین، بەو مەرجە بە دڵی یەکتر بن. من ئازەریم و دەگەڵ ڕووس لە یەک وڵات دا دەژیم. من لەو ئاییندارە وشکە مەزهەبییەکان نیم...

لاورۆڤ، تاوێک بێدەنگ، بەڵام بە چاو "ئەژدەر"ی هەڵدەشێلا. دەستی کێشا و لە چەکمەجەی مێزەکەیەوە چەند ڕەسم و وێنەیەکی دەرهێنا و یەک بەیەک لە بەردەمی "ئەژدەر"ی دانا.

ـ ئەمە کێیە؟

لادۆ بوو. سەروسیمای خەمناکی "ڤلادیمیر زاخارڤیچ"، یادی ڕابوردووی پڕ تێکۆشانی زیندوو کردەوە.

ـ نایناسم!

ـ هەر قەت قەت نەتبینیوە؟... لە کارگاکان... لە شەقامان... بە ڕاگوزاری؟

ـ لەوانەیە لە شاقامێک دا دیتبێتم، بەڵام بە ناسین، نایناسم!

ـ ئەدی ئەمەیان کێیە؟!

بوگدان کنونیانتس بوو.

ـ ئەمەشیان ناناسم!

سێهەمینیان، پیوتر چۆنیاتۆڤ بوو.

ئەمەیان کێیە؟

ـ نایناسم!

ـ ئاخر ، مەگەر ئێوە لە کارگای "شیبایۆڤ" دا پێکەوە هاوکار نەبوون ؟!

ـ نەخێر ئەمەش ناناسم و قەت پێکەوە هاوکار نەبووین.

چ کەسێک "ئیسکرا"ی بۆ دەهێنای؟

ـ من گوتم نەخوێندەوارم و نازانم "ئیسکرا" چییە!

ـ ئەدی کێ دەیهێنان و بڵاوی دەکردنەوە؟

ـ من نازانم !

ـ ئەگەر نەخوێندەواری، ئەدی چلۆن ڕۆژنامەکەت بڵاو دەکردەوە؟

ـ من هیچ ڕۆژنامەیەکم بە هیچ کەس نەداوە!

ـ ڕۆژنامە نا... کتێب!... کتێبی چ کەردەن... ئەو کتێبانەت بۆ چ کەسانێک دەبرد؟

ـ کاری من بڵاوکردنەوەی کتێب نەبووە... پیشەی من ئاسنکارییە... تەنیا ئاسنکاری دەزانم!

ـ ئەگەر پێشەکەت ئاسنکاری بوو، هۆی چی بوو ئاسنکاریت نەدەکرد.

ـ دۆزینەوەی کار گەلێک گرانە... زۆرم هەوڵ بۆ دا، نەبوو!

ـ ئەدی چلۆن بەڕێ دەچووی؟
ـ نەمر نەژی!
ـ درۆ دەکەی!... تۆ درۆزنی... هەموو قسەکانت درۆ بوون ـ بە مست کوتایە سەر مێزەکەی و لە سەر جێ ڕابوو. رووبەندی ماقووڵانەی لە ڕوو داماڵدرا و چەشنی جانەوەری لێهات. نەڕاندی، جوێنی دا، تف و لیکی تێکەڵ کرد و تفی پێدادا. یەک بە ژوورەکە نەڕاندی و گوتی:
ـ لەم بەندیخانەیە دا کەس نییە هەتا سەر خۆی بشارێتەوە و دەم نەکاتەوە. لە تۆ گەلێک گەلێک سەر سەخت و لاسارترمان سندم کردووە... تۆ گەنجی و دەبێ بەزەییت بە خۆت دابێتەوە. چلۆن دەکرێ هەتا ئاخری تەمەنت لە کونجی ئەم بەندیخانەیە دا سەر کەیەوە و تێیدا بڕزێیت؟... بڕۆ بیری لێبکەوە... تەمەنی لاوێنیت بە قسەی پڕ و پووچ فیدا مەکە!... من لێرەم و چاوەڕوانی زمان کردنەوەتم...
بە ئاماژەی دەست، پاسەوان پیلی "ئەژدەر"ی گرت و بری.
ئەژدەر، بە ماوەی یەک حەفتە لە بەندی تاکە کەسی دا مایەوە و لەو ماوەیەدا بە دیان جار بانگیان کرد و لێیان پرسی و هیچیان لێ وەگیر نەکەوت.
دەم ژمیرەکان بە دوای یەکتر دا دەهاتن و ڕۆژ تێپەڕ دەبوون. دەنگی دڵۆپەی ئاو، تەنیا دەنگێکی بوو بە گوێی دەگەییشت. چرتە چرتی داکەوتنی دڵۆپەکان بە سەر پشتی تەنەکەدا، چەشنی نەشتەری تیژ دە مێشکی هەڵدەچەقین. گەلێک جاران لە درێژایی چوارهەنگاوی ژوورەکەی دا هەر هێندە دەهات و دەچوو، کە سەرخولە دەیگرت و دەکەوت. لە کاتی هاتوچۆی ناو بەندەکەیدا، دەنگی هەنگاونانەکەی، زیندانەوانی تووڕە دەکرد و زۆرجاران لە پەنجەرۆکەی دەرگاکەیەوە بەسەری دا دەشریخاند:
ـ زیندانی بسرەوە!... هارەبەدانی مەکە!
لە دنیای دەرەوە تەواو بێخەبەر مابۆوە. یاران و هاوکارانی دەبێ چۆن بن و بە کوێ گەیشتبن؟ کەم کەمە ژمارەی ڕۆژ و هەفتە و مانگی لە دەست دەرچوو. چ ڕۆژێکە، چ مانگێکە، ڕۆژی چەندەمی مانگە؛ لە بیخەبەری دا بوو. بەندەکەی گەلێک گران و حەسانەوەی زۆر کەم بوو. زۆرجاران پشوودانی ڕۆژانە و هەواخواردنیشی لێ زەوت دەکرا و بە هەفتە ڕێگای بینینی هەتاوی لێ یەساغ دەکرا.
ماوەیەکی دوور و درێژ تێپەڕی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، کوتوپڕ هاتن و بردیانەوە لای لاورۆڤ. لە ڕۆیشتن دا سەری دەخولاوە و دار و دیوار بە دەوری سەری دا هەڵدەسوڕان. زۆر بە گرانی هەتا ژوورەکە چوو.
"لاورۆڤ"، حاڵی ژار و پەرێشانی "ئەژدەر"ی زانی و دەیزانی تەنیایی و زەختی بێ بەزییانەی زیندانەوانەکان کاریان تێکردووە و بەرەو نەخۆشی دەچێت. دوای چاکوچۆنی، گوتی:

ـ دەزانم تۆ کورێکی بێکەسی و، کەس چاوەڕوانی گەڕانەوەت ناکا. ئەگەر بەزەییت بە حاڵی خۆت دانایە، تۆزکاڵێک دەرخەمی کەسانی تر دا ببە؛ غولام ڕەفیق و هاوکارت بوو... کوڕەکەی غولام... هیچ دەزانی چەندە بێکەس و هەژارە. دایکی دەزگیرانەکەت بۆچ ناڵێی، بێ کەس و بێدەر و بێ ئەنوا ماوەتەوە. ئەوەندە لادەس و هەژار و نەدارە، کە تەنانەت دەستی ئەوەی نەڕۆییشت تەرمی تاک کیژۆڵەکەی بە خاک بسپێرێت. چاودێری و بە خەمەوەبوونی ئەویش لە سەر شانی تۆیە... تازە لاوێکی وەک خۆت لە دەرەوە زۆر کاری پێ دەکریت و دەتوانێ یاریکاری زۆر مرۆڤی دەستەوەستان ببێت... جێگای چاپخانەکەمان پێ بڵێ و بەس! کەس بەمە نازانێ؛ تەنانەت ئێمە لە ڕاپۆرتەکەی تۆیش دا نایینووسین.

دەنگی "لاورۆڤ" زۆر بە کزی بە گوێی "ئەژدەر" دەگەییشت. ئەژدەر پێی وابوو دەنگی گوتوبێژێکە و لە ژوورەکەی دراوسێ بە گوێی دەگات. بێدەنگ دانیشتبوو. بە وردی سەیری سەر و پۆتەڕاکی "لاورڤ"ی دەکرد. لاورۆڤ هەر ئەوەندە دزێو و ناشیرین دەهاتە بەرچاوی، کە لێی هەستا و بە هەموو توانایەوە گرماندی بە سەری دا:

ـ هەی تف لە ڕووت چەپەڵی پیاوکوژ!

دوای ئەم تف و نەفرینە، ئیتر نەیزانی چی لێ بەسەرهات. بۆ کوێیان برد، چییان لێ کرد و چی بەسەرهات. هەر تەنی ئەوکاتەی کە چاوی کردەوە و تۆزکاڵە هۆشێکی هاتەوە بەر، گوێی لێ بوو دەیانگوت:

ـ خۆی مراندووە...

ـ گەورەم نۆبەتێیەتی و هەموو لەشی دەڵێی سکڵی ئاگرە!

ـ هەڵیگرن و بیخەنەوە بەندی تاکەکەسی!

ـ گەورەم لە بەند دا دەمرێ... پێویستی بە دوکتۆر و دەرمان هەیە...

"ئەژدەر"یان بردە دەرمانخانەی زیندان. چەند ڕۆژێک لە ژێر چاوەدێریی دوکتور دا مایەوە و دەرمان کرا. ئێوارەیەک، چاوەکانی کردنەوە و چاوی بە دەور و بەر دا گێڕا. لە ژوورەکە دا هەر خۆی بوو. گەلێک بێ تاقەت و دەردەدار بوو. دەمی وشک و دەست و پەلی بێ توانا بوون. چەندێک هەر بەمجۆرە مایەوە و کەس نەهاتە سوێی و کەس پرسیاری لێ نەکرد. بەخۆی گوت" بڵێی جارێکی دیکەش بۆم هەڵکەوێت و لە ناو مرۆڤ دا بژیم و لە باوەش مرۆڤ دا بمرم؟... خۆش نییە لێرە و لەناو ئەم جانەوەراتە دا ژین بەسەر بردن!

ـ ئەوە چاوت کردنەوە!... ئیتر مەترسی لاچوو!... هومێدی ژیانەوەت زۆر کەم بوو براکەم.

کابرا نەزمی دەستی "ئەژدەر"ی گرت. ئەژدەر گوتی:

ـ من زۆر ناساز بووم دوکتۆر...

دوکتور بە ئەسپایی گوتی:

ـ ئێمە بۆمان نییە دەگەڵ زیندانییەکان تۆقە بکەین، بەڵام من ئەمە بە ئەرکی خۆم دەزانم هەندە شتێکت پێ بڵێم... کوڕم، تۆ ماوەیەکە لێرە کەوتووی و کەمووسکە توانایەکت هاتۆتەوە بەر... ئێستا مانگی ئووتە و وەرزی گەرما داهاتووە ـ دوکتۆر بو گوێ دانی ترپەی دڵی، گۆشییەکەی بە سەر پەراسووی دا خزاند ـ هەناسە تەواو هەڵکێشە بزانم! ... باشە... زۆر باشە... گوێ بگرە! زۆر ڕۆژان کیژێکی چارشێو بەسەر دێت و پرسیاری تۆ دەکات... ڕۆژێک لە شەقام دا گرتمی و لەبەرم پاڕاوە کە هەواڵێکی تۆی پێ بدەم... کچێکی ئازەرییە و گەلێک زیت و زانایە... من نازانم لە کوێی زانیوە کە من لە بەندیخانەی "بابیل" دا وەک پزشک کار دەکەم... هەڵگەڕێوە با بزانم هەناسە چۆنە ـ مانگی ڕابوردوو سەیر هەنگامەیەک بوو وڵات شێوا. هیچ بەندیخانەیەک نەماوە جێگای تاکێکی تری هەبێت. بە زەبری فیشک و بە نووکی ڕمب و بە گۆشەی زیندان خەڵک دەترسێنن...

دوکتۆر هەستا و چاویلکەکەی کردە چاو و دەرمانێکی دە مستی "ئەژدەر"نا و گوتی:
ـ ها بگرە ... ڕۆژانە دەنکێکی بخۆ... بۆ لابردن کەمهێزی و کەم خوێنی باشە. حاڵت بێتەوە جێ، ڕاتدەگوێزن، بۆ کوێ؟ خۆیان نەبێ کەس نازانێت.

دوکتور وەدەرکەوت و ئەژدەر کەوتەوە سەر یادی هاوڕێیانی. لەمە دڵنیابوو کە کچە ئازەرییەی شوێن سەری هەڵگرتووە و دەگەڵ دوکتۆر دواوە، جگە لە "ئامینە" کەسی تر نییە. ئامینەی ڕوح سووکی خۆش ڕەوشت، چەشنی "میرزاحسێن"ی باوکی ئازا و تێکۆشەرە. کەوتەوەوە سەر وتەی دوکتۆر؛ ڕایدەگوێزن، بەڵام بۆ کوێ، خۆیان نەبێ کەس نایزانێت.

ئەژدەر، دوای سێ ڕوژ مانەوە لە نەخۆشخانە، ڕاگوێزرایە بەندێکی چەند کەسی و لە تاکە کەسی ڕزگاری هات. لە بەندی تازە دا شەش بەندکراوی تێدا بوون. مانگی سەپتامبەر بوو. ڕۆژانە بەپێی بەرنامە، نیو کاتژمێر هەواخۆرییان هەبوو. لەو سی خولەکە دا، تاوێکیان وێدەکەوت و بایەکیان بە سەر دادەهات. قسەکردن و گەپ لێدان دەگەڵ هاوبەندەکان، هەر وەها هەوا خۆری و هاتن و چوونی نیوسەعاتە، کەمتاکورتێک خەم ڕەوێن بوون و لە باری دەروونییەوە یاریکاری بوون. بەم ئاخر تۆقەیە و بەو جوێن و تف پێدادانە، لاورۆڤ دەستی لە بەرۆکی بەر دابوو. لە بری لاورۆڤ، جار جارە، دادوەرێکی تر بانگی دەکرد و هەر ئەو پرسیارانی لێدەکرا کە لاورۆڤ لێی کردبوو. ئەویش هەر هەمان وەرامانەی دەداوە، کە لاورۆڤ بیستبووی و نووسیبوونی.

بەندیخانە پڕی زیندانی سیاسی بوو. لە پەنجەرۆکە و لە دالانی بەر ژووری بەندەکانەوە هەر دەنگی سروود بوو دەهات و تێیاندا بڵاو دەبۆوە. دروشم و سروود بەریان پێ نەدەگیرا و بەندەوانەکانیشی پێ ڕاهاتبوو. لە هەواخۆرییەکان دا گەلێک هاوخەبات پێک گەیشتنەوە و خەمی تەنیایی کەم و کەمتر بۆوە. هەتا یەکێک لە هاوبەندەکان بۆ سەرخوێندنەوە بانگهێشتی ژووری دادوەر دەکرا، هاورێیان دڵیان پێ

دەداوە و ورەیان بەرز دەکردەوە. ئیتر بەندەوانیش وەکی جاران ڕوو گرژ و مرچ و مۆن نەمابوون؛ وەک بڵێی ئەوانیش ترسی ڕووخانی ڕژێمیان بە دڵ داهاتبێ، زۆر شتیان دەبینی، بەڵام بە نەدیویان دادەنا و پشت گوێیان دەخست. بەندیخانەی "بابیل"، هەر ئەوەندەیان کرێکاری تێکرد، کە هەڵواردن و پارێز و پاوانکردنیان لە کردن دا نەبوو. هەر کرێکارێک دەکەوتە بەندیخانە، کۆشێک خەبەری خۆشی بۆ یاران بە دیاری دەهێنا. خەبەرەکانیش بە یەک ڕۆژ، بەهەموو بەندەکان دا بڵاو دەکرانەوە. خەبەری لێکۆڵینەوە و سەرخوێندنەوەی هەر تاکێکی زیندانیش، هەر دوای چەند ڕۆژێک بە گوێی گشتیان دەگەیشتەوە. لە زۆربەی سەرخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زیندانییەکان، یەکەم پرسیارەکان ئەمە بوون:"نینا" لە کوێیە، ناو نیشانی چییە... بڵاڤۆکی بەرهەمی "نینا" چلۆن بڵاو دەکرێتەوە و کێ بڵاوی دەکاتەوە. ئەم پرسیارانە دەری دەخست کە "نینا" هەر لە سەر پێیانە و لە ئەو پەڕی چالاکی خۆی دایە. ئەژدەر بە بیستنی ئەم هەواڵ و خەبەرانە زیندوو دەبۆوە و دەتگوت خۆی ڕاگوێزەری بەرهەمی "نینا"یە و شان بە شانی "ڤەڕا" ئەرکەکان بەڕێوە دەبەن.

چەند ڕۆژێک بوو، زیندانییەکان لە دەرەوەی بەندیخانەوە خواردەمەنییان بۆ دەهات. نان و سەوزە... کولیچە... پەنیری تازە و شتی ئەوتۆ. ڕۆژێک، کرێکارێکی زیندانی، پسوولە نامەیەکی دە مستی ئەژدەر نا کە لە ناو"گردە"نان دا جێگای بۆ کرابۆوە. نامەکە، کەسێک ناردبووی و لەبری واژۆکردنی ژێر نامەکە، پیتی"پ"ی لە خوار نامەکە دا نوسیبوو. نامەی "پیوتر" بوو. نامەکە، سپاسنامە و ڕێزگرتن لەو توانا و تابوشتە بوو کە زیندانی لە دەمی ئازار و ئەشکەنجە دا، سەری شۆڕ نەکردبۆوە و بە خۆڕاگریی بوێرانەی خۆی، نهێنییەکانی کۆمیتەی کرێکاری پاراستبوو.

مانگێک دەبوو ئەژدەر لە ژووری چەند کەسی دا بەند کرابوو، ڕۆژێک بانگیان کرد و بردیانە ژووری دیداری خزم و کەسان. ئەژدەر، لە پشتی میلەی ژوورەکەوە چاوی بە "ئامینە" کەوت. لە دیتنی ئامینە دڵی پشکووت، بەڵام سەر و سیمای "ئامینە"ی ڕەزاشیرین لە ژێر خەرمانەی خەم دا شکابۆوە. سەیرە!... ئەو سیما جوان و دل ئەنگێوەی جارانی ئامینە چی لێهات؟.. ئەو شەنگە کچەی کە دەتگوت پەڕی گوڵی سەرتۆپی گوڵانە، بۆچ وای لێهاتووە؟ ئەژدەر جەرگی تەزی، بەڵام خۆی کۆ کردەوە و زەردەیەکی زۆرەملی خستە سەر لێو و بانگی کرد:

ـ ئامینە!... دادە نازدارەکەم ، خۆشەویستی خۆشەویستەکە من چۆنی؟ دایکت چۆنە؟ ئەدی پوورە "ماریا"ی ماڵوێرانی من ؟...

ئامینە بە هەناسەسواری وەرامی داوە:

ـ نەخۆشی و ئازارەکەت دڵی هەموومانی خەمبار کرد ئەژدەر! بەڵام دەبینم باشتری... خەبەری ئازادبوونت کەی شادمان دەکاتەوە ئەژدەر؟!

ـ ئامینە گیان خەبەری خۆتان... خەبەری باوکت.. دایکت.. پوورە ماریا.. ئەکبەر؟ چۆنن؟ چیدەکەن؟

ـ پووره ماریا، دوای شەهیدبوونی "ڤەرا"، هەر دەتوانم بڵێم ماوە... بەڵام ئەکبەر بۆی بۆتە کوڕێکی شیرین و جێگای ئەژدەر و "ڤەڕا"یشی بۆ پڕ کردۆتەوە... لە باوکمەوە هیچ هەواڵێکمان بۆ نایە، نازانین ماوە یان مردووە. کەس ڕاستمان پێ نابێژێ و لە تاریکایی داین...

ئەسرین لە چاوەکانی ئامینە دا ترووسکەیان هات و فرمێسک بە سەر ڕوومەتەکانی دا وێڵی داخزین بوون.

ـ ئەژدەر ئەوە کەمێکم خواردەمەنی بۆ هێناوی . بەهیوام بە گیانت خۆش بێ...

یەساوڵەکە قیڕاندی:

ـ کاتی قسەکردنتان تەواو... بۆ دەرەوە ... دەی!

ئەمینە لە ئاخر قسەکانی دا گوتی:

ـ سپاردیان پێم کە پێت بڵێم لە قەڵای "مەتخ"دا ڕەفیق "لادۆ کەتەسخۆلی"یان تیرەباران کرد. وریای خۆت بە!... دەور و بەرتان گورگەمێشی تێدایە. لە ناو نانەکەت دا نامەی خۆت و هاوڕییانی تێدایە... وریای خۆت بە ... بە کامەرانیت دەسپێرم...

خەبەری شەهیدبوونی ڕەفیق "لادۆ" بەندیخانەی "باییل"ی هەژاند. لە هەموو چاوەکانی بەندیخانەی مەزنی باییل دا، دەنگی سروودی شۆڕشگێرانە و دروشمی "مەگ و نەمان بۆ دەزگای داپلۆسێنەر... سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی شۆڕشگەرانەی کرێکاری و ..." بە هەموو لایەک دا دەگەڕا.

چەند ڕۆژێک بە سەر هاتنی ئامینە و خەبەری شەهیدبوونی "لادۆ" دا ڕابورد، دەرگای ژووری بەندیخانەکەی ئەژدەر کرایەوە و پیاوێکی بە بەژن و باڵایان تێکرد. لە یەکەم دیدار دا، ئەژدەر میوانی تازەی ناسییەوە. یەکێک لە تێکۆشەرانی شاری تفلیس بوو، کە وەک یاریکاری چاپخانە ڕەوانەی شاری باکۆ کرابوو. پیت چێن و کرێکارێکی شارەزای دەزگای چاپخانە بوو. لە چاپخانەی "نینا" دا پێکەوە ببوونە دۆست و هاوکار. بە دیتنی میوانی تازە، دڵی کرایەوە، بەڵام نە ئەژدەر و نە میوان، هیچکامێکیان وەڕووی خۆیان نەهێنا و هەر وەک نەدیو نە ناسان تۆقەیەکی سووکیان دەگەڵ یەکتر کرد و تەواو. شەوێک، ئەودەمەی کە لە خەوتنی بەندییەکان دڵنیا بوون، میوانی تازە، دەمی بردە نزیگ گویچکەی ئەژدەر و گوتی لە بەندیخانەی "مەتخ"ی شاری "تفلیس"ەوە ڕاگوێزراوەتە بەندیخانەی باییل. ئەژدە زۆر بە ئەسپایی لێێ پرسی:

ـ خەبەری تیرەباران کردنی هەڤاڵ لادۆ ڕاستە؟!

ـ بەڵی، من و ڤانۆ سترۆڤا و هاوڕێیەکی دیکە، بەناوی "ئەلی یۆڤ" پێکەوە هاوبەند بووین...

ـ بۆچ مەگەر "ڤانۆ"ش لە قەڵای"مەتخ" دا زیندانییە؟

ـ بەڵێ، دەزگای پاراستن بو زانیاری دەرکێشان لە "لاۆ"، "ڤانۆ سترۆڤا"یان لە بەندیخانەی "باییل"ی باکۆوە ڕاگواست و کریانە هاوبەندی "لادۆ". ماوەیەک لێیان

خەفتان و ڕووبەڕووی یەکتریان ڕاگرتن و بە زۆرەملی کردیانن بە هاوکار و هاوتاوان، بەڵام هیچیان ملیان نەدا و پێیان داگرت کە قەت یەکتریان نەناسیوە.

لادۆ، لە بەندیخانە دا دەگەڵ گەنجێکی هەڵسوڕاو دەبێتە دۆست، کە بە تۆمەتی پیاوکوژی، بەندی هەتا هەتایی بەسەر دا سەپێندرابوو. دۆستایەتیی لادۆ و کوڕەگەنجەکە هەتا پلەی برایەتی دەچێتە سەر. کوڕەگەنجەکە لە بەندیخانەی قەڵای "مەتخ"دا، وەک پیت چێن و بەرپرسی چاپخانە و کتێبداری زیندان کار دەکات و گەلێکیش دەستڕۆیشتوو دەبێ. هەر ئەو دۆستە بەڕێزەش، بە یاریکاریی هەواڵانی خۆی لە دەرەوەی زیندان، ئەدەبییاتی مارکسیستی بۆ لادۆ دەکێشێتە ناو بەندیخانە و ناهێڵێ لادۆ کەمایەسی ببینێت. ئیتر ئەو بەندەی کە لادۆ تێیدا دەژیا، چەشنی زانکۆی لێهاتبوو. بۆ ڕێنوێنی و بەرزکردنەوەی زانیاریی هاوبەندەکانی، حەسانەوە و سرەوتی نەبوو. لادۆ بۆ هاوبەندەکانی وەکی مامۆستا و ئامۆژگار کاری دەکرد و نەدەوەستا. لە ڕێگای کوڕەگەنجەکەوە، نامەی بۆ یارانی دەنارد و نامەی دەرەوەی بۆ دەهات. ڕۆژێک، نامەیەک بۆ لێنین دەنووسێت و بەڵێن لە دۆستەکەی وەردەگرێت کە نامەکەی بۆ بگەیەنێت. وا هەڵدەکەوێت و ڕۆژی بەڕێ کردنی نامەکە، دەزگای پاراستن هەموو بەندەکان کۆنترۆل دەکات و نامەی "لادۆ" دەکەوێتە دەستی دەزگای پاراستن. لادۆ بە تاوانی نامە ناردن، دەکەوێتەوە ڕەشە چاڵی تەنیایی و ماوەیەک لەوێ دا ڕادەگیرێت. لە ڕەشەچاڵەوە بۆ بەندی تاکە کەسی و ئاخرسەر قەراری ڕاگواستنی بۆ بەندیخانەی نیزامی بۆ دەردەچێت، بەڵام دەزگای پاراستن و بەرپرسی زیندان، ئەم ڕاگوێستنەیان بە ئەرینی وەرنەگرت و باشترین ڕێگە چارەیان بە نەمانی ئەو سەلماند. بڕیاری تیرەباران کردنی بۆ دەرکرا و لە ڕۆژی حەڤدەی مانگی ئووت، جەماعەتێک ئاسۆڕی، بۆ دیداری ئازیزانی زیندانیکراویان لە ساڵۆنی چاوەڕوانی دا ڕادەوستن. لادۆ، لە پشتی میلەی زیندانەوە دەگەڵ چەندێکیان بە زمانی ئەرمەنی وتووێژ دەکەن. دوو چەک بەدەستی بەرامبە، بۆیان لە فیتفیتۆکە دەدەن و بە سەریان دا دەگوڕێنن. لەوان هەڕەشە و لە "لادۆ"ش بێ گوێیی. من و "ڤانۆ" و "ئەلیلۆڤ" زۆری لە بەر پاڕاینەوە کە واز بێنێت، بەڵام نەیکرد؛ تۆ مەڵێ ئەمە شانۆیەک بوو بۆ کوشتنی لادۆ؛ دوو چەک بەدەستەکان سێرەیان لێدەگرن و بە جووتە تفەنگی لێ ئاگر دەدەن. لادۆ لە بەر چاوی ئێمە و هەموو بەندییەکان دا شەهید کرا. باوکی بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی هاتە زیندان، بەڵام تەرمەکەیشیان ڕادەستی باوکی نەکردەوە و لە حەوشەی زیندان دا ژێر خاکیان کرد. سەرۆکی بەندیخانی، پێنج مەنات و مانگێک پشوودانی بە دەستخۆشانە وەرگرت.

ئەژدەر و هاوڕێکەی بە خەمی لە دەستدانی "لادۆ"وە، هەتا ڕۆژ نەخەوتن. ژیان لە بەندیخانەدا تاڵ و پڕ لە خەمە. ژینی بەندی، ڕۆژ بە ساڵێکە و لە بیست و چوار دەمژمێری شەو و ڕۆژ دا، کاتژمێر بە بارستایی ساڵێک خۆی لەبەر یەک دەکێشێتەوە و کات تێپەڕ نابێت.

ڕۆژەکان بە دوای یەکدا تێپەڕین و ئەژدەر لە بەندیخانەدا بە هومێدی ڕزگاری، شەوەکانی بەڕۆژ دەگەیاندن. جارانی جار بردیان و دە ڕەشە چاڵیان ئاخنی و دەریان هێناوە و دە بەندی تاکەکەسەیان هاویشت. بۆ ڕووخاندنی وردەی بەرزی، لەم بەند بۆ ئەوی تر و لەم گۆڵمەز بۆ ئەو گێچەڵ، بردیان و هێنایان.

نۆ مانگ بەسەر بەندکردنی "ئەژدەر" دا تێپەڕی. لە ماوەی ئەم نۆ مانگەدا بەندیخانەی "بابیل" چەشنی شەمەنەفەر، سەفەربەری تازەی تێخزا و هی کۆنی لێ ڕۆییشت. دڵی "ئەژدەر"، ئارەزووی ئازادی پێدادەگەڕا و یادی سەردەمی تێکۆشانی شۆڕشگێرانەی، بە گەرمی بانگی دەکرد. چەند خۆشە بە "نینا" شاد ببمەوە و دەگەڵ هەڤالان ڕۆژ هەتا شەو سرەوت و سوکنایی نەبینین. تێبکۆشین و بە خەباتی خۆمان دەزگای دەسەڵاتدار گێژ و وێژ بکەین... "نینا" دەبێ لە چ حاڵ دابێ؟... یارانی "نینا" دەبێ چی بکەن؟... کار و باریان چلۆن دەچێتە پێش؟ هەتا کەی و کەنگێ ئەم چوار دیوارە تەنگە جێ و مەکۆی من بێ؟... من لەم جیهانە تەنگەبەرە دا هەڵناکەم... ڕێگای ئازادبوون دەبێ بدۆزمەوە و ئازادانە بژیم...

سەرەتای مانگی ئاپریل بوو. ڕۆژێکی خۆش هەوای بەهاری و دەمی ڕازانەوەی سروشتی دوای ستەمی زستان بوو. لە نووسینگەی بەندیخانەوە ئەمربەرێک هات و ئەژدەری دەگەڵ خۆی برد. لە ڕێگادا، ئەمربەرەکە گوتی ناسیاوێکت هاتۆتە سەردانت، چاوگەلت ڕوون!

ئەژدەر لە پشتی شیشی دیواری ئاسنەوە "ئامینە"ی چاو پێکەوت و چاو و دڵی گەش بۆونەوە. ئەمجارە هەر تەنێ ئامینە نەبوو، "گوڵارا خانم"یشی دەگەڵدا بوو. بسک و ئەگریجە خاوەکەی گوڵاراخانم ، بەفری پەژارەیان بەسەر دا باریبوو. دەور و بەری چاوە جوانە مەستەکانی، بە خەرمانەی چین و چرووکی خەمباری داگەڕابوون و هەرەسی پەرێشانی پیری کردبوو. "ئامینە"ش لە جاران کز و شکاوەتر دیاری دەدا. ماوەی نیو کاتژمێر پێکەوە دوان. بەڵام سەیر ئەمە بوو، کە یەساوڵی چەک بەشان چی نەدەگوت و ڕێگای وتووێژی لێ نەدەبڕینەوە. یەساوڵەکە پیاوێکی بە ساڵاچووی سەر و ریش چەرموو بوو. لە پاڵ دیوار دا وەنەوزی دەدا و جار جارەش چاوێکی هەڵدەهێنا. ئەژدەر پێی وابوو ناسیاوە و لە شوێنێک دا یەکتریان بینوە. ئامینە بە دەرفەتی زانی و بە ئەسپایی گوتی:

ـ منیش دەگەڵ "نینا" بووم بە دەستەخوشک و کارەکانمان پێکەوە ڕادەپەڕینین... بۆ هەر شوێنێک بمنێرێت، بۆی دەچم و بۆی دەگەڕێمەوە ...

ـ "نینا" چۆنە؟... گیازی بەنازی چۆنە؟

ـ باشتر لە جارانە... دەستپوختەکانی ڕەنگین ترن ...

ـ سڵاوم بۆ هەموو یاران و هیوای سەرکەوتنی "نینا"... وریای خۆت بە ئامینە گیان... کاتەکەیان کۆتایی هات و لێک هەڵبڕان.

ئێوارە، بەر لە تاوپەڕانان، هاتن و "ئەژدەر"یان بردە بەشی پاراستنی زیندان. دەرگایان بۆ کردەوە و بردیانە ژوور. "لاورۆڤ" لە پشتی مێز دانیشتبوو. یەساوڵە پیر و خەواڵووەکەش لە ژوورەکە دا ڕاوەستا بوو. ئەژدەر بە وردی سەیری یەساوڵەکەی کرد و ئەودەم زانی ئەم نابەکارە بەدفەڕە، هەر ئەو "جغجغە"ی جارانە و خۆی لە ژێر ڕیش و پەشم دا شاردۆتەوە. واق وڕمانی ئەژدەر لە بینین و ناسینەوەی "جغجغە" بۆ لاورۆڤ، موژدەی شادمانی بوو.

ــ ها بزانم ئەژدەر!... ناسیتەوە؟... کۆنە ناسیاوی لەمێژینەت هاتەوە یاد؟!

ـ گەورەی بەڕێزم!... ئەوان منیان نەناسی، بەڵام ئەژدەر خۆی دەزانێ کە گوێچکەکانی من موویان لێ لار نەبۆتەوە و وەک جاران هەستیار و بەکارن...

ــ بڵێ بزانم "ئەژدەر" و ئەو خانمانەی هاتبوونە سەردانی ئەژدەر، باسی چییان دەکرد و لە چی دەدوان؟

ــ کیژەکە دەیگوت کە "نینا" باشتر لە جارانە... دەستپوختەکانی ڕەنگین ترە. و بۆ هەر شوێنێک بمنێرێت، بۆی دەچم و بۆی دەگەڕێمەوە.

لاورۆڤ ، بە ئەوپەڕی تووڕەییەوە، مستی لە بەر دەموچاوی ئەژدەر هەڵسووڕاند و گوتی:

ـ ئەو کچە کێ بوو؟... لە کوێ دەژی؟.. ناوی چییە؟... بێژە پێم .. زوو!

ئەژدەر بەبێ ئەوەی کە تووڕەیی و مست ڕاوەشاندنی لاورۆڤ بە شت بزانێ، زۆر هێدیانە وەرامی داوە:

ــ دەیناسم، بەڵام ناوەکەی نازانم و، نازانم لە کوێ دەژی... سەردەمی کرێکاریم جار جارە دەهاتە کارگە و شتومەکی دەفرۆشت... من لەوێوە دەیناسم و تۆزە حەزێکیشم لێ دەکرد ، بەڵام بێ جوابی هێشتمەوە...

ــ خۆشەویستی؟!... کوا خۆشەویستی لە مەسلەکی ئیوە دا ماوە؟!

ئەژدەر بێدەنگ مایەوە. هەرچی پرسیاری لێکرد و بەسەری دا شریخاند، وەک دەگەڵ دیواری بێ، ئەژدەر گوێی نەبزووت و هیچی نەگووت.

سەرلەنوێ ڕایان گواستە ڕەشەچاڵێکی تاریکی بۆگەن. ماوەیەک لە ڕەشەچاڵ و دوایە بۆ بەندی تاکە کەسی و لەوێوە بۆ نەخۆشخانە. ئاخرسەر هێنایانەوە پاڵ چەند دیلی دەستبەسەر کراوی هەژار.

ئەودەم کە لە نەخۆشخانەدا کەوتبوویە ژێر چاوەدێریی پزیشکی، ئەژدەر بە کەلێن لەبەر دوکتۆ پاڕایەوە کە ئەگەر چاوی بە ئامینە کەوت، پێی بڵێ نەیەتە سەردانی کە مەترسی لە ڕێدایە.

ڕۆژەکان تێپەڕین و مانگی بەسەر داهات و لە ئامینە هیچ هەواڵێک نەهات. وا دیار بوو، کە ئەمجارەش دوکتۆر بە فریایان گەیشتووە و لە سای دڵسۆزی ئەوەوە گیانی «ئامینە» پارێزراوە.

بەندیخانە لەبەر ژمارەی زۆری زیندانی ژاوەی دەهات. بۆگەن و هەڵم و هاڵاوی مرۆڤ خنکێن لە داڵان و هۆڵ و ژوورە بچووکەکان دا هەناسەیان لە سنگ دا قورس دەکرد. لێکۆڵینەوە و سەرخوێندنەوەی تازەگیراوان، ئازار و ئەشکنجەیان بۆ دەم کردنەوەیان، هاوار و ناڵینی بریندارا‌ن و تەنگەبەری و نەبوونی جێگای دانیشتن، گیانی زیندانیانی دەتاساند.

ئەژدەر، لە هەمبەر هەموو تەنگ و چەڵەمە و لێدان و ڕەشەچاڵی تەڕ و بۆگەن، لە دەروون دا خۆی بۆ ئازادبوون ساز دەکرد و ورەی خۆی بەرز ڕادەگرت. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەژدەر هەر لە دەمی منداڵی و هەرزەکاری و تەنانەت لە دەورانی جەوانیشی دا، دەگەڵ هەمە چەشنە تاڵی و سوێریی ژیان دەست و پەنجەی نەرم کرد بوو. لە کەوتن دا بە هیوای هەستانەوە و لە تەنگاسی دا بە ئارەزووی ڕزگاری تێکۆشابوو.

گەلێک جاران، لەو دەمانەی کە شەلاڵی خوێن بوو، دەیان خستە ناو ڕەشەچاڵی ئەنگوستە چاو، بە خۆی دەگوت:" ئەم دەورە تاڵە زۆر ناخایەنێت و ڕۆژی ڕوون دەبینمەوە. دەزانم ئەم خەونە ناخۆشە پڕ لە هاشە و پاشەیەی کە ئێستاکێ دەیبینم، سبەینێ تەواو دەبێت. بێتوو لەم بەندە ڕزگاریم بێ، هەموو ئەزموونەکانم بۆ سەرکەوتنی هەتاهەتایی خەرج دەکەم... هەر ئەم جارە ڕزگار ببم، ئیتر... ڕزگار!... چۆن ڕزگار دەبی؟ ... ڕێگای ڕزگاربوونت بە کوێ دایە؟

ڕزگاربوون لە بارەگای مێشک و خەیاڵی «ئەژدەر» دا یەک دەم دانەدەکەوت. خووی پێ گرتبوو؛ نانی دەخوارد بیری ڕزگاری دەگەڵ نانەکەی بوو... لە بەردەم مەحکەمە ڕادەوستا و حاکم حوکمی بۆ دەردەکرد، حوکمی قازی بە ڕزگاربوون دادەنا.

لەماوەی زیندانبوونی دا، هیچ ژوورێکی بەندیخانە نەبوو کە ئەژدەر بە مانگ تێدا نەژیابێ. هیچ ژوورێکیش نەبوو کە ئەژدەر بەبیری ڕزگاربوون، بە وردی و بە چاوی کڕیارەوە هەڵی نەسەنگاندبێت و خاڵی کزی ژوورەکەی نەدابێتە بەر لێکۆڵینەوە. لە هەموو بەندەکانیش دا، دەگەڵ هاوبەندەکانی ئەوەندە گەرم و برادەر و یەکدڵ و یەک گیان بوو، کە ترس و تەقێیان لە نێوان دا نەبوو.

شەو بە دوای شەو دا تێپەڕی و مانگی کۆن نوێ بۆوە و وەرزەکان جێگۆڕکێیان کرد، بەڵام بیری هەڵاتن لە بەندیخانە و ڕزگاربوون، بۆ کورتە دەمێکیش لە مێشکی دانەدەکەوت. هەر بە هیوای ڕزگاری خەوت و بە ئاواتی دەرچوون لەخەو خەبەری بۆوە... سەرەنجام...

****

# 40

مانگی ژوئەنی ساڵی 1904 بوو. حکومەتی دیکتاتۆری تزاری خۆی دە شەڕێکی دوور و درێژیماڵوێرانکەر وەردابوو. "ژاپۆن"ەکان کوڵیان نەدەدا و قەیسەری ڕووس بە لێشاو گەنج و لاوی گوندی و شارەکانی بۆ خۆراکی بەر دەمی تۆپ ڕەوانەی گۆڕەپانەکانی شەڕ دەکرد. کۆمەڵگای رووسیە لە ژێر گۆشاری دەزگای داپڵۆسێنەر دا هانای نەفەس کێشانیان نەمابوو. دەبوایە کار بکەن و لە هەشتی داهاتی خۆیان، تەنیا مشتێکی بۆ خاو و خێزانی خۆیان بگێڕنەوە و بەشی هەرە زۆری بۆ شەڕێکی ماڵوێرانکەر خەرج بکەن؛ شەرێکی کە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نەبوو؛ کوڕیان لە شەڕ دا دەکوژرا و ماڵ و سامانیشیان بەفیڕۆ دەڕۆییشت.

هەر لەم هەلومەرجە ئەستەمە دا،"بەڵشڤیک"ەکان لە هەر هەنگاوێکی سیاسی دا باوەڕی چەوت و هەڵوێستی خاوی"مەنشڤیک" و "شەندریکۆڤ"یەکانیان بۆ کرێکار و ڕەنجبەر و خەڵکی هەژار دەخستە ڕوو. هەلپەرستی و باوەڕی هەڵەی پڕ لە ساختەکاریی ئەوانیان سوور دەکردەوە و نەخشی بەتاڵی ئەوانیان وەک نەخشی سەر ئاو، بە ئاو دا دەدا.

"نینا" ڕادەی بەرهەمی زۆرتر و داوێنی چالاکییەکانی هەراوتر ڕۆیشتبوو. ئیتر هۆدەی تەنگ و تاریکی مەڵبەندی "تازاپیر"، بۆ "نینا"ی چالاک فرە بچووک بوو. ئەگەرچی هەندە خەباتکارێکی وەک ئەژدەر کەوتبوونە بەندیخانە، بەڵام لە سای تێکۆشانی بێ وچانی خەباتکاران دا، جێی دەستی گیراوانیان پڕ کردبۆوە. بەپێی بڕیاری گشتی، جێگاو ڕێگای "نینا" دەبوایە بەرفرەوانتر کرابایەوە و ماڵێکی شیاوتریان بۆ ڕاخستبایە. دوای گەڕان و چاو لێکردنی گەلێک ماڵ و گەڕەکەکانی شاری باکۆ، لە شەقامی "کەرپیچنی"دا ماڵی ژمارە "١٠٢"یان پەسند کرد. ماڵەکە، بە مڵکایەتی هی"ئاغایۆڤ" ناوێک بوو کە خەڵکی گوندی "فاتمایی" بوو. ماڵەکەی "ئاغایۆڤ"، شانی بە شانی دیوارێکی بەرزی بەردینی بەندیخانەیەکەوە بوو، کە شەو

هەتا ڕۆژ، پۆلیس و کەسانی بەشی پاراستن لە بەر دەرک و دەروازەکەی دا هەس هەس و پاسەوان ڕادەوستان.
ڕۆژێک لە ڕۆژان، چەند کەسێک بە گالسکەوە هاتن و سەردانی ماڵی "ئاغایۆڤ"یان کرد. دوای دەستومشتاق و چاکوچۆنی و خۆناساندن ، خۆیان بە تاقمە بازەرگانێکی"تفلیس"ی ناساند، کە خەریکی هاوردەو هەناردەی کەلوپەلی جۆراو جۆرن. بە ئاماژەی دەست بەرەو دەر، گوتیان:
ـ ئێمە بەم گالسکەیەی کە لە بەر دەرگا ڕامانگرتووە، کەلوپەلی ناو ماڵ بە کۆڵانان دا دەگێڕین و دەیفرۆشێن. بەنیازین کەلوپەلێکی زیاتر ڕاگوێزینە شاری باکۆ. بۆ ئەم بازەرگانییەش، بە دوای شوێنێک دا دەگەڕێێن کە هۆڵێکی شیاوی هەبێ بۆ ڕاگرتنی کەلوپەکەکانمان. ئێمە دەخوازین هاتوچۆمان کەمتر بکەینەوە، چونکە خۆتان دەزانن هاتوچۆ کردنی زۆر، گران تەواو دەبێت و قازانج سەری دەسمایەکەمان دەخوا. ماڵەکەی ئێوە، لە هەر بوارێکەوە بۆ ئێمەو بۆ کار و کسبەکەی ئێمە یەک دێتەوە، بەتایبەت کە شوێنەکەیشی باش و پارێزراوە و بە مەتمانەیە... ئەگەر دەگەڵمان بسازێن، ئەوە هەر ئێستێکە پێش کرێ و پارەی مانگێکیش پێشەکی دەدەین.
"ئاغایۆڤ" پێی وابوو لە ئاسمانانەوە بە سەری دارژاوە، هەر گورجێک دەستی نایە ناو دەستیان و پارەی وەگرت و کلیلی پێدان.
بازەرگانەکان، "پیوتر چۆنیاتۆڤ" و "سیلۆستەر تودریا" و "واسیلی شنگۆنۆڤ" و چەند هاوڕێیەکی دیکە بوون. هەڤاڵانی ناوبراو، بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی کرێکارانی شاری باکۆ، ڕاگواستنی و دامەزراندنی چاپخانەی "نینا"یان وەئەستۆ گرتبوو.
دەروازەی گەورەی ماڵی تازەی "نینا" بە ڕووی شەقام دا دەکرایەوە. دەروازەی گەورە کە دەکرایەوە، حەوشەی یەکەم بوو؛ لە حەوشەی یەکەم دا دوو ژوور لە بەرامبەر دا دەبیندران دوو ژوورەکان لە ڕێگای دالانێکی باریکەوە بۆ حەوشەی ژوورەوە دەچوو. لە دوو بەری حەوشە ژووروش دا دوو هۆدەی بەرامبەر بەیەک ساز کرابوون. لە هۆدەکەی دەستی چەپ دا دەرگایەکی لێ دەکرایەوە کە ئەو دەرگایە بۆ ژووری ئالیک و تفاقی ئاژەڵانی دەبردی. وا دەردەکەوت کە "ئاغایۆڤ" سەردەمانێک ئاژەڵدار بووبێت و ئاژەڵی تێدا بەخێو کردبن. ژووری تفاق، هەتا نێو قەدی ژوورەکە، باقە گیان تێدا هەڵچندرابوو. لە پشتی ژووری تفاقیش دا دەرگایەک بە سەر شەقام دا دەکرایەوە. بازەرگانەکان، ژووری تفاقیان بە گژ و گیا و باقە وێنجەکانیشەوە لە "ئاغایۆڤ" هەڵگرتەوە. لەو ژوورەدا، ئامێری نەوژەن کردنەوەی گالسکە و ئامرازی ئەسپ و بارگینانیان تێدا هەڵچنی. چەکوش و دەزگای ئاسن کوتانەوەیان لە بەرێکی ژوورەکە دا هەڵچنی. لە سەر ڕفە و تاقەی ژوورێک دا هەندێکیان کتێبی جۆراوجۆری بازەرگانی و چەند کۆنە کتێبی ئایینیشیان دانا.

یەک دوو ڕۆژان سەرگەرمی ئاسن کوتانەوە و نەوژەن کردنەوەی چەرخی گاریَ و گالسکان بوون و دەنگی تەقوتۆقی چەکوش و دەزگایان ڕێیە ڕۆژێک دەڕۆییشت. وەستاکارەکان لەو چەند ڕۆژەدا، لە بەشی بنەبانی تەویلەکەوە، خەریکی هەڵکۆڵین و سازکردنی ژێر زەمێنێک بوون کە چاپخانەکەی تێدا جێگیر بکەن. ڕۆژانە هەڵیاندەکۆڵی و شەوانەش خۆڵەکەیان دە توورەکان دەکرد و بۆ بەیانی بە گالسکە لە شوێنی دورەدەست هەڵیاندەڕشت. ئەوان کاری خۆیان زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد و نەیاندەهێشت سەرە موویەکیش هەڵەی تێدا بەدی بکرێت و شک بزوێن بیَ. قووڵایی ژێر زەمینەکە گەیشتە دوو مەتر، ئەمجار دیواری خشتیان بۆ هەڵچنی و ژوورێکی ڕەختەی جێداریان تێدا ساز کرد. بۆ ڕێگای چوونە ژوور و هاتنە دەریش، لە ژوورۆچکەی پشتی کادێنەکەوە، شوێنێکیان هەڵبژارد کە دیوارەکەی کرابوویە کۆمۆد و دۆڵابچەی هەڵچنینی ڕایەخ و پێخەفان. دۆڵابچەکان لە تەختەی ساغ و پتەوی داری لێڕەواری ساز کرابوون. ئەوان، دەرگایەکی شاراوەی بچووکیان لە جنسی کۆمۆدەکە بۆ ساز کرد، کە ئەو دەرگایە تەنیا سازکەرەکانی ڕییان پیَ دا دەبرد؛ دۆزینەوەی بۆ کەسانی ئاسایی، زۆر بە زەحمەت بوو. ئەو دەرگا نهێنییە، لە ڕێگای چەند پێپیلکەیەکەوە هەتا ژووری چاپخانەکەی دەبردی. ژووری کادێنەکەش، لایەکی بە باقە وێنجە و گزرە و تەنەکەی پڕ لە جۆی ئاژەڵان گیرا بوو و بەرێکی تریشی، بە هەمە چەشنە ئامێری دارتاشی و ئاسنگەری و کۆنە تەگەری گاریَ و گالسکە، کونبڕ کرابوو.

ژورەکان ڕاخران و حەوشە و حەسارەکان خاوێن کرانەوە و ئەمجار بەرە بەرە ئامێر و ئەسبابی ماشێنی چاپی ڕاگوێزران و لە ڕێگای نهێنییەوە ڕەوانەی ژێر زەمین کران. لە ماوەی چەند ڕۆژێک دا، ئەجزای دەزگای چاپخانە سوار کرانەوە و ماشێنی چاپی بە دەنگێکیَ مەنگ وەگەڕ کەوتەوە.

«نینا»، چالاکانەتر لە جاران، دەستی پێکردەوە. لە مەڵبەندی«ئیچەری شاری»ش دا چاپخانەیەی "نادیا" دامەزرا. "نینا"، سەرەڕای ئەرک و ئەسپاردەکانی خۆی، دەستی هەرەوەز و هاریکاریشی بەسەر "نادیا"ی خوشکە چکۆڵەی خۆی دا دێنا. ئەندامانی کۆمیتەی "باکۆ"ش چالاکتر لە جاران، هەرچەندە ڕۆژێک لە شوێنێک دا کۆ دەبوونەوە و بار و دۆخی ڕۆژیان لێک دەدایەوە و هەڵوێستی نوێیان دەگرت و بانگەوازی تازەیان بە وڵات دا بڵاو دەکردەوە. لە کۆبوونەوەکانیان دا، سەرەڕای کار و بەرنامەی ڕۆژانەی شەقام، بەرنامەی پەیوەندی دەگەڵ هاوڕێیانی بەندیخانەکان و ڕوخساندنی هەل و دەرفەتی ڕزگارکردنیانیشیان لە ڕۆژەڤ دا بوو. لە ئاخر بڕیار دا، دوو هاوڕێی تازەلاوی هەڵسوڕاو، بۆ دنیای ئەو دیوی دیواری زیندان هەڵبژێردران، کە ئەو دووە، یەکیان"ئەکبەر"ی کوڕی غولام و ئەوی تریان "ئامینە"ی کچی میرزا حسێن بوو.

ساڵێکی دوانزده مانگی بەسەر زیندانی بوونی "ئەژدەر" دا تێپەڕی. ساڵێکی پڕ لە ئازار و لێدان و سووکایەتی و ترس و تۆقاندن؛ سیاچاڵ، تاکە کەسی، لە سەر پێ ڕاگرتن، ئاو بەسەر داکران و لە ژووری تاریک و تەڕ و سارد دا ڕاگرتن، پەل و پێ بە زەنجیری و کەلەپچە کردن و دەیان چەشنە کرداری دوور لە جوانمێری لە لایەن زیندانەوانە ترسنۆکەکان لە بەرێک و، لە لایەکی ترەوە کەمخۆراکی و نەخۆشینی بی پزیشک و بێ دەرمان، لەش و لارە بەتواناکەیان تواندبۆوە. چاوەکانی لە قووڵایی چاودانی دا ڕۆنیشتبوون. قژی سەری بەفری بێ وادەیان بەسەر داباریبوو. چێن و گنج و چرووکی لە نێوچاوان و سەر ڕوومەتەکانی دا دەرکەوتبوون.

شەو بوو. ژووره بچکۆڵەکانی بەندیخانە لە دیدەی کوێڕان تاریکتر بوون. لە داڵانە تەسک و باریک و دوور و درێژی بەر بەندیخانەکانە، تەنیا دەنگێک کە بە گوێی بەندکراوەکان دا دەگەییشت، دەنگی هاتوچوونی بەردەوامی زیندانەوانەکان بوو. تەنیا نیشانەیەکی دنیای ئازاد، کە ئینسانی بەندکراو دەیتوانی بە چاو بیبینێت، چەند سیسە ئەستێره بوون، کە لە پەنجەرۆکەی بەرزی تێلبەندکراوی ژووره بچووکەکانەوە دیار بوون. دەنگی بێ پسانەوەی هەنگاونانی پاسەوانی داڵانەکە، هەر هێندە لە گوێ دا دەنگی دەدایەوە، بۆ نەخەوتووان، لە کوتکی گران کاری تر بوون. هەڵم و هاڵاو و بۆگەنی ناو زنجە تەڕ وشێدارەکانیش هەناسەی لە سنگ دا گران دەکرد.

ئەژدەر لە قوژبنێکی زنجەکە دا، پاڵ بەدیوارەوە دانیشتبوو. فکر هەڵی گرتبوو. بیری لەوە دەکردەوە کە ماوەی بەند و زیندانەکەی هەر وا دەڕوات و دوور و درێژ دەبێتەوە. گوشاری دەزگای دەسەڵاتدار بۆ سەر بەندییەکان و پاوان کردنی پەیوەندییەکانی ئەودیوی زیندان و کەم بوونەوە دیداری خزم و کەسانی زیندانییەکان تەمی خەفەتی بە دمەوە بوو. هاوبەندییەکانی سەدجار لە خۆی خراپتر بوون. گوڵاراخانم چەند کەڕەتێک سەردانی کردبوو. وەک دایکێکی دڵسۆز، بە دەستی پڕی خواردن و خواردەمەنییەوە هاتبوە سەردانی. گوڵاراخانم دەگەڵ هەر دیدارێک، کۆڵێکی هیوا و هومێد بۆ دەهێنا. سڵاوی ئامینە، ئەکبەر و پووره "ماریا"ی بە گوێ دادەخوێند. تەنانەت خەبەری چالاک بوونی "ئامینە"شی پێ دا، کە وەک تێکۆشەرێک دەگەڵ "نینا" تێکالاو بووە. ئیتر "ڤەڕا" شوێن دەستی کوێر نەبۆتەوە و ئامینە ئەرکی "ڤەرا"ی گرتۆتە ئەستۆ. ئاخرین جار، گوڵاراخانم لە چەند ڕستەی کورت و بەپەلەی بە گوێی داخوێند و دڵی ڕووناک کردەوە.

ماوەیەک بوو گوڵاراخانم خێرا خێرا دەهاتە سەردانی و نان و خوانی بۆ دەهێنا. ئەو ڕۆژەی کە گوڵاراخانم هاتە سەردانی، لە کاتی دانانی نان و خوانەکە، بە ئامارەی چاو بۆ سەر نان و خوانەکە، گوتی:

ـ لەمەودوا، گشت ڕۆژێک ئامینە لە "ڤولچیەڤروتا" چاوەڕانتە.

ئەژدەر لەم پەیامە تێگەییشت و زانی نان و خوانەکەی ئەمجارەی گوڵاراخانم دەبێ پەیامێکی نووسراوی تێدا جێ درابێت. بەڵام کاتێک کە نانەکەی لەت کرد و مشارێکی ئاسنبڕی زۆر باریکی تێدا دۆزییەوە، دڵی بە پەیامەکە گەش بۆوە و هەرکە لە ناو نانە گرەدەکەش دا چەقۆیەکی بچکۆڵانەی تێدا دۆزییەوە، ئیتر زانی کۆمیتەی کرێکاریی باکۆ لێی بێخەیاڵ نییە و چاوەڕوانی دەرەچوونن. ئەژدەر بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە سەیری تێکۆشانی ژنێکی دەکرد، کە سەردەمانێک خانمی ماڵێک بوو. ئەودەم، لە سیاسەت دەترسا و تەنانەت باسی سیاسەتیش دەیتۆقاند. گوڵاراخانم لە هەڵسوکەوتی "میرزا حسێن"یش سڵەی دەکرد و پێی خۆش نەبوو وشەی سیاسەت بە دەم دابێنێت. بەڵام ئێستاکێ چی؟ گوڵاراخانم بۆتە پەیک و، پەیامی کۆمیتەی کرێکاری و پەیامی ڕزگاری بۆ زیندانیی "بابیل" دێنێت. خەبەری "ئامینە"ش، کە بۆتە یاریکاری نینا، دڵخۆشکەرە بوو. ئەژدەر نەیدەزانی کە ئامینە بۆ پوورە ماریا بۆتە کچێکی میهرەبانتر لە ڤەڕا. بۆ ئەکبەر بۆتە مامۆستا و، زمان و چاوی "ئەکبەر"ی بە خوێندن و خوێندنەوە پشکوواندووە. سەرەڕای ئەمانە، ئامینە لە کتێبخانەکەی "بالاخانی"دا، وەک هاوکار و دەستیاری بەڕێوەبەری کتێبخانەکە خەریکی ئێشە. ئامینە بۆ بەرپرسی کتێبخانەکە، کە ژنێکی تێکۆشەری ڕووس بوو، بۆتە یار و پشتیوان. هۆڵی مەزنی هەر ئەو کتێبخانەیە، شوێنی کۆبوونەوە و پلان داڕشتنی تێکۆشەرانی بەڵشڤیکە و، ئامینە یاریکاری تێکۆشەرانە.

***

ئەژدەر، بە بیری ڕزگاربوون، زەنجیری دەست و پەلانی لە ناو کۆشی دا ڕاگرتبوو. ئەژدەر و هاوبەندەکانی گوێیان بەرەو دالان و دەنگی هەنگاونانی پاسەوانی چاودێر ڕاگرتبوو. ئەو کاتەی کە وا دەنگی هەنگاونانی پاسەوانەکە گوم و گۆڕ دەبوو. رایدەگەیاند کە نۆرەی ئێشک کێشانی ئەمەیان کۆتایی هاتووە و هەر ئێستا، پاسەوانی نوێ دێت و بەپێی دەستوور، چرای دەستی دە زنجەکان دەگرێت و سەرەکان بە تاقی دەکاتەوە و دوایە هاتوچۆی ناو دالان دەست پێدەکات. ئەژدەر و یارانی، خۆیان دەخەو کردبوو. شۆقی چرا بە ژوورەکەیان داگەڕا و پاسەوان بە دەم باوێشکی دوور و درێژەوە، تێپەڕ بوو.

ئەژدەر زۆر بە ئەسپایی ، گوتی:

ـ هەلەکەی هەلە و با دەست پێ بکەینەوە. ئەم پاسەوانە، ئاخر پاسەوانی شەوە و سەعاتێکی تر کازیوە لە سەران دەدات و شەو بە دوایی دەگات. هەر تەنێ کەمێک لە زەنجیری دەستی"ئاواک" ماوە، ئەویش دەبڕینەوە و دەست پێدەکەین.

ئەژدەر ئاخر قلْفی زەنجیری دەستی "ئاواک"ی بڕی و زەنجیرەکانیان زۆر بە شێنەیی لە گۆشەیەک دا کۆ کردەوە. بۆ بڕینەوەی دوو شیشی ئاسنی پەنجەرۆکەی

زیندان، دوویان دەستیان لە ملی یەکتر کرد و کرێکارێکی بەسالاچووش کەوتە سەر پشتیان و مشاری بە سەر شیشی ئاسن دا هێنا.

دەنگی هاتن و چوونی ددانەی مشار بەسەر میلەی ئاسن دا، دەنگی هازە هازی زەردەواڵەی بە ژووری زنجەکە دا دەگەڕاند. کرێکارەکە، چەند چرکەیەک ڕاوەستا و دەستی حەساندەوە و سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. هەر دوو شیشی ئاسنی بەر پەنجەرەی بەندیخانەکە هەڵگیران. پێشەکی و بەر لە بڕینەوە زەنجیرەکان، لە بزگوڕی بەتانە و پێخەف و کۆنە جلکی زیندان، پەتێکی بە مەتمانەیان هۆنیبۆوە و ئامادەی کار و بەرنامەکەیان کردبوو. بۆ چوونەدەر، نۆرەی پێشەکی بەر کرێکارە پیرەکە کەوت و دوای هەموویان ئەژدەر دەبوایە لە زیندان بچێتە دەر. دەربازبوونی هەر تاکێک، کاتێکی بۆ داندرا. کاتەکەش دەنگی هەنگاونانی پاسەوانی داڵانەکە بوو؛ ئەو زنجەی کە ئەژدەر و یارانی تێدا زیندانی کرابوو، لە سەرپەڕی بەندەکانی تر دا بوو. ئیستێک لە تێپەڕ بوونی پاسەوان، کرێکارە پیرەکە دەستی پێکرد و بەرەو خوار داخزی. سێ زیندانی چوونە خوار و ئاخرینیان نۆرەی ئەژدەر بوو. دەنگی هەنگاونانی پاسەوانەکە و باوێشکێکی درێژ و نەرمە کۆخەیەک، ڕایگەیاند وەڕێکەوتۆتەوە. ئەژدەر پێی خستە سەر کۆگا پێخەف و ڕاخەری گلۆڵەکراوی بەر پەنجەرەکە و دەستی بە پەت گرت و بەرەو خوار داخزی. شنەی سارد و بێگەردی دنیای ئازاد، گیانێکی وەبەر ئەژدەر هێنایەوە. هێشتا کازیوەی نەدابوو. دنیا تاریک و چۆڵ و بێ هەست بوو. هاوڕێیانی ئەژدەر لە پەنا ڕەوەزە بەردێک دا خۆیان شاردبۆوە. بە تێکەڵبوونی ئەژدەر، دەستیان لە ناو دەستی یەکتر نا و بەرەو ئاوەدانی ڕۆییشتن. لە یەکەمین شەقامی شار دا یەکتریان لە هەمێز گرت و دوای ماچ و مووچ و ماڵاوایی، لە یەکتر هەڵبڕان.

بەمجۆرە، ڕاکردنێک کە هەر لە سەرەتای ڕۆژانی یەکەمی زیندانی دا، بیر و فکری زیندانی داگیر کردبوو، بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام گەییشت.

تازە کازیوە لە سەرانی دابوو، کە ئەژدەر بە شەقامێکی باریک دا هاتەخوار و بە شارێگەی "بابیل" دا هەرواز هەڵکشا و بەرەو دۆڵ و دەرەی شاخی بەرامبەری کەوتە ڕێ.

جلک و لیباسی بەندیخانەی لە لایەک و لە بەرێکی ترەوە شوێنەورای زەنجیری دەست و پەلی و لەوانیش خەراپیتر، برسێتی، هێزی پێ نەهێشتبوو. بەڵام بە هەر چۆنێک بوو قەدی شاخەکەی هەڵگرت و پێیدا ڕۆییشت. تازە لە ترۆپکی شەخەکە ئاوا دەبوو، کە دەنگی تەقە و ڤیزەی تفەنگ لە بەری بەبدیخانە "بابیل"ەوە خەبەری هەڵاتنی چوار زیندانی سیاسی ڕاگەیاند. ئەژدەر بە بیستنی دەنگی تفەنگ، باوی هەنگاوی توندتر کرد. لە دوورەوە کۆخێک دەبیندرا کە دیار بوو هەژار نشینە و دەکرێ هانای بۆ بەرێت. بەرەو کۆخە ڕۆیشت و لە بەردەرگاکەی ڕاوەستا. تێمابوو بچێت یان ڕێگا بگرێتە بەر و بڕوا. بەڵام دەیزانی نایکێشێت و لەوانەیە پێ ڕابێت. چەند

جارێکی لە دەرگاکە دا. ژنێکی بەتەمەن دەرگای لێکردەوە و هەرکە "ئەژدەر"ی بەم سەر و وەزعەوە بینی، ڕاچڵەکی و هەنگاوێک بەرەو پاش کشایەوە.
ـ تۆ کێیت؟... چیت گەرەکە؟
ئەژدەر بەبێ وڵام دانەوە، وەژوور کەوت و دەرگاکەی پێوەدا. تاوێک لە بەر دیوار ڕاوەستا و چەند پشوویەکی کێشا. زمانی نەدەگەڕا و توانای وڵامدانەوەی نەبوو. ژنە خێرا بەرەو ژورەکەی تر چوو. دەگەڵ کەسێک بە زمانی ئاسۆڕی قسەی کرد و بە جامێکی پڕ لە ئاوەوە گەڕایەوە لای ئەژدەر. بە زمانی رووسی گوتی:
ـ ها بگرە... ئاوەکە بخۆوە و تاوێک بحەسێوە!
ئەژدەر بینی پێوەنا و دوای خواردنەوەی ئاو، سپاسی کرد . هەر لەو دەمەدا پیاوێک لە ژوور هاتەدەر و بە زمانی ئازەری لێی پرسی:
ـ کوڕم ئەوە بۆچ سەر تابە پات خوێناوییە؟... چییە؟ ... چیت لێ قەوماوە؟
وەک ئەوەی کە پرسیاری کابرای ڕەنجبەر بۆ ئەژدەر جێی سەرسووڕمان بێ، چاوێک لە کابرا و سەیرێکی دەست و پەل و لاق و لەتەری خۆی کرد و ئەمجار زانی کە هەرچی زامی دەست و قاچ و سنگ و بەرۆکی بوون، دەمیان کردبۆوە و خوێنیان پێدا چۆڕابۆوە. تازە بۆی دەرکەوت کە چەند جار کەوتن و هەستانەوە، زامەکانی دەمیان کردۆتەوە. ئەژدەر سەیرێکی کابرای کرد و گوتی:
ـ تکایە بم شارنەوە... زیندانی بووم و لە زیندان ڕامکردووە.. لەوانەیە شوێنم هەڵگرن و بمدۆزنەوە... ئەگەر...
ژن و مێردەکە نەیان هێشت ئەژدەر درێژەی پێ بدا. قۆڵیان گرت و هێنایانە هۆدەیەکی تەنگ و تاریک. ژنە ئاوی هێنا و پیاوەکە خوێنی لامل و دەست و باڵی خاوێن کردنەوە. ژنە دوولینگە و چاکەت و کراسێکی بۆ هێنا و جلکی خوێناویان ژێرخاک کرد. ئەژدەر بۆ ڕۆیشتن بەرز بۆوە، بەڵام پیاوکە گوتی:
ـ هەتا شەو بەسەر دادێت، دەبێ لێرە بمێنیتەوە. بحەسێوە با تین و تاقەتێکت هەبێ...
ئەژدەر دەستی پیاوەکەی گوشی و گوتی:
ـ ماڵەکەتان لە بەندیخانەوە زۆر دوور نییە. لەوانەیە شوێنم هەڵبگرن و بمدۆزنەوە... من دەزانم بەشوێنم دادێن و لەوانەیە هەموو خەڵکی ئەم گەڕەکە دۆڵپێچ بکەن... بۆ ئێوەش دەبمە دەردی سەر... بڕۆم باشترە!
یەکتریان لە هەمێز گرت. پیاوەکە گوتی:
ـ ڕاستە... ماڵەکەمان لە بەندیخانێ زۆر دوور نییە... بڕۆ کوڕی خۆم ... بڕۆ خۆت دەرباز بکە... هەر ئەم تیشە ڕێیە بگرە و بە ڕێگای بزنان دا ئەودیو ببە... ڕێگاکە بڕێک چەپ و چڕە و، پێداڕۆیشتنی کەمێک گرانە، بەڵام زۆر بە وریایی بڕۆ و خۆت مەشەمزێنە... هەر وەختێک ئێمەت پێویست بوو، ماڵەکەمان ماڵی خۆتە...

ژنەکە نانێکی بۆ هێنا. ئەژدەر نانەکەی دە باخەڵ نا و ماڵاوایی لێکردن و وەڕێ کەوت. هەر ئەو ڕێگایەی کە کابرای ڕەنجبەر بۆی دەست نیشان کردبوو، پێیدا ڕۆییشت. چەند هەوراز و لێژی تێپەڕ کرد و گەییشتە کۆنە گۆڕستانێک. بە نێو گۆڕستانەکەدا هەڵکشاو چەند گردوولکەی خستە پشتی سەر و گەیشتە "ڤولچیەڤروتا". لە نێوان دوو تاشەبەردان دا ڕاوەستا و بە دووراندا ڕوانی. لە قەدی ئەوبەری گردەکە، ژنێکی دیت، کە بە چارشێو و پەچەوە خۆی داپۆشیبوو. ورد تێی ڕوانی، بە بەژن و باڵا زانی ئامینەیە و لە سەر سۆز و پەیمانی خۆی ڕاوەستاوە. بەڵام ئامینە تەنیا نەبوو، کوڕە گەنجێکی شووش و باریکەڵەیشی دەگەڵ بوو.

هێدی هێدی بۆیان چوو. لێیان نزیک کەوتەوە و زۆر بە سەرسووڕماوی کوڕە گەنجەکەی بۆ نەناسرا... دەبێ کێ بێ؟

ئەژدەر لە پاڵ ڕەوەزە بەردەکان هاتەدەر و کەوتە سەر نەرمانی زەوییەکە و خۆی نیشان دان. ئامینە دەستی کوڕەکەی گرت و بە جووتە بۆی هاتن. ئەژدەر چەند جاران چاوەکانی نووقاند و بە لەپی دەست چاوەکانی داماڵین... چەند هەنگاو ئەولاتر، ئامینە دەگەڵ "غولام" بۆلای دەهاتن. بەڵام هەڵسوکەوتەکەی ناسییەوە و بانگی کرد:

ـ ئەکبەر!... ئەکبەر!..

ئەکبەر دەستی "ئامینە"ی بەر دا و چاوێکی لە "ئەژدەر" کرد. پیاوێکی لەڕ و لاوازی قژ سپی ، بانگی دەکرد... دەبێ ئەمە کێ بێ؟

ئەکبەر گوتی:

ـ بانگی منت کرد؟

ـ بەڵێ ئەکبەر بانگی تۆم کرد! نەکا نەمناسیتەوە؟!

ئەکبەر بە وردی سەرنجی دایە و لەپڕ بە هەموو توانای دەنگی، بانگی کرد:

ـ ئەژدەر!... ماڵێ وێرانم بۆچ ئەوتۆت لێ بەسەر هاتووە...

دەست و باوەشیان بۆ یەکتر کردەوە و چەشنی گیان شیرین یەکتریان لە هەمێز گرت. ئامینە بەنێو بەردەڵانان دا بە هەلینگدان بۆیان هات. چارشێو لە قەدی هاڵا و ڕێی هەڵاتنی لێ گرت. ئامینە دەستی برد و چارشێو و پەچەی لە سەر و دەوری ئەندامی کردەوە و بۆلایک حەوای دان. گەیشتە ئەژدەر. تاوێک تێی ڕاما. چاوی بە ئەندامی زامداری ئەژدەر دا گێڕا. چاوەکانی ئەسرینیان تێگەڕا. ئەژدەر ئامێزی بۆ کردەوە و یەکتریان دە هەمێز گرت.

ـ ئامینە!... خوشکی ئازیز!...

ئامینە بە کوڵی گریانەوە دەستەکانی "ئەژدەر"ی گرت و گوتی:

ـ ئەژدەر چییان دەگەڵ کردووی... چۆنیان دڵ هات بمجۆرە بت شەمزێنن... ماڵیان کاول... هیچ جێیەکی لەشتیان بە ساغی نەهێشتۆتەوە...

ـ هیچ قەیدی نییە ئامینە... من لە خوێن ناترسم... پێی ڕاهاتووم، بەڵام سەرکەوتن بە ئێمە دەبڕێ ئامینە!... دڵنیابە!

ئامینە بە زامەکانی داهات و تیتۆڵەکانی بۆ بەستەوە، گوتی:
ـ بەرگ و بەری تازەمان بۆ هێناوی و لە ژێر بەردان دا تاقەتمان کردووە... گشت ڕۆژێک دەگەڵ ئەکبەر دەهاتین و چاوەڕێت دەبووین ... بابچێن و بەرگەکانت بگۆڕە!
ـ من جلکەکانم گوڕیون!
ـ لە کوێت گۆڕیون؟
ـ هەر لەو ژێرە، پەنام بردە ماڵیکی هەژاری دڵاوای خاوەن کەرامەت؛ زامەکانیان بۆ شووردمەوە... جلکیان لەبەر گۆڕیم و نانیان دامێ و ڕێیان نیشان دام.
هەر سێیان، دەست لە ناو دەست، بە داوێنی شاخێک دا ڕۆیشتن. باکۆ، بە هەموو مەزنی و ڕازاوەیی خۆیەوە لە بەر چاویان دا بوو. هەوری هەڵپەسێرداوی ئاسۆی دووەرەدەستان، ڕنگی ئاڵیان کاڵ دەبۆوە و خەبەری بەیانەیان ڕادەگەیاند. لە بەرێکەوە، دەریا ڕەنگی شینی لە ئاسمان وەرگرتەوە و کراسی شەوی گۆڕی.
ئەژدەر حەیرانی بینینی دیمەنی ڕازاوی وڵات، سییەکانی لە هەوای پاک و بێگەرد پڕ کرد و شنەی بەر بەیانی هەڵمژی.
ئەژدەر گوتی:
ـ دایکتان چۆنە؟
ئامینە هیدیانە گوتی:
ـ دایکی من باشە... بەڵام پوورە ماریا ناسازە و لە ماڵی ئێمەیە.
ئەژدەر بە خەمی "ڤەڕا" و پوورە ماریا، کز و خەمبارانە سەرێکی ڕاوەشاند و بە بێدەنگی دە ئەکبەری ڕوانی. ئەکبەر گوتی:
ـ بەڵی دایکم ناسازە ، بەتایبەت دوای شەهید بوونی "ڤەڕا"، ئیتر سەری ناسازێی لە سەر سەرین هەڵنەگرتووە.
وشەی "دایکم" لە زمانی ئەکبەر دا شیرین شیرین دەهاتە دەر و دیار بوو لە ناخی دڵییەوە هەڵدەستێت. ئەژدەر خۆشەویستانە گرتی و باوەشی تێوەرداند و ماچی کرد.
ـ ئیش و کاڕیکت هەیە ئەکبەر، یان بێکاری؟
ـ من دە هەوڵی ئەوە دام کە جێگای چۆڵی باوکم پڕ کەمەوە. لە ناوهەواڵان دا جێگایەکی تایبەتم وەدەست هێناوە. نەیاران پێیان وابوو دوای شەهیدکردنی باوکم، وەجاخی تێکۆشان لە ماڵی ئێمەدا کوێر دەبێتەوە... من چقڵی چاوی نەیارانم و باوکم بە کوێ دا ڕۆیشتووە، من ڕێبازی ئەوم گرتۆتە بەر. دەگەڵ کەسانی وەک "حەمە یارۆڤ"،"بالاعەمی داداشۆڤ" هەڵدەستم و دادەنیشم و ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانەیان لێ فێر دەبم. هاوڕێ "چۆنیاتۆڤ" ، " عەزیز بیکۆڤ"، "فیۆڵتۆڤ" و هاوڕێ "خانلەر"یش بە نووسراوەکانی "لێنین"م ئاشنا دەکەن.

ئەژدەر بەو ڕاوێژە شیرینەی ئەکبەر زەردەی کەوتبوویە سەر لێوان و دڵی بە گوتنەکانی دەپشکووت. ئەم زەردەخەندەیە و ئەم پشکووتنە، دوای سالیک زیندانی، ئەوە بۆ یەکامجار بوو دەگەڕانەوە هێلانەی چۆلبووی خۆیان.

ـ ئەکبەر! ... جێگای شانازیمانی و هەر نەک بە ڕەوشت و بیر و باوەڕ، بەڵکە بە لەش و لار و بەژن و باڵا و کردار و گوتاریش دەگەڵ "غولام" سێویێکن و دوو لەت کراون. "غولام"یش نەسرەوت و ماندوونەناس بوو... تێکۆشەرێکی خاوەن باوەڕ بوو... لە ناو گەلی یارانی دا جێگاکەی چۆڵ نەبۆتەوە و شۆڕش بەبوونی ئەکبەر، بێ "غولام" نەماوەتەوە.

ـ بەڵی باوکم قارەمانانە ژیا و قارەمانانەش ڕۆییشت... منیش هەر وەک ئەوم.

یەکەمین زەردەی بەر لە تاوهەڵاتان، بە کەلینی هەورەکانی ئاسۆگی لای ڕۆژهەڵاتانەوە دزەی کرد و مزگێنی بەیانی ڕاگەیاند. لە دورەدەستان، دەریای "خەزەر" لە ژێر کڵاوەی بژوێنی ڕەوی مژی سەردەریاوە زەردەی بە دەم دا گەڕا.

خۆر لە ئاسۆی شاری باکۆ دەهاتە دەر.

****